# بەشێک لە دوورخراوەکان

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول (١٩٧٥) بۆ ناوەراست و باشووری عێراق

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

تاریق جامباز
نیعمەت عەبدوڵلا

کوردستان - هەولێر - ٢٠٢٥

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

# بەشێك لە دوورخراوەكان

دوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلول بۆ ناوەراست و باشووری عێراق

١٩٧٥


ئامادەكاران

تاریق حامباز          نیعمەت عەبدوڵڵا



٢٠٢٥ز - ٢٧٢٥ كوردی

كوردستان - هەولێر

ئامادەکاران: تاریق جامباز - نیعمەت عەبدوڵلا
بابەت: بەشێک لە دوورخراوەکان دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول/١٩٧٥بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق
تایپ: شوان عەلی حاجی
بەرگ و سەرپەرشتی دیزاین: سۆران ئاودەر
دیزاینی ناوەوە: ئارام ئازاد
پێداچوونەوەی زمانەوانی: نیعمەت عەبدوڵلا
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٥ ز — ٢٧٢٥ کوردی
چاپخانە: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
تیراژ: (٥٠٠) دانە
ئیمێل:
jambaz3@yahoo.com، nimetabdullah@gmail.com

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (١٠٧٨)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| ١-کەمترین سزای خەباتی ئاشتیانەی (کورررد بوون) دوورخستنەوەیە؟! | ٧ |
| ٢-مامۆستا ئەبوبەکر حاجی حسێن | ١٢ |
| ٣-ئازاد عوسمان صالح | ١٣ |
| ٤-ئازاد باتە | ١٦ |
| ٥-ئیدریس جەلال عزیز ئاغا بیشەیی - ١٩٥٦ | ١٨ |
| ٦-ئیبراهیم محەمەد | ٢٢ |
| ٧-ئەسعەد عەدۆ | ٢٤ |
| ٨-ئەسعەد مستەفا حوسێن خدر | ٢٩ |
| ٩-شەهید ئەحمەد جەلال ئەحمەد | ٣٠ |
| ١٠-ئەحمەد محەمەد حەمە ئەمین | ٣١ |
| ١١-ئیبراهیم رەمەزان ئیبراهیم (ئیبراهیم گوانی) | ٣٤ |
| ١٢-حاجی ابراهیم حاجی حمدامین شێراوە | ٣٥ |
| ١٣- ئیبراهیم محەمەد حسین الکمالي | ٤٤ |
| ١٤-حاکم ئەمیر حەوێزی | ٤٧ |
| ١٥-بارزان مەلا خالید (١٩٤٥ - ٢٠٢٠) | ٤٨ |
| ١٦-بنەماڵەی میرزاکان | ٤٩ |
| ١٧-پاشا مولود حمد | ٥٢ |
| ١٨-یاسین گەلاڵی | ٥٣ |
| ١٩-تەها قادر عەزیز (تەها فریزی) | ٥٥ |
| ٢٠-تۆفیقی مەلا سدیق | ٥٨ |
| ٢١-جەمیل شێخ محەمەد یوسف (جەمیل خۆشناو) | ٦٠ |
| ٢٢-جەلیل عەبدولفەتاح ئیبراهیم | ٦٩ |
| ٢٣-جەلالی عومەری سام ئاغا | ٧١ |
| ٢٤-عبدالرحمن علی کوردە | ٧٣ |
| ٢٥-حسێن محەمەد تەها بالیساني | ٧٨ |
| ٢٦- حسێن حەسەن قادر شناغەیی | ٨١ |
| ٢٧-حەمەساڵح فەرهادی | ٨٢ |
| ٢٨-حەسەن گەرمیانی | ٩٤ |
| ٢٩-حەسەن رەمەزان حەسەن | ٩٧ |
| ٣٠-ملازم خدر عەبدوڵلا دەباغ | ٩٩ |
| ٣١-خەیروڵلا مەحمود عەلی یونس | ١٠٥ |

٣٢-دڵشاد شێخ نەجیب ١٠٦
٣٣-داود سید فتاح عزیز ١٠٩
٣٤-دلێر ئەحمەد مەجید شاسوار ١١٢
٣٥-دلێر ئەحمەد ئاکۆ ١١٣
٣٦-ڕێباز مستەفا جەعفەر ١١٧
٣٧-سەعدی مستەفا حوسێن خدر ١٢٣
٣٨-سەعید یەحیا خەتات ١٢٤
٣٩-سەبارەت بە ژیانیان لە دیوانیە: ١٢٥
٤٠-سەعید ناکام لە سۆمەردا ١٢٧
٤١-سەید کاکە ١٣٧
٤٢-ساڵح شێرە ١٤١
٤٣-سەرٚدار مەحمود ساڵح فەقێ سەلیم ١٤٢
٤٤-شێخەڵڵا ئیبراهیم شێخەڵڵا ١٤٦
٤٥-شێردڵ سەلیم عومەر ١٤٧
٤٦-شێرزاد محەممەد سالح جبرائیل ١٤٨
٤٧-شێرۆ کەمال سەعید ١٥٢
٤٨-شاخەوان حەسەن شێرکاوەیی ١٥٨
٤٩-شاکر محەمەد ئەمین رۆژبەیانی ١٦٠
٥٠-شوکری نادر خدر ١٦٦
٥١-شێرکۆ بێ کەس ١٦٧
٥٢-شێروان حەیدەری ١٨٠
٥٣-سەلاح مەحمود عەبدوڵلا عەلاف ١٨١
٥٤-عارف روشدی ١٩١
٥٥-عەزیز حەمە عەلی سلێمان ئاوماری ١٩٣
٥٦-عەبدوڵلا ئاگرین ١٩٤
٥٧-عەبدوڵلا ئیسماعیل محەمەد ١٩٥
٥٨-عەبدولئیلا محەمەد ئەمین عەبدوڵلا (ملازم شوان) ١٩٦
٥٩-عەبدولرەحمان گۆمەشینی ٢٠٠
٦٠-عەولا خورشید تەها (عەبدوڵلا خورشید) ٢٠٤
٦١-ذکریاتي في دیوانیة مع محمد سعید احمد الیعقوبي ٢٠٦
٦٢- عەبدوڵلا ئیسماعیل عەزیز (عەبدوڵلا کانی بەردی) ٢٠٨
٦٣-عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم٦٤-(شێخ عەبدولکەریم حاجی)٢١٠
٦٥-عەزیز سالح سەعید عەلاف ٢١١
٦٦-عەبدولرەزاق گرماڤی ٢١٢
٦٧-دەقی سێ لاپەڕەکە بە دەست خەتی سەدام حسێن نووسراوە.٢١٣

٦٨-عەبدولعەزیز عومەر میکائیل هەرکی ٢١٤
٦٩-عەقید عەلی شەریف ئەحمەد ٢١٥
٧٠-عەبدولقادر مەحمود موراد حسێن ٢٢٧
٧١- غەفور کەریم ئیسماعیل ٢٢٩
٧٢- عەلی رەسوڵ (١٩٤١ - ٢٠٢٠) ٢٣٩
٧٣-فاروق صدیق رەشید هیرانی ٢٤٠
٧٤-فاروق سەید حەسەن ٢٤٣
٧٥-حاجی فازل ئاغا گەردی (جێژنیکانی) ٢٤٤
٧٦-فازیل شەوڕۆ ٢٤٦
٧٧-فاروق عەلی مەولود ٢٥٢
٧٨-فەرید سەعید محەمەد مستەفا بریفکانی ٢٥٨
٧٩-فاتیح داودی ٢٦٢
٨٠-فەیسەڵ محەمەد ئەمین رەحمان ٢٦٣
٨١-قاسم ئیسماعیل عەبدوڵڵا ٢٦٤
٨٢-قادر مجید حسین قەشوری ٢٦٦
٨٣-کاکەڕەش محەممەد محەممەد ئەمین نەقشبەندی ٢٦٩
٨٤-کامیران عوسمان چیچۆ ٢٧٠
٨٥-مامۆستا کەمال محێدین ٢٧١
٨٦-کەریم قادر رەحمان ٢٨٠
٨٧-شێخ لەتیف شێخ نەجم شێخ کاک ئەمینی سەران ٢٨١
٨٨-محەممەد رەفعەت عەبدولرەحمان محەممەد عەلی (رەفعەت عەلی) ٢٨٧
٨٩--محەممەد تاهیر پیرۆ میکائیل هەرکی ٢٨٨
٩٠-محەممەد ساڵح ئیسماعیل ٢٨٩
٩١-محەممەد ساڵح عەبدوڵڵا ئەحمەد ٢٩٠
٩٢-محەممەد عەبدوڵڵا محەممەد مەحمود ٢٩٢
٩٣-مونیرە عەبدول محەممەد (خەیات) ٣٠١
٩٤-مەجید عەبدولڕەحمان خۆشناو ٣١٢
٩٥-موحسین قۆجە الیاس قصاب ٣١٦
٩٦-مستەفا ساڵح کەریم ٣١٧
٩٧-محەممەد حەمە باقی- سلێمانی- ١٩٤٦ ٣١٩
٩٨-مەلا شاخی ٣٢٩
٩٩-نیعمەت عەبدوڵڵا ٣٣١
١٠٠-نزار رحمەتوڵڵا عەزیز ٣٤٤
١٠١-نەجمەدین گلی ٣٤٦
١٠٢-نیزامەدین عەبدولمەجید محەمەد گلی (١٩٤٤- ٢٠٠٣/١٢/٢١) ٣٤٧

١٠٣-نەژاد عەونی ٣٤٩
١٠٤-نامیق مەجید حسێن ٣٥١
١٠٥-نەوزاد سالّح رەفعەت ٣٥٣
١٠٦-نەجمەدین عەبدوللّا حەمەد ناسراو بە نەجمەدین گورونی ٣٦٥
١٠٧-نەسرین محەمەد سالّح ٣٦٦
١٠٨-ناجی مەحمود قادر ٣٧٧
١٠٩-هەلّگورد عەبدولوەهاب جندیانی ٣٧٨
١١٠-وریا معروف الجزراوي ٣٨٤
١١١-وشیار شاکر سالّح عیدۆ ٣٨٨
١١٢-یوسف قەساب ٣٩٤
١١٣-شێخ یەحیا بەرزنجی ٣٩٧
١١٤-بنەمالّەی مستەفا وسو/ سەرتەوسی ٣٩٩
١١٥-تۆفیق کەریم صادق (حاکم تۆفیق) ٤٠٠
١١٦-محسن عزیز حمد (محسن حاجی) ٤٠١
١١٧-ئازاد جندیانی ٤٠٣
١١٨-نەژاد عزیز سورمێ ٤٥١
١١٩-لە ئەرشیفی تاریق جامباز ٥٢٤
١٢٠-سادق حاجی جەوهەر حاجی حەسەن ناسراو بە سادق ڕواندزی ٥٢٥
١٢١-دلاوەر محەمەد عەلی ئاغا ٥٢٩
١٢٢-ئیدریس شەریف رەسول ٥٣١
١٢٣- دارا حەسەن یارا ٥٣٦
١٢٤-پەراوێز ٥٣٧
١٢٥-سەرچاوەکان ٥٣٨
١٢٦-سوپاس و پێزانینمان ٥٤٠

## کەمترین سزای خەباتی ئاشتیانەی (کورد بوون) دوورخستنەوەیە؟!

شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١- ١٩٧٥) بەردەوام بوو، بەڵام دوای ڕێککەوتی ئێران–عیراق ئەوا هەرەسی هێنا و لە ئەنجامدا ئەو خەڵکانەی لە کامپەکانی ئاواریی دەژیان چەندین شاندی شۆڕش و حکومەتی عێراق دەهاتە لایان سێ ڕێگای لەپێش بوو:

١) گەڕانەوە بۆ عێراق و ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان.
٢) داوای پەناهەندەیی لە هەندەران بکەن.
٣) مانەوە لە ئێران.

چەندین ڕۆژی پێنەچوو لەبەر بێزاری و شەکەتی شۆڕش زۆرینەیان پەیتا پەیتا بەنیازی ئەوەی بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان بەڵام هەندێکیان هەر دەگەیشتنە سەر سنوور دەگوازرانەوە ناوەڕاست و باشووری عێراق ئەوسا زۆرینەیان عەرەبییان نەدەزانی و بیریان لە بژێوی ژیانیان دەکردەوە و هەندێکیان دامەزران، ژیان زەحمەت و دژوار بوو، بۆ پێزانین تاک و تەرایان لەوێ مانەوە. لە شەستەکانی سەدەی رابردووش هەندێ لە وڵاتپارێزان دوورخرانەوە بۆ نموونە ئەحمەد جەلال ئەحمەد/رواندز لەساڵی ١٩٦٢و ساڵح عەسکەری ١٩٦٢ و خانەوادەکەی ساڵح یوسفی ١٩٦٥ یان وڵاتینامەیان لێ سەندرایەوە بۆ نموونە سەعید ناکام.

دەبوایە دوای راپەڕینی گەلی باشووری کوردستان (١٩٩١) زانکۆکانی کوردستان بە ئەرکی کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی (ئەم ئەزموونە تاڵ و تفتە) بە چاوپێکەوتن لەگەڵ دوورخراوان ئەم لاپەڕە لە مێژوومان تۆمار بکرابایە چونکە راگواستن لە مێژووماندا لە هەر چوار بەشی کوردستان بێ پسانەوە بەردەوامە (پشتێنی عەرەبی لە سوریا و خوراسان لە ئێران عوسمانییەکانیش هۆزی هەمەوەندیان بۆ لیبیا دوورخستەوە) و دوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (١٩٥٢) دەبوایە ژمارەی کوردان لە باکوری کوردستان هەر شوێنێک نابێ ١٥٪ پتر بێ و لە عێراقیش حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان لە شەستەکانی سەدەی رابردوو هەندێ کەس لەبەر وڵاتپارێزی دوور دەخرانەوە یا وڵاتنامەیان لێ دەسێنرایەوە بە هەنجەتی ناوچەی ئاسایش یا سەربازی یا دۆزینەوەی نەوت یا ڕێگا دورستکردن و تەعریبکردن و چلەی پۆپەی ئەم دیموگرافیە گۆڕینەش لە راگواستنی دانیشتوانی نزیکەی پێنج هەزار ئاوەدانی لە کامپی زۆرەملێ پەسترانەوە، بێ ئەوەی ئیش و

کاریان هەبێ و تا ئەو رادەیەی بڕیاری قەدەغەکردنیان بۆ دەرچوو کە نابێ و بڤەیە بە سەردانی ئاوەدانیەکانیشیان بکەنەوە، ئێمە گەر بە درەنگیشەوە بێ هزرمان کردوە گەرچی نزیکەی پەنجا ساڵی بەسەردا دەچی بە پێویستمان زانی، زیان لە نیوەی بگەڕێتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش ئەوانەی لە ژیاندا ماون و بە تەمەنترین کەس لە خانەوادەکەیان بینوسنەوە، لە بەراییدا دەستمان بە بڵاوکردنەوەی فۆرمەکە بە ئیمێڵ یا راستەوخۆی پەیوەندیان پێوەکردن توانیمان تا رادەیەک ژمارەێکیان بە دەنگمانەوە هاتن و بە ئیمێڵ بۆیان ناردین و هیواداربووین پێشتر کە ئەم پرۆژە وڵاتپارێزییە بە پلانێکی تۆکمەەی دارێژراوی درێژخایەن ئەنجامبدرایە بەڵام غەمساردی و بێباکی و کەمتەرخەمی هەموو لایەنەکانی بەشداری حکومەتی کوردستان نەیتوانی گرنگ و بایەخ و بەهایان پێویستی بێ نەدرا.

داواکاری لەوانەی ئەم چاپەمەنییە ئەزمونیان تۆمار نەکراوە ئەوا دەست بە نووسینی بکەن تاوەکو لە چاپی دووەم زێتر و فراوانتری بکەین و لە باکووری کوردستانیش دوای دامرکانەوەی شۆڕشی (١٩٢٥) وڵاتپارێزان بەم ئەرکە رابوون تۆماریان کرد و بە چەندین زمان چاپ و بڵاویان کردەوە و دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو چونکە لاپەڕەیەکی تاڵ و تفتیان لە مێژووی گەلی کوردستان تۆمارکرد.

ئێمە هێندەی لە توانامانداپە و ئەوانەی ئەزموونەکەیان بۆ ناردووین (نووسین و وێنە و بەڵگەنامەکان) بڵاودەکەینەوە منەتباری ئەوانەین کە بە دەنگمانەوە هاتن و لەبەر ئەوەی پێویستە لە باشووری کوردستان وڵاتپارێزی (هزر) فرچک بدرێن نەوەک بە بنەماڵەیی و خێلەکی و ناوچەگەری و حزبایەتی تەسک و تروسک بەردەوامە، بۆیە تاکو ئەمڕۆش نەگەیشتونەتە هیوا و ئاواتمان و مێژووش شایەتی بارودۆخمانە کە هێندە (پەتای کورد کوژی) بڵاوبووتەوە بەداخەوە وشیاری و رۆشنبیری وڵاتپارێزی لە ئاستی پێویستدا نییە بەڵکو هێندە سست و لاواز و کزە کە دڵی دوژمنانی خۆش کردووە. جەخت دەکەینەوە تاکو منستان لەجیاتی کوردستان بێ ئەوەی حاڵمان لە ئێستا باشتر نابێ و لەجیاتی وڵاتپارێزی لە باشووری کوردستان (پلە و پایە و پۆست و ئاپارتمان و کۆمپانیا دوور لەژێرخانی ئابووری) خەریکە ئەزمونەکە بەرە و تونێلێکی نادیار و لێڵ غلۆر دەبات و ئۆبالیش لە ئەستۆی حوکمڕانانی باشووری کوردستان دەبوایە پلانی هزری وڵاتپارێزمان هەبوایە بەڵام کە پلانیان نەبوو بۆ ئایندەش نیانە و دەتوانم بڵێین لەسەر کاغەز هەیە بەڵام بەکردەوە هەر بیریشی لێ ناکەنەوە. هێندەی لە توانامان دابوو ئەنجامىدا چونکە کاری مەیدانی یەکجار زەحمەت و دژوارە و جگە لە ناوەراست و باشووری عێراق و هەندێکیان دوورخرانەوە بۆ بەغدا و

حوکمڕانانی هەر چواربەشی کوردستان لە هزر و کردەوایاندایە (تا ڕاددەیەک باشووری کوردستان نەبێ) دەنا کەمترین سزای خەباتی ئاشتیانەی (کوورد بوون) دوورخستنەوەیە لە کوردستان و هەموو دونیاش لەبەر چاوی پڕۆسەکە بەردەوامە بەڵام بەرژەوەندی ئابووری (منستانیان) زاڵە بەسەر مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادی کە نکۆڵی لە بچووکترین مافی کورد دەکەن ئەویش بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ئێران و تورکیا و سوریا.

لەم کتێبەدا ئەزموونی هەندێ لە دوورخراوەکان دەخوێنینەوە و هەریەکەیان بە جۆرێ نووسیویانە (زۆر بە کورتی یا بە چەند لاپەڕەیەک یا پتر)، دواتر پێداچوونەوەی زمانەوانیان بۆ کرا، زۆرانی دیکە گەرچی داوامان لێکردن بۆمان بنێرن بەڵام نەیان نارد، بەم جۆرەش خۆیان بێ بەش کرد لە خوێندنەوەی ئەزموونەکانیان.

## زاراوە شۆڤینیەکان و بەرنامەی جینۆساید لە کوردستان:

لە جیاتی ناوی پێشمەرگەو شۆڕش: (یەکەم: قطاع الطرق، دووەم: المتمردون، سێیەم: العملاء، چوارەم: اسرائیل الثانية، پێنجەم: العصاه، شەشەم: الجيب العميل، حەفتەم: مخرب، هەشتەم: صفحة الغدر والخيانة، نۆیەم: خفافيش الليل، دەیەم: رداء العماله، یازدەیەم: المرتزقة، دوازدەیەم: المغرر بهم، سێزدەیەم: الطابور الخامس، چواردەیەم: الهاربون، پازدەیەم: سليل الخيانة)

**ـ سەبارەت بەو کەسانەی دوور خرانەوە لە دووای ١٩٧٥ ئەوانیش هەر یەکە ناوێکی تایبەتی هەبوو:**

یەکەم: العائدون، دووەم: المرحلون، سێیەم: المسكنون، چوارەم: المبعدون، پێنجەم: المهجرون، شەشەم: توطين، حەفتەم: المحتجزون، هەشتەم: المعتقلون، نۆیەم: المنهارون، دەیەم: ڕێکارەکانی جینۆسایدی کوردستان: رافعی الرايه البيضاء:

(یەکەم: سێگۆشەی ستەمکاری (تبعيث، تعريب، ترحيل)، دووەم: تصحيح القوميه، سێیەم: عمليات الانفال، چوارەم: استعمال الاسلحه الكيمياويه، پێنجەم: ایجاد المناطق المحرمه، شەشەم: الهجره المليۆنيه، حەفتەم: بناءالقرى العصريه، هەشتەم: تجنيد الكورد باسم فرسان صلاح الدين (جاش) والمفارز

الخاصەو افواج الدفاع المدنی، نۆیەم: المناطق المحرمە، یازدەیەم: الحزام الامنی ، دوازدەیەم: ترک المناطق مقابل التعویض، سێزدەیەم: تغیر الاسماءالکردیە بدل کوردستان شمال الحبیب، چواردەیەم: اخواننا الاکراد، پازدەیەم: نورۆز: عید الشجرە، شازدەیەم: العفو الخاص والعام، حەڤدەیەم: الترهیب، القتل، الاعدام، التعذیب، الاعتداء، النهب والسلب، هەژدەیەم: سیاسە الارض المحروقە، نۆزدەیەم: عدم الانصاف والمساوات کحق المواطنە، بیستەم: سیاسە فرق تسد)

## تاوانەکانی بەرامبەر بە گەلی کوردستان ئەنجامدراوە :

١ـ زەوتکردنی ئیرادەی گەلی کوردستان و بە رەوانەبینی مافی چارەی خۆنووسین،٢ـ هێرش و پەلاماری سەربازی، ٣ـ قەدەغەکردنی زمانی دایک،٤ـ زیان گەیاندن بە ژینگەو سرووشتی کوردستان ،٥ـ بوردوومانکردنی کوێرانە، ٦ـ سووتاندنی گوندو شارەکان بە مزگەوت و کەنیسەو قوتابخانەو خەستەخانە، ٧ـ وێرانکردنی باخ و باخات و تەقاندنەوەی کانی و دەراوەکان، ٨ـ زیندانی کردن، ٩ـ لە سێدارەدان،١٠ـ کوشتنی بە کۆمەل، ١١ـ جینۆساید، ١٢ـ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و قەدەغەکراو، ١٣ـ ئەنفالی بەدناو، ١٤ـ دزی و تالان وبرۆ، ١٥ـ دەستدرێژی و ئازاردان، ١٦ـ بێ سەروشوێن کرد،١٧ـ ئاوارکردن و دەربەدەری،١٧ـ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی دیمۆگرافی، ١٨ـ راگواستن و داگیرکردنی خاک (ترحیل، تەبعیس، تەعریب)، ١٩ـ دەرکردنی یاسای بەرەواکردنی تاوانەکان دژی خەڵکی کوردستان،٢٠ـ بێ بەشکردن لە پلەو پۆست وپایەی ناوچەکانی خۆجێیی، ٢١ـ قۆرخکردن و زەوتکردنی سەروەت و سامان،٢٢ـ چەواشەکاری لە راگەیاندن و مێژوو جوگرافیاو کەلتوور بەگشتی،٢٣ـ زەوتکردنی مافی هاوولاتی بوون ، ٢٤ـ دیارکردنی ناوچەی قەدەغەکراو (محرمە) بێ بەشکردنی هاوولاتیان لە خزمەتگوزاریەکان ،٢٥ـ قەدەغەکردنی هاتووچۆ، ٢٦ـ دانانی ئابلووقەی ئابووری،٢٧ـ دانانی نوێنەری خەڵک بە ساختەکاری، ٢٨ـ هێنانە کایەی نەریتی جاشایەتی و کرینی ویژدان، ٢٩ـ گرتن و زیندانی کردنی کەس و کاری چالاکوانان ،٣٠ـ پیلانی نێودەولەتی و گەلەکۆمی، ٣١ـ ناوزڕاندنی گەلی کوردستان ،٣٢ـ دەستوەردان لە کاروباری خێزانی،٣٣ـ بلاوکردنەوەی سیخوڕی تۆڕی مەترسیدار ،٣٤ـ پێشێلکردنی رێکەوتنەکان و خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنیان،٣٥ـ دوورخستنەوەی خەلک بۆ دەرەوەی کوردستان).

گەرچی هەزاران کورد و ژمارەیەکیش لە نەتەوەکانی دیکە دوورخراونەتەوە

بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق و تاکو ئیمڕۆش سەرچاوەیەک لەبەردەستدا نییە ئەم لاپەڕەیە لە مێژووی گەلی کوردستان نووسرابێتەوە، بۆیە بڕیارماندا پێکەوە لەگەڵ نیعمەت عەبدوڵڵا بەم ئەرک و دیرۆکیە رابین ئەویش ئامادەیی دەربڕی فۆڕممان دانا و لە سایتەکان بڵاومانکردەوە، بەڵام بەداخەوە هەر چەند کەسێک بەدەنگمانەوە هاتن بۆیە راستەوخۆ پەیوەندیکردن بە کەسەکە یان بە خانەوادەکان یان لە بیرەوەرییەکانیان یان زانیاریان لە بارەوە لە هەر نووسینێکدا هاتبێ. هێندەمان پێکراو لە توانامدا بوو خۆبەشخانە بە دوو قۆڵی بەم ئەرکە وڵاتپارێزییە رابووین، خۆزیا زانکۆکانی کوردستان و وەزارەتی رۆشنبیری و ئەکادیمیای کوردی و نووسەران و...هتد. بەم ئەرکە پێش ئێمە رابونایە، گەرچی چەندین جار راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیمان پێوەکردن بەڵام وەڵامیان نەبوو کە ئەمەیش بۆ پێزانین (خەمساردی) ئەم دوورخراوانەیە.

تێبینی:

یەکەم: دەستکاری دەستنووسی دوورخراوەکان نەکراوە تەنها لەرووی رێکخستن و هەندێ راستکردنەوەی رێنوس و زمانەوانی.

دووەم: نزیکەی زیاتر لە چوار ساڵ دەبێ هەوڵمان داوە زۆرترین بەرێزانی دوورخراوە وەڵامان بدەنەوە کەچی هەر ئەو ژمارەیەی کە لە کتێبەکە دا هەیە وەڵامیان داینەوە، چەندین جار لە تۆڕی کۆمەڵایەتی و نامە و ئاگاداری کەسی و تایبەتی داوامان کردووە کە فۆرمی دوورخراوەکان پڕبکرێتەوە بەڵام هەر ئەم ژمارە کەمە بەردەستمان کەوت کەچی دوورخراوە تەنیا لە دوای ١٩٧٥ بەدەیان هەزار کەس دەبێ جگە لە پێش ١٩٧٥.

سێیەم: بۆ بەشی دووەمماڵپەرێک دەکەینەوە بۆ ئەوانەی کە زانیاریان نەناردبوو لەوێ بلاوی دەکەینەوە

## دوای پەنجا ساڵ ١٩٧٥-٢٠٢٥

### تاریق جامباز - نیعمەت عەبدوڵڵا

# مامۆستا ئەبوبەکر حاجی حسێن



لە ١٩٧٤/١٠/١٢ چوین بۆ ئێران، ئەم بەڕێزانەشمان لەگەڵدا بوون: ابوبكر حاجي حسين، خدر حاجي حسين، محمد حاجي حسين، حاجي عزيز احمد سليمان، احمد عزيز احمد، عبدالله عزيز احم، مقصود احمد رزاق، فتاح احمد رزاق، حاجي حسين عالي احمد، رسول حاجي حسين احمد، جوهر قادر بيرسى.

لە ١٩٧٥/١٠/١٤ گەڕاینەوە بۆ باشووری عیراق شاری دیوانیة.

لە ١٩٧٧/٤/١٧ گەڕاینەوە بۆ کوردستان.

## ئازاد عوسمان صالح



ئازاد عوسمان سالح، لە سالی ۱۹۵۰ لە شارۆچکەی دیانا، پارێزگای هەولێر، (لەدایک) بووە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی دیانا، و ناوەندیی لە ڕواندز و ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواوکردووە. لە سالی ۱۹۷۱ خوێندنی لە کۆلێجی کشتوکاڵ لە زانکۆی بەغداد تەواوکردووە، و نزیکەی دە ساڵ وەک ئەندازیاری کشتوکالی کاری کردووە. لە بەهاری ۱۹۷٤ چووەتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول و کراوە بە یاریدەدەری فەرماندەی بەرگریی ئاسمانی کەرتی ناوپردان لە دەڤەری بالەک. پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ئەنجامی ڕێککەوتنی ئاداری ۱۹۷٥ لە نێوان سەدام حسین و محمد ڕەزا شا، وەک هەزاران کوردی بەشدار بوو لە شۆڕش بۆ شاری دیوانیە لە باشووری عیراق دوورخرایەوە (نەفی کرا) و لە کارەکەی خۆی لە شاری سلێمانی بۆ بەڕێبەرایەتی کشتوکالی دیوانیە گوازرایەوە. لەوێ وەک کەسێکی خۆڕاگر و سەربەخۆ لە بواری سیاسیی دەیگوزەراند. لە کۆتایی سالی ۱۹۷۹ ڕژێمی بەعس ڕێکاری دوورخستنەوەی کوردانی بۆ باشووری عیراق کۆتایی پێهێنا، ئەویش وەک کوردانی دیکەی دوورخراوە ڕیگەی پێدرا بگوازرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی کشتوکالی هەولێر. لە هاوینی سالی ۱۹۸۲، لەبەر ئەوەی نەیویست لە بەرەی جەنگی عیراق و ئیران وەک سەربازی (ئیحتیات) بەشدار بێت، چووە ئیران و لەوێشەوە وەک پەنابەر ئاوارەی ولاتی ئەلمانیا بوو. پاش خوێندنی زمانی ئەلمانی لە ئینستوتی گۆتە لە بەرلین، ودوای ئەنجامدانی خولێکی پراکتیکیی سەبارەت بە کشتوکال لەو ولاتە، و یەکسانکردنی بڕوانامەی

عیراق، بۆ ماوەی دوو ساڵ وەک ئەندازیاری کشتوکاڵی، دواتر وەک وەرگێری زمانەکانی ئەڵمانی، کوردی و عەرەبی لە بەرلین کاری دەکرد. لە ساڵی ۱۹۹۱ هاوسەرگیریی لەگەڵ خانمی فێرکار (وەسفیە ئیسماعیل خورشید) کردووە و سێ کچیان هەیە (شیرین، ژیلیا و نارین).

لە ساڵی ۱۹۹۲ شانبەشانی کاری ڕۆژانە دەستیشی کرد بە خوێندنی (زانستی سیاسەت و پەیوەندیی نێودەوڵەتیی) لە زانکۆی ئازادی بەرلینی ڕۆژئاوا، و لە ساڵی ۱۹۹۸ خوێندنەکەی بە پلەی دپلۆم (کە لە ئەڵمانیا یەکسانە بە پلەی ماستەر) تەواوکرد. لە ساڵی ۲۰۰٤ خوێندنی دکتۆرای لە زانستی سیاسەت لەو زانکۆیە تەواو کرد و تێزەکەی سەبارەت بە «پەناگەی ئارام» لە کوردستانی عیراق بە ناوی: «کوردستانی ئازاد» / هەرێمی خۆبەڕێوەبەری کوردستان — عیراق. لە بەهاری ساڵی ۲۰۰۷ (پاش ۲۵ ساڵ ئاوارەیی) گەڕایەوە کوردستان و تا کۆتایی ساڵی ۲۰۲۰ وەک مامۆستای سیاسەت و پەیوەندیی نێودەوڵەتیی لە کۆلێجی یاسا و سیاسەت و پاشان لە کۆلێجی زانستە سیاسییەکان / زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، دەستی بە کاری فێرکاریی لە قۆناخەکانی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا و ئەرکی توێژینەوەی ئەکادیمی بەجێگەیاند: سەبارەت بە پرۆسەی سیاسیی و پرسی فیدرالیزم و گرفتی ناوچە دابڕێندرا و «کێشەلەسەرەکان» (جەوهەر و تەگەرە و پێشنیار لەبارەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستووری ئیتیحادی) لە عیراق و لەبارەی ئەدای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بوارانە. لەو ماوەیەدا (۱۰) کتێب و نامیلکە و پتر لە (۱۲) توێژینەوە و نزیکەی (۲۰۰) گوتاری، بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی و ئەڵمانی و ئینگلیزیی، لە گۆڤاری زانستیی و ڕۆژنامە و ماڵپەڕی ئینتەرنێت بلاوکردووەتەوە؛ بە مەبەستی شیکردنەوەی پێشهاتەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکان.

هەر لەو ماوەیەدا و سەبارەت بەو بابەتە ناوهێنراوانە لەسەرەوە، چەندین سیمیناری لە ژمارەیەک کۆلێج و دەزگای حکومیی و سیاسیی پێشکەشکردووە، هەروەها خۆبەخشانە و لەسەر داوای سەرکردایەتی سیاسیی و دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی سەر بە پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و فەرمانگەی پەیوەندییە دەرەکییەکان ودام و دەزگای سیاسیی و حکومیی دیکە، پتر لە بیست جار خۆبەخشانە (بێ بەرامبەری ماددی) ڕاوێژی پێشکەش کردوون، لەوانە نزیکەی (۱٥) ڕاوێژ بۆ ڕێکخەرایەتی ڕاوێژی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، و ڕاوێژێک سەبارەت بە ڕەشنووسی دەستووری ئیتیحادی عیراق لە ناوەڕاستی تەموزی ۲۰۰٥

بۆ سەرکردایەتی سیاسیی، و ڕاوێژێک لەبارەی ڕیفراندۆم لە کۆتایی نیسانی ٢٠١٧ بۆ بەرپرسی ئامادەکاریی پرۆسەکە. لە کۆتایی سالی ٢٠٢٠ بە پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە پەیوەندیی نێودەولەتیی خانەنشین بووە. هەروەها لە کاتی خزمەتی زانکۆیی و پاش خانەنشینیشی بەشداریی لە تاوتوێکردن و سەرپەرشتی کردنی چەندین ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی لە زانکۆکانی هەرێم (سەلاحەدین، سلیمانی، دهۆک و سۆران) کردووە. لە ماوەی خانەنشینیشدا لە ٢٠٢١وە، خەریکە تێزی دکتۆراکەی وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی (تا خوێنەران و ئەکادیمیانی عەرەبیزان لە نەهامەتی وکارەساتەکانی گەلی کورد و پرۆسەی ڕەگەزپەرستانەی «تەعریب» (بەعەرەبکردنی) خەلک و خاکی ئەو بەشەی کوردستان- کە لە ١٩٢٥وە بە فەرمی خراوەتە ژێر دەسەلاتی حکومەتی عیراق)؛ و کتێبێکی ئەکادیمیش لەبارەی جوگرافیای سیاسیی کوردستانی باشوور دادەنێت، جگە لە هێشتا سەرپەرشتیکردنی دوو تێزی دکتۆرا.

# ئازاد باتە



ئازاد عەبدولعەزیز شاکر مەجروم ناسراوە بە (ئازاد باتە) لەساڵی ١٩٥٣ی زاینیی لە رواندز لەدایک بووە لە خێزانێکی کورد پەروەر. خوێندنی تەواونەکردوە. ماوەیەک یاریزانی تیپی تۆپی پێ لاوانی رواندز بووە لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو. لەسەرەتای حەفتاکان دەبێتە سەرباز لە سوپای عێراق کە دەوامەکەی لە چیای کورەک بوو. لەساڵی ١٩٧٤ی زاینیی دوای رێژێمی بەعس پاشگەزبووە لە بەیانی یانزەی ئازار، کە شەڕ دەست پێ کردەوە لە نێوان کورد رێژێمی بەعسی عێراق ، ئازاد پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە دەکات ، لەگەڵ دەستەی سەید سەلیم و دلاوەری حوسێنی مەمی خان بەشداریکردوە لە بەرگریکردن لە رواندز ،تا ئەو کاتەی بە هۆی تۆپی رێژێمی بەعسەوە بریندار دەبێت بۆ چارەسەرکردن دەبرێتە شاری ورمی «رەزایە« لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

دوای نسکۆی شۆرشی ئەیلول، لەگەڵ ماڵی باوک و مامەکانی ناگەڕێتەوە بۆ وڵات. لەئۆردووگای زێوە لەرۆژهەڵاتی کوردستان دەمێنێتەوە، دوای ماوەیەک دەگوازرێتەوە بۆ شاری کەرەج لە نزیک تارانی پایتەختی ئێران، بەڵام دوای دووساڵ لە ١٩٧٧ی زاینیی دەگەڕێتەوە بۆ عێراق ،بەڵام رێژێمی بەعس ناهێڵێت بگەڕێتەوە رواندز. دووری دەخاتەوە بۆ خوارووی عێراق شاری رومادی قەزای هیت.

رێژێمی بەعس رێگای نادابە سەردانیش بگەڕێنەوە کوردستان مەگەر

مۆڵەتیان لە دائیرەی ئەمنی ئەوە شارەی لێ بوونە وەربگرتایە ئنجا دەگەڕانەوە بۆ چەند رۆژێکی دیارییکراو.

جارێکیان ئازاد باتە بەبێ ئەوەی مۆڵەت وەربگرێت بەسەردان دەگەڕێتەوە رواندز. دوای دوو رۆژ قادر ئاغای موختار پێ دەزانێت کە ئازاد بی مۆڵەت هاتۆتەوە، دائیرەی ئەمن ئاگاداردەکاتەوە، قادرئاغای موختار و چەند ئەمنێک دێن بەدوای ئازاد من ئەو کات قوتابیی ناوەندی بووم. لەبەر دەرگای ماڵی خۆمان وەستابووم کە لەگەڵ ماڵی مامم «باوکی ئازاد» جیران بووین، دیتم کە ئەمن و موختار هاتن ئازادیان دەستبەسەرکردو بردیان بۆ سەرای رواندز چونکە دائیرەی ئەمن لەناو سەرابوو. ئەوکات باوکم»شێرکۆ شاکر» کاتب بوو لە دادگای رواندز کاتێ بەوە دەزانێت کە ئازاد گیراوە. دەچێت بزانێت بۆ گیراوە، پێ دەڵێن: بەبێ مۆڵەت لە خوارووی عێراق هاتۆتەوە بۆیە دەبێت بە دەستبەسەری ببردرێتەوە بۆ رومادی. باوکم «شێرکۆ شاکر» دەڵێت: ئازادی کەن بەخۆی دەچێتەوە، بەڵام ئەمنەکان دەڵێن: دەبێت بە بەندی و دەستبەسەرکراوی بیگەڕێنینەوە. بۆیە باوکم «شێرکۆ شاکر» دەڵێت: دەبەری مەدەن خۆ ئازاد پیاو کوژنیە چی کردوە. ئەمنێک دەپرسێت ئەوە ئازاد چی شێرکۆیە ئاوا بە خەمەبۆی. یەکێک پێ دەڵێت: برازایتی. لەم کاتە نەوزادی برای ئازاد لەوێ دەبێت چونکە ئەویش لە دادگای رواندز فەرمانبەربووە، دەڵێت: مام شێرکۆ لۆ قساکات بابێ دەنگ بێت ! ئازادیان بەبەندکراوی گێرایەوەبۆ هەولێر،کەرکوک ، بەغدا، رومادی ئنجا قەزای هیت. رێگای نێوان رواندز هیت چەند کاتژمێرێک بوو، کەچی لە ئازادیان کرد بە دووهەفتە! دوای مانەوەی چەند ساڵێک لە ئاوارەیی رێگایان دا بگەڕێتەوە کوردستان. ئازاد لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو بۆ ماوەی چەند ساڵێک پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد لە ڕیزەکانی «یەکێتی نیشتمانی کوردستان»، بەڵام بەهۆی نەخۆشی گەڕایەوە رواندز سەرقاڵی کاسبی بوو، لەرۆژی ١٩٨٧/٥/١٩ی زایینیی بەشداری دەکات لە راپەڕینە جەماوەریەکەی رواندز دژی رێژێمی بەعس بەڵام بەداخەوە شەهید دەبێت، بۆ رۆژی دوایی ١٩٨٧/٥/٢٠ی زایینیی لە گۆرستانی گەردەگەرد بە خاک سپاردرا. نووسینی ئومێد شێرکۆ شاکر مەجروم ئامۆزای ئازاد باتە .

لە ٢٠٢١/٢/٢٢ی زایینیی هەولێر.

# ئیدریس جەلال عزیز ئاغا بیشەیی - ١٩٥٦



کە شۆڕش تێکچوو پێشمەرگە بووم لەچیای برادۆست/گۆڕەز لەگوندی هەودیان لە (١٩٧٥/٣/٦) ئاوارەی ئیران بووین بەپیادە چووین تا پیران شەهر لەوێوە بە ئوتوبوس چوینە پارێزگای دسفول ماوەیەک لەوێ ماینەوە دوایی حکومەتی عیراق لێبوردنی دا ئێمەیان ڕاگوێزا بۆ جنوبی عیراق پارێزگای دیوانیە/قادسیە لە (١٩٧٥/١٠/١٤) ، ماوەیەک لەوێ ماینەوە حکومەت لێبوردنێکی تری دا گەڕاینەوە کوردستان شاری هەولێر لە (١٩٧٧/٤/٥) هەروەها زیاتر لە (٨٠) خیزانی خزم و کەس و کاربووین لە ایران هەریەک لە خێزانی بابم (جلال عزیز حمد ئاغا) وە (سلیمان مستەفا ڕەزاق) وە (ملا محمد گرتگی) وە (حسین مستەفا ڕەزاق) وە (مجید عزیز ئاغا) وە (سعید عزیز ئاغا) وە (عزیز ئاغا عزیز) ، (ملا برایم محمود باپشتی)، (عبدالله نبی گزرەیی)، (محمد جلال عزیز ئاغا)، (علی جلال عزیز ئاغا)، (ئەسکەندەر مجید عزیز ئاغا) وە (عریف یاسین دۆسکی). وە هەروەها ئەم ناوانەشمان لەگەڵ بوون: عەزیز خدر عەزیز، مەلا وەیسی مەلا عەزیز گرتکی، عەبدوڵلا گرتکی، سەعید جوزرینگەی، نەجمەدین گۆڕۆنی، حەمد گۆڕۆنی، حسێن میر سادق، حسێن فاتمەخان.

شێخ غازی محەمەد رەئیس العشیرت البوناشی قریە البدر زۆر رێزو ئیحترامیان گرتین: کەسێکی کورد گوتی نەجمدین گۆرونی بێشمەرگەیە سکاڵای لەسەر تۆمار کرد شێخ خالید گوندی البدر چو بوو بۆ دائرەی ئەمن بەریدا، عەرەبەکان زۆر یارمەتی کوردە کانیان دەدا.



الجمهورية العراقية

قائمقامية قضاء مركز اربيل
لجنة استقبال العائدين في اربيل
العدد / ٢٦٢
التاريخ / ٨/ ٢/ ١٩٧٧

الى من يهمه الامر

نؤيد كون المومأ ( ادريس جلال عزيز ) هو احد الاكراد العائدين من محافظة القادسية الى محافظة اربيل بتاريخ ٥/ ٤/ ١٩٧٧ ولعدم التعرض زود بهذه الوثيقة .

رئيس اللجنة
قائمقام قضاء مركز اربيل

ئیسماعیل یابە خالند بلباس

دوورخراوەکان لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول - ١٩٧٥

١- [illegible] ئیسماعیل بابە خالید بلباسی

٢- [illegible] گوندی سید عبید / رکند پیادە / مخمور / هەولێر

٣- [illegible] سەرۆکایەتی دیوانیە دوای ڕمادی لە ٢٨/٢/١٩٧٥

٤- [illegible] سکرتێر / فوشناوەی میژووییە بوونەوە لێکۆلەرەوە لە دادگا ١٠/٢/١٩٧٤

٥- [illegible] م٢ پۆلیس شەقلاوە / هەولێر

٦- [illegible] ٥٢٧ لە ٢١/٢/١٩٧٥ پۆلیس هەروەها بۆ معسکر عائدون دیوانیە

٧- [illegible] ٢/٢/١٩٧٩ کارمەند لە شارەوانی شەقلاوە

٨- [illegible]

٩- [illegible]

١٠- [illegible] ✓ [illegible] ○

١١- [illegible]

١٢- [illegible]

[illegible] ٠٧٥٠٤٤٦٦٨٣١ / [illegible] ٠٧٥٠٤١٦٢٠١٦

• بۆ پەیوەندی کردن / [illegible]

[illegible]

بسم الله الرحمن الرحيم

مديرية شرطة محافظة اربيل
ادارة الضباط
العدد / [illegible]
التاريخ ٦ آب ١٩٧٥

امر اداري صادر / ١٩٠ / ٨٨٩

استنادا الى قرار مجلس قيادة الثورة / ٧٢٢ في ١٩٧٥/٧/٨ المبلغ بكتاب ديوان رئاسة الجمهورية [illegible] في ١٩٧٥/٧/٩ وبناء على ما جاء بامر وزارة الداخليه ١٠٧٨ / ١٦٦٣٤ في ١٩٧٥/٧/١٢ المبلغ بكتاب مديرية الشرطة العامه / ادارة الضباط ٢٩٣ / ٢٨٩٥٩ في ١٩٧٥/٧/١٦ تقرر ما يلي :
تعيين منتسبي الشرطة المدرجه اسمائهم ادناه من منتسبي هذه المديريه سابقا بوظائف مدنيه في الوزارات المؤشره ازاء اسم كل منهم وبالراتب الذي يستحقونه قانونا .

| ت | الرتبه | الاسم الكامل | محل الاستخدام سابقا | الوزاره المعين بها |
|---|---|---|---|---|
| ١ | المفوض الاول | حافظ احمد رسول | مديرية شرطة شقلاوه | الداخليــه |
| ٢ | = = | جهانگير نادر صقر | شرطة النجده | = |
| ٣ | = الثاني | طه كريم بيروت | مديرية شرطة البلده | البلديات |
| ٤ | = = | جودت حسين عبد الله | شرطة التشكيلات الفنيه | الصناعه والمعادن |
| ٥ | = الثالث | طه قاني يوسف عزيز | مديرية شرطة راوندوز | = |
| ٦ | = = | خسرو ابراهيم امين | سرية احتياط اربيل | = |
| ٧ | = = | عمر عبد الله عسر | مديرية شرطة البلده | الاشغال والاسكان |
| ٨ | = = | انور ابراهيم توفيق | = | = |
| ٩ | = = | كمال حاجي كاكول | مديرية شرطة شقلاوه | البلديات |
| ١٠ | = = | اسماعيل بابا خالد | = | = |
| ١١ | = = | محيي الدين شهاب [illegible] | مديرية شرطة مخمور | النقل |
| ١٢ | = = | محمد نوري محمد [illegible] | مديرية شرطة راوندوز | = |
| ١٣ | = الرابع | عبد المحسن طه صالح | شرطة التدريب والالعاب | = |
| ١٤ | = = | سليمان شيخ محمد بابكر | شرطة النجده | = |
| ١٥ | = = | محمد طه صالح عبد الرحيم | شرطة الدلالات | = |
| ١٦ | = = | [illegible] محمد عبد الله | شرطة الاحمدية | = |
| ١٧ | = = | محمد [illegible] ابراهيم | مكافحة الاجرام | المواصلات |
| ١٨ | = = | سردار عبد المجيد فتاح | شرطة التدريب والالعاب | الماليــه |
| ١٩ | = = | حسين شداد عمر | مديرية شرطة البلده | = |
| ٢٠ | = = | سليمان احمد محمد علي | شرطة المسالح | = |
| ٢١ | = = | دلشاد محمد جلال | مديرية شرطة كويسنجق | = |
| ٢٢ | = = | [illegible] عثمان عوني | = | = |
| ٢٣ | = الثالث | عبد الله عمر عبد الله | مديرية شرطة شقلاوه | = |
| ٢٤ | = = | لالا سالار جلال عبد الله | مديرية شرطة الفداء | = |
| ٢٥ | = = | محمد [illegible] علي ابراهيم | مديرية شرطة شقلاوه | العمل والشؤون الاجتماعيه |
| ٢٦ | = = | امين [illegible] كريم خان | مديرية شرطة راوندوز | = |
| ٢٧ | = الرابع | [illegible] قادر | = | = |
| ٢٨ | = = | تحسين [illegible] | = شرطة البلده | = |
| ٢٩ | = = | محمد عبد الله [illegible] | شرطة [illegible] | = |
| ٣٠ | = = | عبد القادر محمد معروف | مديرية شرطة الفداء | = |
| ٣١ | = = | عزيز [illegible] عبد الله | شرطة النجده | الصناعه والمعادن |
| ٣٢ | = = | عزيز عثمان عمر | = | = |
| ٣٣ | = = | جبار علي [illegible] | مديرية شرطة البلده | البلديات |
| ٣٤ | = = | [illegible] | [illegible] | [illegible] |



بسم الله الرحمن الرحيم

مديرية شرطة محافظة أربيل
الشعبة:
العدد ٥٢٧٧
التاريخ ٢١ اذار ٩٧٥

الى الاداري عدد (٢٧٦)

تنفيذاً لكتاب مجلس قيادة الثورة اللجنة العليا لشؤون الشمال ٣٧/ ٢٠١ في ٢٤/٣/١٩٧٥ المبلغ الينا بكتاب وزارة الداخلية / الادارة العامة / المخابرات السرية والسياسية ٢٩٢٧ في ٢٧/٣/٩٧٥ والمبلغ الينا برقية مديرية الشرطة العامة السرية الفورية ٤١٧١ في ٢٩/٣/٩٧٥ قررنا مايلي

١- اعادة ضباط ومفوضي الشرطة ادناه اسماؤهم [illegible] من جانب العصاة وسلموا انفسهم للسلطة الوطنية الى الوظيفة اعتباراً من تاريخ التحاقهم [illegible] وتنسيبهم الى معسكر [illegible] في محافظة القادسية.

٢- منحهم سلفة راتب شهرين مع المخصصات يستقطع منهم بخمسة اقساط شهرية متساوية.

| ت | الرتبة | الاسم الكامل | تاريخ الالتحاق |
|---|---|---|---|
| ١ | رائد الشرطة | سعيد [illegible] سعيد محمد | ٢/٣/٩٧٥ ق.ظ |
| ٢ | معاون الشرطة | نريمان عبد الحميد فتاح | ٢/٣/٩٧٥ ق.ظ |
| ٣ | المفوض الثالث | اسماعيل بابا خان | ٢/٣/٩٧٥ ق.ظ |
| ٤ | = الرابع | سردار عبد الحميد فتاح | ٢/٣/٩٧٥ ب.ظ |

عقيد الشرطة
[illegible]
مدير شرطة محافظة أربيل

نسخة منه الى
محافظة أربيل / للعلم رجاء.
مديرية الشرطة العامة / الحركات / [illegible]
[illegible]
مديرية الشرطة العامة / ادارة الضباط / [illegible] / الادارة [illegible] للعلم رجاء.
محافظة [illegible] / [illegible] للعلم رجاء.
مديرية [illegible] الشرطة / الادارة [illegible] للعلم رجاء.
مديرية شرطة محافظة [illegible] / [illegible] للعلم واجراء [illegible]
قيادة [illegible]

# ئیبراهیم محەمەد

کورتیـەکا بچیـک ژێ ژیانا پێشـمەرگە یـی شـورە شـا ئە یلـول و گولانی و ریسـپییێ گونـدی طلـوه (ابراهیم طلوه ی)

ل سـالا ١/٧/١٩٣٨ل گوندێ طلـوه ژ بنـه مالـەکا کـورد پـەروەر و مێرخـاس ودینـدار هاتیـه سـه ر دونیایـێ ل ده سـت پێـکا ژیـێ خـو چویـه د مەیدانـا خـه باتـێ دا ئێکـه مـین کارێ لـه شـکه ری دگه ل باب ومام و پسـمامیت خو ئەنجامدای ل سـالا ١٩٥٩ بوو ده مێ پولیسـێت وی وه ختی ب سـه ر گوندێ طلوه دا گرتی مامور مرکز و رئیس عورەفا و دگه ل ٣ پولیسـا کوشـتین پاشـی بـاب و باپیـر ومـام جـه نـد پسـمامه کێـت وی کرینـه سـجنێ ڤـه و بریـارا حـه تـا حـه تایـی بـو ده رچـو بـه لـێ بۆ ماوێ ٧ سـالا ماینه سـجنی ڤه ، ل سـالا ١٩٦٣ خیشـکا وی ( (صـافیـا ))ب فروکـه یـن حکمـه تـا عیراقـي هاتیه شـه هید کرن و مامـو وی ( (گـه ردی ))هـه ر دوی سـالي دا هاتـه شـهید کـرن، و ل ده مـی جـه یشـا سـوری ل هاتیه ناف ئاخا کوردسـتانی دا ل سـالا ١٩٦٣ مامی وی ب نافي ( (احمـد)) ناسـناف ( (احمویـی فاطـي ))هاته شـهید کرن.

ده سـت پێـکا شـورە شـا ئـه یلولـی وه کـو پێشـمه رگـه کـێ مێرخـاس و قهـره مـان دهێتـه پێـش ژبـه ر زیـره کی و مێرخاسـیا وی دهێته ده سـت نیشـان کـرن وه ک ئامـر سـری دگـه ل هێزیـن (حسـو مێرخـان) هه رزی نـاف وده نگێت مێرخاسیا وی ده نـگ فـه ده ن پاشـی د هێتـه ڤـه گوهاسـت دچیتـه دگه ل هێزا (غـازی حجـی ملـو) ژبـه ر مێـر خاسـیا وی ٣ جـارا ژلایی (ملا مصطفـی بارزانی ) ده سـت خوشـی لـی دهیتـه کـرن و دهیتـه داخـاز کـرن ودی هیتـه خلات کـرن ، وهه ژی گوتنی یه پتریا داسـتنا یێ به شـداربوی ،پشـتی ئیتفاقیا خیانه ت کارا جـه زائێـر یـا سـالا ١٩٧٥ کـورد ژی چیایـی دهینـه خـار لی کوندی خـو و بازیری

دهوکـی ئاکنجـی بیـت ، ژبـە ر کـورد پە روە ریا وی ل سـالا ١٩٧٧ دی هیتە نفی (ترحیـل) کـرن دگـە ل مـالا وي هـە مي کور کچ و برایت وي بو باشووری عیراقی (جونبـی )بازێرێ (سـماوا) حەتـا سـالا ١٩٧٩ پاشـی دزفریتـە دهوکـێ ،سـالا ١٩٨٤ جـە ندیـن جـارا داخـاز ژێ دهێتـە کرن وە کو (مستشـار) لـی ڤێ داخازێ رە تکـە ت دبێژیـت مـن خیانـە ت لـی کوردینـی نـە کریـە و ناکـە م ،دفان سـالادا هـە ر وەک پێشـمە رگـە یەکـێ سـە رکـردە بـە ردە وام هاریکاریـا پێشـمەرگا دکە ت دناف بازێری و ژدە رڤەی بازێری ، وسـالا ١٩٨٦ کورێ وی (مهدی ابراهیم) دهێتـە اعـدام کـر ژبـە ر کـو ئێـک بـو ژی رێکخسـتیت نافخو (تنظیـم داخلی )دگە هیتـە کاروانـی شـهیدا هـە روە سا ل سـالا ١٩٨٨ هـە ردوو کورمامیت وي بنافي ( احمـد مصطفـي و صالـح مصطفـي ) دي هینـە شـە هیـد کریـن و بـە ردە وام دبیـت ل خـە باتـا خـو حـە تا بهارا سـە رهلدانا ١٩٩١ د سـە رهلدانـێ دا روله کێ سـە رە کـی دبینیـت دێ ڤـێ سـەرهلدانا بازێـری دهـوک دا دهـوک بـو ٤محـوە را دابـە ش بیـت قلعـا نزارکـی و مرکـزی بروشـکی بـو ابرهیم طلـوە ی و مروفێت وی دهێتە دە سـت نیشـان کرن ، ژبە ر کورد پـە روە ریا وی مێرخاسـیاوی وەفادریا وی بـو پارتـی و بارزانـی دهێتـە داخـاز کـرن بو کونگری پارتی یێ ١١ سـالا١٩٩٣ وە ک ئـە ندامـی فخریـی یێ کونگـرە یـی هـە ژی گوتنـی یـە بـس ٤ مـروڤ ژی دهوکێ وە کـو مێهفـان دهینـە داخـاز کـرن ئـە و جـوار کـە س (ابراهیـم طلوە ی و سـلیمان بوطـی و حاکـم محمـد سـلیفانە ی و دە یـکا حلیمـا پشـت گری ) بوون د ژیـی خـودا ب کاروانـی خـە باتـی دە ت حـە تـا سـالا ١٩٩٩ دهێتـە خانە نشـین کـرن ب (پـلا رائیـد) ژبـە ر جـا میریـا وی میرخاسـیا و مە ردینـی و کورد پە روە ریا وی وە کـو کـە سـە کـی ریـی سـپی وکـە سـە کـی جڤاکـی لـی نـا ف مزیریـا و هـە مـی بادینـا دهێتـە پیـش هـە مـی وە ختـا یـێ ئامـادە بـو دنـاف کیێشـێت جڤاکـی دا و کـە سـە کـێ خـودان بریـار و خـودان ریـز بـو ،وە ک ریزگرتنە ک لی خـە باتـا وی ل سـالا ٢٠٠٧ ژلایـێ رێزدار (نیچیرڤـان بارزانـی ) د هێتـە خـە لات کـرن، (ابراهیـم طلـوە ی ) ژی گونـدە کـی یـە گە لە ک خـە بات و مادیبونا دیتی ژێ دە ربـە دە ری و ئـە شـکە نجـە دان و زینـدان و شـە هیـدا هـە ژی گوتنـی یـە کونـدی (طلـوە )ئیـک ژ گوندێت بجیکـە دنـاف مزیریـا لـی خودان ژمـارەکا زورا شـهیدیت سـە نگرە کـو ژمـارا وان دگـە هیتـە ٢١ شـە هیدا .

لـی ب مخابنـی ڤـە ل روژا ٣٠/٥/٢٠١٦ خاتـرا خـو ژی دنیـا دخازیـت و دچیتـە بـە ردلوڤانیـا خـودی .

**خەلیل ئیبراهیم محەمەد**

# ئەسعەد عەدۆ

**کاتێ بە نائومێدی بڕیاری گەڕانەوەماندا لە ١٩٧٥/١٠/٣ لە ئۆردگای رەبەت- سەردەشت**



کاتێ بە نائومێدی بڕیاری گەڕانەوەماندا لە ١٩٧٥/١٠/٣ لە ئۆردگای رەبەت _ سەردەشت بە لۆریان ئێمەیان بەرەو سنووری ( المنذریە) هێناو ئەمجارەیان بە لۆری عێراقیان بەرەو (خالص) ئینجا بەرەو بەغدا تا بەرەبەیانی جەژنی قوربان لە ١٩٧٥/١٠/٥ گەیشتینە ناو ناصریەو هەر چەند ماڵێک بۆ شوێنێک دابەشکراین منو چەندان خانەوادەی باڵەییان کەوتینە ناحیەی گرمە بنی سعید سەر بە السوق الشیوخ هەر ماڵەو بۆ ناو سریفەیەک کە لە حەسیرو قامیش دروست کرابوو لە دواییدا ڕۆژانە هەر نەفەری (١٨٠) فلسیان بۆ ماوەیە دەداینێ.. خێزانم دایکی نسکۆ زۆری نەبرد گەڕێندرایەوە مامۆستایەتی جارانی خۆی ، تەنیا ئەو ساڵەیان بڕی کە بەشداری شۆڕشمان کردبوو بە ئێمەیان دەگووت: اکراد العائدین.

تا هەفتەیەک خەڵکی ناوچەکە نانو چێشتیان بۆ دەهێناین زۆر دەگەڵمان باش بوون لە روانگەی السبایا الحسین سەیری ئێمەیان دەکرد لە ساڵی ١٩٧٧ ئەوانەی دانەمەزرابوون ڕێگایاندرا بگەڕێنەوە کوردستان .

بۆ خودی خۆم وەک خەڵک سەردانی تجنید یان معسکرمان دەکردو ئێمەیان تەسریح دەکرد لە ڕێگای معاون المحافظ قباد طاهر صادق لە مصلحە نقل الرکاب دامەزرام دوایی حەوت مانگ ماڵم هاتە ناو شاری ناصریە لە دوای پێنج مانگ هاتینە (الغراف) چونکە کوردی فیلی زۆر بوو تا گەڕانەوەمان لە ١٩٧٩/٦/١ بۆ هەولێر .

ئەوکات هەموو بەرپرسانی دائرەکان کورد بوون معاون المحافظ قباد طاهر صادق، مدیر الشرطە ناصریە عزیز محمود ئاغا، مدیر بلدیات حبیب محمد کریم ، مدیر مستشفی دکتۆر خورشید دزەیی، مدیر الاحصاء محمد سعید الاتروشی.. ئاغاو ئەفسەرو سەرۆک هۆزی کورد بۆ ئەوێ دوورخرابوونەوە بە نموونە ماڵی

ئەسعەد فتاح هەرکی، سعید ئاغا دۆسکی برای دێوالی ئاغا، علی عسکری لە رفاعی مدیر بلدیات بوو رژێم زۆر هەولیدا خەڵک تەنزیم بکات نەیانتوانی! دوورنیە خەڵکانێک لە پەنجەی دەست کەمتر هاوکاری رژێمیان کردبێت

سەرەتا قەدەغە بوو ئێمە بۆ سەردانیش بگەڕێنەوە کوردستان بەڵام لە دوای ١٩٧٧ نۆرماڵ بوو برادەرایەتی لەنێوان خەڵکەکە پەیدا بوو تا ئەو رادەیە لە دوای ١٩٧٩ خەڵکانێکی شیعە لە رێگای کوردان دەچوونە ئێران یان نێو شیوعیەکان.

خەڵکی ناصریە بە عموم باش بوون، وابزانم بەرپرسی حیزبی بەعس کوردی سعید عبدالباقی دەوری باشی هەبوو بۆ سەر گەڕاوەکان ئەوە بۆچوونی تایبەتی خۆمە

ئەوەی سەرنجی بەندەی راکێشابو هەبوونی کتێبێکی کوردی زۆر لە کتێبخانەی گشتی ناصریە کە لە کاتی خۆیدا دوورخراوەکان بە دیاری پێشکێشی مکتبەیان کردبو وەک ملا جمیل رۆژبەیانی. حسن جمعە جاف و خەڵکی تریش.

محافظة ذي قار
قائمقامية قضاء
١ـ الاسم الثلاثي واللقب ان وجد
٢ـ محل وتاريخ الولادة
الملاحظات :
٤ـ المهنة حالياً
٥ـ تاريخ ومحل الاقامة حالياً
توقيع رئيس الوحدة الادارية

هوية خاصة للعائدين
الرقم : ٢٦
التاريخ



بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

(( والعلم نور والجهل ظلام ))

محافظة ذي قار

مصلحة نقل الركاب

الذاتية

العدد / ٢٢٤٧

التاريخ / ١٩٩٦/٦/ [illegible]

(( الأمر اداري ))

م/ [illegible]

[illegible]

صالح [illegible] عبد الرزاق

محافظ ذي قار

رئيس مجلس المحافظة

| الاسم | العنوان |
| --- | --- |
| ١ - [illegible] | محاسب |
| ٢ - صديق عمر حسن | محاسب |
| ٣ - ريحان قاسم احمد | جابي |

نسخة منه الى / م

وزارة الداخلية/ مديرية الادارة المحلية العامة/ مديرية الادارة والذاتية (٣) / للتفضل بالاطلاع مع التقدير ..

رئاسة المجلس التنفيذي لمنطقة الحكم الذاتي / للتفضل بالاطلاع مع التقدير .

رئاسة مجلس الخدمة العامة

رئاسة ديوان الرقابة المالية

مديرية الامن العامة

محافظة ذي قار/ الادارة المحلية

محافظة اربيل / الادارة المحلية

مديرية امن محافظة ذي قار

مديرية مصلحة نقل الركاب في اربيل

شعبة المحاسبة

شعبة المخازن

الملفات [illegible]

شعبة الذاتية



رئيس مجلس المحافظة

نسخة منه الى /

الامانة العامة لادارة الشؤون الداخلية | للتفضل بالعلم مع التقدير

محافظة اربيل / الحكم المحلي

مديرية الدفاع المدني في محافظة اربيل /

الاضبارة الشخصية

الاضبارة العامة



بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

١٧٠٢٥

١/٢

العدد /

التاريخ /

وزارة المالية - مديرية الخدمة

رئاسة مجلس الخدمة العامة

رئاسة ديوان الرقابة المالية

ذاتية التعليم - للتأشير

# ئەسعەد مستەفا حوسێن خدر

لە ساڵی ١٩٥٠ لەدایک بووە و لەساڵی ١٩٦٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە و سەر بە هێزی دەشتی هەولێر بووە، لە ساڵی ١٩٦٦بەشداری شەڕی زۆزکی کردووە.

لە ساڵی ١٩٦٩ دەورەی مامۆستایەتی کراوەتەوە لە ناو شۆڕشدا، لە دوای بەیاننامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ بووە بە مامۆستا و لە ساڵی ١٩٧١ لەبانی ماران قوتابخانەی کردەوە و بووە بەڕێوەبەر و مامۆستا لەم قوتابخانەیەدا.

لە ساڵی ١٩٧٤ کە شۆڕش دەستی پێ کردەوە بوە مامۆستا لە قوتابخانەی چۆمان، لە ساڵی ١٩٧٥ چووە ئێران لە ئۆردوگای بابک بوو، لە سەرەتا لە دێرفول بوو، بەڵام ئەم ناوچەیە زۆر گەرم بوو بۆیە گوازرایەوە بۆ بایک. هەر لە بابک بوو بە مامۆستا وانەی بە ئاوارەکان دەگووتەوە، لە ساڵی ١٩٧٦ رەوانەی خانەقین کرا و لەوێ گوازرایەوە بۆ دیوانیە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە دیوانیە مایەوە.

بۆماوەی ساڵێک لە (مەلعەب) دەست بەسەر بوو دواتر رێگای پێدرا کە کار بکات، بەڵام وەک کاتب لە قوتابخانە نەک وەک مامۆستا، دواتر لە قوتابخانە گواستیانەوە بۆ پەروەردەی دیوانیە چونکە ئەگەر لە قوتابخانە بمێنێتەوە مەترسیە بۆ قوتابیان و باسی شۆڕش و کوردایەتی دەکات.

لە پەروەردە وەک ژمێریار بوو بۆ رێکخستنی لیستی موچەی مامۆستایان.

ساڵی ١٩٧٩ عەریزەی نووسی بۆ وەزارەت تا بگەڕێتەوە هەولێر بەڵام رێگایان پێنەدا، داوایان لێ کرد کە ببێ بە بەعسی بەڵام رازی نەبوو. بۆیە وەزیفەی جێهێشت گەڕایەوە بۆ هەولێر تا ساڵی ١٩٩٤ گەڕایەوە سەر وەزیفەی خۆی وەک مامۆستا.

# شەهید ئەحمەد جەلال ئەحمەد



١ ـ سالی لە دایک بوون : ١٩٣٦/رواندز
٢ ـ پیشە : مامۆستا
٣ ـ لە نەورۆزی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕش کردووە
٤ ـ لە سالانی شەستەکانی سەدەی رابردوو یەکێک بووە لە چالاکەکانی پارتی لە دەڤەری رواندز
٥ ـ جەندین جار زیندانی کراوە بۆ خوارووی عێراق گواستراوەتەوە



قائممقامية قضاء رواندوز — الجمهورية العراقية

التحريرات

العدد / ٢٥٢٩ /٤/س

التاريخ ١٩٦٢/٧/١٩

الى :ــ متصرفية لواء اربيل

الموضوع / ابعاد معلم

بناء على امر قائد الفرقة الثانية والمعطوف على برقية شرطة لواء اربيل ٢٤٣٠ في ١٩٦٢/٧/٢ اعلمنا معاون شرطة رواندوز بكتابه ٢٩٣٠ في ١٩٦٢/٧/٦ بانه تم القاء القبض على المدعو احمد اغا جلال معلم مدرسة بيشوك وذلك بتاريخ ١٩٦٢/٧/٧ وفق المادة ٢٤ من الاصول المحاكمات الجزائية تمهيدا لابعاده الى الالوية الجنوبية وسفر الى اربيل مخفورا للتفضل بالعلم رجاء .

عبد الصاحب الغرباوي
قائممقام قضاء رواندوز

صورة منه الى :ــ
مديرية معارف لواء اربيل ــ اشارة لكتاب معاون شرطة رواندوز المشار اليه اعلاه لا
معاون شرطة رواندوز ــ كتابه اعلاه للعلم .

محمد/٤/ ٦/١٠

## ئەحمەد محمەد حەمە ئەمین

ناسراوە بە حاجی ئەحمەدی ناوچە، لە ڕێکەوتی ١٩٧٥\٧ دورخراینەوە بۆ خوارووی عێراق، لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول ئاوارەی ئێران بووین لە شاری مەریوان نیشتەجێ بووین، دوای نەکسەی شۆڕشی ئەیلول باوکم بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان لەبەرئەوەی خێزانێکی قەرەباڵغ بووین، ئەوە کاتەی خوالێخۆش بوی باوکم بڕیاری دا بگەڕێتەوە جوابی نارد بۆ خوالێخۆش بوو (نوری شاویس)، پارەیەکی زۆری شۆڕش لەلای باوکم بوو سەرپەرشتی ئۆردوگاکانی شۆڕشی دەکرد، باوکم بە بەڕێزی خوالێخۆش بوو نوری شاوسی ووت: ئەم جانتا پارەیە بە ئامانەت دەیدەمە بەڕێزت بیدە دەست (باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد مستەفا بارزانی) باوکم ووتی ئەمە پارەی شۆڕشە، خوالێخۆش بوو بە باوکمی ووت: حاجی پارەت پێیە، باوکم وەڵامی دایەوە ووتی هیچ پارەم پێ نییە، نوری شاوەیس جانتاکەی کردەوە (ڕوبع)ێکی بە باوکم دا ووتی: پێی بگەڕێرەوە ئیتر خوالێ خۆش بوو نوری شاویس جانتاکەی هەڵگرت خوا حافیزی لەباوکم کرد ووتی: پێم باشە لە ئێران بمێنیتەوە، باوکم ووتی دوو ژن و ئەو هەموو منداڵە، هەرچۆنێک بێت لە پێنجوێن خانوەکەم ماوە دەچمەوە، ئیتر لەگەڵ لێبووردنی گشتی گەڕاینەوە بۆ کوردستان لە شوێنی زێدی خۆمان شارۆچکەی پێنجوین نیشتەجێبووین، لەگەڵ گەڕانەوەمان بۆ پێنجوێن لە ماوەیەکی کەم واتا مانگێک دوای گەڕانەوەمان دورخراینەوە بۆ خواروی عێراق لە گوندێکی دورە دەست لە ڕوتبە نیشتەجێکراین لەگەڵ چەند ماڵێکی کوردی دیکە ئەوانەی کە باوکی ڕەحمەتیم باسی ئەکرد من منداڵ بووم باش لەبیرم نایەت بەتەواوی،

ماڵی حەمەتاڵیان پێ ئەوت لەگەڵ چەند ماڵێکی تر کە تەنها ژوورێکمان بۆ ئامادەکرابوو لە حەسیرو گەڵای دارخورما دروستکرابوو، لە نزیک ڕووباری فورات، شوێنێکی زۆر گەرم تاقەت پڕوکێن ئاوی سوێر، بەڵام باوکم لەگەڵ ئێمە نەبوو لە (ڕاوە) نیشتەجێ کرا، پاش چەند مانگێک لەو شوێنە ناخۆشە بە هەوڵی ماڵە کوردەکانی تر گواستراینەوە بۆ شارۆچکەی ڕومەیسە سەر بە پارێزگای سەماوە.

١. ئەحمەد محمەد حەمە امین ،ناسراو بە حاجی ئەحمەدی ناوچە.
٢. لەساڵی ١٩٢٧ لە قەزای پێنجوێن لە دایک بوو.
٣. لەدوای نەکسەی شۆڕشی ئەیلول لە مانگی ٧-١٩٧٥ لە قەزای پێنجوێن تەنها خێزان بووین دورخراینەوە بۆ روتبە = ڕومەیسە.
٤. باوکم کارگێڕی ناوچەی پێنجوێن پلەی بەرپرسی ناوچەی پێنجوێن تێپەڕیووە، سەرپەرشتی کێشەی کۆمەڵایەتی و جوتیارانی ناوچەی پێنجوێن شلێر و ناوخوان و دەشتی شارەزور بوو، لە حزبی (ژێ کاف& حزبی هیوا) لە کۆتایی ساڵەکانی پەنجا پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە،تا کۆتایی تەمەنی لە ساڵی ٢٠٠٤ کۆچی دوای کرد پەیوەندی نەپچڕاندبوو.
٥. پێش پەیوەندی کردنی بە حزبەوە جگەلەوەی لە خاڵی ٤ ئاماژەم پێداوە، دوکانی فرۆشتنی ڕادیۆ و ئەجهزەی دەقیقەیان پێدەوت تا لەساڵی ١٩٥٨ ئەوکاتە بە هۆی کوردایەتیی دوکانەکەی فرۆشت سەرقاڵی کوردایەتی و پارتایەتی بوو.
٦. فەرمانی دورخستنەوە و هەرچی بەڵگەنامە و تاپۆی پەیوەندی پێوە هەبێت کەوتە ژێر خانووەکەمان کەبەهۆی شەڕی نێوان عێراق و ئێران بە بۆردومانی تۆپەکانی ئێران خانووەکەمان خاپور بوو هەرچی شتومەکمان هەبوو هیچمان بۆ دەرنەچوو، بۆیە بەڵگەنامەو وێنەکان سوتان.شوێنی ئیشکردنی باوکم لە خواروی عێراق لە (عانەو ڕاوە) سەربە قەزای (حدیثە) بوو لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبان ئیشیان پێ سپارت.
٧. خێزانەکەمان واتا دایک و خوشک وبراکانم لە ساڵی ١٩٧٩ گەڕاینەوە بۆ پێنجوێن،بەڵام باوکم نەگەڕاندرایەوە لەبەر ئەوەی ئیمزای نەکرد بۆ حزبی بەعس تا ساڵێ (١٩٩١) لەکاتی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی کوردستان گەڕایەوە بۆ سلیمانی ئیتر نەگەڕایەوە بۆ خواری عێراق.
٨. لەخاڵی ٦ ئاماژەم پێداوە بەهۆی خاپور بوونی خانووەکەمان لە شەڕی نێوان عێراق و ئێران هەرهەموو بەڵگەنامەو نوسراو ناسنامەکانمان سووتا لە

سلیمانی جنسیەو ناسنامەی ترمان بۆ دروستکرایەوە لەسەر سورەت قەیدی بنەماڵەکەمان.

٩. سەرەتا دانیشتوانی ئەو شوێنە واتێگەیەنرابوو لەلایەن حزبی بەعس کە کوردەکان دەیانەوێت ماڵەکانتان داگیر بکەن پاش ماوەیەک تێگەیەنران کە ئەم ماڵە کوردانە بە خواستی خۆیان نەهاتوون بۆ خواروی عێراق بەڵکو بەزۆرەملێ و وەکو سزادانێک کە بەشداربوون لە شۆڕشی کورد نەفی خواروی عێراق کراون،بۆیە کە عەرەبەکان ئەمەیان زانی ئیتر هەڵسوکەوتیان باش بوو بەتایبەتی لە ڕومەیسە کە مەزهەبیان شیعە بوو.

١٠. خێزاندار.

١١. خوالیخۆش بووی باوکم لە ٢٠٠٤ وە کۆچی دوایی کردوە من کچی حاجی ئەحمەدی ناوچەم بە ناوی (نیان ئەحمەد) ئەم فۆڕمەم پڕکردوەتەوە بۆیە بەرپرسیارم لەهەموو ووشەکانم لەڕاست و دروستی هەرچییەکم ووتووە. خێزانی ئێمە بریتیە لە ( ٩ کچ و ٤ کوڕ) باوکم دوو خێزانی هەبوو خێزانی یەکەمی خوالێخۆش بوو بەناوی ڕەحمە ،خێزانی دووەمی بە ناوی ناهیدە کە دەکاتە دایکم ،،بەڵام ئێستە ٨خوشک و ٣ برا ،خوشک و برایەکم کۆچی دواییان کرد بە نەخۆشی شێرپەنجە.

نیان ئەحمەد کچی خوالێخۆش بوو حاجی ئەحمەدی ناوچە (پێنجوێنی)

# ئیبراهیم رەمەزان ئیبراهیم (ئیبراهیم گوانی)



ساڵی (١٩٧٥) ئاوارەی ئێران بووین بۆ ئۆردوگای بابک دوای (٨) هەشت مانگ گواسترابنەوە ئۆردوگای بەهرام. لەساڵی (١٩٧٦) گەڕاینەوە عێراق لەڕێگە خانەقین و مەندەلی، چووین بۆ پارێزگای سەماوە- قەزای روحیە- ناحیەی نجمی. لە بەهاری (١٩٧٧) گەڕاینەوە کوردستان بۆ سەر زێدی باب و باپیران کۆتایی مانگی نیسانی (١٩٧٧).

لە کاتی گەڕانەوەمان لە ئێران بۆ جنوبی عێراق ئێمە چوار ماڵ لەناو یەک لۆری بووین:

١) رەمەزان ئیبراهیم خدر.
٢) رەحمان عومەر خدر.
٣) حەسەن سەید ئەحمەد.
٤) ئیبراهیم مەلەکی ناسراو بە (مام برایم کادر)

# حاجی ئیبراهیم حاجی حمدامین شێراوە

(کورتەیەک لە بەسەرهاتی ڕاگواستنمان بۆ خوارووی عێراق ، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول)

لە ١٢ی نیسانی ١٩٧٦ لەلایەن مونەزەمەی قوشتەپە ئاگادار کرامەوە لەڕێگای بەرپرسی مونەزەمەی قوشتەپە وجاشێک کەسەردانی ناحیەی قوشتەپە بکەم، ئەوەبوو ڕۆژی دواتر سەردانی ناحیەی قەشتەپەم کردوو ئەو دوو کەسەم بینی کە هاتبونە ماڵمان لە گوندی شێراوە ، پێیان گوتم : کە دەبێت سبەی حازر بی لە ناحیە لەگەڵ خێزان و منداڵت، لەبەر ئەوەی ڕەوانەی خوارووی عێراق دەکرێیت لۆ پارێزگای دیوانیە . منیش گۆتم :ئێمە دەنێرن لۆ دیوانیە نابێت شمەک و کەل و پەلمان بهێنین، جاشەکە بە گاڵتە جارییەوە پێی گۆتم: (جنوب ناخۆش نیە من (٤) چوار ساڵ لەوێ ژیاوم) وەلامی من لۆ جاشەکە ئەوە بوو گۆتم «جەنابت لە ترسی کورد هەڵاتوی، من لەسەر کورد ئاوارەی جنوب دەکرێم لۆیە مانەوەی تۆ و مانەوەی من لەوێ فەرقی زۆرە و من فەخر بەو ڕۆیشتنە دەکەم ، چونکە لەسەر کوردایەتە و شانازییە لۆ من» دوای ئەو قسانەی ئێمە بەرپرسی مونەزەمە کە گۆتیە جاشەکە ئەوە چ دەرێ ؟ جاشەکەش لۆی تەرجەمە کرد، بەڵام هەستم کرد کابرای بەرپرس هیچ یەک لە وەڵامەکانی منی پێنا خۆش نەبوو.

لە ١٣ی نیسانی ١٩٧٦ من وخیزانم لە شێراوە خوا حافیزیمان لە کەس وکارمان کردوو ، چوینە ناحیەی قوشتەپە ، لەوێ لەچاوەڕوانی بەرێکردنمان ماینەوە لۆ ئەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە ئاگادار کرابوونەوەو ناویان بۆ ڕاگواستنی جنوب

ئامادە کرابوو یەکدیگر بکرێین و بە یەک وەجبە ڕەوانەی خوارووی عێراقمان بکەن، کە خەڵکەکی زۆر لەوێ ئامادەبوون، جێ ی خۆیتی ئەو بەسەرهاتەی من و (سەید کاکە) بگێڕمەوە، لەو کاتەی ئێمە گەیشتنیە قوشتەپە ئەوم دیت لەگەڵ (یاسین کەردزی) ڕاوەستابوو دیار بوو (یاسین)یش لەگەڵ وەجبەی ئێمە بوو من چووم چاک وچۆنیان لەگەڵ بکەم، سەید کاکە گۆتیە یاسینی قبورم نیە ئەگەر (برایم)تان لەگەڵ نەبی لۆ جنوب ئەویش گۆتی «ئێمە چووین ئەوی بەڕێ بکەین، هەتا هاتینەوە ئێمەشیان ئاگادار کردیتەوە»، ئەوجا سەید کاک لۆلای من هات وسەری خستە بن گوێم وگۆتی « موستەهەقت بی بیست جێت کرد هەتا بوویە سەر لق» لەبەر ئەوەی دەوروبەرمان جاشی لێ بوو منیش بەدەنگ پێکەنیم وگۆتم « ئەتوو ئەمنت نەکردە سەر لق ئەمن بەدەست وقامی خۆم بویمە سەر لق و ئێستاش لە جیاتی ئەو دەست وقامەیە دەمنێرنە جنوب، لۆیە فەخری پێوەدەکەم ولۆ من شانازیە کە تا ئێستاش کەسم بە پیاو نەزانیە وسەریشم بە هیچ دیوەخانێک دانەگرتیە»، ئەوجا سەید کاکەو جەماعات دەستیان بە پێکەنین کرد، بەڵام جاشەکانی دەوروبەرمان بە قسەکانی من گرژ بوون و دواتریش گلەییان لەلای چەند خزمێک کردبوو گوتوبیان کە پێ گۆتینەو بەس پێشمان ناخۆش نیە، چونکە پێدەکەنی لەکاتی قسەکردنی.

ئەوە بوو سەرلەبەیانی هەمان ڕۆژ بەڕێکراین لۆ کاتژمێر (١٠) ی شەو گەیشتیە دیوانیە وهەر لە ناو سەیارەکانماینەوە. شەو منداڵێک چووە لای پۆلیسەکان شەهید (مەلاحاجی ڕەسول) چوو منداڵەکەی هێناوەو بە پێکەنین وگارەگار گەڕاوە، منیش لۆ لای ئەو چووم لە بەر ئەوەی (مەلا) زمانی عەرەبی نەدەزانی و گۆتم چیە مەلا؟ لەولاش پۆلیسەکان هەمویان تەماشایان دەکردین. مەلا گۆتی: پۆلیسەکان پرسیاریان لێکردووم و تەنها ئەوەندە تێگەیشتوم دەڕێن چەند کەست کوشتیە؟ جوابی منیش ئەوە بو گۆتم (هوایە) جانازانم چاکم کردیە یان نا؟ منیش گۆتم باشت گۆتیە، ڕووم لە پۆلیسەکان کرد و پێم گۆتن ئێمە تەخسیرمان نە کردیەو ئەو کابرایە کە دەڵێ (هوایە) ڕاست دەکات ، ئەو کوشتارەی لە ئێوە کرایە ئێمە کردوومانەو (ازید من هوایە)، شەو تا بەیانی لە ناو سەیارەکان ماینەوە بەبێ خۆراک وهیچ فێنککەرەوەیەک، کە ئەوەشەوە سەرەتای ناڕەحەتیمان بوو لە جنوب.

بەیانی ١٤ی نیسانی سەعات (٩) مودیری ئەمنی دیوانیە بانگی کردین، ئێمە (٨) خێزان بووین، هەر لەسەرەتاوە پێیان گۆتین ئێرە ئەمنی دیوانیەیە،

لۆیە هەرپرسیارێکتان لێ دەکرێت راست جواب بدەنەوە، بەپێچەوانەوە نوسراوتان بەدوا دادێت و ئەزیەتتان دەدەین .

کە دانیشتین یەکەم کەس لە ناومان هەڵساو ، گۆتی: «من پەیوەندیم لەگەڵ حکومەتی عێراق هەبووە، کەویستم بگەڕێمەوە لە رێگادا (جیبی عمیل) منی دەستگیر کردوو وڕەوانەی سجنیان کردم، وە کاتێک (جیبی عمیل) لە ناو چوو ئینجا من گەڕامەوە»، مودیری ئەمن زۆر تورەبوو بەتوندی پێ ی گۆت: «اگعد مو انت کوردی» ئەویش زۆر ترساو دانیشت .

دواتر یەکەیەکە دەوری بەپرسیارەتی خۆمان باس کرد، تەئاکیدیشمان لەوە کردەوە کە هیچ پەیوەندیەکمان لەگەڵ حکومەت نەبووە، بە هۆکاری ڕاست گۆیمان هیچ کاردانەوەیەکی خراپی بەرامبەرمان نەبوو، دواتر هەریەکە و ڕەوانەی شوێنێک کراین بۆ نێشتەجێ بوون و چاودێری کردنمان لەلایەن ئەمنەوە .

ئەوە بوو من و خانەوادی (مەلا حەمید)ی بێستانەیان لە پارێزگای دیوانیە ڕەوانەی ناحیەی مەهناویە کردین، فڕێدرایەنە بن دارخورماکان ، کە ئەوە سەرەتای نیشتەجێ بوونمان بوو، زۆر نارەحەت و تاقەت پرووکێن بوو.چونکە دورکەوتنەوە بەو شێوازەی لە زێدی خۆت وچوونە شوێنێکی وا ناخۆش ونە ناسینی خەڵکی ناوچەکە جوگرافیاکەی دەبێ چەندە دڵتەنگیت لۆ دروست بکات، ئەوە سەرەڕای نارەحەتی خێزان و منداڵیش بەهۆی گەرماو پیسی شوێنەکەو مێش ومەگەز ونەبوونی فێنککەرەوە وخۆراک و...هتد، بە هەرحاڵ بەو کەل وپەلانەی هێنابوومان پەناگەیەکمان بۆخۆمان دروست کردو ماوەی چەند مانگێک بەو شێوەیە ماینەوە دوای ئەوەی داواکاریمان پێشکەشی ناحیە کرد، لۆ ئەوەی ڕێگەمان پێبدەن شوێنێک خانویک بەکرێ بگرین لۆ ئەوەی منداڵەکانمان تۆزێک تێدا بحەسێنەوە، ئەوەبوو ڕێگەیاندا خانوو بگرین لە ناحیە، من باوکم (٨٠٠) دیناری لو ناردم ملا حمید یش (٥٠٠) دیناری لۆهات، سەیارەکی شوفرلیتمان پی کری، (١٥٠) دینارمان لێبڕا لە عریف (سلیم) مان وەرگرت، بەهۆی ئەوەی من ئیجازەی سایە قیم هە بوو چوومە نەقابەی دیوانیە خەتیان دامێ کە لە نیوان دیوانیەو قەزای شامیە ئیش بکەم، من ئیشم بە سە یارە کە دە کرد و ڕۆژانە بای مەسرەفم پەیدا دەکردو لەگەر مەلا (حمید) یش بووینە یەک مارو یەک مەسرەف، ڕۆژانە من ئیشم دەکردوو مەلا (حەمید)یش ئاگاداری منداڵەکانی خۆی ومن بوو هاتوو چۆی بازاڕی دەکردوو پێداویستیەکانی لۆ جێ بەجێ دەکردن، دەبوو یەکێک ئاگاداری مارێ بی، چونکە نەدەبوو کەس پیوەندی لەگەرمان هەبی تەنانەت هەرسەیارەیەکیش کوردێکی سواری سەیارە بکردایە، بەعس وئەمن

سەیارەکەیان دەست بەسەر دادەگرت جا مەلا (حمید) لۆمن پشتیوانیەکی چاک بوو، وەکو برایەک لەگەری مورتاح بووم .

بەردەوامیش لەرێگای گوێ گرتن لە ڕادیۆ ،ئاگاداری هەواڵ و سیاسەت بوو. لەو سەردەمیش بەهۆی بێ کەسی کورد لە هیچ شوێنێک کەس ئاگاداری بارودۆخی کورد نەبوو، شەوێکیان نوست بووم مەلا (حەمید) گاسی کردم گۆتی وەرە گێ لە ڕادیۆ بگرە (معمر قەزافی) سەرۆکی لیبیا وا باسی کورد دەکات، ئەوەندە 'درمان پێ ی خۆش بوو ، پێمان وا بوو کورد گەیشتیتە حەقی خۆی.

بە عسیەکان دیتیان و زانیان من ئیش دەکەم و ئیشم بە وان نیە ڕۆژێک گوتیان با برۆین لۆ مەقەڕێ، من گوتم :»بەعسی نیم و نایێم« ئەوان گۆتیان پەیوەندی بە نەقابەی هەیە . منیش کەزانیم لۆ نەقابەیە چووم، کەسێک لەوێ بوو ئەویش یەکێک بوو لە ڕاگوازراوەکان وسەیارەی هەبوو لە هەمان خەتی ئیمە هاتوچۆی دەکرد گوت: «ئەوە چیە ئەو کۆبوونەوەیە، ئەو گۆتی: « عە رەبی نازانم کە دە رین با بروین بە گە ریان دە کە وم « کە چوینە وێ پیاوە ک قسە ی کرد مامۆستا بوو پێشوازییەکی گەرمی لە من کرد زۆری ڕێز لێنام و دواتر داوای لەجەماعاتەکەی خۆی کرد کە ڕێزم بگرن .لە دواییدا ڕووی لە من کرد گۆتی:» خوشحاڵم بە هاتنت دوو وینە ی خۆتمان لۆ بینە فایلت لۆ دەکەینەوە، وەڵامی من ئە وە بوو گۆتم :»ئە من حیزبی نیم، بە منیان گۆت کۆبوونەوەی حیزبی نیەو نەقابیە ، ئەوەی دەبینم کۆبوونەوەی حیزبیە و من خواحافیز دەڕۆم» ماموستاکەگۆتی» دیارە دەتەوێ ببیە ( شیوعی ) لۆیە بەپەلە دەڕۆی و لەگەڵمان بەشدار نابی»، وەڵامی من هەرئە وە بوو گۆتم :» ئەگەر یەکێک لە (عیراق) بەعسی نهبوو دەبی (شیوعی) بی» کەزانیان بەڕاستی من لە بانگهێشتەکەیان بە هەڵە حاڵیم هیچ کاردانەوەیەکیان لەبەرامبەرم دا نەبوو وئەوانم بەجێهێشت لە و کاتە وە هیچی تر نە هاتمە گە ریان .

لە ناکاو ڕۆژێک بە رپرسی حیزبی خەتەکەمان، گۆتی:» ئەوڕۆ مەڕۆ ئیشمان پێت هەیە» منیش پێمگۆت: « ئەمن پێمگۆتینە کە نابمە بەعسی» نابمە بەعسی، گۆتی: « لۆ بەعسی نیە لە وانە یە زانیاریان لێت بوێ گۆتم» مەعلومات لای من نیە پێشی من چەند بەرپرسی لەمن پلە بەرزتر تەسلیم بووینە ئە وان مە علومات دەزانن خۆیان تاجیری حەربن من بەس زانیتم تفەنگ بتەقینم»، ئەوە بوو پاش عەسرەکی درە نگ گۆتیان» فە رموو بابڕۆین» بەرپرسی حیزبی و بەرپرسی نە قابە منیان برد ،کە چووین لۆ کۆبوونەوەکە هە موو مدیر و بە رپرسە کانی قە زای (شامیە) لە وێ بوون سە لامم کرد و کەسیان وەڵامی

سەلامیان نەدامەوەو بە خیر هاتنیان نە کردم .لە ناکاو یە کێک لە وان گۆتی» بە رەغبەتی خۆت بویە بە عسی لو ئیمتناع دەکەی من بیدە نگ بووم ئە وەی منی هینابوو گوتی (کاکە برایم) وەلام بدەرەوە، گۆتم «لەگەر منی بوو «گۆتی بەرێ ، گۆتم «تێنەگەیشتم با دووبارە ی بکاتە وە» دووبارە ی کردەوەو گۆتم « من نە بوومە بە عسی امتیناع یە عنی چ» ، گۆتی» با»، گۆتم «کێ دە ری بابێتە بەرامبەرم، ماموستای یە کە م هە ستا گۆتی» ئەمن دەرێم جەنابت بوویە بەعسی «، گۆتم «ئەتوو ڕاست دە کە ی کە هاتمە ئەوێ پیشوازیە کی گە رمت لیکردم بە خەڵکە کە شت گۆت پیشوازی لیبکە ن و ڕێزی لیێگرن ،بە منت گۆت دوو وینە ی خۆتمان لو بینە من گۆتم بە هە ڵە هاتیمە ئیرە، بە منیان گۆتیە با بچینە نە قابەی گۆتیتم ئە گە ر کوبونە وە ی نە قابیە باشە ئە گە ر حیزبیە من بە عسی نیم نایەم، ئەتو گۆتت دە تە وی ببیە شوعی،گۆتم ئە وە ی بە عسی نە بی دە بی شوعی بی «، مامۆستا گۆتی «فایلت هە یە ،گۆتم» فایلە کە م بینە مامۆستا زور گەڕا فایلەکان زۆر بوون، گەڕایەوە بە بێ فایل دە ستی لە کە لە کە ی گرت و گوتی مانگانە ی داوە ،گۆتم «ڕاست دەکەی بە ڕیرسی نە قابە بە رامبە رم بوو ،گۆتم هە موو مانگی (٣)درهەم دە دە مە ئەو پیاوەی و پیم گۆتیە ئە گە ر لو نە قابە یە دەیدەم، ئەگەر لو حیزبە نایدەم، کابرای نە قابە دە ستی لە سینگی دا و گۆتی «ئە شهە دوو هە موو مانگێک ئەمن (٣) درهەمی لێ وەردەگرم لۆ نەقابەی،گۆتیتی من حیزبی نیم ئەگەر لۆ نەقابەیە لە جیاتی (٣) درهەم دینارەکی دەدەم، وە ئەگەر ئابوونەی بەعسی بوونە من بەعسی نیم و نایدەم، کابرای پشت مێزەکە ، کە نوێنەری دیوانیە بوو بێ ئومێد بوو ڕووی لە من کرد و گۆتی» با لەیەکتر بگەین وتەفاهوم بکەین»، من گۆتم «بەکەڵکی ئێوە نایەم»، گۆتی» ئەتۆمان قبوڵە ڕاست گۆی وبەمەو قیفی، زۆر بەڵگەم دانێ، لەوانە گۆتم بەکەیفی درم شەڕم لەگەرتان کردووە، پێش هەموو کەس چویمە جەبهەی و پاش هەموو کەس گەڕایمەوە، تەنانەت لەکاتی خاوێن کردنەوەی تفەنگیش ئەگەر گولەک دەرچووبا وبیانگۆتایە ئەو گولەیەی تۆ (٣٠) جوندی کوشتیە دەمگۆت هێشتا حەقی خۆی بڕ نەکردیە وگۆتم «ئێمەتان لە سەنگەر دەستگیر نەکردیە عەفووتان دەرکردوو ئەمەش گەڕاینەوە، کەلە ڕابردوو عەفوتان کردین تاوانی ئێستامان چیە؟، ئی دی گفتوگۆکان زۆر بوون نزیکەی (٤) سەعاتی خایاند، لەو ماوەیە توانیم سەرنجی نوێنەری دیوانیە لۆ خۆم ڕابکێشم و پێم گۆت لە ترسی ئەنگۆ نابمە بەعسی لەکەس ناترسێم بەس لە ئێوە ترسم هەیە، ئەویش گۆتی» لەبەرچی لە ئێمە دەترسی ئیمە تەنها ڕێزت دەگرین،

گۆتم «باوەڕتان پێ ناکەم بەخۆتان نهێنی دەدرکێنن وبەملمی دادەینن، ئەوجا دەرێن با سەری ببڕین، بەخۆم چەقوتان نادەمێ لۆ سەربڕینی خۆم، وە هەموو شتەکتان لەگەرم پێدەکرێت لە کوشتن وبڕین، تەنها ناتوانن بمکەنە بەعسی»، لە کۆتایی گۆتی «ئەگەر دەرۆی ئیشمان پێت نەمایە، ئەمن هەستام بێ خواحافیزی برۆم، گۆتی «بگەڕیوە چووم لەلای ڕاوەستام ڕوی لە جەماعاتی بەعس و نەقابەی کرد، گۆتی « جارێکی دیکە کەس پێی نەرێ وەرە ببە بەعسی، ئەگەر ویستی خۆی لەسەر بوو زۆری ڕێز لێبگرن لۆ نەقابەش پارەی لێ وەرمەگرن، دواتر ڕووی لەمن کردوو گۆتی « هەتا ئەو ڕۆژەی دەگەڕێیەوە هەولێر لە دیوانیەوە بەرپرسیاریەتی تو لەسەر منە وهەر ئیشێکت هەبوو و یا غەدریکت لێ کرا یا پارەشت پێویست بوو وەرە لام لە خزمە تت دام»، ئە وجارە هە ستا و ڕووی لە جەماعە ت کرد وقسەکانی دووبارە کردەوە،گۆتم» تە واوبووی، گۆتی» بەرێ دە ستم لو خواحافیزی دریژ کرد و گۆتم «لە دیوانیە بە س مە منوني تۆم و لە بە ر خاتری ویش تەوقەی خواحافیزیم لە هەموان کرد .

پاش ئەوەی ئەوانم بەجێهێشت شەو درەنگ بوو بوو گەیشتمەوە مارێ ملا (حمید)یش لە ماران هاتبووە دە رێ و چاوەڕێی منی دەکردوو زۆر ساردیش دیار بوو پێی وابوو کێشەم لۆ دروست بووە، هەرم گرت و دواتر بەدەم ڕێگاوە وەزعەکەم لۆ گێرایەوە .

یەکێکی دیکە لە و پێشمەرگانەی لەگەرمان بوو لە مەنتیقەکە (علی فاتم) بوو، زۆر کات ڕێک دەکەوت لە (شامیە) پێکەوە نانمان دە خوارد ئەو ڕۆژە زۆر کەیف خۆش بووم پێش ئەو گەیشتمە (شامیە) و ئەویش کەمیک دوای من گەیشت و زۆر بێ خولق بوو ، بەهۆی ئەوەی ڕۆژی پێشتر ئاگاداری ئەو بانگکردنەی من بوو لەلایەن نوێنەری دیوانیە کاک(علی) گۆتی: «لە دونێوە لە خەفەتی توو نانیشم نەخواردیە، ئەتوش کەیفت خۆشە، منیش گۆتم» ئەمن ئازاد بووم ئەتووش کەیفی خۆتە، تووشی هەرکەسەکیش بووی غەدری لێکردی یان گرفتی لۆ دروست کردی پێم برێ هە تا بە و دوو پە نجانە چاوی دەربینم، پێکەنی و گۆتی» ئەو چیە و چ دەرێی گۆتم» پێشی توو سەید(موسا) هات کە لۆ زانیاریتان ئەو بەعسی بوو بەربرسی نەقابەش بوو ،بە یانی باشی لیکردم گوتی» هە ر کارە کت هە یە لە خزمە تت دام «، کاک (علی فاتم) لە قسەکانی من سەری سوڕما بوو پاشان دانیشتین و بەدەم نان خواردنەوە هەموو قسە کانم بە ووردی لۆ گێڕاوە، زۆر کەیفی هات ودە ست خوشی لیکردم .

لەدوای ئەو کەسە جارێکی تر بانگ نەکرامەوە وهیچ ڕیگریەکی دیکەیان

لێنەکردم ئازاد بووم، لە دیوانیەی هیچ بەرپرسێکی حکومی و حیزبی کاریان بە من نەما بەڵام پاش سارەک مانەوە بەو ژیان کولە مەرگیە، کە بێ ئومێدیەکی زۆری لە درم دروست کردبوو لە مانگی ۹ ی ۱۹۷۷ لەلایەن ئەمنی عامەی بەغدا داوا کرام کە ئامادەبم لۆ لێکۆڵینەوە، ئەمنیش لەگەر ڕەفیقەکانم لۆ ڕۆژی دواتر چووینە بەغداو سەردانی ئەمنی عامەمان کرد، لە باب نیزامی گەورەی ئەمنی عامە، منیان دابڕی لە ڕەفیقە کانم، لە چوارەم پرسگە ئیفادەیان لەمن وەرگرت کابرا بە منی گۆت سەیدی ڕوتبەت چ نوسراوە ؟ گۆتم» لە پێشت چ نوسرایە با ئەوهابی» کاغەزەکەی برند کرد هیچی لێ نە نوسرا بوو بە منی گۆت «خیندەواریت هەیە؟ « گۆتم» بڕێ» گۆتی ئەتوو چ دەرێ ی ئەمن ئەوەی دەنوسم ،گوتم سە ر (لق) بوومە گۆتی بە تە عبیری مە ئەتوو (رائید) بووی نووسی (رائید) کە کتابە کە ی تە واوکرد گوتی فە رموو سەیدی منی بردە لای پیاوەک لە سە ر دە رگاکەی نوسرابوو مدیر، بە مدیری گۆت ئەوە سە ید (ابراهیم)م هینا، کە منی تەقدیم کرد بە خوی کشاوە ئەمن چومە ژوری مدیر لە دەرگەی ڕاوەستا بوو پیشوازی لیکردم جیگای خوی بە جیهیشتبوو زور ریزی لینام وە کو ناسیاریک، کە دانیشتین فایلەکەی لە کابرا وەرگرت من پێم گۆت لە هیچ شوێنەک لیدوانم نەداوە، نەوەک تەزویر بکرێت، لۆیە لێرە بێ ترس بم لە قسە کردن؟ تەزویر نابی؟ گۆتی «نەخێرلە دوای من (سە ید رەئیسە )»، ئەوجا قسەی خوم کرد و گۆتی (مهەناویە) کوە؟ گۆتم «زور خرا پە ئەو جێیەی من لێ ی دەژیم سەگ لێی ناژی ! پێم گۆت ئێمە لە رابردوو عە فوو کراین ئێستا گوناحمان چیە پێمان برێن تا نەیکەین؟ ئەگەرنا ئەوەی ئێوە دەیکەن، دە فعە دە نا لۆ دەیکەن ؟وە ئەگەر پێم دەرێی لۆ قبوری دەکەن؟ ئەوا نەلەترسی ئێوەیەو نە لەبەر خاتری ئێوەیە، کە دە رێم نە لە ترسی ئێوەیە ونە لەبەر خاتری ئێوەیە! تە نیا ئە وە ی دروست بووە ئەفکارم لەگەری تێکەر نابی بویە قبوری دەکەم، وەڵامی ئەوە بوو گۆتی» لەبەر بەرژوەندی ئێوە ئەنگۆمان لێرە داناوە و ئیوە خەڵکتان کوشتووە «منیش گۆتم» بم گەڕێنەوە هەولێر خەرکی هەولێریش هەموو گاس بکەن وکێ حەقی لەلای منە با بمکوژی و هەرئیستاش لەسەر ئەوە ئیمزات لۆ دەکەم، گۆتی» نا لۆیە گاسمان کردی لۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەی، چ دەرێی لە دیوانیە خانوو و زەویت دەدەینێ و وەزیفەکی باشیشت لۆ دیاری دەکەین» . گۆتم» تەنیا هەولێرم دەوێ من خەرکی دیوانیە نیم « گۆتی ئێ دەتنێرینەوە هەولێرێ و هەموو شتەکیشت لۆ دەکەین، تەنها لەگەرمان بە ! « ئەوکات فەوج ومەفەرەزە خاسە نەبوو لە کوردستان، کە ئەو وەعدانەی بەمن دا گۆتم «هیچ کاروەزیفەیەکم ناوێ دەمەوێ

بژیم خزمەتی خیزان و نیشتیمانم بکەم، ئەگەر (بەغدا)شم لەسەر تاپۆکەی لە وە زیاترت لۆ ناکەم !»زۆر لێم تووڕە بوو، گوتی ڕۆژەک دێ دەستی سەد کەسی ماچ دەکەی یە ک کلاشینکوفت نادەنێ ، دەستی لەبەرکی چاکەتەکەی ڕا کرد هەندەک پارە ی دەرهینا گۆتم ئەوە چیە؟ گۆتی حەقی ڕێگایە گۆتم بە (١٥) درهەم هاتووم وهەر بەوەندەش دەگەڕێمەوە وهیچم ناوێ، بەڵام کە دیتم زور لیم تورە بووە ترسام قسەم پێبرێ وەرمگرت لێی، زور هیلاک بووم لە خۆم بیزار بووم گفتوگۆیەکەمان زۆری خایاند و کۆتاییەکەی وەک سەرەتای نەبوو . پاشان ئیزنی دام و گەرامەوە .

من و مەلا حەمید کوتا کە س ئێمە بووین کە لە خوارووی عێراق مابووینەوە و ئەو کەسانەی کە لەگەر ئێمەو پاش ئێمە ڕاگوازرابوون لۆ جنوب، هەموویان گەرا بوونەوە وحکومەت ئێزنی دابوون ئێمەش زۆر خەفەت باربووین وهەر لە چاوەڕوانی گەرانەوەمان ڕۆژەکانمان بەرێدەکرد، کە ئەوەی نارەحەتی کردبووین، یەکیان لەبەر دووریمان لە مەوتەن و کەسوکار بوو، ئەویتریان تەعامولی ناخۆشی بەعس بوو لەگەرمان .

لە کۆتایدا پاش (٣) سال چەشتنی ئازار و نارەحەتی ودەردەسەری مانەوەمان لە دیوانیە، مدیری ئەمن نوسراوی لۆ ئەمنی عامەی کرد، کە دواتر ڕەزامەندی گەرانەوەمان درا لۆ هەولێر لەسالی ١٩٧٩ گەراینەوە زێدی خۆمان و بە کەس و کارمان شاد بووینەوە .

حاجی ابراهیم حاجی حمدامین شێراوە
٢٠٢٥/٠٦/١٥



الى

٢/٥٧٩



مديرية ناحية السيبه          العدد/ ١٦٢/ ٥٧٩
التحرير          التاريخ ١٨/ ٢/ ١٩٧٩

الى/ مديرية الامن

م/ عدم تعرض

بناء على موافقة اللجنة العليا لشؤون الشمال بموجب كتابها ١٧٠ في ٥/٢/١٩٧٩ والمبلغ بموجب كتاب قائمقامية قضاء الدواية المرقم ٩٧٩ في ٦/٢/١٩٧٩ المعطوف على كتاب محافظة البصرة ١٤٨٩ في ٦/٢/١٩٧٩ المعطوف على كتاب وزارة الداخلية المرقم س/١٢٩٢ في ٧/٢/١٩٧٩ يسمح للافراد المدرجة اسمائهم ادناه بالارتحال الى محافظة اربيل من محافظة البصرة/ قضاء الدواية/ ناحية السيبه لاجراء اللازم.

الاسماء:

١- حسين احمد رسول كردي وعائلته (٦) اشخاص
٢- احمد حسين مقر وعائلته (٥) اشخاص
٣- ابراهيم محمد امين معروف امين وعائلته (٧) اشخاص

هادي جبر ...
مدير ناحية السيبه

# ئیبراهیم محەمەد حسین الكمالي

تەمەن: لە ساڵی ١٩٢٩:  لە گوندی تلیان کەوتووەتە ناحیەی ئاغجەلەر، قەزای چەمچەماڵ لەدیک بووە، کۆچی دوایی: ١٩٩٤/١٢/٢٤ هەولێر. بڕوانامە : لیسانس (بەکەلۆریۆس) شەریعە لەزانکۆی بەغدا ١٩٥٤- کۆتا پیشە: بەڕێوەبەری گشتی دیوانی ئامەنەی گشتی پەروەدە

عەشیرەت : لەک

بەشێک لە ژیان نامەی مامۆستا ابراهیم مەلا محمد الکمالي

کوڕی گەورەی مەلامحمد مەلای گەورەی مەخمورە لەبنچینە دەگەڕێنەوە سەر بنەماڵەی باپیرەگەورەیان  قادر چیمەن کە کەسایەتیەکی لەک بوونە پێش نزیکەی ٢٠٠ ساڵ لە گوندی چیمەن نزیک کەرکوک ژیاون بەڵام بەهۆی کێشە لەگەڵ حەیتەی تورک لە کەرکوک دەبێ  بە کێشەیان  سێ برا بوون دێی چیمەن جێدەهێڵن و دێنە هەولێر یەکێکیان لەناو قەڵای هەولێر جێگیر دەبێ پێیان دەوترێت کورەچی ئەوی تریان دەچێتە دێی گۆبجەلی بن موصڵ لەوێ جێگیر دەبێ سێیەمیان باپیرەگەورەی ئێمەیە (قادر چیمەن) دێتە  ناو خزمەکانی لەکەکانی قەشقەو خوڕ خوڕ دوای پاش ماوەیەک دێتە دەشتی هەولێر کوڕەکەی احمد  ٩ نو دێ دەکڕێت و بەناوی خۆی تۆماری دەکا کە هەموو دانیشتوانەکانی لەکن تا ئێستاش  لە کەندیناوەو موڵکێ دواتر مەلا فەندی کە پیاوی مەلیکی عێڕاق بووە  هەر نۆ دێیەکە دەکات بەناوی خۆی( نەک هەر لەگەڵ باپیرە گەورەمان ئەو کارەی نەکردووە بەڵکو لە گەڵ زۆر کەسی تر لەهەولێر  ئەوەی

کردووە هەربۆیە مەلافەندی کێشەی هەبووە لەگەڵ باپیرم مەلا محمد و دژایەتی کردووە چونکە داوای دێیەکانی خۆیانی لێ کردووە بەداخەوە ئەو بەناو مەلایە واستەی هەبوو لای دەسەلاّت دارانی سەردەمی مەلەکی نەتواندرا وەری بگرێتەوە ئێستا تاقە گوندێکیان وەرگرتۆتەوە گوندی قوچی لەک لە قەراج.

سەرەتای دامەزراندنی پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆبەغدا بە پلەی نایاب (جید جدا) ساڵی ١٩٥٤ بۆ یەکەم جار لەشاری سلێمانی بە مودەریس دامەزرا لە ئامادیەکی کچان لە سلێمانی دواتر بوو بەمامۆستای خانەی مامۆستایان هەر لە سلێمانی تا ساڵی ١٩٦٠ لەسەر داواکاری پارتی دیمەکراتی کوردستان خۆی گوازتەوە بۆ شارۆچکەی مەخمور بۆ ڕێکخستنی دانیشتوانی مەخمور وکەندیناوەو قەراج یەکەم ناوجەی لەمەخمور دروست کرد بەنهنی کاریان دەکرد تا قایمقامی مەخمور هەواڵی پێگەیشت لە نادی مامۆستایان لەسەر ئەوکارەی پێی هەڵدەستا بووە ناکۆکیان و بوو بەشەڕیان لەسەر ئەوە بەند کرا و درایە دادگای (ثورة) ئەوەی دادگایی بکرابا لەو دادگایە لەسێدارە دەدرا لەبەر ئەوە باوکی مامۆستا ابراهیم کە قازی شەرعی مەخمورو مەلای مزگەوتی گەورەی مەخمور بوو چووە لای متەسەرفی ئەوکاتی هەولێر ( ئێستا پێی دەووترێت موحافین) بە لەباقەتی قسەکردنوو ئەو ڕێزەی هەی بوو سزاکەی گۆڕی بە دوور خستنەوە بۆ باشوری عێراق بۆ شارۆچکەی شەترە لە پارێزگای ناسریە (ذیقار) لەوێش دەستی کردەوە بەڕێکخستنی مامۆستا کوردەکان و ئابوونەوەی کۆدەکردەوەو دەینارد بۆشۆڕش مەنشوراتی حزبی دەهێناوە لە پشوی هاوینە تا ساڵی ١٩٦٣ کە ئینقلابکرا بەسەر عبدالکریم قاسم گوازترایەوە بۆ ڕەواندز لەوێ پاش ساڵێک بووە بەڕێوەبەری سانەوی ڕەواندز لەساڵی ١٩٦٦ داوای گوازتنەوەی کرد بۆ هەولێر بوو مامۆستا لە جەند ئامادەییەک لەوانە ئامادەیی کشتوکاڵ هەروا دواناوەندی ئازادی (سانەوی ئازادی)بەردەوام بەنهێنی پەیوەندی بە شۆڕشەوە هەبوو و کۆبونەوەی نهێنی دەکرد بە مامۆستایان لە ساڵی ١٩٧٠ دوای ١١ی ئازارو حوکمی زاتی بۆکوردستان بە هەڵبژاردن بووە بەڕێوەبەری یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان، ساڵی ١٩٧١ بەشداری خولێکی کرد لە بەغدا بە یەکەم دەرچوو کرایە سەرپرشتیاری پەروەردەیی لە کارەکانی ساڵی ١٩٧٢ زەوی دابەش کرابەسەر مامۆستایان لە هەولێر گەڕەکێکی تازە دروست کرا (بەخۆی ناوی لێنا گەڕەکی زانیاری چونکە تەنها تایبەت بوو بە مامۆستایان ) زەوی بۆخۆی وەرنەگرت چونکە خۆی زەوی هەبوو چاوی لە گەندەڵی نەبوو لە کارەکەی زۆر دادپەروەرو دەست پاک بوو لەساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ دەستی پێکردەوە لە گەڵ ڕژێمی عێراق

پەیوەندی کرد بە شۆڕش و کرا بە بەڕێوەبەری گشتی دیوانی ئەمانەتی گشتی پەروەدە دەورێکی زۆری گێڕا لە ڕێکخستنی خوێندن و کردنەوەی قوتابخانە و دابەش کردنی موچە بۆ ئەو مامۆستایانەی بەکاری مامۆستایی هەڵدەستان تا کەرتی پەروەدە و خوێندن بەردەوام بێت و پەکی نەکەوێ، کە شۆڕش هەرەسی هێنا لەگەڵ خێزانەکەی سەرەتا لە ئۆردوگای نەڵیوان بوون دواتر گوازترانەوە بۆ ئۆردوگای ڕەبەت ساڵی ١٩٧٥ گەڕانەوە بۆ عێراق خانوەکەی تاڵان کرابوو لەگەڕەکی زانیاری دواترداگیر کرا لەلایەن ئەندامێکی ئەنجومەنی تەشریعی ئینجا هەر ئەوساڵە دوورخرایەوە بە پلەی مودەریس بۆ شاری (سەماوە ) لە قوتابخانەی سانەوی بەعسی شەوان لە باشوری عێراق بۆماوەی ٣ سێ ساڵ و لەبەر لێهاتویی دەسەلاتدارەکان کە قوتابی ئەو بوون لەو سانەویە لەو ئەوکات داوایان لێکردبوو بیکەن بە پارێزگاری سەماوە (مثنی) بەڵام دەبێ واژویان بۆبکا مامۆستا ابراهیم ڕەتی کردبۆیەوە هیچ واژویەکیان بۆ بکا ئەو پۆستەی ڕەت کردەوە، سەرەڕای ئەو ئازارانە دڵی خۆش بوو بەشۆڕشی نوێ و گوێی لە چالاکیەکانیان دەگرت لە ڕادیۆ ئەوشۆڕشە بووە ئاواتێکی تری لە ژیان بۆ وەرگرتنی مافی کورد چونکە مامۆستا ابراهیم کوردایەتی دەکرد نەک حزبایەتی، ساڵی ١٩٧٩ دووبارە هاتەوە بۆ هەولێر لە ناوەندی قەندیل وانەی دەوتەوە لە کۆتایی هەشتاکان خانە نشین بوو. دوای ڕاپەڕین وازی لە کاری حزبی هێنا هاورێکانی پەیوەندیان کردەوە بە حزبەکانیان و موچەیان بۆ دانرا لەوەزارەتی ڕۆشنبیری بەڵام ئەوڕەتی کردەوە موچەوەربگرێ بەرامبەر بەوکوردایەتیەی کردوویەتی موچەی خانەنشینەکەی لە پردێ وەردەگرت هی خزمەتی مامۆستایەتی. لە ڕۆژی ٢٤ مانگی ١٢ ساڵی ١٩٩٤ کۆچی دوایی کرد لە هەولێر.لە گۆڕستانی گردە ڕەشە بەخاکی کوردستان سپێردرا .

(دەورێکی باڵای هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی لەناو خوێندکارەکانی بەردەوام دەی ووت نیشتمان پەروەری لە ئیمانە) زۆر لە پێشمەرگەوسەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ خوێنکاری ئەو بوونە و فێری کوردایەتی کردوون.

# حاکم ئەمیر حەوێزی



حاکم امیر حەوێزی دوو جار دوورخراوەتەوە لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی:
یەکەم جار لە١٩٧٤ /١٩٧٥دوای نسۆکی ئاشبەتاڵی شۆڕشی کورد چووە ئێران وەکو حاکمی شۆڕش لە کۆمەڵگای ڕەبەت لە سەردەشتێ دەوامی دەکرد دوای گەڕانەوە لە ئێران نقل کرا بۆ دیوانیە چوار ساڵ لەوێ بوو دوای نەقلی هەولێر کراوە.
دووهەم جار لە ساڵی ١٩٨٧ نەقلی بەسڕا کراوە بەزۆر تا شەری کوێت ١٩٩٠دوایی نەقلی هەولێر کراوە.

لە دیوانیە حاکم بایز دزەیی لەگەڵ بوو.
سەبارەت بە ڕەسمیش هیچ وێنەکی ئەو کاتانەمان نەدیتەوە واتا نەیبوو لەلامان.

ساکار ئەمیر حەوێزی

# بارزان مەلا خالید ( ١٩٤٥ - ٢٠٢٠ )



بارزانی مەلا خالید لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە، سەرەتا لە هێزی دەشتی هەولێر وەک پێشمەرگە دواتر بە هۆی گونجاوی دەنگی تواناییەکانی لە کە نوسین گواستراوەتەوە بۆ ئێزگەی دەنگی کوردستانی/عێراق کە لەو سەردەمەدا لە سەرەتاکانی دروست بونی ئەو ئێزگەیە بوو هاوکار لەگەڵ کۆمەڵێک ناوی دیار لەو ئێزگەیەدا لەوانەش (شەهید عبدالخالق مەعروف و ئەحمەد دەشتی و دڵشاد مەسرەف و مام هەژاری موکریانی و شەهید فەرەنسۆ هەریری و دەنجا هەریری و شەهید سەیدا ساڵح یوسفی) و چەندان تێکۆشەریتر لەو ئێزگەیەدا وەک بێژەری زمانی کوردی لە بە دەنگە زوڵاڵەکەی لە خزمەت شۆڕشدا بووە، هەروەها جگە لە کاری بێژەری وەک نوسەری هەواڵ و پەخشانە شیعر بەشدارییەکی کارای هەبووە لە ئێزگەیەدا تا ساڵی ١٩٧٥ و هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ئەنجامی پلانی شومی جەزائیر.

لە ئایاری ١٩٧٥ لە راستەوخۆ لە ناوچەی قەسری شیرین لە سنوری نێوان عێراق و ئێران دورخراوەتەوە بۆ ناحیەی فەلوجە گوندی (ئەلبوعاگول) لە وێ ماوەیەک (کاتب ناحیە) و دواتر (کاتب قەزا) بووە تا ساڵی ١٩٧٩ سەر لە نوێ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە. ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بووە.

لاتاو بارزان مەلا خالید

# بنەماڵەی میرزاکان

بە هۆی ئەوەی بنەماڵەی میرزاکان بە درێژایی شۆڕشی ئەیلول، بە دانەبراوی پێشمەرگە بوون و بە سەر و ماڵ لە خزمەتی شۆڕشەکە بوون، بۆیە دوای ئەوەی بە پیلانێکی نێودەوڵەتی، شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ دوچاری شکست بوو، بنەماڵەی میرزاکان لە ١٩٧٥/٥/٢، وەکو بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی کوردستان، سەرجەم زەوی، گوند، موڵک و ماڵیان لە سنوری شارۆچکەی پێنجوێن بەجێ هێشت و ئاوارەی وڵاتی ئیران بوون و بۆ ماوەی دوو مانگ لە ئۆردوگای سەوڵاوا_ی نزیک شارۆچکەی مەریوان نیشتەجێکران، دواتر گواسترانەوە بۆ ئۆردوگای کامێران لە نزیک پارێزگای کرماشان.

بەڵام بەهۆی خراپی بارودۆخیان، لە ١٩٧٥/١٠/٢، بە ئاگاداری جەنابی بارزانی نەمر، بە نیازی گەرانەوە بۆ سەر زێدی خۆیان لە سنوری شارۆچکەی پێنجوێن و ئاوەدانکردنەوەی، لە سنوری قەسری شیرین لە شارۆچکەی خانەقینەوە گەرانەوە بۆ وڵاتی عێراق، بەلام رژێمی ئەوکاتی عێراق، رێگای نەدا بگەرێنەوە بۆ زێدی خۆیان لە کوردستان. هاوشێوەی هەزاران خێزانی تر، بریاری دا نەفی بکرێن بۆ ناوچەکانی ناوەراستی عێراق و لە ناوچەی ابو شمسیة_ی سەر بە شارەدێی ئەسکەندەر سەر بەشارۆچکەی موسەیب لە پارێزگای حلة نیشتەجێ کران.

نزیکەی ٢ دوو ساڵ ژیانێکی سەختیان بەرێکرد، بە شێوەیەک سەرجەمین لە خانوویەکی یەک ژووری کە باخچەیەکی بچوویکی تێدابوو، جێگایان کرایەوە. هەروەها ئەستەم بوو دەستیان بگاتە ئاوی خواردنەوە، بەو رادەی بە ناچاری سوود لە جۆگەلەیەک دەبینرا، کە بە چەندین گوند تێدەپەری و سەرچاوەی ئاوی مەر و ماڵاتەکانی ئەو ناوچەیە بوو.

لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا، لە ژێر چاودێریەکی توندی دەزگاکانی ئەوکاتی

رژێمی بەعس ژیان، هەروەها بەشیوەیەک قەدەغەی هاتوچۆکردنیان لەسەر دانرابوو بۆ کوردستان وشاری بەغداد. لایەکی دیکەوە، لە لایەن دەزگاکانی عیراقەوە ئاگادار کرابوونەوە، لە ئەگەری سەردانی هەر خزم و دۆستێک لە کوردستانەوە، پێویستە ئیدارەی شارەدێیەکە و رێکخراوەکانی پەیوەست بە ئیدارەدانی کاروباریان ئاگادار بکرێنەوە.

پاش تێپەرینی ماوەیەک، بەشێک لە ئەندامانی بنەماڵەی میرزاکان جیا کرانەوە و رەوانەی ناوچەی مهناوی سەر بە شارۆچکەی مسەیب کران.

جێهێشتنی زێدی خۆیان و نەفی کردنیان بۆ ناوچەیەک کە نامۆ بوو بە کلتوری، پێگە و کەسایەتی میرزاکان، ئاڵەنگارییەکی نوێ بوو کە خۆگونجاندن لە گەڵی، کارێکی ئاسان نەبوو، هەروەها بە درێژایی مانەوەیان لە ناوەراستی عیراق، بنەماڵەکە لە لایەن دەزگاکانی عێراق ئاگادار دەکرانەوە، بەوەی ئەستەمە جارێکی تر بگەرێنەوە زێدی خۆیان،

بۆیە پێویستە خۆیان لەگەڵ ژیان کردن لەو ناوچەیە بگونجێنن، کار بکەن و منداڵەکانیان لەگەڵ مندالانی عەرەب، لە قوتابخانە عەرەبییەکان ناونووس بکرێن بۆ تێپەراندنی ژیانێکی شەرەفمەندانە و خۆبژێوی، ئەو کەسانەی توانای کارکردنیان هەبوو، دەستیان بە کارکردنی جیاواز کرد، هەروەها بەشێک لە منداڵەکان خرانە بەر خوێندن لە قوتابخانە عەرەبییەکان.

هەرچەندە سەرەتا بنەماڵە عەرەبەکانی ناوچەکە،تێروانینێکی نەرێنییان لەسەر کوردە نەفی کراوەکان بە گشتی هەبوو لە نێونیاندا بنەماڵەی میرزاکان، بەڵام بە تێپەربوونی کات، دوای ئەوەی ئاشنای پەروەرە و پێگەی ئەو بنەماڵەیە بوون، پەیوەندیەکی پتەوەی کۆمەلایەتی لە نێوان میرزاکان لەگەڵ شێخ و بنەماڵە عەرەبەکان بنیاد نرا، بنەماڵە عەرەبەکان لە سەرجەم بۆنە، ئاهەنگ و دانیشتنە کۆمەلایەتیەکان بانگهێشتی میرزاکانیان دەکرد،ئەو پەیوەندیە تا ساڵانێکی زۆر دوای گەرانەوەی بنەماڵەی میرزاکان بۆ سلێمانی و پێنجوێن بەردەوام بوو، تە نانەت شێخە عەرەبەکان سەردانی بەردەوامیان هەبوو.

وەکو هەموو لایەک ئاگادارن ، جەنابی بارزانی نەمر لە ساڵی ١٩٧٧ لە رادیۆی bbc لە ئەمریکاوە، لە بانگەوازێکدا، نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی ئاگادار کردەوە، بەوەی ژیانی هەزارن خێزانی نەفی کراوی کورد بۆ ناوچەکانی ناوەراست و خواروی عێراق، لە مەترسی دایە و داوای لێکردن هاوکارییان بکرێت بۆ ئەوەی بگەرێنەوە بۆ ناوچەکانیان لە کوردستان.

لە ژێر فشاری نەتەوە یەکگرتووەکان، رژێمی بەعس بە ناچاری بریاری

گەڕانەوەی بەرە بەرە خێزانە نەفی کراوەکانی بۆ کوردستان دەرکرد. ئەویش هەندێ ساڵی برد.

ئەو ناوانەی لە ناوچەی ابو شمسیة نیشتەجێ کرابوون:

(توفیق احمد حمەامین، ابوبکراحمد حمەامین، عثمان احمد حمەامین، بهاءالدین احمد حمەامین، اکرم احمد حمەامین، لطیف احمد حمەامین، انور احمد حمەامین، رؤف احمد حمەامین، مجید رحیم حمەامین، فارس رحیم حمەامین، حسین رحیم حمەامین).

(جلال رحیم حمەامین، حسین حمەامین وەسمان، کریم صالح کریم، امین مەلا محمد، کاکە بچکۆل فەرەج، حسین صالح حمەامین، سعید کریم، عبدالله سعید بەگ پێنجوێنی، عثمان بناوەسوتەیی، دوو خێزانی خدر ڕشید بەحری بە ناوەکانی توبا حسین غولام و کاڵێ حاجی محمد، جلال رسول کریم).

ئەو ناوانەی لە ناوچەی مهناوي نیشتەجێ کرابوون

(محمود احمد حمەامین، حمەامین احمد حمەامین، رشید صالح حمەامین، سەردار رشید صالح، سعید قادر، حسین احمد کاکەڕەش).

هیوا میرزا

# پاشا مولود حمد

١. شوێن و ساڵی لەدایک بوون: ١٩٤٩/٧/١ مەسیف سەلاحەدین
٢. شوێن و مێژووی دوورخستنەوەکەی: مانگی نیسانی ١٩٧٥ بۆ پارێزگای حللە (بابل)
٣. پلەی لە شۆڕسی ئەیلول ومێژووی پەیوەندیکردنی بە شۆڕش: پێشمەرگە
٤. کاری پێش پەیوەندی کردنی بە شۆڕش: پۆلیسی نایاب ( پۆلیس)
٥. فەرمانی ئیداری دوورخستنەوەکەی، ناو نیشانی کار و شوێنەکەی: مەرفامنبەر لە پشکنینی تاوانکاری لە حلە (بابل)
٦. مێژووی گەرانەوەی بۆ کوردستان، کاری دوای گەرانەوەی: ساڵی ١٩٨٢
٧. دێکۆمێنت و بەلگەنامە بە نوسین و وێنەی لە ماوەی دورخراوەییی (پێویستە هاوپێچ بکرێت):
٨. بە خێزانەوە لە شاری حلە ژیاوم لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانم .هەڵس و کەوتی دانیشتوانەکە لەگەڵمان باش بوون.

# یاسین گەلاڵی



لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی (١٩٧٥) ئاوارەی ئێران بووین. لە شاری نەغەدە نیشتەجێبووین، ژمارەیەکی یەکجار زۆر کادری سیاسی و عەسکەریش بە ماڵ و منداڵ و خاو خێزانەوە لە گەڵ ئێمە ئاوارەی ئێران بوون. ماوەیەکی زۆر لە ئێران ماینەوە. ئێمە و ماڵی جەوهەر قەهار، قادری ئامۆزام، شەهید کاردۆ، مەلا بەهرام، سمکۆ عەلی و ژمارەیەکی یەکجار زۆر فەرماندە و کادری هێزی دەشتی هەولێر ماڵمان لە نەغەدە بوو. بەشێکی دیکەشیان وەک کێخوا عەزیزی بێستانە، مەلا حەمید وچەندانی دیکە ماڵمان لە مەهاباد وئۆردوگای زێوە بوو.. دوای ماوەیەک باوکم و ئەو فەرماندانە بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ هەرێمی کوردستان دا، زۆربەمان گەڕاینەوە هەولێر، واتە هەر کەسە و گەڕایەوە جێگا و ڕێگای خۆی.

زۆری پێنەچوو لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەخاو خێزانەوە گواسترانەوە جنوبی عێراق. ئەوانەی ناویانم لەبیرماوە (باوکم، کاکە جەوهەر قەهار) کاک ئەکرەم کوردە، کاک حاجی برایمی حاجی حەمەدەمینی شێراوە، مامۆستا مەلا حەمید، مەلا بەهرام، عەریف سەلیم، دەروێش کەریم، مام ساڵح شێرە، کێخوا عەزیزی بێستانە و کۆمەڵێک پیاوی تێکۆشەر و ماندوی دیکە). ڕژێم هەموویانی بە ماڵ و منداڵەوە بە زۆرەملێ بۆ جنوبی عێراق دورخستەوە و ماوەیەکی زۆر لە سنووری پارێزگای حلە و دیوانیە و سەماوە پەرتو بڵاویان کردن و ماوەیەکی زۆریش لەوێ مانەوە لە ناوچەکانی باڵەکایەتی و چۆمان و گەلاڵەش کۆمەڵێک خەڵیکان گواستەوە لەناویاندا کاک مەحمود ئاغای باوکی کاک ئیسماعیل مەحمود

بوو، ئەوانیش (١٦) خێزان بوون و لە ئێران گەڕابوونەوە. هەموویان بۆ جنوب نەفی کران. باوکم ئەو ماوەیە ئازارێکی زۆری چەشت چونکە نەخۆشی فەقەراتی هەبوو، دەبوایە دوو سێ ڕۆژ جارێک لە گوندی (تاهریە) بڕواتە مەرکەزی شاری (دیوانیە) بۆ لای دکتۆر، دەبوایە بچێتە دائیرەی ئەمنی ناحیەکە و دوای ئەوەی نوسراویان پێدەدا سەردانی پزیشکی دەکرد و لە گەڕانەوەشدا بۆ ماڵەوە دەبوایە جارێکی دیکە سەردانی دائیرەی ئەمنی ناوچەکە بکاتەوە. ئاوەها بە ڕەزاڵەت دەژیاین.

پاشان گواسترایینەوە بۆ شاری حللە لە گەڕەکی (بەکەرلی) دەژیاین کە خوالێخۆشبوو مەلا بەهرام و تەواوی خێزانەکەی بەهەمان شێوە دوورخرابوونەوە و ئەوانیش لەوێ دەژیان، دەبێت بگوترێت ئەوکات جەوهەر قەهار سەرلق بوو لە شۆڕشی ئەیلول، ئەویش بەخاوخێزانەوە گواسترابونەوە بۆ شاری حللە، جێگەی ئاماژەیە کە ئەو لێپرسیراوە عەسکەری و سیاسیانەی کە بەشداریان لە شۆڕشی ئەیلول کردبوو، ژمارەیەکی زۆریان دوورخرابوونەوە بۆ شارەکانی خوارووی عێراق، کە هەندێکیان (٣ بۆ ٤) ساڵ مانەوە لەنێوانیاندا باوکم و ئامۆزاکەم جەوهەر قەهار.

**بەهرۆز گەلاڵی**

# تەها قادر عەزیز ( تەها فریزی )

کورتەیەک:

لە بەستی شەرغە بەدوای دەرفەتێک دەگەڕاین، بۆ ئەوەی گورزێکی سەربازی لە ڕژێم بدەین، لەناکاو ئاگادارکراینەوە بە پەلە بگەڕێینەوە سەرکردایەتی لە ناوپردان، کە گەیشتین بڕاردەی سەخت لەبەر دەست بوو، بزووتنەوەی چەکدارییەکە کۆتایی هاتبوو، کەس نەبوو ڕێنوێی خەڵکەکە بکات، خەڵک بێ ئومێد بوو، ئێمەش یان دەبوایە ڕوو لە ئێران بکەین یان بگەڕێیەوە عێراق، ئێمە هاتینەوە عێراق، بە حوکمی ئەوەی من جێگری سەرلق بووم گواسترامەوە بۆ خوارووی عێراق، ناوچەی حبایش، ئەو ناوچەیەی کە داپۆشرابوو بە ئاو و قەمیشەڵان، خەڵکەکەی بە ڕاوەماسی و مریشکە ڕەشەی ناوچەکە خەریک بوون، بۆ ئێمە کە لە بناری چیای هەورێ و ڕەز و باغی هەرێمەکەی خۆمان ئاشنابووین، ژیانە نوێیەکە لەناو گۆماو قەمیشەڵانەکە زەحمەت بوو، دیسان ئەو پڕۆپاگەندەی عێراق دژی کورد و چەکداری بڵاوی کردبووە، کاریگەری خۆی لەسەر خەڵکەکە دانابوو، بەچاوی دڕەندە و دوور لە بەهای مرۆڤایەتی سەیری ئێمەیان دەکرد، ئەوان خەڵکی سادە و ژیانێکی زۆر سەرەتایی دەژیان، جلوبەرگیشیان و خۆراکیشیان ئەوەی دەسەلماند کە قۆناغە سەرەتاییان تێنەپەڕاندووە، دوای ماوەیەک لە ژیان لەناوچەکە خەڵکەکە هەستیان کرد ئێمە پاک و خاوێن، جلوبەرگ ڕێک و پێک، بەخواردنی جۆرا و جۆر لەوان پێشکەوتووتر، لە تێڕوانین لە کێشەو گرفتەکان ئێمە خەڵکی شارەزاو وریایین، بەرە بەرە لێمان نزیک بوونەوە، تێکەڵاوی ئێمە

بوون، تەنانەت لە جارێکدا سەرۆکی خێڵەکەیان بەمنی وت کاکە دەمەوێ داوەتت بکەم لەماڵەوە، بەڵام ئێمە وەکو ئێوە شارەزا لەخواردن دروست کردن، ئێمە کەرەستەکان دەکڕین و ئێوە چێشتەکە ئامادە بکەن، وەرن لەماڵی ئێمە بیخۆن، دواتر بەرە بەرە فێرە خواردنەوەی قاوەی عەرەبی تاڵ بووین.

من پێویستیم بەوە هەبوو کارێک بکەم، و ژیان و گوزەرانی خێزانەکەم دابین بکەم، بۆیە دوای داوا کردن لە ئیدارەی ناوچەکە منیان ناردە خولێکی راهێنانی کاری شیش بەستن و تەختە بەستن، دوای تەواوکردنی خولەکە دەستم بەکارکرد لە کۆمپانیایەکی کوەیتی کە لەناوچەکە ئیشی دەکرد، کاری شیش بەستن و تەختە بەستنم بۆ کاری کۆمپانیاکە جێبەجێ دەکرد، لەوە پارەیەکی باشم بۆ ژیانی ئەوکاتە دەست دەکەوت، بەتایبەتی کە من بۆ کۆمپانیاکە کاری زێدەم دەکرد و بەرامبەر ئەوە داهاتی زیاترم دەبوو، کە ئەم شێوە کارکردنە بۆمن ئاسان بوو، بەڵام گەرمای ئەو ناوچەیە زۆر ئازاری دەدام بە تایبەتی لە هاویندا، کە لەگەڵ شێی ناوچەکە زەحمەت بوو، کەسی وەک ئێمە کە لە ژیانی چیاو و تاڤگە و کانی ناوچەکەدا هاتبووین بتوانین بەرگەی ئەو ژیانە بگرین، بەڵام ناچار بووین.

گرفتێکی تر کە بەرەنگاری دەبووینەوە، ئەوەبوو بەردەوام هەستمان دەکرد لەژێر چاودێری داین، بەدوامانەوەن، هەموو کات ترسی ئەوەمان هەبوو بە بیانۆیەک بمانخەنە زیندانەوە، تۆمەتێکمان بۆ دروست بکەن، ئێمە دوور خراوە و وەک زیندانی سیاسی سەیر دەکراین، کە سەرەتا زۆر بێ ئومێد و هیوا بووین، ژیانی ئەو ناوچە سەخت بوو، بەڵام هیوامان هەبوو کە داهاتوو گۆڕانکاری دروست بکات، بۆیە کەوتینە نزیک بوونەوە لەوانەی وەک خۆم دوورخرابوونەوە، من زۆر سەردانی بەڕێز (معاویە) کە برای تەحسین بەگی سەرۆکی یەزیدییەکان بوو دەکرد، هەروەها سەردانی ئەسکەندەرم دەکرد کە بە مەسیفی دەناسرا کە ئەویش وەک ئێمە دوور خرابووەوە، دیسان ناوە ناوە بەڕێز عەلی عەسکەریشم دەبینی کە بەڕێوەبەری ناحیە بوو، بەڕێز حەبیب محەمەد کەریمیشم دەبینی کە بەڕێوەبەری شارەوانی بوو لە ناسریە، لەگەڵ ئەوانە بەردەوام باسی ئەو کارەسات و شکستەمان دەکرد کە بەسەر کورد هاتووە، دەبێ دەستەوەستان نەوەستین بەڵکو خەریکی جموجۆڵ بین و هیوا بۆ میللەتەکەمان بگەڕێنینەوە، راگەیاندنی ئەوەی هێزی نوێ دروست بووە، شۆڕش هەڵدەگیرسێتەوە گفتوگۆ و باس و پرسەکانی نێوانمان بوو، زۆریش هەستیار بووین کێشەمان بۆ دروست نەکرێت، ئەوە جۆرێک دڵخۆشی و هیوای بە ئێمە دەدا، بە تایبەتی کە دەسەڵات و بەعس

لە سەرەتا و دواتریش بەردەوام بانگی ئێمەیان دەکرد، کە ئێوە جارێکی تر ناگەڕێنەوە کوردستان (ئەوان دەیانگوت شیمال)، بۆیە بۆ خۆتان ژن و ژنخوازی لەگەڵ عەرەبەکان بکەن.

ئێمە ڕۆژانە (١٥٠) فلسیان پێدەداین، ئەمەش دوای چەند جارێک لە دەرکردن و قسەکردن کە بۆ ئێمە زۆر قورس بوو، بۆیە بە ناچاری و خێرا داوام کرد بخرێمە خولی ڕاهینان بۆ ئەوەی کار بکەم، لەلایەتی تر مانگانە جارێک و هەندێ جار زیاتریش بانگی دائیرەی ئەمن دەکراین، پرسیاری بێ مانیان لێ دەکردین، بە چاوێکی سووک سەیریان دەکردین، کە ئەمانە لە ناخەوە هەستی دەبزواندین و زۆر ئازادیی دەداین.

وەک باس دەکرا حکومەتی عێراق لەژێر فشاری نێودەوڵەتی بوو، بۆ ئەوەی دوورخراوەکان بگەڕێنەوە شوێنی نیشتەجێیان، بۆیە کە ئازاد کراین لەوەی لە خواروو بمێنینەوە یان بگەڕێینەوە زێدی باب و باپرانمان، من سەرەڕای ئەوەی کارێکی یەکجار باشم لە کۆمپانیایەکی کوەیتی بۆ کارەبا دەکرد، داهاتێکی باشم بەرهەم بوو، ئەو کۆمپانیایەش ناسراو بوو لە دونیا، من گەڕانەوەم و بەجێهێشتنی کارەکەم بەلاوە ئاسایی بوو، لەوەی لە خوارووی عێراق بمێنمەوە و دەست بەسەریم یان لە ژێرچاودێری بەردەوام دابم، بۆیە گەڕامەوە کوردستان و ئەو کارەی لە خوارووی عێراق فێر بووم، لە کوردستان درێژەم پێدا، لەکوردستانیش لەکارکردن سەرکەوتوو بووم.

# تۆفیقی مەلا سدیق

لە ڕۆژی (١٩٧٦/٤/٢٠) قائمقامی رانیە موختاری شاری رانیەی نارد بەشوێنمان کە پێویستە بە پەلە بچین بۆ دیوانی قائمقام کە چووم پێی راگەیاندم کە بە فەرمانی مجلس قیادەی ثەورە ئێمە لە سنووری پارێزگای سەماوە (المثنی) تعین کراوین و پێویستە بە زووترین کاک بچین بۆ ئەوێ و مباشەر بکەین، من زۆر اعتراضم گرت چونکە دوکانم هەبوو تازە شتی زۆرم کڕیبوو بۆ دووکانەکەم، قائمقام ووتی هیچ اعتراضمان قبووڵ نییە و ئەبێ بەیانی زوو بەڕێ بکەوین بۆ شوێنی ئیشەکەتان بە ناچاری هاتمەوەماڵەوە تاکو کەلوپەلەی ماڵ کۆ بکەینەوە و کەسێک پەیدا بکەم سەرپەرشتی دوکانەکەم بکات چونکە ئێمە بە ماڵ و منداڵەوە تەرحیل دەکرێن بۆ سەماوە.

ڕۆژی دواتر کە بەڕێ دەکراین بۆ جنوب خەڵکی بەشەرەف و قارەمانی شاری رانیە هەر هەمووی خرۆشان و هاتنە بەردەمی قائمقامیەت تا ئێمە بەڕێ بکەن و خوێندکارانی ئامادەیی کە هاوڕێی دڵشادی کوڕم بوون بە هوتاف خوێندنەوە و شیعری حماسی جوانیان خوێندەوە ئیتر قائمقام ناچار بوو لە ترسی ڕوودانی گرژی بەشوفێرەکانی گوت بەڕێ کەون و ئیتر بەڕێ کەوتین بەرە و سلێمانی بۆ مدیریەتی ئەمنی سلێمانی شەو لە حەوشەی دائیرەی ئەمن ڕۆژی پاشتر بەڕێ کراین بەرە و بەغدا و دواتر بۆ شاری سەماوە بۆ سجنی خناق لە سەماوە. شایانی باسە ئێمە لە سنووری رانیە پێنج خێزان بووین کە بریتی بوون لە بەڕێزان (١- ئەسوەد فەقێ ئیسماعیل، ٢- رسوڵ خدر، ٣- ئەحمەد عەبدوڵڵا، ٤- عەبدولکافی نوری، ٥- تۆفیق مەلا صدیق)

ڕووداوی تەرحیل کردن و نفی کردنی کۆمەڵێک تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ لە

ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ماناو مغزای زۆر گرنگ و تایبەتی هەیە و چونکە کەمتر لە ساڵێک بوو شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی (ی. ن. ک) و جەنابی مام جەلال هەڵگیرسابوو کە ئەم کۆمەڵە تێکۆشەرە دەبوون بە هۆکاری هاوکاری و پشتیوانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ڕژێمی بعث ئەم کۆمەڵە قارەمان و تێکۆشەرانەی دوورخستەوە بۆ جنوبی عێراق چونکە صدام و حکومەتی بعث قەناعەتی وابوو کە جارێکی تر شۆڕشی کورد دروست نابێتەوە و هەر بۆ ئەمەش ئەم هەنگاوەیان نا.

پاش گەیشتنمان بۆ سەماوە بەرپرسانی ئەوێ بەشێوەیەکی زۆر خراپ مامەڵەیان لەگەڵمان دەکرد بەتایبەتی دائیرەی ئەمەن و بعثیەکان پاش ماوەیەک هەموو خێزانەکانیان لە یەکتری جیا کردەوە کە لە سنووری پاریزگای سلێمانی (٣٧) خێزان بوون و (٥) خێزانی رانیە و دەورووبەری بووین، ئیتر ئەو (٥) پێنج خێزانەی رانیە یان بردە دەشتێکی کاکی بە کاکی کە ناوی (ابو شریشن) بوو لە ناحیەی مجد شوێنێکی زۆر ناخۆش بوو لەوێش ویستیان ئەو پێنج خێزانە لەیەکتری جیا بکەنەوە. بەڵام رازی نەبووین و ووتمان ئیتر نامانەوێ لێک جیا بینەوە. بمان کوژن بەس جیا نابینەوە بەناچاری ئاگاداری پارێزگاری سەماوەیان کردەوە رازی بوو کە هەر پێنج خێزانەکە بە یەکەوە بین ئیتر هەر خێزانێک دوو کەپری یەخسریان بۆ دروست کردین و لەو کەپرە حەسیرانە ژیانمان بەسەر برد دوای چەند مانگێک داوامان کرد کە ماڵ بەرینەوە ناو شاری (رمیثە)، خانوومان بەکرێ گرت و لە دائیرەی فرعی زراعی رومیثە دەوامامان دەکرد و کاتب تابیعە بووم، سەرەتا پێش ئەوەی بمانبەن بۆ ناو دائیرەی زراعە چەند مانگێک بە تەنەکەی ئاو مشتلی زراعەیان بە ئێمە ئاو دەدا و زۆر هیلاکیان دەکرین و زۆر ناشیرین رەفتاریان لەگەڵمان دەکرد رۆژێک لەکاتی ئیش کردن بووین پارێزگاری سەماوە هاتە سەردانی کردنمان منیش چووم بۆلای و پێم ووت جەناب خودا قبوڵ ناکات ئێمە ئاوها دەچەوسێننەوە کەی ئێمە هی ئەو شتانەین، ئەویش لێی پرسی کە چی دەزانم و ئیشم چی بووە لەوەڵامدا پێم وت من خەریجی ٣ ناوەندیم و لە تابیعە زۆر شارەزام بۆیە هەر ئەو رۆژە بڕیاریدا واز لە مەشتەل بهێنم و بمبەن بۆ دائیرەی زراعەی رومەیسە و ببم بە کاتب تابیعە و هەروەها برادەران هەریەکەیان بۆ شوێنێکی باشتر و ئیشێکی باشتریان پێ سپێردرا. ماوەی ٢ ساڵ ئێمە لە شاری رومیثە ی پارێزگای سەماوەماینەوە پاشان نەقلی فەرعی زراعەی رانیە کراینەوە و تا خانەنیشن بووین هەر لەوێ بووین.

# جەمیل شێخ محەمەد یوسف ( جەمیل خۆشناو )



ساڵی (١٩٧١) بڕیاری دامەزراندنم بۆ دەرچوو بە مدیر ناحیەی (مریبا) کە سەر بە قەزای شێخان بوو، هەرچەندە ناحیەی مریبا کوردستان نەبوو بەڵام لە ڕووی ئیداری ئێمە تابعی پارێزگای موسڵ بوین.

هەر لەوێ مامەوە تاکو سەرتای ساڵی (١٩٧٤) مانگی (٣) لەوکاتەدا شۆڕشی کورد لەگەڵ بەغدا نەگەیشتن بەرێککەوتن سەرەتای دروستبوونەوەی شەڕ بوو لەگەڵ حکومەتی بەعسی بەغدا.

ئێمە لەبەرئەوەی تابعی موسڵ بووین هەموو هێزی پۆلیسمان عەرەب بوون، تاکە کوردێکی تێدا نەبوو.

پێش دەستپێکی شەڕ لەگەڵ حکومەت، ئێمە ئیتفاقمان لەگەڵ حەسۆ میرخانی خوالێخۆشبوو هەبوو، کە ئەوکات ئامر هێزی عقرە و شێخان بوو دەبوا گشت مەرکەزی پۆلیس ناحیە بە چەک و سلاح و لاسلکی گشت پەڕاوی داواکان تەسلیم بکرێن بە هێزی پێشمەرگە.

بەڵام پێش هەفتەیەک بڕیارم بۆ هات کە لە ناحیە ئینسحاب بکەین و بگەڕێینەوە قەزای شێخان. ئەگەر بهاتبە ئەم ئینسحابە جێبەجێ بکرابا ئەوا پێشمەرگە بێ بەش دەبوو لە چەک و تەقەمەنی و جیهازی لاسلکی و گشت پەڕاوی داواکان، ئەگەر ئێمە لای حکومەت بوی من زوو بە زوو ناردم بۆ شوێن حاجی میرخانی برای حەسۆ میرخان دۆلەمەڕی ئەویش بە پەلە هات بۆلای من.

فەرمانی گواستنەوەمان پێگوتن و زوو بە زوو پلانێکمان دارشت لەگەڵ

کاک حاجی میرخان. کە ئێمە لە رێگای گەڕانەوەمان بۆ قەزای شێخان، پێشمەرگە کەمینمان بۆ دابنێ و هەر لەکاتی گەڕانەوە چەند پێشمەرگەیەک لەگەڵ ئۆتۆمۆبیلەکانی ئێمە سواربوون لەناوەڕاستی رێگای شێخان لە گوندی پیربوب کەمینی پێشمەرگە دەورەیان داین زۆر بەرێکی هەروەها ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکان بوون ئەوانیش دەوری پۆلیسان داوە هەر هەموویان چەک کردن و کەلوپەلی هەموو مەرکەزیان لەگەڵ خۆیان بارکردو بە پۆلیسەکانمان وت مدیر ناحیە ئەسیرە لای ئێمە و من لەگەڵ ئەوان رۆیشتین بۆ ناحیەی ئەتروش کە لەژێر دەستی پێشمەرگە بوو.

خوالێخۆشبوو حەسۆ میرخان دۆلەمەڕی لەوێ بوو و بەخێرهاتنی گەرمی لێکردم، ماوەیەک لە ئەتروش مامەوە، پاشان بڕیار هات لە بارەگای بارزانی هەموو قائیمقام و مدیر ناحیەکان بێت بۆ سەرکردایەتی شۆڕش.

منیش بەپێی بڕیارەکە خواحافیزیم کرد لە کاک حەسۆ میرخان و سەیارە نەبوو بەپێ هاتین بۆ ناحیەی سەرسەنگ لەوێ چاوم بە کاک فرسەت ئەحمەد کەوت کە ئەوکات ئەویش مدیرناحیە بوو، وتی ئەبێ منیش بێم بۆ سەرکردایەتی و هەر لە سەرسەنگ چاوم بە خوالێخۆشبوو صلاح چاوشین کەوت کە رەفیقی کۆنم بوو ئەوکات ئەو مفەووەز پۆلیس بوو لەسەرسەنگ دوو رۆژ لای ئەو مامەوە.

پاشان هاتمە ئامێدی و لە ئامێدی لەگەڵ چەند کەسێک بەرێکەوتین بۆ بلەو بارزان کە زۆر دووربوو، بەهارێکی زۆر تەڕبوو هەموو کات هەر باران بوو، بە قایەغ بە شەو پەڕینەوە لەزێی بادینان، شەوێک لە گوندێک ماینەوە بەیانی دووبارە دەستمان بەرۆیشتن کرد تاکو گەیشتینە ناحیەی بلێ (بارزان) چاوم بە هاوڕێم کاک (سەید داود سەید فەتاح) کەوت کە مدیری بلێ بوو. شەو لای ئەو مامەوە بەیانی هەرچۆنێک بێت، لە جێبێکی ئەمریکی کە نەفەری بە پارە هەڵدەگرت جێگای خۆم کردەوە، لەوێ لەچیای پیرەفات سەرکەوتین بۆ نیوەی شەو ئێمە گەیشتینە گەلاڵە زۆر ماندووبووم، لە گەلاڵە بە تصادف لەبەردەم ماڵێک ئەرۆیشتم گوێم لە دەنگێک بوو غەریب نەبوولام، منیش ڕاست چومە ژوورەوە، تەماشام کرد هەر هەموویان هاوڕێی خۆمن (لەوانە فاروق جەمیل، قادر مەلود، کاک مەحمود/ ئێمە پێمان دەگوت مەحمود بەنزین) شەو لەوێ مامەوە، بەیانی چووم بۆ بارەگای بارزانی (مەکتەبی عەسکەری) کە ئەوکات عەبدولوەهاب ئەتروشی سەرۆکی بوو.

پاش کۆبوونەوە لەگەڵ عەبدولوەهاب ئەتروشی من دوای یەک هەفتە بووم بە مدیر ناحیەی چوارقوڕنە.

فەرمانی خۆم وەرگرت و بەرە و شەقڵاوە بەڕێکەوتم، چونکە ماڵی باوکم لەوێ بو، ئەوان چارەنووس (مەسیری) منیان نەدەزانی کە چیم بەسەر هاتووە. بە سەیارە تاوەکوو ڕواندوز هاتم لەوێش هەر خۆم بەتەنها بە پیادەوە کەسم لەگەڵ نەبوو لەڕێگای دۆڵی ئاکۆیان و فەقێیان پەڕیمەوە بۆلای دۆڵی ئالانە و شەوم بەسەردا هات، بەڵام لەبەر ئەوەی نەمتوانی لەو ماڵەی بۆم دیاری کرا بۆ مانەوە شەو هەڵسام بەسەر چیای بەنی هەریر سەرکەوتم، بەیانی بوو گەیشتمە گوندی سیساوە، لەماڵێک میوان بووم نانی بەیانیم خوارد پاشان بەڕێکەوت (صدفە) تووشی دوو ناسیار بووم کە خەڵکی شەقڵاوە بوون، پاش هەواڵ پرسین وتیان شەقڵاوە لەناو باغەکان حکومەت نیە، بەڵام لەسەرمەیدان هەیە، ئەتوانین لەگەڵ ئێمە بێت تاکو شەقڵاوە.

سپاردیان پێبوو لەگەڵ ئەوان هاتم بۆ شەقڵاوە، لەوێ چومە ماڵی باوکم تەنها باوکم لەوێ بوو، ئەوانی تر لە ترسی شەڕ هەموویان باریان کردبوو چووبوونە هەولێر.

پاش هەواڵ پرسین باوکم وتی کوڕم بڕیاری ڕۆیشتنت داوە، بڕۆ بەڵام پرسی کورد بە تەمەنی باوکت تەواو نەبوو بە تۆش تەواو نابێ، خودات لەگەڵ و ناردی بەشوێن برایەکم لە هەولێر بوو لەمن بچووکتر بوو، پێی وت کوڕم ئێوە پێکەوەبن و ئاگاداری خۆتان بن.

ڕۆیشتم بۆ ڕانیە، چونکە چوارقوڕنە سەر بە شارۆچکەی ڕانیە بوو. لەوێ شەو چاوم بە قائیمقامی ڕانیە کەوت کە ئەویش لە شەقڵاوە قائیمقام بوو لە ڕانیە دەوامی دەکرد. لەقەبی زەهاوی بەناوەکەی بوو بەڵام ناوەکەم لەبیر نەماوە قائمقام هەر لە بەیانی پێش ڕۆژهەڵات لەگەڵ یەکێک لە پاسەوانەکانی ئەچوو بۆ چیای کێوەڕەش لە ترسی تەیارە و شەو ئەگەڕایەوە، وتی من بە کاتی لێرەم ئەبێ بڕۆمە ناوچەکانی سلێمانی بۆیە ئەبێ تۆ ئیشوکاری قەزای ڕانیە بەڕێوە ببەیت، بووم بە وەکیلی قائیقامی ڕانیە ئیشوکارەکانمان بەپێی توانا ڕائەپەڕاند، هەموو مانگێک جارێک یان دوو جار سەردانی وەزارەتی ناوخۆم دەکرد کە بارەگاکەی لە دەربەندی ڕایات بوو، خوالێخۆشبوو کانەبی ئاغای دزەیی وەزیر بوو. پاش ئەوەی شێروان حەیدەری بوو بە قائیمقامی ڕانیە و یەکترمان بینی لە وەزارەتی ناوخۆی شۆڕش وتی من شارەزا نیم بە یەکەوە بگەڕێینەوە بۆ ناوچەی ڕانیە.

لەگەڵ کاک شێروان حەیدەری هاتین بۆ دۆڵی شاورێ هەندێک کەلوپەلمان پێبوو و لەیەکێک لە دۆڵەکانی چیای ماکۆک جێنشین بووین، پاش ئەوە خوالێخۆشبوو (حەمید بلباس) کە دادوەری شۆڕش بوو ئەویش هاتە لامان.

دوای دوو ڕۆژ کاک شێروان وتی کاک جەمیل ئازووقەمان نییە ئەتوانی هەندێک ئازووقە پەیدا بکەین؟ وتم بەڵێ لەو دیوی چیای لە گوندی زێوە، هێزی دەشتی هەولێر لەوێیە- (کاک سابر شێخ جامی) زاوامانە و دۆستاسەتیمان هەیە- ئەچم هەندێک ئازووقە دێنم.

بەسەر چیای ماکۆک کەوتم لەوێش شۆڕبوومەوە بۆ گوندی زێوە و میوانی برایەکم بووم کە منی لە ڕانیە جێهێشتبوو، لە بارەگای هێزی دەشتی هەولێر بوو، دوو ڕۆژ مامەوە و شەڕی قورس دەستی پێکردبوو هەر لە زێوە تەیارەی حکومەت خەریک بوو بمانکوژێ، پاشان گەڕامەوە و ڕەحمەتی (صابر شێخ حاجی) وتی تۆ برۆ من ئازووقەتان بۆ دەنێرم، هەر کە سەرکەوتم بەسەر چیای ماکۆک بۆ گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆمان دەنگی تۆپی عەسکەری دەهات و حکومەت بە هەموو هێزەوە بەرە و ڕانیە دەهات.

تاکو من گەیشتمەوە بارەگای قەزا خەڵکی لە ڕانیە هەموویان ڕایان دەکرد بۆ ناوچەی دۆڵی شاورێ و چیایەکان.

شەڕ گەرم بوو بۆماوەی دوو ڕۆژ، مەقەڕی هێزی پێشمەرگە لەناو ئەشکەوت بوو، ناوچەی ڕانیەش ئەوانیش ئەشکەوتیان هەبوو، بەڵام ئێمە هیچمان نەبووو تەنها لە پەنا بەردەکان خۆمان حەشار دابوو، لە ترسی تەیارە کە ئەو ناوچەی زۆر بە چڕی بۆردومان دەکرد. بەڵام سوپاس بۆ خوا ئێمە سەلامەت بووین، شەو جەماعەتی ناوچە هاتن بۆلامان و وتیان وەرن بۆ ئەشکەوت بەڵام کاک شێروان حەیدەری ڕازی نەبوو وتی ئێمە ئیتر ناتوانین لێرە بمێنینەوە، هەر ئەمشەو بار دەکەین و دەگەڕێینەوە بۆ ڕایات هەر بەو شەوە بارمان کرد شەو درەنگ گەیشتینە وەرتێ لەوێ نەختێک ئیسراحەتمان کرد، پاش گەڕانەوە بۆ ڕایات چونکە شێروان حەیدەری خانوێکی لەوێ دەست کەوتبوو، منیش لەگەڵ ئەو پێکەوە بووین، هەروەها کاک صلاح علاف ئەویش لەگەڵمان بوو لە خانوەکە ڕۆژان دەچوینە لای وەزارەتی ناوخۆ یان ناوچەی چۆمان و ئێوارەش دەگەڕاینەوە ماڵ.

هەروەها خوالێخۆشبوو (فەرهاد شاکر شەریف) کە خزمی شێروان حەیدەری بوو ئەویش لەماڵ لەگەڵ ئێمە بوو، ئەمە بۆ ماوەیەک بەبێ کارماینەوە، دوای ئەوە پاش ئەوەی زۆر گرفت ڕوویاندا لەناو کەمپەکانی ئۆردوگای سەرکردایەتی، شۆڕش بڕیاریدا هەموو قائیمقام و مدیر ناحیەکان بگوازرێنەوە بۆ ئۆردوگای نیشتەجێبوون لە ئێران.

من گواسترامەوە بۆ ئۆردوگای زێوە، کە ئۆردوگایەکی گەورە بوو زیاتر لە (٢٥٠٠) خانەوادەی کوردی تێدابوو.

کاک موحسین عەلی کە قائیمقامی مێرگەسۆر بوو، بوو بە سەرۆکی لیژنەی بەڕێوەبردنی ئۆردوگا، منیش یاریدەدەری بووم، کاک بەهرام شەوکەت رواندزی ئەویش لێپرسراوی شارەوانی ئۆردوگا بوو و کاک لەزگین دۆسکی ئەویش بەڕێوەبەری ئەمنیەتی ئۆردوگا بوو و حاکمی شەقڵاوە وەکو حاکمی ئۆردوگا دەستنیشان کرابوو، من وەکو خۆم بووم بە بەڕێوەبەری ئازووقەی ماڵان، هەروەها مەسئولی ئیجازەی هاوڵاتیان و رێگەپێدان بۆ دەرچوون لە ئۆردوگا.

هەرچۆنێک بێت توانیمان گیروگرفتی ئۆردوگا بەڕێکی چارەسەر بکەین و ئەو کەموکورتیانەی کە هەبوو هیچی نەمێنێت و خۆشبەختانە گشت ئاوارەکانی کەمپی زێوە ڕازی بوون لە شێوەی بەڕێوەبردنی ئێمە.

ئێمە ماینەوە تا ئەو رۆژەی بەیاننامەی شوومی جەزائیر ڕوویدا و رێککەوتنی حکومەتی عێراق لەگەڵ شای ئێران ڕاگەیاندرا.

هەر لە سەرەتای رێککەوتنی ئێران و عێراق، شێوازی بەرپرسە ئێرانییەکان گۆڕاو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئێمە توند کرا و هیچ وەڵامی ئێمەیان نادایەوە، وەزعمان دیار بوو بەرە و ناخۆشی دەچوو، پاش ماوەیەک وەفدێکی حکومەتی عێراق هاتن بۆناو ئۆردوگا لەگەڵ جەماعەتی سازمانی ئێرانیەکان، داوایان لە خەڵک کرد بگەڕێنەوە عێراق چونکە هیچ کەس هیچی لێناکرێت و هەموو خەڵک ئازاد کراوە.

ماوەیەکی کورت تێپەڕی منیش هاورێکەم بەناوی (صالح قادر وەسمان) کە کاتی خۆی لەناو حکومەت مدیری محطەی تاجیر المکائن الزراعیة بوو کە شۆڕش تێکچوو ئەو لەکوردستان بوو لەنزیک حاجی ئۆمەران هاتەلام و لای ئێمە دەمایەوە هەر لەو ئانوساتەی ڕووخانی شۆڕش خوالێخۆشبوو (فەرنسۆ هەریری) ئەویش هاتە لای ئێمە بۆماوەی چەند رۆژێک لای ئێمە مایەوە. (تەنها یەک سوئالم لێکرد وتم کاک فەرەنسۆ بۆچی وامان لێهات؟) وتی: پاش چەند چرکەیەک و ڕامانکردن، وتی سووتم نابتە گوتن، دوای چەند ڕۆژێک فەرەنسۆ هەریری رۆیشت لای ئێمەی جێهێشت و نازانم بۆ کوێ چوو.

ماوەی مانگێک تەواو بوو زۆر لە خزمان کە گەڕابوونەوە بۆ عیراق خەبەریان ئەنارد بۆم داوایان ئەکرد کە بگەڕێمەوە، هەرچۆنێک بێت دوایی بڕیارماندا کە بگەڕێینەوە عێراق.

کاک صالح برادەرم ئەویش خاوەن ماڵ و منداڵ بوو هەموویانی بەجێهێشتبوو لە هەولێر وتی وا چاکە بگەڕێنەوە هەولێر ئەو کارەی بۆی هاتین نەبوو ئیتر پێویست ناکات لێرە زیاتر بمێنینەوە، بۆیە منیش بڕیارمدا بگەڕێمەوە عێراق، کاک

صالح هەر لەکاتی هاتنی بۆناو شۆڕش سەیارەی خۆی لەگەڵ خۆی هێنابوو. بۆیە موشکیلەی هاتوچۆمان نەبوو، لە سەرەتای مانگی چواری ساڵی (١٩٧٥) گەڕاینەوە بۆ عێراق لە ئۆردوگای زێوە بەرە و سنە و سەقزو بانە و مەریوان، پاش شاری کرماشان و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ گەیشتینە شاری قصر شیرین لەوێ لە دەروازەی ئەوێ پەڕینەوە بۆ عێراق و خۆمان تەسلیم کرد بە ئاسایشی عێراق.

پاش وەرگرتنی وتەکانم و کە وتم من مدیر ناحیە بووم و چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ کرا، دوا پرسیار وتیان بۆچی گەڕایتەوە (وتم شۆڕشەکەمان تێکچوو بۆیە منیش گەڕامەوە)، قسەکەی من لەلایەن ئەمنی عێراق بەهەند وەرنەگیرا، بەڵام لەڕێگا کە لەگەڵ قافلەی عەسکەری نەڕۆیشتین کاک صالح لەناو سەیارەکەی خۆی زۆر سەرزەنشتی کردم کە چۆن وام وەڵامم دایەوە.

پاش چەند سەعاتێک ئێمەیان برد بۆ ناوچەیەک هەمووی باغی دارخورمابوو، بەڵام ئێمە نەمانزانی کێیە، خەڵکەکە کە لەناو باغ مایەوە چەند کەپرێکی بە حەسیر دروستکرابوو و جەماعەتی ئەمنی عامی بەغدا لەوێ بوون. تەحقیقیان لەگەڵ کردین.

پاش ماوەی سێ ڕۆژ وتیان: ئێوە ئەگەڕێنەوە هەولێر، گەڕاینەوە شاری هەولێر لەبەردەم پارێزگای هەولێر ئازادیان کردین وتیان ئەوەی فەرمانبەرە مراجەعەی دائیرەی خۆی دەکات.

من مدیر ناحیەی مریبا بووم کە سەر بە قەزای شێخان بوو و قەزای شێخان سەر بە پارێزگای موسڵ بوو، بۆیە ڕۆیشتم بۆ موسڵ و چوومە ناو پارێزگا و چوومە لای نائبی پارێزگار کە ئەو سەردەمە بەڕێز (ڕۆبیتان جاف) بوو کەسێکی کورد بوو پیاوێکی زۆر لێهاتوو بوو، پاش بەخێرهاتنی منی کرد وتی تۆ نابوایە پەیوەندی بکەی بە شۆڕش، بەڵام هەرچی بێ ئەوە ڕوویدا. بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ پارێزگار کرد وتی مدیر ناحیەی مریبا گەڕاوەتەوە ئێستا لای منە.

پاش ماوەی چارێک سەعاتێک پارێزگار وتی با بڕوا بچێتە لای مدیر ئەمن. منیش ڕۆیشتم بۆ لای مدیر ئەمنی موسڵ کە یەکەم جارم بوو، هەرچەندە من مدیر ناحیە بووم بەڵام فەرمانگەی ئەمنیم نەدیبوو. چوومە لای یاریدەدەری مدیر ئەمن، لەوێ دانیشتم بێ ئەوەی بەخێرهاتنم بکات پۆلیسێکی ئەمنی بانگ کرد وتی: بڕۆ فایلی (جەمیل شێخ محەمەد)م بۆ بێنە، ڕۆیشت و هاتەوە وتی سەیدی ماکو. مساعد پێی وتی (حیوان/ جمیل شێخ محمد یوسف/ مدیر ناحیە مریبا) ڕۆیشت دیسان هاتەوە وتی سیدی ماکو اضبارە.

ئەوجارە زۆر توڕەبوو مساعدی مدیر ئەمین وتی: (ابن الگواد) جمیل شیخ

محمد مدير ناحية مريبا اللي اخذ الناحية والمركز والسلاح وكل شئ/ شلون ماكو).
(پاشان ڕوی لەمن کرد وتی مو هیچی کاکە) منیش وەڵامم نەدایەوە، ئینجا ڕۆی ئەم جارە فایلەکەی منی هێنا.

ڕووی لەمن کرد وتی ئێستا لەوێ دابنیشە بۆم بنووسە لە ڕۆژی ڕۆیشتنت تاکو ئەمرۆ کە گەڕایتەوە لەکوێ بووی هەمووی بە درێژی بنووسە.

پێنوس و کاغەزی دامێ منیش هەندێک شتم بۆی نووسی، کە تەواو بووم دامە دەستی، پاش واژۆ کردن ئینجا وتی باشە و جەرەسی ژوورەکەی لێدا و داوای ئاو و چایەکی بۆمن کرد، پێی وتم تۆ ناگەڕێیتەوە بۆ ناحیە، بەڵکو سجلی دەواممان هەیە بەیانیان دێت واژۆ دەکەیت و دەڕۆی لەناو موسڵ دەمێنیتەوە بەبێ ئاگاداری ئێمە لە موسڵ دەرناچیت.

ئەمە ماوەی زیاتر لە دوو مانگی خایاند پاشان خەبەرم بۆهات کەمن بە بریاری مجلس قيادة الثورة نەقل بووم بۆ دائیرەی (الامانة العامة للأموال المجمدة کە شوێنەکەی لە بەغدایە ئەم دائیرەیە سەرپەرشتی موڵکو ماڵی یەهودیەکان ئەکات لە عێراق.

ڕۆیشتم بۆ بەغداو فەرمانی نەقلم لەگەڵ خۆم برد و مراجەعەی دائیرەم کرد و مدير عامی ئەم دائیرەیەم دیت وتی ئێمە دوو شوێنمان ماوە یەک ناصریە یەک بەسرە) کامیانت دەوێت منیش بەسرەم هەڵبژارد و مدیر وتی بەسرە گەرمە و دوورە بۆ ناچیتە ناسریە، بەڵام من بەسرەم هەڵبژارد و لەبەر ئەوەی ناوبانگی هەبوو و ئەمزانی ناصریە پارێزگایەکی خۆش نییە.

لەمانگی تەموزی ساڵی ١٩٧٥ لەدوای ١٤ و ١٧ ی تەموز چوومە بەسرە زۆر گەرم بوو، هەر ئەوکاتەی کە لەناو شاری بەسرە بەدوای شوێنێک ئەگەڕام لە ئوتێل و مسافرخانە بە صدفە چاوم کەوت بە کاک (فرسەت ئەحمەد) دوای نیوەڕۆ کاتی دەوام کۆتایی هاتبوو، منیش بەبێ ئاگاداری ئەو چوومەلای بە مفاجەئە سەلامم لێکرد، چاکوخۆشیمان کرد و وتی خیرە وا لەبەسرەی وتم: نەقل بومە بۆ ئێرە وتی (الحمد لله) وتی بۆ کام دائیرە وتم بۆ (اموال مجمده) ی بەسرە ئەمجارەش وتی (الحمد لله). پاشان وتی ئێستا چی دەکەیت وتم لە شوێنێک دەگەڕێم لە ئۆتێلەکان بەڵام هەمووی پڕە و جێیان نییە، وتی وەرە دەچینە ئوتێلی من و هاوینە دەتوانین لەسەربان بخەوین.

چوینە هوتێل لەوێ کاک فرسەت ئەحمەد باسی خۆی کرد کە چۆن یەکەمجار نەقل بووە بۆ دیالی ناوەڕاستی عێراق بەڵام قەبوڵیان نەکردووە و نەقلی بەسرەیان کردووە. وتی بڕیام دابوو ئیمرۆ ئەگەر لە بەسرە کوردێک نەبینم

و قسەی لەگەڵ بکەم ئەوا بڕیامدابوو واز بێنم و بگەڕیمەوە کوردستان، بەڵام شوکر بۆ خوا تۆ پەیدابووی، ئەو پێش من وابزانم بە هەفتەیەک لە بەسرە بوو، کوڕێکی خەڵکی بەسرە کە لە دائیرەکەی بوو ئەم ئێوارە دەعوەتی کاک فرسەتی کردبوو، ناوی هشام محمد طاهر بوو (کە بە داخەوە پاشان شەهید بوو)، ئێوارە هاتە ئوتێل کاک فرسەت ئیعتزاری بۆ هێنایەوە و وتی ئەمە برادەرمە ئیمرۆ هاتووە ناتوانم بەجێی بێڵم لەگەڵ تۆ بێم، ئەم کوڕە چاکە وتی ئەبێ ئەویش بێت لەگەڵ ئێمە، کاک هشام ئێمەی برد بۆ ماڵی خۆیان کە لەگەڵ باوکی ئەژیا و خاوەن خێزان بوو و باوکی کەسایەتێکی ناوداری بەسرە بوو (ناوی محمد طاهر البصری) بوو، چەندین ساڵ (مدیری تحریراتی پارێزگای بەسرە بوو) بەڵام تەمەنی گەورە بوو ئەوکات خانەنیشین کرابوو.

زۆر بەخێرهاتنی ئێمەی کرد باوکی هشام و دڵی ئێمە دەدایەوە، بەڕاستی پیاوێکی زۆر زۆر لێهاتوو و شارەزا بوو.

بۆ بەیانی چووم لەگەڵ کات فرسەت بۆ دائیرە و مباشەرەم کرد لەوێ، من عنوانم گۆڕابوو کرابوومە معاون ملاحظ و لە بەشی ژمێریاری (فەرمانگەی موڵکوماڵی جولەکان) مباشەرەم کرد.

رۆژ بە رۆژ ئێمە تێبینیمان کرد کە کەسانی تر لە ئەفسەری عەسکەری و پۆلیس و مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی زیاد دەبن و دەردەکەون و دەکەونە بەسرە. پاش ماوەیەک کاک (منور سعید) کە خەڵکی زاخۆ بوو ئەویش مدیر ناحیە بوو لەلای بادینان نەقلی بەسرە بوو، من نەم دەناسی بەڵام برادەری کاک فرسەت بوو بۆیە هاتەلای ئێمە لە هوتێلێکی تر ژوورێکمان گرت هەرسێکمان لەوێ بووین، بۆ ماوەی نزیکەی دە مانگ لەم ئوتێلەماینەوە.

پاش ئەوە بە یارمەتی (کاک هشام و باوکی (محمد طاهر) شوقەیەکمان دەستکەوت، و گواستمانەوە بۆ شوقە کەلوپەلی پێویستمان کڕی و نیشتەجێ بووین، لەسەرەتای ساڵی (١٩٧٦) برادەرمان زۆربوون زۆریان لە زانکۆی بەسرە بوون، لەوانە (د. ئازاد نەقشەبەندی و د. عەزیز و د. مەهدی و برادەرانی تر وەکو مصطفی بەرزنجی کە دەکاتە برای (د. سعدی بەرزنجی و چەندین برادەرانی تر (وەکو کاک عەبدوڵڵا کە ئەوکاتە خۆی ئەفسەری پۆلیس بوو) و کاک کەمال کە مامۆستا بوو ئەمانە زۆریان خەڵکی سلێمانی بوون، وە دکتۆر سەلیم حاجی ملۆ کە لە پۆڵۆنیا و ئەڵمانیا خوێندنی تەواو کردبوو و ئەو شوقەی ئێمە بوو بەجێگایەک بۆ خڕبوونەوە و دەردەدڵ کردن، شەوانە تاکو دەرنگی شەو خەڵک زۆر بوون لە بەسرە و چەند خێرخوازێک هەبوون کوردبوون لە بەسرە ئێمە

تعارفمان لەگەڵ کرد، چەند کەسانێک کە برا عەرەب بوون هەروەها تعارفمان کرد لەگەڵیان دۆست و برادەرمان یەکجار زۆر بوون و هەندێکیان تاکو ئێستاش بەینمان ماوە و هاتوچۆمان هەیە، بەڕاستی ئەهلی بەسرە مرۆڤی زۆرباش بوون لەگەڵ ئێمە هەستمان بە غەریبی نەدەکرد لەگەڵ ئەوان، بەڵام بەسرە زۆر دووربوو بۆ ئێمە و هاتوچوونمان زۆر زەحمەت بوو، لەساڵی (١٩٧٧) کاک منور سعید نەقل بوو گەڕایەوە بۆ دهۆک و ساڵی (١٩٧٨) منیش نەقل بووم بۆ بەغدا لە وەزارەتی نقل لە دیوانی وەزارەت بووم.

کاک فرسەت بە تەنها مایەوە لە بەسرە لە شوقە، لەساڵی (١٩٧٩) ڕێگادرا ئەم کوردانەی لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقن بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، من لە وەزارەتی نەقل بووم هەوڵمدا هاتمە وەزارەتی صناعەی عێراق (معمل جگارەی هەولێر) لەوێ دەستبەکار بووم ئەوە لەساڵی (١٩٨٠) بوو (من لەساڵی ١٩٧٥ تاکو ١٩٨٠ دەربەدەربووم) بەڵام ئەوەی باش بوو من خاوەن هاوسەر نەبووم، هەروەها کاک فرسەت و کاک منور سعید هیچیان هاوسەرگیریان نەکردبوو بۆیە ژیانیان زۆر بە زەحمەت نەبوو، لە بەسرە لە مەعمەلی شەکر کاک غازی خۆشناو خوای لێخۆشبێت و چەند برادەر لە ئەهلی سلێمانی دوورخرابوونەوە لەوێ بوون لەوانە کاک سەردار هەبوو/ مدیر حیساباتی معمل شەکر بوو.

من لە (١٩٨٠ تاکو ١٩٨٧) لە کارگەی جگەرەی هەولێر مامەوە، لەکۆتایی ساڵی (١٩٨٧) خانەنشین کرام بە بڕیاری مجلس قیادة الثورة، لەبەر ئەوەی نەبووین بە جەیشی شەعبی.

هەر لەو ماوەیە لەبەر ئەوەی من موالید (١٩٤٥) بووم داخوازی خزمەتی عەسکەری منی گرتەوە، بەڵام نەچووم و فیرارم کرد، تا ئەو کاتەی شەڕی عێراق و ئێران کۆتایی هات، دوای ئەوە بە ناچاری خۆمان تەسلیم کردەوە، ماوەیەک دووبارە گەڕامەوە خوارووی عێراق (ناوچەی عیمارە) وکو سەربازی احطیاط، پاشان تەسریح بووین لە سەربازی.

لەساڵی (١٩٨٨) پەیوەندیم کردەوە بە سەندیکای پارێزەرانی عیراق و بووم بە پارێزەر، تاکو ساڵی (٢٠١٥) کاری پارێزەرایەتیم کردووە و لەساڵی (٢٠١٥) خانەنشین بووم لە پارێزەرایەتی، ئەوەش چیرۆکی ئەو ماوەی ژیانی منە.

# جەلیل عەبدولفەتاح ئیبراهیم

مانگی سێی ساڵی (١٩٧٥) زۆری پێشمەرگە روویان لە ئێران کرد و من گەڕامەوە عێراق خۆم تەسلیم کردەوە پاشان حکومەت ئێمەی پۆلیسی رەوانەی خوارووی عێراق کرد بۆ پارێزگای دیوانیە و دەوری سێ مانگ لەناو (صرائف) بووین هەموو قوەتی پۆلیسی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکوک لەوانە کاک شێخ نورزاد و کاک سلام و کاک عەلی شەریف و کاک سوارە و هەموو لە دیوانیە بووین پاش سێ مانگ ئێمەیان تەوزیع کرد بۆ شارەکانی خوارووی عێراق من کەوتمە کەربەلا، لەساڵی (١٩٧٥) تاوەکوو ساڵی (١٩٨٠) مانگی (١٢) ئەو ماوەیەی لە کەربەلا بووین لەگەڵ کاک شەهید تەحسین کاوانی و کاک حەمە صاڵح و کاک مەجید و کاک رەفعەت بووین لەیەک ژوور دەژیاین، من لە (شرکة تعليب كربلاء) بووم تاکو ساڵی (١٩٨٠) کاک تەحسین ساڵی ١٩٧٩ لای ئێمە نەما پەیوەندی بە شۆڕشی نوێی ئەوکات کرد. ئێمەی بەجێهێشت، من لە ئەمن ١٠ رۆژ سجن کرام (ئەوکات عەزیز صاڵح نۆمان پاریزگاری کەربەلا بوو) من لەشوێنی تەحسین کاوانی کەپەیوەندی بە شۆڕشەوە کردبوو.

وەهەروەها لە کەربەلا چاوم بە مامۆستای خۆشەویست کاک نیعمەت عەبدوڵلا پیرداود کەوت، کە ئەویش نەفی کرابوو بۆ خوارووی عێراق لە کەربەلا بوو، ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە لەگەڵ کاک مەجید و کاک رەفعەت رامانبورارد زۆر جار کاک نیعمەت دڵی ئێمەی ئەدایەوە و ئەیوت خەفەت مەخۆن ئەگەڕێنەوە

هەولێر و لە هەولێر یەکتر ئەبینین، بەڵام بەهۆی شەهید ڕێبازی برای کاک نیعەت گیرا لە ئەمنی کەربەلا دوایی ڕەوانەی شاری عیمارە کرابوو هەموو عائیلەکەیان، مامۆستا نیعمەت لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی لە شۆڕشەوە کرد ئینسانێکی زۆر باش بوو زۆر دڵ فراوان بوو، دڵی ئێمەی ئەدایەوە و ئەیوت بەخوا هەر ئەگەڕێنەوە بۆ هەولێر.

من کە ساڵی (١٩٨٠) گەڕامەوە هەولێر دەستم کرد بە ئیشکردن لەگەڵ براکانم، ئیشی چیمەنتۆمان دەکرد لە کەرکوک و موسڵ و سلێمانی چیمەنتۆمان ئەهێنا بۆ هەولێر دابەشمان ئەکرد، پاشان لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩٢ برادەرانی پۆلیس کە برادەرم بوون منیان دیت وتیان ئێمە گەڕاینەوە بۆ پۆلیس بە ڕوتبەی نەقیب بۆ تۆش ناگەڕێیتەوە، منیش لەسەر لیستی (ی. ن. ک) گەڕامەوە بە ڕوتبەی نەقیب لە زۆر شوێن کارم کرد وەک ئاسایش و پۆلیسی مکافەحە و پۆلیسی فریاکەوتن، دواتر پلەم بەرزکرایەوە بۆ عەقید و دواتر خانەنشین بووم.

## جەلالی عومەری سام ئاغا



کاک جەلال نەک تەنیا هەر پێشمەرگەی ئەیلوول بووە، بەڵکو ئەندامی لیژنەی دارایی باڵای شۆڕش بووە و یەکەم کەسیش بوو لە ئۆڕشی ئەیلولدا گەندەڵی ئاشکرا کرد و ڕێگریی لێکرد. بەمەرجێک بەر لە ئەوەی پەیوەندیی بکات بە شۆڕشەوە لێپرسراوی کارگێڕی زانکۆی سلێمانی بوو، نەک کەسێکی ئاسایی بێت.

وێڕای ئەوەی بەشدارییکردنی کاک جەلال چ لە خۆپیشاندانەکاندا چ لە شۆڕشی ئەیلولدا، وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆی نیشتمان پەروەر بووە و هەرگیز ئەندامی هیچ حزبێک نەبووە، بەڵام دوای نسکۆ لەسەر پێشمەرگایەتی و بەشداری شۆڕش، بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ دوورخرایەوە بۆ بەغدا.

چیرۆکی دوورخستنەوەی جەلالی سام ئاغا بۆ بەغدا بەڵگە و گەواهیدەرێکی دیکەی دەست و داوێن پاکیی و دژە گەندەڵییەکەی پیاوە سپییەکەیە، لە بەغدا کاک جەلال لە وەزارەتی بازرگانیی دەستبەکار دەبێت، وێڕای دژایەتیکردنی بەردەوامی لەلایەن کارمەندە بەعسییەکانەوە، بەڵام دڵسۆزیی لە کارەکەیدا و دەست پاکییەکەی دەیکەنە جێ متمانەی یەکەمی بەڕێوەبەرە گشتییەکەی تا ئەو کاتەی خۆشی بووە بەڕێوەبەری لق و پێشانگاکان و سەرپەرشتیی تەواوی پێشانگا فرۆشیارەکانی وەزتارەتی بازرگانیی دەکرد لە سەرتاسەری عێراقدا.

لە ماوەی بووندیا لە بەغدا و بەتایبەتی دوای ئەوەی سەدام حسێن

دەسەڵاتی گرتە دەست، فشار بۆ سەر بێلایەنەکان دەستپێکرد تاوەکو ببنە بەعسی. لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا بەڕێوەبەری گشتی ڕوو دەکاتە کاک جەلال و پێی دەڵێت کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئەویش دڵسۆزیی خۆی بۆ حزب نیشان بدات و ببێتە ئەندام، بەڵام لە وەڵامدا کاک جەلال دەڵێت کە حزبی بەعس بۆ عەرەبە و ئەم کوردە و نابێتە ئەندام.

بەڕێوەبەری گشتی دەڵێت کە حزب هی هەموو عێراقییەکە و جیاوازیی لە نێوان کەسدا ناکات، بەڵام جەلالی سام ئاغا سور دەبێت لەسەر ڕایەکەی خۆی و دروشمی بەعسیەکان دەکاتە بەڵگە و بە بەڕێوەبەری گشتی دەڵێت: دروشمی حزب بریتییە لە (امە عربیە واحدە) ئیتر چۆن منی کورد ببمە ئەندام.

بەڕێوەبەری گشتی بۆ ئەوەی فشاری لێبکات پێی دەڵێت کە ئەو ئێستا فەرمانبەرێکی ئاسایی نییە و بەڕێوەبەرە بۆیە ناکرێت بێلایەن بێت لە وەڵامدا دەڵێت: پۆستی بەڕێوەبەری خۆم داوام نەکردووە، ئێوە پێتان داوم، ئەگەر ئەو پۆستەش بە تاجێک دەزانن و دەبێت بەهۆیەوە ببمە بەعسیی، ئەوا من ئەگەر تاجی پادشایەتیش بێت دایدەنێم و دەیدەمەوە بەخۆتان.

پارێزەر بەکر حەمە صدیق
ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆی ناردوین



## عەبدولرەحمان عەلی کوردە

## حاجی ئۆمەرانییەکان و دەستپێکی شۆڕش و زیندانیانی سیاسی

### * دەستپێکی شۆڕشی گوڵان

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ئاداری ١٩٧٥، ناحەزان و دوژمنانی میللەتەکەمان بەتایبەت حکومەتی بەعس، بە خەیاڵی خۆیان، بە پیلانی گڵاوی رێککەوتنی جەزائر لە بەینی شای ئێران و سەددامی بەعس، وا قەناعەتیان بەخۆیان کردبوو کە ئیتر بۆ هەتا هەتایێ هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری میللەتی کوردیان لە گۆڕناوە. ئیتر کوردو شۆڕش، پێشمەرگەو چەک، بەیەک ناگەنەوەو شاخەکانی کوردستان، پێشمەرگە بە خۆیەوە نابینێتەوەو ببڕای ببڕای کۆتایی پێهێنرا. جەبەڕووتی حکومەتی بەعس و سیاسەتە چەوتە شۆفێنی و فاشیلەکانی خۆیان وایکرد، ساڵێک دواتر، (٢٤) لە تێکۆشەرانی حاجی ئۆمەرانی، کە لە خوارەوە لیستی ناوی پێشمەرگەکانی دەستپێکی ئەم سەرهەڵدانە ئاماژە بۆ دەکەم، لە شەوی (٢٤/٢٥ی ئایاری ١٩٧٦)، دڕیان بە شەوەزەنگی تاریکی بەهارداو توانرا خەون و خەیاڵەکانی ناحەز و دوژمنەکانمان لە گۆڕ بنرێ و دووبارە مەشخەڵی شۆڕش و سەرهەڵدانەوەیەکی نوێ هەڵکەن و مژدەو بانگەواز بدرێتە میللەت و دۆست و جیهان کە میللەتێکی خاوەن مافو زیندوو، هیچ هێزێک نیە بیمرێنی و بتوانرێ چۆکی پێدابدا.

لە شەوی دووەمی راپەڕیندا، زۆر بەداخەوە، سید عبداللە حاجی ئۆمەرانی شەهیدو دوو لە هەڤاڵەکانی بریندار بوون و یەکەم نەمامی ئەم راپەڕین و سەرهەڵدانە بەخوێنی ئەوان خوێندرا. قەندیل بووە یەکەم بنکەی ئەم سەرهەڵدانەو پەیتا پەیتا لە هەموولایەکەوە پەیوەندیان پێوە کردین و لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا، دۆڵاو چیا نەما پێشمەرگەی چەک لەشان بە خۆیەوە نەبینێ و دەست لەملانی شاخەکانی سەرکەشی کوردستان نەبنەوە

| ز | ناوی پێشمەرگەکانی دەستپێک و هەڵگیرسێنەری مەشخەڵی شۆڕش |
|---|---|
| ١ | شەهید سید عبدالله حاجی ئۆمەرانی، شەهیدی یەکەم چەخماخەی شۆڕش لە (١٩٧٦/٥/٢٥). |
| ٢ | شەهید حاجی شێخە بنزێری، (دوای چەند هەفتەیەك پەیوەندی کرد) لە (١٩٧٩/٩/٢٥) شەهید کراوە. |
| ٣ | خوالێخۆشبوو احمد نبی محمود لە(١٩٨٤/١/٢٧) وەفاتی کردووە. |
| ٤ | خوالێخۆشبوو علی کۆ لە ( ١٩٩٧/٦/١٢) وەفاتی کردووە. |
| ٥ | خوالێخۆشبوو علی کوردە لە (٢٠٠٥/٧/١٥) وەفاتی کردووە. |
| ٦ | خوالێخۆشبوو مەلا شێخ محمد لە (١٩٩٧/٢/٦) وەفاتی کردووە. |
| ٧ | خوالێخۆشبوو نبی نبی محمود (١٩٩٣/١٢/١٣) وەفاتی کردووە. |
| ٨ | خوالێخۆشبوو عبدالله محمد مراد لە (٢٠١٩/١/٧) وەفاتی کردووە. |
| ٩ | خوالێخۆشبوو حاجی سلێمان نبی لە (٢٠٢٠/٤/١٨) وەفاتی کردووە. |
| ١٠ | خوالێخۆشبوو کریم احمد نبی لە (٢٠١٧/١١/٢٨) وەفاتی کردووە. |
| ١١ | خوالێخۆشبوو بارزان علی کۆ لە (٢٠٠٩/١٢/١٩) وەفاتی کردووە. |
| ١٢ | خوالێخۆشبوو علی عبدالله برایم (برینداری یەکەم چەخماخەی شۆڕش) لە (٢٠١٧/٤/٢٤) وەفاتی کردووە. |
| ١٣ | خوالێخۆشبوو قادر احمد نبی لە (٢٠١٠/١٠/١٠) وەفاتی کردووە. |
| ١٤ | خوالێخۆشبوو حمدامین حمد خدر ناسراو بە (مینە سوور) لە (٢٠١٧/٤/٦) وەفاتی کردووە. |
| ١٥ | خوالێخۆشبوو عبدالله رسوڵ مصطفی ناسراو بە عبدالله خەیات لە (٢٠٢٠/٩/٢) وەفاتی کردووە. |
| ١٦ | خوالێخۆشبوو عبدالله شێخە بنزێری، لە (٢٠٠٩/١١/٣) وەفاتی کردووە. |
| ١٧ | خوالێخۆشبوو محمد شێخە بنزێری، لە دوو هەزارەکان وەفاتی کردووە. |
| ١٨ | خوالێخۆشبوو مصطفی رسوڵ مصطفی لە (مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٢) وەفاتی کردووە. |
| ١٩ | خوالێخۆشبوو رسوڵ حمد خدر لە هەشتاکان شەهید کراوە. |
| ٢٠ | خوالێخۆشبوو محمد برایم محمود ناسراو بە (حەمە) لە (٢٠٢٢/١٠/٢٩) وەفاتی کردووە. |
| ٢١ | خوالێخۆشبوو نبی محمد مراد (برینداری یەکەم چەخماخەی شۆڕش)و لە (٢٠٢٣/٤/١) وەفاتی کردووە. |
| ٢٢ | برایم برایم محمود ناسراو بە (کوێخا برایم) |
| ٢٣ | عەزیز مەمیسی/ خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات |
| ٢٤ | عبدالرحمن علی کوردە |

## گرتنی ماڵاو منداڵەکانی پێشمەرگەو زیندانی کردنیان لە جنووبی عێراق

ئیتر بۆ لەمەولا پەیوەندی تێکۆشەران بە شۆڕشەوە لە هەموو شوێنێکی کوردستانەوە بۆ هەموو ناوچەیەک بە لێشاوو لە ژمارە نەدەهات. کوردایەتی‌و نیشتیمان پەروەریتی، خەباتو تێکۆشان بۆ ئازادی‌و ئاسوودەیی میللەت، دروشمو ستراتیژ بوو کە بەداخەوە زۆری نەخایاندو ئەم رەوتە گۆڕانکاری بەسەرداهات بە ئاقاری دووبەرەیی. حکومەتی بەعس هیوای بۆ دووبارە کۆتایی هێنان بەم جوڵانەوەیە، بوو بە خەون. بۆیەو بۆ تۆڵەکردنەوە لە تێکۆشەرەکانی ئەم سەرهەڵدانە، لە (پاییزی ١٩٧٦)، ماڵاو منداڵەکانی پێشمەرگەکانی حاجی ئۆمەران دەگری‌و رەوانەی هەولێرو لەوێشەوە بۆ کەرکوکو ئینجا بۆ کوتو عیمارە دەیانبات. دواتر گرووپی خانەوادەکانی ئێمە دەکات بە دووبەشەوە، بەشێکیان دەگێڕێتەوە بۆ کەرکوکو لە حەویجە زیندانی دەکرێن‌و بەشەکەی تر لە عیمارە دەمێننەوە. بێگومان تەنها ماڵاو منداڵی ئێمە نەبووە بەڵکو هی زۆرێک لە پێشمەرگەکان بوو کە دەستیان گەیشتبنی‌و گیرابوون‌و لەگەڵا ئەوانەی ئێمە زیندانی کرابوون. ماڵاو منداڵەکانمان لە ناخۆشترین بارووددۆخ، ژیانیان بردۆتەسەر لەو دۆزەخەدا. زۆرێک لەوانەش تاکو ئێستا مووچەی زیندانی سیاسیان بۆ نەبڕدراوەتەوە کە یاسایەکی تایبەت دەست نیشانی کردووە بۆیان. ئەم لیستەش، ناوی زیندانیانی ئەو کەس‌و خانەوادانەی کە پێشمەرگەکانیان حاجی ئۆمەرانی‌و کەسوکارەکانیان‌ن کە دواتر وەک پێشمەرگە لە قەندیلەوە پەیوەندیان پێوکردووین‌و ناسراون‌و لەلامان.

**ناوی زیندانیانی سیاسی خانەوادەی پێشمەرگەکانی حاجی قومەرانو کەسوکارەکانیان**

| ز | ناوی زیندانییەکان | ز | ناوی زیندانییەکان | ز | ناوی زیندانییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زلێخا احمد قادر | ٢٧ | بسی محمود عبدالله | ٥٣ | عثمان ملکان عثمان |
| ٢ | خدیجە عبدالله رمضان | ٢٨ | روناك ملا محمد | ٥٤ | حلیمە ملکان عثمان |
| ٣ | بیری محمد مراد | ٢٩ | دەرسیم ملا محمد | ٥٥ | عبدالله عثمان ملکان |
| ٤ | چیمن علی کوردە | ٣٠ | پیران ملا محمد | ٥٦ | اسمر عثمان ملکان |
| ٥ | پری علی کوردە | ٣١ | دلێر ملا محمد | ٥٧ | فرحانە عثمان ملکان |
| ٦ | چنار علی کوردە | ٣٢ | محمد ملا محمد | ٥٨ | همین داود ملکان |
| ٧ | جنگی علی کوردە | ٣٣ | نسرین عبدالله میرخان | ٥٩ | هێمن داود ملکان |
| ٨ | فات عبو مراد | ٣٤ | درخشان عبدالله محمد | ٦٠ | فوزیە محمود مجید |
| ٩ | فوزی سلێمان نبی | ٣٥ | سۆزان عبدالله محمد | ٦١ | علی حسێن مصطفی |
| ١٠ | مریم سلێمان نبی | ٣٦ | شکریە محمود مجید | ٦٢ | کیفی حسێن مصطفی |
| ١١ | بسی عبو مراد | ٣٧ | فایق نبی محمد | ٦٣ | عبدالله حسێن مصطفی |
| ١٢ | امینە احمد نبی | ٣٨ | رسوڵا نبی محمد | ٦٤ | صبریە حمدامین احمد |
| ١٣ | سردار احمد نبی | ٣٩ | علی عبدالله ابراهیم | ٦٥ | رسمیە حاجی مصطفی |
| ١٤ | سیروان احمد نبی | ٤٠ | نبی احمد خدر | ٦٦ | قانع حاجی مصطفی |
| ١٥ | زلێخا مراد مولود | ٤١ | مریم نبی احمد | ٦٧ | سعدیە محمد محمود |
| ١٦ | بسی مصطفی شەم | ٤٢ | ارسلان نبی احمد | ٦٨ | عبدالله محمد محمود |
| ١٧ | صلحیە علی کۆ | ٤٣ | زهراو نبی احمد | ٦٩ | حسێن حمدان عایز |
| ١٨ | صبریە علی کۆ | ٤٤ | سلێمان نبی احمد | ٧٠ | محمد حسێن حمدان |
| ١٩ | فخریە علی کۆ | ٤٥ | صمد نبی احمد | ٧١ | قدریە حمد عثمان |
| ٢٠ | کوردە علی کۆ | ٤٦ | حارس محمد عثمان | ٧٢ | حلیمە ابراهیم حمد |
| ٢١ | پیمان علی کۆ | ٤٧ | سفیر عبدالله اسماعیل | ٧٣ | گوڵا ابراهیم حمد |
| ٢٢ | خاس حمد خضر | ٤٨ | سفیر عبدالله عثمان | ٧٤ | خەجیجە رسول ملا |
| ٢٣ | امان نبی نبی | ٤٩ | رسول مصطفی عارب | ٧٥ | خەج حمد حاجی |
| ٢٤ | جمال نبی نبی | ٥٠ | محمود رسول مصطفی | | |
| ٢٥ | ناهیدە نبی نبی | ٥١ | جمیلە مصطفی رسول | | |
| ٢٦ | حلیمە نبی محمود | ٥٢ | مریم محمد مصطفی | | |

# حسێن محەمەد تەها باليساني

لە (١٩٥١/٩/١٥) لە شاری هەولێر لەدایک بووە، لە (١٤)ی تەمموزی ساڵی (١٩٧٣) لە کۆلێژی پۆلیس دەرچوو بە مولازیمی پۆلیس و لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر دامەزرا، بەگوێرەی بڕیاری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی هەولێر کە ئەبێ ئەفسەرە تازە دەرچووەکان کەمێک لە سەنتەری شار بمێننەوە بۆ ئەوەی فێری لێکۆڵینەوە ببن لە ژێر دەستی ئەفسەرەکانی پێشووتر ئینجا بگوازرێنەوە بۆ دەرەوەی شار، بۆیە کە لە بەغدا گەڕاوە پاش بەشداربوون لەخولێکی موخابەرە لە سەربازگەی رەشید چووە قەزای مێرگەسۆر کە بۆی دیار کرابوو، دوای چەند ڕۆژێک فەرمانیان گۆڕی بۆ قەزای کۆیە چونکە ملازم (مدحت حمید کۆیی) شەڕی کردبوو لەگەڵ قایمقامی کۆیە بۆیە ئەویان گواستەوە بۆ مێرگەسور و منیش بۆ کۆیە .

لە (١٩٧٤/٣/١١) دوای ئەوەی حزبی بەعس بەڵێنەکانی کە دابووی بە گوێرەی بەیانی (١١)ی ئازاری (١٩٧٠) بەجێنەگەیاند و لە ماوەی (٤) ساڵ نێوان (١٩٧٠ — ١٩٧٤) لە پێلان گێران بوو بۆ پووچەڵ کردنەوەی ناوەڕۆکی بەیانەکە، ئیتر سەرکردایەتی کورد بڕیاریدا بە دووبارە بەردەوام بوونی شۆڕش بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کورد لە کوردستان .

ئیتر لەسەر ئەم بڕیارە هەموو دەزگاکانی فەرمی و حیزبی هەر کەس لە ناوچەی خۆی جێگایەکی بۆ دانرا بۆ ئەوەی بارەگای بگوازێتەوە بۆ ئەم جێگایەی

بۆی دیاریکرابوو، وە دێی (گۆپتەپە) بۆ دام و دەزگاکانی قەزای کۆیە دیاریکرا بوو، وە بە پێی ئەو بڕیارە دام و دەزگاکان گواسترانەوە بۆ ئەم دێیە، دوای دوو سێ ڕۆژ بروسکە هات کە هێزی پۆلیسی هەولێر بگوازرێنەوە بۆ گوندی سماقوڵی سەروچاوە بۆ ئەوەی هێزێک پێکبهێرێت بە ناوی هێزی ئازادی و لەوی جێگیر بکرێن بەلام دوای چەند ڕۆژێک لێژنەیەک لەسەرکردایەتی جەولەی دەکرد بۆ ڕێکخستنی هێزەکان، لێژنەکە پێکهاتبوو لە مامۆستا محمد مەلا قادر لێپرسراوی لقی هەولێر و کمال شێخ غەریب بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر وکاک ڕەشید سندی و ماموستا علی هەژار، کە ئەمیان زۆر ئاشنابوو لەگەل خانەوادەی شێخەکانی بالیسان و تقدیمی کردم بۆ کاک کمال غریب، ئیتر کاک کمال بیری هاتەوە کە ئەو چووە بۆ خوولی مخابرە لەسەربازگەی ڕەشید لە بەغدا بۆیە منیان هەڵبژارد کە بچم بۆ مەکتەبی عەسکەری و لە موخابەرەی گشتی ئیش بکەم. لەسەر بڕیاری ئەوان نووسراویان بۆ کردم وەچوومە موخابەرەی گشتی و لەوێ دەستبەکاربووم وەکو ئەفسەری موخابەرەی ئەمانەتەکان هەتا کاتی هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول و ئاوارە بوون بۆ ئێران.

دوای دەرچوونی بڕیاری لێبوردن لە هەموو ئەوانەی بەشداریان کردووە لە شۆڕش و گەڕانەوە لە ئێران لە نیسانی (١٩٧٥) وە دورخرامەوە بۆ شاری دیوانیە لە باشووری عێراق وە لە (١٩٧٥/٧/١٢) بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەرچوو وە لە سلکی پۆلیس دوورخرایەوە لە گەل کۆمەلێک ئەفسەری پۆلیسی کورد کە لە ئێران گەڕابونەوە و کران بە مەدەنی، پاشان ئەو لە بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی دیوانیە وەکو تێبینەر (ملاحظ) دەست بەکاربووم. دوای ماوەیەک هەوڵیدا و ڕاژەی گواستەوە بۆ شاری ڕومادی بۆ ئەوەی دەستبەکاربێ بە خوێندنەوە - ئێواران- لە کۆلێژی زانست بەشی فیزیا — زانکۆی موستەنسریە لە بەغدا.

ساڵی (١٩٧٧) هەوڵیدا ڕاژەی گوازرایەوە بۆ بەعقوبە چونکە نزیکتربوو لە بەغدا و زانکۆی موستەنسریە، ساڵی (١٩٧٩) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە فیزیا وەرگرت و لە دەیەمەکانی سەر بەش بوو و زۆر هەوڵیدا کە لە ماجستیر وەربگیرێ بەلام لەبەر هۆی سیاسی وەرنەگیرا. لە سالی (١٩٨١) ئەویان دانا وەکو بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی دیالی بە وەکالەت، شەڕی ئێران و عراق بوو زروفێکی زۆر ناخۆش بوو چونکە پارێزگایەکی سنووری بوین، زۆربەی ڕۆژەکان

بۆمباباران دەکراین.

ساڵێ (١٩٨١) ڕاژەی گواسترایەوە بۆ بەغدا لە سەر داوای خۆی و لە مەڵبەندی ئاگر کوژاندنەوەی (اعظمية) دەست بە کار بوو.

ساڵی (١٩٨٣) ڕاژەی گواستراوە بەرگری شارستانی هەولێر چونکە نەقیب مەولانای برا گەورەی لە شەڕی ئێران بزر بوو و منداڵەکانی ووردبوون لە هەولێر بۆ ئەوەی سەرپەرشتیان بکات ڕاژەی گواستەوە هەولێر. وە بو بە ئەفسەری ئاگر کۆژاندنەوەی پارێزگای هەولێر هەتا ڕاپەرینی ساڵی (١٩٩٢).

ساڵی (١٩٨٧) دەستی بە خوێندن کرد لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەدین و لە ساڵی (١٩٩٢) بڕوانامەی بکالوریوسی بەدەستهێنا .

دوای ئەوەی ڕاپەرین هەرەسی هێنا و حکومەتی بەغدا گەڕایەوە هەولێر و لەبەر ئەوەی لە کاتی ڕاپەڕین بەرەی کوردستانی ئەویان دەستنیشان کرد وەکو بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی هەولێر. دووبارە حکومەتی بەعس گەڕایەوە و لێژنەیەکی تایبەت لە بەغدا هات دواي لێکولینەوە خانەنشین کرا.

دوای کشانەوەی حکومەتی بەغدا لە کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم بە پلەی مقدمی پولیس گەڕاوە، وەکرا بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی هەولێر دەستی بە ڕێکخستنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکە کرد و ئەگەر چی ناکۆکی سیاسی و شەڕی براکوژی ڕێگربوو لە هەوڵەکان بەڵام هەر چۆنێک بێت توانی بەڕێوەبەرایەتیەکە بخاتە سەر پێ .

# حسێن حەسەن قادر شناغەیی

لە ساڵی ١٩٣١ لە گوندی شناغەی سیانان لە دایک بووە و لە ساڵی ٢٠٠١ کۆچی دوایی کردووە.

لە ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، پلەی ئەندامیتی پێ سپێردراوە. لە ساڵی ١٩٧٢ دەبێتە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی پارتی لە سنووری کەندیناوە. لە ساڵی ١٩٧٤ لەسەر داوای حزب دەچێتە شاخ و ڕەوانەی ئێران دەکرێت و دەچێتە دەورەی سەربازی لە سلکی عەسکەری، لە دواییدا دەبێتە بەرپرسی مەشق و ڕاهێنانی شۆڕش و چەندین خولی بەڕێوە دەبات.

لەسەر فەرمانی ئیدریس بارزانی دەگوازرێتەوە مەکتەبی سیاسی پارتی و دەبێتە بەرپرسی سەربازی شۆڕش.

لە دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارەیی ئێران دەبێت لە ئۆردوگای زێوی لە دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق دەگوازرێتەوە بۆ شاری میسان لە ئۆردوگای موسیب بۆماوەی ١٠ ساڵ لە باشووری عێراق دەبێت لە کارگەی دروستکردنی تراکتۆر وەک فەرمانبەر دەست بە کار دەکات، دواتر دەگوازرێتەوە بۆ ئاسکی کەلەک لە ناحیەی خەبات بۆ ماوەی سێ ساڵ لەوێ دەبێت و دوایی ڕێگای پێ دەدەن بگەڕێتەوە شاری هەولێر.

# حەمە ساڵح فەرهادی



دەتوانین شۆڕشی ئەیلوولی ساڵانی (١٩٦١ -١٩٧٥) بە گەورەترین و درێژخایەنترین شۆڕشەکانی پێش خۆی دابنێین لە کوردستاندا. ئەو شۆڕشە زۆرترین جەماوەری کوردی لە دەوریدا کۆبووبووە و لەلایەن سەرکردایەتیەکی بە ئەزموونی ئەوسادا بەڕێوە دەچوو، بە سەرۆکایەتی (مەلا مستەفا بارزانی) خوا لێی خۆشبێت. من لەنیوەی دووەمی شەستەکاندا، سەرەڕای ئەوەی هێشتا قوتابی بووم، بووم بە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆیە لەوساوە خۆم بە دوور لە شۆڕش نەدەزانی و تا ڕادەیەکیش بەپێی تەمەنی ئەوسام، ڕۆلی جۆرێک لە بەرپرسیارییەتیم هەبوو، بەتایبەتی ساڵانی (١٩٧٠- ١٩٧٤).

دوای کۆتاییهاتنی ماوەی چوار ساڵ دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنامەی ١١/ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ و پابەندنەبوونی حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ دا، شۆڕشی چەکداری دەستپێکردەوە و ئەمجارەیان خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر سەرنجراکێش ڕوویان کردە شاخەکان و لە دەوری سەرکردایەتی ئەوسای شۆڕشدا کۆبوونەوە و هەڵوێستی ڕاشکاوانە و توندیان بەرامبەر بە پاشگەزبوونەوەی حکوومەت ڕاگەیاند.

بەندەش یەکێک بوو لەو سەدان هەزار کەسەی وەزیفە و کاری فەرمی و شوێنی نیشتەجێی ڕاستەقینەی خۆمم جێهێشت، کە مامۆستا بووم لە ئامادەیی

کشتوکاڵی هەولێر لە ئاسکی کەلەک و ڕووم لە (چۆمان)ی بنکەی سەرەکیی شۆڕش کرد و لەوێش درێژەم بەکاری فەرمیی جارانم دا، کە مامۆستایەتی بوو و ماوەی ئەو ساڵەی مامۆستایەتییەکەشم بەم جۆرە بوو:

١-گوندی بالیسان.

٢-دەربەندی ڕایات.

٣-بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێری سەر بە شۆڕش، وەکوو بەرپرسی هۆبەی (داتاو و پلان- الاحصاء والتخطيط)، کە ئەوسا ناومان نابوو (ژمێرکۆ و پلان)

دوای ڕێککەوتننامە شوومەکەی جەزائیر لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ لە نێوان سەدام حسێن و محەمەد ڕەزا شای ئێران بەهاوکاریی هەواری بۆمیدیەنی سەرۆکی ئەوسای جەزائیر و بڕیاردان بەکۆتایی پێهێنانی شۆڕش، خەڵک بە بڕیارەکە ڕازی نەبوون و ویستیان بەهەر جۆرێک بێت، تەنانەت ئەگەر بە شەڕی پارتیزانیش بێت، بەردەوامی بە شۆڕش بدەن و خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق نەکەنەوە، بەندەش بەکێک بووم لەوانە و ناوی خۆمان تۆمارکرد و ئامادەیی بەردەوامبوونمان نیشاندا، بەڵام دیاربوو پیلانەکە زۆر لە بڕیارەکەی ئێمە گەورەتر بوو و بە ناچاری دەستمان لە هەموو شتێک هەڵگرت و ڕوومان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و ماوەی نزیکەی مانگێک لە شاری (شنۆ) نیشتەجێ بووین، لەم ماوەیەدا خەڵک بە کۆمەڵ دەگەڕانەوە بۆ عێراق و خۆیان ڕادەست دەکردەوە.

دوای ئەوەی ترووسکاییەکی ڕووناکی لەبەردەم ئێمەدا نەما و بە تەواوی بێ ئومێد بووین، دوو هەڵبژاردەمان بۆ مایەوە، یان ئەوەتە لە ئێران بمێنینەوە و هەر شوێنێک حکومەتی ئێران بۆمان دەستنیشان بکات، لەوێ نیشتەجێ بین و ئەگەر دواتر دەرفەتی ئەوەمان بۆ ڕەخسا، بچینە دەرەوە و لە یەکێک لەو وڵاتە ئەوروپاییەکاندا نیشتەجێ بین، یانیش خۆمان ڕادەستی حکوومەتی عێراق بکەینەوە و چارەنووسی خۆیمان بخەینە دەست ئەو ڕژێمەی کە بە ڕواڵەت لێبوردنی گشتی دابوو، بەڵام کەسیش لە شەڕپێفرۆشتنی و بیانووپێگرتنی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ئەو دڵنیا نەبوو!

من دوای بیرکردنەوە و لێکدانەوەی خۆم و بە گوێدانە بارودۆخی تایبەتیی ماڵەوەمان لەهەولێر، هەڵبژاردەی دووەمم هەڵبژارد و بڕیارمدا بگەڕێمەوە و خۆم ڕادەست بکەمەوە. بۆیە خۆم ئامادەکرد و بەیانی ڕۆژی (١٤/٤/١٩٧٥) لە (شنۆ) وە بەرە و حاجی ئۆمەران بەڕێکەوتم و بۆ نیوەڕۆکەی گەیشتمە ئەوێ، لەوێ

ئاپۆڕایەکەی زۆر هەبوو، چ هی ئەوانەی وەکوو من هاتبوون خۆیان ڕادەست بکەنەوە و چ هی ئەوانەی لە هەولێر و شارو شوێنەکانی دیکەوە هاتبوون و دەیانویست سۆراغی کەسوکاریان بزانن، کە هێشتا نەگەڕابوونەوە.

لەسەر سنوور، دوای ماوەیەک بە ئۆتۆمبێلی تایبەت، کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرابوو، ڕەوانەی هەولێریان کردینەوە و لە هەولێریش دوای زانیاری لێوەرگرتن، چووینەوە بۆ ماڵ.

ڕەنگە خوێنەر وا تێبگات کە دوای ساڵێک دووریم لە ماڵ، کاتێک گەیشتمەوە ماڵەوە لە کاتە هەرە خۆشەکانی ژیانم بووبێت! بەڵام چونکە جۆری هاتنەوەکەمان بەم شێوەیە و دوای ئەو شکستە گەورەیە بوو، هەستم بە خۆشی نەکرد.

بۆ ڕۆژی دوایی، واتە ڕۆژی ١٩٧٥/٤/١٥ چوومە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر و هاتنەوەی خۆمم پێ ڕاگەیاندن، ناویان تۆمارکردم و هەمان ڕۆژ بە دەستبەکاربوو دانرام، چونکە دوای دەرچووم بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٣٣٥٩٥) لە (١٩٧٤/٦/٢٣) لە ڕۆژی (١٩٧٥/٥/٢٥)، پاش نیوەڕۆ، بەدەست لەکار کێشاوە (مستقیل) دانرابووم.

پاشان بەپێی فەرمانی بەڕێوەبردنی ژمارە (٥) لە ١٩٧٥/٤/١٦، کە لە ئەمینداریێتی گشتی پەروەردە و فێرککردنی باڵای ناوچەی حوکمی زاتییەوە گەڕانەوەم ڕاگەیێندرا دوای ئەویش بەپێی فەرمانی وەزاری لە وەزارەتی پەروەردەی عێراق ژمارە (٣٦٩٦٩) لە ١٩٧٥/٦/١٦ دووبارە دامەزرامەوە و ماوەی نەهاتنی ئەو ساڵەی کە لە دەرەوە بووم، کرا بە نەهاتنی بێ مووچە (تغیب بدون راتب). دەستبەکاربوونیشم بە فەرمانی بەڕێوەبردنی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگای هەولێر/ خۆیەتی دواناوەندی ژمارە (١٤٠٣٣/٦) لە ١٩٧٥/٤/٢٩ و پاشانیش فەرمانی وەزاری وەزارەتی پەروەردەی عێراق/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی پیشەیی ژمارە (٢٩٩٠٢) لە ١٩٧٥/٥/١٥ ڕاگەیێنرا.

**باوکم هەرچەندە سیاسی نەبوو، بەڵام دوای هاتنەوەم بە یەک- دوو رۆژ گوتی:**

من لەوەتەی بیر دەکەمەوە رقم لە شای ئێران بووەتەوە، چ ئەوەی ئێستا و چ ڕەزا شای باوکی، پاشان بەهۆی ئەوەی دەیانگوت هەڵوێستی لەگەڵ کورد باشە و یارمەتی شۆڕش دەدات، خەریک بوو ڕام بگۆڕم، بەڵام دوای ئەو نامەردییەی بەرانبەر بەشۆڕش کردی، بۆم دەرکەوت من هەلە نەبووم.

ئیتر لە قوتابخانەی جارانم (ئامادەیی کشتوکاڵی)دا دەستبەکار بوومەوە، بەڵام قوتابخانەکە وەکوو دەڵێن (ئەو هەوار بوو، بەڵام ئەو بەهار نەبوو)! ئەویش بەهۆی بارودۆخی نوێی سیاسییەوە.

بەهەر حاڵ بەهۆی پشووی هاوینەوە، زیاتر لە (٥) مانگ لە قوتابخانەکە مامەوە، دوای ئەوە بۆ خوارووی عێراق دوورخرامەوە.

من پێشتر بەماوەیەک هەواڵی گواستنەوەم زانیبوو، بەڵام دوای ئەوە بە چەند ڕۆژێک نووسراوی گواستنەوەکەم گەیشت، ئەویش فەرمانی وەزاریی وەزارەتی پەروەردە، ژمارە (٥٧١٩٨) بوو و رۆژی ١٩٧٥/٩/٢٠ دەرچوو.

نووسراوەکە جگە لەمن، هەموو ئەو مامۆستایانەی ئامادەییە کشتوکاڵییەکانی تێدا گواسترابووەوە، کە پێشتر وەکوو من چووبوونە ڕیزی شۆڕش، بۆ پەردەپۆشکردنی کارەکەش، ناوی ئێمەیان لەگەڵ ناوی ئەو مامۆستایانەدا تێکەڵ کردبوو، کە پێشتر خۆیان داوای گواستنەوەیان کردبوو، واتە هەمووومان کراوەتە یەک لیست و یەک فەرمان، بەڵام بۆ هۆی گواستنەوەی ئەوان نووسرابوو (لەسەر داوای خۆیان) و بۆ ئێمەش کە (١١) مامۆستا بووین، نووسرابوو (لەبەر بەرژەوەندیی گشتی)! لەو (١١) مامۆستایە، ئێمە (٣) کەس بۆ ئامادەیی گشتوکاڵی (بەسرە) لە (قوڕنە) گواسترابووینەوە، کە دوورترین ئامادەیی کشتوکاڵ بوو لە هەموو عێراقدا. ئەو (٣) مامۆستایەش، من لە هەولێر و مامۆستایان عومەر عارف محەمەد و فائیق نامیق خەراجیانی، خوا لێی خۆشبێت، لە ئامادەیی کشتوکاڵی سلێمانی بوون لە (بەکرەجۆ).

ڕۆژی ١٩٧٥/٥/١٣ بە نووسراوی ژمارە (١٥٠٠) ی هەمان ڕۆژ ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر و پاشان نووسراوی ژمارە ٣٢٣٩٨/١٩ ی هەمان ڕۆژی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، دەستم لەکار هەڵگرت و بە ناچاری و خەمێکی زۆر بە دوو جانتای گەورەی پڕ جلوبەرگ و کەلوپەلی پێویستەوە بەرە و بەسرە بەڕێکەوتم، شەو لە بەغدا مامەوە، چوومە هوتێلی (ئەربیل) ی سەر

شەقامی (ڕەشید)، کە خاوەنەکەی (مام قادر خۆشناو) بوو و ناسیاوێتی لەگەڵ ئێمە هەبوو، ئەو کاتی هاوڕێی دێرینم شەهید (نووری ئیسماعیل نانەکەلی)ش، کە قوتابی دوا ساڵی کۆلیجی ماف بوو لە زانکۆی (موستەنسریە)ی بەغدا/ بەشی ئێواران، ئەویش لە هەمان هۆتێل بوو.

بۆ بەیانییەکەی بە پاسێکی تایبەت بە هێڵی بەغدا- بەسرەوە بەرە و بەسرە بەڕێکەوتم. من پێشتر بەسرەم نەبینیبوو، بەڵام دەمزانی نێوانی بەغدا و بەسرە لەنێوانی هەولێر و بەغدا زیاترە.

لە ڕێگادا پاسەکە گۆرانیی تۆمارکراوی لێدەدا، گۆرانییەکانیش هەموویان گۆرانی لادێی (ریفی) بوون و تایبەت بوون بە باشووری عێراق، ناو بەناو لە گەرمەی گۆرانییەکانیشدا، یەک دوو کەس هەڵدەستان و لەڕێڕەوی ناوەڕاستی پاسەکەدا سەمایان دەکرد، منیش هەر سەیرم دەکردن!

ڕێگا دوورەکەی (بەغدا- بەسرە) بەزۆر شارو شارۆچکەدا تێدەپەڕی، کە بۆ من هەموویان یەکەم جار دەمبینین، لەوانە: عەزیزیە، کوت، عەلی شەرقی، عەلی غەربی، شێخ سەعد، عیمارە، قوڕنە و پاشانیش بەسرە.

ئێوارەکەی گەیشتمە بەسرە، لە گەراج بە تاکسییەک چوومە ناوچەی (عەشتار)، چونکە بەسرەی ئەوسا لە دوو ناوچەی سەرەکی پێکهاتبوو: بەرەی کۆن و عەشتار، عەشتار نوێ و ئاوەدان بوو، بە پێچەوانەی بەسرەی کۆن.

لە عەشتار چوومە هوتێلێک بەناوی (بغداد الحدیث)، واتە (بەغدای نوێ)، هۆتێلەکە تاڕادەیەک خۆش و لەسەر شەقامێکی گشتی بوو.

لە هوتێل کەمێک پشوومدا، پاشان هاتمە خوارەوە، بە مەبەستی ئەوەی پیاسەیەک بەناو شاردا بکەم. لە یەکەم ڕۆژی گەڕانم بەناو شارەکەدا، بەجیا هەریەک لە (شێخ عەلی مەحموود) و کاک (فارس شوکری)م دیت،کە پێشتر لەو کاتەی لە هەولێر سەرباز بووم، دەمناسین، یەکەمیان (ڕەئیس عورەفا) و خەڵکی لای سلێمانی بوو، دووەمیشیان جێگری ئەفسەر و خەڵکی لای ئاکرێ بوو، ئەوانیش تەنیا لەبەر ئەوەی کورد بوون، بۆ بەسرە گواسترابوونەوە، بە دیتنی ئەوان هەندێک دڵم کرایەوە. شەو لە بارەی ئامادەیی کشوکاڵی بەسرەوە لە خاوەنی هۆتێلەکەم پرسی: **دیار بوو هەر ناویشی نەزانیبوو! دواتر گوتم: ئەی پەروەردە لەکوێیە؟** گوتی: پەروەردە لێرەوە دوور نییە، دەتوانی بەپێ بچیت، ئینجا شوێنەکەی بۆ ڕوونکردمەوە.

بۆ بەیانی چوومە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بەسرە، چوومە خۆیەتی

دواناوەندی، کە دەبوو ئامادەیی کشتوکاڵی سەر بە ئەوان بێت و ئەوان بزانن لە کوێیە، بەڵام دیاربوو ئەوانیش زانیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەی قوتابخانەکەوە نەبوو، تەنیا ئەوەندەیان دەزانی لە (قورنە)یە و لە هەمان بینایەی ئامادەیی قورنەدا دەوام دەکەن. (قوتابخانەکە بە نوێی کرابووەوە). شەوێکی دیکەش لە بەسرە مامەوە و بۆ بەیانی چوومە قورنە، کە نزیکەی (٧٠- ٨٠) کیلۆمەتر لە سەرووی بەسرەیە، لەنێوان بەسرە و عیمارەدا، لەوێ چوومە هوتێلێک بەناوی (شط العرب)، هوتێلەکە کەوتبووە سەر شەقامە سەرەکییەکەی ناو شار و خاوەنەکەی ناوی (جەعفەر) بوو، جانتاکانم لە هوتێل دانا و بەپرسیارکردن چوومە ئامادەیی قورنە، کە چوومە ئەو ژوورەی بۆ مامۆستایانی ئامادەیی کشتوکاڵی تەرخانکرابوو، دیتم مامۆستایان عومەر عارف و فائیق نامیق (خوا لێی خوشبێت) لەوێ دانیشتبوون، بەڕێوەبەری ئامادەیی کشتوکاڵیش، کە ناوی مامۆستا (سالم عەبوود محەمەد) بوو لەوێ بوو، دیاربوو ئەویش لە مێژنەبوو وەکو بەڕێوەبەر هاتبووە ئەوێ، چونکە قوتابخانەکە نوێ بوو و تازەکرابووەوە.

دەستبەکاربوونی من لە ئامادەیی کشتوکاڵی بەسرە لە قورنە ڕۆژی ١٩٧٥/١٠/١٨ و بە نووسراوی ژمارە (١٩) ی ڕۆژی ١٩٧٥/١٠/٢١ ی قوتابخانەکە بوو، پاشان لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی بەسرەش بە فەرمانی کارگێڕی ژمارە (٥٧٢٩٥) ی ڕۆژی ١٩٧٥/١١/٦ و لە وەزارەتی پەروەردەش بە فەرمانی ژمارە (٧٤٦٣٩)ی ١٩٧٥/١١/٣٠ دەستبەکاربوونم تۆمارکرا.

قورنە شارێکی تۆزاوی و تاڕادەیەکیش پیس بوو، کەشوهەوایەکی گەرم و شێداری هەبوو، جگە لەمە جۆرەها مێرووشی هەبوو، لە مێرووی بچووکی بە قەد سەرە دەرزییەکەوە، هەتا گەورەی وەکو قالۆچە.

لە قوتابخانە دەوامماں هەموو ڕۆژێک بەیانیان بوو، سێ ڕۆژ لەگەڵ ئامادەیی قورنە و سێ ڕۆژیش لەگەڵ قوتابخانە ناوەندییەکەی و بەماوەیەکی کەم زۆربەی مامۆستایانی هەردوو قوتابخانەکەمان ناسی و پێوەندیمان لەگەڵ زۆریان ئاسایی بوو.

خەڵکی بەسرە بەگشتی پاشخانێکی مارکسییان هەبوو، کوردیان خۆشدەویست و زۆرجار ئەوەیان بە ئێمە دەگوت.

دوای ئەوەی چەند ڕۆژێک لەوێ دەواممان کرد و بوو بە سەری مانگ، موچەی ئامادەییە کەیان هێنا، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێمە تازە چووبووینە ئەوێ و هێشتا بڕوانامەی دوا مووچەمان نەهاتبوو، هەتا لیستی مووچە بۆ ئێمەش ئامادە

بکەن، یەکێک لە مامۆستاکان کەناوی (شێخ یوونس) بوو، پیاوێکی هەندێک بە تەمەن بوو، بەهۆی ئەوەی لەکاتی خۆیدا کۆلیجی (فیقە)ی نەجەفی تەواوکردبوو، جلوبەرگی مەلاکانی شیعەی لەبەر دەکرد (کەوێ و عەبا و مێزەر)، مامۆستاکانی قوتابخانە هەندێکیان بە (مەولانا) و هەندێکیشیان بە (ئوستاز) و هەندێکی دیکەش بە (ئەبوو قەیس) بانگیان دەکرد.

شێخ یوونس پیاوێکی بەڕێز بوو، کە مووچەکەی وەرگرتبوو و زانی ئێمە هێشتا مووچەمان وەرنەگرتووە، پارەکەی لە گیرفانیدا نەنابوو، هەتەلامان و گوتی ئێوە مووچەتان وەرنەگرتووە، دەترسم پارەتان پێویست بێت، مووچەکەی خۆم دەدەمە ئێوە و ئێوەش کەی مووچەتان وەرگرت بمدەنەوە، من پێویستیم پێی نییە. ئێمەش سوپاسمان کرد و گوتمان پارەمان لایە و حیسابی هەموو شتێکمان کردووە. ئەمە هەڵوێستێکی جوامێرانەبوو کە نواندی، ئێستاش لەبیرم نەچووە سوپاسی دەکەم و یادی بەخێر.

کە هەندێک لە قوڕنە شارەزابووین، زانیمان کاک (کەمال محیەدین)ی کۆیی کراوەتە سەرۆکی شارەوانیی ئەوێ، کاک کەمال پێشتر پارێزەرێکی شارەزا و سیاسییەکی ناسراوبوو، لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا ئەندامی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. ئێمە جار جارە لە شارەوانی سەردانمان دەکرد، ئەویش دڵی بە ئێمە خۆش دەبوو و زۆر جاریش راز و گلەییەکانی خۆی لای ئێمە دەردەبڕی.

یەکێک لە شتە دیارەکانی قوڕنە (شجرة ئادەم) بوو، کە درەختێکی گەورە و بە تەمەن بوو، خەڵک لە شوێنی دوورەوە بۆ دیدەنی ئەو شوێنە دەهاتن. درەختەکە لەشوێنی بەیەکگەیشتنی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات نزیک بوو.

ئێواران بە بەردەوامی دەچووینە گازینۆی (الاحرار)، کە خاوەنەکەی پیاویکی بەتەمەن و ڕووخۆش بوو، ناوی (یوونس) بوو، بەڵام هەر بە (ئەبوو عوبدولواحید) بانگ دەکرا، گازینۆکە لەسەر شەقامی سەرەکیی ناو شارەکە بوو و زۆربەی مامۆستا و فەرمانبەر و ڕۆشنبیرانی قوڕنە دەهاتنە ئەوێ.

کە دەچووینە گازینۆکە، خاوەنەکەی و زۆربەی خەڵکەکە ڕێزیان دەگرتین و بەچاوێکی بەرز سەیریان دەکردین. زۆرجاریش کە چایەمان دەخواردەوە، یوونس دەهات و دەیگوت پارەکەتان لەلایەن (فلان)ەوە دراوە، لەگەڵ قسەکەدا بەدەست ئاماژەی بۆ کەسەکەش دەکرد. ئێمەش سوپاسمان دەکرد. ئێمە ڕۆژ بەڕۆژ ناسیاومان زیادی دەکرد، زۆربەی خەڵکی قوڕنە، بە قائیقام و بەرپرسی حیزبی

بەعس و بەرپرسەکانی دیکەشەوە، ئێمەیان دەناسی و لە هەرجێیەک ئێمەیان ببینییایە، بەڕێزەوە سڵاویان لێ دەکردین.

کە ئێمە لە قورنە بووین، چەند مامۆستایەکی خەڵکی هەولێریش ئەوسا لە بەسرە بوون، لەوێ دامەزرابوون و وانەی کوردیی قۆناغی ئامادەییان دەگوتەوە، بەتایبەتی مامۆستا (فەتاح مامە) و مامۆستا (شەریف محەمەد زەینەڵ) هەروەها خوالێی خوشبێت کاک (عەبدولرەحمان گۆمەشینی)ش، کە پێشتر ئەندامی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە بەغدا، ئەویش بۆ بەسرە دوورخرابووەوە. من لە تەمەنێکی زووەوە ئارەزووی خوێندنەوەم هەبوو، بۆیە کە چوومە قورنەش، ناو بەناو دەچوومە کتێبخانەی گشتی ئەوێ.

وەکوو گوتم ئێمە لە قورنە تارادەیەک ناسراوبووین و لەزۆر بۆنەی گشتییدا بانگهێشت دەکراین، تەنانەت بۆ ڕێوڕەسمی (عاشوورا)ش بانگهێشتیان کردین، کە ئەوسا دەبووایە تەنیا یەک (حوسێنیە) بکرێت!

یەکێک لەو مامۆستایانەی کە ماوەیەک دوای ئێمە لە ئامادەیی کشتوکاڵی (مەجەڕی گەورە)ی پارێزگای میسان (عمارە)وە بۆ لای ئێمە گواسترابووەوە، مامۆستایەکی عەرەبی خەڵکی بەسرە بوو و ناوی (سەلاح لعێب) بوو، لە قسەکانی ڕا دیاربوو لە حزبی شیوعییەوە نزیکە و کوردیشی خۆشدەوێت، ڕۆژێکیان گوتی من کوڕە خوشک (خوشکەڕا)یەکم هەیە ناوی (هەندرێن) ە و لەکاتی خۆیدا بەهۆی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەوە لەشەڕی (هەندرێن) ئەو ناوەیان لێناوە.

ماوەیەک لە قورنە جەمی بەیانیانم لای کابرایەک دەخوارد، کە خواردنگەیەکی سادەی لە شوێنێکی لاپەڕ دانابوو و بەیانییان شتی سوورەوەکراوی ئامادە دەکرد و کابراکە خاوێن و ڕووخۆش بوو، خواردنەکەیشی خراپ نەبوو، هەتا ماوەیەک نەمدەزانی ناوی چییە، بەڵام پاشان کە زانیم ناوی (بەرغووس)ە و بەرغووسیش بەزمانی عەرەبی بە (کێچ) یان (تەپۆ) دەڵێن، کە زیندەوەرێکی پیس و بێزارکەرە! ئیتر تەنیا لەبەر ناوەکەی وازم لێهێنا و هیچی دی نەچوومەوە بۆ لای!

جاران عەرەبی خوارووی عێراق ئەگەر چەند منداڵێکیان لێ بمردایە، ئەوجارە کە منداڵیان بووایە، ناوی شتێکی پیسیان لێدەنا و لەو بارەوەڕەدابوون ئەوانەی ئەم جۆرە ناوانەیان لێبنرێت، بە منداڵی دیکەش نامرن! ناوەکانیش بەزۆری: چەللوب، جەروو، حەیوان، زباله، بەرغووس و هی دیکەش، کە ماناکەیان بە زنجیرە واتە: سەگ، گوجیلە، ئاژەڵ، گوفەک، کێچ بوو!

جەمی نیوەڕۆیانیشمان زۆرجار لە چێشتخانەیەکی هەندێک گەورە و پاک

بوو، خاوەنەکەی زۆر ڕێزی لێدەناین و زۆر جاران شتی زیادیشی بۆ دەهێناین و بە ڕاشکاوی دەیگوت: ئێمەی عەرەبی باشوور کوردمان خوشدەوێت، وەکوو عەرەبی ناوەڕاست نین!

کە ساڵی خوێندنی ١٩٧٥- ١٩٧٦ تەواو بوو، بۆ پشووی هاوین هاتمەوە هەولێر و پاشان لە ١٩٧٦/٩/١ بە مەبەستی دەستبەکاربوونەوەم بۆ ساڵی تازە، چوومەوە قوڕنە، کە چوومەوە هەواڵی ئەوەم پێگەیشت کە مامۆستایەکی خەڵکی عیمارە بەناوی (عەبدولواحید عوسمان موهەننا) لە ئامادەیی کشتوکاڵی (حیللە)، کە لە شارەدێی (مەدحەتییە) بوو، دەیەوێ شوێنەکەی لەگەڵ من بگۆڕێتەوە، واتە ئەو بێتە جێی من و منیش بچمە جێی ئەو، چونکە بۆ ئەو قوڕنە و عیمارە زۆر لەیەک دوورنین و بۆ منیش حیللە زۆر نزیککترە بۆ هەولێر. چوومە بەغداو لەوێش چوومە مەدحەتییە، لەوێ مامۆستاکەم بینی و ڕێککەوتین و دوو داواکاریی هاوبەشمان نووسی و ئیدارەی هەردوو قوتابخانەش ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕی. من هەردوو نووسراوی خۆم و هی ئەو بردە بەغدا، بۆ وەزارەتی پەروەردە/ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی پیشەیی. باش بوو پاشان ئەویان هێنا بۆ جێی من و منیشیان بردە بەغدا، بۆ ئامادەیی کشتوکاڵی بەغدا لە (فزێلیە)ی سەر کۆنە ڕێگای بەغدا- بەعقووبە، ئەمەیان بۆ من باش بوو، نیوەی ڕێگام بۆ کەم بووەوە، جگە لەمە خەڵکێکی زۆری کورد دەهاتنە بەغدا و منیش چەند برادەرێکم لەوێ بوون.

ئامادەیی کشتوکاڵی بەغدا ئامادەییەکی نموونەیی بوو، مامۆستاکانی زۆربەیان بەتەمەن و ئەزموون بوون، من بە تەمەن لەهەموویان بچوکتر و مووچەکەشم لە هی هەموویان کەمتر بوو، بەڵام لەوێ تاڕادەیەک ئاسوودە بووم و ساڵێکی خوێندنم لەوێ بەسەر برد و زۆر سوودم لە ئەزموونی ئەو مامۆستایانە وەرگرت و هەستم کرد کەسیان باسی حیزبایەتی و بەعسیان نەدەکرد.

**دەمەوێ بە کورتی چەند ڕووداوو بەسەرهاتی ئەو ساڵەی بەغدا باس بکەم:**

١- ئەو ڕۆژەی لە بەغدا دەستبەکاربووم، دوای ئەوەی لە ئیدارەی قوتابخانەکە کارم تەواو بوو، چوومە ژووری مامۆستایان، خۆم پێ ناساندن و ئەوانیش بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردم، دواتر لای مامۆسایەکی بە تەمەن دانیشتم، دووبارە بەخێرهاتنی کردمەوە و زەنگێکی لێدا بۆ ئەوەی چایەکم بۆ بهێنن. ئەو مامۆستایە (کامیل عەبدولکەریم شندی) بوو، هاوسەری ئەکتەری ناسراو (فەوزیە شەندی) و

باوکی هەردوو ئەکتەری تازە پێگەیشتووی ئەوسا (هیند کامل) و (هەدیل کامل) بوو. لەمیانەی قسەکرنماندا، ساڵی لەدایکبوونی منی پرسی، کە گوتم ساڵی ١٩٤٩ لەدایک بوومە، ئەو گوتی: منیش لە ساڵی ١٩٤٩ خوێندنی کشتوکاڵیم لە ئەمریکا تەواو کردووە. کە دەوامیش تەواو بوو، ویستم بگەڕێمەوە بۆ هوتێل، لای مەیدان، مامۆستا (عەدنان ڕەدیف) کە خەڵکی کەربەلا و باوکی یەکێک بوو لە کەسایەتییەکانی ئەوێ، گوتی دەچییە کام لا؟

گوتم: شەقامی ڕەشید، نزیک گۆڕەپانی مەیدان.

گوتی: کەواتە وەرە لەگەڵمن، هەر نەبێ هەندێک نزیکت دەکەمەوە.

منیش گوتم: بەمەرجێک ڕێی خۆت نەگۆڕی و من لە کوێ ویستم دادەبەزم.

گوتی: دە تۆ وەرە، خوا کەریمە.

پاشان هەرچەندە هەوڵم لەگەڵدا، هەر بردیەوە بۆ مەیدان.(خوا لێی خوشبێت).

٢- من تاکە کەس نەبووم لەو مامۆستا دوورخراوە کوردانەی کە بۆ ساڵی دووەمی دوورخستنەوەم بێمەوە بەغدا، بەڵکو لە هەمان لیستی گواستنەوەی مندا، مامۆستا (عەبدوڵڵا ئیبراهیم سەراج) کە مامۆستایەکی بە تەمەن و خاوەن کەسایەتییەکی بەرز بوو و خەڵکی سلێمانی بوو، لە ئامادەیی کشتوکاڵی (خالیس) ی پارێزگای (دیالە) و هێنرا بۆ بەغدا. (خوا لێی خۆشبێت).

٣- دوای دەستبەکاربوونم بەماوەیەکی کەم، ژمارەیەک قوتابییان لە هەولێر و هەندێک شوێنی دیکەی کوردستانەوە، هێنایە قوتابخانەکەی ئێمە، بەهۆی ئەوەی قوتابخانە کشتوکاڵییەکانی کوردستان قوتابیان زۆر بوو و قوتابیانی بەغداش کەمتر دەچوونە قوتابخانە پیشەییەکان، چونکە لە بەغدا دەرفەت و شوێنی دیکەش هەبوو. من بە هاتنی ئەوان زۆر دڵخۆش بووم و بە برای خۆمم دەزانین، هەتا ئێستاش پێوەندیم لەگەڵ هەندێکیان ماوە. لەبیرمە بچووکترین قوتابیش لەناو ئەو قوتابییە کوردانەدا (دەرسیم ڕەحمان) ی خەڵکی شارەدێی (دیبەگە) بوو، قوتابییەکی کڕو هێمن و بێ کێشە بوو، ئێستا لە ئەوروپا دەژی و یەکێکە لە چالاکوانە چالاکەکانی کەیسی ئەنفال و هەڵەبجەی شەهید.

٤ - کە چوومە بەغدا، زوو هەستم بەشتێک کرد، دەمبینی ناو بەناو خوالێخۆشبووان مەلا ناسیح و عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی و نەوزاد محەمەد عەلی

و عەلی ڕەسووڵ و بەڕێز ئەنوەر عەبدوڵڵا و چەند کەسێکی دیکەش، هەموویان پێکەوە بە کۆمەڵ لە شەقەمەکانی بەغدا، بەتایبەتی هەرسێ شەقامی ڕەشید و سەعدوون و ئەبو نەواس دەستووڕانەوە. من وەکوو تاکە کەس و بە سادەیی خۆمەوە هەستم دەکرد (خەریکی کارێکی سیاسین) تۆ بڵێی حکوومەتی عێراق بە هەموو دەزگا داپڵۆسێنەر و سیخوڕییەکانییەوە هەستی پێ نەکردبێت؟! لە ڕاستیدا ئەمە جێگای پرسیار بوو.

٥ - ماوەی ئەو ساڵەی لە بەغدا بووم، چەند جارێک ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، یان هەر بە ئاماژە، کە من تێدەگەیشتم، داوای کاری سیاسییان لێ کردم، داواکان لەلایەن هەر یەک لە مامۆستا مەلا ناسیح و کاک عەلی و کاک کاردۆ گەلاڵی و هاوڕێی دێرینم کاک نوری ئیسماعیل نانەکەلییەوە بوو (خوا لێی خوشبێت)، بەڵام من پێشتر بڕیاری خوم دابوو و نەمدەویست لە هیچ ڕێکخستنێکی سیاسیدا کار بکەم و دەمزانی من بۆ سیاسەت ناشێم!

٦ -ئەو ماوەیەی لە ئامادەیی کشتوکاڵیی بەغدا بووم، سەرەتا لە بەشی (ڕەزگەری) و پاشانیش لە (دەواجن) ی قوتابخانەکە مامۆستا بووم. من بەهۆی ئەوەی ئەوسا گەنجێکی (٢٧) ساڵان بووم، چێژم لە کارکردن وەردەگرت و نەمدەزانی ماندووبوون چییە، زۆربەی مامۆستاکانی دیکە بەهۆی تەمەن و کارکردنی زۆرەوە، ئەو خوڵقەیان نەمابوو، هەرچەندە هەموویان لەمن شارەزاتر بوون.

٧- لە کۆتاییەکانی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٧٧دا، هەواڵی ئەوەمان بۆ هات کە لەو ڕۆژانەدا سەرۆکی دەزگای فێرکردنی پیشەیی، مامۆستا (نزار عەبدولغەفار ناسری) و بەڕێوەبەری خوێندنی کشتوکاڵی لە دەزگاکە، مامۆستا (واسیق داینی) و چەند بەرپرسێکی دیکەی وەزارەتی پەروەردە، دێنە قوتابخانەکە. کە هاتن و کۆبوونەوەیەکی فراوانیان لەگەڵ هەمووماندا کرد، بەهەموو بەشەکانیشدا گەڕان، کە هاتنە بەشەکەی ئێمە (پەڕەوڵ- دەواجن)، زۆر لێی ڕازیبوون و دوای تەواو بوونی سەردانەکە، لەناو ئەو هەموو مامۆستا زۆر و بە تەمەنەدا، بڕیاریاندا ئێمە پێنج مامۆستا، سوپاس بکرێین و هەر یەکەشمان پاداشتێکی داراییمان بدرێتێ. ئەوەبوو دوای گەڕانەوەیان بە فەرمانی ژمارە (٦٩٨٢) لە ١٩٧٧/٣/٣٠ سوپاسنامەیەکمان ئاراستەکراو پاشانیش پاداشتەکەشمان بۆ سەرف کرا.

٨- ئەو ساڵەی لە بەغدا بووم، شەهیدان نوری نانەکەلی و ئەکرەم مەنتک، لەمێژ نەبوو بووبوونە پارێزەر، ئەوان پێشتر بەشی ئێوارانی یاساییان لە زانکۆی

(موستەنسەریە) ی بەغدا تەواو کردبوو و لە هەولێر پارێزەرییان دەکرد، ئەگەر ئیشێکیان لە بەغدا هەبوایە و بەمن تەواو بکرابووایە، بۆم تەواو دەکردن. کارکەشم وەکوو برادەر بۆ دەکردن، نەک بە پارە.

٩- دوای تەواو بوونی پشووی هاوین و کردنەوەی قوتابخانە، ئەم جارەش هەر بە رێگای کواستنەوە بە گۆرینەوە لەگەڵ مامۆستا (باسل عەبدولمەسیح جەرجیس) من بۆ ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر لە ئاسکی کەلەک گواسترامەوە و ئەویش لەوێوە بۆ ئامادەیی کشتوکاڵی بەغدا، بۆ جێی من.

١٠- بەشی زۆری مامۆستاکانی ئەوسای ئامادەییەکە بەعسی نەبوون، بۆیە ئەو رۆژەی (عوسمان محەمەد فائیق) ی بەرێوەبەری گشتیی دەزگای (هاوکاری) لە ناوەراستی بەغدا درایە بەر گوللـە و کوژرا، هەندێک لە مامۆستاکان لە ژووری مامۆستایاندا باسیان دەکرد و دەیانگوت: ئەوە کوردە و لەساڵی (١٩٥٧) وە بەعسییە، چۆن ناکوژرێت؟!

١١- ئەو ساڵەی لە ئامادەیی کشتوکاڵی بەغدا بووم» کەس داوای ئەوەی لێنەکردم ببمە بەعسی، تەنیا مامۆستا (عەبدولئیلاە نەجم) نەبێت، کە بەرەگەز عەرەبی نعێمی خەڵکی کەرکووک بوو و نێوانیشمان باش بوو، رۆژێکیان لێی پرسیم: نازانم تۆ حیزبی یان نا؟

گوتم: نەخێر حیزبی نیم.

گوتی: نیازیشت وانییە ببیتە حیزبی؟

منیش بۆ ئەوەی وەڵامەکە بۆ ئەو رِق نەبێت و لەلایەکی دیکەشەوە تێی بگەیینم کە نابمە بەعسی، گوتم: جارێ نا...!

ئیتر نە ئەو زیاتر لەسەری رۆیشت و نەمنیش.

١٢- ماوەی دوورخستنەوەکەم، هەردوو ساڵی ١٩٧٥- ١٩٧٦- ١٩٧٦- ١٩٧٧ بوو.

١٣ - هەرچەندە دوورخستنەوەکە بۆ من کارێکی ناخۆش و سەخت بو، بەڵام بە تێپەربوونی رۆژگار، بووەتەوە بیرەوەری و کارە ناخۆشەکانیش بەخۆشی دێنەوە بەرچاو.

# حەسەن گەرمیانی



مامۆستایانی دورخراو بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق/ مامۆستایانی ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ، چونکە کاتی خۆی (١٩٧٤) رادیۆی دەنگی ئەمریکا بەشی کوردی و بەشەکانی دیکەش لە دەنگ و باسەکەیان (هەواڵ) باسی مامۆستایانی ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆی کردبو کە (مۆری ئامادەیەکەیان بردەوە و پەیوەندیان بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە).

ساڵی (١٩٧٥) هەر هەموومانیان دوورخستەوە بەرە و ناوەڕاست و خوارووی عێراق، دەبوایە هەر هەمان رۆژ دەست لەکاری مامۆستایی هەڵگرن (انفکاک) هەمان رۆژیش سەفەر بکەن.

**پێنج مامۆستامان کە پێک هاتبوین:**

کاک سەردار برای هونەرمەندی شانۆکاری مەزن ئەحمەد سالار بۆ رومادی، حەمێدی خوالێخۆشبوو وابزانم بۆ (ناصریە) فایەق نامیقی رەحمەتی و عومەر عارف بۆلای (شجرة الآدم) بەسرە، حەسەن عەبدوڵلا محەمەد (گەرمیانی) بۆ ناحیەی الحسینیە (العطیش) کەربەلا (اعدادیە زراعة کربلاء)

گەیشتینە بازگە (سەربازێکی تەپلە لەسەری سور) وتی هەویاتکم... پێناسەکەمان داپێی وتی ماشاء الله کلکم (مدرسین) منیش وتم لا والله (کلنا

پێشمەرگە) وتی شلۆن؟ هەمان قسەم دووبارە کردەوە هەرچەندە مامۆستایان لە دڵەوە پێیان خۆش بوو ناوی پێشمەرگەم هێنا بەڵام واخۆیان نیشان نەئەدا... سەربازەکە وتی لێش هیچی گلت استاذ. وتم: بە للە هذا عفو عام) ام جوە، جوە (اکو شي ئاخر) سەبازەکە تەماشای هەرچوار لای تەکسێکەی کرد و سەیرێکی منی کرد وتی استاذ (دیر بالک) ادري انت جریئ بس مو بشکل بس علی مود استاذ حسن دروحو الله و محمد و علي ویاکم.

گەیشتینە بەغدا خواحافیزیمان لەیەک کرد هەریەکەمان بەرە و ئەو شوێنەی کە بۆمان دیاری کرابوو ڕۆیشتین بەڵام دەبوایە هەموو ڕۆژێک بەیانیان و ئێواران تا نزیکەی (سێ مانگ) لەلای مەرکەزی پۆلیس (ئیمزامان کردایە) واتە واژوومان بکردایە.

ساڵی (١٩٧٩) نزیکەی سێ و نیو تا چوار ساڵ هەریەکەمان بە شوێنی دیاریکراو ماینەوە مانگی دەی ساڵی (١٩٧٩) گەڕاینەوە شوێنەکانی خۆمان ئەو کەسانەی‌کە بیرمە دورخراوەبووین مامۆستایان (عەبدوڵلا سەراج، سەلاح سەراج لەگەڵ هەر پێنجمان، دکتۆر سعدی غەریب/ ئەویشیان کردە مامۆستا لەگەڵ من لەهەمان ئامادەیی (اعدادیە زراعە کربلاء) یادی بەخێر زانایەک و شاعیرێک و کوردپەروەرێک بوو کە وێنەی کەم بوو. دکتۆر ئازاد نوری بەگ/ خوارو ناوەڕاستی عیراق/ پاشان بۆ حیلە (بابل) کۆمەڵێک ئەفسەر و پۆلیس، هونەرمەند (کەریم کابان/ بۆ نەجەف)، شاعیر و هاوڕێی دێرینم (نەژاد سورمێ) خوارووی نەجەف ناوە ناوە یەکدیمان دەبینی.

لە سەماوە مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی، مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا/ دامەزرێنەری یەکێ لە حزبەکان وابزانم (حزبی هیوا) بوو. ئەو باسی دڵداری شاعیری بۆ کردوم کە (شێخ حوسێن بەرزنجی) شەهید ئاوازی شیعری (ئەی رەقیب)ی دڵداری شاعیر ئەو بووە ئیتر ئەو شوێنانەش بوو لە تاڵی و ترشی و متمانە بەخۆ و (هورە بەرز) زۆر بێ منەت بووین چونکە لەسەر (خۆشەویستی نیشتمانی کوردستان) بوو پەیوەندیمان بە شۆڕشەوە کردبوو..بەڵام داخی ئەوەمان کە شۆڕشەکە هەرەس هێنا.. داگیرکەریش

لای هەموو مرۆڤێکی وڵات پارێز ئاشکرایە (دەبێ چ رەوشتێکی جوان لە داگیرکەر بەدی بکرێت).

لەم بارەوە زۆر بە کورتی نووسیمەوە چونکە ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە و داوای لێبوردن لەو کەسانە دەکەم کە نەم توانی ناویان بینم چونکە وەک دەڵێن (لکل شئ ئافة و ئافة العلم انسيان). واتە (کافة الاسماء/ انسان).

لە کەربەلا ئەم برادەرانە یەکترمان دەبینی:

(تۆفیق عەبدولکەریم، نیعمەت عەبدوڵڵا، د. سەعدی غەریب، شێرزاد محەمەد ساڵح جبرائیل، دلێر ئەحمەد مەجید شاسوار، نزار رەحمەتوڵڵا، نەژاد عەزیز سورمێ).

## حەسەن رەمەزان حەسەن

حەسەن رەمەزان حەسەن رواندزی ناسراو بە (حاکم حەسەن) لە ساڵی ١٩٥١ لە خێزانێکی هەژار و ئایین پەروەر و نیشتمان پەروەر لە رواندز لەدایک بووە، لە بنەڕەتدا باوکی خەڵکی (دەشتی شەمامک)ی هەولێرە بەڵام رۆژگار هێناویەتیە رواندز. باوکی لە منداڵییەوە لە تەمەنی چوار ساڵیدا ناردویەتیە بەر خوێندنی قورئانی پیرۆز، چوار جزوی لە قورئانی پیرۆز خوێندوە، ئەوەی تر بە خۆی کە تەمەنی گەورە دەبێ دەخوێنێت بە شێوەیەکی باش (تجوید).

حەسەن رەمەزان قۆناغی خویندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی رۆژکی کوڕان لە رواندز تەواو دەکات. قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی لە رواندز تەواو دەکات. بەڵام بەهۆی شەڕ لەنێوان کورد و بەعسی عێراق لە ١٩٧٤، ناتوانێ لە رواندز درێژە بە خوێندن بدات، بنەماڵەکەیان وەک هەموو خەڵکی رواندز، شار جێدەهێڵن سەرەتا دەچنە گوندی (سۆرەبان) لە ناوچەی باڵەکایەتی، بەخۆی دەبێتە پێشمەرگە، دوای نسکۆ ئاوارەی ئێران دەبن، سەرەتا لە ئۆردوگای زێوە دائەنیشن، پاشان دەگوازرێنەوە بۆ کەرەج نزیک تارانی پایتەختی ئێران. دوای ئەوەی دەگەڕێنەوە بۆ عێراق تا بگەڕێنەوە رواندز بەڵام ماڵیان دوور دەخرێتەوە بۆ خواروی عێراق شارۆچکەی بەغدادی سەر بە قەزای هیت/ رومادی. بۆیە پۆلی شەشەمی ئامادەیی لە قەزای (هیت)ی سەر بە پارێزگای رومادی تەواو کردووە، پاشان چۆتە کۆلیژی یاسا لە زانکۆی بەغداد لەساڵی ١٩٧٩ بەکالۆریۆس لە یاسا بە دەستهێنا، دوای ئەمە دێتەوە هەولێر دەبێت بە (معاون قضائی) پاشان بۆتە لێکۆڵیەری دادی (محقق عدلی).

لە دوای ئەوەی شەڕ لەنێوان عیراق و ئێران دەستپێدەکات لە ساڵی ١٩٨٠، حەسەن رەمەزان دەکرێت بە سەرباز بۆ ماوەی حەوت ساڵ کە ژیانێکی ناخۆش

و پڕ لە مەترسی بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی حەسەن ڕەمەزان تاقانە بووە لە سەربازی بووردراوە، دوای دوو ساڵ خوێندن بە پلەی چوارەم دەردەچێت، دەبێت بە دادوەر (حاکم).

حەسەن ڕەمەزان کە دەبێتە حاکم لە شەقڵاوە دەست بەکار دەبێت، لەو ماوەیەی لە شەقڵاوە دەبێت کە پانزە ساڵ دەبێت، بە کەسێکی دڵسۆز و دادپەروەر و ڕاستگۆ و ڕەوشت بەرز دەناسرێت بۆیە خۆشەویستی خەڵک بووە. بەردەوام هەوڵی داوە کاروباری خەڵکی زو ڕاپی بکات بەتایبەتی کەسێک لە شوێنێکی دوور چۆبێتە دادگا ئەگەر کاتی دەوامیش بەرە و کۆتایی چووبێت، کاری بۆ ڕاپی کردەوە ووتویەتی بۆ کارەکەی دوابکوێت بۆ ڕۆژێکی تر.

لە ساڵی ٢٠٠٤ دەگوازرێتەوە بۆ شاری هەولێر بە پلەی (نائب رئيس استئناف) لە ساڵی ٢٠١٣ خانەنشین دەکرێت. هەرچەندە داوای لێ دەکەن لە (ئەنجومەنی دادوەری) کۆلێژ و... هتد کە کاربکات، بەڵام ناچێت دەڵێت با کەمێکیش پشوو بدەم دوور لە کاری وەزیفی بژیم.

حەسەن ڕەمەزان کەسێکی چالاک و زیرەک و دەست ڕەنگین بووە. بۆیە لە دوای بەیانی یانزەی ئازاری ١٩٧٠ بە هەڵبژاردن دەکرێتە سەرۆکی لیژنەی ناوچەی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان لە ڕواندز، لەم ماوەیەدا بەردەوام بەشداری لە هەموو ئەو چالاکیانە کردووە کە ئەو ساڵانە لەناوچەکە دەکرا، وەک ڕێکخستنی ئاهەنگەکان و وتار خوێندنەوە و دەنگێکی تایبەتی هەبوو بۆ شیعر خوێندنەوە، حەزی بە وەرزش کردوە بۆیە بەشدار بووە لەو یاریانەی ئەوکات کە بەڕێوە دەچوون. هەروەها دەستێکی باشی دەبێت لە هونەری نیگار کێشان ئەم بەهرەیەی هەر لە تەمەنی منداڵی سەری هەڵداوە کە تابلۆکانی گوزارشت لە سروشت کردوە بە تایبەتی سروشتی کوردستان. پێشانگای لەشاری هیت/ رومادی و لە شاری بەغدا کردۆتەوە. هەروەها شیعری نووسیوە بەڵام شیعرەکانی نەماوە.

لە شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ ی حوزەیرانی ٢٠١٤، بە نەوبەی دڵ کتوپڕ دڵەگەورەکەی لە لێدان کەوت کۆچی دوایی کرد، لە گۆڕستانی (شێخ ئەحمەد) لە شاری هەولێر بەخاک سپاردرا، لە دوای خۆی چوار کور و سێ کچی بەجێهێشتووە بۆ کورد و کوردستان، بەناوەکانی (مستەفا، هێڤی، میدیا، سیپان، دلۆڤان، میهرەبان، بارزان).

- بەنامەیەکی تایبەت ئەم زانیاریانەم لە مامۆستای خانەنیشن رازیە ڕەمەزان کە خوشکی حاکم حەسەن ڕەمەزانە وەرگرتووە لە ٢٠١٦/١٢/١٢.

**ئومێد شێرکۆ شاکر مەجروم**

## ملازم خدر عەبدوڵلا دەباغ

لە (٦/ ١٠/١٩٧٥) دا دەگەڕێمەوە عێراق و لە ڕێگەدا بەردباران دەکرێن: ڕۆژێکیان لە نەغەدە بووم، نزیک نیوەڕۆ، سەیرم کرد دوو نێرنی گەورە، پڕ لە بەرپرسانی پێشمەرگەدا بەند کراون، لە ئۆردوگای سەر پولیزەهاوا گیران و بەرەو حاجی ئۆمەران بەڕێ کەوتوون، ئەو کات حکومەتی عێراقی لێ بوو، کە لەوێ بدرێتە دەست و بکوژرێن، مەبەست لە هێنانیان بۆ نەغەدە کە جەنابی بارزانی لەوێ بوو ئەو بەندانە ببینن و دەسەڵاتیشیان نەبوو چارەسەری بکەن و بەریان بدەن، کە چاوم بەم کارە ناڕەوایە کەوت، زۆر پێی تێکچووم، بڕیارمدا بەر لەوێ حکومەتی ئێران وەک ئەم کۆمەڵە بگرێ و بمداتە دەست عیراق، بگەڕێمەوە. لە (١٦/١٠/١٩٧٥) دا لە سابلاغ (مەهاباد) من و کاک سەعید یەعقوبی و خێزانی و ملازم حەسەن بارزانی بە خێزان و منداڵەوە و مامۆستا سەعید ناکام بە خێزتان و منداڵەوە زۆر کەسی تر، ماشێنمان بۆ ئامادە کرا، پاش دوعا خوازی لە کاک ئیدریس و کاک مەسعود، لەکاتی سواربوونی ماشێن کۆمەڵێک کوردی مەهاباد بە چاوی فرمێسک بەڕێیان کردین، لەوانە کاک عەبدوڵلا موکریانی کە ئامۆزای مامۆستا هەژار موکریانی بوو کە زۆر بە توندی هاواری کرد و فرمێسکێکی زۆر لە چاوانی هاتە خوار، حەقی خۆی بووە، ڕۆژێکی ڕەش و تفتوتاڵ بوو، چارەنووسێکی تاریکە و بەرە و مەرگ دەچین، نازانین چیمان بەسەر دێت،

ئەوانیش حەقیان بوو وا بە کۆمەڵ بگرین و فرمێسک برێژن، چونکە ئەم ڕۆژە ڕەشەیان دیبوو بە سەریان هاتبوو، لە تێکچوونی کۆماری مەهاباد.

وا شۆڕشی مەزنی بەهێز و چالاک، جەربەزە، حکومەتی عێراقی شرپوشەپرزە کردووە، وەک میسر و سوریە و سودان و یەمەن و سعودیە و کوێت و ڕووسیای (روسیا)، کە هەر هەموویان لەگەڵ عیراق بوون و بەهەموو توانایان یارمەتیان دەدا، لەسەر ئەو حاڵەش شۆڕش تەنگەی پێ هەڵچنیبوون، وا زەلیل و ڕەزیلی کردبوون، کە پەنابەرێتە بەر ڕێککەوتنامەی خەیانەتی جەزائیر بۆ لەناوبردنی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و دەرباز بوون لە دەست زەبرە کوشندەکانی، بە سەرکردایەتی جەنابی بارزانی، کارەساتەکەی ئێمە لەوەدا بوو، دوای ئەم فیداکارییە و زەبر لێدانە گورچکبڕانەمان لە سوپای عێراق و ئەو هەموو سەرکەوتنە گەورە گەورانە، کە هەندێکیان ناچێتە عەقڵەوە، وا بە پێچەوانە ڕۆژگاری خۆمان بووین.

بەڵێ بە فرمێسک و ئاخ هەڵکێشانەوە سواری ماشێن بوین و لە مەهابادەوە بەرە و کرماشان و خانەقین کەوتینە ڕێ، بۆ ڕۆژی دوایی نزیک سەعات (٩) ی بەیانی گەیشتینە خانەقین، پۆلیسی ئەمن لە پێشوازیمانن، لە دەرگایەکی بچووک، یەک لە دوای یەک تێدەپەڕین و ناونووس دەکرێن، وەک (مەڕی تالانی) خۆمانم دەهاتە بەرچاو. بێ دەسەڵاتین، مات و مەللول و داماو، داواکاری نییە، ئەملا و ئەملا نییە، ژمارەیەکی زۆر لە لۆری (نقل بری) ڕیز کراون، کۆمەڵ کۆمەڵ ڕەوانەی ناو لۆرییەکان دەکرێن، پێشەوە قەدەغەیە هەموو دەبێ بەژن و منداڵ و پیاو پیر و لاوەوە هەمووی بەیەکەوە کاکی ئەمنیش بەرانبەر وەستاوە بە لووت بەرزییەوەش و یەکەم تەماشا کردنمان (هیچی نغسل دماغکم)، کە کەوتینە ڕێ کات سەعات (٤) ی پاش نیوەڕۆ بوو، لە ڕۆیشتندا لەڕێگا کاکی شوفێر ناو بەناو بۆ ئازاردانمان و سوکایەتی پێ کردنمان، بەهەموو ئارەزووی خۆی جاروبار برێکی دەگرت، ئەو خەڵکە وەک حەیوان بە سەریەکدا دەکەوت لەگەڵ ئەمنەکە لە پێشەوە بە جووتە

لە قاقای پێکەنینیان دەدا، بەم شێوە بەرە و بەغدا هاتین، هیشتا خۆر بە تەواوی ئاوا نەبوو بوو کە گەیشتین، خەڵکی بەغدا کە ئێمەیان بە جلی کوردی بینی یەکسەر دەستیان کرد بە قسەی ناشیرین و جوێندان و بەرد باران کردنمان، ئەوجا خۆت و خوای خۆت بەرد بە گوێت دەکەوێت لە بەغدا دەرچووین لەبن ئەو بەرد بارانە، لە ڕێگەدا تاریکی داهات من شارەزای ڕێگەکە بوون، زانیم بەرە و مەحمودیە و لەوێشەوە بەرە و دیوانیە، شەو درەنگ گەیشتینە دیوانیە، لە دڵی خۆمان گوتمان ڕەنگە لە شار دەرچووین تا گەیشتینە شوێنێکی دوور لە شار، کە هەندێک کەپری لە حەسیر دروست کرابوو، شوێنێکی پیس و خۆڵاوی و وشک و برینگ، دایان بەزاندین، ئیتر بۆ کوێ دەچێ، ئومێدی چی، چاوەڕوانی چ دەکەی هیچ ڕێگەیەک نەبوو، تەنیا مەرگ نەبێ، کاکی ئەمنیش دەوریان گرتبووین و سمێڵی خۆیان بادەدا و بە چاوێکی کەم سەیریان دەکردین، ئەم شەوە سامناکەمان بەسەر برد، سبەینە هات و ڕۆناک بوو هەستاین و تەماشامان کرد چ ببینین، حەشرە تا چاو بڕ دەکا دەبینی ئەوە ئەو خەڵکە تێکەڵ بووەوە لە ناو خۆر و تۆز کەس بە تەمای خۆی نییە، کۆمەڵە (قەسپی کورد کوژ) بەناو خۆڵ ڕوکراوە یەک لەوێ و یەک لەولاتر، لە تەنیشتیەوە کۆمەڵێک سەموونی ڕەق و وشک و پیس، لە لاشەوە تانکەرێکی گەورەی پڕ لە ئاوی بۆگەن، دەرفەرموو دوای ئەو هەموو ماندوویی و هیلاکی، ئەوەش ئاو و نان و قەسپ، تا دەتوانی بخۆ ئەمەش قەیناکا، بەڵام لەمە ناخۆشتر و پیستر ئەوە بوو، هەندێ کەس لەناو ئێمەدا ژ ن و پیاو ڕوویان کردە دائیرەی ئەمن، دەستیان کرد بە ڕاپۆرت نووسین یەک لە سەر یەک، هەر کەسێ دەیەویست لەسەر لاشەی ئەوی تر خۆی نزیک بکاتەوە، ئەو ڕەفتارە دزێوە، لە هەمووی ناخۆشتر و سامناکتر بوو.

بەڵام ئەوەی باش بوو لە ڕۆژی یەکەم ئەوەی یەکەم ئەوەی خاوەن منداڵ و خێزان بوو، باریان کردن و ناردیانە گوندەکان، لەو ڕەزاڵەتە دەرباز بوون، تەنیا ئێمەی بێ منداڵ لەوێ مانیەوە ئەوانەی چووبوونە پارێزگاکانی تر،

بەهەمان شێوە دابەشکرا بوون بەسەر گوندەکان، (زگورتی) کە لەوێ ماینەوە وردە وردە یەکترمان گرتەوە، بە دڵدانەوە و قسەی خۆش دەمانبردە سەر، تا رۆژێکیان حاجی سلێمان باتاسی گوتی ئێوارە ئێوە لای من دەعوەتن، من و جەلال بەگی ڕەحمەتی خەڵکی دەرگەڵە بوو چەند کەسێکی تر چووینە سەر دەعوەتەکە، هەر ئەوەندەمان زانی نیسک هاتە گۆڕێ و سەمنوونی ڕەقمان تێکوشی، بەڕاستی خواردنێکی بەتام و نایاب بوو، خوا بەزیادی کات، هەر ئەوەندە دەست دەکەوێت، لە رۆژێکی ئاوادا و لەو نەبوونیە، لە پلاّ و خۆشتر بوو، شعرەکەی شێخ ڕەزام هاتە بیر، دەڵێ:

شاهی کە نەبێت ڕایدەبوێرن بە فەقیری
بۆ ئەهلی قەناعەت لە پلاو خۆشترە داندۆک

پاش ماوەیەک ڕێگەیان داین بچینە ناو شار و هاتوچۆ بکەین، لەوێدا تووشی زۆر لە برادەران و ناسیار بووین، لە خەڵکی سەربازی و مەدەنی، یەکسەر ڕوویان وەرگێڕا و قسەیان لەگەڵ نەدەکرین، بە چاوێکی پڕ لە ڕق و تووڕەیی سەیریان دەکردین، ئێمە دوێنێ پێشمەرگە بووین، وا ئیمرۆ (عائدون)ین، ئەوانیش خۆ فرۆش و چڵکاو خۆری دوژمنن، وا ئەمڕۆش ئەوان بە ماستاو ساردکردنەوە و بۆیە لە خۆدان، خاوەن دەسەڵات و پیاوی ماقوڵن، دوو ساڵ بەم شێوەیە لە دیوانیە مامەوە، بێ ئیش و کار، هەژار و نەدار، لە هەمووی خۆشتر بەڕێوەبەری ئەمن موسڵاوییەکی کورد کوژ بوو، لەم دۆزەخە دوو ساڵ مامەوە.

**دامەزراندنم بە کاتی حسابات لە کووت:**

پاش دوو ساڵەکە لە ساڵی ١٩٧٨ گوێزرامەوە کووت، وەزیفەی کاتیی حسابات (المصب العالم) دامەزرام، ئەوانی تریش هەر کە لایەکی تر بەهەمان شێوە، لە کووت تا ساڵی ١٩٨٠ مامەوە، ماڵ و منداڵم برد و لەوێ دانیشتین بە نەمر و نەژی و لە دەردەسەری و دەربەدەری و دەستبەسەری ژیانمان بردە سەر

ئەوەی باش سەردانی حکومەتی عیراقی لەناو خۆیاندا ناڕێک بوون و ئاگایان لە ئێمە بڕا بوو، ئەگینا لەو ماوەیەدا خەمیان لێ دەخواردین بەو دەردی خۆیان دەیانویست دەبردین، ئێواران لە شەقامەکان یان لە چاپخانەکان، کۆمەڵ کۆمەڵ یەکترمان دەدیت و هەر کەسە داخی دڵی خۆی بۆ ئەوانی تر دەڕشت، بەڵام لە هەر لا ئەوی دەمانبیست قسەکەی کاک حەبیب بوو، (من ظلم الی اظلم) لە تاریک بۆ تاریکتر، بە قەد کونی دەرزی ڕۆناکی و دڵخۆشی نییە، بە هەمو خێزانەوە لەم ئاوارەییە ئەوە ژیانمان بوو.

دایکی منداڵان مامۆستا بوو، دەچووە دەوام، منداڵمان دەبردە ماڵە دراوسێ، کەسێکی خۆمان نەبوو لایان بێت یانە ماڵی خزمێک بیان بەینە لایان بۆ چاودێری، تا پاش ماوەیەکی زۆر باغچەی ساوایان کرایەوە، هەموو ڕۆژ منداڵم دەبردە بۆ ئەوەی، ڕۆژێکیان باران زۆر بە تەوژم دەباری و ڕێگاش قوڕ و چڵپاو بوو، پێڵاو لەناو قوڕ بەجێ دەما، بەم شێوە خۆم دەدیت و زۆر سەیرم بەخۆم دەهات، لە دڵی خۆمدا دەمپرسی، ئایا ئەوەی بۆ وڵاتی خۆی خەبات بکات، دەبێ ئاوای بەسەر بێت..؟

بەڵام دڵی خۆم بە شعرەکەی مام هەژار دەداوە کە دەفەرمووی:

ئای چەند خۆشە لە سەر ئازادی
تووشی غەم بی لە دەست دەی شادی

چونکە لەساڵی (١٩٦٠) لە بەغدا مام هەژارم دیت کە شاگرد ڕەسمگر بوو لە ستۆدیۆ صباح لە گەڕەکی فضل، خۆشی سابڵاغای بوو، دەربەدەریی کۆماری کوردستان بوو لە پاش قازی محەمەد، ئەو حاڵەم کە بەسەر هات، ورەی پێ بەرنەدام، سووربووم لەسەر هەڵوێستی کوردایەتیم، دەمگوت لەوەش خراپتر بەسەر بێ، واز لە تێکۆشان لە پێناو کورد و کوردستان ناهێنم، ژیانی دوورگە (مەنفام) چوار ساڵی ڕەبەق بە کولەمەرگی بردە سەر.

**بڕیاری گەڕانەوەمان بۆ کوردستان:**

ساڵی (١٩٧٩) حکومەت بڕیاریدا کە بگەڕێینەوە کوردسان، ئەوەمان زۆر لا خۆش بوو زۆرینەی کوردەکان گەڕانەوە، هەر کەس بۆ شاری خۆی، منیش وەک ئەو خەڵکە ساڵی (١٩٨٠) گەڕامەوە، زۆر حەزم دەکرد بچمەوە کۆیە شارەکەی خۆم، بەڵام چڵکاو خۆر و کورد کوژ و ناحەزان بە تەواوی دەستیان بەسەر کۆیەدا گرتبوو، چوونم بۆ ئەوەێ ناخۆشی بە دواوە دێ، چونکە من ئامادە نەبووم، خۆ بفرۆشم و بکەومە کورد کوژی، ناچار هاتمە هەولێر و چوومە گەڕەکی ڕووتەڵەکان، بۆ ئەوەی لەوێ دا نەناسرێمەوە، لە گەڕکی ڕاپەڕین نیشتەجێ بووم و ژیانم بردە سەر، بە ئاواتی ڕۆژێکی ڕووناک بووم گەلی کوردمان سەرکەوێ و ئازاد بێ.

بەو هەموو دوژمنایەتییەی لەگەڵ حکومەتم کرد، ئەوجا لە هەولێر پارچە زەوی دامێ و لە بانکی عەقاری پارەی دامێ بۆ خانوو، موچەی خانەنشینی ٣١٠ دینار کە دەیکر (١٠٠٠) هەزار دۆلار وەرم دەگرت.

## خەیروڵلا مەحمود عەلی یونس



دوای نسکۆی ١٩٧٥ بە خانەوادەوە چوینە ئێران لە ئۆردوگای زێوە و دواتر شیراز چەقرم ئینجا مازندەران لە باکوری ئێران، بە ئاگاداری سەرکردایەتی کوردی گەڕامەوە بۆ عێران لە ئەفسەری سەربازی کرامە فەرمانبەری شارستانی بەناونیشانی (مولاحیزی هونەری) لە فەرمانگەی ئینسالات بەرید لە شۆرجە لە بەغدا و دوای ١٥ ساڵ ئەوسا گوێزرامەوە بۆ هەمان فەرمانگە لە پۆستەی هەولێر دوای راپەرینی ١٩٩١ گەڕامەوە بۆ خزمەت لە وەزارەتی پێشمەرگە بە پلەی عەقید و نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بووم لە هێزی پاراستنی ئاشتی (PMF) تاوەکو ٢٠٠٤ بە سەرپەرشتی تورکیا دواتر دامەزرامەوە بە یاریدەدەری ئامیری تۆپخانەی لە قوتابخانەی تۆپخانە لە شەقڵاوە و دواجار لە ئیتسلاتی وەزارەتی پێشمەرگە لە ٢٠١٠ تاوەکو ٢٠١٣ ئینجا خانەنشین کرام بە پلەی فەریق لەبەر نەخۆشی و ئێستا لە هەولێر نیشتەجێم.

# دڵشاد شێخ نەجیب

## (١)

پاش تێکچوونی بەیاننامەی (١١ی ئازار) زۆرینەی خەڵکی شاری هەولێر کۆچیان کرد بۆ وڵاتی ئێران. یەک لەوانە دڵشادی شێخ نەجیب بوو کە پلەکەی (ملازم الاول) بوو، دوای مانەوەی زیاتر لە ساڵێک لە وڵاتی ئێران (کە وڵاتی عێراق عفوی دەرکرد) زۆرینەی کوردەکان گەڕانەوە بۆ وڵاتی عێراق و چەند ئەفسەرێکی پێشمەرگە بە فەرمانی کاک ئیدریس دەنێردرێنەوە بۆ رێکخستنی ناوخۆیی و دواتر کە دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان لەساڵی (١٩٧٥) تەرحیل دەکرێ بۆ شاری دیوانیە پلەکەشی لە ملازم دەگۆڕدرێت بۆ ملاحظ الاول لە دائیرەی بەرید و توفیر، لەساڵی (١٩٧٦) ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێت هەر لەوێش دەژی.

خێزانەکەشی مامۆستا بووە لە (١٩٧٦/٦/٢٦) دەستی بەکار کردووە وەکو مامۆستا، کە کۆمەڵێ هاوڕێی کوردی تریشی لەگەڵ بوو کە ئەوانیش:

١- لیوا وریا مەعروف.

٢- عەقید وشیار حەیدەر.

٣- کاک صلاح علاف.

٤- ملازم وشیار شاکر.

٥- کاک صلاح ملازادە.

٦- کاک سەعید یەعقوبی.
کە ئەو بەڕێزانەش لەگەڵ دڵشاد بوون تاکو کۆتایی ساڵی (١٩٧٩) ئەوکات حکومەتی عێراق فەرمانی عەفوی دەرکرد گەڕانەوە بۆ زێدی بابوباپیرانیان، ئینجا لە بەریدی هەولێر دامەزرا دوای (١٥) ساڵ لە خزمەتی سەربازی و مەدەنی خۆی خانەنشین کردو خەریکی کاری ڕێکخستنی ناوخۆیی بوو تاکو راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١.

(٢)

دڵشاد نەجیب عوسمان، لە سالی ١٩٥٠ لە شارۆچکەی دیانا، پارێزگای هەولێر، (لەدایک) بووە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی دیانا، ناوەندی و ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواوکردووە. لە سالی ١٩٦٩ چووەتە کۆلێجی لەشکریی عیراقی لە شاری بەغداد و لە سالی ١٩٧٢ بە پلەی مولازمی دووەم دەرچووە و بووەتە ئەفسەر لە سوپای عیراق. لە سەرەتای سالی ١٩٧٤ چووەتە ریزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول و لەوێ بووە بە فەرماندەی بەتالیۆنێک لە هێزی زۆزک، ولە چەندین شەڕ لە بەرەکانی جەنگی بەرگری کردن لە گەل و خاکی کوردستان (بەتایبەتی لە شەڕی بێشێ) بەشدار بووە. کە شۆڕشی ئەیلول تووشی نسکۆ بوو، لە ئاکامی ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٥ - لەنێوان سەدام حسین و محەمەد ڕەزا شا، کاک دلشادیش وەک دەیان هەزار کوردی بەشدار بوو لە شۆڕش بۆ شاری دیوانیە لە باشووری عیراق دوورخرایەوە (نەفی کرا). لەوێ کرایە فەرمانبەری مەدەنی لە بەڕێوەبەرایەتی پۆستی ئەو شارە، و وەک کەسێکی خۆڕاگر و سەربەخۆ لە بواری سیاسیی گوزەرانی دەکرد. لە سالی ١٩٧٦ هاوسەرگیریی لەگەل خانمی فێرکار (ڕوناک جەلال خەلیل) کرد و هەر لەوێش دوو کچیان بوو (ئاڤان و مێڤان) - پاشانیش کچێکی دیکە و کوڕێکیان بوو (تەلان و موستەفا).

پاش پتر لە چوار ساڵ، لە کۆتایی سالی ١٩٧٩، رژێمی بەعس کۆتایی

بە ڕێکاری دوورخستنەوەی کوردان لە باشووری عیراق هێنا، وئەویش وەک خەلکی دیکەی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک گوازرایەوە شاری هەولێر – وەک فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی پۆستی شار. (شایەنی ئاماژەپێکردنە کەوا ئەو کوردە دوورخراوانەی دانیشتووی پارێزگای کەرکوک و قەزای خانەقین بوون ڕیگەیان پێنەدرا بگوازرینەوە یان بگەڕێنەوە ئەو دوو ناوچەیە کوردستانیە دابڕێندراوە لە «دەڤەری ئۆتۆنۆمی کوردستان»، کە لەو سێ پارێزگایە ناوبراوانە لەسەرەوە ڕاگەیاندرا بوو).

لە زستانی سالی ١٩٩١ کاک دلشاد یەکێک بوو لەو کەسانەی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نامە پەیوەندی پێیانەوە کرد، بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ بەشداربوون لە پێشهاتێکی چاوەڕوانکراو دژی ڕژێمی بەعس، لەو کاتەی هاوپەیمانییەکی نێودەولەتی بە سەرۆکایەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێرشی ئاسمانیی و پاشان زەمینیشی دەستپێکرد بۆ سەر عیراق و دژی سوپای عیراق لە کوێت، کە لە هاوینی سالی پێشتر کوێتی داگیرکرد. لە کاتی ڕاپەرینی خەلکی کوردستان دژی ڕژێمی بەعس لە بەهاری ١٩٩١، پاش شکستی هێزەکانی ڕژێمی بەعس لە کوێت؛ کاک دلشادیش بە شێوەیەکی کارا بەشداری لە ڕاپەرینەکەی گەل کرد. (لە ڤیدیۆ بلاوکراوەکان لە کوردستان تیڤی بە ڕوونی دەردەکەوێت). لەسەردەمی حوکمرانی کاتیی «بەرەی کوردستانی» لە ناوچەکانی «پەناگەی ئارام»، کە هاوپەیمانان لە نیسانی ١٩٩١ لەسەر ئەرزی بە شێکی گەورەی کوردستانی عیراق دایانمەزراند، کاک دلشاد ئەرکی فەرماندەی یەکێک لە چوار لیوا هاوبەشەکانی پێڕاسپێردرا، پاشان بووە جێگری فەرماندەی سوپای دوو، و دواتریش بە پلەی لیوا کرایە جێگری فەرماندەی هێزی زێرەڤانی کوردستان.

لە ڕۆژی ٢ / ١٠/ ٢٠١٣، لە ئەنجامی نەخۆشیی، لە نەخۆشخانەی شاری مانهایم لە ئەلمانیا کۆچی دوایی کرد، و سێ ڕۆژ دواتر بە مەراسیمێکی لەشکریی بەرچاوی ڕێزلێنان و بە بەشداری خەلکێکی زۆر لە خزم و هاوپیشە و هاوڕێ و دۆستانی لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لە شاری هەولێر بە خاک سپێردرا.

# لە ئەرشیفی تاریق جامباز

لە راستەوە: وشیار حەیدەر- دڵشاد شێخ نەجیب- سەعید یەعقوبی- وریا مەعروف- ئازاد عوسمان
١٩٧٨/٣/٢٥/ دیوانیە

# داود سيد فتاح عزيز

**دەربارەی من:**

١- من لە ساڵی ١٩٦٨ دەرچووی کۆلێژی یاسام لە زانکۆی مستنسریە و پیشەی پارێزەرایەتیم کردووە لە ١٩٦٨/٧/١٦ تاکو ١٩٧٣/٧/١٥.

٢ - لە بەرواری ١٩٧٣/٧/١٦ وەک بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان کارم کردووە تا ١٩٧٣/١٢/٢٩

٣- لە بەرواری ١٩٧٣/١٢/٣٠ وەک بەرێوبەری ناحیەی بارزان کارم کردووە.

٤- لە بەرواری ١٩٧٤/٣/٨ پەیوەندیم کردووە بە شۆڕشی ئەیلولی دووەم لە ناحیەی بارزان پاشان ئەرکم لێپرسراوی ئۆردوگای ئەنزل/١ی پەنابەرانی کورد لە ئێران کارم کردووە.

٥- پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕامەوە لە ئێران بۆ هەولێر، بەڵام دوای گەڕانەوە دەستەی حکومەتی بعسی فاسشت هەڵسا بە گواستنەوە و نەفی کردنم بۆر قەزای رطبە بە پارێزگای انبار لە لایەن (مجلس قيادة الثورة) بە نووسراوی ژمارە (٩٢٥٧) لە ١٩٧٥/٤/٢٣ لی وەزیفەی بەڕێوەبەری ناحیەی بارزان دایان بەزاندم بە وەزیفەی کاتب تحدير

قضاء رطبة و پاشان بۆ وەزیفەی (کاتب) لە ناحیەی حریە لە قەزای کوفە وەلە دواییدا نیشتەجێ بووم لە شاری کربلاء وە کارم کردووە وەک (کاتب تحریر دیوان محافظة کربلاء) تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٨.

٦- لەم ماوەیەی کە دوور خرامەوە لە کوردستان هەستمان بە نەبوونی و ئاوارەیی و بێ کەسی و کەم و کوری دوور لە خاک و گەلەکەکان و شۆرشی رزگاری خوازی کوردستان کردووە کە خانەوادەکەم هەمیشە هەموو ئازارێکیان کێشا بۆ کوردستان و وەک من ئاوارە و دەربەدەر بوونە.

٧- دوو برادەری کورد کە بەڕێوبەری ناحیەکان بوون هەریەک لە کاک طە عسکری و مکی طیب حسین لەگەڵم بوونە لە شار و لە شوێنی کار و دەوام.

٨- پاشان لەسەر داوای خۆم گواسترامەوە بۆ شاری هەولێر بۆ دیوانی پارێزگای هەولێر بەهەمان پلەی وەزیفی کە دوای نەفی کردنم پێیان دابووم.

٩- پاش گواستنەوەم بۆ شاری هەولێر هەولم دا بۆ ئەوەی وازهێنان لەکارم بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە سەر پیشەی پارێزەری بەلام لێپرسراوانی بەعسی ئەوکاتە رێگر بوون بۆ گەڕانەوەم بۆ پیشەی پارێزەریم.

١٠- پاشان گواسترامەوە بۆ ئەمینداری ئەوقاف پاش گفتوگۆ کردن لەگەڵ خوالێخۆش بوو (شێخ بشیر اتروشی) رەزامەندی فەرموون بە قبووڵ کردنی استیقالەکەم لە وەزیفەم بە سوپاسەوە خوالێخۆشبوو هەموو هەولێکی بۆ داوم بۆ ئەوەی دەست لەکار بکێشمەوە.

١١- پاش وازهێنانم لە پیشەی فەرمانبەری دەستم کردەوە بە پیشەی پارێزەریم.

١٢- لە ساڵی ٢٠٠٤ تەکلیف کرام بە ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بۆ ماوەی سێ خول بەشداریم کردووە.

١٣- لە ساڵی ٢٠١٧ خانەنشین بووم لە کاری پارێزەریم دوای تەمەنێک لە خزمەت کردن.

قضاء رطبة و پاشان بۆ وەزیفەی (کاتب) لە ناحیەی حریە لە قەزای کوفە وەلە دواییدا نیشتەجێ بووم لە شاری کربلاء وە کارم کردووە وەک (کاتب تحریر دیوان محافظة کربلاء) تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٨.

٦- لەم ماوەیەی کە دوور خرامەوە لە کوردستان هەستمان بە نەبوونی و ئاوارەیی و بێ کەسی و کەم و کوری دوور لە خاک و گەلەکەکان و شۆرشی رزگاری خوازی کوردستان کردووە کە خانەوادەکەم هەمیشە هەموو ئازارێکیان کێشا بۆ کوردستان و وەک من ئاوارە و دەربەدەر بوونە.

٧- دوو برادەری کورد کە بەڕێوبەری ناحیەکان بوون هەریەک لە کاک طه عسکری و مکی طیب حسین لەگەڵم بوونە لە شار و لە شوێنی کار و دەوام.

٨- پاشان لەسەر داوای خۆم گواسترامەوە بۆ شاری هەولێر بۆ دیوانی پارێزگای هەولێر بەهەمان پلەی وەزیفی کە دوای نەفی کردنم پێیان دابووم.

٩- پاش گواستنەوەم بۆ شاری هەولێر هەوڵم دا بۆ ئەوەی وازهێنان لەکارم بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە سەر پیشەی پارێزەری بەڵام لێپرسراوانی بەعسی ئەوکاتە رێگر بوون بۆ گەڕانەوەم بۆ پیشەی پارێزەریم .

١٠- پاشان گواسترامەوە بۆ ئەمینداری ئەوقاف پاش گفتوگۆ کردن لەگەڵ خوالێخۆش بوو (شێخ بشیر اتروشی) رەزامەندی فەرموون بە قبووڵ کردنی استیقالەکەم لە وەزیفەم بە سوپاسەوە خوالێخۆشبوو هەموو هەولێکی بۆ داوم بۆ ئەوەی دەست لەکار بکێشمەوە .

١١- پاش وازهێنانم لە پیشەی فەرمانبەری دەستم کردەوە بە پیشەی پارێزەریم.

١٢- لە ساڵی ٢٠٠٤ تەکلیف کرام بە ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بۆ ماوەی سێ خول بەشداریم کردووە.

١٣- لە ساڵی ٢٠١٧ خانەنشین بووم لە کاری پارێزەریم دوای تەمەنێک لە خزمەت کردن.

# دلێر ئەحمەد مەجید شاسوار

لە شۆڕشی ئەیلول ئامیر بەتالیۆنی (٣) زۆزک بووم، پاشان گواسترامەوە بۆ جێگری ئامرهێزی ئەزمەر لە پێنجوێن، بەکالۆریۆس لە زانستی پۆلیس/ کۆلیژی پۆلیسم لە بەغدا تەواو کردووە لەساڵی (١٩٧٤). کۆتایی مانگی (٣) و سەرەتای مانگی (٤)ی ١٩٧٥ گەڕاینەوە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول بۆ سلێمانی- دواتر هەموو ئەفسەرانی کورد گوازراینەوە بۆ مەعەسکەری (عائدون) لە دیوانیە، پاشان چەند مانگێک فەرمان دەرچوو گواترانەوە بۆ راژەی شارستانی وەزارەتی ئاوەدانکردەوە (معمل البناء الجاهز) لە سەفوان تازە لە بەسرە دروست ئەکرا زۆر زۆر گەرم بوو لە هاویندا رۆژانە (٢٠ کم) بە پاس لەسەر حسابی خۆمان دەچووین و دەگەڕاینەوە تا دوای ئیستقالەم کرد نەقلی کەربەلا یان کردم.

، پاش ماوەیەک گواسترامەوە بۆ هەمان (معمل) لە شاری کەربەلا.

پاشان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیسکان لە شاری عمارە (پارێزگای میسان) دواتر بۆ شرکە تحریر لە بغداد. دواتر مانگی دووی ساڵی ٢٠٠١ گەڕامەوە بۆ کوردستان.

ناوی برادەران لە پارێزگای بەسرە (شەهید ئەنوەر مەجید سولتان)، وە لە شاری کەربەلا (بەڕێزان کاک نیعمەت عەبدوڵڵا، کاک شێرزاد محەمەد صالح و کاک تۆفیق و خوالێخۆشبوو کاک صادق و کاک سەروەر محەمەد صالح عنبر)

## دلێر ئەحمەد ئاکۆ

ساڵی (١٩٧٤) گوازرامەوە بۆ لیوای یەک نینوی بە ئەفسەری راهێنان دامەزرام لە موصل پاش ماوەیەک گوازرامەوە بۆ (ف١ک١) ئەم هێزە لە شێخان بوو بەڵام من لە سریەی یەک بووم لە ناحیەی القوش سەر بە ف٢ ل ٩٣ احتیاط فەرماندەکەی عمید (احمد یعقوب) بوو تنسیبی ربیەک کرام لەسەر چیای القوش نزیک دێرە گەورەکەی القوش (القوش هەمووی کریستیان بوون) ئیسلامی تێدا نەبوو گەمارۆی ئابووری سەربازی درابوو ئەو کات ناوچەی حرکات بوو، بەرپرسی هێزی پێشمەرگە فەرماندەیەکی کریستیان بوو ناوی (تۆما تۆماس بوو) سەرپەرشتی جموجۆڵی پێشمەرگەی لە ناوچەکە دەکرد، هاتنە خوارەوە بۆ ئێمە قەدەغە بوو تەنیا بە فەرمان و بەهێزی پاراستن (حمایە) بوو. وەزعمان لەم چیایە هیشک و بریشکە زۆر ناخۆش بوو. ئێواران دادەنیشتم لە تەنییشت بەردە شاخێکی مەزن بە ئامێری تۆمارگا (تسجیل) گوێم لە گۆرانی حەسەن زیرەک دەگرت زۆر جاریش بەشی کوردی ئێرانم دەکردەوە رادیۆی قصر شیرین. ماوەیەک مامەوە مۆڵەت قەدەغە بوو تەنیا مانگێ سێ رۆژ مەجال هەبوو سەر لە ماڵەوە بدەین، یەک دوو جار دابەزیم نەخۆشخانەیەکی بچووکی هەبوو یەک

دکتۆری کریستیانی لێ ناوی (متێ) بوو ئەچووم بۆلای، ڕۆژێک تعارفم لەگەڵ پیاوێک کرد ناوی یوسف (ابو زور زوو) بوو لە خێزانی چولاغ بوو، جارێک چووم بۆ لای بەشێوەیەکی نهێنی دایکێکی پیری هەبوو (عارقی مستکی) دروست دەکرد لەوێ خۆم وتم بەخوا ئەمە شتی چاکە دەرمانی منە. ئەمە باوکمی دەناسی کاتی خۆی طباغ بوو لە دائیرەی غابات زۆر جار دەنگوباسم پێ دەگەیشت لەڕێگای ئەو. ڕۆژێک بەنهێنی دابەزیم کاتێ عەسر گەڕامەوە پێیان وتم فەرماندەی فەوج پەیوەندی پێوە کردی، تەلەفۆنی عەسکەریم لا بوو تەلەفۆنم بۆ یاریدەدەری فوج کرد ناوی نقیب (فاهم) بوو، خەڵکی حلە بوو زۆر حەزی لە مستەکی بوو هەموو جارێ بۆم تەرتیب دەکرد، ڕاپۆرتیان لەسەر من نووسیبوو.. وەدەیان زانی بێ حمایە دێمە ناو شار و پەیوەندیم باشە لەگەڵ کریستیانەکان، بۆیە بۆ بەیانی تەلەفۆنم بۆ هات کە هەڵمگرت ئامر فەوج بوو وتی دابەزە وەرەلام لە (معسکری فوح) لە دەرەوەی شارۆچکەی القوش بوو لە نێوان تلکیف و القوش بوو , کاتێ دابەزیم بۆ شارۆچکەکە (٣٠- ٣٥) دەقەی پێویست بوو، بەڵام بۆ گەڕانەوە سەعاتێک زیارتی دەویست، پاشان بە سەیارەی عەسکەری چوومەلای ئامر زۆر بە گەرمی بە قسەی خۆش پێشوازی کردم و وتی نان بخۆ بڕۆ بۆ موسڵ هەندێ کەلوپەل بۆ سریە بێنە. وتم گەورەم ئەمە کاری ئەفسەری کارگێڕییە چونکە پسوولەی پێویستە. وتی: حەز دەکەم تۆ بڕۆی و ملازم کازمیش لەگەڵت دێت (خەلکی ناسریە بوو).. دڵم شتێکی کرد و خەبەریدا وتم ئەم ماستە بێ موو نییە تازە تووش بووم حەتمەن شێتک هەیە. هەرچۆنی بێ لەگەڵ کازم دابەزین کات دوازدەی نیوەڕۆ بوو گەیشتینە بنکەی لیوا یەکسەر وتیان کازم بیبە بۆ (استخباراتی فوجی ٤) (کاتێ خانەنشین بووم ٢٠١٨ کە داوای دۆسیەم کرد کە ئێستا هاوپێچە زانیم چ جۆرە نووسراوێک لەسەر) کراوە و چۆن مخفورا منیان کردووە بەڵام عەقید احمد دەیزانی درۆیە بۆیە ڕێزی گرتم ئەو ئەفسەرەی لەگەڵ ناردم زۆر بە احترامی بێ ئەوەی بڵێن تۆ مخفوری و چەکم پێ بوو... ئەگەر کاتی خۆی ئەو هەموو نووسراوەی لەسەرم

کراوە کە لەناو دۆسیەکەم دۆزیمەوە هەر لە عیراق نەدەمام.

هەر چۆنێ لە لیوا بەرە و ئیستخباراتی فەوجی (٤) بەرێ کەوتین هەتا سەعات یەکی شەوماینەوە پاشان وتیان بەندت ناکەین بەڵام بە ملازم ئەوەل کازم وترا بەیانی بیهێنەوە، بەیانی گەڕاینەوە بۆ فەوج بەڵام زۆر بە ئیحترام و ڕێزەوە زانیان هەڵەنە یا بۆ ئەوەی ڕانەکەم، نووسراوێکیان پێ دا نهێنی لەناو زەرف لەگەڵ ملازم ئەوەل کازم وتیان بگەڕێنەوە جێگای خۆتان، ئێوارە گەڕاینەوە.

ماوەیەکی پێ چوو فەرماندە تەلەفۆنی کرد بەرەبەیان بوو، وتی: هەر ئێستا دابەزە وەرە لام، منیش وتم بەڵێ ئەمر دەکەی، وتی: هەرچی کەلوپەلت هەیە ئەوەی پەیوەندی بەتۆ هەیە لەگەڵ خۆت بهێنە، تەلەفۆن داخرا. وتم بەخوا قەوما ئەم جارە تووش بووم دەرباز نابم. بۆ کێ بچم لەم چیاو چۆلە، بەهەرحاڵ دابەزیم و چوومەلای ئامیر لە دەرگا یاریدەدەرم بینی وتی پیرۆزە لە دڵی خۆم وتم یەعنی چی پیرۆزە، هەزار خەیاڵم بۆ هات کە چوومە ژوورەوە ئامر وتی دانیشە، چایەکی بۆ بانگ کردم و نامەیەکی کراوەی دەرهێنا و وتی فەرموو کورم بیخوێنەوە. تەماشام کرد فەرمانی گوازرانەوەم بۆ دەرچووە یەکسەر بۆ پۆلیسی پارێزگای کوت.. فەرمانەکەم وەرگرت خوا حافیزیم لێ کرد و وتی: کورم هیوادارم سەرکەوتوو بێ بەڵام دەبی لەماوەی (٢٤) کاتژمێری داهاتوو ئیلتحاق بە پۆلیسی کوت بکەی. وتم: ئەمر دەکەی، هەرچۆنی بێ چوومە کوت و سێ چوار مانگ مامەوە. بروسکەیەک لە وەزارەتی ناوخۆ هاتبوو دەڵێ دەبێ ملازم دلێر احمد بکر بگوازرێتەوە بۆ دیوانیە (قادسیە) ئەوجا چووم بۆ قادسیە نزیکەی (چوار ساڵ) لەوێ مامەوە.

ئەم کەین و بەینەی بەمن کرا نەم زانی هۆی چی بوو. من زۆر بە ئاسایی وەرم گرتبوو تا خانەنشین کرام لەساڵی (٢٠١٨) بەڕێگای برادەرێک توانیم دۆسیەکەی خۆم لە وەزارەتی ناوخۆی بەغدا کۆپی بکەم.

کە پەڕەکانم خوێندەوە موچرکم پێدا هات و وتم چۆن من بە سەلامەتی

ماووم لە سالّی (١٩٧٤- ١٩٩١)ی راپەڕین.. لە رۆژی لە کۆلیژی پۆلیس بووم لەژێر چاودێری (ئەمن عامە) بوومە. کە گوازرامەوە بە تۆمەتی پەیوەندی بە پێشمەرگە (التضامن مع المخربین) وەک لە دۆکیۆمێنتەکان دیارە کە هاوپێچە و بەفەرمانی وەزراەت گوازرامەوە پارێزگای دیوانیە کە باشوورە و گوازرامەوەم لە کوت وەزارەت رازی نەبووە چونکە یەک لە پارێزگاکانی ناوەڕاستە.


الجمهورية العراقية
محافظة نينوى
الرقم / س ٢/ ٣٢٢
التاريخ ٥ /٩/ ١٩٧٤

تفيد المعلومات الواردة الينا من مصدر موثوق ... احمد ...
المنسوب الى ف١ ل١ في الشيخان كان قد ... في كلية الشرطة ...
... الديمقراطي الكردستاني ومتعاطف مع المخربين .
يرجى التفضل بالايعاز لنقله الى المحافظات الجنوبية مع التقدير .

فليح حسن الجاسم
محافظ نينوى

# ڕێباز مستەفا جەعفەر

لەدایکبووی (١٩٦٢-ڕواندز)، پێشمەرگەی دێرین، وەرگێڕ و نووسەر. کتێبە چاپکراوەکانم زیاتر لە (٣٥) کتێب دەبن، کە لە زمانی فارسییەوە کراون بە کوردی.

پایزی (١٩٧٤) ماڵی ئێمەش وەکو هەزاران ماڵە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول ئاوارەی ئێران بووین. لە دەروازەی حاجی ئۆمەرانەوە چووینە وڵاتی ئێران و ئێمەیان بردە ئۆردوگایەکی پەنابەران بە ناوی (بەهرام) لە نزیک شارۆچکەی ئەندیمەشکی خوزستانی ئێران. لەوێ خراینە ژێر چادرەکان و باوکم گەڕایەوە بەرەکانی شەڕ و لە دوا ڕۆژەکانی نسکۆی شۆڕش، باوکم لە ڕۆژی ٥ی ١ی ١٩٧٥ لەگەڵ دوو لە هاوڕێکانی لە بەرەکانی شەڕ لە گوندی بەرسرینی سەر ڕێگای هاملتۆن، شەهید بوو.

سەید مستەفای باوکم فەرماندەیەکی ئازا و ناوداری ناوچەکە بوو، دوو مانگ دوای شەهیدبوونی، شۆڕشەکە کۆتایی پێهات. ماوەیەک دواتر ئێمەیان لە خوزستانەوە گواستەوە بۆ ئۆردوگایەکی دیکە لە لورستان.

ئێمە کە پێنج برا بووین هەرە گەورەکەیان من بووم، کە تەمەنم ١٣ ساڵ بوو، لە ئۆردوگای لورستان باپیریشم، کە هەمیشە لە جێی باوکمان سەرپەرشتی ئێمەی دەکرد، لەوێ کۆچی دوایی کرد و ئێستاش گۆڕەکەی هەر لەوێیە. ئیدی سەرەتای پایزی هەمان ساڵ، واتە ساڵی (١٩٧٥) لەگەڵ زۆر لە

خەڵکی دیکە لە ڕێگای کرماشان- خانەقینەوە خۆمان ڕادەستی ڕژێمی بەعس کردەوە، بەڵام ڕژێم لە جیاتی بمانباتەوە ڕواندز، ئێمەیان ڕاپێچی باشووری عێراق کرد وماڵی ئێمە و نزیکەی زیاتر لە ١٥ ماڵی دیکە بردراینە گوندێک بە ناوی (ئەبو تاها) (ابو طه) سەر بە فەلوجە لە ڕومادی. ئەو ماڵانەی لەگەڵمان بوون، بەشێکیان خزمی خۆمان بوون، وەک ماڵەکانی: ئەسعەد کاروانچی و باوک و برا و برازاکانی. ماڵی خالید ڕەشید فەقیانی و حاجی حەسەنی برای و چەند ماڵە ئامۆزایەکی دیکەیان، ئەمانە پێشمەرگە بوون، بەڵام هەندێکیان پێشمەرگە نەبوون، کەچی لەگەڵ ماڵە پێشمەرگەکان ڕەوانەی باشوور کران و لەوێ وەک دەستبەسەر گل درانەوە. لەو گوندە من و دوو لە براکانم و منداڵانی دیکەش لە قوتابخانەی گوندەکە وەرگیراین و تا لەوێ بووین بە زمانی عەرەبی خوێندمان، بەڵام ئێمە بە هۆی خزمێکمانەوە کە لە بەغدا کاربەدەست بوو، هەوڵیدا ساڵێک دواتر ڕێگەیان پێ داین بگەڕێینەوە ڕواندز.

ئەو ناوچەیەی ئێمەی لێ بووین، کە پێیان دەگوت (زەویە ستیح) (زوية‌السطيح) ژمارەکی زیاتری ماڵە کوردی ڕاگوستراوی لێ نیشتەجێ کران، کە تێکەڵەیەک بوون لە خەڵکی ڕواندز، خانەقین، سلێمانی، خۆشناو و هەریری و زۆری دیکە.

مامەڵەی دانیشتووانی ناوچەکە مامەڵەیەکی ئاسایی و تا ڕادەیەک باش بوو لەگەڵمان. خەڵکی ئەو ناوچەیە عەشایر و زۆریش سادە دەژیان و بژێویان زیاتر لەسەر کاری کشتوکاڵ و بەروبوومی ئاژەڵ و خورما بوو، لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە ئەو کات تا بڵێی دواکەوتوو بوون و تەنانەت ئاوی پاکی خواردنەوەشیان نەبوو.

بەشێک لە ماڵە کوردەکانی ئەوێ تاسێ ساڵ دواتر هەر لەوێ مانەوە، ئینجا ڕێگەیان دان گەڕانەوە، هەندێکیشیان هەر لەوێ کاریان دەست کەوت و جێگیر بوون و لەوێ مانەوە.

## رقيب حسين ملا دزەيی

مواليد ١٩٢٧، قرية قازيخانة، ناحية قوشتبة
درس الابتدائية في قرية قازيخانة.
انهي دراسة المتوسطة والثانوية في اربيل.

انتمي الى صفوف الحزب الشيوعي العراقي في شبابه وهو طالب متوسط وثانوية كرها الاحتلال الانجليزي والحكم الاستعماري وشارك في معظم مظاهرات الطلبة ضد الحكم الملكي في اربيل وبغداد. خريج كلية الحقوق العراقية بغداد/ ١٩٥٣.

اول تعينه: معاون ملاحظ في متصرفية اربيل ونسب كموظف اعاشه في دائرة آعاشة اربيل.

ثم عين مدير ناحية (ناحية شيروان مازن/ ناحية ديانة/ ناحية عينكاوة/ ناحية هيران/ ناحية ديبكة/ ناحية قراج/ ثم ١٩٦٤ عين قائمقاما لقضاء كويسنجق ١٩٦٤-١٩٦٧)، ثم قائمقاما لقضاء مركز اربيل ١٩٦٨.

ثم نفي الى جنوب العراق (للمرة الاولى) (١٩٦٩- ١٩٧٠) وبقي فيها لمدة سنتان. بعد صدر بيان آذار عين ونقل الى دهوک بوظيفة معاون في محافظة دهوک للادارة المحلية بعد صدور بيان آذار/١٩٧٠ اعادة الموظفين الكورد الى كوردستان (١٩٧١- ١٩٧٤).

في (١٩٧٤/٣/١١) التحق بصفوف الحركة الكوردية المعارضة في منطقة بهدينان بعد اتفاقية آذار/ ١٩٧٥ نقل الى الجنوب الى السماوة (للمرة الثانية) بعنوان رئيس ملاحظين في الادارة المحلية وحسب تنسيبها. وبقي هناك الى

(١٩٨٢) حيث احيل على التقاعد بناءا على طلبه.

الترحيل والنفي الى الجنوب للمرة الثانية

**النفي الى مدينة السماوة:**

بعد اتفاقية الجزائر المشؤومة في (١٩٧٥) وانهاء حركة الكوردي تم نفي ونقل والدي وابناءه الى مدينة السماوة (١٩٧٥- ١٩٨٢) وبقي فيها منفيا لمدة (٧) سنوات.

محافظة المثنى كانت محافظة فتية وكان يشكو من قلة الكوادر الاداري في المحافظة و دوائرها فتم الاستفادة من خدمات والدي وتعينه بوظيفة كمدير الادارة والذاتية في الادارة المحلية في المحافظة.

اصدقاء والدي وآقاربه وزملائه من الموظفين المرحلين الى جنوب العراق كانوا ُموزعين في محافظات الجنوب كافة (القادسية- المثنى- ذيقار(١) على فتاح دزەیی- مديرية الطرق والجسور/ ديوانية- ناصرية، (٢) د. محمد دزەیی / ناصرية، (٣) حاكم امير حويزي/ ديوانية، (٤) كاكەرەش نقشبندي/ ديوانية، (٥) حاكم بايز دزەیی/ ديوانية) (٦) انور قرواغي (تربية) سماوة (٧) حسين مخموری (تربية) سماوة (٨) د.عبدالرحمن/ السليمانية- اختصاصي عيوان (٩) مدير تجنيد السماوة العقيد (رؤوف مجيد) (١٠) نظام الدين عبدالمجيد كلي (ملاحظ) ادارة محلية. (١١) فاتح سامي داود، كركوك/ موظف ادارة محلية. (١٢) عثمان خوشناو/ مدرس تربية ناحية الخضر. (١٣) الشهيد عبدالله آغا شفيق فتاح آغا.

وكانوا على صلة وتقارب ويقومون بزيارات ببعض البعض بشكل عائلي مستمر وخاصة خلال فترة الصيف حيث هذه اللقاءات كانت بشكل اجتماعات حزبية غير منظمة ومبرمجة يتداول فيها اسباب انهيار الحركة الكوردية في ١٩٧٥ والاخبار التي كانت تاتي سرا عن تجدد القتال في ربوع كوردستان من جديد وعودة البيشمرگه الى النضال والظهور من جديد.

**ترحيل الكورد ونفيهم الى الجنوب كانت على ثلاث مراحل او مجموعات:**

اولا: الكورد الذين رجعوا الى ارض الوطن من ايران مباشرة بعد اتفاقية الجزائر/ ١٩٧٥ مستفدين من فترة العفو المحددة لخمسة عشر يوما ثم حدد الى فترة اطول هؤلاء هم اغلبهم من الموظفين ثم نقلهم باوامر من مجلس قيادة الثورة/ مجلس شؤون الشمال وتم توزيع على دوائر المحافظات الجنوب والوسط دون الزامهم بنقل عوائلهم معهم ولكن الاغلبية اخذوا عوائلهم طوعا.

ثانيـا: الكـورد الذيـن رجعـوا بعـد انتهـاء فتـرة العفـو بفتـرة ثـم اخذهـم مـع عوائلهـم مـن الحـدود الـى الجنـوب وثـم توزيعهـم علـى النواحـي والقـرى فـي العـراء علـى ان يثبتـوا وجودهـم فـي اقـرب مركـز الشـرطة يوميـا.

ثالثـا: عوائـل المقاتليـن مـن البيشـمەركة الملحقيـن بالحركـة الكورديـة بعـد اعـادة التنظيمـات وانـدلاع القتـال مجـددا وظهـور البيشـمەرگه ثانيـة ثـم ترحيلهـم وسـجنهم فـي سـجون مراكـز الشـرطة فـي المحافظـات الجنوبيـة وكانوا قسـم منهم فـي مركـز شـرطة القشـلة فـي السـماوة وكانـوا فـي وضعيـة سـيئة جـدا.

وكذلـك كانـت هنـاك خطـط سـرية لبنـاء طرائـق خاصـة بعوائل الكـورد في منطقـة نكـرة سـلمان ولكـن هذا المشـروع تم ايقافها بعد اندلاع حـرب ايران واعادة ظهـور البيشـمەرگه وتنظيماتهـم فـي جبـال كوردسـتان. (وكان المشـروع سـريا) ولكـن اوقـف ولـم ينفذ.

للمرة الاولى:

الترحيل والنفي الى الجنوب مدينة الكوفة: (١٩٦٩- ١٩٧٠)

والـدي كانـت يتهـم من قبـل الدوائر الامنية والاسـتخبارية بانه من المناهضيـن مـع الحركـة الكورديـة فـي الجبـل لتاريخـه الطويـل مـع الحـزب الشـيوعي ولدرجـة القرابـة مـع اولاد عمومتـه فـي الحـزب الديمقراطي الكوردسـتاني المعـارض (احمد حمداميـن دزەيـى/ محسـن احمداميـن دزەيـى/ برهـان عزيـز آغـا دزەيـى) فكانـت التقاريـر ترفـع عنـه مـن قبـل رؤوسـاء الفرسـان بهـذا الشـان لتخلـص منـه ونفيـه الـى الجنوب.

وكان البعـث فـي بدايـة حكمهـم بعـد انقـلاب (١٩٦٨) فنقل والـدي الى جنوب العـراق مدينـة الكوفـة وبقي فيها سـنتان.

صـدر بيان آذار التاريخي ١٩٧٠

بموجـب فقـرات بنـود بيـان آذار التاريخـي واعـادة الموظفين الكـورد المرحلين الـى الجنـوب ونفيهـم فـي وظائـف الاجهـزة الحكوميـة فـي محافظـات المنطقـة الكورديـة ثـم اصـدار امـر بتعيـن والـدي بوضيفـه معـاون محافـظ دهـوك لـلأدارة المحلية.

استدعاء والدي الى مديرية الامن العامة في بغداد

بعـد سـنتان مـن ترحلينـا الـى الجنـوب (١٩٧٧) فـي مدينـة السـماوة، وفـي احـد الايـام وبينمـا كان والـدي فـي الدوام الرسـمي، جاء ممثل مـن الامن الى غرفة والـدي وسـلمه برقيـة اسـتدعاء والحضـور فـي مديرية الامن العامة فـي بغداد واخذ توقيـع والـدي تايـدا باسـتلامه برقيـة الاسـتدعاء والحضـور في الموعـد المحدد في

البرقية .

وبعد تفكير طويل وقلق قرر والدي الذهاب والحضور في الموعد المحدد حيث كان مشغول البال ويسال نفسه ماذا تذكر الجماعة وماذا يريدون مني بعد هذه المدة الطويلة ولماذا هذا الاستدعاء الامني؟

وفعلا في الموعد المحدد حضر والدي الى مديرية الامن العامة في بغداد وسلم البرقية الى الاستعلامات وارسل من شعبة الى اخرى وبدا التحقيق والاستفسارات وجمع المعلومات منه عن اتجاهه السياسي منذ نعومة اظفاره والوظائف والاماكن التي اشتغل فيها الى ان وصل الى غرفة مدير الامن العام (فاضل البراک) فاستقبله المومى اليه بكل تقدير واحترام وساله عن وضعه واحتياجاته وهل هو يحتاج شئ؟ وبين كل فترة واخرى يسال والدي هل انت محتاج شئ ولديک مشكلة؟ او احد افراد عائلتک؟ فكان جواب والدي لا والحمد لله لا يوجد لدي اي مشكلة.

وفي الاخير والدي قال له انتم بعثتم علي؟ هل تحتاجونني في شئ... فاجابه السيد المدير العام بانه السيد عبيدالله البارزاني قد اشتكى لدى سيد رئيس الجمهورية من سوء وضع الكورد المرحلين الى جنوب ومعاملتهم... والسيد الرئيس قد اوصى بالتحقيق وتحسين وضعهم ونحن في صدد الاستفسار واخترنا من كل محافظة شخصية للتعرف عن وضع اخواننا الكورد المرحلين الى الجنوب.

فكان جواب والدي بانه هناک انواع او مجموعات مختلفة من المرحلين قسم في مراكز المدن والمحافظات والاقضية والنواحي وهومنهم لا يشكو من شئ والقسم الاخر في القرى ويسكنون (الطرائف) وفي العراء قد يكونوا في وضع سئ.

الاولاد:

١) رزگار رقيب حسين ١٩٥٣ ٢) روناک رقيب حسين ١٩٥٥

٣) شيروان ١٩٥٨ ٤) كاميران ١٩٦٠

٥) زوزان ١٩٦٣ ٦) ريزان ١٩٦٧

٧) والدتي نظيفة مصطفى معروف (١٩٣٧).

شيروان رقيب حسين دزەيی
٢٠٢٣/٥/٢

# سەعدی مستەفا حوسێن خدر

لە ساڵی ١٩٤٢ لە دایک بووە و لەساڵی ٢٠٠٩ کۆچی دوایی کردووە. ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردووە و لە گوندی مەلحەوالی بووە. لە ساڵی ١٩٧٤ چووەتە ئێران لە ئۆردوگای بابک بوو هیچ کاری لەوێ نەکردووە و خێزان و منداڵی لەگەڵ بوو، بۆ ماوەی دوو ساڵو نیو لە ئێران مایەوە و تا ساڵی ١٩٧٧ گەڕایەوە عێراق و حکومەتی عێراقی دووریخستەوە بۆ شاری ناسریە لە ئۆردوگای شەترە بوو لەم ئۆردوگایە دەستبەکاربوو، دواتر لەوێ بە موراقیب شارەوانی دامەزرا تا ساڵی ١٩٧٩ گەڕانەوە بۆ شاوێس کە لەم ساڵەدا عەفو دەرچوو و لەگەڵ ئەم عەفوە گەڕانەوە بۆ کوردستان.

# سەعید یەحیا خەتات



سعید یحیی علی، ناسراو بە سعید خەتات لە ساڵی ١٩٤٤ لە شاری هەولێر لە دایک بووەو لە ساڵانی ١٩٥٣-١٩٥٧ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (المصلی) لە شاری کەرکوک تەواو کردووەو هەر لە شاری کەرکوک خوێندنی ناوەندی تەواو کردووەو دواتر لەبەر بارودۆخی ئەوسای عێراق و کوردستان لەگەڵ خانەوادەکەی هاتوونەتە شاری هەولێر.

– لە زستانی ساڵی ١٩٦٧ چۆتە نێو ریزەکانی پێشمەرگە و بەرپرسی بەشی عەرەبی بووە لە ئێزگەی دەنگی کوردستاندا لە ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٠.

– لە ساڵی ١٩٧٠ ژیانی هاوسەرگیری پێک هێناوەو باوکی دوو کوڕ و سێ کچە.

– لە ساڵی ١٩٧١ بووەتە ئەندامی کارگێری لیژنەی ناوچەی هەولێر پ.د.ک.

– لە ساڵی ١٩٧٢ دەبێتە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی رواندز.

– لە ساڵی ١٩٧٤ دەبێتە کارگێری لقی (٧)ی چۆمان تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٤ و ئاوارەی ئێران دەبن.

– لە ساڵی ١٩٧٦ و دوای گەڕانەوەیان لە ئێران لەگەڵ خانەوادەکەی دوور دەخرێنەوە بۆ شاری دیوانیە لە باشووری عێراق لە مانگی دووی ساڵی ١٩٧٦. لەسەرەتا لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٧٦ ئاگاداردەکرێنەوە و دواتر لە مانگی دوو دووردەخرێنەوە لەگەڵ چەندین خێزانی تری شاری هەولێر بەرەو باشووری عێراق.

– لە سەرەتا بۆ ماوەی دوو مانگ لە گوندێکی شاری دیوانیە دەبن (ناوەکەی نازانین) لەگەڵ خێزانێکی تری کورد کە خەڵکی ئامێدی بوون. دواتر دەگوازرێنەوە بۆ ناو شاری دیوانیە.

– لە ساڵی ١٩٧٧ وەکو فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ لە شاری دیوانیە دادەمەزرێت.

## سەبارەت بە ژیانیان لە دیوانیە:

ئەو کاتەی رادەگوازرێنەوە بۆ باشوری عێراق تەنیا جل و بەرگیان پێبووە و ئەو دوو مانگەی کە لەو گوندە دەبن لە بارێکی گوزەرانی زۆر خراپ دەبن و ئەم گوندە خانوی لێ نەبوو تەنیا خانوی حەسیر نەبێت ئەمە سەرباری نەبوونی ئاوی خاوێنی خواردنەوە کە خەڵکی گوندەکە ئاوی رووباریان بەکار دەهێنا. دواتر لە شاری دیوانیە لەگەڵ چەند ماڵێکی تری کوردی دەربەدەر خانوو بەکرێ دەگرن کە هەر ماڵەو تەنیا یەک ژووریان هەبووە و پاش دامەزراندنی لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ ئینجا دەتوانن

خانووێک بۆ خۆیان بە کرێ بگرن. بەڵام بە مووچەیەکی زۆر کەم دادەمەزرێت.

- لە ساڵی ١٩٧٨ دەگەڕێنەوە شاری هەولێر.
- لە ساڵی ١٩٨٢ راژەی دەگوازێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و لاوان لە شاری هەولێر.
- دەبێتە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر و پاشان نەقیبی رۆژنامەنووسان.
- لە پاش راپەرینی ١٩٩١ دەبێتە بەڕێوەبەری رۆشنبیری لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان تا خانەنشین دەبێت.
- لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە تا کۆچی دوایی کرد لە ٢٠١٩/١/٢٨ ئەندامی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.
- بەڕێوەبەری نووسین بوو لە رۆژنامەی (خەبات – التاخی) کە بە زمانی عەرەبی دەردەچوو لە ساڵی ١٩٩١ تا ١٩٩٧.
- لە ساڵی ١٩٩٦ یەکەم چاپخانەی پارتی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند (چاپخانەی خەبات) ت ساڵی ٢٠٠٠.
- لە ساڵی ٢٠٠٠ بووە سەرنووسەری رۆژنامەی خەبات تا ساڵی ٢٠٠١.
- لە ساڵی ٢٠٠٤ بووە یەکەم سەرنووسەری گۆڤاری (صوت الاخر) کە بە زمانی عەرەبی دەردەچوو تا ٢٠٠٦ و دواتر لە ساڵی ٢٠١٢ تا دوا ژمارەی لە ساڵی ٢٠١٦.
- بەشداربوو لە پرۆژە یاسای رۆژنامەو چاپەمەنی لە کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢.

کتێب و بڵاوکراوەکانی:

- (فس فس پاڵەوان)ی عەزیزی نەسینی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی
- ڕۆمانی (برایم زەبۆک)ی عەزیزی نەسینی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی
- (خاکی نەفرەت لێکراو)ی عەزیزی نەسینی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی
- هوامش علی سفر ایلول
- (کەر لە وڵاتەکەی خۆتاندا نییە)ی عەزیزی نەسینی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی

جگە لە نووسین بەهرەی هەبوو لە خەتخۆشی و هەر بۆیە نازناوی خەتاتی هەبوو و بە دەیان تابلۆی هەیە بەڵام بڵاوی نەکردۆتەوە .

زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی زۆر باش دەزانی.

# سەعید ناكام لە سۆمەردا

شەقڵاوە لە ماڵی سەعید ناكام
بە كامیرای تاریق جامباز گیراوە

وام بە باش زانی سەرێك لە باڵوێزخانەی عێراق بدەم تا لە بارەی گەڕانەوەم رایان وەربگرم، لەوێ باڵوێز (مەدحەت ئیبراهیم جومعە)م دی كە پێشتر یەكرتمان دەناسی، نیوەڕۆ پێكەوە بووین، ئەو دەیویست دڵنیام بكات كە گەڕانەوەم هیچ كۆسپەی نابێتەوە بەر و یەكسەر دەچمە ئەو شوێنەی دەمەوێ، نە لێپرسینەوە هەیە و نە دوورخرانەوە. بۆ سەلماندنی قسەكەی وێنەیێكی ئەو بەیانەی دامێ كە سەددام حوسێن جێگری سەرۆك كۆمار بەدەسنووس و ئیمزای خۆی پەیمان دەدا كە (هەر كوردێك بگەڕێتەوە هیچ جۆرە لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناكرێت و ڕاستەوخۆ دەچێتەوە جێگا و سەر ئیشەكەی خۆی)، هەروەها گوتی كە دارا تۆفیق و دكتۆر كەمال مەزهەریش هاتوونەتە لای و چی بەمن دەڵێ بەوانیشی گوتووە و بە دڵنیایی گەڕاونەتەوە، تۆش ئامادەبە بە فڕۆكە دەتنێرینەوە.

سوپاسی باڵوێزم كرد و گوتم بە فڕۆكە ناچمەوە چونكە ماڵم لە مەهابادە و دەمەوێ لەگەڵ هاوڕێكانماندا بگەڕێمەوە.

## گەڕانەوە بۆ عێراق

لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥ دا ئەو کەسانە ئاگادارکران کە دەیانویست بگەڕێنەوە عێراق، سەر لە سازمانی (ساواک)ی مەهاباد بدەن، منیش چووم، لە ژوورێکی گەورەدا کابرای بەرپرسی عێراقییەکان (هوشمەند زادە) لەگەڵ تەرجەمانێکی کورد (سەید عەبدوڵلای کولیجی) دانیشتبون و پرسیاریان لەوانە دەکرد کە هاتبوون.

یەک لەوانەی پرسیاری لێ کرا (حاجی زرار) ناوێکی هەولێری بوو کە زۆر شپرزە و شڵەژاو دیاربوو وەڵامەکانی بە چاکی بۆ نەدەدرایەوە، کاتێ ناوی منداڵەکانی خۆی گوت ساواکییەکە پرسی (کوڕەکەت تەمەنی چەندە؟)، حاجی کەمێک ڕاوەستا و گوتی (بەخوا وابزانم دە دوازدە ساڵانە).

کابرای ساواکی قەڵەمەکەی دانا و ڕووی کردە تەرجومانەکە و بە فارسی گوتی (ئاغای کولیجی، ئێمە جاران ئەمانەمان بە گورگی چیا دەزانی، کەچی دەرکەوت لە ڕاستیدا ڕێویش تەواو نین، توخوا کەس هەیە تەمەنی منداڵی خۆی نەزانێ؟).

من کە پێشتر دەرم نەخستبوو کە فارسی دەزانم چونکە نەمدەویست بخرێمە ژێر چاودێرییەوە، لێرەدا خۆم پێ نەگیرا و بەفارسی بە کابرام گوت: ببورە ئاغا، ئێمە نەک گورگی چیا بەڵکو شێری چیاین، بەڵام ئەو مەینەتییەی بەسەر ئەم پیاوەدا هاتووە، بەسەر هەر کەسێکی دیکەدا بهاتایە، نەک تەمەنی کوڕی بەڵکو ناوی خۆیشی لەبیر دەچۆوە و ناهەقیشی نەدەبوو).

کابرای ساواکی لەم قسەیەی من و لە فارسییە ڕەوانەکەم سڵەمییەوە و بە پەلە گوتی: (تکایە ئێوە کێن؟) گوتم منیش یەکێکم لەمان. نام سەعید ناکامە و ڕۆژنامەنووسم. کابرا دەستی بە بیانووی پەشیمان بوونەوە کرد و گوتی :من لەگەڵ کولیجی گاڵتەم دەکرد و پێم وانەبوو کەس وای لێیە لە قسەکانمان بگا، تکایە تووڕە نەبی.

گەڕامەوە و دەستم کرد بە هەڕاجکردنی کەلوپەلی نێوماڵ و فرۆشتنی کتێبەکانم، کتێبی کوردی کە لە ئێراندا مەنعە و خەڵک زۆر تامەزرۆیەتی باش دەفرۆشرێ، توانیم کەمێک پارە پێکەوە بنێم کە پاش گەڕانەوە تا چارەنووسم دیار دەکا پێی بژیم. پێویستە ئەوەش بڵێم کە لەنێو گشت برادەرانی خۆمدا،

تەنیا من بووم ک بۆ بەڕێوەچوونی خۆم ناچار بووم کتێب و شمەکی نێوماڵ بفرۆشم.

رۆژی (١٩٧٥/١٠/٩) بە دوو سێ ماڵ یەک لۆرییان داینێ تا کەلوپەلی لێ باربکەین و خۆشمان بەخێزانەوە چووینە (خانەی لاوان)، بەپێی ڕێککەوتنی خۆمان دابەش بووینە سەر پاسە ئامادەکراوەکان و سووڕابووین و بەرە و سنووری «(قەسری شیرین). ئەوەی هەرگیز بیر ناچێتەوە دیمەنی وەفا و دڵسۆزی دانیشتوانی شاری مەهاباد بوو کە لەمبەرەو بەری شەقام ڕێزیان بەستبوو و بە چەشنێکی کاریگەر هەستی دڵسۆزی خۆیانیان دەردەبڕی و ماڵاواییان لێ دەکردین، زۆریان خۆیان بۆ نەدەگیرا و بە ئاشکرا فرمێسکیان دەهاتە خوار، هەر پاسە و سەربازێکی چەکداریان تێدا دانابوو، ئەو پاسەی ئێمە (سەعید یەعقوبی) پارێزەر و (خدر دەباغ) ئەفسەری تۆپخانە و نەقیب (حەسەن بارزانی) و چەند کەسێکی ناسیاوی دیکە بووین.

نانی نیوەڕۆمان لە بۆکان خوارد و هاتین، شەو گەیشتینە کرماشان، لە چایەخانەیێک دانیشتین، بە نارەحەتی توانیمان نان و هێلکە پەیدا بکەین و دیسان سورا بووینەوە و هاتین، کەسمان شارەزای ڕێگای کرماشان قەسرێ نەبووین، ڕێگامان لێ گۆڕا و چووینە شاریکی دیکە و هاتینەوە، هەرچۆنێک بوو گەیشتینە قەسرێ و لەوێوە هاتینە (خوسرەوی) لەسەر سنوور.

بەدرێژایی هێڵی سنوور دیواری تەلەبەند ڕاکێشراوە و دەروازەییەکی زلی ئاسن لەسەر جادەی نێوان چەقاوە، لە هەردوولا خیوەت هەڵدراوە، ئێمە ە دابەزین هێشتا سێ چوار سەعات شەوی نابوو و کزەباییەکی ساردی دەهات. لەژێر خیوتێکدا لەگەڵ دوو ماڵی دیکە جێگای خۆمان کردەوە و لەسەر زەوی ڕەق ڕاکشاین.

بەیانی دەست کرا بەناو خوێندنەوە، لەودیو لەژێر کەپرێکدا چەند ئەفسەرێکی عەرەب و عەجەم پێکەوە دانیشتوون، ناوەکان و ژمارەی خێزان دەنووسن. پاشان بانگ دەکرێن و لە دەروازەکەوە ئاوای دیوی عێراق دەبن و پۆلیسی عێراق لە سەربازی ئێرانیان وەردەگرت و بەرە و خیوەتەکانی خۆیان پاڵیان پێوە دەنێ.

ئەو لۆریانەی کەلوپەلی ماڵەکانیان هێناوە، هاتوونە دیوی عێراق کە بەدەیان لۆری درێژی لێ ڕاگیراوە و پۆلیسی عەرەب ئەو شتانە هەڵدەگرن

و لـەم لۆرییـەوە بـۆ نێـو ئـەو ترێلەیـەی هەڵـدەدەن: وا دەبـێ کـە بەفرگـر یـا کەنتۆرێـک لـەم فرێدانـەدا زرمـەی دێ و ئاوێنــە و شووشــە دەشـکێ، عەرەبـەکان پێدەکەنـن و دەڵێـن (حێـل).

ئـەوەی سـەرنجراکێش بـوو، سـەرباز و ئەفسـەرەکانی ئێـران تـا بەرێکردنمـام زۆر بـە ڕووخۆشـی و ئەدەبـەوە ڕەفتاریـان لەگـەڵ دەکردین، بەیانی نان و پەنیر و بەفراویـان بەسـەردا دابـەش کردیـن و وەکو میوانێکی خۆشەویسـت خواحافیزییان لـێ کردیـن، کەچـی لەگـەڵ پێمـان دەگەیشـتە ئەودیـوی تەلبەندەکـە، پۆلیسـی عێـراق وەکـو تاوانبـاری بەندکراو لەگەڵمـان دەبزووتنەوە، پاڵیان بەژن و منداڵەوە دەنـا و تێمـان دەخوڕین.

ئـەو ڕۆژەی بـە پـاس لـە مەهابادەوە بەرە و سـنوور دەهاتیـن، برادەرانی هاو سـەفەرم (سـەعید یەعقوبـی) و (خـدر دەبـاغ) و ئەوانـی دیـ وا بزانـم بەگاڵتـە- دەیانگوت: (ها مامۆسـتا، ئەمەیش ئاکامی شۆڕشـەکەمان، ئەوا دەچینەوە بەڵام نەکـەی جارێکـی دی باسـی شـۆڕش و کوردایەتیمـان بۆ بکەیت و بمانخەیتە سـەر سـازوفێکی ڕاپەڕیـن و ڕووکردنـە چیـا...)، منیـش پێـم گوتن: برام ئێوە ماشـەڵڵا گەنجـن و بـە بەرتانـەوە مـاوە نیـازی شـتێکتان ببـێ، بەڵا من ئەوا پیـرم و کەلکی سـەروخورام پێـوە نەمـاوە تکاتـان لـێ دەکەم ئێـوە واز لەمن بێنن).

پـاش ئـەو قسـانە بـە مانگێـک کـە هەموومـان براینـە قادسـیە و بەسـەر گوندەکانـدا دابـەش کرایـن، جـار جار کـە دەچووینـە (دیوانیـە) بـۆ شـت کڕین و یەکترمـان دەبینـی پێـم دەگوتـن (هـا بـرام، چۆنـن؟ نەکـەن لەگـەڵ منـدا باسـی شـۆڕش و ڕاپەڕیـن بکـەن، چونکـە بـۆ خۆمـان دانیشـتووین و حاڵمـان خۆشـە!).

## بەرە و چۆلی عەرەبستان

لـە خێوەتەکانـی عێراقـدا نیـوەڕۆ سـەموون و خورمایـان داینـێ، لای ئێـوارە جـاڕدرا وەرن سـوارین، لافـاوی خەڵـک ڕووی کـردە ئـەو ترێلـە درێژانـەی لەوڵاتـر ڕاگیرابـوون، بـوو بـە فـڕان فـڕان و پێشـبڕکێییێک مەپرسـە، مـن کـە زۆر گـورج و گۆڵ نەبـوون و جگـە لـە (هەڵـۆ)ی ساوا سـێ جانتاشـمان بـێ بـوو درەنـگ ڕێ کەوتیـن، دەچوومـە بـەر هـەر لۆرێیـک دەمدی پڕ بووە، کـەس نەیدەپەڕژایە کەس و لـە ڕووداوانـی تێدا نەمابـوو، بەم پێیە بە لۆرییەکاندا ڕۆیشـتم تا گەیشـتمە دوا لـۆری کـە تەنیـا دووخێـزان و حـەوت کەسـی تێدابـووو، ئەمـە لە چـاو لۆرییەکانی دیکـەدا کـە یەکـێ ٦٠- ٧٠ کەسـیان سـواربووە و بەجۆرێـک تێک ترنجـاون ڕێگای جـوولان و دانیشـتنیان نییـە، خواپێـداوی بـوو. سـواربووین و کاروان کەوتـە ڕێ،

جەلەی ترێلەی پڕ لە خێزانی کوردی کەساس ئەوەندە درێژ بووبۆوە کە سەرێکی گەیشتبووە (مەنزەرییە) و دوا لۆری هێشتا لەسەر هێڵی سنووور بوو!.

هێشتا خۆرئاوا نەبووبوو گەیشتینە خانەقین، لە قەراخ شار خەڵک ڕاوەستابوون تەماشایان دەکردین، دەستەیێکیان کە عەگال و دشداشەیان لەبەر بوو، پێمان پێدەکەنین و لەولاتر کوردەکان دەگریان و هاودەردی خۆیانیان دەردەبڕی، لەکاتی شەڕدا ڕژێمی بەغدا کوردەکانی شاری خانەقینی بڵاو پێکردبوو، هەندێک تالان کراون و بەناوی ئێرانییەوە ئاوارەی ئەودیو کراون. هەندێکیش بەسەر شارەکاندا دابەش کراون و عەرەبی خێڵەکییان هێناوەتە جێیان، پارە و زەوییان داونەتێ خانووی پێ بکەن.

تاریکداهات و کاروانی لۆری و ترێلە ڕێگەی دەبڕی، هێشتا نەماندەزانی بۆ کێمان دەبەن، ئەو لۆرییە درێژەی ئێمە تێکڕا نۆ پیاو و چوار ژنی تێدابوو، خێوەتێکی گەورەی سەرپۆشی لۆرییەکە پێچرابۆوە بڵاومان کرد و لەسەر دانشتین. من ڕاکشام و بە هاوڕێکانم گوت ئاگاتان لێ بێ کە گەیشتینە (سەعدیە). ئەگەر بەرە و ژوور ڕۆیشتین ئەوا دەچینەوە کوردستان، خۆ ئەگەر ڕوومان لە بەرە و خوارکرا مانای ئەوەیە بڵاوەی عەرەبستانمان دەکەن.

کاتێ وەئاگایان هێنام، کاروانەکەمان بەسەر شەقامەکانی بەغدادا بەرە و خوار ڕێچکەی بەستبوو. سەعاتێک پاش نیوەشەو لۆرییەکانمان لە دەشتێکدا وەستان و هاتینە خوار، ئێرە لەبەر ئەوەی هاتوچۆی زۆر بەسەرەوە بووە بۆتە خۆڵە پەتانی و لمەکەی وەکو ئاردی دابێژراو تا قولە پێی پێدا دەچووە خوار، بەپرپووش و لەتە حەسیری کۆن ئاگرمان کردەوە و لێی ئالاین. پاشان بۆ دۆزینەوەی کەلوپەلەکانمان بە لۆرییەکاندا گەڕاین و شتەکانمان لێ هێنا خوار. ئەمجا کەوتینە تەقەلای ئاو پەیدا کردن.

ئێرە یەکەم قۆناغی کوردە گەڕاوەکانە کە نزیکەی چەند کیلۆمەترێک لەشاری دیوانیە دوورە. ئەوانەی دەگەڕێنەوە دەیانهێننە ئێرە و لێرەوە بەسەر گوندەکاندا دابەش دەکرێن. جادەیێکی ترومبێلی بە قەراخدا دەڕوا و چەند تانکی ئاویان داناوە کە لە دیوانییەوە بە لۆری ئاو دێنن و پڕ دەکرێن، هەندێک کۆختەی حەسیر (سەریفە) لەولاتر کراون خەڵکەکە بۆ ڕزگاربوون لە هەتاوی گەرم و تەپوتۆز ڕایانکردە ژێریان، لەبیری ئەوە دابووم چۆن خواردن پەیدا بکەم دیتم دوو کەس لیستەیێکیان پێیە و بەنێو خەڵکەکەدا دەگەڕێن،

ناو دەپرسی و لەگەڵ لیستەکەی خۆیاندا بەراوردی دەکەن. کاتێ ناوی خۆمم پێ گوتن سواری جێبەکەی خۆیانیان کردم و بردیانم بۆ دائیرەی (ئەمن) ی دیوانیە.

کە چوومە ژوورێ، مودیری ئەمن (حازم) ناوی موسڵاوی، ئەو منی ناسییەوە بەڵام من ئەوم نەدەناسی، ساڵی ١٩٥٠ کە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان گەڕامەوە بۆ سلێمانی و گیرام، ئەو موفەوەزی ئەمنەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردم و ناردمی بۆ ئەمنی بەغدا کە ئەوسا (تەحقیقاتی جینایی)یان پێ دەگوت، ئێستا لێرە مودیری ئەمنە و دیسان یەکترمان دیوەتەوە. زۆر بەڕێز پێشتواری لێ کردم، ناردی خاولی و سابوونیان هێنا چاوم بشم، چونکو بەڕاستی سەروچاوم بەتۆز داپۆشرابوو، پاشان داوای لێ کردن بۆی بنووسم کەی چووم بۆ ئێران و لەوێ دانیشتووم و بۆ چ گەڕامەوە بۆ عیراق؟

نووسیم، دە ساڵ لەمەوپێش لەسەر خواست و ئارەزووی خۆم خۆمم گەیاندە شۆڕش و بەدرێژایی ئەو ماوەیە وەکو پێشمەرگەیێکی بڕوادار و دڵسۆز چیم لەدەست هاتووە بۆ گەیشتمە ئامانج کردوومە و درێخیم نەکردووە، ئامادەبووم ئەگەر شۆڕش بمایە تا دوا هەناسە درێژەی پێ بدەم، بەڵام بە داخەوە سەرکردایەتی فەرمانی چەک دانانی دەرکرد و منیش وەکو پەنابەرێکی بێ پەنا مامەوە، ئێران دەیویست بمنێرێ بۆ شارێکی دووری باکوور، بەڵام من گەڕانەوەم پێ خۆشتربوو، بۆیە نەچووم و وا هاتوومەتەوە، ئامادەم چ جۆرە بەرپرس و تاوانێکم بەرەوڕوو دەکرێتەوە، شانی بدەمەوە بەر و ڕازی بم.

کە لێبوومەوە و نووسینەکەم دا بە مودیری ئەمن، دیتم لەگەڵ خوێندنەوەیدا بە قەڵەمی سوور خەت بەژێر هەندێ لە دێرەکاندا دەکێشێ، ئەمجا بە بزەوە گوتی: ئەوە تۆ ڕاپۆرتت نووسیوە یا دەتەوێ قسە بۆ کۆڕی کۆبوونەوە بکەیت!).

یەکێکی بانگ کرد و گوتی ئەم پیاوە بە جێبەکە بگەیێننەوە لای منداڵەکانی، کاتێ لەلای مودیر هاتمەدەر، دیتم لە ژوورێکدا چەند برادەرێک وەکو کاک سەعید یەعقوبی و خدر دەباغ و چەند کەسی دی، چاوەڕوانی بانگ کرانە لای مودیرن، هەموویان لێم کۆبوونەوە و پرسیاریان کرد داخۆ چییان لێ دەپرسن؟ چونکو وا دیاربوو یەکەم کەسم بانگ کراوم، گوتم پرسیارەکان سادە و ئاسایین، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئێمە چەند خۆمان قورس بگرین و نەچین لەبەر خاتری ئەوان جنێو بەڕابردووی خۆمان بدەین، کەسایەتی خۆمان دەسەلمێنێ و زیاتر لای ئەمانیش ڕێزمان بۆ دادەندرێت.

## لە ناحیەی ( سۆمەر ) یا ( جلعەت شخێر )

هەموو ڕۆژ قایمقامی دیوانییە دەهاتە ئۆردووگا و بەپێی لیستەکە ئەم خەڵکەیان بۆ گوندەکانی قادسیە بەڕێ دەکرد. سێ ڕۆژی پێ چوو، هەموو برادەرانی من نێردرانو و خەریک بوو ئۆردووگاکە چۆڵ دەبوو. کەچی ناوی من دەرنەکەوتبوو. ڕۆژی چوارەم چوومە لای قائیمقام ناوی خۆمم پێ گوت و هۆی مانەوەم پرسی، ئەویش یەکێکی بەناوی (ئەبو عەلی) بانگ کرد کە مودیری ناحیەی (سۆمەر) بوو و پێی گوت ئەمە ڕۆژنامەنووسە، با لەگەڵ تۆ بێت، ئەبوعەلی دەزبەجێ پیکابێکی هێنا کەلوپەلەکانمان لێ بارکرد و سواربووین بەرە و ناحیەی سۆمەر کە جاران گوندێک بووە بەناوی (جلعەت شخێر).

دواکەوتن و هاتنم بۆ سۆمەر، لەلای لابەلاوە سوودێکی باشی پێ گەیاندم،ئەو مودیری ناحیەیە کە خۆی لە بنەماڵەی‌شێخە دەرەبەگەکانی عەمارەیە و بەهۆی دابەشکانی زەوی گوندەکانیان لێ سەکرداوە، بەناچاری خۆی بە بەعسی پیشان دەدات و لەگەڵ ڕێژم دەڕوا، کەچی زۆری ڕق لێیانە، پاش یەکتر بینین زوو پێکەوە سازاین و گوتی ناتنێرم بۆ گوندەکان، لای خۆم خانووت بۆ پەیدا دەکەم. بەڵام کاتێ گەیشتینە سۆمەر کە گوندێکە و هەندێ خانووی میری بۆ مووچەخۆران و دوو سێ دایرەی نوێی لێ دروست کراوە، مودیر کەوتە پرسیار و گەڕان خانوێکی وای بۆ نەدۆزرایەوە بە کەڵکی دانیشتن بێت، جا بەناچاری گوتی جارێ بچۆ بۆ گوندی (ساڵحییە) کە پێشتر هەندێ خانووی لێ کراوە بۆ ئەو کوردانەی چاوەڕوان دەکرێ بگەڕێنەوە.

وا دیارە لە هەموو گوندەکانی ئەو عەرەبستانەدا خانووی کراوە بۆ ئێمەمانان ئەویش بریتی لە چوار دیواری مەتر و نیو بەرز کە سەری بە قامیش گیراوە جێی دەرگایێک و دوو کونی تێدایە بێ ئەوەی دەرگا و پەنجەرەی تێ خرابێ، ئەو کوڵیتەی ئێمە لە پێشی ڕاوەستاین و دەبوایە بچینە نێوی، چونکو چەند مانگێکە کراوە و هەموو ڕۆژ کەر و ئاژەڵی گوندەکەی تێ خزاوە بۆتە تەویلەی گشتی و چۆکێک پەین و زبڵی تێدایە، خەڵکی ئاوایی هاتن و دەستیان کرد بە تەپوتۆزی زبڵ هەڵکەندن و فڕێدان، پاش یەک دوو سەعات هەندێ پەینیان لێ فڕێ دا بەڵام لەوانە نەبوو وا بە سانایی پاک بکرێتەوە یا بۆگەنەکەی کەم بێتەوە، بەڵام چار نەبوو چووینە ژوورەوە و کەلوپەلمان تێدا بڵاوکردەوە.

بەیانی خەبەرمان بۆوە و کێشەی ئاومان هاتە پێش، ئێرەیش وەکو

گوندەکانی دیکە، ئاویان لەو شەقە جۆگە گەورانە بۆ دێت کە لە فورات هەڵبەستراون و بە نۆرە ئاویان پێدا دێ و دەبڕێت، ئەو ئاوە بۆ ئاودێری زەوی و دارخورماکان و بۆ خواردنەوەی خۆشیانە، هەفتەی سێ ڕۆژ ئاو دەبڕێت و تەنیا چۆڕێک لە بنەکەیدا دەمێنێتەوە، ئەمجا کاتێ ئاو دێتەوە، قوڕاوێکی خەستە و جگە لە لم و لیتە کەلاکی وڵاخ و ئاژەڵی تۆپیو و هەزاران شتی پیس لەگەڵ خۆی دێنێ و ڕای دەماڵێ، ژنە عەرەب دەچن لەسەر ئەو ئاوە خۆیان و جلک و قاپ و مەنجەڵ دەشۆن و بۆ چێشت و خواردنەوەشی لێ دێنن.

(هەڵۆ)ی کوڕم کە هەشت مانگانەبوو، نەخۆش کەوت، بردمانە تیمارگەیێکی بچووک لە قەراخ ئاوایی، دای ئەوەی لەگەڵ برینپێچەک یەکترمان ناسی، بەڵێنیدا هەموو ڕۆژ تەنەکەیێکمان لە ئاوی تیمارگەکە بۆ بنێرێ ک ئاوی تانکییەکەیان بە زاخ و کلۆر ڕوون دەکرێتەوە و وای لێ دێ بە کەڵکی خواردنەوە بێت.

ڕۆژی دوایی چووم بۆ سۆمەڕ و لەگەڵ (ئەبوعەلی) ی مودیری ناحییەدا کەوتینە پرسیار و گەڕان بەکۆڵاناندا، تا خانووێکی لەبارمان دۆزیەوە ک حەوشەیێکی گەورەی پڕ لە درەختی هەنجیر و ترێ و خورمای تێدابوو، کابرایێک بە پارەیێکی کەم گرتبووی، مودیر بەچەند دینارێک ڕازی کرد بۆمان بەجێ بهێڵێ، هەر ئەو ڕۆژە لۆریم برد و ماڵەکەم هێنایە سۆمەر و جێگیر بووین، تەنیا دوو شەو لە گوندیساڵحییە مامەوە.

ئەم سۆمەڕە کە گوندێک بووە بەناوی (جلعەت شخێر)، تەنیا ماڵی شێخ و دەستوپێوەندەکانی لێ دانیشتوون، دوای ئەوەی ناوەکەی گۆڕدراوە و کراوە بە مەڵبەندی ناحیە، کارەبا و ئاوی خواردنەوەی بۆ ڕێک خراوە و جگە لە فەرمانگەی مودیر و دایرەکانی دی ڕێزێکیش خانووی نوێ بۆ موچەخۆرەکان دروست کراوە، بەلام کۆلان و خانووەی داڕووخاوەکانی هەر ئەو جلعەت شخێرەکەی جارانە.

کوردی گەڕاوەی لە عەرەبستان داندراو، سەری ڕۆژانە چارەکە دینارێکیان دەدرایە، ئێمەیش کە سێ سەر بووین مانگی (٢٢٥٠٠) دینارمان وەردەگرت، دەبوایە مشتووری دەسکەوتێک بخۆم تا بتوانم بەڕێ بچم. ڕۆیشتن بۆ

شاری دیوانیـه ئازادبـوو و هەمـوو ڕۆژ دەمتوانـی بچیـن و بێینـەوە، بـەڵام مـن پێویستم بـه چوونـه بەغدا هەبـوو، داوام لـه موحافیـز کـرد کـه ڕێـگا بدرێـم، ئەویش پسـولەی (خۆتێنەگەیانـدن)ی بـۆ مـۆر کـردم و ڕۆیشـتم، لـەوێ گەلێـک لـه برادەرانـم بینـی و بـۆم دەرکـەوت کـه لـه سـۆمەرەوە ناتوانـم شـتێک بکـەم پـارەی تێدابـێ، بۆیـه خەریکی دەسـتپێکردنی پێویسـتییەکانی تەقاویتیم بووم لە نەقابـەی ڕۆژنامەنووسـان.

## گەڕانەوەم بۆ کوردستان

دانیشـتنی سـۆمەرم هـەژدە مانگـی خایانـد، لـه بەهـاری ١٩٧٧ دا دەنـگ بڵاوبـۆوە کـه کـوردە گـەڕاوەکان ڕێـگا دەدرێـن بگەڕێنەوە شـوێنی خۆیـان، مودیر ناحیـەی بـرادەرم ئەبوعەلـی لـه سـۆمەر نەمابـوو، ئـەوەی لـه جێـی ئـەو هاتبـوو پێـی گوتـم کـه بڕیـار وایـه تـۆ نەچیتـەوە بـۆ سلێمانی، جـا لـه هەولێـر و دهـۆک سەرپشـک بـە، بـەڵام ئەگـەر لـه بەغدایـش دابنیشـی ڕێـت لـێ ناگیـرێ.

کاتێـک هەواڵـی گەڕانـەوەی کـوردەکان بـۆ کوردسـتان بڵاوبـۆوە، مودیـری ناحیـه هەمـوو کوردەکانـی لـه ژوورەکـەی خۆیـدا کۆکـردەوە و داوای لەمـن کـرد وتەکانـی بۆیـان بکـەم بەکـوردی، ئـەو گوتـی: (ئـەوا ئەوا دەوڵـەت ڕێگاتان دەدا بگەڕێنـەوە بـۆ شـوێنەکانی خۆتـان، بـەڵام هـەر کـەس بیـەوێ لێـرە بمێنێتـەوە، مانگـی پەنجـا دینـار و خانـووی بەخۆڕایـی دەدرێتێ، خۆیشـی دەتوانێ هەر جۆره کارو کاسـبێک دەکا بیـکا، ئەمجـا کـێ دەمێنێتـەوە نـاوی خـۆی بڵـێ). لەو بیست و یـەک ماڵـه کـوردە کـەس نەیگـووت حـەز بەمانـەوە دەکا، یەکـه یەکـه دەهاتنـه پێـش و پسـوولەی گەڕانەوەیـان وەردەگـرت، سـەرە هاتـه سـەر (مـام عەبدوڵـڵا) کـه پیاوێکـی تەمـەن ٥٥- ٦٠ سـاڵانەی چـاو کـزی نیوەکوێـر و خەڵکـی خانەقیـن بـوو، پـاش ئاوارەبوونـه دیـوی ئێـران ژنەکـەی لـەوێ مردبـوو و پێنـج منداڵـی بەسـەر ملی عەبدوڵڵادا بەجێ هێشـتبوو که تەمەنیان لە چوار تا سـێزدە سـاڵان بـوو، مـام عەبدوڵـڵا کـه لـه ڕۆیشـتندا دەبوایـه دەسـتی ڕاکێشـتن، هێجـگار هەژار و دەسـتکورتیش بوو، زیاتر کوردەکانی سـۆمەر یارمەتی و دەسـتگرییان دەکرد. مودیـر ناحیـه پێـی گـوت (باشـه عەبدوڵـڵا خـۆ تـۆ ناچیتـەوە، لێـرە خانووێـک و مانگـێ پەنجـا دینـار وەرگـری بەباشـی پێـی بـەڕێ دەچیـت، وا نییـه!)، مـام

عەبدوڵڵا کە وەکو عەرەبێک زمانی عەرەبی باش دەزانی، گوتی: (جەنابی مودیر من حەز دەکەم یەکەمین کەس بم کە بەرەو کوردستان دەگەڕێمەوە)، مودیر بەسەرسوڕمانەوە گوتی: تۆ کە هیچ ئیشێکت پێ ناکرێ دەچیتەوە بەچی دەژیت؟، مام عەبولڵا لە وەڵامدا گوتی: من تەنیا هەوای نیشتمانەکەی خۆم هەڵمژم هیچی دیکەم ناوێ!.

ئەو قسە پڕ لە دڵسۆزیی کوردایەتییەی مام عەبدوڵڵا کە لە ناخێکی پەنگخواردووەوە هەڵدەقوڵا کارێکی وای کردە سەر دانیشتوانی ژوورەکە، هەموومان چاو پڕ بوو لە ئاو و دەمانویست هەستین دەمی ماچ بکەین، مودیر حەپەسابوو، هیچی بۆ نەگوترا، پسوولەی گەڕانەوەی مام عەبدوڵڵای مۆرکرد و دایە دەستی... منیش جارێکی دی نەمدییەوە و نازانم چی بەسەرهات.

پاش بیستنی ئەم هەواڵە چووم لە دیوانیە پاسێکی گەورەی هاتوچۆم بەکرێ گرت و هێنام نێوماڵەکەمان لێ بارکرد و خۆیشمان تاریک و ڕوونی بەیانی (١٩٧٦/٤/٨) سواربووین و کەوتینەڕێ. جگە لە وچانێکی کەمی بەغدا، نەوەستاین تا گەیشتینە هەولێر، لە تەیراوا خانوویێکم پەیدا کرد و چووینە نێوی، ئەمجا کێشە بەرێچوونم هاتە پێش، لە سۆمەر کرێی خانووم حەوت دینار بوو، لەلایەن میرییەوە نزیکەی سی دینارم وەردەگرت کە بەشی دەکردین، بەڵام لێرە دەرامەتێکم نییە و کرێ خانووشی سی دینار هاتۆتەسەر، هی جۆرە کارێکی وایش نییە بیکەین و پێی بژین، ژنەکەم چەند پارچە زێڕێکی مابوو دەستمان کرد بە فرۆشتن و خواردنی، باش بوو لەو ماوەیەدا کتێبێکی تورکی (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی)م لەسەر داخوازیکۆڕی زانیاری کوردی کرد بە کوردی و چاپ کرا، بە پارەیە کەمێک بووژاینەوە.

## سەید کاکە



## گەڕانەوەم بۆ عیراق

بڕیاری گەڕانـەوەم داو تـا سـەر سـنوور لە (قەسـری شـیرین) بـە ئۆتۆمبیلی خـۆم چـووم، ئۆتۆمبێلێکی جێب بـوو ڕژێمـی عیراق لێی سـەندم.

شـەش ماڵـی کـورد لـەوێ فـرێ درابـوون وەک مـن هـەژار و دەسـت کـورت بـوون، دەیانویسـت بگەڕێنـەوە بـۆ عیـراق و کەسـیان پێشـمەرگە نەبـوون، نـاوی منیشـیان لەگـەڵ ئـەو شـەش ماڵـە نووسـی و بوویـن بـە حـەوت ئێمەیان لە شـرە لۆریـەک بـار کـرد و جێبەکـەی خۆمیـان لێوەرگرتـم، ئێمەیـان بـرد بـۆ (رومـادی) لـە باشـووری عیـراق. لـە ڕومـادی لـەو بـەری فـوراتی لـە (بەعێسـە) ئێمەیـان لـە مەکتەبێـک دانـا. ئـەو ناوچەیـە هەمـوو ماڵێـک خانـووی خۆیـان لەنـاو بنـاغ و موڵکـی خۆیـان کردبـوو هـەر ماڵێـک لەگـەڵ ئـەوەی دی لێـک دوور بـوو.

بـەڵام پێـش گەڕانـەوەی کـوردەکان لەئێـران ڕژێـم ئـەو ماڵانـەی ئـاگادار کردبـووەوە کـە هـەر یـەک خانوویـەک دروسـت بـکات بـۆ ئـەو کوردانـەی لـە ئێران دێنـەوە، ئەوانیـش هـەر یەکـە خانوویەکـی خراپـی دروسـت کردبـوو کـەس وڵاغـی تێدا پـەروەردە نەدەکـرد، ناهەقیـان نەبـوو بـە سـوغرە پێیان دروسـت کردبوون.

ئـەو ماڵانـەی کـە لەگـەڵ مـن گەڕابوونـەوە هـەر یەکـە و لەگـەڵ جووتیارێـک دەچوونـە نـاو ئـەو کەلاوانـەی بۆیـان دروسـت کردبـوون، مـن بـە تەنیـا مامـەوە لـە دواییـدا پیاوێـک هـات ماڵەکـەی منـی بـرد بـۆ خانوویەکـی زۆر خـۆش وەک

(یانەسیب) لە دواییدا زانیم ئەو پیاوە لە شێخەکانی عەرەب بوو کورەکەی بوو بە سەرباز و ماڵ و منداڵی کورەکەی هێنابووە لای خۆی، ئەو خانووە بە بەتاڵی مابووەوە و نەشی دەتوانی خانووی خراپ دروینت بکات بە ناچاری منی بردە ئەوێ، چونکە بریاری رژێم بوو.

لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەو ماڵە هەژارانە گەرابوومەوە و ناوی خۆم بە (کاکە ئیسماعیل عومەر) نووسیبوو، لەلای رژێم بە (سەید کاکە) ناسرابووم، هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکم لەگەڵدا نەکرا.

رۆژێک لای پیاوێک میوان بووین خانویەکی زۆر گەورەی لەناو کۆمەڵە دار خورمایەک هەبوو، عەلەشیشێک و حەیوانێکیان بۆ سەر برین، نەریتێکیان هەبوو کەمن زۆر لام نارێک بوو، ئەوەیش ئەوە بوو ئەگەر ماڵێک میوانێکی بێت ماڵە نزیکەکان سەربەخۆ دێن و دادەنیشن تا نان نەخۆن نارۆنەوە، نزیکەی (١٥) زەلام کۆبوونەوە دوو ماڵە کوردش لەم نزیکانە بوون ناردیان بەدوایاندا، ئەوەندەی پێ نەچوو خاوەن ماڵەکە رووی لەمن کرد و گوتی بارزانی چی دەویست بۆ وای کرد؟

منیش هەندێک نارەزایی خۆم بەرامبەر ئەو پرسیارە دەربری و گووتم نازانم.

دووبارە پرسی و گووتی ئێوە چیتان دەویست؟

منیش گووتم ئەی فەلەستینیەکان چیان دەویست؟

کابرا زۆر تورە بوو.

گوتی بۆ ئێمە وەک ئیسرائیلین؟

گوتم: نەخێر ئەوان باشتر بوون.

شێخەکەی لەگەڵیدا بووم زۆر ترسا گوتی (سەید) ئەوە بەرپرسمانە کادیری حزبییە لە ناوچەکە.

کابرای حزبی زۆر تورە بوو و گوتی دەبێ قسەکەی خۆت بکێشیتەوە پێم گوت لەم رۆژانە (٥٠٠) ماڵی خانەقینیات هێناوەتە ئێرە پێشمەرگەش نین ئێستە ئەگەر خۆپیشاندان بکەن چیان لێ دەکەن؟

ئەو خەڵکەکەی لەوێ دانیشتبوون گوتیان، هەموویان دەکوژین.

گوتم: باشە کە فەلەستینیەکان خۆپیشاندان دەکەن کەسیان دەکوژرێن؟

گوتیان: نەخێر.

هەموویان پشتگیریی قسەکەی منیان کرد. ویستم بڕۆم، کابرای بەعسی دەستی لەمل کردم و ماچی کردم، گوتی: زۆر شوورەییە بۆ ئێمە لای ئێمە بڕۆی نان نەخۆی.

لە مانگی کانوونی یەکەمی (١٩٧٥) زۆر بە زەحمەت مۆڵەتم بۆ شاری هەولێر وەرگرت، چونکە نەیاندەهێشت بۆ مۆڵەتیش بێینەوە کوردستان. ماڵمان لەگەڵ ماڵی باوکم لە گوندی میرزاغە بوو. دوو ڕۆژ لە ماڵ بووم شەوێ سەعات (١٢) ئەمنی قوشتەپە کە سەر بە پارێزگەی هەولێر هاتن گوتیان بەیانی زوو بگە ناحیەی قوشتەپە، چووم دیتم هەندێک لە برادەرانی خۆم کە لە شۆڕشی ئەیلوول سەرپەل و سەرلق بوون دەیاننناردنەوە بۆ باشوور.

چووم بۆ لای مفەوەز ئەمنەکە ئەویش پۆلیسێکی کوردی بۆ لە یەکتر حاڵی بوون بانگ کرد. پۆلیسەکە دوو خەتی هەبوو، دوو موختاریش لای مفەوەزەکە دانیشتبوون، بە پۆلیسەکەم گوت من مۆڵەتم وەرگرتووە چونکە ئیش و کاری تەجنیدم هەیە، کاتی خۆی سەربازیم نەکردووە و یەکسەر بوومەتە پێشمەرگە.

پۆلیسەکە دەستی کرد بە تەرجومە کردنی قسەکانم، گوتی: قوربان دەڵێت فیرارم کردووە چووم بۆ لای (جیب العمیل) تووڕە بووم و بە پۆلیسەکەم گوت شەرم ناکەی کەی من باسی (جیب العمیل)م کردووە. ئەمنەکە دەنگی نەکرد، لەوێش ڕزگارم بوو.

هەر کوردێک داوای ئیشکردنی بکردایە دەیانکردە کەنناس، پاش چەند ڕۆژێک نزیکەی (١٠٠) کوردیان کردە کەنناس. جاران هەر شەقامێکی رومادی دوو کەنناسی لێبوو، وایلێهاتبوو هەر شەقامە و (٣٠) کەنناسی کوردی لێبوو، ئەمەش تەنیا بۆ سووکایەتی کردن بوو بە کورد. ئەو کردەوانە وای کرد نەتوانم بژیم. هێشتا بزووتنەوە نەهاتبوون بۆ لام، فارس باوە ئامر هێزی دەشتی هەولێر بوو، کاتی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ (عەریف عوسمان) کە ئامر بەتالیۆنی (٢) بوو، سەعدی گچکە سەرلق بوو، پاش گەڕانەوەیان ڕژێم لە بەغدا دایانبوون. چووم بۆ لایان گوتم من ناتوانم لێرە بژیم. گووتیان ئێمەش ناتوانین لەو بارودۆخەدا بژین.

ئینجا رامان گۆڕی و بڕیاماندا بڕۆینەوەشاخەکان شەڕی پارتیزانی بکەین، پاش چەند رۆژێک شەهید (دکتۆر خالید) شەهید (سەعدی گچکە) بە دوایاندا ناردم و چووینە ماڵی دکتۆر خالید، دکتۆر خالید گوتی: ئێمە رێکخستنمان هەیە کاتی خۆی کاک عەلی هەژار لە نەغەدە پێی گوتی و قسەت دایە کە بییتەوە عیراق و لەگەڵماندا بیت. گوتم بەڵێ من بۆ خەباتی چەکداری ئامادەم، بەلام رێکخستنم بۆ ناکرێت.

پێیٔ گوتم: خەباتی چەکداریش دەکەن؟

پێم گوت: ئێمە هەندێک هەڤاڵمان هەیە و بێزارن، خۆمان بۆ شۆڕش ئامادە کردووە و با بێ رێکخستن نەڕۆین.

دکتۆر خالید گوتی: ئەو هەڤالانەت کێن؟

گوتم (فارس باوە) و (عەریف عوسمان) و کۆمەڵێک کۆنە بەرپرسی شۆڕشی ئەیلولن، دکتۆر خالید گوتی تۆ و سەعدی خۆتان ئامادە بکەن لە دوایدا ئاگاداریان دەکەین، داوایان لێ دەکەین بێنەدەرێ. ئێمەش فارس باوە و ئەوانمان هێور کردەوە و گوتمان شۆڕش دەست پێدەکاتەوە و ئەوجا دەچینە دەرێ.

لە (١٥) ی تەمووزی (١٩٧٦) کاک دکتۆر خالید لە بەغدا لە (ئەبوونەواس) ناردی بەدوامدا، چووم دیتم کاک سەعدی لەگەڵ بوو، گوتی رژێم کاک عومەر دەبابەی ناردووە بۆ لای مام جەلال کە بێتەوە، بەلام مام جەلال گوتوویەتی ئێمە زوو وەرنەدەرەوە، لەوانەیە ئینقلابی سەربازی لە عێراق رووبدات، ئەمنیش چەکێکی زۆرم پەیدا کردووە و لیبیا و سووریا یارمەتیمان دەدەن. تۆپێکمان پەیدا کردووە ناوی گرادە لە رەبیبەی دوژمن بدات هەمووی دەکوژێت، سەربازی لیبیایی چی وەردەگرێت پیشمەرگەی ئێمەش وەری دەگرێت.

# ساڵح شێرە

لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕ لە ساڵی (١٩٧٤) لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا ئەویش ڕووی کردە شاخ دوای شکستی (١٩٧٥) گەڕایەوە بۆ عێراق حکومەت بۆ (دیوانیە) لە باشووری عێراقی نەفی کرد.

لەساڵی (١٩٧٦) ساڵح شێرە نەفی کرابوو بۆ ناحیەی (سنیە) کە سەر بە شاری (قادسیەیە) لە دیوانییە، ڕۆژێک لە چایخانە دادەنیشێ سەگێک ئەچێ بۆلای کورسیەکەی (مام ساڵح) ئەمیش دەڵێ چەغە پیاوێکی عەرەب لە تەکی دەبێ پێی دەڵێ: (عمی ما یعرف کردی) واتە سەگەکە کوردی نازانێ (شێرەش) لە وەڵامدا دەڵێ (ادری هو عربی) واتە ئەزانم سەگەکە عەرەبە ئەخەنێ و لە مەرامی قسەی شێرە دەگات.

لەساڵی (١٩٧٦) کاتی نەفی کردنی (ساڵح شێرە) بۆ باشووری عیراق (دیوانیە) پاش گەڕانەوەی بە یەک ساڵ لە وڵاتی ئێران لەکاتی گیرانیدا زۆر جنێوی بە حکومەتی ئەوسا دەدا (نەجمەدین)ی برازای دەڵێ: مامە جوێن مەدە با لەبەر چاوی ئێمە شتێکت لێ نەکەن، ئەمیش لە وەڵامدا دەڵێ: واتە (شێرە) دەڵێ: کوڕم من ئەو جنێو دانەم بۆ ئەوەیە تاکو (شەقێکم لێبدەن) چونکە لێدانی ئەوانە مایەی شانازییە بۆ من و بۆ ئێوەش.

# سەردار مەحمود صالح فەقێ سەلیم

دوورخراوەکانی لەعێراق لەکاتی شۆڕشی ئەیلول - ١٩٧٥

١- ناوی سیانی و نازناو: سەردار محمد صالح فقی سلیم

[illegible]

٩- [illegible]

١٠- [illegible]

١١- [illegible]

١٢- [illegible]

**کورتەی پوختەی لە هەڵسوکەوتی ئەو ناوچەی کە لێینیشتەجێ بووم**

من کە ناوم (سەردار محەمەد صالح فەقێ سەلیم) پەیوەندییم کرد بە شۆڕشی ئەیلولەوە ڕۆژی ١٩٧٤/٣/١ تاوەکو نەکسەی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٥.

بە گەڕانەوەم گوێزرامەوە بۆ پارێزگای (مثنی) بە پێی ئەو فەرمانانەی کە هاوپێچە لەگەڵ فۆرمی دوورخراوەکان. هەڵسوکەوتی فەرمانبەرانی پەروەردەی شوێنی ناوبراو لەگەڵ بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانە هەروەها دانیشتوانی پارێزگا و دەوروبەری: بەڕێوەبەری ئەوکاتە کە ناوی (عدنان هادی الخطیب) باش نەبوو هەڵسکەوتی دژمان بوو هەمیشە. بەڵام لە راستیدا سەرپەرشتیاری پەروەردە زۆر باش بوون ڕێزیان لێ دەگرتین و ڕازی بوون لە کاری پەروەردەیمان مامۆستای قوتابخانەکان هەندێکیان باش بوون و هەندێکیان دژایەتییان دەکردین بەڵام خەڵکی ناوچەکە بە گشتی زۆر باش بوون و ڕێزیان لێ دەگرتین.


الجمهورية العراقية

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

مديرية تربية محافظة السليمانية
(( ذاتية الابتدائي ))

العدد/ ٤٥/ ١٩٢٨٧
التاريخ / ١ /٧/ ١٩٧٥

أمر اداري رقم ( ١٥٢/١ )

م / نقل معلمين ومعلمات

استنادا الى الاوامر الادارية المرقمة ٤٨٦٤ و ٤٨٦٥ و ٥٠٢٢ و ٥٢٩٤ والمؤرخة في ١١ و ٢١ و ٢٢/٦/١٩٧٥ الصادرة من محافظة السليمانية ـ الادارة المحلية ـ الادارة والذاتية تقرر نقل المعلمين والمعلمات المدرجة اسماؤهم ادناه من والى محافظتنا وتحذف درجاتهم من ملاك [illegible] للمحافظات المذكورة وتحدث على ملاك محافظتنا اعتبارا من تاريخ الانفكاك.

أ ) المنقولين الى محافظتنا :

| ت | الاســـــم | المحافظة المنقول منها | تاريخ نفاذ الامـر | المدرسة المعين فيها | الراتب دينار | تاريخ المباشرة |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عوني عبد الجبار [illegible] | نينوى | ١٩٧٥/٥/٢٦ | [illegible] | ٤٠ | ١٩٧٥/٦/١٩ |
| ٢ | سرور عبد الجبار محمد علي | كركوك | ١٩٧٥/٥/٢٩ | [illegible] | ٢٥ | ١٩٧٥/٦/١١ |
| ٣ | صالح مجيد [illegible] | واسط | ١٩٧٥/٥/٢١ | [illegible] | ٣٧ | ١٩٧٥/٦/٢٣ |

ب ) المنقولين من محافظتنا :

| ت | الاســـم | المدرسة | المحافظة المنقول اليها | تاريخ نفاذ الامر | الراتب دينار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | أنور عمر يونس | [illegible] | القادسية | ١٩٧٥/٦/٤ | ٥٣ |
| ٢ | جمال عمر محمد [illegible] | [illegible] | = | ٤/ = | ٥٦ |
| ٣ | [illegible] | [illegible] | = | ٤/ = | ٣٦ |
| ٤ | [illegible] علي [illegible] | [illegible] | = | ٤/ = | ٥٦ |
| ٥ | [illegible] توفيق [illegible] | [illegible] | = | ٤/ = | ٧٩ |
| ٦ | محمد [illegible] سعيد [illegible] | [illegible] | = | ٤/ = | ٧٩ |
| ٧ | نوري احمد [illegible] | [illegible] | القادسية | ٤/ = | ٤٠ |
| ٨ | [illegible] | [illegible] | = | ٤/ = | ٣٠ |
| ٩ | عبد [illegible] | [illegible] | = | ٤/ = | ٢٠ |
| ١٠ | [illegible] الله [illegible] | [illegible] | = | ٤/ = | ٣٧ |
| ١١ | [illegible] | [illegible] | = | ٤/ = | ٥٩ |
| ١٢ | عبد [illegible] محمد أمين محمد | [illegible] | = | ٤/ = | ٥٦ |
| ١٣ | [illegible] حسين | [illegible] | ذي قار | ٤/ = | ٢٨ |
| ١٤ | عمر احمد [illegible] | [illegible] | = | ٤/ = | ٣٠ |
| ١٥ | [illegible] أحمد [illegible] | [illegible] | = | ٤/ = | ١٨ |
| ١٦ | [illegible] حسين [illegible] | [illegible] | = | ٤/ = | ١٨ |
| ١٧ | [illegible] محمد شريف | [illegible] | = | ٤/ = | ٦٠ |
| ١٨ | [illegible] أحمد | [illegible] | = | ٤/ = | ٢٨ |
| ١٩ | نهاد [illegible] صالح | [illegible] | الانبار | ٤/ = | ٣٠ |
| ٢٠ | [illegible] صالح [illegible] | [illegible] | = | ٤/ = | ٤٨ |
| ٢١ | [illegible] الله [illegible] | [illegible] | = | ٤/ = | ٤٨ |

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

محافظة السليمانية
الادارة المحلية
الادارة القانونية

العدد / [illegible] ٥٢٩٤    المواطنين و / ٧٧٤

التاريخ / ٢٢ / ٦ / ١٩٧٥    م / نقل منتسبين وعاملات

استنادا الى الامر الصادر من وزارة الداخلية – مديرية الادارة المحلية العامة – مديرية الشؤون القانونية [illegible] المرقم ١١٢٢٠ في ٤/٦/١٩٧٥.

[illegible] من محافظتنا الى المحافظات المبينة ازاء اسم كل منهم [illegible] من محافظتنا ومحدثة على [illegible] المحافظة المنقولين اليها اعتبارا من تاريخ [illegible]

| الاسم | المحافظة المنقولة اليها | الراتب |
|---|---|---|
| ١– [illegible] | القادسية | ٥٢/– |
| ٢– [illegible] | القادسية | ٥٦/– |
| ٣– [illegible] | = | ٣٦/– |
| ٤– [illegible] | = | ٥٦/– |
| ٥– [illegible] | = | ٧٩/– |
| ٦– [illegible] | = | ٧٩/– |
| ٧– [illegible] | المثنى | ٤٠/– |
| ٨– [illegible] | = | ٣٠/– |
| ٩– [illegible] | = | ٢٠/– |
| ١٠– [illegible] | = | ٢٧/– |
| ١١– [illegible] | = | ٥٢/– |
| ١٢– [illegible] | = | ٥٦/– |
| ١٣– [illegible] | ذي قار | ٣٨/– |
| ١٤– [illegible] | ذي قار | ٣٦/– |
| ١٥– [illegible] | = | ١٨/– |
| ١٦– [illegible] | = | ١٨/– |
| ١٧– [illegible] | = | ٩٠/– |
| ١٨– [illegible] | = | ١٨/– |
| ١٩– [illegible] صالح | الانبار | ٢٠/– |
| ٢٠– [illegible] | = | ٨٨/– |
| ٢١– [illegible] الله قادر | = | ١٨/– |
| ٢٢– [illegible] | = | ٥٤/– |
| ٢٣– [illegible] | = | ٧٦/– |

[illegible]

حاجي [illegible] محمد
محافظ السليمانية

[illegible] ٢٢/٦

[illegible] ٢٢/٦

تبع

## شێخەڵڵا ئیبراهیم شێخەڵڵا

لەدایکبووی ١٩٤٦، لە ساڵی ٢٠٢٣ کۆچی دوایی کردووە و خەڵکی گوندی جاستان سەر بە عەشیرەتی سیانە، لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، لە دوای شەڕی قەرەچوغ کە ئەم شەڕە لە نێوان حکومەتی عێراقی و کوردەکان روویدا لە چیای قەرەچوغ.

مامۆستا بوو لە شۆڕشی ئەیلول، بە تایبەت لە دەربەندی رایات مامۆستای شۆڕش بووە.

لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ خێزان و منداڵەکان و براکانی روویان کردە ئێران لە ئۆردوگای شنۆ بوو دواتر گوازرایەوە بۆ ئەهواز.

لە کۆتایی ١٩٧٥ گەڕانەوە عێراق، حکومەتی عێراقی شێخ الله و خێزانەکەی گواستەوە بۆ شەترە لە شاری ناسریە، لە سەرەتا دەستبەسەر بوون، بەڵام دواتر لە شەترە خانوویان بە کرێ گرت و کاری مامۆستایەتی کرد.

لە ١٩٧٧ خێزان و منداڵەکانی گەڕانەوە هەولێر، بەڵام رێگەیان بە شێخەڵڵا نەدا بگەڕێتەوە هەولێر تا ساڵی ١٩٧٨ گەڕایەوە هەولێر، دووبارە دەستی کردەوە بە رێکخستن بۆ پارتی دیموکراتی کوردستیان، لە ساڵی ١٩٨٠ دووبارە پەیوەندی بە شۆڕشی کوردی کردەوە لەدوای راپەرین چەندین پلەی حیزبی و حوکومی وەرگرتووە دواجار بەئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە لە خولی دووەم ٢٠٠٥- ٢٠٠٩ لە ٢٠٢٤ کۆچی دوایی کردووە.

## شێردڵ سەلیم عومەر

- ناوی سیانی و نازناو: فەریق شێردڵ سەلیم عومەر کورەچی
- شوێن و ساڵی لەدایک بوون: هەولێر / ١٩٤٦
- شوێن و مێژووی دوورخستنەوەکەی: پارێزگای مثنی/ سەماوە، ساڵی ١٩٧٥
- پلەی لە شۆڕشی ئەیلوول و مێژووی پەیوەندی کردن بە شۆڕش: لە مانگی دووی ١٩٧٣ پەیوەندیم کردووە و لێپرسراوی جۆراو و جۆرم وەرگرتووە:

أ- ئەفسەری بەتالیۆنی ٢/ زۆزک.

ب- ئەندامی لیژنەی بەدواداچوون لە مەکتەبی عەسکەری.

ت- جێگری ئامر هێز (نهله) لە پێرس ساڵی ١٩٧٤.

- کاری پێش پەیوەندی کردن بە شۆڕشی ئەیلوول: ئەفسەر لە سوپای عێراق/ ف١ ل٢ فق٢.
- ١٩٧٥/٤/١٨ دوورخراوەتەوە بۆ شارەوانی سەماوە و دامەزرام بە وەزیفەی مەدەنی.
- لە بەلەدییەی سەماوە گواسترامەوە بۆ کارەبای سەماوە ساڵی ١٩٧٧.
- لە دائیرەی کارەبای سەماوە لە ساڵی ١٩٧٩ گەڕامەوە بۆ هەولێر بۆ دائیرە کارەبا.

# شێرزاد محەمەد صالح جبرائیل

**دوورخراوەکان لەدوای نسکۆی شۆرشی ئەیلول / ١٩٧٥**

مەبەست لە دوورخراوەکان بۆ خواروو، رۆژئاوای عیراق، هەروەها زیندانیە دوورخراوەکانی پێشمەرگە لەدوای ١٩٧٦ .

١- ناوی سێ ناوی و نازناو ... شێرزاد محمد صالح جبرائیل ...

٢- شوێن و ساڵی لەدایک بوون ... دهوك ١٩٥١/١/٢٤ ...

٣- شوێن و مێژووی دوورخستنەوەکەی ... كربلاء ١٩٧٥/٨/١٦ ...

٤- پلەی لە شۆرشی ئەیلول و مێژووی پەیوەندی کردن بە شۆرش
... جەرلق (آمر سریة) ١٩٧٤/٣/٧ ...

٥- کاری پێش پەیوەندی کردن بە شۆرش ... جوتیار ...

٦- فەرمانی ئیداری دوورخستنەوەکەی، ناونیشانی کار و شوێنەکەی
...

٧- مێژووی گەرانەوەی بۆ کوردستان، کاری دوای گەرانەوەی
١٢/٥/١٩٧٥ - فەرمانبە (موظف مدني) ...

٨- دیکۆمێنت و بەڵگەنامەی نووسین و وێنە لە ماوەی دورخراوەیی ( پێویستە هاوپێچ بکرێت )

٩- کورتەیەکی پوخت باشترە بە چاپکراوی بێت لەسەر ژیانی دوورخراوە و هەڵسوکەوتی ئەو ناوچەی کە لێی نیشتەجێ بووە ( پێویستە هاوپێچ بکرێت )

١٠- سەڵت ( ) خێزاندار (✓)

١١- تەنها سەرۆکی خێزان فۆرمەکە پردەکاتەوە لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی خێزان بنوسرێ

١٢- وێنەی کەسێتی دورخراو

تێبینی:

- بۆ پەیوەندی کردن/ تاریق جامباز ٠٧٥٠٤١٦٦٨٢٩ / نعمت عبدالله ٠٧٥٠٤٤٦٢٠١٦

ناونیشان : یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان / وەزیران کۆلانی ٧٠

ئیمەیل: kpu_kurdistan@yahoo.com

2. شاركت دورة صواريخ لسلاح (Sam-7 Anti Aircraft Missiles Russian Sa-7) بأشراف خبراء أجانب.

صورة السلاح



3. مسؤول مفرزة صواريخ سام /7 في منطقة جبل زوزك وكلي عمر أغا وسه رتيز المعروف لدى الجيش العراقي بجبل (تاتان). ومتابعة وأشراف الرئيس مسعود بارزاني.

4. آمر سرية في بتاليون قنديل في جبل هندرين- آمر البتاليون غازي عزيز ميرزا أتروشي ومساعد آمر البتاليون ملازم عمر عثمان (زعيم علي).

- لم تجري أعمال قتالية تذكر في هذا الموقع عدى القصف المدفعي المتبادل وقصف الطائرات الحربية لمواقعنا.
- بعد بدء أتفاقية أذار المشؤومة كلفت سريتي بمسك جبل مامه روت لتأمين الحماية للمدنيين المنسحبين من مناطق بهدينان حتى صدور قرار وقف الثورة والأنسحاب الى أيران.

**بعد نكسة 1975:**

لظروف قاهرة أضطررت الى العودة الى العراق – وتم نفيي الى جنوب العراق في محافظة كربلاء... ألا أن الأخلاص والوفاء للقضية الكردية لم تتزعزع في كياني.. ولم أنتمي الى صفوف حزب البعث أبدا رغم التهديد والوعيد من جهة والأغراءات بمنح الأمتيازات والوظائف من الجهة الأخرى وبقيت وفيا مخلصا في أنتمائي لقوميتي!

**أنتفاضة عام 1991:**

شاركت في الأنتفاضة الجماهيرية ضد نظام البعث وبعد أعادة سيطرة عودة نظام صدام حسين على مناطق كردستان شاركت مع عائلتي في الهجرة المليونية في آذار 1991.

بعد تشكيل منطقة امنة في كردستان (Provide comfort) من قبل الولايات المتحدة الأمريكية وبريطانيا ودول التحالف عدنا مع عائلتي وبقية المهاجرين الى دهوك.

- في 1991 وخلال تواجدنا على الحدود التركية تم تشكيل منظمة أعمار كردستان المعروفة مختصرا (KRO) من قبل السيد مأمون شيخ نور محمد بريفكاني وبتنسيق ودعم من وزارة التنمية الخارجية البريطانية (ODA) – حاليا معروفة بـ(DFID) - لخدمة النازحين وتقديم المعونات لهم ولاحقا اعادة القرى المدمرة في كردستان.
- تطوعت في منظمة أعمار كردستان (KRO) وأنيطت بي مهمة التنسيق والمتابعة للمنظمة من جهة والتنسيق مع الرئيس مسعود بارزاني والأحزاب السياسية الأخرى من جهة ثانية.
- في نهاية 1992 [illegible]

الجمهورية العراقية

هاتف : ٨٦١٧٤
بدالة ذات عشرة خطوط

العنوان البرقي
« مبايعات »

العدد / ٢٨/١/٦/ ٤٥٧٩
التاريخ ١٦ / ٨ / ١٩٧٥

المديرية :
القسم :
الشعبة : الادارة الذاتية

مصلحة المبايعات الحكومية
من منشآت المؤسسة العامة للتجارة السلع الاستهلاكية
فرع [illegible] كربلاء
GOVERNMENT PURCHASING BOARD

الى /
مصلحة المبايعات الحكومية / المركز العام / مديرية الذاتية
م / مباشرة موظف

امركم الاداري المرقم ٤٥٧٦ تحت عدد ٨/٦/٢/٨٠٢٨٨ في ٢/٨/١٩٧٥
نعلمكم مايلي :-
١- باشر السيد شيرزاد محمد صالح جبرائيل (معاون ملاحظ) بفرعنا بتاريخ ١٦/٨/١٩٧٥ قبل الظهر.
٢- نسب الموما اليه للعمل في لجنة التعبئة وإكمال الوزن

مدير الفرع
نبيه [illegible]

صورة منه الى /
شعبة الحسابات في الفرع / السيد جعفر
شعبة الذاتية في الفرع
لجنة التعبئة وإكمال الوزن / لتنسيب الموما اليه الاعمال المناطة بكم رجاءً.
الاضبارة الشخصية / السيد شيرزاد محمد صالح
الاضبارة العامة
الموما اليه ......

[illegible] ٨/١٦

مصلحة المبايعات الحكومية
من منشآت المؤسسة العامة لتجارة السلع الاستهلاكية
المركز العام في بغداد

مديرية الذاتية

العدد / ٨/ ٢/ ٧/ ٣٨٨٠٨ التاريخ / ١٩٧٥/٨/٧

امر اداري رقم ( ٩٥٧٦ )

تنفيذا لما جاء بقرار مجلس قيادة الثورة المرقم ٥٢٨ والمؤرخ ١٩٧٥/٥/٢٤ والامر الوزاري المرقم ١٩٨٧٧ والمؤرخ ١٩٧٥/٦/٢ الصادر من وزارة الاقتصاد والمبلغ الينا بكتاب المؤسسة العامة لتجارة السلع الاستهلاكية المرقم ٢/٢/١/٤١٠٥ والمؤرخ ١٩٧٥/٧/١ لقد تقررنا تعيين الفلاح شهرزاد محمد صالح جبرائيل بوظيفة معاون ملاحظ في فرع هذه المصلحة في كربلاء بنفس راتبه الحالي البالغ (٣٢/ اثنان وثلاثون ) دينارا شهريا عدا مخصصات غلاء المعيشة وذلك اعتبارا من تاريخ مباشرته بالوظيفة مع تدوير المدة المحصورة بين استحقاقه للراتب المذكور المصادف ١٩٧٥/٧/١٠ ولغاية تاريخ مباشرته بالوظيفة لاغراض العلاوة والترفيع

المدير العام
غانم عزيز

صورة منه الى

مجلس قيادة الثورة / مكتب امانة السر / اشارة للقرار المذكور اعلاه لطفا

مجلس قيادة الثورة ــ اللجنة العليا لشؤون الشمال لطفا

رئاسة ديوان رئاسة الجمهورية / اشارة لكتابكم المرقم ٦٦١٨ والمؤرخ ١٩٧٥/٥/٢٥ لطفا

وزارة الدفاع / ادارة الضباط لطفا

وزارة الاقتصاد / الامر الوزاري المذكور اعلاه لطفا

المؤسسة العامة لتجارة السلع الاستهلاكية / كتابكم المشار اليه اعلاه وطيه بطاقة الخدمة الخاصة بالمومأ اليه والمطلوبة بتعليماتكم المرعية بهذا الخصوص .

فرع مصلحة المبايعات الحكومية في كربلاء / لاعلامنا بتاريخ المباشرة .

ضابط امن المصلحة
مديرية الخزينة
مديرية التدقيق
مديرية الحسابات
مديرية التامين والتعويضات
مديرية الاحصاء والبحوث
مديرية الادارة
مديرية الذاتية
قسم الرواتب والاجور
الاضبارة الشخصية
المومأ اليه .

# شێرۆ کەمال سەعید

من شێرۆ کەمال سەعید، بە شێرکۆی کەمال بەگ ناسراوم لەدایکبووی (١٩٤٩/٧/١) رانیە/ سلێمانی. لەساڵی (١٩٦٨) لەرێگای باڵی مەکتەبی سیاسی داخلی دەورەی مفوضی پۆلیس بووم.

لەساڵی (١٩٧٠/٤/٢٠) دورخرامەوە بۆ کەربەلا بەهۆی کە لە ئەمرەکەدا هاتووە لکونە من الجلالیین دوای ماوەیەک گەرامەوە بۆ سلێمانی.

لەساڵی (١٩٧٥) مانگی چوار دور خرامەوە بۆ جنوب بەهۆی پەیوەندی کردنمان ساڵی (١٩٧٤) بە شۆڕشەوە، لە مانگی (١٩٧٥/٥) لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاک صلاح چاوشین و جەمال عەلی باپیر و هوشیار عەزیز رەمزی بەگ و کاک کامل علی کاکی (کامل چاوشین) دەستمان کرد بە کارکردن لە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان من پەیوەندیم کرد بە شەهید کەمال محمود مستەفا بە حاکم کەمال ناسراوبوو لە دەرەوە هەروەها عمر نامەی گوڵناز و چەندین کەسایەتی کە ناوەکانیانم لەبەر نییە.

لەو ساڵە نەقل کرام بۆ ناصریە کە احالەی وەزیفەی مەدەنی کرابوین دوو ساڵ و نیو لەوێ بووم دوای ئەوە دوو ساڵ و نیو لە سەماوە بووم نزیکەی (٥) ساڵ، لە سەماوە لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاک عەبدوڵڵا حاج سعید کە دواتر بووە نوێنەری بەڕێز (مام جەلال) بوو بۆ کاروباری بازرگانی بە یەکەوە لە کۆمەڵە کارمان ئەکرد. ئەو ماوەیەی کە لە ناصریە بووم ساڵی (١٩٧٦) لەلایەن شەهیدان کاک عەلی عەسکەری و شەهید طاهر علی والی بەگ و رەئوف بەگ ئەمنیان نارد بۆ سلێمانی کە لەلایەن تەنزیماتی خۆمان

جواب بنێرن بۆ بەڕێز مام جەلال کە ئامادەن بچنە دەرەوە و ئەو شتانەی کە پێویستیانە بۆیان ئامادە بکات کە ئەم نامەیە دمی بوو لەبەر بارودۆخی ئەوکات. ئەوەبوو شەهید جمال علی باپیرم لە حەشارگەیەک بینی و نامەکەم بەو گەیاند.

لێرە جێگای ئاماژەیە کە شەهید کاک عەلی عەسکەری بە کاک کامل علی کاکی (کامل چاوشین) ووت کلاشینکۆفێکم بۆ پەیدا بکە ئەویش لەجیاتی یەک دانە (١٢) کلاشینکۆفی دایە کە دوای ئاش بەتاڵ شاردبویەوە ئەوەی جێگای سەرنجە کاک کامل ئێستا نەخۆشە چەند ساڵە هەردووچاوەکانی لەدەستداوە هیچ کەسێ لە برادەرانی یەکێتی لێیان نەپرسیوەتەوە هەرچەندە من ئاگادارم کردون.

تێبینی: شەهید مامۆستا جەمال طاهر لێپرسراوی من بوو لە کۆمەڵە.

لەساڵی (١٩٩٢) بە بڕیاری پەرلەمان گەڕاینەوە بۆ سلکی پۆلیس، دە ساڵ بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی بوو و رتبەی عەمید پۆلیس خانەنشین کرام.



- ٤ -

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧٥ـ سليمان محمود محمد | | عنوان/السلاح | [illegible] |
| ٧٦ـ [illegible] قادر محمد | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٧٧ـ رشيد [illegible] | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٧٨ـ محمد شيخ رشيد محمد | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٧٩ـ جبار [illegible] عبد القادر | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٨٠ـ رشيد علي [illegible] | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٨١ـ فرهاد [illegible] | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٨٢ـ توفيق شاكر محمد | 〃 | 〃 | [illegible] |
| ٨٣ـ [illegible] عبد الحميد [illegible] | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٨٤ـ حسين قادر عمر | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٨٥ـ سليمان احمد محمد علي | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٨٦ـ محمد [illegible] عمر | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٨٧ـ ذوالفقار محمود جلال | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٨٨ـ فراد عثمان [illegible] | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٨٩ـ محمد امين [illegible] | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٩٠ـ اسماعيل محمد [illegible] | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٩١ـ حمه جان عزيز قادر | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٩٢ـ عبد الله مرشد الله | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٩٣ـ سالار جلال عبد الله | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٩٤ـ محمود علي امين | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٩٥ـ محمد شريف علي ابراهيم | 〃 | 〃 | [illegible] |
| ٩٦ـ امين حمه كريم خان | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٩٧ـ هوشيار حيدر قادر | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٩٨ـ حسين يوسف [illegible] | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٩٩ـ محمد عبد الله [illegible] | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١٠٠ـ جبار جواد بابا | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١٠١ـ اسماعيل محمد اسماعيل | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١٠٢ـ عبد القادر رشيد شريف | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١٠٣ـ كمال [illegible] رشيد عثمان | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١٠٤ـ اسماعيل شيخ علي عبد العزيز | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١٠٥ـ احمد عبد الرحمن عبد الكريم | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١٠٦ـ هوشيار [illegible] رسول | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١٠٧ـ كمال حمه محمود | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١٠٨ـ برهان عمر [illegible] | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١٠٩ـ [illegible] حسن [illegible] | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١١٠ـ جلال محمد صالح | 〃 | 〃 | نقل |
| ١١١ـ محمد صالح احمد [illegible] | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١١٢ـ محمود صالح عبد الرحمن | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١١٣ـ محمد حسين عمر | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١١٤ـ عبد الله حمه [illegible] | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١١٥ـ كمال محمود [illegible] | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١١٦ـ عبد الله علي حسين | 〃 | 〃 | 〃 |
| ١١٧ـ عبد الله رشيد [illegible] | 〃 | 〃 | 〃 |

[illegible]



١١٨ـ [illegible] كريم عبد الله
١١٩ـ [illegible]
١٢٠ـ اسماعيل كريم [illegible]
١٢١ـ ابراهيم [illegible]
١٢٢ـ [illegible]
١٢٣ـ عبد الرحمن محمد أمين
١٢٤ـ محمد أمين [illegible]
١٢٥ـ [illegible]
١٢٦ـ حسين علي قادر
١٢٧ـ [illegible]
١٢٨ـ محمد صالح محمد علي
١٢٩ـ علي عبد الكريم أحمد
١٣٠ـ حسين محمد [illegible]
١٣١ـ [illegible] علي قادر
١٣٢ـ [illegible]
١٣٣ـ [illegible] سليمان [illegible]
١٣٤ـ علي شريف أحمد
١٣٥ـ علي أحمد [illegible]
١٣٦ـ [illegible]
١٣٧ـ [illegible]
١٣٨ـ محمد [illegible]
١٣٩ـ [illegible] كريم [illegible]
١٤٠ـ فرهاد محمد رشيد [illegible]
١٤١ـ محمد محمد علي [illegible]
١٤٢ـ عبد القادر [illegible]
١٤٣ـ قاسم أمين رشيد أمين
١٤٤ـ عبد الكريم [illegible]
١٤٥ـ عبد الهادي محمد رشيد محمد [illegible]
١٤٦ـ محمد أمين [illegible] صالح
١٤٧ـ جمال علي [illegible]
١٤٨ـ حكمت عبد الله [illegible]
١٤٩ـ محمد كريم [illegible]
١٥٠ـ علي رضا محمد
١٥١ـ جمال محمود أحمد
١٥٢ـ أحمد صالح كريم
١٥٣ـ عبد الله رسول اسماعيل
١٥٤ـ اسماعيل رسول ابراهيم
١٥٥ـ عبد الله [illegible] كريم
١٥٦ـ [illegible] داود عبد الله
١٥٧ـ [illegible]
١٥٨ـ محمد أمين علي عبد الله
١٥٩ـ قاسم محمد عبد الله
١٦٠ـ [illegible] اسماعيل

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣١ـ | صابر [illegible] عبدالله [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| ٣٢ـ | ئازاد [illegible] | " | [illegible] | [illegible] |
| ٣٣ـ | فريدون محمد [illegible] | " | " | " |
| ٣٤ـ | كمال [illegible] عبدالله | " | " | " |
| ٣٥ـ | اسماعيل [illegible] | " | " | " |
| ٣٧ـ | [illegible] علي [illegible] | " | " | " |
| ٣٨ـ | [illegible] | " | " | [illegible] |
| ٣٩ـ | محمد [illegible] | " | " | " |
| ٤٠ـ | [illegible] محمد [illegible] | " | " | " |
| ٤١ـ | [illegible] عبدالله | " | " | " |
| ٤٢ـ | [illegible] علي [illegible] | " | " | " |
| ٤٣ـ | عبدالرحمن ملا [illegible] | " | " | " |
| ٤٤ـ | صابر [illegible] محمد | " | " | " |
| ٤٥ـ | سليمان شيخ محمد [illegible] | " | " | " |
| ٤٦ـ | عبدالله احمد عبدالقادر | " | " | " |
| ٤٧ـ | حسن علي [illegible] | " | " | " |
| ٤٨ـ | [illegible] محمد عبدالله | " | " | " |
| ٤٩ـ | [illegible] ملا [illegible] | " | " | " |
| ٥٠ـ | كريم [illegible] | " | " | " |
| ٥١ـ | محمد [illegible] عبدالرحيم | " | " | " |
| ٥٢ـ | [illegible] | " | " | [illegible] |
| ٥٣ـ | [illegible] | " | " | " |
| ٥٤ـ | [illegible] | " | | " |
| ٥٥ـ | محمد [illegible] | " | " | " |
| ٥٦ـ | لطيف عبدالله [illegible] | " | " | " |
| ٥٧ـ | [illegible] صابر محمد | " | " | " |
| ٥٨ـ | محمود [illegible] | " | " | " |
| ٥٩ـ | [illegible] عبدالله علي | " | " | " |
| ٦٠ـ | محمد رسول محمد | " | " | " |
| ٦١ـ | عثمان عبدالله [illegible] | " | " | " |
| ٦٢ـ | [illegible] احمد [illegible] | " | " | " |
| ٦٣ـ | علي [illegible] | " | " | " |
| ٦٤ـ | [illegible] محمود | " | " | [illegible] |
| ٦٥ـ | [illegible] صالح | " | " | " |
| ٦٦ـ | [illegible] عبدالله | " | " | " |
| ٦٧ـ | محمود [illegible] | " | " | " |
| ٦٨ـ | [illegible] | " | " | " |
| ٦٩ـ | [illegible] محمد [illegible] | " | " | " |
| ٧٠ـ | كمال محمد امين | " | " | " |
| ٧١ـ | صابر [illegible] | " | " | " |
| ٧٢ـ | احمد [illegible] علي | " | " | " |
| ٧٣ـ | كمال [illegible] امين | " | " | " |
| ٧٤ـ | [illegible] احمد [illegible] | " | " | [illegible] |

١٦١- نزار عبدالله السيكاني
١٦٢- عزيز شريف عبدالله [illegible] [illegible]
١٦٣- الكريم كاكه [illegible] = = =
١٦٤- ياسين محمد [illegible] = = =
١٦٥- محمود احمد [illegible] = = =
١٦٦- محمد صالح عبدالله = = =
١٦٧- ابو بكر معروف عبدالله = = =
١٦٨- عمر علي احمد = = =
١٦٩- [illegible] كمال محمد = = =
١٧٠- احمد عبدالله احمد = = [illegible]
١٧١- [illegible] = = =
١٧٢- جمال محمد [illegible] = = =
١٧٣- عمر عبدالله = = =
١٧٤- محمد صالح محمد = = =
١٧٥- محمد [illegible] علي = = =
١٧٦- محمود علي امين = = =
١٧٧- عثمان [illegible] = = =
١٧٨- اسماعيل سليمان محمد = خامس =
١٧٩- [illegible] = = =
١٨٠- رستم [illegible] عمران = = =
١٨١- بختيار محمد ولي = = =
١٨٢- [illegible] محمد عبدالغني = ثاني =
١٨٣- جمال محمد [illegible] = رابع =
١٨٤- [illegible] احمد [illegible] = = =
١٨٥- [illegible] عبدالكريم [illegible] = = =

٢) استنادا الى قرار مجلس قيادة الثورة [illegible] بالفقرة (١١) [illegible] [illegible] الشرطة [illegible] [illegible] في هذه الوزارة بالراتب الذي يستحقونه قانونا .
أ- عمر [illegible] شرطي ثاني
ب- عمر [illegible] = ثالث
ج- عبدالرحمن محمد [illegible] = رابع

وزير الداخلية

نسخة منه الى :-

مجلس قيادة الثورة - [illegible]
مجلس قيادة الثورة - اللجنة [illegible]
[illegible] ديوان رئاسة الجمهورية

للتفضل بالاطلاع ... مع التقدير .

وزارة [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]

... مع التقدير .

# شاخەوان حەسەن شێرکاوەیی

خانـەوادەی ئێمـە لەگـەڵ کۆمەڵێک خزم و ناسیاو لـە پایزی (١٩٧٤) چوینە حاجـی ئۆمـەران لەبارو دۆخێکـی زۆر تەنـگ و ناخۆش بەهۆی تۆپبـاران و تەیارە و تانـک کـە لـە ئەنجامـی شـەڕی نێـوان شۆڕشـی ئەیلـول و دەوڵـەتـی عێراقـەوە بەناچاری لـە ئەنجامـی خراپـی ژیـان و نائارامـی و ئەمنـی کوردسـتان ئاوارەی ئێـران بوویـن لـە هەمـان مانـگ واتە پایـزی (١٩٧٤):

- لە ئۆردوگای بهرام نزیک شاری دزفول لە پارێزگای ئەهواز بوو.
- زیاتر لە (١٠٠٠) هەزار ماڵی کوردی لێبوو ئەم ئۆردوگایە.
- دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول، لە ناوەڕاستی (١٩٧٥) گواسترایـنەوە نزیـک شـاری (خـورم ئابـاد) لـەوێ وەزعـی ژیانمـان و گوزەرانمـان زۆر خـراپ و ناهەمـوار بـوو. فشـاری زۆرمـان لەسـەر بـوو بـەوەی دابەشـی سـەر گونـد و شـارەکانی ئێرانمـان بکرێـن.

- لـە مانگـی (٨) ی سـاڵی (١٩٧٦) بڕیارمانـدا بگەڕێینـەوە عێـراق لـە دەروازەیـەک لای خانەقیـن· قەسـری شـیرین.
- بـە لـۆری و قاتیـرە و مەقتـورە گواسـترایـنەوە دیوانیـە، ئەگەرچـی ئێمـە پێمـان وابـوو دەگەڕێینـەوە کوردسـتان، بـەڵام نەفیکرایـن بـۆ باشـووری عێـراق.
- لـە دیوانیـە فڕێدرایـنە بیابـان، دوای دوو ڕۆژ مانـەوە لەسـەحراکە نـە ئـاو هەبـوو نـە نـان، لـەو پـەڕی بێهیوایی ئێمە و خەڵکەکە ناو نووسـکرایـن و دابەشـی

سەر گوندو شارۆچکەکان کراین.

- ئێمە کەوتینە گوندێکی گەورە بەناوی فازلیە لە ناحیەی سۆمەر.

- لەوێ گیرساینەوە، نزیکەیۆ(٣٥) ماڵی کورد دەبووین کە کەوتینە ئەوێ.

- بەیانیەکەی خەڵکی گوندەکە هاتن سەردانیان کردین، هەم خواردنیان پێداین و هەم دەعوەتیان کردین. لەگەڵمان زۆر باشبوون زۆریش کوردیان خۆشدەویست زۆریش دڵیان داینەوە، هەتا یەک مانگ هاوکارو یارمەتی دەرمان بوون.

- بەهۆی نەخۆشی ژیان و گرانی گوزەران دەبوو خەڵکەکە بیر لە ئیش و کارکردن بکاتەوە بۆ ئەوەی بە سەربەرزی بژی.

- خەڵکەکە دەستی بە ئیش کردن کرد، هەبوو کرێکاری دەکرد، هەبوو دوکانی دانا. هەبوو بۆ کارکردن دەچووە شار، هەشبوو حکومەت دایمەزراند بۆ نموونە باوکی من.

- ئێمەش دەگەڵ ژیانی ئەوێ ڕاهاتین، خەڵکەکە هەتاکو بڵێی زۆر باش و چاک و پەرۆشمان بوون.

- هەستماندەکرد خەڵکەکە مەیلی شوعیەتیان هەبوو، چونکە خەڵکەکە حکومەتی خۆشنەدەویست.

- منداڵی خانەوادە کوردەکان لەوێ چونکە خوێنگا و مەکتەب، بۆ نموونە من و براکانم دەچوینە مەکتەب.

- دوای ئەوەی حکومەت ئازادی کردین و سەربەستی کردین خانەوادەی ئێمە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٧ هاتینەوە کوردستان و زێدی باوک و باپرانمان لە باڵەکایەتی.

- هەرچەندە من ئەوکات منداڵ بووم، بەڵام باشم وەبیرە.

# شاکر محەمەد ئەمین رۆژبەیانی



رابردوومان وابوو

دوای رێککەوتنی شوومی جەزایر و نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ، وەک پەناهەندەیەک لە ئۆردوگایێک بەناوی (سەبزاب) لە باشووری ئێران نیشتەجێکراین. ئەوکاتە خەڵک لە بێ ئومێدی و سەرگەردانییەکی وا دەژیا کەس باوەڕی بەو کارەسات و مەرگەساتە گەورەیە نەدەکرد و بە خەیاڵی کەسیش دا نەدەهات شۆڕش بەو شێوەیە کۆتایی پێ بێت. رژێمی گۆڕبەگۆڕی شا فەرمانی دابوو، ئەو خەڵکە پەناهەندەیە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ عێراق یاخوود دابەش ببن بەسەر شارەکانی ئێران. خەڵکەکەش رازی نەبوون بەو بڕیارە، چەندین جار وەفدی حکومەتی عێراق و ئەو کوردە خۆفرۆشانەی رۆژگارێک لەناو شۆڕش پلە و پۆستیان هەبوو، دەهاتن بۆ ئۆردوگاکان بۆ ئەوەی قەناعەت بە پەناهەندەکان بکەن بگەڕێندرێنەوە و رژێمی بەعس لێبووردنی گشتی بۆ دەرکردوون، بەڵام خەڵک باوەڕی بە قسەکانیان نەدەکرد و بەردبارانیان دەکردن. دواتر رژێمی شا بە پیلانێک (٣) کەسایەتی و پیاوە دیارەکانی هەر سێ ئۆردوگا (سەبزاب، بابک، بهرام) بەناوی وەفد بانگهێشت کرد، گوایە لە شاری خرم ئاباد لەگەڵ (شای ئێران) و دارودەستەکەی کۆدەبنەوە بۆ وەزعی ئەو سێ ئۆردوگایە. بە رۆیشتنی ئەو سێ کەسە و بەرێکردنیان یەکسەر دەستگیر کران و لەرێگای حاجی ئۆمەران تەسلیم بە حکومەتی عێراق کرانەوە و نێردرانە شاری دیوانیە لە باشووری عێراق.

دواتر لەناو ئۆردوگاکان هەواڵ و پڕوپاگندە وا بڵاوکرایەوە ئەگەر ئەو خەڵکە نەگەڕێنەوە بۆ عێراق ئەوا ئەو سێ کەسە لە سێدارە دەدرێن.

ئەو خەڵکەی لەو سێ ئۆردوگایە بوون تووشی سەرگەردانی و سەرلێشێوان بوون، بۆیەش زۆربەی زۆری خەڵکەکە بۆ پاراستنی ژیانی ئەو کەسانە بیریان لە ژیان و داهاتووی خۆیان نەکردەوە و بە لێشاو بڕیاری گەڕانەوەیاندا.

لەبیرمە کە گەڕاینەوە لەناو شاری خانەقین لەو بەر و ئەم بەری شەقامدا خەڵک بە جنێو و قسەی ناشیرین و تەماتە و پەلکە شفتی باران پێشوازیان لێکردین و پێیان دەگوتین (العائدون الی الصف الوطنی) لە خانەقین کاروان بەرە و خوار بۆ باشووری عێراق بەڕێوە بوو ، بەرەبەری بەیان لە گۆڕەپانێک لەناو شاری (ناصریە) ئێمەیان هێنایە خوار و دابەشیان کردین بەسەر گوند و قەزا و ناحیەکانی ئەو شارە، ئێمە لەگەڵ چەندماڵێکی خزمان کەوتینە بەر شاری (شطرە- ناحیەی اکد- گوندی ال سلێمان). کە شوێنەکان بۆ گەڕاوە (عائدون) لە حەسیر دروست کرابوون پێی دەگوترا ( سەرایف ).

ئەو گوندە لە کەناری رووباری دیجلە بوو، زستان رێگا نەبوو بۆ هاتووچۆ بە بەلەم و قایەغ دەهاتین بۆ شاری (شطرە). ئەو کاتەی گەیشتینە ئەو گوندە عەرەبەکان دوو بەدوو بە پارێزەوە لێیان دەڕوانین و سەرەتانێکیان لەگەڵ دەکردین وەک شتێکی نامۆیان بینیبێت، ئاوا سەیریان دەکردین، کە ئەو وەزعەمان بینی ترس دایگرتین، نەوەک بێنە سەرمان و هێرشمان بکەنەسەر. تەنها کەسێک کە هاتەلامان ناوی (ابو طالب) بوو، موختاری گوندەکە بوو بەخێرهاتنی کردین و تۆزێک دڵنەوایی کردین، بەڵام کەس باوەڕی بە قسەکانی نەبوو. دوای نوێژی عیشا چەند کەسێکیان هاتن بۆ لامان باپیر و باوک و خزمەکانمان هەستانەوە بۆ پێشوازی کردنیان. دوای بەخێرهاتنیان (ابو طالب) کەوتە قسە و بەخێرهاتنی کردین بۆ گوندەکەیان و پێی راگەیاندین کەوا ئەرکی پاراستنی ئێوە لە ئەستۆی مندایە و وەک گەورەی ئەم گوندە و گفتوگۆ گەرم بوو یەکێک لە خزمەکانم پرسیارێکی لە (ابو طالب) کرد سەبارەت بە گەیشتنمان بە گوند بۆچی ئەو خەلکە بەو شێوەیە سەیری دەکردین و تێمان دەڕوانن ئەویش بە پێکەنینەوە وەڵامی دایە گوتی برایەکەم بەخوای رژێم هێندە پڕوپاگندەی لە دژتان کردووە، وایان تێگەیاندووین کەوا ئێوەی کورد، لەو شاخانە مرۆڤ نین شتێکی ترن، بەڵام ئەوا دەتان بینین وەک

ئێمە مرۆڤی ئاسایین. دوای (ابو طالب) بانگهێشتی نیوەڕۆ خوانی ڕۆژی دوایی کردین لە دیوانەکەی (المضیاف)ی خۆی، لەو دەمەداهەستایەوە، لەگەڵ ئەو کەسانەی لەگەڵی هاتبوو، بۆ ئەوەی خوا حافیزی بکەن و بڕۆن، باپیرم پێی گوتم کورم پێڵاوەکانیان ریز بکە، منیش دەستمدایە فانۆسێک و بەدوای پێڵاوەکانیان دەگەڕام هیچم نەدیتەوە، ئەوانیش بەدوای یەک بەپێ خاوسی بەرە و ماڵ ڕۆیشتن، تەنها ابو طالب جووتە نەعلێکی لەپێ بوو ئەوانی تر بەپێ خاوسی هاتبوون. بەو جۆرەش لە کورد گەیشتبوون کەوا دڕندەن.

دوای چەند مانگێک، حکومەت بڕیاریدا ئەو خەڵکە لە فەرمانگەکان دابمەزرێنێت، بۆیە ئەوەی تەمەنی هەبوو لە دامودەزگاکان دایانمەزراندن ئێمەش کە قوتابی بووین دوو ساڵی ئێمەیان هێنایە دواوە و ساڵی خوێندنیان بۆ حیساب نەکردین.

دوای نیشتەجێکردنمان چارەنووسی ئەو سێ کەسەش بە دیارکەوت و ئازادکران و گەڕانەوە ماڵی خزم و خانەوادەکانیان. بەڵام ماڵی ئێمە خەمێکی تریشیان هەبوو ئەویش مامم بوو ئەو بەرێگای حاجی ئۆمەران گەڕایەوە تراکتۆرێکمان هەبوو بردبوومان لەگەڵ خۆمان، ئەو لە هەولێر گیرابوو دواتر گواسترابووەوە بۆ کەربەلا (العباسیە). دوای دوو مانگ ئەویش گەیشتەوە ماڵ، ئەو ڕۆژە بۆمان جەژن بوو، بەڵام خۆشیەکەمان تاسەر نەبوو، دوای سێ ڕۆژ ئێوارەکەی دایکم مەنجەڵێکی گەورەی لەسەر ئاگردانابوو شیوەکەمان شۆربای نیسک بوو مامم لە نزیک ئاگردانەکە دانیشتبوو کوڕەکەی لەگەڵ خوشکم کە تەمەنیان (٥) ساڵان بوو یاریان دەکرد و مامم بانگی کردن بچنە باوەشی، خوشکەکەم بەسەر مەنجەڵە نیسکەکە کەوت و سووتا و دوای شەو و ڕۆژێک گیانی سپارد، خەمێکی گەورەی پێداین لەو غوربەتە و گۆڕ غەریب لەو بیابانە ناشتمان.

دوای مانگێک بڕیاردرا ماڵمان بگوازینەوە بۆ ناحیەی (ئەکەد) لەبەر ئەوەی باوکم لە فەرمانگەیەک دامەزرا ناوی (المسب العام) بوو، لە بواری بەنداو کاریان دەکرد. وا ڕێک کەوت لەگەڵ ئەو خزمانەی هاتینە ناحیەی (ئەکەد) بووینە دراوسێ لەگەڵ چەند ماڵێکی خۆشناوەتی کە خەڵکی بێرێژی و سوسێ و خۆران بوون. زۆریش تێکەڵی یەکتری بووین تاکو ئێستاش پەیوەندیمان لەگەڵ هەندێکیان بەردەوامە.

بڕیاری ڕژێم ئەوەبوو هەر عائدونێک لەهەر پارێزگایێک بێت نابێت لە سنووری پارێزگاکە بەبێ ڕەزامەندی و موافقاتی ڕەسمی بە پسووله پارێزگاکە بەجێ بێڵێت یان سەردانی پارێزگاییکی تر بکات. لەگەڵ ئەوەش هەموو ڕۆژی پێنج شەممان خەڵکەکەیان کۆ دەکردەوە، قسەیان بۆ دەکردین سەبارەت بە دەستکەوتەکانی حیزب و شۆڕش، کەوا چۆن ئێمەی عفو کردووە و دایمەزراندووین.

سلێمان بیریژی لەپێش ماڵەکەی خۆیان دوکانیکی دانابوو بەفریشی دەفرۆشت، زۆرجار بەلایدا تێپەڕدەبووم بانگی دەکردم وەرە، ئەوپارچە بەفرە ببەوە، با باپیرت ئاوی گەرم نەخواتەوە ماوەیەک سلێمان لەسەر سکاڵایەک گیرا کە لە هەولێر لەسەری تۆمار کرابوو، دواتر ئازاد کرا، بەڵام ئەو زۆر باوەڕی بەوە نەبوو هەروا لێی گەڕێن. بۆیە فرسەتێکی وەرگرت بۆی دەرچوو گەڕایەوە شاخ و پێشمەرگایەتی. ڕژێم دایک و باوکی و هەردوو خێزانی گرت. مام کەریم لە زیندان کۆچی دوایی کردرۆژێکیان بەرەبەری جەژن بوو باوکم و ئێوارە هاتەوە ماڵی خەمباربوو،منیش لێم پرسی چی بووە؟. گوتی ئەوا بەرەبەری جەژنە بیستوومە (اسعد فتاح هەرکی) چۆتە لای پارێزگاری ناسریە بەڵکو ئەو خێزانانەی گیراون بۆ جەژن بەر بدرێن ئەو کەفالەتیان دەکات تەنها بۆ جەژن لەناو خزم و کەسەکانی خۆیان جەژنانە بکەن، هەتاکو پێی گوتبوو حەز دەکەن من لەجیاتی وان لە ژوورەوە دەبم، بەڵام پارێزگار ڕازی نەبوو ئەو گیراوانە بۆ جەژن ئازاد بکات.

کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ بوو، خەلک بێئومێد بوو بە گەڕانەوە بۆ زێدی باب و باپیران، بۆیە دەستمان کرد بە دروستکردنو برینەوەی خشت بۆ ئەوەی لەژێر ئەو حەسیر و صرائفانە ڕزگارمان بێت و خانووی قوڕ دروست بکەین. هەندێک خانوویان تەواوکردبوو هەندێکیش نیوەیان کردبوو، لە مانگی ١٩٧٧/٤ بەبۆنەی یادی دامەزراندنی (حیزبی بەعس) بڕیار درا ئەو کوردانەی (عائدونن) و نەفی کراون بۆ باشووری عیراق بۆیان هەیە بگەڕێنەوە پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

ئەوەی نەشگەڕێتەوە، پارچەیەک زەوی پێ دەدەن و هاوکاری دەکەن بۆ دروستکردنی خانوو لە پارێزگاو قەزا و ناحیەکانی لێی نیشتەجێن واتە ئەگەر بمێننەوە لە باشوور. ئەو بڕیارە ئومێدی پێ بەخشینەوە و هەزارو یەک ڕاز و

نیازی خستە دڵمان، کە دەگەڕێینەوە بۆ کوردستان، هەرچەندە بۆمان نەبوو بگەڕێینەوە زێدی خۆمان و بۆ سەر کێڵگە و زەوی و گوندەکەی خۆمان. کام گوند، ئەو گوندەی لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول مەکۆی پێشمەرگە و کاروان سەرای پێشمەرگە بوو، بەو هۆکارەش لەلایەن جاش و سوپای عێراقی سێ جار لەگەل زەوی تەخت کرابوو، جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٦٢ و جاری دووەم لە ساڵی ١٩٦٩ و جاری سێیەم لە ساڵی ١٩٧٤. دوای ئەوەشی لە دوای نسک و لە ساڵی ١٩٧٥ قەزای شێخان بەر شاڵاوی بە عەرەب کردن کەوتبوو ئەو گوندەی ئێمەش لە چەقی دەشتی ناو کوڕە (لەناوقوڕ)ە. قەدەغە بوو بۆمان بە سەردانیش بگەڕێینەوە گوند تاکو روخانی رژێمی فاشی.هەرچەندە لە راپەڕین چەند رۆژێک پێی شاد بووین و ئێمەی لەئامێز گرتەوە و هەرچەندە سیمای گوندێکی کوردی پێوە نەمابوو.

دوای ئەوەی رێگامان پێدرا بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و ئەو سێ پارێزگایەی ناوی لێنرابوو ناوچەی (ئۆتۆنۆمی). ئێوارەیەکیان خزم و کەسەکانمان لە قەزا و ناحیەکانی پارێزگای ناسریە هاتن بۆ سەردانیمان و راوێژکردن بۆ گەڕانەوە و چ شارێک دیاری بکەین. زۆربەی خزم و کەسەکانمان پارێزگای دهۆکیان دیاری کرد بۆ گەڕانەوە بە هۆکاری ئەوەی نیزکی زێدی خۆمانە و بەو ئومێدەی بگەڕێنەوە سەر زەوەی و زار و گوندەکەمان. بەڵامباپیرم پێچەوانەی هەموو رای خۆی راگەیاند:-

هەولێر.. هەولێر.. هەولێر. بۆچی هەولێر. ئەو گووتی هەولێر شاری سێوی و غەریب و لێقەوماوانە، شارێکە کەس خۆی بە غەریب نازانی. خەڵکەکەی مرۆڤ دۆست و غەریب پەرستن. من جارێکی تریش لێم قەوماوە، بە بنەماڵەوە چوومەتە هەولێرو لە گوندی عەوێنە نیشتەجێبوومە، خزمەکانیشم لەناو شار و گوندەکانی سیراوە و ماستاوە و شەعەل ولە سەرگەڕانیش نیشتەجێ بوون. لەگەڵیان بووینە خزم و ژن و ژنخوازیمان کردووە. بە کورتی هەولێر ئەو شارەیە کەس خۆی تیایدا بە غەریب نازانێ.

لە کۆتاییدا هەموویان رای باپیرەیان پەسەند کرد. تەنها دوو ماڵ نەبێت دهۆکیان هەڵبژارد، دوای گەڕانەوە بە دوو مانگ ئەو دوو ماڵەش هاتنەوە هەولێر.

لە رێکەوتی ١٠/٥/١٩٧٧ بە پشتی لۆری و (نقل البری) لەناو جەرگەی

پیرە هەولێر هاتینە خوار بەرامبەر بە قەزا و دابەشی سەر ئۆردوگا زۆرە ملێکانیان کردین (شاوێس، پیرزین، بەستۆرە، کانی قرژاڵە، خەبات).

دوو ڕۆژ بوو گەیشتبووین خزمەکانمان لەبەری بادینان بۆ بەخێرهاتنەوەمان هاتن بۆ سەردانیمان، باری دارییمان لاسەنگ بوو، بەیانیەکەی باپیرم هەڵساوە لەخەو ریشی تاشی و خۆی شوشت گوتی کوڕم ئەو پارچە گوێزانە (موس)ە فڕێمەدە پێم سەیر چ کارێکی پێیە ریشی تاشی، گوتم بۆچیتە باپیرە گوتی باخۆم بشۆم پێت دەڵێم، باپیرەم غەرگەیێکی هەبوو بەردەوام لەبیەری بوو، هاوینانیش لەبەر چاوی بوو.

دوای ئەوەی خۆی شوشت و جلەکانی لەبەر کرد، گوتی کوا گوێزانەکە، منیش بۆم هێنا، گووتی ئەو غەرگەیەم بێنە چنکی غەرگەکەی بە گوێزانەکە دڕاند و (٥٠٠ پێنج سەد) دیناری داخ سۆری دەرهێنا.

(٥) پێنج دیناری داپێم گوتی برۆ هەولێر (٨) مریشک بکڕە ئەمڕۆ میوانمان دێت. هاتم بۆ شار بۆ مەیدانی مریشکان پشت دەلال خانە (٨) مریشکم کڕی، بەنا شارەزایی ملی ڕێگام گرت بەرە و لای بازاڕی سیروانی ئێستا چووم. زانیم ڕێگام بزرکردووە پرسیارم لە پیرە پیاوێک کرد نقلیاتی شاوێس و بەستۆڕەم پێ نیشان بدات، کابرا وەسفی بۆ کردم، منیش گوتم بەخوا هیچی لێ نازانم کابرا گوتی لۆ بابە خەڵکی ئەو شارەی نی؟ منیش پێموت خاڵە دوو ڕۆژە لە باشووری عێراق گەڕاینەوە، عائیدونین.

کابرا لێم ڕاما بینیم فرمێسک بە چاوانی هاتە خوار. زۆرم پێ سەیر بوو گوتی بینە چوار مریشکان با هاوکاریت بکەم. پێم گوت زەحمەتە بۆت، گوتی بێنە کوڕم چوار مریشکمدا بە ئەو مامەیە و بە پیشم کەوت.

بەلای مزگەوتی شێخ مستەفا تا هاتینە لای نقلیات سواری سەیارەی پۆلۆنی کردم کە لەو خەتە ئیشی دەکرد و حەفتا و پێنج فلسیشی دایە شوفێرەکە بۆ کرێی گواستنەوەم.

کە گەیشتمەوە ماڵ، میوانیش گەیشتبوون و قۆناغیان گرتبوو، شەوەکەی لەگەڵ باپیرم دانیشتبووم باسی ئەو پیرە پیاوەم بۆی کرد، چۆن یارمەتی داوم، گوتی کوڕم من دەزانم بۆچی هەولێرم هەڵبژارد.

هەولێر.. هەولێرە.

# شكرى نادر خدر

(شکری نادر خدر) ناسراو بە (لەشکر نادر) لە دایک بووی ساڵی (١٩٤٤) خەڵکی گوندی (ئیلنجاغی گەورە) سەر بە قەزای کۆیە. یەکێک بووە لەو پۆلیسە کورد پەروەرانەی کە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە بۆتە پێشمەرگە، پێشتریش لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بووە ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە شۆڕش لە نسکۆی شۆڕش ساڵی (١٩٧٤) تا دواسات لەگەڵ شۆڕش بوو دواتر کە شۆڕش نەما ماوەیەک خۆی ڕاگرتووە بەهیوای گۆڕانکاری دواتر بە ناچاری وەکوو هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە ماونەتەوە لە کوردستان.

لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٧٥) لە شاری کەرکوک تەسلیم دەبێتەوە دوای ئەوەی بە فەرمانی حکومەت دەگەڕێتەوە سەر سەر کارەکەی پێشووی کە پۆلیس بووە، دواتر بە بڕیاری حکوومەتی ئەو کاتە بە ناوی (العائدون) گواسترانەوە بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق، خێزانی ئەویش یەکێک بوون لەو خێزانانەی کە گواسترانەوە بۆ شاری (ناسریە) لە باشووری عێراق، وەک پۆلیس لە مەخفەری پۆلیسی شاری ناسریە درێژەی بە کارەکەی خۆی داوە لەگەڵ چەند کوردێکی تر کە وەکو ئەو پۆلیس بوونە لە هەمان شار کە یەکێکیان ناوی (عبداللە) بووە ئەوی تر ناوی (کەریم) بووە کە خەڵکی دەوروبەری قوشتەپە بووە.

نزیکەی ساڵێک لە ناسریە پۆلیس بووە ماڵەکەشی کرێچی بوونە لەگەڵ ماڵێکی (شیعە) بە ناوی ماڵی (حاجی کەسار) کە لەگەڵ کوردا عائیدوونەکان زۆر باش بووە، دواتر فیرار دەکات و دەگەڕێتەوە شاری هەولێر ژیان بە سەر دەبات تاوەکو لە ساڵی (١٩٨٦) کۆچی دوایی دەکات

# شێرکۆ بێ کەس

دوای ئەوەی گەڕامەوە سلێمانی، دوو سێ ڕۆژی نەخایاند، فەرمانی نەقڵەکەم خستە گیرفانمەوە و جانتایەکی سوورکەڵەم بردوو بەرە و بەغدا کەوتمە ڕێ.

ئەو شەوە لای یەک دوو هاوڕێی خۆشەویست مامەوە و بۆ ڕۆژی دوایی گەیشتمە ڕومادی، لەسەر شەقامە سەرەکییەکەی ڕوومادی، هەندێ کوردی خەڵکی سلێمانیم بینی. ئەوانیش فەرمانبەر بوون و بۆ ئەوێ هەڵدرابوون. چوومە پارێزگای ڕوومادی و لەسەر ئەو فەرمانە، فەرمانێکی تریشیان بۆ دەرکردم و وتیان بچۆ بۆ (هیت).

تا ئەوکاتە ناوچەی (هیت) م نەبینیبوو، گەیشتمە شارۆچکەی هیت. لە قەزا نەئەچوو، گوندێکی گەورە بوو. چوومە قائیمقامیەت، فەرمانەکەیان بردە لای قایمقام. پاش تۆزێ بانگی کردم. پیاوێکی ڕەقەڵەی ڕەشتاڵە پێیوتم: (تۆ فلانی و لە عائیدونی)، وتم (بەڵێ). شۆفێرێکی بانگکرد و وتی: (بیبە بۆ بەغدادی).

بەغدادی لە هیتەوە هەر نیو سەعاتێ دوورە، وەختێ گەیشتم کەمەو نیوەڕۆ بوو، بەسەر بەرزاییەکەوە، مەخفەرێکی گەورە قوت ببۆوە، بەڕێوەبەرێتی ناحیەیش هەر لەو قولەیەدا بوو، لە بەشێکدا ژووری بەڕێوەبەر و ژووری مەئمور مال و ژووری کاتبی ناحییە، لەو لایشەوە ژووری پۆلیسەکان و ژووری تەقیف (سجن) و ژووری ئەمنی ناحیەکە. کە چوومە ژوورەوە بەردەستێکی عەگال بەسەر لێم وردبۆوە، لێم پرسی مودیر ناحیە لەوێیە؟ وتی: نە ئیجازەیە، بەڵام ئەبو سەعد لەوێیە، کە مەئمور ماڵ بوو، وەکیلی مودیریش بوو. خۆمکرد بە

ژوورەکەیدا، سەلامم کرد و فەرمانەکەم دایە دەست، خوێندییەوە و بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم.

ئەبو سەعد تەمەنی لەسەروو پەنجاوە ئەبوو، قژ سپی و سوورکەلەبوو، وتی: (سبەینێ نەوفەل دێتەوە)، بۆ ئێوارە پێخەف و بەتانی و سەرینیان لە ماڵی ئەبو سەعدەوە بۆ هێنام و هەر لە ژوورەکەی خۆمدا (ژووری کاتب ناحیە)، کە بەڕۆژ کارم تێدا ئەکرد، بەشەو لەبەردەمی مێزەکەدا پێخەفەکەم ڕائەخست و ئەنوستم. وەک لە دواییدا زانیم و خۆی بۆی گێڕامەوە: (ئەبو سەعد لەشانەکانی سەرەتای دروستبوونی حزبی بەعسدا کاری کردبوو)، بەڵام دواتر وازی هێنابوو، پیاوێکی ڕووخۆش بوو. بەڵام قومارچییەکی بێ وێنە بوو، پێموایە نزیکەی دە دوازدە منداڵی هەبوو، هەموو شەوێ ئەیخواردەوە. هەموو خەڵکی ناوەچەکەی ئەناسی. ئەم پیاوە بوو بە هاوڕێیەکی نزیکم و دوو سێ ساڵ دراوسێی بوون.

**نەوفەل:** مودیری ناحییەکە کە ناوی تەواوی (نهاد کازم الدجیلی) بوو، خەڵکی دوجەیلی نزیک تکریت بوو، لە کۆلیجی قانون دەرچوو بوو. ئەمیش بۆ خۆی وەک نیمچە دوورخراوەیەک وابوو. لە دواییدا زانیم، خزمێکی نزیکی (حردان تکریتی)یە، بە لێدان و کوشتنی حردان تکریتی، ئیتر ئەمانەش پەرەوازە کرابوون. بە ناچاری ببوو بە بەعسی، دوای ئەوەی ئەیخواردەوە و هەر خۆم و خۆی ئەبووین، ئەکەوتە سکاڵا و دەردی دڵ هەڵڕشتن.

پیاوێکی قەڵە و بەخۆوە بوو. لە سییەکانی تەمەندا بوو. بەردەوام دوای دەوام دیزداشەیەکی ئاودامانی سپی لەبەر ئەکرد و بە تەنیا پیاسەی ئەکرد. ناحیەی بەغدادی گوندێکی گەورە و بەربڵاو بوو. خانووەکانی لە سەریفە دروستکرابوون و دوور لە یەکەوە و کەوتبوونە ناو پەلەدار خورماکانی سەر فوراتەوە. مەکینەی کارەبای خۆی هەبوو، بەڵام ئاوی نەبوو. سێ چوار دوکانێکی تێدابوو، هەر لەسەر شەقامە سەرەکییەکە، چایخانەکەی (ئەبو حسون) بوو. چایخانەی سەر ڕێ بوو. بەتایبەتی بۆ ئەوانەی بەرە و حەدیسە و قائم ئەڕۆیشتن و لەوێ لایان ئەدا. ئەم چایخانەیە تشریبیشی دروست ئەکرد و بۆ بەیانیانیش هێلکەی هەبوو، ئیتر هیچی تر و ئەبوایە بەردەوام ئەم تریتە بخۆی.

من زۆربەی وەختم بە دانیشتن و خوێندنەوە و هەندێجار بە نووسینیش لەم چایخانەی سەرەڕێیەدا بەسەر ئەبرد. خەڵکەکە بەشی زۆریان نەخوێندەوار

و عەشایر و سووننی مەزهەبێکی دەمارگیر بوون. ڕێزی ئێمەیان ئەگرت لەبەر ئەوەی شیعە نەبووین، کە قسەیان ئەکرد بەشی زۆریان شانازییان بە هۆز و خێڵەکانی خۆیانەوە ئەکرد. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لەم ناحییەدا بووم ئەموچاوی ژنێکم بە چاکی نەدی. منیش یان لە ژوورەکەی خۆمدا بووم لە قولەکەدا، یان لە چایخانەیە، عەریف ئەمنەکەی ناحیە ناوی (عەبد) بوو، گەنجێکی خرپلە بوو، گەڵێجار ئەهاتە ژوورەکەم و بەلاچاو تەماشای بەرگی ئەو کتێبانەی ئەکرد کە ئەمخوێندنەوە.

ئەبو نەوفەل بۆ من پیاوێکی باشبوو، چونکە زوو زوو مۆڵەتی ئەدامێ و هەموو هەفتەیەکیش ڕۆژی پێنج شەممەوان لە سەعات دەوە سواری ئەو پاسی مەسڵەحانە ئەبووم کە لە نێوان حەدیسە و ڕومادیدا کاریان ئەکرد، ئەچووم بۆ ڕومادی و لەوێشەوە بەرە و بەغدا و بەیانیانی شەموانیش لە بەغداوە دەرئەچووم و بەهەمان شێوە ئەگەڕامەوە بۆ بەغدادی. مانگی جارێکیش مۆڵەتێکی چەند ڕۆژەم وەرئەگرت و ئەگەڕامەوە بۆسلێمانی.

بە کورتی ئەبو نەوفەل ببوو بە هاورێم. منیش کە لە کوردستان ئەگەڕامەوە بە دەست و دیاری باشەوە ئەهاتمەوە بۆ لایان، بەتایبەتی هەنگوین و گوێز، چ بۆ ئەو و چ بۆ ئەبو سەعد. دەمە و ئێوارانیش بە تەنها ئەچوومە سەر فورات و دائەنیشتم و لە زەردەی خۆرنشین و نێرینەی شەپۆڵ و ئەو نەورەسانە ورد ئەبوومەوە، کە بە پۆل و بە نزمیی بەسەر ئاوەکەدا هەڵئەفرین. خەیاڵیش ئەیبردمەوە بۆ کوردستان و، بۆ ژیانی نێو شاخ و داخ و بۆ لای هاورێکانم و یادگاری ڕابردوو. هێشتا مانگێک نەبوو لە بەغدادی بووم، هەر لەهەمان قوولە و مەخفەردا، سەرەتای نووسینی قەسیدەی (کۆچ)م دەستپێکرد، وەک لە خەوێکدابم، بەو جۆرە ئەمنووسی. هەموو هەست و نەست و دڵۆپە خوێنێکی ناو لەشم لەگەڵ وشەکاندا ئەجولا. لەگەڵ قەسیدەکەدا ئەگریام و ئەملاواندەوە. تاق و تەنیا خۆم و شیعر، خۆم و کۆمەڵێ یادگار و دووکەڵی جگەرە، پێموایە نزیکەی مانگێک پێوەی خەریک بووم. چەند ڕەشنووسێکی هەبوو.

ئەو شەوەی تەواوم کرد، تا بەیانی لە خۆشیاندا خەوم لێنەکەوت. بۆ سبەینێش مۆڵەتێکم وەرگرت و دەفتەری شیعرەکەم هەڵگرت و بەرە و بەغدا کەوتمەڕێ، خواخوام بوو شەو دابێ و هاورێکانم بدۆزمەوە و بۆیان بخوێنمەوە، بۆ ئەوەی ئەو دەردە دڵەیان بۆ هەڵرێژم کە لە گۆماوی قەسیدەی کۆچ-دا پەنگیان خواردبۆوە. شەوێک دواتر، لە بارێکی هاوینەی سەر ئەبونەواس، کۆبووبووینەوە، وەک بێتەوە بیرم دە دوانزدەیەک ئەبووین، لەوانە (حوسێن

عارف، محێدین زەنگەنە، کاکە مەم بۆتانی، مەحمود زامدار، سەلاح شوان، سەلام محەمەد، ئەنور قادر محەمەد)و چەند هاورێیەکی تریش، بە هەموو کوڵ و دڵێکەوە قەسیدەکەم خوێندەوە، هەر هەموویان باوەشیان پێداکردم و لەبیرمە هەندێکیان فرمێسک بە ڕوومەتیاندا ئەهاتە خوارەوە! قەسیدەکە دەستا و دەست ڕۆیشت و لە سەردانێکیشدا بۆ سلێمانی لە ماڵی (فوئادی مەجید میسری) تۆمارمان کرد و ئیتربە هەموو لایەکدا بڵاوبۆوە.

تا ئەو کاتەی شیعری کۆچ درێژترین قەسیدەی درامی تازە بوو بنووسرێ، بەڵام لە چاپدانی دواکەوت تا سەرەتای هەشتاکان. ئەوسا لەگەڵ قەسیدەی (برایمۆک و گۆرانی بەفر و منداڵیم)دا لە دیوانی (دوو سروودی کێوی)دا بڵاوبۆوە و کەوتە بەردەستی شیعر دۆستان.

قەسیدەی کۆچ، وەچەرخانێکی نەوعی بوو لە ژیانی هونەری مندا. قەسیدەیەکی درامی فرە دەنگ بوو. گێڕانەوەی تراژیدیای هەرەسێکی گەورە بوو. لێوان لێو لە قوڵپی گەرمی دەروون. لە ئەزموونی خۆمدا، بازدانێک بوو کە لەوەوبەر نموونەی وام نەبوو. زمان ڕەنگین ببوو. هەر ڕەش و سپیەکەی جارانم نەبوو. ئاوێنەکان یەک جۆر ئاوێنە نەبوون. دارشتن و وێنە و ئیستسعارەکان ناباو و نەبیستراو بوون. وەک وتویانە (شاعیر یەکەم ڕەخنەگری خۆیەتی)، بۆیە دوای کۆچ هەستمکرد بەوەی شێرکۆی شیعرەکانی جاران نیم. لەگەڵ ئەو بارە دەروونیەی هەمبوو. بەغدادی بۆ من لەڕووی خوێندنەوە و نووسینەوە بە برشترین قۆناغی ژیانم بووە.

هەر لەوێ بەشی هەرە زۆری شاکارە ڕۆمانەکانی دنیام خوێندنەوە. هیچ ڕۆژێ لە (١٠ — ١٥) سەعات کەمترم نە ئەخوێندەوە. هەر لەوێش یەکەم تاقیکردنەوەی نووسینی پۆستەرە شیعرم دەستپێکرد. هەر لەسەر فوراتیش شانۆنامەی (ناسک) و بەدەیان قەسیدەی وەک (قەقەنەس) و (هاودەمم) نووسیی.

هەموو سەفەرێکی بەغدام لەو سەرەوە بە کۆمەڵی ڕۆمان و کتێبی چاکەوە، ئەگەڕامەوە. لە بەغدادی من خۆم نەناساندبوو بە کەس. بەڵام ڕۆژێکیان پێموایە لە ڕۆژنامەی (العراق) بوو، شیعرێکم تەرجەمەی عەرەبی کرابوو. ئینجا زانییان من کێم. ئێوارەیەکیان ئەوەندە نەبوو گەیشتبوومە بەغدادی. سێ قۆڵی مودیری ناحیە و مەئمور ماڵ-کەو من چووبووینە ناو ئاوی فوراتەوە و مەلەمان ئەکرد لە پرێکدا ئەبو نەوفەل، پلارێکی تێگرتم و وتی (ئەبێ ئێستا بارزانی لە کوێ مەلە بکات؟!). زۆرم پێناخۆش بوو، بۆیە

زۆر بە توندی وەڵاممدایەوە و پێموت: (ڕەنگە لەگەڵ ژنە سەرەک کۆمارێکی عەرەب یان لەگەڵ ژنی مەلیکێکی عەرەبدا ئێستە مەلە بکات!).. لە دواییدا کە هاتینە دەرەوە، داوای لێبوردی کرد و وتی (مەبەستم هیچ نەبووە).

گوزەران و ژیان لە بەغدادیدا ناخۆش بوو، بە تایبەتی نە چێشتخانە و نە حەمام و نە سەرتاش و هیچی تێدا نەبوو، سێ ژەمەیش هەر تشریبەکەی ئەبو حەسونێ‌م ئەخوارد. چەند مانگێ بوو لەوێ بووم. (عەبد) زۆر بە وردی چاودێری ئەکردم، ئەهاتە ژوورەکەم و کتێبەکانی هەڵئەگرت و لێیان ورد ئەبۆوە. پیاوێکی گێل بوو. جارێک دەستیدایە ڕۆمانێکی دەستۆفسکی و تەماشای وێنەکەی ئەکرد، لێیپرسیم: (ئەمە ستالین نییە؟!) وتم (نە،.. بەڵام خۆمێتی!).

مۆڵەت وەرگرتنم زۆر ببوو، بە تایبەتی بۆ سەردانی بەغدا و جاری وایش هەبوو شەممەیشم ئەخوارد و یەکشەممە ئەگەڕامەوە. هەر لەو چایخانەیەدا چەند مامۆستایەکم ناسی. دوای قسەکردن و تێکەڵاو بوون. زانیم ئەمانە کۆمۆنیستن و لە (جوبەن).

جوبەن: لەولای بەغدادییەوە بوو. گوندێکی گەورە بوو، ئەگەرچی لەگەڵ بەعسیشدا هاوپەیمان بوون و لەبەرەی نیشتمانیدا پێکەوەبوون. بەڵام ئەترسان و لەژێر چاودێریدا بوون و زۆرجاریش بە چرپە قسەیان لەگەڵدا ئەکردم.

لە یەکێک لەو سەردانانەی بەغدادا بەڕێکەوت کاک (دارا تۆفیق)م بینی، دوای دوو سێ ڕۆژێ لە ئەبونەواس، لەگوێ دیجلە دەعوەتێکی بۆ من و ئەنور قادر محەمەد کرد. تا درەنگان پێکەوە دانیشتین. ئەگەرچی نا ئومێدی و تێکشکانی پێوە دیاربوو، بەڵام نەیئەویست ئەوە نیشان بدات و هیوای بە پاشەڕۆژ زۆر بوو. لەو سەردانانەی بەغدادا جگە لە هاوڕێ نزیکەکانم هەندێجاریش سەردانی ماڵی د. کاوس قەفتان و د. ئیحسان و د. ئەوڕەحمانی حاجی مارفم ئەکرد. لە ماڵی د. ئەوڕەحمان بۆ یەکەمجار لە نزیکەوە لەگەڵ (زەبیحی عولەما)دا دانیشتم. بیرمە هەر لەو دانیشتنەدا باس لە شیعری تازەکرا، زەبیحی وتی: (ئەوەی ڕاستی بێ من حەز بەم شیعرە تازانە ناکەم!)، د. ئەوڕەحمانێ‌یش وتی: (تۆ شیعری شێرکۆت خوێندۆتەوە؟) وتی: (کەم).

هەر لەو کۆڕەدا کە پێموایە د. مەزهەر و مەسعود محەمەدیش لەوێ بوون، دە دوانزدە پارچە شیعری کورتم خوێندەوە. بیرمە زەبیحی وتی:

(بەڵێ ئەمانە شیعرن و دیارە من هەڵەبووم و لەوەدا، کە هەموو شیعری تازەم خستە یەک ڕیزەوە).

هەر لەو ساڵەدا کە ئەچووم بۆ بەغدا، سەردانی کۆڕی زانیاری کوردم ئەکرد، ئەو وەختەی (مەسعود محەمەد) سەرۆکی کۆڕبوو، هەر لەوێش د. کەمال و ناجی عەباس و شوکور مستەفا و محەمەدی مەلا کەریم و فاتحی مەلا کەریم و ئەنوەر قادر محەمەدی هاوڕێم ئەبینی، ئەوەندە نەبوو شیعری (کۆچ)م نووسیبوو، چوم بۆ کۆڕی زانیاری کورد و لای مەسعود محەمەد. پێموت: (ئەگەر وەختت هەبێ حەز ئەکەم ئەم قەسیدە تازەیەت بۆ بخوێنمەوە). ڕێگەی دام و شیعرەکەم خویندەوە. دوای خوێندنەوە، ئیعجابێکی زۆری دەربڕی و وتی: (ئەم شیعرانە، شیعری دنیاکەی گۆران نین). لە قەسیدەکەدا و لە چەند شوێنێکدا ناوی لۆرکا و سەیاب هاتوون. مەسعود محەمەد وتی: (تۆ پێویستت بەوە نییە ناوی کەس بێنی و خۆت بەواندا هەڵواسی).

دوای تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر ئەم قسەیەدا و لە تەلەفزیۆندا (ئیبتسام عەبدوڵلا) لە بەرنامەکەی خۆیدا، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ مەسعود محەمەد-دا کرد، پێموایە ساڵی ١٩٨٤ بوو، دوای قسەکردنێکی زۆر دەربارەی شیعری نالی (ئیبتسام) خەریک بوو بچێتە سەر بابەتێکی تر، بەڵام مەسعود محەمەد قسەکەی پێبڕی و وتی: (بۆ ئەوەی قسەکانم تەواوکەم، شاعیرێکی تریش ماوە پێویستە باسی بکەم، ئیتر لەوێدا هاتە سەر من)، شریتی ئەم چاوپێکەوتنەم هەتا ئێستا لەلایە و هەڵمگرتووە و پاراستومە.

هەر لەو ساڵانەدا کە لە بەغدادی بووم و هاتوچۆی بەغدام ئەکرد، کەلێجار ئێواران سەردانی بارەگای یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی عێراقم ئەکرد لە (بیت البیچ) ئامادەی کۆڕ و کۆبوونەوەکان ئەبووم. هەر لەویش لە نزیکەوە تێکەڵاوی شاعیرە ناودارەکانیان بووم. یەکێک لەوانە (حسب الشیخ جعفر)ی شاعیر بوو. زۆر جار بەدوو قۆڵی لەسەر یەک مێز دائەنیشتین، باسی تاقیکردنەوەی شیعری خۆی بۆ ئەکردم.

حسب، هێمن و لەسەرخۆ بوو، زۆر کەمدووبوو، تازە دەستمکردبوو بە نووسینی پۆستەرە شیعرییەکان، بۆ یەکەمجار (مەحمود زامدار) لەلای خۆیەوە کۆمەڵێکی لەوانە تەرجەمەی عەرەبی کردبوو، شاعیرە عێراقییەکان لەڕێی ئەو کورتە شیعرانەوە منیان ناسی. حەسەب ئەو شیعرانەی پێ جوان بوون و لەوەختی قسەکردنیدا وتی: (ئەم شیعرانە لە دنیای شیعری ژاپۆنییەکانەوە نزیکە. کورت و چڕو سروست تەوەری سەرەکییانە).

هەر لەو باخچەکەی یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی عێراقدا بوو، شەوێکیان لەگەڵ (سەعدی یوسف) یەکترمان بینی، کەلێی پرسیم لە کوێی، وتم بەغدادی) پێکەنی و وتی: (تۆ ئەزانی ئەو شارۆچکەیەی کە مایکۆفسکی تێی لەدایک بووە ئەویشناوی بەغدادییە!).

بارودۆخی ژیانی ئەو کوردە ئاوارانە گەلێ سەخت و دژوار بوو. ئەو سەردەمە ئیتر شوێنێ نەمابوو نە لە ڕۆژهەڵات و نە لە ڕۆژئاوا و نە لە خوارووی عێراق کوردی بۆ (تەرحیل)نەکرابێ!

هاوڕێیانی نزیک و دایکم و خوشکەکانم، چەند جارێک سەردانیان کردین، لە یەکێک لەو سەردانانەی دایکمدا هەواڵی گرتنی خاڵە شیهاب و هاوڕێکانی بۆ گێڕامەوە، لە دیدەنییەکی تردا کە ئەو و جەعفەر و ئەنور لە ژووری ئیعدامدان و چاوەڕێی مردن ئەکەن!.

خاڵە شیهاب، هەر لە ڕێگەی ئەو خزمانەوە کە ئەچوون بۆ لای بۆ ئەبو عریب سەلامی تایبەتی بۆ ناردبووم! نزیکەی سێ ساڵی لە بەغدادی مامەوە. کەمە کەمە دەستکرابۆوە بە نەقلکردنی فەرمانبەرەکان بۆ شارەکانی خۆیان، منیش لەڕێی خاڵە ئەنوەرمەوە، کە لیوا پزیشک بوو، هەوڵێکمدا، بەڵام سەری نەگرت، دواجار بابەکر پشدەری هەوڵی بۆ دام و نەقڵبوومەوە بۆ سلێمانی و لە بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆی سلێمانی دانرام.

کاک (حەسەن تەیب) ئەندازیاری جیۆلۆجی بەڕێوەبەرمان بوو، خەڵکی شار و لە کوڕە پاشاکان بوو، کاک هۆشیار غەنی ساڵێ-ش لەوێ بوو.

من پێشتر فازیل عەزاوی و خالید عەلی مستەفا و عەبدولستار ناسر و هاشم شەفیق و فەوزی کەریم م ناسیبوو، لەگەڵ چیرۆکنوس (موسا کرید) دا ئاشنایەتیمان هەبوو، بەتایبەتی ئەو سەردەمەی کە گۆڤاری (الكلمە)ی دەرئەکرد، لە یەکێک لە ژمارەکانی ئەم گۆڤارەشیدا و لە تەرجەمەی سامی شۆرش شیعرێکم بڵاوکرابۆوە.

(یوسف الحیدری) چیرۆکنوس، کە کوردیش بوو، زۆرجار لە چایخانە بچکۆڵەکەی (باب الشرقی) یەکترمان ئەدی، هەر لەو سەردەمانەیشەوە لەگەڵ شانۆنووس و چیرۆکنوس (محێدین زەنگەنە)ی هاوڕێمدا یەکترمان ناسی و هەتا ئێستەیش ئەو خۆشەویستی و پەیوەندییە بەردەوامە و درێژەی هەیە.

لە ڕۆژنامەی (طريق الشعب)یشدا کە بەشە ئەدەبییەکەی لەلایەن (سەعدی یوسف)ەوە سەرپەرشتی ئەکرا، لەوێشدا دوو سێجار شیعرم بڵاوکرایەوە. هەر لە سەرەتای حەفتاکانیشدا بوو. حەزم کرد لە نزیکەوە (عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی)

شاعیر بناسم. ئەوسا لە وەزارەتی ڕاگەیاندن بەناوی (موستەشارەوە) ژوورێکیان دابوایە. بە دوو مانگ سێ مانگ جارێک سەردانم ئەکرد، بەیاتی شاعیر هەمیشە باسی خۆی ئەکرد کەچی لەسەر نووسراوە و چەند دکتۆرای لەسەر وەرگیراوە. کەم کەسی بە شاعیر ئەزانی! یەکێک لەوانەی خۆشی نە ئەویست (ئەدۆنیش) بوو، هەموو جارێ ئەیوت: (ئەو پیاوە فرێی بەسەر مەسەلەی تازەکردنەوە شیعرەوە نییە!). هەروەها باسی هاوڕێیەتی و پەیوەندی خۆی لەگەڵ (گۆران)دا بۆ ئەکردم، هەموو جارێکیش هەواڵی (د. عێززەدین)ی لێ ئەپرسیم، کە دیار بوو، دکتۆری لە دەمێکەوە ناسیبوو.

هەر لە سەرەتای حەفتاکانیشدا بوو لە بەغدا، لە وەختی بەستنی کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورددا لە کافتریا و چێشخانەی (لۆلۆە)دا لەسەر بانگهێشتی یەکێتی نووسەرانی کورد، هەردوو شاعیری ناودار (جەواهیری) و (عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی) بانگکرابوون و ئێمەش دەورمان ئەدان و پرسیارمان لێئەکردن و ئەماندواندن.

هەروەکو لە لاپەڕەیەکی پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد بوو، مۆڵەت وەرگرتن و سەردانی بەغدا و سلێمانیم زۆر ببوو. لە یەکێک لەو سەفەرانەمدا بۆ سلێمانی، لە ڕۆژگارێکی ئێجگار تاریک و ناخۆشدا، پێموایە ساڵی (١٩٧٦-١٩٧٧) بوو، ئەو سەردەمەی بەعس لە کوردستاندا تەنها ببڕو بکوژ هەر خۆی بوو، کەس نەیئەوێرا لە پێستی خۆیشیدا بجوولێتەوە، لە هۆڵی نەقابەی مامۆستایانی سلێمانی کۆڕێکیان بۆ (هێمن موکریانی) ڕێکخستبوو، کامەران موکری کۆڕەکەی بەڕێوە ئەبرد، سەرەتا کامەران باسی ئەوەیکرد لە کەیەوە ئەو ناوی هێمنی بیستووە، ئاماژەی بە شیعری (گەرچی تووسی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن/ قەت لە دەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن) کرد، ئێمەش لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکاندا حەمەی حەمە باقی و ڕەئوف بێگەرد چووبووین بۆ کۆڕەکە و گوێمان گرت. وردە وردە کۆڕەکە گەرمتر بوو، خەڵکی داخ لە دڵ و بێزار و نائومێد بوون، بەشوێن تروسکاییەکدا ئەگەڕان.

بیرمە دەربارەی شیعری تازە، کامەران مەکری پرسیارێکی لە هێمن کرد، ئەویش لە وەڵامدا وتی: (ئەگەر شیعری تازە وەک ئەم شیعرەی شێرکۆ بێ، پارچە شیعری (کەمانچە)ی خوێندەوە (مەدالیای کەمانێکی بچکۆلانەت دابوو لە سنگ/ کە هاتوچۆت بە بەردەمی مندا ئەکرد/ گوێم لێئەبوو/ کەمان ئەکەوتە لێدان و/ ئەیشمبینی/ مەمکەکانت/ وردە وردە سەمایان بۆ ئەکرد!) نازانم چۆن بوو، بەڵام وەختێکم زانی حەمەی حەمە باقی چووە سەر شانۆ

و شیعرەکەی خۆی (سەما لەسەر پشتی دوپشک)ی خوێندەوە. دوای ئەوە هۆڵەکە خرۆشا و داوای منیشیان کرد. منیش هەر لە شیعرەکانی دیوانی (کازیوە) کە تا ئەوکاتە هەر دەستنووس بوون، کۆمەڵێ شیعرم خوێندەوە و بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بوو. وەختێ هاتینە دەرەوە سەر شەقامەکە، ئیتر کوڕو کاڵان و گەنجی خوێن گەرم و چاو نەترس، کردیانە جۆرە خۆنیشاندانێک ئێمەش لەبەر ئەوەی زۆر لەبەرچاو بووین، خۆمان دزییەوە بە کۆڵانی پشتەوەدا چووینەوە سەر شەقامەکەی ئەودیوو خۆمان ونکرد.

وەختێ گەڕامەوە بۆ (بەغدادی)، ڕۆژی دواتر، عەبد هات و زەرفێکی دایە دەستم، کردمەوە، نووسرابوو (کە پێویستە دەستبەجێ سەردانی ئەمنی قەزای هیت بکەم)و لەگەڵ عەبددا ڕۆیشتین، چووینە لای قایمقام و پێوتم: (پێویستە بچێت بۆ ئاسایشی گشتی لە بەغدا)، هەر لەوێوە، بە تەنها خۆم سوار بووم و چووم بۆ بەغدا، پێموایە (حسەین عارف)م بینی و مەسەلەکەم تێگەیاند، ئەوەی ڕاستیبێ ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم، ئاسایشیی گشتی لەو ڕۆژگارەدا، ناوێکی ترسناک بوو، چونکە ڕۆژی دەیان کەسی تێدا سەرەونگون ئەکرا. بە سەدان چیرۆکی خوێناویشمان لەبارەویەوە بیستبوو، ئەو شەوە زانیم کە ئێمەی کورد لەو قۆناغەدا چەند بێداڵدە و بێکەس و بێ پەناین و ئەوەتا ئەبێ بە پێی خۆمان بچین بۆ لای جەللادەکانمان!

جاران لە هەموو لێقەومانێکدا ڕوومان ئەکردە شاخ و داخ و باکمان نەبوو چی ئەبێ و چی نابێ، بەڵام ئەوەتا وا ئێستە، نە شاخ و داخ و نە ئەشکەوتێک و تەنانەت پەنا بەردێکیش نەماوە بمانگرێتە خۆ و خۆمانی لەژێردا حەشار بدەین. ڕۆژ بۆوە و لەگەڵ دەسپێکردنی دەوامدا گەیشتمە ئاسایشی گشتی.

لە پرسگەی سەرەکیی لێیان پرسیم ناوت چییە؟! ئینجا بەدوو پرسگەی دیکەدا تێپەڕیم دواتر یەکێکیان لەگەڵدا ناردم، بە چەندین ڕاڕەوی کپ و بێدەنگدا تێپەڕیم و لەبەر ژوورێکدا ڕایانگرتنم. ئەم هۆبەیە هۆبەی سێی ئاسایشی گشتی بوو، کە سەرپەرشتی ئاسایشی هەموو کوردستانی لە ئەستۆ بوو، لەو بەردەرگایەدا نزیمەی بیست دەقیقەیەک ڕاوەستام، تا دەرگا کرایەوە و چوومە ژوورەوە. ژوورێکی فراوان و ڕازاوە، لە پشت مێزەوە، پیاوێکی قژ ڕەش کە هەر لە چلەکانی تەمەندا ئەبوو، دانیشتبوو. سەری هەڵبڕی و وتی: (دانیشە!).

زۆر بە نەرمی لەسەرخۆ دەستیکرد بە قسەکردن، سەرەتای قسە لەوێوە دەستپێکرد، کە بۆچی وامان بەسەرهات و مەلا مستەفا چۆن بوو بە پیاوی ئێران و شاو چیرۆکی کابرای شمشاڵژەنی گێڕایەوە، کە هەموو مشکەکانی لەکون هێنایە دەرەوە تا شوێنی کەوتن و ئەویش بەرە و زەریا بەدەم شمشاڵ لێدانەوە و مشک بەدوایەوە تا هەموویانی‌لا خستە ناو زەریاوە!. من بێدەنگ بووم، لە دواییدا وتی (تۆ لای دارا تۆفیق کارت ئەکرد). وتم (بەڵێ لە ڕاگەیاندن بوون). ئینجا پرسی بۆچی ئەوەندە هاتوچۆی بەغدا ئەکەم، پێموت (من شاعیرم و پێویستم بەوەیە بێم بۆ بەغدا بۆ کتێب و گۆڤار کڕین و ئەمە هەفتەی جارێکە بۆ بیست و چوار سەعات).

لێی پرسیم لەناو شاعیرەکانی عێراقدا کێ ئەناسم. وتم: (زۆربەی هەرە زۆریان لە جەواهیرییەوە بۆ عەبدولوەها ئەلبەیاتی).

بە مەزەنەی خۆم لەوە ئەچوو ئەم کەسە بەرپسی هۆبەی سێ خۆی بێ، وتی: (بچۆ دەرەوە). کە هاتمە دەرەوە لە پڕ لەبەر دەرگاکەدا (کەمال پشدەری)م بینی. ئەو وای نیشاندا ئەم بینینە ڕێکەوتە..! بەلام پێئەچوو هەر سیناریۆی خۆیان بێ. کەمال زابتی ئەمن بوو، برای تۆفیق پشدەری. لە سەردەمی لاوێتیدا (١٩٦٠- ١٩٦١) هاوڕێمان بوو. گەڵێجار لەگەڵ (بەکری مام ڕەزا و جەلال دەروێش قادر)دا یەکمان ئەبینی. وابزانم دوایی هەر لەڕێگەی کاکییەوە چووە ناو دەزگای ئاسایشەوە. لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانیشدا لە ساڵی (١٩٩١)دا ئەفسەی ئاسایش بوو لە سلێمانی، کەوتە بەر دەستی خەڵکی ڕاپەڕیوو، هەلا هەلایانکرد!

کەمال خۆی گێل کردبوو، ئاخۆ بۆ و لەسەر چی بۆ لێرەیت و منیش وتم: (نازانم، ڕەنگە ڕاپۆرتی درۆم لێدرابێ). پێیوتم: (لێرە ڕاوەستە). خۆیکرد بەو ژوورەدا کە منی لێبووم. پاش قەدەرێ هاتەوە دەرێ و قسەی نەکرد. بردیانم بۆ ژوورێکی تر، ئەم ئەفسەرەیان گەنجێکی ئەسمەری ڕووگرژو مۆن بوو. لەیەکەم وشەیەوە تا دوایی هەموو هەڕەشە و گوڕەشە بوو. دەفتەرێکیشی لەبەر دەستابوو، زوو زوو سەرێئەکرد. پێیوتم: (بڕۆ لەو ژوورەی ئەودیو کورتەیەکی ژیاننامەی خۆت بنووسە). منیش چووم و لە دوو فولسکابدا، ژیاننامەی خۆم نووسی، لەکوێ لەدایکبووم و باوکم کێبووە و چیم خوێندووە و چەند دیوانم چاپکردووە و ئێستا لە کوێ کار ئەکەم و تا دوایی. کە بۆمهێنایەوە بێئەوەی سەیری بکات، خستیە ناو فایلێکەوە.

ئەوەندی پێنەچوو کەمال-یان بانگردوو وتیان بچۆ لەگەڵیدا ئەم شیعرانە تەرجوومە بکە. چووینە ژوورێکی تر، وەختێ کەمال دەستیکرد بە خوێندنەوە. شیعری کۆچ بوو. دیارە شیعرەکەیان لەرێگەی یەکێکی دەسەتگەخۆری خۆیانەوە کە نزیک بووە لە ئێمەوە دەستکەوتووە. کەمال نەیئەزانی شیعر چییە و فرێی بەسەر لێکدانەوەی شیعرەوە نەبوو. شیعرەکەش ئامازەی راستەوخۆی زۆر کەم تێدایە. لەبەر ئەوە هەر خۆم بۆم تەرجەمە ئەکرد و ئەویش ئەینووسی. دوایئەوەی چەند لاپەرەیەکمان کرد، کەمال وتی: (ئینجا ئەمە چی تێدایە تا تۆی لەسەر بانگ بکەن!). دەفتەرەکەی پێچایەوە و چووینە دەرەوە. چووە لای ئەفسەری دووەم، هەر خۆی چوو. نزیکەی نیو سەعاتێ لەبەر دەرگای ژوورەکە راوەستام تا کەمال هاتە دەرێ و ئەوسا پێیوتم: بچۆرەوە بۆ لای بەرێوەبەر، چوومەوە ئەو یەکەم ژوورەی کە لە سەرەتادا چووبووم، ئەفسەرەکە پێیوتم دانیشە. ئەمجارە قسەکانی توندتربوون، تا ئەو شوێنەی، کە وتی: (ئەگەر هاوکاریمان بکەی پارمەتیت ئەدەین).

ئیتر لێرەدا ئەوەی راستتیبێ نەترس و نە دڵەراوکێ و نە ئاسایشی گشتیم لەبیر نەماو منیش توند وەڵامدایەوە و پێموت: (یەعنی ئەتەوێ ببم بە جاسوس؟! من پیاوێکی شاعیرم و هیچی تر.. بەداخەوە ئێوە باس لە ئازادی ئینسان ئەکەن و کەچی بەمجۆرە هەڵسوکەوت لەگەڵ شاعیرێکدا ئەکەن!). کەمێ بێدەنگ بوو. دواجار وتی: (ئەبێ لەماوەی یەک هەفتەدا ماڵ و منداڵت بەری بۆ بەغدادی و لەوێ جێگیر بیت). ئەگەر ئەمە نەکەیت خۆمان ماڵ و منداڵەکەت ئەبەین بۆ ئەوێ. ئێستا ئەتوانی بڕۆیتەوە بۆ شوێنی خۆت!.

دوای ئەوەی لە ئاسایشی گشتی هاتمە دەرەوە، هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشاو لە دڵی خۆمدا وتم: (ئەمجارەش رزگارمان بوو). ئەو شەوە چووم بۆلای حسەین و لە نووکەوە چیرۆکەکەم بۆ گێرایەوە. کەواتە لە ئێستە بەدواوە چار نییە ئەبێ نەسرین و منداڵەکانیش بەرم بۆ بەغدادی. پاش دوو رۆژ مۆڵەتم وەرگرت و گەرامەوە سلێمانی بۆ ئەوەی خۆمان کۆبمەینەوە و بەرەو خوار بینەوە.

لە بەغدادی خانووەیەکی چۆلی حکومی هەبوو، خراپ نەبوو. دوو ژوورو موبەقێک و هەیوانێک. نزیکەی سەد مەترێک لە رووباری فوراتەوە دوور بوو. بەرێوەبەری ناحییە ئەو خانووەی دامێ بەو سیفەتەی من کاتب ناحیە بووم.

بەغدادی تۆڕی بۆڕی ئاوی نەبوو. لەبەر ئەوە ئەبوو لەفوراتەوە خۆمان ئاو بێنین.

عەزیز مێرد منداڵێ بوو، هەموو ڕۆژێ بە گوێدرێژەکەیی و کرێیەکی کەم، چەند جارێ لە فوراتەوە ئاوی بۆ ئەکێشاین و بۆ ئاوی خواردنەوەش مەرکانەیەکمان هەبوو، ئاوەی لێڵ و لیخن بوو، بۆیە هەموو جارێ زاخمان تێئەکرد تا ڕوون و پاک بێتەوە. لە دەستە ڕاستەوە دراوسێمان نەبوو، خانووی دەستە چەپیش ماڵی ئەبو سەعد بوو. تەندورەکەی (ام سعد)یش کە ڕۆژانە نانی تازەی پێئەکرد هەر لەولای ئێمەوە بوو. بەمجۆرە ئیتر هاتوچۆی بەغدا و سلێمانیم کەمبۆوە یان هەر نەما. ئیتر تەواوی وەختم بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخان کردبوو، کاروباری ئیداری ناحیەکەش زۆر کەمبوو. جاری وا هەبوو لە هەفتەیەکدا سێ چوار نووسراوێکمان ئەگەر هەبوایە، شەوانیش لەماڵەوە گوێم لە ڕادیۆ ئەگرت و بەناویش ئەچووم بۆ ماڵی ئەبو سەعد و کۆڕی قوماریان. دائەنیشتم و سەیری دەستم ئەکردن. پێیان سەیربوو کە من یاری نازانم، ئەوەی ڕاستیشبێ تا ئێستەیش نەک یاری کاغەز بەڵکو تاوڵە و دۆمینەش نازانم و حەزیان لێناکەم!.

هەر لە ساڵی یەکەمدا لە بەغدادی، جگە لەدوو سروودی کێوی، شانۆنامەی شیعری (ئاسک)یشم نووسی. جگە لە درێژەدان بە نووسینی پۆستەرە شیعر و زۆر بەرهەمی تر. ئەتوانم بڵێم لەو قۆناغەی بەغدادیدا، هەموو ڕۆژێ کتێبێکم ئەخوێندەوە. هەموو ڕۆمانەکانی (دستۆفسکی) تەرجوومەی دەستی ئەلدروس، ڕۆمانەکانی تۆلستۆی، شیعری پوشکین، ئەدەبی ڕۆمانسی ئینگلیزی و جاگ لندەن و ڕۆمانی مووی ریک و بەدەیان شاکاری ترم لەوێ خوێندەوە، هەر لەگوێ فورات و لەوێ فێرە مەلە بووم.

چەند جارێکیش لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیەدا و بە بەلەم سەردانی ئەوبەر فوراتمان ئەکرد، سەرەک هۆز و شێخە عەرەبەکان، بۆ (عەزیمە)کانی خۆیان داوەتیان ئەکردین. جارێکیان لەوبەری فورات بانکگرابووین، شێخی هۆزەکە پیاوێکی پیری ڕیش سپی کورتە باڵا بوو، وەختێ زانی من کوردم، زۆر بەڕێزەوە باسی شێخ مەحمودی حەفیدی کرد. وەک قارەمانێکی گەورە ناوی ئەهێنا و پەیوەندی خۆیان و شێخی گێڕایەوە، هەموو جارێکیش ئەیوت: (الشیخ الکبیر) وایکردوو وای وت، ئەو قسانە لەو ڕۆژگارەدا وەک ئەوە وابوو ئاوڕشێنی دڵم بکەن. بە دوو مانگ جارێکیش ئەگەر مۆڵەتم وەربگرتایە ئەوسا پێکەوە لەگەڵ نەسرین و منداڵەکاند ئەچووین بۆ بەغدا و هەندێکجاریش

میوانی خانم و حسەین عارف ئەبووین.

لە بەشی سەرەوەی (بەغدادی) ماوەیەک بوو میری لەڕێگەی (عەمەل شەعبی)یەوە خەڵکی خۆی کۆئەکردەوە بۆ دروستکردنی دەیان ڕیزە خانووی نوو ژووری، کونە گورگانە و ئەیوست بە زوویی و لەماوی یەک دوو مانگێکدا ئامادەیان بکات. کارەکان بە پەلە ئەنجام ئەدران و هەر چۆنێک بوو تەواویان کرد. بەیانییەک زوو جموجۆڵ و ژاوەژاوێک کەوتە ناو بەغدادییەوە. بەدەیان زیلی عەسکەری هاتبوون و وتیان: (کوردەکانیان هێناوە). وەختێ چوومە سەر شەقامەکە، بەدەیان خێزانی ڕەش و ڕووت و داماوی کورد، کۆمەڵ کومەڵ، بەدیار'شڕ و شیتاڵ و شتومەک و کەلوپەلی هەژارانەی خۆیانەوە تروشکەیان کردبوو.

ئەمانە هەموو خەڵکی گوندەکانی دەرووبەری ڕەواندز و ناوچەی هیران و نازەنین بوون، خستیاننە ئەو خانوانەوە کە بە عەمەل شەعبی و هەرەمەکی دروستیان کردبوون. وەک ناسین من هیچ کانیانم نە ئەناسی. خێزانێک لەوانە لە دواییدا بوون بە ئاشنامان. کەمال مستەفا وەک کاتبی مالییە بە خۆی و خاو و خێزانەوە ڕەوانەی ئێرە کرابوون. تەمەنی لە چلەکاندا بوو. سەری سپی و خۆشی پیاوێکی سوور و سپی چاوشین بوو. سێ منداڵی هەبوو یەکێکیان هەر بە زگماک کەڕەواڵە بوو. خەڵکی هیران بون و لە بنەماڵەی صافی شاعیری بوون. ئیتر هەندێجار ڕۆژانە ئەهات بۆ لام و لە ژووری ناحیەدا لە قولەکەدا پێکەوە دائەنیشتین و زوخاوی خۆمان بۆ یەکتر هەڵئەڕشت.

کەمال مستەفا بەیت و بالورەی کوردی زۆری لەبەر بوو. من زۆرجار داوای ئەو شتانەم لێئەکرد بۆ وشە و زاراوەی کوردی پەتی سوودم لێوەرئەگرت.

# شێروان حەیدەری

لەساڵی (١٩٦٨) کۆلیژی یاسام لە بەغدا تەواو کرد، پاشان لە سەندیکای پارێزەرانی عیراق خۆم تۆمار کرد و دەستم کرد بە پیشەی پارێزەرایەتی و لە دوای رێککەوتنامەی (١١) ئازاری ساڵی (١٩٧٠) نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و دەسەڵاتدارانی بەغدا من ترشیح کرام کە بۆ یەکەم جار بووم بە بەڕێوەبەری ناحیەی دەربەندیخان دواتر لە ناحیەی عەربەت (تانجەڕۆ) و ناحیەی قوشتەپە بەردەوام بووم لە کارەکەم تاوەکوو ساڵی (١٩٧٤) و لەدوای ئەوەی کە عێراق پاشگەزبووەوە لە بەڵێنەکانی بەرامبەر بە رێککەوتنامەی (١١) ئازار و شۆڕش دووبارە دەستتپێکرد و چەندین پلە و پایەم لە شۆڕش هەبوو، پاشان لە دوای نەکسەی ساڵی (١٩٧٥) کە ئەو سەردەمەی کە عێراق و ئێران رێککەوتن پاشان خزمەتی منیان گواستەوە لە وەزراەتی ناوەخۆی عیراق بۆ وەزارەتی گواستنەوەی عێراق بە عینوانی (معاون ملاحظ) ماوەیەک مامەوە ئەوسا منیش ئەو قسەم گوێبیست بووم هەموو ئەوانەی لە شۆڕشەوە گەڕانەوە بۆ عیراق کە پێیان دەگوترا (عائدون) دەگوازرانەوە بۆ جنوبی عێراق و ئەو کاتە وەزیری گواستنەوە کاک عەزیز عقراوی بوو، منیش هەوڵمدا لە رێگای رەحمەتی شێخ عەبدوڵڵا بارزانی کە بە عەزیز عەقراوی بڵێت نەقلی خوارەوە نەکرێم و تەنسیب بکرێم بۆ یەکێک لە دائیرەکانی وەزارتی گواستنەوە لە هەولێر، ئەوەبوو تەنسیب کرام بۆ محطەی قیتاری هەولێر و لەو دائیرەیە مامەوە تاوەکوو ساڵی (١٩٧٧).

رۆژێک لە دائیرەی خۆم دانیشتبوم لە سکک کاتی زانیم کە وەزیری گواستنەوەی عێراق کە ئەوە سەردەمەوە بەڕێز خالید عەبدولحەلیم بوو هاتە ژوورەکەی من و پێی گوتم تۆ کارت چییە؟ منیش گوتم من (ملاحظ بضائعم)و خۆم دەرچووی کۆلیژی یاسام و ئەم کارە هیچ پەیوەندی بە شەهادەکەم نییە و حەز دەکەم لەم دائیرەیە نەمێنم و ئیستقالەم قبوڵ بکەیت. گوتی بەسەرچاو دوو رۆژی تر وەرە بەغدا ئیستقالەت قبوڵ دەکەم منیش چوومە بەغدا و ئیستقالەم دا بە جەنابی وەزیر و قبوڵی کرد ئیتر دەستم کردەوە بە پیشەی پارێزەرایەتی تا ساڵی (١٩٩٢).

٢٠٢٣/٥/١٤

# سەلاح مەحمود عەبدوڵا عەلاف

کورتەیێکی پوخت لەسەر ژیانی دوورخراوەتی و هەڵسوکەوتی ئەو ناوچەی کە لێیی نیشتەجێ بووم

پارێزگای دیوانیە کە من لێی نیشتەجێ بووم و لە هەولێرەوە دوورخرامەوەبۆ پارێزگای دیوانیە لەبەر ئەوەی هەڵبژێردرا بۆ نیشتەجێی ئەو کوردانەی پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەبەر ئەوەی دیوانیە هیچ جۆرە سنورێکە نییە لەگەڵ خاریجی عێراق ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ڕێگی بکەن و کۆنترۆڵ بکەن لەسەر ئەم کوردانە. خەڵکی شاری دیوانیە لە ئەسلەوە زۆربەیان شوعی بوون بۆیە بەو شارەیان دەگوت (موسکۆ الصوغیرە) و شیعە مەزهەب بوون بە زۆرداری کرابوونەوە بەعسی، خەڵکەکە زۆر کەمدەرامەت بوون و بەڕاستی کوردیان خۆشدەویست لەبەر (عدو عدوی صدیقی) بەڵام پیاوانی ڕژێم هەلسوکەوتیان لەگەڵ ئێمە خراپ بوو و جاسوسیان لەگەڵمان دەکرد بەڵام کوردە دوورخراوەکان نموونەکیان نواند ئەویش هەرکەسی تەعەدایان لێبکات ڕەدی دەکەنەوە بۆ نموونە نووسراوێمی پۆلیسی ناحیەی دەغارە کەوتە بەرچاووم دەربارەی شەڕی کورد و عەرەب و دەڵێت (خمسونة کوردیة یعتدون علی مواطن) واتا کورد مواطن نیە بە نەزەری ڕژێم، لە لایێکی ترەوە پیاوانی ڕژێم دەنگۆی ئەوەیان پەرتکردەوە کە بە زووترین کات هاوسەرگیری لەگەڵ کچە کوردەکان بکەن تا و بە گوێرەی عقلی وان شعور بە مواطنة بکەن بەڵام لەو کاتی کە دوورخرانەوە بۆ دیوانیە و گەڕاینەوە بۆ کوردستان پاش چوار ساڵ هیچ کچە کوردەک هاوسەرگیری نەکرد لەگەڵ عەرەب هەروەها بەردەوام ئیسپاتی خۆمان دەکرد و ئەوان بە مەبەستی ئیهانەکردنی بارزانییەکان دایان مەزراند لە بەلەدیە ڕۆژ هەتا ئێوارە شەقامەکانیان پێ خاوێندەکردنەوە و کاتی گەڕانەوەمان بۆ کوردستان هەوڵێکی زۆریاندا کە پەشیمانمان بکەنەوە و نەگەڕێنەوە کوردستان و چەند ئیغرایان

دەکردین بەدابەشکردنی پارچە زەوی لەسەرمان و سەرف کردنی مینحە و سولفە بۆمان بە شەرتێ نەگەڕێینەوە بۆ کوردستان بەڵام بە پێچەوانەوە هیچ کوردێک رەزامەندی پیشان نەدا بۆ ئەم مەبەستە. من وەکو پارێزەر و بەڕێوەبەری ناحیە بوومن پێش دوورخستنەوەم پێم ناخۆش بوو لە کارەکەی ئێستا وەکو ئیشوکاری صادرە و واریدە و خەزنکردنی ئەوراقی دائیرە پاشان گواسترامەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەموالی موجمەدە هەمان کارم دەکرد بەڵام زۆر شانازیم بەخۆمەوە دەکرد لەبەر ئەوەی دوورخراوەکەم بۆ جنووب لەبەر هۆکاری کوردایەتیم و بەشداری کرندم لە شۆڕشی ئەیلولی مەزن پاش گوێبیستی دووبارەی شۆڕش هەموومان پێمان زۆر خۆشە وەکو فریزێک ووشک ببێتەوە لە بێ ئاوی و ئێستا بەو شۆڕشەی ژیابنەوە و جێگامان لەناو عەرەب زیاتر چەسپا و ئەهمیەتێکی زیاترمانیان پێدا و ئێمەش ورەمان زۆر بەرز بۆوە و وادیارە میللەتی کورد بەو شێوەیە ئیسپاتی وجوودی خۆی دەکات و بەپێی چەکی دەستی و توحید هەموو میلەتەکە و یەکگرتنی خۆمان گەورەترین سەرکەوتنە ئەوەش دەمانگەیەنێتە رێزی میلەتانی سەرکەوتوو.

## دوورخراوەکان لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول / ١٩٧٥

ئ لە دوورخراوەکان بۆ خواروو، رۆژئاوای عیراق بەهۆی بەشداربوونیان لە شۆڕشی ئەیلول

١- ناوی سێ ناوی و نازناو: جبار محمود عبدالله علوف

٢- شوێن و ساڵی لەدایک بوون: هەولێر ١٩٤٦

٣- شوێن و مێژووی دوورخستنەوەکەی: مركز ديوانية، قائمقامية ديوانية مركز [illegible]

٤- پلەی لە شۆڕشی ئەیلول و مێژووی پەیوەندی کردن بە شۆڕش: [illegible] مدير ناحيه [illegible]

٥- کاری پێش پەیوەندی کردن بە شۆڕش: مدير ناحيەی [illegible] ١٩٧٤/٢/٦

٦- فەرمانی ئیداری دوورخستنەوەکەی، ناونیشانی کار و شوێنەکەی: امر اداري [illegible] ١٩٧٥/٥/٥ [illegible] امر وزاري [illegible] ١٩٧٥/٤/[illegible] وزارة الداخلية [illegible]

٧- مێژووی گەڕانەوەی بۆ کوردستان، کاری دوای گەڕانەوەی: امر اداري [illegible] امر وزاري [illegible] داخلية [illegible] هەولێر [illegible]

٨- دیکۆمێنت و بەڵگەنامەی نووسین و وێنە لە بارەی دوورخراوەیی ( پێویستە هاوپێچ بکرێت )

٩- کورتەیەکی پوخت باشترە بە چاپکراوی بێت لەسەر ژیانی دوورخراوە و هەڵسوکەوتی ئەو ناوچەی کە لێی نیشتەجێ بووە ( پێویستە هاوپێچ بکرێت )

١٠- سەڵت ◯ خێزاندار ⊘

١١- تەنها سەرۆکی خێزان فۆرمەکە پڕدەکاتەوە لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی خێزان بنووسرێ ٤

١٢- وێنەی کاسێتی دوورخراو

بۆ پەیوەندی کردن/ تاریق جامباز ٠٧٧٠-٤٤٦٦٨٣١ / نعمت عبدالله ٠٧٧٠-٤٤٩٦٢١٦

ناونیشان : یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان / وەزیران کۆڵانی ٢٠

ئیمەیل: kpu_kurdistan@yahoo.com

بسم الله الرحمن الرحيم

الأمانة العامة للأموال المجمدة

الإدارة

العدد / ٥٨/٥

التاريخ ٢٢/٢/١٩٧٨

- أمر إداري -

بناءً على ما جاء بكتاب وزارة الداخلية المرقم ٣٨٧١ في ٢٩/٣/١٩٧٨.

تقرر نقل خدمات السيد صالح محمود عبد الله صالح الملاحظ في الأمانة العامة للأموال المجمدة الذي كان يعمل رئيساً لملاحظية الأموال المجمدة في محافظة القادسية براتب (٩٠/ـ) ديناراً شهرياً إلى محل ولادته في محافظة أربيل أو إحدى مؤسسات الحكم الذاتي في المحافظة المذكورة اعتباراً من تاريخ انفكاكه من الوظيفة.

عبد الوهاب [illegible]

الأمين العام

نسخة منه إلى /

وزارة الداخلية – إشارة إلى كتابها المذكور أعلاه مع التقدير.

الأمانة العامة لإدارة الشؤون الداخلية لمنطقة الحكم الذاتي.

محافظة القادسية

محافظة أربيل

رئاسة ملاحظية الأموال المجمدة / القادسية / لتنفيذه بتاريخ انفكاكه.

الحسابات

الإدارة

الإضبارة الشخصية

[illegible]

بسم الله الرحمن الرحيم

وزارة الداخلية
الادارة العامـــــة
الامور الذاتيـــة

العدد
التاريخ

أمـــــر وزاري ( ٢٢٠ )

بناء * على ما جاء بكتاب رئيس مجلس قيادة الثورة اللجنة العليا لشؤون الشمال المرقـــــم [illegible] المؤرخ في [illegible] تقرر نقل الموظفين المدرجة اسماؤهم وظائفهم والمنتسبين الى الاكراد [illegible]

١) [illegible] الى محل وظيفته في محافظة [illegible]

٢) [illegible] الى وظيفة نائب مدير [illegible]

٣) [illegible]

٤) [illegible]

٥) [illegible]

٦) [illegible]

٧) [illegible]

٨) [illegible]

٩) [illegible]

١٠) [illegible]

في محافظة الانبـــار

وزير الداخليــة

[illegible]

٤٩٨ / ٥٥٠٠ في ٥/٥/١٩٧٠

الحاقا بامرنا الاداريين ٤٩٩ و٣٢٢ في ١٠/٥/١٩٧٠

باشر السيد صالح حمو عبدالله كاتب بمديرية المطابع الدراسية وظيفته بتاريخ ١٧/٥/١٩٧٠ بعد الظهر

م/ محافظ ...

نسخة منه الى /

وزارة التربية / الادارة العامة / الذاتية مع التقدير

وزارة المالية

الجهاز المركزي للاحصاء

مجلس الخدمة العامة

مديرية المطبوعات العامة

المطابع الدراسية / كتابكم ١٢٨٢ في ١٢/٥/١٩٧٠

مديرية ... المحاسبة

الادارة العامة والذاتية

[illegible]



بسم الله الرحمن الرحيم

الادارة العامة

[illegible] / ٦ / ١٩٨٦

امر وزاري ([illegible])

[illegible]

[illegible]

[illegible]

الى / [illegible]

وزارة المالية ـ [illegible]

وزارة التخطيط ـ الجهاز المركزي للاحصاء

[illegible]

محافظة [illegible] / [illegible] / [illegible]

مديرية الامن العامة

[illegible]

صلاح [illegible]

الشعبة الادارية

العدد / ١٢ / ٨٤٥٦

التاريخ / ١٢ / ١٩٧٤

(( أمـــــــــــــر اداري ))

إلحاقاً بأمرنا الاداري / ١٠٧١٠ و ١٦٧٤٢ في ١٩٧٤/٩/٤

يعتبر مديرو النواحي المدرجة أسماؤهم ومقرات وظائفهم أدناه مستقيلين من الخدمة اعتباراً من ١٩٧٤/١٠/٥ [illegible] تاريخ [illegible] .

[illegible] من تاريخ [illegible] كل واحد منهم [illegible] الاداريين [illegible] التاريخ المذكور [illegible] .

[illegible]

| الاسم | عنوان الوظيفة |
| --- | --- |
| [illegible] حسن علي [illegible] | مدير ناحية [illegible] |
| [illegible] معروف كريم [illegible] | مدير ناحية [illegible] |
| [illegible] عبد الكريم [illegible] | مدير ناحية [illegible] |
| [illegible] عبد الرحمن [illegible] | مدير ناحية [illegible] |
| [illegible] حسن [illegible] | مدير ناحية [illegible] |
| [illegible] | مدير ناحية [illegible] |
| [illegible] صلاح [illegible] | مدير ناحية [illegible] |
| [illegible] حسين عبد الله [illegible] | مدير ناحية [illegible] |
| [illegible] عدنان محمد صالح الدين [illegible] | مدير ناحية [illegible] |
| [illegible] صلاح محمود عبد الله [illegible] | مدير ناحية [illegible] |
| [illegible] | مدير ناحية [illegible] — المنقول الى مدير ناحية [illegible] |

نسخة منه الى /

وزارة الداخلية — الادارة العامة / [illegible] / ١١

وزارة المالية — مديرية [illegible] العامة — [illegible]

مجلس الخدمة العامة / ١١

[illegible] المركز

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

مديرية [illegible]

[illegible] / ١١

[illegible] / ٢٠

# عارف روشدی

لە شۆڕشی ئەیلول پێشمەرگە بووم لە لقی ٣ی تەندروستی بارەگاکەمان لە گوندی (خانەقا) بوو، دوای نسکۆی شۆڕش لە بەرواری (١٩٧٥/٤/٢)، بەرە و ئێران چوم، بۆ ماوەی (شەش مانگ) لە ئۆردوگای (بەهرام) نیشتەجێبووم، ئۆردوگاکە یەکەمجار نزیک شاری (ئێندیمەشک) بوو، بەڵام کاتێک گەرما داهات گوازرایەوە بۆ سنووری پارێزگای (خورەم ئاباد) لە دەشتاییەک بوو سەر بە ناحیەی (پول هرۆ) بوو، من وەک کارمەندی تەندروستی لە نەخۆشخانەی ئۆردوگا کارم دەکرد، لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی ناجوری بەرپرسە ئێرانییەکان زۆر بێزاربووین، دووجار مانمانگرتوو جارێکیش خۆپیشاندانمان رێکخست، ئێرانییەکان زۆر تەنگەتاوبوون، لە نەخۆشخانە دەرمانسازێکی (لور)مان لەگەڵدا بوو زۆر دۆستبووین، پێی وتم: ئێوە دێوانەن؟ وتم بۆ؟ وتی مانگرتن و خۆپیشاندان لێرە ناخوات، مەڵێن ئێمە پەناهەندەین، شا ئەوە نازانێ، بەخودا ئەتانخاتە نێو گونییە و لە هیلوکوپتەر فرێتان دەدەنە نێو دەریا؟؟.

لە ئەنجامی ئەو خۆپیشاندانە کە لە چەند ئۆردوگایەکدا ئەنجامدرابوو (١٢) کەس دەستگیرکران و ڕادەستی حکومەتی عێراق کران، من و دوو برادەری دیکەش (رضوان عمر و ئەحمەد محەمەد) بەر گرتن دەکەوتین بەڵام توانیمان خۆمان دەرباز بکەین و چوینە نێو شاری (خرەم ئاباد) تا هەولەکە دامرکایەوە.

دوای چەند ڕۆژێک ئاگادارکراینەوە ئۆردوگا نامێنێ و هەر چەند خێزانێک دەبرێنە شارێک و ئیتر دەبێ خۆتان مشوری ژیانتان بخۆن، بۆ ئەو پێشهاتانە چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد، گەیشتینە ئەو باوەڕەوە (باشتر وایە بەرە و

عیراق بچین ئەگەر بشمان کوژن)، ئەوەبوو لە بەرواری ۱۹۷٥/۱۰/۱۱ نزیکەی (۱٥۰) خێزان وەک بەشی یەکەم بەرە و سنووری (مونزرییە) گوازرراینەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو (لێبوردن کۆتایی هاتبوو)، شەوێکی لە دیوی ئێران ماینەوە، سێجەم خواردن بریتی بوو لە (نان، هێلکەی کوڵاو خورماو ئاو) ئێوارەی ڕۆژی دواتر گوازراینەوە بۆ دیوی عێراق و یەکسەر لە سەیارەی بارهەڵگری سەر بە کۆماپانیای (النقل البری) بە بێ راوەستان بەرە و خوارووی عێراق براین، لە بەرەبەیانی ۱۹۷٥/۱۰/۱۲، خۆمان لە دەشتاییەکدا بینییەوە، دیارە پێش ئێمە کۆمەڵێک پۆلیسی گەڕاوەی کورد لەوێ نیشتەجێکرابوون، لێمان پرسین ئێرە کوێیە؟ وتیان نێوان (دیوانییە و ناحیەی دەغارە)یە، دوای (۲) ڕۆژ چەندین بەرپرسی حزبی و حکومی و کۆمەڵێک سەیارەی جۆراوجۆریان پێ بوو هاتن و هەر چەند خێزانێک بەرە و گوندێک دابەشکراین، ئێمە (۱۲) خێزان بووین بەرە و گوندی (فاضلیة) براین، بەڕێوەبەری ناحیەی سومەر بە ئێمەی وت: دەتانبەینە ئەو گوندە و خانوو بۆ ئێوە دروستکراون؟؟ کە گەیشتین خانووەکان بریتی بوون لە قوڕ و بەرد و حەسیر بێ دەرگا و پەنجەرە، نە ئاو و نە کارەبا؟؟، بەڵام هەر کە گەیشتین خەڵکی گوندەکە جوامێرانە هاتنە دەست و ئەوەی پێیان کرا لە دابینکردنی خواردن و ئاو و کارەبا دریخییان نەکرد، زۆر هەڵس و کەوتیان جوان بوو لەگەڵ ئێمەدا، مانگانە هەر کەسەک (٥ دینار و ۳٥۰ فلس) پێدەدرا ئەگەر پێویستییەکمان هەبوایە لە بازاڕی ناحیە بە یاوەری پۆلیس هەفتانە دەچوینە بازاڕ و بۆ ماوەی (۳). دوای دوو مانگ فەرمانی گەڕانەوەی فەرمانبەران دەرچوو بۆ سەر کارەکانیان، من و خێزانەکەم بەرە و دیوانییە ڕۆیشتین، لە نەخۆشخانەی گشتی دامەزرام، زیاتر لە ساڵێک نەیانهێشت سەفەری کوردستان بکەین، دواتر بە رەزامەندی (دائیرە، پارێزگا، ئەمن و بە کەفالەت) ئینجا ڕێگایان دەدا بۆ ماوەی (۱۰) ڕۆژ سەردانی کەس و کارمان بکەین لە کوردستان.

من بۆ ماوەی (۷) ساڵ لە دورخراویدا مامەوە (۱۹۷٥- ۱۹۸۲)، ئینجا بە ڕێگای جێگۆڕکێ لەگەڵ فەرمانبەرێکی خەڵکی (حلە) کە مامی دەستەڵاتدار بوو ڕێگایاندا بگوازرێمەوە بۆ کوردستان، ساڵانە داوای گواستنەوەم دەکرد قایلنەدەبوون وەڵامەکەیان ئەمەبوو (الجهات الأمنیة لا توافق علی نقلە)، بەو شێوەیە گوازرامەوە بۆ هەولێر و لە هەولێرەوە بۆ بنکەی تەندروستی قوشتەپە تا ساڵی (۱۹۸٤) و دواتریش بۆ دهۆک.

# عەزیز حەمە عەلی سلێمان ئاوماری

لە ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی ئاوماری سەر بە ناحیەی سێگردکان لەدایک بووە. کەسێکی نیشتمانپەروەر و خۆشەویستی ناو خەڵک بوو. ژیانی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەڕێوەبەچووە.

لەساڵی ١٩٧٠ دەبێتە پێشمەرگە لە دەشتی هەولێر پاشان دەکرێ بە پۆلیس لەلایەن شۆڕشەوە. دوای پەیوەندی دەکات بەهێزی سەفین رەسول فەقێ و بەتالیۆنی مەلا غەریب. پاش نسکۆی شۆڕش نەفی دەکرێت بۆ (دیوانیە) لەوێ دەکرێ بە پۆلیس و دەوامی لە دادگا دەبێت.

لە دادگای دیوانیە حاکم ئەمیر حەوێز و حاکم بایز کە خەڵکی هەولێر بوو لەو دادگایە. دەوامیان دەکرد، لە ساڵی ١٩٧٥ تاکو ١٩٧٨ لە دیوانیە بەردەوام بوو.

# عەبدوڵڵا ئاگرین



پاش نسکۆی ئەیلول لە (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە سلێمانی دواتر ڕەوانەی نوگرە سەلمانیان کراوە و ئەو کەسانەی کە لەگەڵی بوونە: (فایەقەڕەش و عەلی هەژار و شێرکۆ بێ کەس و چەندانی تر...) دیارە بە خۆشی ئەو کاتە مامۆستای پیشەسازی بووە، لە ساڵی ١٩٧٩ پاش پێنج ساڵ پێیان گوتووە ئەگەر بمێننەوە زەوی و خانووتان دەدەینێ، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو بمێنێتەوە و هیچی وەرنەگرتووە و گەڕاوەتەوە سلێمانی و هەر خەریکی مامۆستایی پیشەسازی بووە.

# عەبدوڵڵا ئیسماعیل محەمەد

لەدایکبووی (١٩٣١) ی هەولێر- پیرداود و ساڵی (١٩٦٠) قوتابخانەی گوندی عدلە لە شاری موسڵ دامەزراوە، لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دەکات لە شاری هەولێر.

لە (١٩٧٤) پەیوەندی بە شۆڕش دەکات و لە پاش نسکۆی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە هەولێر و دەچێتە سەر پیشەی مامۆستای، لە ڕێکەوتی (١٩٧٦/٦/٢٢) نفی دەکرێت بۆ پارێزگای قادسیە (دیوانیە) بە نووسراوی ئەنجومەنی قیادەی الثورە- اللجنة العلیا للشؤون الشمال- بە نووسراویان ژمارە (١٨١٤/١٠) لە ڕێکەوتی (١٩٧٦/٦/٣)وە لە ڕێکەوتی (١٩٧٩/٢/١) دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگای هەولێر و لە قوتابخانەی (١١) یازدەی ئازار دەست بەکار دەبێت لە گەڕەکی مەنتکاوە تاکو ڕۆژی وەفاتکردنی لە ڕۆژی (١٩٨٢/٢/١٠) بەکارەساتی ئۆتۆمۆبیل.

ئەم کەسانەی لە پارێزگای قادسیە لەگەڵبوون:

(م. محەمەد عەلی مستەفا ڕواندزی، م. عەبدولواحید عەبدولقەهار کۆیی).

## عەبدولئیلا محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا (ملازم شوان)

لەساڵی (١٩٧٣) لە کۆلیژی سەربازی لە بەغدا دەرچووە.

لە دوای نسکۆی (١٩٧٥) ئێمەیان برد بۆ ئۆردوگای (سەراب- مبلوفەر) نزیک کرماشان بووە لەسەر ئاوێ بوو دەریاچەیەکی بچووک بوو، ئەو ئۆردوگایە تەنها بۆ ئەوانە بوو کە زگورتی بوون (سەلت بوون). دەوری سێ هەزار، چوار هەزار کەس دەبوون، سێ بۆ چوار مانگ لەو ئۆردوگایە ماینەوە گوتیان دابەشتان ئەکەین، پاشان سەیارەیان هێنا دابەشمانیان کرد من و کۆمەڵێک کەوتینە پارێزگای گەیلان، زۆرترین تەبعەن ئەوانەی کە عائلە بوون بردیان بۆ ناحیە و قەزاکان، ئێمە دەوری نۆ کەس بووین لە مەرکەزی شارەکە ماینەوە، هەر یەکی لە موسافیر خانێک دایاننناین. دوو سێ مانگ ماینەوە. وەفدێکی عیراقی هات. ناوی دەنووسی یەکێک ئەگەر بگەڕێتەوە. من ناوی خۆم نووسی، زیلی عەسکەری هات سواری زیل بووین ئیتر بە زیل هاتین گەیشتنیە نزیک بەغدا. بە قەتعەکان دەمانزانی بۆ کوێ دەچین، دیاربوو خەڵکێکی زۆر ئەولاو ئەولای جادەکەیان گرتبوو. بەرد بارانێکی باشمانیان کرد، ئیتر ئەو وەجبەی ئێمەیان هێنا کەربەلا، لە کەربەلاش ٦ بۆ ٧ هەزار کەس دەبووین ئەو وەجبە کە هاتین بۆ کەربەلا ئەوانەی عائیلەیان هەبوو دابەشیبان کرد بەسەر دێهاتەکانی کەربەلا، ئێمە دەوری ٩ کەس بووین عائیلەمان نەبوو. لە مەرکەزی ناحیەکە دایاننناین، ناحیەکە پێیان دەگوت (عەتشیە) ئێستا ناویان ناوە (حۆسێنیە) لەو شێونە هەریەکە و شوێنێکیان بۆمان کردبۆوە، ئەوانەی بۆ ئاژەل دروست کرابوو، لەم جۆرە بوو، هەریەکی لەناو کوخێک، (٩) کەس

بووین، بە پوش دروستیان کردبوو، گازینویەکی تازەی لێ بوو گازینۆیەکە دیاربوو حکومەت دروستی کردبوو، کە شوێنێکی سیاحیە، لەوێ کێ گازینۆ بەکرێ دەگرێت کێ دێت بۆ ئەوەی مراجعاتی زۆرمان کرد گوتیان ئێمە بهێنە ناو ئەو گازینۆیە چۆڵە و دادەنیشین. بینایەکی تازە بوو، هەموو بە شێوەی تازە کرابوو، کاشی بوو مرافق و حمام هەبوو، زۆر لە شوێنی خەڵک باشتر بوو، ئیتر ئەو هەشت نۆ کەسە بووین خواردنمان بەیەکەوە دورست دەکرد، لە یەک شوێن بەیەکەوە نانمان دەخوارد خۆی وا دانرابوو هەموو رۆژێ بچین لە مەرکەز دووجار سێ جار ئیمزا بکەین بۆ ئەوەی ئێمە لەژێر کۆنترۆلی ئەوان بین، ئەوان دەیان زانی ئێمە لەبەرچاویان بووین، ئیتر ئیمزاکەیان پێمان نەدەکرد دەیانزانی وا لەبەرچاویان بۆ کوێ بچین دیارین، دوای پێنج شەش مانگ قەرارێکی مەجلیس سەورە، هات گوتی ئەوانەی موەزەفن و ئەوانەی عەسکەرین دادەمەزرێن، من لە پارێزگای کەربەلا لە بەشی خۆیەتی دامەزرام، کە لە خۆیەتی دامەزرام لە ژوورێک بووم تەبعەن هیچ ئیشێک نەبوو، دوو سێ یەکی تێدابوو هەمووی بەعسی بوون.

هەموو بەیانیان کە دەچووم ئیتر دەکەوتنە پرسیار و هەموو پرسیارەکانیش سیاسی بوون، ئەو فەترەیە پارێزگایەکمان هەبوو ئەندامی شوعبە بوو سەڵت بووم هەموو جارێک ئەینارد بچمە لای و قاوە ئەهات قاوەیەکم ئەخوارد، ئەی گوت ئوستاز وامەزانە تۆ غەریبی لێرە کەس ناناسی و ئەوکات گەنج بووم و سەلت بووم، دەیگوت یەک لەم کەرەبلایە کامە جوانە هەلی بژێرە، تۆ بەس عینوانەکم بدێ خۆم داخوازی دەکەم و خۆم خانوت دەدەمێ و مەسروفت دەکەم هیچ مەترسە چوار جار ئەوها بانگی کردم و ئەو تەکلیفەی لێ دەکردم، منیش هەموو جار پێ دەکەینم، دمگوت بزانین چۆن دەبێت، دەوری ساڵێک ساڵو نیوێک لە کەربەلا بووم پاشان منیان نەقل کرد بۆ نەجەف، لە کەربەلاوە هاتوچۆم دەکرد بۆ نەجەف سێ چوار کورد بووین شوقەیەکمان گرتبوو بە یەکەوە بووین من و کریم و ئاکرەیی و صدیق دهۆکی لەگەڵ کەریم خەڵکی سلێمانی بوو.

من هەر هاتووچۆم دەکرد پاشان لە خۆیەتی سەیرم کرد لیژنەیەک هاتن پرسیاریەکی زۆریان کرد دەوری ١٠٠ پرسیار پرسیاری هەموو خێزانەکەمیان دوور و نزیک کرد، دەوری ١٠ رۆژی پێ چوو لیژنەیەکی تر هاتەوە هەر هەمان

پرسیاری پێشووی کردەوە، بۆ ئەوەی بزانن ئەم جوابانە یەک ئەگرێتەوە و جیاوازی چییە، یەکێک لە پرسیارەکان ئەمە بوو دەیگوت بۆ هاتوچۆ دەکەی لە کەربەلاوە بۆ نەجەف دەیگوت بۆ نایێ بۆ ئێرە دابنیشی بۆ هاتوچۆ ئەکەی منیش جوابەکەم ئەوەبوو ئەم وت لە نەجەف جێگام نییە تێدا بمێنمەوە خانووم نییە کە جاری دووەم هاتن هەفتەیەکی بێ نەچوو خانوەکیان دامێ، خانوێکی رێک بوو، نەچووم دەوری شەش بۆ حەوت رۆژی پێچوو، سەیرم کرد ئەوەی خۆیەتی گوتی ها ئەبو فەلاح ماڵت نقل کرد، هەشت نۆیەک دانیشتبون هەموو بەعسی تۆخ بوون، لە دڵی خۆمەوە گوتم با هەندێ خەفەتیان بدەمێ گوتم واللە نقل ناکەم، گوتی بۆ گوتم ماڵێکی گەورەی بێ ژن ناتوانم واللە دەستیان کرد بە پێکەنین، بەهەرحاڵ هەر نەچوومە خانوەکەوە گوتم ماڵی گەورە بێ ژن، هەر هاتوچۆم دەکرد، لەو ماوە نقلیان کردم بۆ (خان النص) ئەو شوێنە لەبەینی کەربەلا و نەجەف، کارگەیەکی کەرپوچی لێ بوو من لەوێ بووم، هەر دەچووم ژوورێکی لێ بوو لەگەڵ مێز و کورسی ئیتر هیچ ئیشێکم نەبوو، سەیرم کرد رۆژێ یەکێک هات لە پارێزگای نەجەف مهندسێک بوو لە تازە بەعسیەکان بوو، زۆر کەسێکی سەخیف بوو سەیرێکی سجلەکەی کرد گوتی، ئەم سجلە رێکوپێک نییە، مینش وەرەقە و سجلەکەم بە دەموچاودادا، بۆ بەیانی چوم سەعات هەشت و نیو بوو سەیرم کرد پارێزگار لەوێ وەستاوە بەسەیارەکەیەوە کە لە جادەکە دەرۆیشتم بە باشی پێی گوتم دەبێ فەرمانبەر دەوام بکات سەعات هەشت و نیو، منیش سەیرێکم کرد، ئەمرێکی دەرکرد لە پارێزگار عقوباتی تەوبیخی گەورەترین عقوبەیە بۆ فەرمانبەر دوای ئەوە فەسڵە، لە پارێزگاکە گوتیان پارێزگار عقوبەی تەوبیخی بۆت نوسویوە ئەوە خۆیەتی ملاحەزەی خۆی نووسی بوو هێشتا ئەمری موافەقەی دامەزراندکەمان مەجلس قیادە سەروە نووسی چونکە ئەمە بە رەسمی دانەمەزراوە هێشتا ئەمری مەجلیس قیادە سەورەی بۆ نەهاتووە هیچ عقوباتێک شمولی ناکات، بەهەرحاڵ لەوەش لێ بوینەوە دوای ئەمە کەسێک هات گوتیان ئەوەی لە شمالەوە هاتوون دەتوانن عەریزە پێشکەش بکەی و برۆیتەوە بۆ شیمال، عەریزەیەکم نووسی بۆ ئەوەی نەقلم بکەن بۆ سلێمانی پاش مانگێک رەفزم بۆ هاتەوە گوتیان نەقل ناکرێی بۆ سلێمانی ئەم جارە عەریزەیەکم نوسی بۆ هەولێر، کە چوومە هەولێر چووم لە ژوورێک دانشتم وابزانم ژووری تێبینەر بوو

موەزەفێکی لێ بوو کورد بوو، گوتی ئەم مێزەی تۆ لەسەری دانیشتوو ئەوە تۆ ۷ کەس لە ئیرادەی خوا هەر موزەفەێک دێتە ئێرە مانگێک دەوام ناکات منیش ترسام بەعسی بێ، منیش گوتم نانا ئەم قاعیدەیە لەمن تێک دەچێ من بۆ هاتیە لێرەم هەتا تا دوای ئەم قسەیە ٦ بۆ ۷ رۆژی پێ نەچوو، بە تەمای راکردن بووم هاتمە سلێمانی، ملازم مەنسور و ملازم کەریم و ملازم شوقی رەحمەتی لە سلێمانیەوە سواری سیارەیەک بووین ملازم شەوقی خۆی لێی ئەخوری، لە سەیتەرەیەکی سیتەک ئەچیتە خوارەوە چونکە چوار گەنج بووین هەموومان ئەو سەیتەری سیتەک لە شارباژێر حەرەکات و پێشمەرگەی تێدابوو، بیرەمان کڕی و لە صندوقی سەیارەکەمان دانا بۆ ئەوەی ئەگەر لە سەیتەرە گوتیان بۆ کوێ دەچن دەڵێین دەچین دەخۆینەوە، عەسکەرێک هات و صندوقەکەی هەڵداوە بیرەی بینی، بیرەیەکی دەرهێناو گوتی، بیرەیەکی بەرم بۆ خۆم، ئێمەش لە خوامان دەویست نەجاتمان بێت و بەم شێوەیە دەرباز بووین. لەوێ مەفرەزەیەک چاوەڕێمان بوون، ئەوە لەمانگ ۷ساڵی ۱۹۷۹ بوو. بووین بە پێشمەرگە. واتە دووای نزیکەی چوار ساڵ لە کەربەلا و نەجەف کە نەقلی هەولێر بووم شەو لەماڵی کاک نیعمەت عەبدوڵلا مامەوە کە ئەویش لە کەربەلا بوو.

**ئەوانەی لەگەڵ من لە کەربەلا بوون:**

(تۆفیق مەلا کەریم، شێرزاد جبرائیل، نیعمەت عەبدوڵلا، دلێر ئەحمەد مەجید شاسوار، نزار رەحمە اللە، نەژاد عەزیز سورمێ، مارف ژاژلەیی، د. سەعدی غەریب).

١- عبداللە محمدامین عبداللە (ملازم شوان)

٢-لەگوندی مام رەش / ناحیەی شوان (١٩٥٠)

٣- لە ١٩٧٤ سەر لق بووە لە بەتالیۆنی چواری زۆراک

٤- لە ١٩٦٧ ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

٥- دەرچووی کۆلێژی سەربازی

٦-لەمانگی (١٠) ١٩٧٥ گەڕامەوە بۆ عێراق بۆ شاری کەربەلا بۆ شاری نەجەف

# عەبدولرەحمان گۆمەشینی

لە رەزائیە[1] کۆبوونەوەیەک لەماڵی خوالێخۆشبوو شێخ عەزیز شەمزینی کرا، من و شەهید عەلی هەژار و خوالێخۆشبوو مەلا عومەر چل هەوێزە و سەلیم ئاغۆک بەشداری ئەم کۆبوونەوەمان کرد و هەروەها مامۆستا مەلا ناسیح و شەهید عەلی عەسکەری و د. خالید و ڕەسوڵ مامەند و ملازم تایەر و خالید سەعید و سەید مەجید لەگەل مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر مستەفا و شێخ عەزیز شەمزینی کە لە بەرواری (١٩٧٥/٤/٢٢) لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا ئێمە بەرە و عێراق بگەڕێنەوە جگە لە هەندێک لەو هەڤاڵانە کە بتوانن پەیوەندی بە لێپرسراو و کادیرانی شۆڕشی ئەیلولەوە بکەن بۆ هاندانیان کە شۆڕش بکەنەوە و بەبێ جیاوازی لە سەرکردەی پارتیەوە هەتاوەکو کادیر و هەڤاڵان لە هەر پلەیەکدابن و ئەوانەشی کە ئەگەڕێنەوە بۆ عێراق دانران پەیوەندی بە هەڤاڵان ساڵح یوسفی و عەزیز عەقراوی بکرێت و چەند هەڤاڵێکی تریش کە پێویست بەناو هێنانیان ناکرێت، ئەوەی ڕاستی بێت لەسەر بڕیاری کۆبوونەوەکەی ڕەزائیە لە (١٩٧٥/٤/٢٦) برادەرانی هەولێر لەڕێگەی حاجی ئۆمەرانەوە بگەڕێنەوە و جەماعەتی ڕانیە و قەلادزێ لەڕێگەی سەردەشتەوە بگەڕێنەوە و جەماعەتێکیش لەڕێگەی قەسری شیرین بگەڕێنەوە. ئەمە وەک خۆی جێبەجێکرا، بەڵام هەموو لایەکمان دڵتەنگی و شێواوی لەسەر ڕوومان دیاربوو لە گەڕانەوەدا لە (١٩٧٥/٤/٢٦) ئێمە گەیشتینەوە هەولێر و هەندێک تەحقیق و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردین و پێیان ڕاگەیاندین کە هەر کەسێک بچێتەوە سەر کاری خۆی، ئێمەیان ناردەوە بۆ بەغدا، من و شەعید

عەلی هەژار و کاک عەزیز شوان لەگەڵ چەند برادەرێکی تر پاشان ئێمەیان هەریەک بەلایەکدا و هەریەک بۆ شوێنێک گواستەوە، من بۆ دیوانیە لەدیوانی پارێزگا دانرابووم لەهات و ڕۆیشتوو (صادرە واردە) و شەهید عەلی هەژار و برادەرانی تر لە سەماوە دانران، من لەگەڵ مامۆستا محسن قۆجە ژوورێکمان گرت لە یانەی فەرمانبەران و بەرنامەمان ئەوەبوو ئێواران ئەچوینە گازینۆی عائیدون، بەڵام لەژێر چاودێری ڕژێم دابووین پاش ماوەیەک لە ئەمنی دیوانیە بانگ کراین و بەڕێوەبەری ئەمن پێی وتم: هەندێک ئامۆژگاریت ئەکەم بۆ ئەوەی نەچیتە چایخانەی عائیدون چونکە ئەوە باش نییە بۆ تۆ لەم لا قسەیەک و لەولا قسەیەک، لە ئەنجامدا تووشی کێشەیەک ئەبیت، منیش لەوەڵامدا وتم ئەو تێکەڵاوبوونەمان لەگەڵ خەڵک هیچی تیا نیە چونکە پێشتر یەکتر ئەناسین و ناچارین ئەوەی سڵاومان لێبکات ئێمەش ئەبێ وەڵامیان بدەینەوە چونکە داب و نەریتی ئاین و نیشتمان ڕێگەمان نادات وەڵامی خەڵک و ناسیاو نەدەینەوە، کە گەڕامەوە گفتوگۆ و قسەکانم بۆ مامۆستا محسن گێڕایەوەو وتی: لەمەودوا ئەچینە سینەما و تاوەکو ئێوارە کاتەکان لە سینەماکاندا دەبەینە سەر ئەو بەرنامەیان جێبەجێکرد، بەڵام پاشان بە بڕیارێک لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قیادة الثورة) دەرچوو بۆ گواستنەوەمان بۆ پارێزگای بەسرە، منیش چووم بۆ بەسرە و تەنسیب کرام لە بەشی ژمێریای ڕۆشنبیری جەماوەری، لەوێ پێیان ڕاگەیاندم بۆ ئەوەیماڵەوەمان بێتە بەسرە، لەو بارەیەوە وتیان خانوتان ئەدەینێ چونکە ئیتر ئەبێ ئێوە لێرە بمێننەوە و جارێکی تریش بۆ کوردستان ناگەڕێنەوە یان ناگوازرێنەوە. منیش نەچومە خانوەکانی ئیدارە محلی و خانویەکم لەسەر حسابی خۆم گرت چونکە ئەوکاتە خانوو زۆر هەرزان بوو، هەر بۆیە خانویەکی سەربەخۆمان گرت بە ٢٠ دینار و ماوەی سێ ساڵ ماینەوە.

بەڕاستی برا عەرەبەکانی بەسرە بەتایبەت خوارەوە بەشیوەیەکی گشتی بۆ کوردەکان باش بوون، حورمەتیان لێ ئەنان و ڕێزیان ئەگەرتین و خراپەیان لەگەڵدا نە ئەکردین، لەو کاتەدا کاک کەمال محی الدین سەرۆکی شارەوانیی قەزای قورنەبوو هاتوچۆمان هەبوو بەتایبەتی ڕۆژانی هەینی، ودوو برادەری دیکەش هەبوون بیرمان لە بارودۆخەکە ئەکردەوە ئەوانیش کاک فرسەت ئەحمەد

عەبدوڵڵا و کاک جەمیل خۆشناو بوون، ئێمە وەنەبێ وازمان لە برایەتی و خۆشەویستی یەکتر هێنابێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە هاتوچۆی یەکترمان ئەکرد، بەڵام بەشێوەیەکی عەقلانی بوو.

ئەگەر خۆم بە ئیش و کارێکی فەرمانگە بهاتمایەتە بەغدا سەردانی شەهید ساڵح یوسفی و چەند برادەرێکی دیکەم ئەکرد، وەجارێک سەردانی سەماوەمان کرد چاوم بە خزمەکانم کەوت کە ئەوانیش گواسترابوونەوە بۆ سەماوە وەک خواڵێخۆشبوو حسێن ڕەشوانی و سعدالله و مامۆستا محەمەد ئیسماعیل و چەند برادەرێکی تر کە بەداخەوە ئێستا ناوەکەیانم لەیاد چووە، هەروەها چومە ناسریە سەردانی چەند ماڵە خزم وبرادەرانی خۆم کرد کە ئەوانیش گواسترابوونەوە بۆ پارێزگای ناسریە، بەڵام بەداخەوە شوێن و جێگە و ڕێگەیان زۆر ناخۆش بوو، دێتەوە یادم فرمێسک لەچاوم ئەهاتە خوارەوە چونکە لەناو کووخدا ئەژیان، هەرچەندە بیستبووم کە ئەیانگێڕنەوە بۆ کوردستان.

کاتێ کە ئەو دۆست و برادەرانە منیان دی زۆر دڵخۆش بوون بەو دیدەنیە چونکە بۆ ماوەیەکی کورت فەرامۆشیەک دروست بوو، چونکە ئێمە نێردرابووین بۆ ئەوەی ئەو کوردانە ئەیانەوێ بگەڕێنەوە یاخود لە شوێنی ئێستایان بمێننەوە بە زوڵم نێردرابوون. وەخۆشم پێم ووتن بڵێین پێمان خۆشە بمانکوژن نەک نەمان گێڕنەوە بۆ شوێنی باب و باپیرانمان لەوانەی کە پێم وتن عبدالواحد گەرۆتە بوو، بۆ ئەوەی ئەوانیش بە خەڵکەکە بڵێن، چونکە خۆم لەگەڵ وەفدێکی ئیعلامی بووم وەکو وەرگێڕ (مترجم) چونکە بڕیارە کە وادەرچوو بوو کە یەکێک لە عائیدون بێت و کوردی و عەرەبی باش بزانێت و تەرجەمە بکات، بەڕێوەبەری فەرمانگەکان کە سەرۆکی ئەو وەفدەبوو منی دانا و خۆشم زۆرم پێخۆشبوو چونکە لەلایەکەوە برادەران ئەبینم لەلایەکی تریشەوە ئەتوانم دەوری چاکیش ببینم چونکە سەرۆکی وەفدەکە کوردی خۆشدەویست و لە برادەرانی شیعەی جنوب بوو، کە هاتینەوە بەسرە خوا هەڵناگرێ ڕاپۆرتێکی زۆر تێر و تەسەل و درێژی نووسی بۆ وەزارەتی ڕاگەیاندن (اعلام) لەبارەی بیرورای عائیدونەکان و گەڕانەوەیان و بیرورای خۆی تۆمارکرد لەو بارەیەوە کە ئەگەر خۆمان بمانویستایە هەر وامان ئەنووسی، ئیتر ئەوەبوو زۆربەی زۆرەی ئەو خەڵکە گەڕانەوە بۆ کوردستان کە ڕێکەوتی ساڵانی (١٩٧٧-١٩٧٨) بوو.

لەساڵی (١٩٧٩) وە ئەو کادیرە پێشکەوتووانەی کە لەخوارەوە (جنوب) مابونەوە، بە بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش گەڕانەوە بۆ کوردستان و هەندێکیش بۆ بەغدا و خۆم یەکێک بووم لەوانەی لە بەغدا مامەوە، ئەو کاتەی لە بەغدا بووم زۆر سەیربوو ڕۆژێک کاک شمسەدین موفتی بە تەلەفۆن پەیوەندی لەگەڵ کردم بۆ فەرمانگە _دائیرە)، بەدروشمی (وەی لەسەر حساران خدرۆکێ) ئەو کات زانیم کاک شمسەدینە بەڵام نەمزانی لە بەغدایە پاشان پێی وتم وەرە بۆ لام لە (فلان فندق) منیش نیوەڕۆ دوای دەوام چووم بۆ لای بەڕێزی ئینجا وتوویژمان کرد لەسەر وەزعی گشتی، ئەو بەڕێزە هەڵوێستی مەردانە و کوردانەی هەبوو بەقەت تۆسقاڵێک قسەی لەکەس قبوڵ نەدەکرد ئەگەر دژ بە بەرژەوەندی میللەتەکەمان بوایە، وە دۆستایەتی کەسی گومان لێ کراوەی نەدەکرد و ماڵەوەشیان وەکو بنکەیەکی کوردایەتی وابوو بۆ دڵسۆزانی میللەتەکەمان.

لەساڵی ١٩٨١دا نەقل بوینەوە بۆ هەولێر بۆ ئیدارەی گشتی پارێزگای هەولێر.

# عەولا خورشید تەها ( عەبدوللا خورشید )



ناو/ عەولا خورشید تەها ناسراو بە (عەبدوللا خورشید).

شوین وسالی لەدایکبوون / هەولێر-١٩٣١

شوێن ومێژووی دوورخستنەوەی: ١٩٧٥/ باشوری عیراق شاری دیوانیە ناحیەی مهناویە گوندی عکر.

پلەی لە شۆرشی ئەیلول/ سەرپەل بوو لە بەتالیۆنی ١ی زۆزک لە گەل نقیب حسن.

مێژووی پەیوەندی بە شۆرشەوە /١٩٦٣

کاری پێش پەیوەندی بە شۆرش / نائب زابت عسکری

فەرمانی ئیداری دوورخستنەوەی/ نیە

ناونیشانی کارو شوینەکەی/ مهناویە

ژمارەی ئەندامانی خیزان / حەوت کەس بوون.

مێژووی گەرانەوەی بۆ کوردستان/ ١٩٧٧

کاری دوای گەرانەوی لە کورسستان/ خانەنشین .

ئەوەش کارتي قوتابخانەی مندالەکانە لە باشوري عیراق.

شێروان عەوڵلا



الاسم
الصف والشعبة

# ذكرياتي في ديوانية مع محمد سعيد احمد اليعقوبي

# (١٩٤٤- ٢٠٠٤)

وصل الاخ سعيد (رحمة الله) الى الديوانية في (١٩٧٥/٥/١٥) برفقة زوجته السيد سەيران صالح بەگ ميران وعند وصوله كنت اداوم في قائمقامية قضاء الديوانية بعنوان (كاتب تحرير) سمعنا من الموظفين يقولون جابو قائمقام كوردى عائد وحال سماعي بالنباء نزلت الى الطابق الارضي من البناية المشغولة من قبل محافظة الديوانية حيث مديرية امن الديوانية الباب الثاني للمحافظة، وهناك شاهدون كاك سعيد يترجل من سيارة تابعة للأمن برفقة افراد من الأمن فقابلته فقال لي اخبر ابي في اربيل بوصولي الى الديوانية. حيث نقلوهم في جنوب ايران مباشرة الى الديوانية دون توقف بسيارات مكشوفة عائدة للنقل البري دون ماء او ابسط الشروط الصحية واسكنوهم في العراء على الرمال بين الحصران امام الشمس المحرقة، وبعد الدوام ذهبت الى دائرة البريد حيث اخبرت والد كاك سعيد بوصول ابنه مع زوجته، ولم اجد سعيدا بعد ذلك حيث نقلوهم الى مكان في العراق سرا وحسب قوائم التوزيع.

وبحكم تواجدي في الديوانية قبل حوالي الشهرين تعرفت على احد الموظفين في القلم السري في المحافظة حيث اعلمني بمكان نقل كاك سعيد في منطقة الشنافية- على حدود السعودية وبحسب عقلية البعث حيث اختاروا

الديوانيـة لأنهـا المحافظـة التـي لا حـدود لهـا مـع الخـارج ولكـن طوفـان العائديـن طغـى علـى عقولهـم فانتشـروا فـي كل محافظـات الوسـط والجنـوب. علاقتي بكاك سـعيد ترجـع الـى الابتدائيـة فـي مدرسـة المظفريـة، واثنـاء ممارسـة المحامـات كنـت معـه فـي خليـة حزبيـة (للبارتـي) وهـو كان مسـؤول الخليـة وانا كنـت نائبه ومعنـا كل مـن رمـزي معـروف و توفيـق عبدالكريـم و حسـين خوشـناو... هـذا كل مـا موجـود بيـن محامـي اربيـل قبـل (١٩٧٠) قبـل صـدور بيـان آذار، المهم سـنة (١٩٦٨) التحـق كاك سـعيد بالبيشـمەرگە واصبحـت انـا مسـؤول الخليـة الحزبيـة الـى سـنة [1] (١٩٧٠)، وعنـد القـاء القبـض علـى الاخ فـاروق جميـل والحكـم عليـه بالسـجن المؤبـد اتفقـت مـع اخوانـي علـى جمـع مبلـغ شـهري (كل حسـب قدرتـه) وارسـاله الـى بيـت كاك فـاروق بواسـطه المرحـوم (نظمـي) ان الـكل رفضـوا ذلك عـداى و رمـزي وتوفيـق وحسـين...

نرجـع الـى كاك سـعيد: بعـد ايـام مـن اعلام والد سـعيد رحمة اللـه (احمد اغا يعقوبـي) لقـد حضـر برفقـة زوجتـه وولـده الحاكـم (صـلاح اليعقوبـي) فاتصلـت فـورا باحـد المهندسـين العائديـن فـي ادارة محليـة الديوانيـة لعلـه يجـد مـكان نفي كاك سـعيد فاجـاب وعلـى العيـن سـاذهب بسـيارة الدائـرة وارشـدهم الـى مـكان كاك سـعيد فـي الشـنافية وكان مـع الوافديـن والـدة كاك سـعيد فكلفتهـم بوجـوب الاسـتراحة فـي بيتـي لأن والـدة سـعيد كانـت مريضـة واعلمهـم ان نجد سـعيد في اقـرب وقـت، وفعـلا ذهبـوا برفقـة المهنـدس (فائـق شـفيق و نوزاد طبيب الاسـنان حاليـا فـي اربيل.

لقـد ذهبـوا وبقـو ليلـة هنـاك ثـم رجعـوا صباحـا وهنـا اروي نكتـة حصلـت عنـد مواجهـة الاقـارب حيـث وجـدوا سـعيدا علـى تله قريبـة في الشـارع وهو لابس دشداشـة بيضـة توقفـوا عنـده وخاطبـوا سـعيدا سـعيد فلـم يرد عليهم سـعيد لأن اسـتغرب وجودهـم فـي الصحـراء دون علـم مسـبق وهنـا قـال والـدة سـيدة سـعيد وبعـد الحـاج جـاء سـعيد وقبـل يـد والـده ووالدتـه واخيـه صـلاح بعـد مـرور مـدة كاك سـعيدا يحضـر الـى الديوانيـة عـن طريـق النجـف ونبـق سـويه الـى المغـرب ثـم اودعـه، صـادف سـعيد احـد اصدقائـه مـن عـرب وشـيوخ منطقـة الشـنافية ايـام الكليـة اسـمه (ملحـان مكيـور) فعرفنـا مـع سـعيد فـي مطعـم المصايـف في

الديوانيـة واتفقنـا على ان نحاول نقل سـعيد من الشـنافية الـى الديوانية والحصـول علـى موافقـة محافـظ الديوانيـة بذلـك، وفعلا حصلـت الموافقة ونقل من الشـنافية الـى مركـز الديوانيـة لأنـه قانونـي لوجـود محكمـة فيها وكنت ابحث عن دار سـكن لـكاك سـعيد وفعـلا وجدتـه . واجرنـا البيـت وتـم تاثيثـه وسـكن فيها .

تـم نقـل معـاون محافـظ (قبـاد طاهر) الى ادارة محليـة الديوانية وهو صديق ايـام الكليـة وبعـد مـدة اعطانـي احـد دور الادارة المحليـة وقـد سـكنت فيهـا بعقـد ايجـار باعتبـاري موظـف المحافظـة وكنـا نلتقـي يوميـا تقريبـا مـع كاك سـعيد وعائلتـه وبعـد حوالـي سـنوات تـم نقلـي الـى اربيـل سـنة (١٩٧٩).

سەلاح علاف
٢٠٠٣/٥/٢٢

## عەبدوڵڵا ئیسماعیل عەزیز ( عەبدوڵڵا کانی بەردی )





# عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم ( شێخ عەبدولکەریم حاجی )

دوورخراوەكان لەدوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلول / ١٩٧٥

مەبەست لە دوورخراوەكان بۆ خواروو، رۆژئاوای عێراق بەهۆی بەشداربوونیان لە شۆڕشی ئەیلول .

١- ناوی سێ قۆڵی و نازناو: عبدالكريم كاكە حمە عبدالكريم (شيخ عبدالكريم حاجي)

٢- شوێن و ساڵی لەدایك بوون: ١٩٤٩ / چشمە تاڵ - سورداش - سليماني

٣- شوێن و مێژووی دوورخستنەوەكەی: ١٩٧٦ - ديوانية - ناحية السنية .

٤- پلەی لە شۆڕشی ئەیلول و مێژووی پەیوەندی كردن بە شۆڕش: [illegible]

٥- كاری پێش پەیوەندی كردن بە شۆڕش: [illegible]

٦- ئەدرەسی ئێستای دوورخستنەوەكەی، ناونیشانی كار و شوێنەكەی: [illegible]

٧- مێژووی گەڕانەوەی بۆ كوردستان، كاری دوای گەڕانەوەی: [illegible]

٨- دیكۆمێنت و بەڵگەنامەی نووسین و وێنە لە ماوەی دوورخراوەیی ( پێویستە هاوپێچ بكرێت )

٩- كورتەیەكی پوختە ئاماژە بە چاوگەكانی ئەو ژیانی دوورخراوە و هەڵسوكەوتی ئەو دۆستانەی كە لای نیشتەجێ بووە ( پێویستە هاوپێچ بكرێت )

١٠- سەڵت ○ خێزاندار ⊗ ٥ كەس

١١- تەنها سەرۆكی خێزان فۆرمەكە پڕدەكاتەوە لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی خێزان بنووسرێ

١٢- ڕێنمای گشتی دوورخراو

تێبینی

* بۆ پەیوەندی كردن: [illegible]
ناونیشان: [illegible]
ئیمەیل: [illegible]

# عزیز سالح سعید علاف

١- ناوی تەواوی

عزیز سالح سعید علاف

٢- شوێن و ساڵی لە دایکبوون

سلێمانی ١٩٤٢

٣- شوێن و مێژووی دورخستنەوە: کارگەی چیمەنتۆی کوفە. ١٩٧٥

٤- پلەی لە شۆڕشی ئەیلول و ئەندامی ناوچەی پارتیی سلێمانی/ئازاری ١٩٧٤

٥- کاری پێش پەیوەندیکردن: ژمێریار لە کارگەی جگەرەی سلێمانی

٦- فەرمانی ئیداری دورخستنی: وزاره الصناعه والمعادن ٧/٥/١٩٧٥

٧- مێژووی گەرانەوەە بۆ کوردستان: ٧/٢٠١١ خانەنشین

٨- دوکیۆمێنت و بەڵگەنامە: هاوپێچە

٩- دەرچوی کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٦٣. لە ساڵی ١٩٦٦ هاوسەرگیریی کرد لە گەڵ هدی شیت مستەفا ( دەرچوی کۆلیژی التجاره والعلوم السیاسیه) زانکۆی بەغدا. کوڕ و کچێکی هەیە بە ناوی ئاسۆ و ئەڤین. لە ١٢/١١/٢٠١٦ کۆچی دوایی کردووە

١٠- خێزاندار

# عەبدولرەزاق گرماڤی

دوای نسکۆی (١٩٧٥) من و عەبدوڵڵا مەلا مەجید بریفکانی نیازی گەڕانەوەمان هەبوو بۆ عێراق و بەرێکەوت ئەوسا سەدام لە تاران دەبێ بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ شای ئێران، ئەوانیش ئەم دەرفەتە دەقۆزنەوە لە ڕێگەی باڵوێزی عێراق داوای دیدەنی دەکەن کە دەچینە لای ئەویش دەڵێ لێبوردنی گشتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەرچووە و هەموتان دەگەڕێنەوە، ئەوانیش دەڵێن نووسینێکی تۆ پڕ دڵنیامان دەکات ئەویش سێ لاپەڕەیە بە دەستخەتی خۆی بۆیان دەنوسی بەم جۆرەش لە تاران بۆ بەغدا دواتر بۆ دهۆک دەگەڕێنەوە، بەڵام دوای شەش مانگ ڕەوانەی باشووری عێراق دەکرێن گەرچی لە تاران سەدام حوسێن هەرێنی مانەوەیان لە زێدی خۆیان پێدەدا دوور دەخرێنەوە بۆ سەماوە لە پرۆژەکانی کشتوکاڵ دادەنرێ براشی عەلی مامۆستا دەبێ لە قەزای (حەبی) دواتر دەگواسترایەوە بۆ کوت بۆ لای لە بەنداوی کوت دەبێتە فەرمانبەر و ساڵی ١٩٧٧ دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی لە دهۆک ژیان بەسەر دەبا و چەندین کەسایەتی دیکەش کە بەشداری شۆڕشی ئەیلولیان کردبوو ڕەوانەی باشووری عێراق کران.



دەقی سێ لاپەڕەکە بە دەست خەتی سەدام حسێن نووسراوە.



الملحق رقم (٥٦)

كتاب صدام الى اللاجئين في إيران

[كتب صدام هذا الكتاب عندما كان موجوداً في طهران في شهر نيسان ١٩٧٥]

الى أبنائنا وإخواننا الأعزاء، أبناء وطننا من شعبنا الكردي المقيمين في إيران، نود أن نحيطكم علماً بأنّ للعائد علينا مايلي:

١- يعود مطمئناً الى نفسه وماله وعرضه ومستقبله ومستقبل أبنائه ونعتبر كافة الأعمال التي إرتكبها في ظل ظروف الإقتتال المؤسفة لايطولها (يطالها) القانون أو الحساب ويبدأ كلّ منكم حياة جديدة في ظل ثورته ومن أجل خدمة وطنه.

٢- ستمدد فترة العفو مرة أخرى لكي يشمل من لم تمكنهم ظروفهم لأيّ سبب كان من العودة الى الوطن وبعد ذلك سوف تسقط الجنسية عن كلّ مَن لا يستفيد من العفو ونعتبره خارج إطار الشعب والوطن ونحن لسنا معنيون (معنيين) بأمره.

٣- لاتلتفتوا الى دعايات المغرضين والمظللين (والمضللين) فنحنُ عندما نعطي وعداً وعهد يحترمها (وعهداً نحترمه) فلكم منّا عهد رجال بما وعدناكم به ولامجال في سياستنا للمخاتلة أو الخداع. إنّ العفو العام يشمل كلّ مَن يرغب بالعودة وبدون إستثناء، عدا ملا مصطفى وأبنائه (وأبناءه) إدريس ومسعود وكذلك محمد خالد، وماعداهم فالكل مشمولين (مشمولون) بالعفو.

٤- يعود الموظف والعامل الى عمله ويتمتع بالحقوق التي يتمتع بها زملائه (زملاؤه) ويعود الضابط إمّا الى الجيش أو يعيّن بوظيفة مدنية حسب ما يستحقه قانوناً وكذلك الجنود وضباط الصف من القوات المسلحة كافة، ويعود الطالب الى كليته أو مدرسته وبالصف الذي تركه عند بدء القتال.

والله نسأل أن يهدي الظالين (الضالين) ويعود بأبناء الوطن الأعزاء الى وطنهم.

نائب رئيس مجلس قيادة الثورة

صدام حسين

طهران في ١٩٧٥/٤/٣٠

تایپکراوە و هەڵەی زمانەوانیشی ڕاستکراوەتەوە

## عەبدولعەزیز عومەر میکائیل هەرکی

٢/ شوێن و ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٠/٧/١ مەسیف سەلاحەدین

٣/ شوێن و مێژووی دوورخستنەوەکەی: مانگی نیسانی ١٩٧٥ بۆ پارێزگای حلە (بابل)

٤/ پلەی لە شۆڕسی ئەیلول ومێژووی پەیوەندیکردنی بە شۆڕش: پێشمەرگە

٥/ کاری پێش پەیوەندی کردنی بە شۆڕش: پۆلیسی نایاب

٦/ فەرمانی ئیداری دوورخستنەوەکەی، ناو نیشانی کار و شوێنەکەی: مەرفامنبەر لە پشکنینی تاوانکاری لە حلە (بابل)

٧/ مێژووی گەڕانەوەی بۆ کوردستان، کاری دوای گەڕانەوەی: ساڵی ١٩٨٢

بە خێزانەوە لە شاری حلە ژیاوم لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانم هەڵس و کەوتی دانیشتوانەکە لەگەڵمان باش بوون.

# عەقید عەلی شەریف ئەحمەد

## دڵۆپێک لەسەربردەکەم

لە رۆژێکی ساڵی ١٩٤٧ زایینی، لەو سەردەمان و لەناو زۆرینەی کوردەوارییدا، زەمان گەلەک بایەخی پێ نەدراوە و گرینگ نەبووە لە چ رۆژێک و چ مانگێک و چ وەرزێکی ئەو ساڵیدا کوردستان باوەشی بۆ کوڕە کوردێک کرۆدتەوە، ئەوەی گرینگ بووە ئەوەبوو کە خودا کوڕێکی بە مامۆستا مەلا شەریفو، دوشیوانیدا کوڕی مەلا ئەحمەدی مەلا محەمەدی جاف، نێرینێکیان لێ پەیدا بوو. لە گوندی گرد مەلا سەر بە ناحیەی قوشتەپە بەو بۆنەوە لە گوندیخۆشی پەیدا بوو مەلازادەیەک چاوی هەڵێنا بە دونیا.

باوکم چونکە مەلا بوو تا سەر نیشتەجێی گوندێکی دیار نەبوو ئەوەبوو پاشی گوندی کردمەلا باری کرد بۆ گوندی بشیریان سەر ناحیەی حەمدانیە، لە تەمەنی حەوت ساڵی دەستم بە خوێندنی سیپارە کرد کە بەشێوە حوجە بۆ نمونە ئەلف لەسەر ئا عەین واعو زال بەرز و (ئەعوذو) بەو شێوەیە یەک دوو حزوت بخوێندایە خوێندنی ئەوانتیر لات ئاسان دەبوو، لەسەرمەنی من باوی خوێندنی ئایینی نەما بوو باوی قوتابخانەی میری بووو کە ژیانی دوا رۆژی بۆ مسۆگەر دەکردی ئەوەبوو مالمان باری کرد لە گوندی بشیریان بۆ هەولێر لە ساڵی ١٩٥٧ دامەزرام لە قوتابخانەی سەرەتایی خالیدیە بەردەوام بووم لە خوێندن تا پۆلی سێی ناوەندیی لە قوتابخانەی دوا ناوەندی کۆماری. خولێکی پۆلیس بە پلەی بریکاری کۆمسیار لە بەغدا کرایەوە دەبوایە هاندەرێکت

هەبێ بۆ وەرگرتنت لە ڕێگای خودالێخۆشبوو پارێزەر عەبدوڵلا کانیمارانی لە ڕێکەوتی (١٩٦٨/١٢/٣١) ناوم لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی لە بەغدا دەرچوو، تاقیکردنەوەی تەندروستیم بۆ کرا سەغلەم دەرچووم لە خولەکە وەرگیرام لە (اعدادية الشرطة).

دوای تەواوکردنی ماوەی مەشقی سەربازی لە بەغدا گواسترامەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر شەهید حسێن شێروانی بوو فەرمانی دامەزراندنی منی وەک کۆمسیاری ڕاستبینی (مفوض التحقيق) دەرکرد لە بنکەی پۆلیسی خانەقا ئەوکات لەناو خانوەکەی مەحمود حلمی بوو بەرامبەر ماڵی هادی ئاغا.

لە ساڵی ١٩٧٠ فەرمانێک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس هات بە کردنەوەی (معاونية مكافحة اجرام اربيل) بنکەی نەهێشتنی تاوانی هەولێر، لیوای خانەنشین نەوزاد شێخ جواد دەستنیشان کرا بە ئەفسەری بنکە منیش بەر فەرمانی بنکە (مامور المركز) خوالێخۆشبوو سوارە سلیمان کۆمسەری کارگێڕی جەلیل عەبدولفەتاح ڕەئیس عورەفای مەرکەز.

لەو سەرو بەندەدا حسێن شێروانی بۆ سلێمانی گوازرایەوە و عەقید شێخ ڕەزا پۆستی بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێری وەرگرت. بەڕێزیان بایەخێکی زۆری بە بنکەکەی ئێمە دەدا سەرباری ئەرکی خۆمان لە نەهێشتنی تاوان بوینە جێی بڕواو متمانەی خودی شێخ ڕەزا و چاودێری ئاسایشی ژوورەکەی خۆی بە ئێمە سپارد.

کارو چالاکییەکانی ئێمە بە دڵی کارمەندانی بەغدا نەبوو لێمان بێزار بوون من لێرە تەنیا باسی خۆم دەکەم، فەرمانی وەزارەتی ناوخۆی بەغدا بۆ بنکەی پۆلیسی بەعاج لە خۆرئاوای موصل گواسترامەوە بەڵام پارێزگای هەولێر عەبدولوەهاب ئەتروشی بە تەلەفۆن پەیوەندی بە وەزیر کرد و داوای لێ کرد ئەم فەرمانە هەڵبوەشێنێتەوە و بە هیچ پچڕانم نانوس بۆیە هەڵوەشتایەوە.

لە ڕێکەوتی ١٠/١١- ٣- ١٩٧٤ ڕژێمی بەعسی بەغدا یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان خوێندەوە ئەو نەبوو لەسەر ڕێکەوتبوون بۆیە هەرچی پۆلیسی کوردستان بەشار و قەزا و ناحیەکان پەیوەندییان بە شۆڕش کرد هەر بۆیە جەنابی مەلا مستەفای بارزانی فەرمووی شۆڕشی ئەو جارەمان بە شۆڕشی پۆلیس لەقەڵەم دەدرێ. لە دوای چەند ڕۆژێک خێزان و منداڵەکانم لە ترسی گرتن و ئەشکەنجدان و ڕاوەدونانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعس

پەیوەندییان پێوە کردم و بۆ ماوەیەک لە کوردستان لەگەڵ من مانەوە پاشان ئێران ڕێگەی بۆ واڵا کردین.

سەدان ئۆردوگای بۆ کوردانی ئاوارە کردەوە وەک و سەرپۆلی زەهاو، زێوە، رەبەن، نەلیوان... منداڵەکانی من لە ئۆردوگای نەلیوان نیشتەجێ بوون سەر بە ئیدارەی شنۆ زۆری پێ نەچو خودا کچێکی پێدام ناوم نا نەلیوان ،بەڵام داخی لە تەمەنی پێنج مانگی گەڕایەوە بەر دلۆڤانی خودا کە تا ئێستاش زامی لە ناخم سارێژ نەبووە. لە شنۆ لیژنەیەک پێکهات بەناوی لیژنەی سەرپەرشتی ئۆردوگاکان بە سەرپەرشتی کانەبی عەزیز دزەیی و ئەندامیەتی هەر یەک لە صدیق ئەمین و حسێن سنجاری و عەبدولمصەوەر شێخ سلێمان بارزانی و دادوەرێک کە ناویم لەبیر نەماوە منیش بەرپرسی قەلەیمم بەرکەوت لە ڕێگای بەرێز عەبدولمصەوەر کە کاتی خۆی لە دەزگای پۆلیس کارم لەگەڵی کردبوو چونکە ناوبراو ئەفسەری پۆلیس بوو. جێی داخە هەواری بومدیەن سەرۆکی ئەوکاتی جەزائیر کە پێشتر خۆی خەباتگێڕێکی شۆڕشی ئەو گەلە بوو لە دژی داگیرکەران ئەمجارە بووە جغزی پیلانێکی نەگریس لە دژی کورد بە هاوکاری محەمەد رەزا شای ئێران و سەددام حسێن تکریتی بە سەرپەرشتی هینری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پیلانە گلاوەکەی جەزائیریان لە دژی کورد داڕشت و جێبەجێیان کرد و شۆڕشی کوردیان دامرکاندەوە و وایان دەزانی کورد ئیتر بیرای بیرای سەرهەڵنەداتەوە و هەموو شتێیکان هێناوە بۆ ئەو شوێنەی ئەوان بە خاڵی سفریان دەزانی لە ئاوارەییەکەوە دەروازەی بۆ ئاوارەیێکی تازە و تاڵتر لە هی پێشتر کردەوە و کوردی بۆ ئەوروپا و ئەمریکا پەرتەوازە کرد.

من بەخۆم و خانەوادەکەمەوە ناومان تۆمار کرا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. چەند رۆژێکی مابوو برۆین بەڵام من پاشگەز بوومەوە لە ترسی ئەوەی چۆن راوەستم بەرامبەر خودا و پێیم بڵێ من خاک و زمان و ئایینم بۆ تەرخان کردی بۆ بەجێتهێشت. بۆیێ نەهامەتی و مردنی سەر خاکی خۆمم گەلێ لەلا شرەیفتر بوو لەوەی لەسەر خاکێک بژیم کە هیچ پەیوەندی بەخۆم و منداڵەکانمەوە نەبێت. سەرباری ئەم تەرە خەیاڵانە لە بەغدا بڕیاری لێبوردن دەرچوو بە هەلم زانی لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٤/١٤ گەڕاینەوە ناو خاکی خۆمان لە دەروازەی مەرزی حاجی ئۆمەران لەوێ ئۆتۆمۆبێلی زۆریان لە جۆری مارسیدسی ١٨ هەژدە نەفەری ئامادە کردبوو بۆ گەڕاوەکان، هەڵکەوت

وا ڕێکەوت ئەو ئۆتۆمۆبیلەی ئێمە سواربووین کاک مەحمود شێخ سەعید و مام حەمەد باوە باوکی فارس باوە لەناویدا بون، ئێمەیان هێناوە و ڕادەستی دائیرەی ئەمنی هەولێر کراین، پاش ئەوەی زانیاری پێویستی خۆیانیان لێمان وەگرت، داوایان لێمان کرد بچینەوە ماڵەکانمان تا بحەسێینەوە و بەیانی بچینەوە بۆ دائیرەی ئەمن تا لەوێرا ڕەوانی سەر کارەکانی خۆمان بکەنەوە. منیش ڕۆژی دواتر چاکەت و بانتۆڵێکی تازەم لەبەر کرد و ملپێچێکی جوانم بەستاو چومەوە بۆ دائیرەی ئەمن!

ئەم چوونەم بۆ دائیرەی ئەمن تۆفانێکی گەورە بوو ڕوویدا! ئێمەیان بەند کرد و ڕەوانی بەغدایان کردین. شەو لەناو هۆڵێکی گەورەیان پەستاین، ئەگەر هەلە نەبم هۆلەکە دائیرەی ئیندباتی عەسکەری بوو، بێ نان و بێ ئاو ئێمەیان لەوێدا فرێدا، شەو پێڵاوەکانی خۆمم لەژێر سەرم دانا تا بنووم. ڕایخمان نەبوو، لەسەر ناو هۆڵێکی کۆنکریتی ڕەق ویستمان بخەوین، نەخەوتین و نەمردین. ئەو ئەوی ئاژەڵی ئاژەڵدارانم لەخۆمان بەرێزتر بینی، ئاژەڵ لە شەو تا بەیانی ئاو ئالیکی لە پێشدایە، ئێمە هیچ! بە زگ برسیبوون، بە هەزر ماندوو بووین، بەڵام نە ورەمان بەردا و نە لە مردنیش ترسمان هەبوو. ڕۆژ هات و ئیتر نە دەڕۆیی، چەند ڕۆژێک وەسا جێهێشترابووین و پاشتر ڕادەستی ژمارەیێکی زۆری پاسەوانان کراین و ئێمەیان برد تا لە کۆتاییدا ئێمە خۆمان لەژێر چەند کەپرێکی حەسیری کۆن و نارێک دۆزینەوە! ئەو حەسیرانە بە عارەبی پێیان دەگوترا (الصرائف) تاکەکیشیان (الصریفة) بوو.

پاشتر هەر لەوێ پلەی سەربازییان لێ سەندینەوە و کراینە بەرکاری شارستانی. بەپێی فەرمانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (بەغداد) ژمارە ٧٢٢ لە ١٩٧٥/٧/٨ ڕازەی سەربازیم بۆ ڕاژەیێکی شارستانی گوڕدرا و ڕەوانی دائیرەی ڕێگاوبانی (الانبار) کرام و لە ڕومادی جێگیرکرام.

بەڕێوەبەری دائیرەکە ناوی قحطان تەها الهوبی بوو. کابرایەکی بەرێز بوو، لەو نزمتر ژمێریاری دائیرەکە بوو، ئەمیان لە بەڕێوەبەر پتر ڕێزی لێدەگرتن. گەنجێک ناوی (خەمیس) بوو، ئەویان لەوێدا بەرپرسی حزبی بەعس بوو. کارمەندەکانی لێی قایل بوون، ئەو خەمیسە ماڵی لە (فلاحات) بوو، جارێکیان بانگهێشتی گوندەکەی خۆیانی کردم، یەک خوانچەی پڕ برنجی دانا کە سەرەکەی تەواوی لاشەی بەرخێک لەسەر پلاوەکە ڕێک داندرابوو، یەک لەنگەریش ترشێکی کوولەکەی لە تەنیشتییەوە بوو، خواردنەکە بەشی (١٠) میوانی دەکرد. وا بۆم هات کە میوانی دیکەشمان دەگەڵدا هەنە، کەچی

تەنا هەر هەردووکمان بووین!

من هاتن و چوونی شاری بەغدام دەکرد، ئەوان لە مزگەوتی (مەرجان) لە شەقامی (ڕەشید) دەمامەوە و دەخەوتم، گوتارخوێنی ئەو مزگەوت (مەلا سعدالله) ئامۆزام بوو، کوڕی مامم مەلا محەمەد ئەمینی هەوایی بوو.

لەو هاتن و چوونانەمدا، زۆران لە برادەرانی ئەفسەر و کۆمسیارەکان دەگەڵمدا بوون، جێی داخە تەنیا ڕێزدار شێخ حوسێن شێخ محەمەد بالیسانی لە بیردا ماوە. زەمان ئەوانی دیکەی لە هزرگردا کاڵ کردووەتەوە. د. حسێن بالیسانی لەم دواییانەدا ئەندامی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی بوو.

لە سبەینان و لە دوای بانگی بەیانی، لە بەغداد، لە گەراجی عەلاوی سواری پاسێک هەژدە نەفەری دەبووین و بەرە و کارەکەمان دەچووین، وا ڕێککەوت ئافرەتێک هەر ڕۆژ لە بەغدادەوە بۆ ڕومادی دەهات دیاربوو لە پێش ئێمە لە گەراج ئامادە دەبوو ئەویش هەر فەرمانبەر بوو لەلای پەنجەری نێرنەکە دادەنیشت کورسی تەنیشتەخۆی بۆمن پاس دەکرد و هەریەکە پێویستبایە دابنیشی پێی دەگوت (محجوز) گیراوە ئەو ئافرەتە دڵنیا بوو لەوەی کەمن کوردم و کوردیش لەچاو کەسانی دیکە فرە ڕەفتار بەرز و ڕەوشت پاکن جا کە نێریکەکە وەرێ دەکەوت زۆر کەرەت من دەخەوتم هەندێک جاران کە ئاگام دەبۆوە سەرم لەسەر شانی ئەو روو سوورەکردووە و جێی شانازیمە کە ئەو شاژنە هەرگیز دڵپیسی لێ نەدەکردم. لە فەرمانگەکەم کرام بە نوسەری ژمێریاری، خەڵقی شاری رووماد‌ی خێڵەکین لە مامۆستای قوتابخانە بترازێ فەرمانبەری ئافرەتیان نەبوو، زۆربەی بەڕێوەبەر و فەرمانبەرەکان بەر لە هاتنیان بۆ دائیرە سەرێکی دیوەخانی ماڵی شێخیان دەدا و قاوەیەکیان دەخواردەوە و ئەوجا پەیوەندییان دەکرد بە کارەکانیان. وا ڕێکەوت بەڕێوەبەری بانقێک لە بەغدا گواستراوە بۆڕوومادی خێزانەکەشی فەرمانبەر بو لە ڕێگاویان گواستراوە بۆ لای ئێمە. مشەوەشی دروست بوو لە کێندەرێی دابنێین سەرئەنجام فەرمانبەرێک لای من بوو لایان بردوئەویشیان لە جێگای ئەو دانا لەلای من ئافەرتێکی تا بڵێی ڕێک و قەشەنگ بوو. فەرمانبەرەکان هەموویان سەرسام بوون لە جوانی ئەودا هەر بابا بوو دەهاتەلام بە بیانۆی بۆ ئێوارە نانی لای ئەو بخۆم ئافەرتەکە ژیر بوو دەیزانی نیازیان دەعوەتی من نیە بۆ تەماشاکردن و چاک چۆنی لەگەڵ ئەو بکەن. ماوەی زۆری نەبرد منیان گواستەوە بۆ ڕێگاوبانی زیقار (ناصریە) پاشانیش بۆ ڕێگا و بانی بابل

(حلە) منیان لەگەڵ فەرمانبەرێک دانا ووتیان ئەوە کوردە بەڵام سەیربوو بە کوردی قسەی نەدەکرد بەڵام زۆر لامل بوو نکۆڵی لە کوردبوونی خۆی دەکرد، رۆژێکیان زۆریم لێ کرد کە پێم بڵێ بە کوردی قسان ناکا قۆپچەی کراسەکانی کردەوە سینگی خۆی بەمن پیشاندا دیتم دەتگۆ جوتیان لەسەر سنگی کردیە پێم گوت دەڵێی پشیلە رنوکی لێ گیر کردوی. ئەوجا بۆی گێرامەوە کە بەند بووە بە (قصر النهایە) پشیلەیەکیان لەناو قەفەسێک بەند کردووە و لەسەر سینگی ئەویان داناوە ناوە ناوە بە مەقەسێک کەمێکیان لە کلکی قرتاندوە پشیلەی بەستەزمانیش لە حەژمەت ئازارای بە هەموو هێزێکی خۆی بەچار پێی هەوڵی خۆ رزگار کردنی داوە ئیتر سینگی کردەوە بە تۆمەر کۆر،ئەوجا گۆتی خۆ دیتت چۆن بوێرم بە کوردی دەگەلتا بئاخیوم.

زۆرم لەو شوێنە بەسەر نەبرد گوازرامەوە بۆ (کارگەکانی رێو بانی نێوەراست- معامل الطرق الوسطی) هەموو کۆگاکان لەناو بەغداد و لەسەر رێ (٥٢) بوو، بەڵام زۆری نەبرد گواسترامەوە بۆ رێگەوبانی بەغداد، کەسێک بەناوی (قیس هاشم العذاري).

بەم هەموو راگوێزانەم لە گیانی خۆم بێزار بوون! چوومە (دامەزراوی گشتی ریگاو پردەکان- المؤسسة العاملة الطرق والجسور) کە عەبدولوەهاب الموفتی سەرۆکی دامەزراوەکە بوو، ئەو پیاوە لە پاشتر صدام حسین لە سێدارەیدا. سەردانێکی سکرتێرەکەیم کرد و داوام لێی کرد رێ بدات چاوم بە المفتی بکەوێت.

سکرتێر گوتی- (ئاخر نابێت، بڵێ چ کارت لای ئەو هەیە؟ ئەو خۆی ناتوانێت کەس ببینێت! چیت دەوێ؟

گوتم: من فەرمانبەرم لای ئێوە، هەر رۆژێک رەوانی شارێکم دەکەن، خۆ کفر نەبوو عائدون بووم.

سکرتێر یێکسەر گوتی: اخاف انت عەلی شەریف؟ دەترسم تۆ عەلی شەریف بیت؟

منیش گوتم: (هەوم) هەر ئەمەم گوت ئیتر هێندە رێزی لێنام و گوتی: (تۆ خۆشەویستی سەرۆکی دەزگاکەمانی. تۆ باشترین کادری ژمێریاری تۆ خۆت ژمێریاری ئەو هەموو شوێنانەت رێک خستووە لە کاتێکدا پێشتر ژمارەکانیان زۆر نارێک و شپرزە بوون.

چوومە لای المفتی، زۆر رێزی لێگرتم. پێی گوتم کە (قحطان تەها

الهویـی) ئـاگاداری کردووەتـەوە کـە فەرمانبەرێکی کـوردی عائیدونمان هەیە کاری ژمێرییەکانمانـی ڕێکخسـتووەتەوە، بۆیـێ منیـش تـۆم گواسـتەوە و تەلیفـۆم بـۆ بەڕێوەبەرەکـە دەکـرد و دەمگـوت بـۆ ماوەیـەک عەلـی شـەریفتان بـۆ دەنێـرم بـۆ ئـەوەی تۆمارەکانتـان بـۆ ڕێـک بخاتـەوە.

پاشان بۆی ڕوون کردەوە کە بە پێی ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشـی حیزبـی بەعـس ئێـوە نابـێ بـۆ بەغـداد بگوازرێنـەوە و ناشـبێت بـۆ شـارەکانی کوردستـان بگەڕێنـەوە، بـەڵام مـن ئـەو سـەرپێچییەم کـردووە و تـۆم هێنـاوە بـۆ بەغـداد و خۆشـم لـەم کارەمـدا، بەرپرسـیارم.

ئینجـا ئامـۆژگاری کـردم و گوتـی: پـاش ماویەکـی دیکـە، دەگـەڵ بەڕێوەبەرەکـەت بەشـەڕ وەرە، ئەویـش بێگومـان لـە دژت دەنوسـێت ئـەوکات مـن بـە بیانـوی (عقوبـە) بـۆ هەولێـرت دەگوازمـەوە).

پاشـی ئـەو ڕێنماییـە، کەمێـک کەمتەرخەمیـم لـە کارەکەمـدا کـرد و کابراشـم بێـزار دەکـرد چونکـە هـەر داوای مۆڵەتـم لێـی دەکـرد. ڕۆژێکیـان سـاکالانامەیێکم پێشـکێش کـردو داوای مۆڵەتـم لێـی کـرد، ئەویـش لەسـەر خواستەکەی منـی نووسـیبوو (قایـل نابیـن- لا نوفـق) جـا منیش لێـی وەڕووریێ کەوتـم و بە عارەبی پێیـم گـوت: استـاذ لا تزعـل، انـت مـا مسـتحق ان تكـون مديـر، لأن المديـر لازم يكـون اداري، مفـروض يخلـوك مهنـدس مقيـم علـى احـدى المشـاريع الخفيفـة- مامۆسـتا شـایانی ئـەوە نیـت کە بەڕێوەبـەر بیت، چونکە بەڕێوەبـەر دەبێ بزانێت چـۆن کار بەڕێـوە دەبـات، دەبـێ تـۆ بکەنـە ئەندانیـاری جێگیـر لـە یەکێـک لـە پـڕۆژە سـووکەکاندا بمێنیـەوە!

**یێکسەر گوتی: دەرچە دەرەوە- اطلع برة.**

منیـش پێـم گـوت: مـو عیـب علیـک تگوللـی عطلـع بـرة؟ شـەرم ناکـەی پێـم دەڵێـی دەرچـە دەرەوە؟ ئـەو کات دەمزانـی کـە ئەحمـەد حەسـەن بەکر سـەرۆکی عێـراق بـوو، صـدام حسـین جێگـری سـەرۆک بـوو، بـەڵا دڵنیـا بـووم کـە هەمـوو شتێک بەدەسـت ئەمـە و بەدەسـت سـەرۆک نییـە، جـا گوتـم: راح اشـتكي عليـك لـدى السـيد النائـب، حفظـه اللـه، دەچـم لـە لای بەڕێـز جێگـری سـەرۆک —خـوا بیپارێزێت- سـکاڵات لسـەر تۆمار دەکەم) ئەمەم گوت و راستەوخۆ لە ژوورەکەی دەرچوم.

ئەویـش یێکسـەر نووسـراوێکی خراپـی لەسـەرن نووسـی و منیـش پەیمانـم بـە خۆمـدا ئەگـەر ڕاگوێـزی هەولێـر ببمـەوە، ئـەوکات گۆڵەکەیێـک دەکەمە خێر و دەیبەخشـمەوە. ئیتـر زۆری پێنەچـوو بـۆ هەولێرەکەمـان گواسـترامەوە. فەرمانـی

گوازتنـەوەم وەرگـرت و بـەرە و هەولێـر ڕێکەوتـم.

هـەر هێشـتا لـە ڕێگـەدا بـووم کـە لـە پەیمانەکـەم پەشـیمان بوومـەوە و گوێلەکەکـەم کـردە بەرانێـک تـا بیبەخشـمەوە. هاتمـەوە هەولێـر و پەیوەندیـم بـە ڕێگەوبانـی هەولێـرەوە کـرد. گـەر سـەرچیغ نەچوویـم، کەسـێک بەڕێوەبـەری فەرمانگەکـە بـوو کـە نـاوی نـەوزاد تاڵەبانـی بـوو.

لـە دووای سـێ ڕۆژ لـە دەسـت بەکاربوونـم لـە دائیرەکـەدا، نەزرەکـەم وەبیر هاتـەوە و چـووم پێـک کارتۆنـە مریشـم لـە جیاتـی بەرانەکە بەخێـر دابەش کرد. لـە ڕۆژی چـوارم چوومـە دائیرەکـەم و کارگـوزاری بەڕێوبـەر هاتـەلام پێـی گوتم- (بەڕێوەبـەر تـۆی دەوێ) منیـش بـۆ لای چـووم. ئەویش گوتی: فەرموو دانیشـە.

دانیشـتم. چایەیێکـی بۆ بانـگ کـردم. دیاربـوو دڵـی دەدامـەوە تـا دڵنـەوام بکاتـەوە و گوتـی- (ئێمـەی کـورد ئەسـیری بەردەسـتی ئـەو هەمـوو عارەبانەین، کاک بـە تەلەفـۆن فەرمانـی گواسـتنەوەی تۆیـان هەڵوەشـاندووەتەوە و تۆیـان بۆ شاری ناسـرییە گواسـتووەتەوە).

منیش گوتم- ناچم!

گوتـی: بـڕۆ پەیوەنـدی بکـە و ئامۆژگاریـت دەکـەم بـۆ هەولێر نێیـەوە، دەنا دەگیرێـی و سـزا دەدرێی.

منیـش ئامۆژگارییەکانیـم لـە گـوێ گـرت و چـووم پەیوەندیـم کـردەوە و ناونیشـانی بەغـدادم بۆیـان بەجێهێشـت کـە مزگوتـی مەرجـان بـوو، لـەوێ بـووم کـە دوو پۆلیسـی ئەمـن هاتـن و منیـان گـرت و بـۆ دائیـرەی ئەمنـی ناوچەکەیـان بردم و لەوێشـرا منیشـان ڕەوانی (ئەمنی عامة- ئاسایشـی گشـتی) کرد و لەوێش ئەفسـەرێک بانگـی کـردم و گوتـی: دەبـێ هـەر ئێسـتا بـە بەندکـراوی ڕەوانـەی ناسـرییت بکەمـەوە! بـەڵام مـن نازانـم، چیـت لـێ بکـەم؟ زگـم پێتدەسـتووتێ!.

منیش لێی پاڕامەوە و گوتم: شتێکم لەسەر بنووسە کە من چیتر بە کەلک وەزیفە نەماوم و مانەوەم زیان بە دەوڵەت دەگەیەنێت. جا ئەو عارەبە ڕەسەنەش ئەوەی بۆ نووسیم کە بەکاری وەزیفە نەماوم. ئینجا چوومەوە نووسینگەی عەبدوەهاب موفتی و تکام لێی کرد تا لە کاتی گەیشتنی نووسراوی کابرای ئەمن ئیتر من لە وەزیفە دەر بکات. ئیتر ئەوەبوو منیان لەکاری میری پچڕاند، ئەمەش پێچەوانەی یاساکانی ڕژێم بوو، چونکە لە کۆنە پێشمەرگەکان قەدەغە بوو بۆ کوردستان بگەڕێنەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

وزارة الاشغال والاسكان
مديرية الاشغال العامة
الادارة والذاتية

العدد / ٦٥٧٩٠
التاريخ / ١٧ / ١٩٧٥/٩

أمر اداري

الرقم / ١٠٤٤٠

الحاقا بأمرنا الاداري المرقم ٩٤٣١ / ٣٨١٧٠ والمؤرخ في ١٩٧٥/٨/٢ المتضمن تعيين مفوض الشرطة السيد علي شريف احمد بوظيفة كاتب ضمن مديرية اشغال محافظة ذي قار بدلا مديرية اشغال محافظة الانبار وامرنا الاداري المرقم ٩٢٨٠ / ٣٧٠٤١ والمؤرخ في ١٩٧٥/٨/٢ المتضمن مباشرة المومأ اليه في مديرية اشغال محافظة الانبار بتاريخ ١٩٧٥/٧/٢٧.

١- انفك المومأ اليه من عمله ضمن مديرية اشغال محافظة الانبار بتاريخ ١٩٧٥/٨/٣٠ بعد الظهر.

٢- باشر المومأ اليه ضمن مديرية اشغال محافظة ذي قار بتاريخ ١٩٧٥/٩/٦ قبل الظهر علما قد صادف يوم ١٩٧٥/٩/٥ عطلة رسمية (لكونه يوم جمعة).

بسم الله الرحمن الرحيم

وزارة الاشغال والاسكان

مديرية الاشغال العامة — العدد / ٤٩

الادارة والذاتية — التاريخ / ٢ / ١ / ١٩٧٦

امر اداري

==============

الرقم / ٩

بناءً على مقتضيات المصلحة العامة .

ينقل السيد علي شريف احمد الكاتب ضمن مديرية اشغال محافظة بابل البالغ راتبه الشهري (٢١/-) دينارا الى مديرية اشغال محافظة الانبار وعلى نفقته الخاصة وذلك اعتبارا من تاريخ التبليغ .

مدير الاشغال العام

عبد الوهاب الطحي

نسخة منه الى /

وزارة الاشغال والاسكان /مديرية الادارة العامة

وزارة المالية /مديرية الميزانية العامة

رئاسة ديوان الرقابة المالية

مديرية المحاسبات العامة

مديرية الخزينة المركزية

مكتب السيد المدير العام كتابكم المرقم ٨٥٦٦/٤ في ١٩٧٥/١٢/٢٢ .

مديرية اشغال محافظة بابل /لاجراء اللازم واعلامنا بتاريخ انفكاكه وارسال شهادة آخر راتبه واضبارته الشخصية الى مديرية اشغال محافظة الانبار .

مديرية اشغال محافظة الانبار /لاعلامنا بتاريخ مباشرته .

قسم الادارة والذاتية

قسم الحسابات

قسم المناهج /الاحصاء

ذاتية الموظفين

الملاحظ سعيد محمد مصطفى / للتعقيب

السيدة عفيفة الاوسي / للتأشير

الانسة فنية عبود / ـ

المومأ اليه

الاضبارة الشخصية

بسم الله الرحمن الرحيم

وزارة الاشغال والاسكان
مديرية الاشغال العامة
الادارة والذاتية

العدد/ ٦٦٩٨/ ٢٠
التاريخ/ ٢٦/ ٧/ ١٩٧٥

أمر اداري

الرقم/ ٩١٥٩

تنفيذا للامر الوزاري المرقم ٨٨٩/ ٨٥٣٦ والمؤرخ في ٢٢/ ٧/ ١٩٧٥ الصادر من وزارة الاشغال والاسكان/ مديرية الادارة العامة المستند الى قرار مجلس قيادة الثورة المرقم ٧٢٣ والمؤرخ في ٨/ ٧/ ١٩٧٥.

قررنا تعيين منتسبي الشركة المدرجة اسماؤهم ادناه في مديريات الاشغال في المحافظات المؤشرة ازاء اسم كل منهم اعتبارا من تاريخ مباشرتهم وتحدد رواتبهم واجورهم لاحقا.

| | الاســـم | اسم المديرية المعين بها |
|---|---|---|
| ١. | سوار قادر ياسين | مديرية اشغال محافظة الانبار |
| ٢. | سوار سلطان حسين | مديرية اشغال محافظة القادسية |
| ٣. | علي شوقي احمد | مديرية اشغال محافظة الانبار |
| ٤. | علي احمد ناصر | مديرية اشغال محافظة كربلاء |
| ٥. | عبد الله ويردي محي الدين | مديرية اشغال محافظة بابل |
| ٦. | محمود حميد رشيد | مديرية اشغال محافظة ذي قار |
| ٧. | حميد كريم | مديرية اشغال محافظة واسط |
| ٨. | صابر ابراهيم | مديرية اشغال محافظة المثنى |

مدير الاشغال العام
[illegible]

نسخة منه الى/
وزارة الاشغال والاسكان/ مديرية الادارة العامة/ امركم الوزاري اعلاه للعلم
وزارة المالية/ مديرية الادارة
وزارة الداخلية
مديرية الشركة العامة/ يرجى تزويدنا بالاضابير الشخصية العائدة للموظفين مع دفاتر خدماتهم وشهادات اخر راتب واعلامنا
مديرية اشغال محافظة الانبار/ القادسية/ كربلاء/ بابل/ ذي قار/ واسط/ المثنى
لاجراء اللازم واعلامنا بتاريخ المباشرة
محافظات.. الانبار/ القادسية/ كربلاء/ بابل/ ذي قار/ واسط/ المثنى.
قسم الادارة والذاتية
قسم الحسابات
قسم التدقيق
السيد احمد حسن
الحوافز/ ٨
الاضبارة الشخصية/ ٨

بسم الله الرحمن الرحيم

وزارة الاشغال والاسكان
مديرية الاشغال العامة
الادارة والذاتية

العدد / ١/٥/٨٨
التاريخ / ١٦/ ٢/ ١٩٧٦

أمر اداري

الرقم / ١٠٩٤٧

تنفيذا لقرار مجلس قيادة الثورة المرقم (١٢٦) في ٢/٢/١٩٧٦ المبلغ بموجب كتاب رئاسة ديوان رئاسة الجمهورية المرقم ١٣٦٤ في ٣/٢/١٩٧٦ واستنادا الى الامر الوزاري المرقم ٦٩٤٢/٢٤٢ والمؤرخ في ١١/٢/١٩٧٦ الصادر من وزارة الاشغال والاسكان / مديرية الادارة العامة تقرر ما يلي:

اولا – يلغى امرنا الاداري المرقم ١٢٩٦/٦٦٦١ - ٤٠ في ١٨/٨/١٩٧٥ المتضمن تحديد رواتب منتسبي الشرطة المدنيين بوظيفة مدنية في المديريات المبينة ازاء اسم كل منهم ادناه (وهو الراتب الذي كانوا يتقاضونه في سلك الشرطة) اعتبارا من تاريخ مباشرتهم.

| الاسم | عنوان الوظيفة | الراتب | الدائرة التي عين فيها |
|---|---|---|---|
| ١) السيد علي خليفة احمد | ناظر | ٣٦/٠٠٠ دينارا | مديرية اشغال محافظة الانبار |
| ٢) السيد سعيد ثويت [illegible] | = | ٣٦/٠٠٠ دينارا | = = واسط |

ثانيا – يلغى امرنا الاداري المرقم ٦١٢٢٦١١/٣٢٥/٠٢ في ٨/١٢/١٩٧٥ المتضمن تحديد راتب السيد سعيد ثويت [illegible].

ثالثا – استنادا لكتاب مجلس قيادة الثورة / مكتب امانة السر المرقم ٥٢٨٤/٦/٣٦ في ٦/١١/١٩٧٥ وتنفيذا لقرار مجلس قيادة الثورة المذكور اعلاه.

يعين منتسبو الشرطة المدنيين بوظيفة مدنية في المديريات المبينة ازاء اسم كل منهم ادناه بصفة (عامل) بأجرة يومية تعادل مبلغ الراتب الذي كانوا يتقاضونه في سلك الشرطة وليس بصفة موظف (كما ورد في امرنا الاداري المرقم ٦٦٦١/١٢٩٦/٤٠ في ١٨/٨/٧٥) كونهم لا يحملون اية شهادة دراسية.

| الاسم | الدائرة التي عين فيها |
|---|---|
| ١) السيد منور سليمان عزيز | مديرية اشغال محافظة القادسية |
| ٢) السيد علي احمد شكر | = = = كربلاء |
| ٣) السيد عبد الله مهدي محي الدين | مديرية صيانة الاشغال الجنوبية / البصرة |
| ٤) السيد سامي شريف سليم | مديرية اشغال محافظة [illegible] |

مدير الاشغال العامة

# عەبدولقادر مەحمود موراد حسێن

پێش ئەوەی ببم بە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلول باوکم لە ساڵی (١٩٦١) پێشمەرگە بوو ناسراو بوو بە مەحمود خولە لەناوچەی شاری رواندوز و ماڵیشمان لە رواندوز بوو.

منیش بەهۆی باوکم لە خوێندن دواکەوتم و وەک هەموو موالیدەکان موالیدی (١٩٥٤) بووم لە بەرواری (١٩٧٣/٤/١٦) بووم بە سەرباز نەقل کراین بۆ شاری بەسرە لەوێش بۆ (سیبە) ناحیە بوو لە نزیک فاو تا بەرواری (١٩٧٣/٤/١٥) فیرارم کرد و پەیوەندیم کرد بە شۆڕشی ئەیلول چووم بۆ مەکتەبی عەسکەری لەناوپردان لەوێ نووسراویان بۆ کردم بۆ بەتالیۆن/١ هێزی بێتواتە لە دۆڵی شارو گوندی دلالان ئامیر بەتالیۆن خەلیل سیتۆ بوو جێگرەکەشی شێخ لەتیف بلەیی بوو، من شێخ لەتیفم دەناسی بۆیە لە مەقەڕی بەتالیۆن بووم و ماوەیەکیش لە مەدرەسەی مەدفەعی بووم لە ئازادی تا کۆتایی شۆڕش و چووین بۆ ئێران بۆ ئۆردوگاکان دروست کردبوو هەر بەناوی بەهرام لە نزیک ئەویش دوو ئۆردوگای تر هەبوون بەناوەکانی بابک و سەبزاب تا لە بەرواری ( /١٩٧٦/٢) تەسلیمی عێراق کراینەوە و یەکسەر بۆ ناحیەی بەغدادی سەر بە قەزای هیت شاری رومادی، تا بەرواری مانگی (١٩٧٧/٣/) بە لێبوردن ئازاد کراین و چوینەوە شارەکانی خۆمان/ هەولێر.

لەو ماوەیەی کە لە بەغدادی بووین دوایی گواسترایینەوە بۆ قەزای هیت ئیشی کرێکاریم دەکرد خەلکێکی زۆر باش بوون.

من لەو ماوەیەیە (٢) جار زیندانی کارم لەسەر قسەی کەسێک کە خەبەری لێ دەدام گوایا پەیوەندیمان کردووە بە (ی. ن. ک).

ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئێمە نەفی کرابوین بۆ رۆژئاوای عێراق لە شاری **رومادی- قەزای هیت- ناحیەی بەغدادی ئەمانە بوون:**

١- خەلیل رەشید جەردە.

٢- ناوی حەسەن چاوەش.

٣- نەجات ئیبراهیم رەشید جەردە.

٤- سابیر.

٥- مستەفا.

٦- ئیسماعیل چومبار.

٧- نووسەری بەرێز شێرکۆ بێ کەس لە ناحیەکە ژوورێکی بەکرێ گرتبوو لە ئێمە دوور بوو، بەڵام دەچوینە لای لەسەر رووبار ماسیان دەگرت لەوێ یەکترمان دەبینی.

# غەفور کەریم ئیسماعیل



دوورخراوەکان لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول / ١٩٧٥

مەبەست لە دوورخراوەکان بۆ خواروو، ڕۆژئاوای عێراق بەهۆی بەشداربوونیان لە شۆڕشی ئەیلو

١- ناوی سێ ناوی و نازناو  غفور كريم اسماعيل

٢- شوێن و ساڵی لەدایک بوون  ١٩٥٤ / قلاغوغان

٣- شوێن و مێژووی دوورخستنەوەکەی

٤- پلەی لە شۆڕشی ئەیلول و مێژووی پەیوەندی کردن بە شۆڕش  ١٩٧٤/٢/١٧

٥- کاری پێش پەیوەندی کردن بە شۆڕش

٦- فەرمانی ئیداری دوورخستنەوەکەی، ناونیشانی کار و شوێنەکەی

٧- مێژووی گەڕانەوەی بۆ کوردستان، کاری دوای گەڕانەوەی  ١٩٧٦/١٠/١

٨- دیکۆمێنت و بەڵگەنامەی نووسین و وێنە لە ماوەی دوورخراوەیی ( پێویستە هاوپێچ بکرێت )

٩- کورتەیەکی پوخت باشترە بە چاپکراوی بێت لەسەر ژیانی دوورخراوە و هەڵسوکەوتی ئەو ناوچەی کە لێی نیشتەجێ بووە ( پێویستە هاوپێچ بکرێت )

١٠- سەڵت ○ خێزاندار ✓

١١- ئەتها سەرۆکی خێزان فۆرمەکە پڕدەکاتەوە لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی خێزان بنووسرێ / ٢

١٢- وێنەی کەسێتی دورخراو

تێبینی:

- بۆ پەیوەندی کردن: تاریق حامباز ٠٧٥٠٤١٦٩٨٩١ / نعمت عبداللە ٠٧٥٠١٤٦٢٠١٦

ناونیشان: یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان / وەزیران کۆلانی ٧٠

ئیمەیل: kpu_kurdistan@yahoo.com

**کورتە باسێک لەسەر ژیانی ئاوارەیم**

من لە ساڵی (١٩٧٣) بۆ خزمەتی سەربازی بانگ کرام ئەو کاتی گفتوگۆیەک لە مابەینی شۆڕشی ئەیلوول حکوومەتی عێراقی بەردەوام بوو سێ ساڵ بە سەردا ڕۆیشت بوو کە بانگ کران موالیدی ئێمە کە (١٩٥٤) بووین لە تەجنیدی هەولێر ئێمەیان بردە ئۆردووگای سەربازی و لەوێ جل و بەرگی سەربازیمان وەرگرت بۆ کات ژمێر چوار ئێوارە هەموویان کۆ کردینەوە ناوی دووسەد کەسیان خوێندەوە منیش لە زەمنی ئەو دووسەد کەسە بووم کە ناوەکانیان خوێندووم ئەفسەرەکە وتی ئێوە دەبنە پۆلیس دیار بوو نوێنەری مدیریەتی پۆلسی هەولێریش لەوێ بوو ئامادە بوو ئەفسەرەکەش کتابی هەر دوو سەد نەفەرەکەی تەسلیم بە نوێنەری پۆلیسی هەولێر کرد نوینەرەکەش وتی یەڵا هەر دووسەد کەسەکەش وەرنە مدیریەتی پۆلیسی هەولێر لەوێ تەوجیهاتان دەدەنێ ئێمەش هەر ئەو کات چووینە مدیریەتی پۆلیسی هەولێر شێخ ڕەزا مدیری شورتەی هەولێر بوو لەوێ هەموومان ئامادە بوون شێخ ڕەزا هات قسەی بۆ کردین وتی ئێوە دەبنە پۆلیس خزمەتی شارێکی خۆتان دەکەن وا حیساب بکەن ئێوە پێشمەرگەی کوردستانن درێژەی بەقسەکانیدا گوتی ناوی سەد کەستان دەخوێنینەوە سەد کەستان بۆ سلێمانی ڕەوان دەکەین ئیتر یەک لەو ناوانەی خوێندوە ناوی منیشی خوێندووە کە سەد کەسەکە تەواو بوو وتی ئێوە هەر ئێستا سەیارەتان بۆ دابین دەکەین ئەو شەوە کە ئێمە سەد کەسەکە بووین گەیشتنە شاری سلێمانی لە مدریەتی پۆلیسی سلێمانی دابەزین بەیانی ئێمەیان بانگ کرد داخیلی دەورەیان کردین تاساڵی (١٩٧٤/٣/١١) لە خزمەت پۆلیس بووین چوار ساڵەکەی مفاوەزات تەواو بوو لە بەرواری (١٩٧٤/٣/١١) وەفدیکی پارتی چووە بەغدا وەفدەکە ئەو ڕۆژە گەڕایەوە بەبێ ئەوەی هیچ ریکەوتنیک بکرێ بۆشەوی (١١لەسەر١٢/٣/١٩٧٤) پۆلیسی سلێمانی هەموو سەیارە و سیلاح و ئەوەی پێیان بوو بردیان بۆ دەرەوەی سلێمانی من لە مەقەری پۆلیس لە خانوو قوڕەکان بووین ژمارەمان بیست پۆلیس بووین پەنجەرەی مەغەفەرەکەمان شکاند و هەموو سیلاحەکەمان بە سەر خەڵکی تەوزیع کرد مەبەستمان ئەو خەڵکەیە کە خۆیان ئامادە کردبوو دەرۆیشتن بۆ پێشمەرگەیاتی شەو کاتژمێر (٢)گەیشتینە گوندی گیلدەرە لەسەر چیای گۆیژە ئێمە مەبەستیشم هەولێریەکانە ژمارەمان (٤٥) کەس بو دەرچووین چونکە ئەو (٤٥)کەسە مانگێک ماینەوە جەولەمان دەکرد

لـە مـاوەت و گەڵالـە و سـەفەرە و زەروون و کونەماسـی بـۆ ئـەو گوندانـە دەوای مانگێـک لـەوێ کـە کتابیـان بـۆ کردیـن بێینـەوە هێزی دەشـتی هەولێر هـەر (٤٥) کـەس هەشـت ڕۆژ بەڕێـوە بوویـن گەیشـتینەوە هێـزی دەشـتی هەولێـر لەوێـش کتابیـان بـۆ کردیـن بـۆ مەکتـەب عەسـکەری لـە مەکتـەب عەسـکەریش ئێمەیـان ڕەوانـەی هێـزی ئـازادی کـرد هێزی ئازادی تازە تەشـکیل کرابـوو هەمووی پۆلیس بـوو ئامـر هێـز قورشـید شـێرە بـو ئامـر بەتالوێـن مـەلا غەریـب بـوو سـەرلقمان عەزیـز عومـەر ڕەحمەتـی بـوو مـن لای عەزیـز عومەربوم گەلـەک پیاوێکی قارەمان بـوو لـە داسـتانی گرتنی چوار تا لە سـاڵی (١٩٦٢) دەورێکـی کاریگەری بەرچاوی هەبـو ئـەو ڕۆژە چوارتـا دەگـری بـۆ بەیانییەکـەی هێزێکی ڕژێمی عێراقی هێرشـی کـردە سـەر قـەلا چـۆلان دەسـت پێدەکات کاک عەزیـز دەورێکـی بـاڵا دەگێڕێـت (١٦)مسـلحەی دوژمـن دەسـووتێنی ژمارەیـەک زۆر پۆلیسـی خەیاڵـە دەکوژن بـەلام بـە داخـەوە حەمیـد کاوانـی لـە شـەڕەکەدا شـەهید بـووە عەزیـز عومەریش برینـدار دەبـێ جـا مـن زۆر خۆشـحال بـووم بـەر لقـی ئـەم پیـاوە قارەمانـە کەوتم بـۆ هاوینـی سـاڵی (١٩٧٤) ڕژێمـی عێـراق هێرشـێکی بەربڵاوی بـۆ سـەر چیـای هەیبـە سـوڵتان و باواجـی و دۆڵـی سـماقوولی دەسـت پـێ کـرد لقەکـەی عەزیـز عومەر شـەڕێکی دەسـتەویەخەیان کرد کە سـێ جار حکوومەتیان شـکاند وەلعاسر تەنیـا هێزەکـەی عەزیـز عومـەر شـەڕیان کـرد بـەلام بـە داخـەوە عەزیـز عومەریان بـە جەلالـی لـە قەڵەمـدە دا بۆیـە ئەهمیەتی ئەو شـەڕە گەورەیـان بچوک کردەوە منیـش دەمـەوێ مێـژووی ئـەم پیـاوە ون نەبـێ بۆیـە هـەم لـە بیرەوەرەکانـم هـەم لـە کـۆڕ و مەجلیسـان ئەوەتـا لێرەش باسـم کرد لـە بـەرواری (١٩٧٤/١١/١) ئێمە هەشـت پێشـمەرگە بویـن لەگـەڵ عەزیـز عومـەر نەقـل بویـن بـۆ بەتالیۆنـی یـەک ڕاسـتەوخۆ بەتالیۆنەکە سـەر بەمەکتەب عسـکری بوو نەقیب حسـن بارزانی ئامر بەتالیـۆن بـو مـلازم عومـەر جێگری بـوو ئیتر لەو بەتالیۆنـە درێژەمان بە خەبات دا لـە بـەرواری (١٩٧٥/٣/٦) دەنگۆیەکـی زۆر ناخۆش بڵاو بوویەوە وتیان سـەدام لەگەڵ شای ئێران ریک دەکەون ئەوەش خەبەرێکی ناخۆش بوو پێشمەرگەیەکمان هەبـوو ڕادیۆیەکـی زۆر باشـی هەبـوو هەمـوو سـەرە سـەعاتێک ئیخبـاری عالەمـی دەکردەوە هەمومـان بـە دیـار ڕادیۆکە دادەنیشـتن یەک لە پێشـمەرگەکان زمانی عەرەبـی فـول بـوو ئـەو بـۆی وەر دەگێراین وتی بە خوا کاکە سـەدام لەگەڵ شـای ئێران و سـە رۆکی جەزائیر گەیشـتنە ڕێککەوتن خوا بزانێ ئێمە چیمان بە سـەر دێـت بـۆ بەیانـی لە بـەرواری (١٩٧٥/٣/٧) ڕەتلیکی کۆپتەر بەرەو شـاری ڕواندز

جـون مـن ژمـاردم (٣٨)کۆپتـەر بـوو هـەر ئـەو ڕۆژە بـە کاک عزیزعومـەرم وت مۆڵەتـم بـدە سـەرێک لـە باوکـم بـدەم لەطـةل خزمەکانـم باوکیشـم پێشـمەرگەبو بارەگاکەیـان لـە گونـدی شـیرێ بـو کاک عەزیـز وتـی بـڕۆ سـەریان لێدا مەیـەوە ئەگـەر شـەڕ دروسـت بـوو بروسـکەت بـۆ دەکـەم لـە نێزگـە ئـەو کات بگەڕێـوە تا برووسـکە نەکـەم مەگەڕێـوە لای باوکـت بـە منیـش گوتـم زۆر سـوپاس لـە گوندی بنـاوی بەرێکەوتیـن بـۆ گوندی شـێرێ لەمـا بەینی گوندی بالیسـان و بێراوە چوار پێشـمەرگە, دانیشـت ون قسـەیان دەکـرد ئاگایـان لـە مـن نەبوو یەکێکیـان دەیوت بـە شـەرەفم ئـەو شورشـە تێـک دەچـێ گوێم لـێ بوو چۆن کارەبا بمگـرێ منیش وام لـێ هـات منیـش گەیشـتمە لایـان سـڵاوم کـرد سـلاویان وەرگرتـەوە وتیـان دانیشـە منیـش ووتـم سـوپاس دەڕۆم ڕۆیشـتم چوومـە گوندی شـێرێ کە چوومە مەقـەری باوکـم داخـرا بو کەسـی تیا نەبوو منیش پرسـیارم کـرد لە جیرانەکەیان نـاوی مـام وسـو بـوو وتـم مـام وسـو ئـەوە بـۆ واچۆڵـە لـە کویـن وتـی گشـتیان ڕۆیشـتوون بـۆ دەشـتی کۆیـە گونـدی شـاخە پیسـکە منیـش بیـرم کـردەوە چۆن بچم بۆ دەشـتی کۆیە گەلیک دورە دەترسـم کاک عزیز بروسـکە بۆ بیشـمەرگەکان بـکات کـە بەمۆڵـەت ڕۆیشـتون ئەگـەر زونەگەمـە جـی شـەرمەزار دەبـم دوایـی فکـرم کـردەوە وتـم باشـە خـۆی وتی برۆ مەیەوە تابروسـکە نەکـەم منیش بریاری ڕۆیشـتنم دا گەیشـتمە گونـدی سـکتان لـەوێ مەقـەری مـلازم بێسـتوون لەوێ بوو مـلازم بێسـتوون مەسـوولی تۆپخانـە بـوو کوڕێکـی پلکـم لەگـەڵ ئـەو دابـوو بۆیـە چوومـە مەقەرەکەیـان عەلـی کـوڕی پلکـم وتی لـە کوێ هاتی بۆ کـوێ دەچی وتم لـە دۆڵـی بالیسـان هاتـم دەچـم بـۆ ولاتـی کۆیـە وتـی ئەو شـەوە نـەڕۆی لای من بـە وتـم باشـە شـەو کاک علی وتـی مەقەریکـی حیزبـی شـیووعی وا لێرەیە دەچم بـۆ ئـەوێ ئـەو کاتـی حیزبی شـیووعی بەشـێکیان لە لەگەڵ ڕژێم بوون بەشـێکیان لەگەڵ شـۆڕش بوون کاک عەلی وتی کاک غەفوور دەڵـم زۆر تەنگە شـیووعییەکان کادری زیرەکیـان هەیـە بـا بزانـم چـی دەڵێـن منیـش وتم بۆ هیچ هەیـە کاک عەلی وتـی بـە ڕای مـن ئـەو شۆڕشـە تێـک دەچێ منیش وتـم خێر بڵێ ئیتـر کاک عەلی ڕۆیشـت منیـش لێـی خەوتـم زۆر مانـدوو بـووم درەنگانی شـەو کاک عەلـی هاتەوە منیش خەبـەرم بـۆوە وتـم کاک عەلـی خەبەرێکـی خـۆش هەیـە یان نـا بەداخەوە خەبـەری زۆر ناخۆشـم پێیـە وتـم چییـە وتـی بـە دڵنیاییـەوە ئـەو شۆڕشـە تێـک دەچـێ مـن بۆیـە دەنووسـم تـا خەڵـک بزانـی خەڵکـی زۆر زیـرەک هەبـو لەنـاو شـۆڕش ئـەوەش بـۆ مێـژوو بـۆ بەیانـی ڕۆیشـتم بـەرەو ولاتـی کۆیـە بـۆ ئێـوارە

گەیشتنە گوندی شاخە پیسکە کە چووم باوک و خزمەکان هەموویان لەوێ بوون لە ماڵی مام نەبی ئەوە منیش گەیشتمە لایان ئەوانیش هەستێکیان کرد بوو بۆیە لە منیان پرسی چ هەیە منیش وتم هیچ نییە وتیان خەڵک قسەی زۆر ناخۆش دەکەن وتم خەم مەخۆن قابیلە ئەو شۆڕشە گەورەیە حیسابێکی نەکردبێ ئیتر تاوەکوو (١٩٧٥/٣/٢٠) بەیانیەکەی چوومە دیوەخانی کێخوا هەمزەی شاخە پسکە کە چووم مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەوێ بوون ڕادیۆکی گەورەیان دانابوو پێشمەرگەکان سەریان بۆ ڕادیۆکە نەوی کردبوو هەستی خۆیان لە ئەخباری مۆنتیکارلۆ ڕاگرتبوو مەسوولەکەشیان پیاسەی دەکرد و قومێ لە جگەرە دەدا دە ی وت چۆن وا دەبێ ئێمە لە سەرکردایەتی قبووڵ ناکەین ئاش بەتاڵ بکە منیش وتم ئەوە چییە پێشمەرگەیەک گوتی بۆ ئاگادارنی وتم نەوەڵا وتی شۆڕش بڕیاری ئاش بەتالی دا کەوای و زۆر غەمبار بووم ئیتربۆ نیوەڕۆ تائیوارە پێشمەرگە پۆل پۆل داهاتن و بەرەو دیگەلە و مولگەکانی دوژمن دەچوون خۆیان بە دەستەوە دەدا ژن و پیاوی شاخە پیسکە بە گریان پێشوازیان لە پێشمەرگە دەکرد بەڕاستی دیمەنێکی زۆر خەماوی بوو ئیتر ئێمەش باوکم و خزمەکان بەرەو دەشتی هەولێر بەیانییەکەی ڕۆژی دوایی بەڕێک کەوتین بۆ ئێوارە گەیشتنە گوندی دۆلە بەکرە وتیان ئەم شەوە لێرە دەبین بەیانی دەچین خۆمان تەسلیم دەکەین مەفرەزێکی حیزبی شیووعی هاتن لەگەڵ ناسیاربون وتیان بەیانی زیلی عەسکەری دەینن و تەسلیمتان دەکەین دوای شعوویەکان (٢) ئەمن هاتن سەیارەیەک شلەخەجەیان پێ بوو هاتن دۆقەیان لەگەڵ کردین وتیان کەی دێن تەسلیم دەبن وتمان بەیانی وتیان باشە بەڵام لەگەڵ شوعییەکان مێن ئێوە کوڕی ئەم عێراقەن ڕێزتان هەیە وتمان باشە بەیانی ڕۆیشتین بۆ قوشتەپە لەوێ پێشمەرگە ڕێز ببوون ئەی خوایە چەندە ناخۆش بوو برنۆکانمان لە شان هێنایە خوارەوە و تەسلیم بە ئەمن مان کرد باوەڕ بکەن گریان قورگی گرتبووم بەڵام چارەمان نەبوو ئەمنی قشتەپە ئێمەیان بردە ئەمنی هەولێر لەوێ باوکم و بە تەمەنەکان ئێزن دران دوای بەڵام من و چەند هەڤاڵێک ماینەوە ئێمەیان بە کتاب تەسلیم بە موعسکەری هەولێر کرد ێ فیرار وموتەخەلیفەکان ڕەوانەی سەر وەحەدەکانی عەسکەرییان دەکردین من چەند هەڤاڵێک چونکە پۆلیسی فیرار بووین کتابیان بۆ کردین بۆ مدیریەتی پۆلیسی سلێمانی چووینە سلێمانی لە سلێمانیش کتابیان بۆ کردین بۆ دیوانە ئیتر ڕۆیشتین بۆ دیوانەیە شەو

گەیشتینە ناو بازاڕی دیوانیە کوردێکمان بەرضاو کەوت لە کوردانی عائیدون ئێمەش پرسیارمان کرد وتمان ئێمە پۆلیسی فیرارین دەبێ پۆلیسەکان لەکوێ بن کوردێک بەگەرمان کەوت ئێمە بردە لای پاسەکانی ئیشیان دەکرد بۆ گواستنەوەی پۆلیسەکان بۆ ناو شاری دیوانیە ئیتر ئێمە سواری پاسێک بووین پاسەکە عەرەکەی کرد زۆر نزیک بووین بە چارێکە سەعاتێک گەیشتینە ئۆردوگایەک یان بۆ دروستی بۆیان دروست کردبووین لە مابەینی دیوانێ و دەغارە لەو سەحرایە تۆز بەری ئاسمانی گردتبوکە تەماشامان کرد خەڵکێکی ئەوەندە زۆری لێ بوو بە حیساب نە دە هات زیاتر لە دوسەد عەرەب بە عەسیر سلفیان دروست دە کرد هە ر سلفیک بۆ پێنج کەس دانرابوو ئێمەش چونکە تازە هاتبووین پرسیارمان کرد وتمان ئەرێ ئێمە چی بکەین یەکێک بە گەلمان کەوت وتی ئەو سلفیانە چۆڵن و سلفیک بۆ خۆتان دا بنێ ئێمەش سلفیکمان دابین کرد و بۆ بەیانی سافیرە یان لێدا وتیان هەمووتان وەرنە ساعە ئێمەش چووینە ناوییان نوسین هەموویان ڕیکخستین هەر سەد کەسە نووسران بە ناوی سریەی یەک تا ئاخیری ژمارەمان ئەوەندە زۆر بوو گەیشتبوە (٧٥٠٠) کەس بۆیە ژمارەیەکی زۆربو چونکە لە ساڵی (١٩٦١) شۆڕشی ئەیلول دەستی پێ کرد و ئە و پۆلیسانەی لە ساڵی (١٩٦١)فیرارییان کردوو تا ساڵی (١٩٧٤) لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان بۆیە ژمارەی زۆر بوو ئەو ڕۆژە کە ناونووسین کراین بەرواری (١٩٧٥/٣/٢٨) بوو ماوەیەکی زۆرلەو ئۆردوگایانە ماینەوە هەرچەندە بڵێ ژیانێکی ناخۆش بوو زۆر گەرما بوو تۆز خولێکی یەک جار زۆر بوو جارجار هەو سیلفانە ئاگریان دەگرد مرۆڤەکان بە سوتفە نەجاتیان دەبو ڕۆژێکیان ئاگرێکی گەورە دروست بوو بە داخەوە دوو کەس گیانی لە دەست دا یەکیان خەڵکی کۆیە بوو ئەویتریان خەڵکی قەڵادزێ بوو من تووشی ی نەخۆشییەکی زۆر کوشندە ببووم هیچم بۆ نەدەخورا ئەگەر شتێکم بخوارد با مەعیدم دەترشا و تووشی ڕشانەوە دەبووم ئەمن نەمدەزانی چی بکەم کاک عەزیز عومەر ئەوە ی سەرلقمان بوو ئەویش لە لای مەبوو هاتە لام وتی

کاک غفور وتیان نەخۆشی وتم کاک عەزیز نەخۆشم هیچ هێزم نەماوە وتی خۆت ئامادە بکە دەتبەم بۆ دکتۆر وتم باشە منی بردە دیوانیە چەند دکتۆرێک مان کرد دکتۆرەکان دەیانوت ناتوانین فحست بۆ بکەین چونکە حزبی بحس هەمو دکتۆرەکانی ئاگادار کردۆتەوە هەر دکتۆرێک عیلاجی عائدون

بکات بەتوند ترین سزا سزایی دەدە ین کاک عەزیز کە عەرەبییەکی زۆر باشی دە زانی وتی دکتۆر ئەی ئێمە عیراقینین خۆ ئیسرائیلینین بۆچی وامان لێ دەکەن وتی دکتۆر ئێستا ئەو گەنجە جوانە وا خەریکە دەمرێ دکتۆرەکە هەستی خۆی ڕاگرتبوو وتی چی بکەم جەرگم بۆتان دێشێ کاک عەزیز وتی بەس بزانم سەبەب چییە وتی بە ئێمەیە وتووە هەموو عەرەبەکان خزم و کەس و کار یان لەو شەڕانە کوژراوە نە وە ک دکتۆرێک لە خوێنی کەسەکەی عائیدوئێک بە دەرمان بکوژێ ئەوە سەبەبەکەیە دکتۆرەکە وتی بەعسیەکان دەڵێن ئێمە هەموو ڕۆژێک دکتۆریان بۆ دەبەین ڕاستە دکتۆر دەهات بەڵام نەخۆشەکان ئەوەندە زۆر بوون بەر نەدەکەوتن ئیتر بە هەناسە ساردییەوە دەگەڕانەوە وەزعم ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو لەناو سلیفەکە کەوتبووم برادەران زۆر پێم وا ماندوو دەبون ڕۆژێکیان (مەلا عەلی) ئەویش عائیدون بوو لە ساڵی (١٩٦٤) لە باڵی مەکتەبی سیاسی بوو لەگەڵ مام جەلال پیاوێکی زۆر تێگەیشتبوو وتی ئەوە چیتە باسی نەخۆشییە کەتم بۆ بکە منیش بە دوور و درێژی باسی نەخۆشییەکەم کرد کە لێ بومەوە وتی من دەبم بە دکتۆری توو چونکە من تێگەیشتم نەخۆشی توو مەعیدەت ئینتیهابی کردیە چونکە من زۆر جار وام لێ هاتووە ئێستا چیت پێ دەڵێم وا دەکەی منیش ئەوە دە ئازارم کێشا بۆ ئامادە بووم هەر چی بڵێ وا بکەم مەلا عەلی برازایەکی لەگەڵ دابو ناوی خدر بوو وتی خدر برۆ دیوانییەی یەک قوت و شیری نیدۆم بۆ بێنە لەگەڵ دوو پارچە کێک نەوعی کێکەشی پێ وت کاک خدر هەرزو چوو شیر و کێکەی هێنا و هاتۆ مەلا عەلی وتی ئەو شیرە هەموو ڕۆژێک سێ جار هەر جارە پەرداخێک لەگەڵ ئەو کێکەی دەخۆی بۆ ماوەی یەک مانگ وا دەکەی منیش هەموو ئامۆژگارییەکانم بە زیادەوە جێبەجێ کرد ڕۆژ بە ڕۆژ باش دەبووم وا لێهات مەعیدەم زۆر باش بوو دوای پازدە ڕۆژ چومە لای مەلا عەلی وتم وا شێت دەبم بۆ گۆشت و ئەویش پێکەنی وتی وەرە لەگەڵم لەگەڵی چووم لای تکە فرۆشێک دوو شیشی هەڵگرت بە خۆی چەورییەکەی لێکردەوە و جوان بڕاندی وتی بیخۆ منیش بە ترسەوە خواردم ئیتر زۆر باش بوو هەر چۆنێک هەبوو مانگەکەم تەواو کرد لە خوای بە زیاد بی زۆر باش چاک بومەوە لە ئۆردووگای ژیانێکی ناخۆشمان بە سەر دەبرد دیاردەیەکی زۆر ناشرین لە هەندێ برادەران بەدی دەکرا ئەویش ئەو کەسانە بوون هەموو ڕۆژێک دوای نیوەڕۆ دەچوونە قەزای حەفک بۆکاری بەدڕەوشتی ئەویش ناو ناوبانگی کوردییان لە

گەدار کرد هەرچەند برادەران لیژنەیەکی ڕیش سپییان تەشکیل کرد و بەردەوام دەگەڕان سەردانی برادەرانیان دەکرد ئە ئامۆژگارییان دەکردن خۆیان بە دوور بگرن لەو کارە ناشرینە بەڵام بێ سوود بوو حکوومەتی عێراقیش تا عفوات هەبوو هەرچی لە ئیران بگەڕایەوە دەچوو زێدی خۆی بەڵام عەفوەکە کۆتایی هات و هەرچی دوای عەفوو دەهاتەوە بە ماڵ و منداڵ و ڕاپێچەکی خوارووی عیراقیان دەکرد ئیتر بەردەوام ماڵە کوردییان بۆ جنوب دەهێنا و ڕۆژێک دەنگ و باس سەبارەت بە پۆلیسە عائیدون بڵاو بووە هەندێک دەیان وت دەمانێرنەوە هەندێک دەیانگوت دابەشی سەر پارێزگاکانی عێراق مان دەکەن بەڵێ بۆ ڕۆژی دوایی هەموویان کۆکردنەوە ووتیان ئەوانەی بە تەمەنن ڕەوانەی کوردستانیان دەکەینەوە ئەوانەی گەنجن دابەشی سەر پارێزگاکانی عێراقیان دەکەین ئێستا ناو دەخوێنینەوە دەستیان کرد بە ناخوێنینەوە ئەو ڕۆژە تا ئێوارە ناویان خوێندەوە سێ ڕۆژ ئەوەی بەتەمەن بوو ڕەوانیان کردەوە ئێمە ماین دوای تەواو دەستیان کرد بە دابەشکردنی ئێمە بۆ پارێزگاکان هەموو ڕۆژ (٥٠٠)کەسیان دەخوێندەوە من مامەوە لە دیوانییە ئەوانەی لە دیوانیە مانەوە (٣٠٠)کەس بووین بۆ ڕۆژی دوایی ئێمەیان بردە ناو مدیریەتی پۆلیس دیوانییە (٤٥)ڕۆژ دەورەیان پێکردین و ئەوجا دابەشی سەر قەزا و ناحیەکانیان کردین من لەگەڵ بیست و هەشت پۆلیس لە مەرکەزیی المنازەر لە شاری دیوانیە مامەوە ئیتر کەوتینە سەر ئەرک واجب و حکوومەتیش بەردەوام ئەو ماڵە کوردانەی لە ئیران دەگەڕانەوە بۆ جنوبی عێراقیان دەهێنا دوای بە دوای ئەوانەی حکوومەت بڕیاری دا ئەو سەر لق و ئامر بە تایلوون و ئامر هێزانە ناو ناوناوبانگیان هەبوو ئەوانیش لە هەولێر سلێمانی دهۆک کەرکووک بۆ جنوبیان دەهێنان ئەوانەی لە کاتی عەفووش هاتبوونەوە خزمێکی ئێمەشیان هێنا بۆ دیوانییە بە ناوی جەمیل عەمەد بریندار لەگەڵ مام میرزای ڕەسوول ڕۆستەم یەکێک تریشیان لەگەڵ بوو بە ناوی مەلا عاجی ڕەسوول ئەم سێ ماڵەیان بۆ گوندی واحد حوزیران برد ئەو گوندە سەر بە قەزای هەمزە بوو دوای ماوەیەکی زۆر من لەگەڵ کاک قادر چووینە گوندی واحد حوزیران بۆ سەردان ئەو خزمانە چووینە ماڵی مام جەمیل حمد بریندار مام میرزا و مەلا حاجی ڕەسوولیش هاتن بۆ ماڵی مام جەمیل زۆر کەیف خۆش بوون کە چاویان بە ئێمە کەوت دوای دانیشتن و ئەحواڵ پرسین دیار بوو مام جەمیل بە مەلای وت کاک مەلا تکایە واز لەو کە لە رە قیە بینە ئێمە دیلی

دەستی ئـەو حکوومەتەیـن مـەلا وتـی دیار بوو هەر مسـیربو لەسـەر لە قسـەکانی ئێمـەش تێنەگەیشـتین مەسـەلە چییـە بـە مـام جەمیلـم وت بـا ئێـوەش بزانـن دوێنـێ منـە زە مـە ی بەعسـیەکان هاتـن کۆبوونەوەیـان پـێ کردیـن مەسـوولەکە وتـی ئێـوەش کـوڕی ئـەم وڵاتـەن هیـچ فەرقتـان نییـە لەگـەڵ عـەرەب حزبـی بەعـس حیزبـی ئیشـتراکەیە زۆر قسـەی لـەو بابەتـەوە کـرد وتـی کاک مـەلاش ووتـی نەخێـر زۆر فـەرق و جیـاوازی دەکـەن مەسـوولەکە گوتـی وەکـوو چـی مەلا وتـی ئـەوە نییـە ئێمەشـتان دەربـەدەر و سـەرگەردان کردیـە لـە کوردستانیشـتان دوورخسـتنەوە مەسـوولەکە وتی ئاخر ئێوە موخەریب بوون کاک مەلا وتی باشـە ئـەی ئێمـە وا هاتینـەوە لەسـەر عەفـووی حکومـە ت وتمـان پەشـیمانین بـەڵام وا دیـارە عقوبەمـان دەدەن مەسـوولەکە تـوڕە بـو مـام جمیـل وتـی کاک مـەلا دانیشـە ئـەوە بـۆ ئیمـە زۆرخراپـە کاک مـەلا بـە جـواب هـات وتـی ناتوانـم قبولی بکـەم دوای چەنـد مانگێـک کاک مـەلا خـۆی و خێزانەکـەی بـە خێرایـی هاتنـەوە کوردسـتان شـۆڕش بەرپابـوو مـەلا خـۆی گەیانـدە هێزەکانـی ی پێشـمەرگە و دەسـتی بـە خەباتـی شۆڕشـگێڕی کـرد بەداخـەوە تەمەنـی پێشـمەرگەیەتی زۆر کـەم بـوو لـە گونـدی سـناوە شـەهید بوو سڵاو لە گیانـی پاکی تا ئێسـتا مێژووی ئـەو سـەربازە ونانـە نـە نوسـراوە مـن بـە ئەرکـی خـۆم دەزانـم کـە ئـەو مێـژووە مێـژووی ئـەو قارەمانانـە لـە ئەسـتۆی ئێمەیـە ئێتـر مـن و کاک قـادر گەڕاینـەوە دیوانیـە درێژەمـان بـە ئەرکـی پۆلیسـی دا مێـژووی شـێرە کچـێ کـی ڕەواندزش ئەویـش بـە ئـەرک دەزانـم باسـی بکـەم لـە بـەرواری (١٩٧٦/٣/٢٤) ڕۆژێکیـان ئیمـە پۆلیسـە عائیدونـەکان لـە قاعـە دانیشـت بوویـن دوای دەوام لـە کاتێکـدا غەلبەغەلبێـک لـە عەوشـەی مەرکـەز پەیـا بـوو گوێمان لێ بوو دەنگـی ژنێک هات بـە کـوردی قسـەی کـرد ئێمـەش هـەر بـە بەپەلـە هەموومـان هاتینـە دەرەوە و دیتمـان دایکێـک و کچێکـی گەنـج بـە چەنـد پۆلیسـێک هێنابویان ئێمـەش چووین لای ژنەکـە وتمـان خێـرە ئێـوە بـۆ گیـران وتـی ئێمـە لەئێران بوین هاوسـەرەکەم لـەوێ کۆچـی دوایـی کـرد ئێمـەش دوایـی کۆچـی مێردەکـەم لەگـەڵ ئـەو خەڵکـە هاتینـەوە حکوومەتـی عێراقـی ئێمـەی هێنایـەوە جنـوب منیـش تەنیـا ئـەو کچەم هەیـە بۆیـە بەبەفیـراری گەڕاینـەوە کوردسـتان ئێمە خەڵکـی ڕواندزیـن گەڕاینەوە ڕوانـدزوو لـەوێ جاسـووس خەبـەری لێدانـی ئێمەیـان گرتـوو بۆ بغداد یـان هێنایـن لـە بغداش پۆلیسـی بەغدا ئێمەیـان بـە تەسـفیرات هێنـاوە تـا ئێـرە لـە کاتێکـدا ئەفسـەری خەفـەر هـات چـوو ژورەوە یەکێـک لـە پۆلیسـەکان کتابێکـی لـە پێـش

ئەفسەرەکە دانا و ئەفسەرەکەش دەور و تەسلیمی لەگەڵ کرد پۆلیسەکان دوای ڕۆیشتن ئەفسەرەکە وتی بانگی ئەو ژنە بکە با بێتە ژوورەوە ژنەکەش زۆر شەرمن بوو دەیویست بچێتە ژوورەوە دەگەڕایەوە کچەکەشی وتی دایکە لە چی دەترسی عەرەبان دەترسی لە عەرەب نەعلەیی پێ منن پێ خۆشی بلند کرد ئەفسەرەکە تێنەگەیشت کە ئەم کچە جوێنی دا ئەفسەرەکە ماوەیەک بێ دەنگ بوو بانگی منی کرد وتی غەفور خۆ تۆ دەزانی کە من چەند کوردم خۆش دەوێ دەزانم ئەو کچە جوێنیدا وتی خۆ من باش دەزانم کورد لە سەدا هەشتای بەشەرەفە عەرەب لە سەدا هەشتای بێشەرەفە واتە شەرەف لە ناو کورد زۆر گرنگە وتی بشەرەفەک ئیزا مات گوڵي هازە بنت شیکول گوتی منیش پێم وت دیسان دالغەی لێدا ووتی ژنی عەرەب لەسەر پێ ئەخلاقی تەفسیرات بۆمان دینەوە بەڵام ئەوانە لەسەر شەرەف ئەخلاق و ئازادی بۆ گەلەکەیان وایان بە سەر هاتووە ئەوەش دەگەڕێنینەوە بۆ سەرکردایەتیکی ترسنۆک و بێ ئەزموون وتی کاک غەفوور هیچم لە دەست نایە ئەگەرنا ئێستا دەینێرمەوە کوردستان منیش وتم سەیدی ئێستا مەسیریان چییە وتی باڵێرە لەسجنی ژنان بن سجنی ژنانمان هەبوو کچەکە و وتی ئەگەر لێرە سجن بین من نانی دەستی عەرەب ناخۆم ئەفسەرەکە وتی ئەوە چی دەڵێ وتم سەیدی دەڵێ نانی دەستی عەرەب ناخۆم ئەفسەرەکە وتی ئەوە ئێوە لێرەن نانیان بدەنێ وتم باشە ئەوانەیان بردە سجنەکە ئێمەش چووینە قاعەکە و قادر وتی غەفور ئەو ئەوە چی بوو ئەو کچە قارە مانە کێیە منیش وتم ئەوە خانزادی میری سۆران بوو ئەوە دوولبەرەکەی ناو قەڵای دم دم بوو ئەو شێرە کچە بو ئیتر ئێمەش لە دیوانییە ماینەوە (١٩٧٦/١٠/١) بە قەراری مەجلیس قیادە سەورە ڕەقەم (٣٨٨) ئەمە تەسریح بیوون گەڕاینەوە کوردستان

# عەلی رەسوڵ ( ١٩٤١ - ٢٠٢٠ )

لە ساڵی ١٩٦٤ پەیوەندی بەریزەکانی (ی. ق. ک) دەکات، ساڵی ١٩٦٨ دەبێتە لێپرسراوی ناوچەی هەولێری (پ. د. ک). ساڵی ١٩٦٩ زیندانی دەکرێت کە لەلایەن جاشەکان دەگیرێت و چەند مانگێک لە ئیستخباراتی عەسکەری دەمێنێتەوە و چەند رۆژێک پێش بەیاننامەی ١١ ئادار لەسەر راسپاردەی سەرکردایەتی ئازاد دەکرێت.

لە ساڵی ١٩٧٠ تا نسکۆی شۆرش لێپرسراوی ناوچە دەبێت. لە مانگی ٥/ ١٩٧٥ لە ئێران گەرانەوە. لەگەڵ شەهید عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی و سەیدا صالح یوسفی و بارزان مەلا خالید لە ریزەکانی بزووتنەوەی سۆشیالست بوون. لە ساڵی ١٩٧٥ نەفی کرا بۆ شاری روومادی قەزای فەلوجە لەگەڵ بارزان مەلا خالید.

تا ساڵی ١٩٧٨ مانگی ٦ گواستراوەتەوە بۆ هەولێر هەر لەگەڵ بزووتنەوەی سوشیالیست بوو لەمانگی ١٩٧٩/٦ دەستگیر دەکرێ بۆ ماوەی ٤١ رۆژ بێ سەرو شوێن دەبێ. پاشان بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێت و دوای ماوەیەک ئازاد دەکرێت و ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی دەکات بەریزەکانی پێشمەرگە تا ساڵی ١٩٩٢ دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە خولی یەکەم لە فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لە رۆژی ١٥/ ٢٠٢٠/١٠ بە نەخۆشی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد.

# فاروق صدیق رەشید هیرانی



بەسەرهاتی نەفی کردنمان بۆ باشووری عێراق پاش ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٧٤ مانگی سێ لەگەڵ حکومەتی عێراقی (بەعس) نەگەیشتین بە یەک شەڕ دەستی پێکردەوە» دوای ماوەیەک بەرە و ئێران ڕۆیشتین لە ئۆردوگای (ڕەبەت) نیشتەجێ بووین تاکو ساڵی ١٩٧٥ مانگی حەوت لە ئۆردوگا ماینەوە بەڵام هیچ چارەمان نەبوو بۆیە لەگەڵ عەفوی حکومەتی عێراق خۆمان ناونوس کرد کە بگەڕێینەوە بۆ کوردستان و زیاتر لە (٢٠٠) عائیلە ناوی خۆمان تۆمار کرد بۆ گەڕانەوە. دەیان لۆری (تریلە) یان هێنا هەر لۆریەک (١٠) عائیلەیان بارکرد، لە هەر لۆریەک نوێنەری ئێران لەگەڵمان سواربوو تاکو گەیشتینە سنووری عێراق ئەوجا دەورو و تەسلیمیان کرد، نوێنەری ئێران گەڕایەوە و نوێنەری عێراق لەگەڵمان سوار بوو تاکو گەیشتینە خاکی عێراق. سەیارەکان بەر و بەغدا ڕۆیشتن بووە هاتوهاوار وتمان نەمان بەنەوە بۆ کوردستان نەفی یان کردین بۆ جنوب، لە خوار بەغدا لە بەینی ئەبوغرێب وناحیەی گرمە سەر بە فەلوجە لە سەحرایێک ئەمەیان جەمع کرد هەر پارێزگایەک (٥٠) عائیلەیان بۆ دەنارد، شەوبوو لەبن خێمە ئەفسەرێک و چەند پۆلیسی لێ بوو. شێخ کەریم ئەفسەرەکەی ناسی ناوی سەعدی شەهاب سفلی بانگی شێخ کەریمی کرد بە شێخی ووت نزیکترین جێگا قەزای فەلوجەیە ناحیەی گرمەیە

ووتـی (١٥) عائیلـە بنوسـە بـۆ ئـەم جێگایەتان دادەنێم، ئێمەیـان برد بۆ گوندێک بەنـاوی (دەوایـە) لەناحیـەی گرمـە ئەمـە ناوەکانە:

١- شێخ کەریم صـافی هیرانی.

٢- شێخ صدیق رەشید هیرانی.

٣- شێخ عومەر قادر رەشید هیرانی.

٤- شێخ صەباح قادر هیرانی.

٥- عارف عەلی دۆشکە.

٦- حەمەدەمین کیشکە.

٧- عوسمان مستەفا بەگ

٨- موحسین مام تەحسین.

٩- موحسین خەڵکی ئەسپینداره بوو.

١٠- مەلا هادی.

١١- ئیسماعیل ئەسعەد مەسیفی.

١٢- تالیب ئەسعەد مەسیفی.

کـە گەیشـتین بـە گوندەکـە لۆریەکـە رای گـرت لـە رۆخ جـادە بـەلام هەمـوو خـۆر بـوو هەنـدێ خانوویـان لـە رۆخ جادەکـە کردبـوو، بـەلام دەرگاو پەنجـەرەی پێوەنەبـوو هـەر خانوێـک ٢ غورفـە بـوو بـەلام بـۆ هـەر غورفەیـەک دەبایـە (٥) نەفـەر بێـت، یەکـەم نـاو کـە بانگـی شـێخ کەریم و عارف عەلی دۆشـکە کە شـێخ کەریـم بـەرە و خانووەکـە چـوو (٢) سـەگ لـە ژوورەوە بـوون وتـی چەغـە ئێـرە جێـگای ئێـوە نیـە جێـگای ئێمەیـە، گریـا هەموویـان دەسـتیان بـە گریـان کـرد.

بڕوابکـە باوکـم شـێخ صدیـق، لەگـەڵ عومـەر و صابـح (٣) عائیلـە لـە دوو غورفەیـان پێدایـن، بـەلام خەڵکـی گوندەکە زۆر باش بـوون لەگەڵ ئێمە صاحێب گوندەکـە نـاوی شـێخ ئەحمـەد تامر بـوو هەمووانی ئاگادار کـردەوە زۆر یارمەتیان بـدەن هـەر رۆژێـک یەکێـک نـان و شـیوی بـۆ دەکردیـن پێـی وتیـن ئێـوە میوانـی ئێمـەن. بـەلام حـزب ئـاگادار کرابـۆوە کـەس نابـێ قسـەیان پـێ بڵـێ. بـە ئەمری سـەرۆک بـەلام پـاش سـێ مانـگ کۆیـان کردینـەوە و پێیـان وتیـن کـێ دەیـەوێ تەعیـن بێـت نـاوی خـۆی بنووسـێ لـە شـەریکەی (ئەرشـار) لـە فەلوجـە یـان هەر

دائیرەیەک پاش تەعین بوون ئەتوانن ماڵتان بەن بۆ ناحیەی گرمە یان فەلوجە بەڵام نابێ بەبێ پرس سەفەری کوردستان بکەن ئێمە لەگەڵ چەند خزمێک چووین بۆ ناحیەی گرمە بەڵام کە چۆن ئەم برادەرانەمان لێ ناسی کە هەندێکیان کاتی خۆی سەر بە فارس باوە بوون: (حەسەن عەلی، سمکۆ عەلی، بارزان خالید، قادر قەرەچوغ، بەدیع، عەریف ئەبو زێد، خالید گۆج، خدر برای شەهید ئەحمەد، عەلی رەسوڵ، ئەمجەد ئاکرەیی، مەلا هادی) بەڵام هەندێ ناوم لە بیر نەماوە من لەگەڵ کاک قادر قەرەچوغ و کاک بەدیع لە دائیرەی زراعە لە ناحیەی گرمە تەعین بووین.

ڕۆژێک مدیر ناحیە هەموومانی کۆکردەوە وتی: بارزان خۆش ولد بەڵام اسمە مو خۆش.

بۆ خۆشی: چایەخانەیەک هەبوو لە نزیک ناحیە لەسەر جادە هەموومان ڕۆژانە پاش دەوام لەوێ دادەنیشتین ڕۆژێک مدیر ناحیە هات ئەوسا منداڵێک قۆندەرەی بۆیاغ دەکرد عەرەبی نازانی مدیر ناحیە پێ وت اکو شوغل بابە ئیشت هەیە- چۆنە؟ منداڵەکە وتی واللە سیدی هنا کو لە نەعل. بەس انتە قۆندەرە، مدیر ناحیە پێکەنی زانی عەرەبی نازانێ. زۆر بەسەرهات هەیە بەڵام ناتوانم بنووسم. لەساڵی ١٩٨٧ گەڕاینەوە هەولێر.

# فاروق سەید حەسەن

مامۆستا فاروق سید حسن لە دایکبووی ١٩٣٤ دەرچوی دار معلمین لە هەولێر لەساڵی ١٩٧٤ پێوەندی بە ڕێزەکانی شۆڕشی ئەیلوول کردەوە و ئاوارەبووە بۆ ئێران و لەدوای نسکۆی شۆڕش لەسەرتای مانگی ٤ ساڵی ١٩٧٥ نەفی کرا بۆ باشوری عیراق شاری سەماوە لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێ یەکانی کەماوەی دوورخستنەوەی بۆ ئەم شارە زیاتر لە٣ساڵ٧مانگ خایاند و ئەو کەسانەی کەلەگەڵی بوون کەسایەتی شاری هەولێر بوون وەک خوالێخۆشبوو کاکەڕەش نەقشبەندی و خسروابراهیم دزیی مامۆستا احمدحسن بەنا وخوالێخۆشبوو حاکم احمد سالح باوکی دکتۆر بەرهەم احمد سالح وئەوماوەی کەنەفی کرابوو کەسایەتیەکی خۆشەویست بوو توانی ڕۆلی باشی هەبیت لەبواری پەروەردە لەم شارە بۆیە لەساڵی٨ ١٩٧ وەک مامۆستای نمونەیی دەست نیشانکرا لەشاری سەماوە و ساڵی ١٩٧٩ گەڕاینەوە هەولێر.

# حاجی فازل ئاغا گەردی (جێژنیکانی)

لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی (١٩٧٥) لە وەرزی بەهاردا بۆ گەڕانەوەی شاری هەولێر حکومەتی بەعس دەستگیری کردن لە (٤٥) ڕۆژ لە دوای ئازادکران، هۆکاری دەستگیرکردنیان سیخوریان لەسەر کرابوو کە چەک و تەقەمەنیان شاردۆتەوە بەدوای ئەوەن کە شۆڕش نوێ بکەنەوە و هەڵبگیرسێنەوە، پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ئەگەر چەکەکانیان ئاشکرا نەکردبا و رادەست نەکردبا لە سێدارەدەدران هەر ئەمە بووە هۆکاری تەرحیل کردنیان بۆ خوارووی عێراق لە بەهاری (١٩٧٦) بۆ پارێزگای دیوانیە ناحیەی سەنیە گوندی تاهیریە کاتێک گەیشتنە گوندی تاهیریە توشی نا ئارامی و دڵەڕاوکێ بوون لەبەر ئەوەی ئەو گوندە زیاتر لە (١٠) نەفەریان لێ کوژرابوو لە شەڕی شۆڕش و ڕژێمی بەعس، بۆیە بە ناچاری ڕۆیشتن بۆ کۆنە خانویەک و کەلاوەیەکی سکەی قیتار هەر لەوێشەوە خانوویان دروستکرد و دیوەخانیان دروستکرد بۆ خۆیان و میوانیان، لەو کاتەدا لەژێر چاودێری چڕی ڕژێمی بەعس بوون، هەر میوانێک لە هەولێر بهاتبایە سەردانی دەبوایە لەژێر چاودێری ڕژێمی بەعس دابوونایە هەر لەوێشەوە بە مۆڵەتی ڕۆژانە سەردانی بازاڕیان دەکرد بۆ جێبەجێکردنی پێداویستی ڕۆژانەی خۆیان تاوەکوو ٣ تا ٤ مانگ بە مۆڵەت دەچوون و دەهاتن پاشان ئاسایی بووەوە بەهۆی ئەوەی کە ئەوانیان دیت و پیاو ماقول و خانەدان خاوەن قۆناغ و کەسایەتی بوون کاری نەشیاویان ئەنجام نەدەدا.

دواتـر لەجیاتـی ئـەوان موراجەعەی دائیرەی بەعس بکەن داروەسـتی رژێمی بەعس خۆیـان سـەردانی دیوەخانیـان دەکـرد لەبـۆ ئامادەبـوون و بینیـان لـەوێ رژێمـی بەعـس خەلکەکـەی خـۆی تێگەیاندبـوو کە ئەو شۆڕشـگێڕانە دڕنـدە بوونە مـرۆڤ نەبووینـە و مـرۆڤ دەخـۆن دەسـتیان لـە خراپـەکاری هەبـووە کـە خەڵکی نیشـتەجێی ناوچەکـە، شۆڕشـگێریەکانیان دیتیـە کـە پیـاوی بـاش و ماقـول و موسـڵمان و ڕێکوپێـک بـوون ئـەو خەڵکـە بوونـە دۆسـت و خۆشەویسـتی باوکـم وەهاوەلەکانـی و هەروەهـا رژێمـی بەعـس پێی گوتن جارێکی دیکـە فکر نەکەنەوە بگەڕێنـەوە زێدی بـاوک و باپیریـان، بۆیـە داواتـان لێدەکەیـن وەرن ئێـش بکـەن دابمەزرێـن بـە کەنـاس و فـەڕاش یاخود کرێکاری بۆ خۆتـان ئەنجام بدەن ئەوەش بۆ سوکایەتی پێکردنی و ئیهانەکردنیان بووە. بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون سوپاس بـۆ خـوا لەلایـەن خانەوادەکـەی خۆیان خەرجیان بۆ دەهـات چونکە ئەوان خاوەن گونـد موڵکـی خۆیـان بـوون واتـە دەوڵەمەنـد بـوون لە زێدی خۆیان.

بـە حوکمـی مانەوەیەکـی زۆر لـەوێ برادەرایەتیـان پەیدا کردیـە لەگـەڵ خەڵکـی مەنتیقـەی یەکێـک لـە شـێخەکان دەعوەتی کردن کوڕی شـێخەکە هاتەوە پرسـیاری کـرد و گوتـی: ئەوانـە کێـن، شـێخی باوکـی وەڵامـی دایـەوە گوتـی: ئەوانـە جەماعەتـی مـەلا مسـتەفاینە تەرحیـل کراینـە بـۆ ئێـرە کـوڕی شـێخ ئـەو کاتـە ئەفسـەری رژێـم بـوو گوتـی: بەخـوای چابوو ئەوانە مسـتەحەقن سـوکایەتی بـە مـەلا مسـتەفا کـرد باوکـی گوتـی: اسـکت، واتـە بـێ دەنگبە، قسـەی پێ گوت و گوتـی: مـەلا مستەفا ئـەو پیاوەیـە لـە نێـوان سێ عەزیـا واتـە ئەژدیهـا بـە برنۆەیەکـی خـۆی ڕاگرتیـە ئایـا ئەمـە پیاویـن یـان ئـەوان پیـاون.

لـە مـاوەی ئـەو (١٤) مانگـەی کـەوا لـە خـوارووی عێـراق مانـەوە (٢) جـار مۆڵەتیـان پێـدرا چەنـد رۆژێـک بگەڕێنـەوە بـۆ کوردسـتان ئـەو کەسـانەی کـەوا تەرحیـل کرابـوون بریتـی بـوون لەو ناوانەی خـوارەوە: (حاجی فازل ئاغا گەردی-حاجـی محەمـەد مەجیـد ئاغـا گـەردی، حاجی مشـیر حەمەد ئاغا گەردی، رەشـید حەمـەد ئاغـا گـەردی، شـێخ سـمایل شـیخ عەبدولکەریـم بەرزنجـی، کێخـوا عەزیز گـەردی، دەروێـش کەریـم کـوردە، عەریـف سـەلیم، یاسـین کەردن).

لـە بەهـاری سـاڵی (١٩٧٧) گەڕانـەوە زیـدی باووباپیـران، پـاش دەرچوونـی لێبـوردن لەلایـەن رژێمی بەعسـەوە.

حاجی عەلی ئاغا حاجی فازل ئاغا گەردی

# فازیل شەوڕۆ

دوای دوو سێ حەفتە لە ڕێککەوتنی جەزائیری بەشووم و هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٧٥، من لە شاری شنۆ گەڕامەوە زانکۆی بەغدا و چوومەوە پۆلی چوارەمی بەشی زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا. گەرچی ئەزموونی کۆتایی ساڵ هەر ٣ مانگی مابوو، من چوومە هۆڵی تاقیکردنەوە و لە خوولی یەکەم دەرچووم و بڕوانامەی بەکەلۆریسم وەرگرت.

چونکە من عائیدوون بووم، یەکسەر یەکەم دامەزراندم لە شاری ڕومادی بوو، لە ڕۆژی ١٩٧٥/١٠/٢٧، دوو سێ مانگ دوای دەرچوونم، وەک مامۆستای ئینگلیزی لەو شارە دەستبەکار بووم.

**ئەوەی من لە ١٩٧٥/١٠/٢٧ تاوەکو ٩/٨/ ١٩٧٧ لەو شارە بینیم بە ئەمانەتەوە تۆماری دەکەم:**

* بە هەزاران ژن و منداڵ و گەنج و پیری هەموو شار و گوندەکانی کوردستانی باشوور، بە هەموو شێوە و زار و بن زار و کەلتوور و نەریتەوە ڕاگوێزرابوونەوە ئەم شارە. لە پاککەرەوەی شەقام تا فەرمانبەر پارێزگای تێدا بوو، لە لادێی نەخوێندەوار تا ئاغا و کوڕە ئاغا و کیخوای تێدا بوو، لە کەسانی ڕەمەکی تا کەسانی سیاسیی وەکو عومەر دەبابەی تێدا بوو. لە کەسانی پیادە تا ئەدەیب و ڕۆشنبیری وەکو شێرکۆ بێکەسی لێ بوو.

* ئەو خەڵکە بۆ خۆی خانووی بە کرێ گرتبوو. ئەوەی کە مووچەخۆر

نەبوو، دوای ماوەیەکی کەم ئیشی خۆی پەیدا کرد. نانەوا بووە نانەوا، قەساب بووە قەساب، سەوزەفرۆش بووە سەوزەفرۆش. وەلحاسڵ، چووبایتە بازاڕ، پێویستی نەدەکرد عەرەبی قسە بکەی، هەموو کووچە و کۆڵانێک کورد بوو. ئەلهەقی خەڵکی شارەکە، پێیان ناخۆش نەبوو کە ئەو کوردە ئاوارانە هێندێک لە ڕزقی ئەوانیان برد بووە یان کەم کردبۆوە.

* تا ساڵی ١٩٧٥ زۆربەی توێژ و تاقم و کۆمەڵە سیاسییەکانی ئەو شارە، سەر بە قەومییەکان بوون، کە دەمێک بو حیزبی بەعس دەسەڵاتی لێ سەندبوونەوە، جا تا ئەوکات حزبی بەعس زۆر باڵا دەست نەبوو لەو شارە.

**لە شاری ڕومادی ئەو ٣ شتە هەستی پێدەکرا:**

یەک: قەومییە عەرەبەکانی گەر دژی بەعسییەکانیش نەبووبن ، نایان دەحوباندن.

دوو: ڕەووتی ئیسلامی سیاسی شاراوە، باڵادەست بوو.

سێ: ئەوان وەکو سوونەئاییزنا، لەگەڵ کورد خۆیان بە برای دینی دەزانی.

* ئەم ٣ شتە وای کردبوو کە خەڵکی ئەو شارە بە گشتی، کوردە ئاوارەکان، وەک زوڵملێکراو ببین و جۆرە سۆزێکیان بۆیان هەبوو. ئەگەر کۆمەک و یارمەتیشیان نەدابن ـــ کە تەقسیرییان نەکرد، بەربەرەکانی کوردەکانیان نەدەکرد و وەک لێقەوماو سۆزیان بۆیان هەبوو.

* یەکەم دامەزراندنم لە دواناوەندی ئێوارانی ڕومادی بوو، کاک ئازاد جوندیانی لەوێ خوێندکاری خۆم. لە پۆلدا کورد و کچ پێکەوە بوون. کچەکان بە عەباوە دەهاتنە پۆل و لە ڕیزی پێشەوە دادەنیشتن.

* دوای دوو مانگ بەڕێوەبەرەکەم، فۆرمی زەوی بەخشینی دایە من کە ٢٠٠م ٢ زەوییم لەو شارە بدەنێ. من قبوڵم نەکرد و گوتم :» نیشتمانی من کوردستانە. لە کۆیە ئەو زەویەم بدەنێ نەک لێرە. ئەو زەوییە بۆ ئەوەیە من هەر لەو شارە نیشتەجێ بم.» کوردێکی زۆر زەوی وەرگرت.

* لەو دوو ساڵە پێ بە پێ بۆ قوتابخانەی باشتر گوێزرامەوە. لە قوتابخانەی شەو بۆ ناوەندی تەلیعە، دواتر بۆ دواناوەندی وەحدە پاشان بۆ ئامادەیی فەڵەستین، کە تەنها پۆلی ١٢ی زانستی هەبوو، ئاستی وەکو ئامادەیی کوردستانی هەولێر بەرز و بەناوبانگ بوو.

* ئیدارە و مامۆستاکان هەمیشە ڕیزیان لێدەگرتین، لەو دوو ساڵە نە ئیدارە نە قوتابی پێ نەگوتم لەسەر چاوت برۆیە... خەڵکەکە ڕیزیان

لێدەگرتین.

* ڕۆژێک فەڕاشێکی ئامادەیی فەڵەسیتن بە غاردەن هاتە لام، و گوتی:»مامۆستا فازیل، ئەمشەو کچێکمان بووە، گوتم دەبێ مامۆستا فازیل ناوی لێبنێ.» منیش گوتم:» ناوی لێ بنێ وەفا» چونکە تۆ زۆر بە ڕێز و بە وەفای.

* زۆر زەحفەت دەکراین لە هەموو بۆنەکان، ژنهێنان و جەژنەکان.تاد.. مامۆستا و قوتابی دەعوەتیان دەکردین. لەو زەحفەت و خوانانە، نەریتی عەرەبییە کە هەموو چێشت و ئاشێک دەبێ بێتە سەر سفرە، لە مەڕی سوورکراوەی سەر سینییە بریانی تا نیسک و نۆک... واتا پتر لە ٢٠ جۆرە ئاش.

* لە ناوەندی شاری ڕومادی، وەک شێخەڵلای هەولێر، گازینۆیەکی هاوینە هەبوو، هێندەی پێنەجوو، بووە بارەگا و مەکۆی کوردەکان. شەوان تا درەنگ خەڵکەکە لەوی دادەنیشت و بە شوخی و قسە و باس کاتیان بەسەر دەبرد. ئەو گازینۆیە ناونرا بە گازینۆی کوردان. جا هەر شارەی کۆمەڵە تەخت و کورسی خۆی هەبوو، واتا هەولێرییەکان پێکەوە لە دەوری یەک میز.. ئەوجا هەموو شارەکانی دی، سلێمانی، کەرکووک، خانەقین، کەلار. ڕانیە. زاخۆ. دهۆک.... تاد. من زۆرەتر لەگەڵ خەڵکی کەرکووک دادەنیشتم یان لە لای خەڵکی دهۆک، چونکە لەگەڵ مامۆستاکانی ئەو دوو شارە بووم. ئیمەی کۆیی ژمارەمان زۆر نەبوو تا تەخت و مێزی خۆمان هەبێ.

* ژمارەی کۆییەکان نە دەگەیشتە دە کەس. کەس خێزانی نەبوو، هەر خۆیان هاتبوون، زۆربەیان مامۆستا بوون. دلاوەری کوڕی کاکە زیادی لە ناحییەی بەغدادی نزیک ڕومادی بوو. یەک کەسمان لەگەڵ بوو بە بەدمەست بوو بەڵام هەر زەرەری بۆ خۆی هەبوو.

* چەندانجار دوکاندار و خاوەن کۆگاکان لە بازار داوایان لێ دەکردم کە لەسەر دوکانەکانیان کار بکەم، چونکە من لە قوتابخانەی شەو بووم. دەیان گوت، کورد دەست پاکن ئیمە متمانەمان پێیان هەیە. تەنانەت جارێک باسی خواستنی ژنیشیان بۆ کردم لە کچانی ئەو شارە. من قبوڵم نەبوو.

* جارێک، یەکێک لە شیخەکان، لە دیوەخان باسی پەیوەندیی خۆی

دەکرد لە گەڵ قاچاغچییەکانی کورد، کە توتنیان هێناوەتە ڕومادی و خەنە و خوێیان بردۆتەوە کوردستان. ناوی زۆریانی لە بیر مابوو.

* جارێک، بەڕێوەبەرەکەم لە ئامادەیی فەڵەستین، بە دزییەوە پێگوتم کە نەکەم ببمە بەعسی، چونکە ئەوان متمانەیان بە کورد نییە و بۆ جاسووسی ئێمەیان دەوێ. پەیوەندیم لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەر خۆش بوو. دوای گەڕانەوم بۆ کوردستان و بەجێهێشتنی شاری ڕومادی، بۆ ماوە یەک و ساڵ، ئەو بەڕێوەبەرم لە گەڵ خاووخێزانی دەهاتە کۆیە و لە هاوینەهەوارەکان دەمگەڕاند. ئەو ئۆتۆمبیلی خۆی هەبوو.

* مامۆستایەکی کەرکووکی کە لەگەڵم بوو لە شووقە، کوڕێکی زۆر باش بوو، بەڵام خەڵکەکە تووەمەتی ئەوەیان بۆ هەڵبەست بوو کە بووەتە بەعسی، چونکە کە لە پازگەکانی سەر ڕێی بەغدا، کە ناسنامە دەردەهێنی، ئەمن و سەربازەکان تەحییەی بۆ دەکەن. دەیانگوت دیارە کەسێکی پلە بەرزە لە حزب. شەوێک من ئەوەم پێگوت، پێکەنی. ناسنامەکەی خۆی نیشاندام. لە ناو کیفەکە، بەرامبەر ناسنامەکە، وێنەیەکی سەددامی دانابوو، تومەز کە ئەمن و سەربازەکان، وێنەی سەددام دەبینن، یەکسەر تەحییەی بۆ دەکەم وادەزانن شتە. ئەو بەستەزمانە کوردێکی پاک بوو، بۆ خۆ دەربازکردن، ئەو فێڵەی داهێنا بوو.

* عومەر دەبابە و محەممەد ساڵح کەریم و عزەدین مەحموود و مامۆستا کاکە حەمە حەمەدەمین ساڵح و چەند کەسێکی دێ، زۆربەی شەوانی هەینی لە ماڵی عومەر دەبابە دانیشتن و گەعدەیان هەبوو، ئەو خانووی بە کرێ گرتبوو. .ئەو شەوەی عومەر دەبابە ڕومادی بە دزیەوە بە جێهێشت و چووە سوریا، زەحفەتێکی گەورەی بۆ زۆربەی برادەرانی کرد بوو، بەڵام بە کەس کەس نە گوتبوو کە نیازی سەفەری هەیە.

* شێرکۆ بێکەس، کە لە ناحییەی بەغدادی بوو، حاڵی زۆر پەرێشان بوو، زۆربەی شەوانی هەینی پێکەوە دەچووینە بەغدا و شەوێک لەوێ دەبووین دۆست و برادەرانمان دەبینی. شێرکۆ لە شیعرەکانی ئامارە بەو شەوانەی

بەغدای ئـەو کاتـی دەکا.

* شـەوێک لـە دیوەخانـی شـێخێک داوەت کـرا بووین، سـەلاجەکەی هەموو شـەراب و بیـرە و بـادە بـوو. لـە منـی پرسـی کـە خەڵکی کوێم، گوتـوم کوردم و کۆییـم.... کـە باسـی برایەتیـی کـورد و عەرەبـم کرد، گوتی.. نـا، بەڕێزم، ئێمە جـاران بـرا بووین، ئێسـتا برایـی ئێمە شـیری قووتووە، ئەوەی زەمانـی زوو نەما. ئێسـتا ئێمـە خوێنمـان کەوتـە بەین، بـەڵام دەزانین هـەردوو لا بێگوناحین.

هەر لەو دانیشـتنە، کەسـێک هات دیار بوو بەعسـی بوو. گوتی دوا کەوتووم چونکـە تفەنگەکـەم بـردەوە ماڵـەوە ئەوجـا هاتمـە خزمـەت شـێخ.. شـێخ گوتی: کـوڕم، بـڕۆ لـە دەم ئـەو رووبارە ــ رووباری فورات، جێگەیەک دەستنیشـان بکە، بـۆ ڕۆژی لێقەومانـت، تـا زوو بچـی تەفەنگەکەتـی تێدا فڕی دەی.

* ئەو ڕۆژەی کە بۆ دواین جار ماڵئاوایم لە هێندی لە مامۆسـتا عەرەبەکان کـرد، هێندێکیـان تـا گـەراج لەگەڵـم هاتـن و هـون هـون دەگریـان و فرمێسـک لـە چاوانیـان دەهاتـە خـوارەوە. ئـەوان زۆربەیـان لە مامۆسـتا ئیسـلامییەکان بوون و بـاوەڕدار بوون.

* لـە ڕومـادی، کـە دەچوویتـە ماڵـە عەرەبێک، ژنەکانیـش دەهاتن بۆ بەخێر هاتـن تۆقەیـان لەگـەڵ دەکـردی... . ئـەو نەریتی وان بوو چونکـە خێڵەکی بوون.

* نـاوی سـەیر سـەیرییان هەبـوو وەک (حەرامـی / کلیـب / ذئب / فانووس / حنتـوش / سـفر / فنیـش.... کـە پرسـیاری ئـەو نـاوە غەریبانـەم لێکـردن، گوتیـان ئێمـە خێڵەکیـن حـەز بـە نـاوی دڕندە و گیانـداران دەکەین. کـە منداڵمان دەبـێ، ئـەو یەکـەم وشـەی دێتـە بـەر گـوێ، دەیکەیـن بـە ناوی کەسـەکە.

* زۆربـەی دوکاندارەکانـی ڕومـادی بـە قـەرز شـتیان دەفرۆشـتە کوردەکان، دەیانزانـی لێقەوماون.

* کـورد هەبـوو ژنـی لـە عـەرەب هێنا. سـەرەتا کوردەکان ڕەخنـەی توندیان لـە کەسـێک گـرت کـە خانەقینـی بـوو، کـە کچی خۆی بە شـوو دا بـە عەرەبێک، دواتـر بـووە شـتێکی ئاسـایی. کـورد هەبـوو هـەر لـە ڕومـادی مایـەوە نەگەڕایەوە کوردسـتان. کاروکاسـبی لـەوێ باش بوو.

* ئـەو کات خەڵـک بـە کاسێتی مووسـەجیلە شـیعری نیشـتمانی وەردەگرت و گوێـی لێرادەگـرت. کتێبـی کـوردی سیاسـی قەدەغـە بوو.

* ئەوەنـدەی مـن لـەوێ بـووم، کـەس داوی لـێ نەکردم ببمە بەعسـی. بەڵام لـە کورسسـتان، بەعسـییە کـوردەکان شـەو و ڕۆژ لـە دوام بـوون و تەشـقەڵەیان پێدەفرۆشتم.

* ئـەو سـەردەم نێـوان حزبـی بەعسـی عێراقـی و حزبـی بەعسـی سـووری زۆر ناخـۆش بـوو، هەوڵـی کودەتایەکـی سـەرنەکەوتوو درا لـە بەغـدا، ئەحمـەد حەسـەن بەکـر، سـەرککۆماری عێـراق بـە سـەدان تانـگ و زرێپـۆش و بـە هەزاران سـەربازی گواسـتەوە سـەر سـنووری سووریا بە نیازی پەلاماردانی سـووریا. لەو ڕقـە سـووریا ئـاوی ڕووبـاری فوراتـی بـڕی و وای لـێ هات ڕووباری فـوڕات، کە بە تەنیشـت ڕومـادی دا دڕوا، هێنـدەی نەمـا بـوو بـە تەواوەتی وشـک بـێ، خەڵک بە پـێ لێـی دەپەڕیـەوە، جوتیـار و ئاژەڵـدارەکان زۆر وەزعیـان خراپ بـوو.... دواتر وردە وردە گرژییەکـە خـاو بۆوە.

* ڕژێمـی بەغـدا، ئـەوکات ئەفسـەرێکی زۆر پلـە بـاڵای لـە سـێدارەدا خەڵکی ڕومـادی بـوو لـە هـۆزی دلێـم بـوو، نـاوی مەحمـوود دلێمـی بـوو، بۆ مـاوەی یەک دوو حەفتـە بـاری شـارەکە شـێواو بـوو، ڕژێـم ترسـی خۆپێشـاندان و ئـاژاوەی هەبـوو، چونکـە ئـەو هـۆزە یەکێکـە لە هـۆزە گەورەکانـی بیابانـی ڕۆژاوای عێراق.

* مـن کـە لـەوەی مامۆسـتا بـووم، مووچەکـەم تەنها ٥٧ دینـار بـوو. هـەر لـە بۆنـەکان و پشـووی نیـوەی سـاڵ و پسـووی هاویـن دەگەڕامـەوە کوردسـتان.

لـە سـاڵی ١٩٨٣، خەڵکیـان لـە جـادە دەگرت و یەکسـەر دەیان کردە جەیش شـەعبی و دەیان بردنە، بەرەکانی شـەڕ، لە سـەر سـنووری عێراق و ئێران. جار هەبـوو عەرەبانچـی و کاروانچـی و کرێـکار و کەناسـیان دەگـرت و دەفڕانـد، کـەس نـەدی دەزانـێ بـۆ کوێـی دەبەن. بەیانییەک، لە کۆیە لە بـەردەم نانەواخانەیەک، ڕاوەسـتا بووم، سرەم گرتبوو بۆ نان کڕین، ئەوەندەم زانی جێبێکی سـەربازیی، ئیسـتاپی گـرت و سـەربازەکان خۆیـان فڕیـدا خـوارە و ئەو خەڵکـە هەموو هەڵاتن و ئەفسـەرێک بـەرە نانەوخانـە هـات و دەسـتی بـۆ مـن درێژکـرد و گوتـی :»انـت مـو اسـتاذ فاضـل؟» گوتـم، بەڵـی، مـن هـەوم. یەکسـەر دەسـتی لـە ملکردم و ماچـی کـردم، گوتـی :»تـۆ یەکێـک لـە مامۆسـتا باشـەکانمان بووی لـە ئامادەیی فەڵەسـتین لـە ڕومـادی و خۆشماندەویستی.» ئـەو خەڵکـەی ئـەو نـاوە، لە ژن و منداڵ، هەموو سـەری لەو شـانۆگەرییە سوڕمابوو.

# فاروق عەلی مەولود

هەر لە قەسری شیرین کە سواری ئۆتۆمبیل بوو بەرەو خوسرەوی کەوتە رێ، تا سەر سنوور، دەیان خەیاڵ و بیرۆکە و پێشبینی و لێکدانەوەی سەیر و سەمەرەی بە مێشکیدا دەهات و وەکو تۆپەڵە داوێکی زۆر ئاڵۆز و پاڵۆز هیچ گرێیەکی بۆ نەدەکرایەوە، گرێیەکان هەموویان گرێکوێرە و ئاڵۆزاویی بوون.

لە یەکەم بازگەی سەربازیی سەر سنووری خوسرەویی، سەرباز و پیاوانی ئەمنی عێراقی، پیاوەکانیان لە ژن و منداڵەکان جیاکردەوە و دەیان بردن بۆ دوو ژووری بەبلۆکی سەر بەجەمەلۆن. پاشان دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد لەگەڵ هەر یەکێک لەوئاوارە گەڕاوانە. پرسیارێک و دوو پرسیار و سێ پرسیار نەبوو، چەندان فۆرمیان پێپڕکردنەوە و بە کامێرا وێنەیان گرتن، تا چوارپشتانیان لێدەپرسین. دوای نزیکەی دوو سەعات، بە دوو ئۆتۆمبیلی جۆری نێرن، ژن و منداڵەکان بە جیاو، پیاوەکان بەجیا بەرێکەوتن، لە نێو هەر ئۆتۆمبیلێک دوو سەربازی چەک بەدەستیان لەگەڵدا بوو.

فاروق، بە تێپەڕبوونی ئۆتۆمبیلەکەیان بەناو شاری خانەقین، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، ئەوە یەکەمین شاری کوردستانی باشوور بوو، چاوەکانی گەشبکەنەوە، هەستی بە خۆشییەکی زۆر غەریب کرد، کە نەیدەزانی وەسفی بکات، بەڵام کە دوای بڕینی ماوەیەک، ئۆتۆمبیلەکەیان، بەرەو جەلەولا بایاننەداوە، دڵی، نەختێ مشەوەش بوو، دواتر دڵی خۆی بەوە دایەوە، کە ڕەنگ بێ لە شارەبانەوە، یان لە بەعقوبەوە، بەرەو کوردستان ڕێبکەن.کە لە

بەعقوبـەش تێپەڕیـن و تابلـۆی سـەر ڕێـگای خوێنـدەوە بە گەورەیی نووسـرا بوو: بغداد ٦٨ کم، هەردوو دەسـتی خسـتە سـەر پشـتی کوشـینەکەی پێش دەمی و سـەری خۆی خسـتە سـەر دەسـتی، هەسـتی بەوە دەکرد دێ لەهۆشـخۆی بچێ... یان بڕشـێتەوە... یان تووشـی سەرەسـووڕەبێ. بە هێمنی لەبەرەخۆیەوە، گوتی:

ـ مەگـەر خـوا، دایـە ناتبینمـەوە، بـەڵام باوەڕیشـم بـە خۆڕاگریـی خـۆم هەیە.

لـە بـەردەم چێشـتخانەیەکی شـەعبی، لـە دەروازەی بەغـدا بـۆ نانخـواردن دابەزیـن. فـاروق، ویسـتی ورەی خـۆی بەرزبکاتـەوە و وەک خـۆ ئامادەکردنێـک بـۆ ئایندەیەکـی پێشـبینی نەکـراو، بڕیاریـدا نانێکـی بـاش باش بخـوات، دواتر، بە دزییـەوە خـۆی گەیانـدە شـۆفێرەکە و دوای گفتوگۆیەکـی سـەرپێیی، لێـی حاڵـی بـوو کـە دواییـن کاروانسـەرای ئـەم سـەفەرەیان شـاری دیوانییەیـە.

دوای بڕینـی (١٥٦)کـم، کـە دەگەنـە شـاری دیوانییـە ڕادەسـتی دائیـرەی ئەمنیـان دەکـەن و لەوێشـڕا، دیسـان لەگەڵیان دەکەونە تەحقیـق و تەحقیقکاری. دوای دەمـەو عەسـرێکی درەنـگ فـاروق و چەنـد ئاوارەیەکـی دیکـە لـە پشـتی پیکابێکـدا دەپەسـتن، بـە پاسـەوانی دوو پیـاوی ئەمـن، بـۆ مەسـافەی (١٥)کـم دەگەڕێنـەوە ئـەو ڕێیـەی پێیداهاتبـوون، لـە ناحیەیـی دەغـارە ڕادەسـتی دائیرەی ئەمنیـان دەکەن.

شـارەدێیەکی تەپوتـۆزاوی، ڕەنگـی مـەرگ لێنیشـتووی پیـس و پۆخـڵ، تەماشای هەر لایەکیت دەکرد ئاژەڵ و مەڕو ماڵات و گامێشی لەڕولاواز و سەگی بەڕەلا بوو، دارخورماکانی کە یەک و دوو هێشـووی خورمایان پێوە شـۆڕببوەوە، خـوار و خێـچ و دەردەدار دەهاتنـە بەرچـاو. ئـەوەی کە لە هەموو گۆشـەیەکی ئەو شـارەدێیە، لـە چاوەکانـت دەچەقـی، ئـەو کەپـر و سـاباتانەبوو کـە بـە حەسـیری خورمـا و قامیـش سـەریان گیرابـوو و وەکو چیغیش بەدەوریاندا شـەتەکدرابوون، کـە باشـتر لـە دەورووبەرەکـەی ڕوانـی و بـە جلـک و بـەرگ و پۆشـاکەکانیان، زانی کـە ئـەو کەپـر و سـاباتانە هی ئـەو کوردە ئاوارانـەن کـە بـۆ ئـەو ناوچەیـە نەفـی کراون. دوای سـێ شـەوان، لـە دەغـارەوە فـاروق دەگەڕێننـەوە بـۆ دیوانییـە، لەوێشـڕا دەیبەنـە دائیـرەی ئەمنـی عامـەی ئـەو پارێزگایـە. فـاروق بـۆ هەمـوو پرسـیار و لێکۆڵێنـەوەکان هەر یـەک قسـەی دەبـێ و ئیفادەکانـی ناگۆڕێ. چونکە پیاوانـی ئـەو دائیرەیـە، هەرچەنـدی دەکـەن ناتوانـن هیـچ زانیارییەکـی گرنـگ لـە

فـاروق هەڵکرێنـن، ڕاسـتەوخۆ، ڕادەسـتی دائیرەی ئەمنی عامـەی بەغدای دەکەن.

فـاروق، تێگەیشـتبوو کـە نیـازی پیاوانـی داغ لەدڵـی ڕژێـم خراپـە، بـەڵام چونکـە هەمـوو شـەوێ، باوکـی بەسـواری ئەسـپە شـێیەکەی دەهاتـە بـەردەم دەرگایەکـەی و قسـەی لەگـەڵ دەکـرد، ئـەو ورەی زۆر زۆر بەرزبـوو. بـە خـۆی دەگـوت:

ـ باشـە بۆچـی باوکـم ژیانـی لـە خـۆی تاڵکرد و دایکم و ئێمەی وا تووشـی دەردەسـەری کـرد؟ بۆچـی هەر بەندیخانـە و زینـدان و تەعزیبـی کـردە هاوەڵـی خـۆی؟ بۆچـی خـۆی بەکوشـتدا؟ بـۆ ئـەوە نەبـوو ئایندەیەکـی ئـازاد و خۆشـی پـڕ لـە سـەرفیرازی بـۆ نەتەوەکـەی و بـۆ ئێمە دەسـتەبەر بـکات؟ باشـە ... باوکم خـۆی کـردە فیـدای بیـر و بـاوەڕە پیرۆزەکـەی، بـەڵام ئامانجەکانـی هاتنـە دی؟ نەخێـر نـە هاتـە دی... کـە ئـەو شـەهید بـوو، کلاشـینکۆفەکەی هەر لـە شـان بـوو، کەواتـە، ئـەوە ئەرکـی سـەر شـانی منـە، درێـژە بـە ڕێبـازی باوکـم بـدەم و نەهێڵم کلاشـینکۆفەکەی بکەوێتە سـەر زەوی و دەسـتبەرداری بم، تا خەونەکانی نەهێنمـە دی.... بـا بمکوژن، قابیلـە ڕۆحـی مـن لـە ڕۆحـی باوکـم و ئـەو هەمـوو شـەهیدە زیادتـرە؟ بـە نرختـرە؟ مـن لەوەتـەی لێـرە چـاوم بـەو ژن و منداڵـە ئاوارانـە کەوتـووە، ئاگـرم تێبەربـووە، وەختـە بەگـژ داروبەردا بچمـەوە.... نا... مـن خـۆم نـادەم بەدەسـتەوە..من کـوڕی پیاوێکم پێیدەڵێـن: عەلـی مەولـود.

ئێوارەکـەی خەیاڵێکـی خەسـت فاروقـی پـڕ کردبـوو لـە سـۆزی ڕابردوو و منداڵـی خـۆی دەهاتـەوە بیـر کاتـێ دایکی دەیوت: ڕۆڵە ئـاوم بۆبێنە، زۆرم تینووە ئەوکاتە سـەهۆڵ نەبوو، ئەوکات کوپە و کوندە هەبوو کە ئاویان تێدەکرا. ئاومان بۆدەهێنـا دوای ماوەیـەک کـە دەحەسـایەوە، قرشـە گەنمەکـەی دەهێنـاو دەیکوتـا و دواتـر لـە دەسـتاڕی دەدا و چەنـد نانێکـی بۆدروسـت دەکردیـن و لـە برسـیەتی ڕزگاری دەکردیـن. زۆر جاریـش مـوو و خـوری بۆخەڵک دەڕسـت بۆئەوەی کەمێک پـارە پەیـدا بـکات و چـا و شـەکرمان بۆبکـڕێ. جانازانم چۆن پاداشـتی ئەو دایکە جگەر سـۆزەم بدەمـەوە. بـرا گەورەکـەم سەرپەرشـتی دەکردیـن توندوتیـژ بـوو لەگەڵمـان و لێـی دەدایـن، چونکـە کـەڕ و لاڵ بـوو نەیدەتوانـی نسـحەتمان بکات. لەنێـو ئـەو خەیاڵـە تـاڵ و چڕانە دەبـێ بانگی دەکەن، دەیبەنـە ژوورێک، هەر ئەو شـەوە، ئەفسـەرێکی پلـەداری ئەمـن، کـە نـاوی ئەحمـەد دەبـێ، تەحقیـق لەگەڵ فـاروق دەسـتپێدەکاتەوە و دەڵـێ:

- ئێمە زانیاریی تەواومان لەسەر تۆ و بنەماڵەکەت هەیە، جەنابت بە فەرمانی مەسعوود بارزانی گەڕاتیەوە، گوایە پەشیمانی و هاتۆیتەوە ڕیزی نیشتمان! تۆ کەسێکی نزیک بووی لە مەسعوود. چی لێداواکردووی بۆی جێبەجێ بکەی؟ چت لەبن سەرییە؟ باشە مەسعوود باوکی تۆی کوشتووە، تۆ چۆن چوویت خزمەتی ئەو پیاوکوژە بکەی؟

فاروق، بە تەحەدداوە، بە زمانی عەرەبی وەڵامی دەداتەوە، کە ئەو هەر خەریکی خوێندن بووە و هیچ حەقی نە بە سیاسەت، نە بە پێشمەرگایەتییەوە نەبووە.

دوای چەند و چوونێکی زۆر، کە هیچیان پێنەکرا، فرمانیاندا کە دەبێ، فاروق لە ژێر چاودێری بێت و لە شارەدێی دەغارە ژیانی ڕۆژانەی بەسەر ببات، بەومەرجەی ڕۆژێ دوو جار، بەیانی و ئێوارە، بچێتە دائرەی ئەمنی دیوانییە، بۆ ئەوەی لە دەفتەری مەوجودات، بە واژۆ ئیسپات وجوودی خۆی بکات. ئەوەی کە دەیویست سەری فاروق بەفەتارە ببات (عەزیز تەمر)بوو،کە پێشتر لە حزبی شیوعی بووە، عەلی مەولوودی دەناسی و وتبووی: بەڵێ فاروق بەدەستی مەسعود بەرزانی گەڕاتیەوە بۆئەوەی لەدژی ڕژێمی عێراق کاربکات. هەرچەندە بە لێدان و هەڕەشەکردن. ویستیان فاروق بهێننە قسە بەڵام سوودی نەبوو.

دوو مانگی ڕێک، ئەو سەفاوەڕوایەیان بەو کوڕە کرد و هەمیشە وەک سێبەر پیاوێکی ئەمنی بەدواوە بوو، سەردەمێک، مونعیم ناوێک، کە نائب عەریف بوو. دوایی چاودێرەکەی ئەمنێک بوو بە ناوی کامیل، کوردێکی خەڵکی بەعقوبەش ماوەیەک ڕەقیبی بوو. دوای ئەو دوو مانگە، واژۆی ئیسپات وجوودی ڕۆژانەی بۆ کرایە یەک جار، دەبوایە هەموو بەیانیان، بچێ لە دەفتەرەکەیدا واژۆی خۆی بکات. دوای یانزدە مانگ بەسەر بردن لە نێوان دەغارە و دیوانییە، ڕۆژێک لە دائیرەی ئەمن نووسراوێکیان پێدا، کە گوایە لەبەر ئەستۆپاکی مەلەفەکەی و ئیلتزامی بەو مەرجانەی بۆی دیاریکرابوو، ئەو ئازادە، دەتوانێ بگەڕێتەوە کۆیە. بێگومان ئەمە هەواڵێکی خۆش بوو، فاروق ڕاستەوخۆ قبوڵی دەکات، ئەوانیش نووسراوێکی بۆ دەکەن، تا لە ڕێی دائیرەی ئەمنی کۆیەوە، بچێتەوە ماڵی خۆی.

لەڕێگای گەڕانەوەی بۆ زێدەکەی، فاروق مێشکی خۆی هەر بەوەوە

سەرقاڵ کردبوو، هەر کە گەیشتەوە، ئەگەر بچێتە بەر دەرگای ماڵی مەلەکێ و دایە فاتم لێی بپرسێ کەی گەیشتوویتەوە؟ چۆن درۆی لەگەڵ بکات. ئەدی ئەگەر ڕاستەوخۆ بچێتەوە لای دایکی و مەلەک لێی بپرسێ لە کەیەوە گەیشتوویتەوە، چۆن ڕاستی لێ بشارێتەوە! لێ هەر گەیشتووە کۆیە، پێشەوای برای، لەبەردمی قوتدەبێتەوە و دەست لە ملی یەکتری دەکەن و یەکتر ماچ دەکەن و فاروق دەڵێ:

- پێشە، ئەو ڕۆژەی باوکم لە بەندیخانە ئازادکرا و هاتەوە گوندی، پێیان گوت، ئەوەش پێشەوایە، ئەو گوتی: پێشەوا کێیە؟! ئاخر تۆ تەمەنت چوار ساڵان بوو کە باوکم بەربوو، منیش هێندەی نەما بوو، وەکو باوکم نەتناسەوە، ماشاڵا گەورە بوویت و قۆز بوویت و گۆڕاوی.

لەڕاستیدا، دایک و خۆشک و براکانی، فاروق زانیارییان هەبوو، کە ئەو بۆ خوارووی عێراق نەفی کراوە و لە ژێر چاودێرییە. (فاروق)یش ئاگاداری کردبوونەوە، کە نەکەن بێن و سەردانی بکەن، نەکو ئەوانیش بگێڕنەوە و ئاوارەی ئەو سەحراو بیابانانەیان بکەن.

دوای شادبوونەوەی دایک و هەموو خوشک و براو خزم و دۆستەکان بە گەیشتنەوەی، سفرە و خوان ڕازاندنەوە، زوو فاروق خۆیان لێوندەکات و خۆی دەگەیێنیتە ماڵی مەلەکی خۆشەویستی، بەڵام توشی نائومێدی و نیگەرانییەکی ناخۆش دەبێ، کە زانی ئەو شویکردووە!؟ فاروق هەوڵیدا پەشۆکاوی خۆی بشارێتەوە، بەڵام لە چاوی ئەودا ئەو کچە وەکو ئەو دایکەی لێهاتبوو کە لەسەر جەنازەی سێ کوڕی دانیشتبی. فاروق بە گەرمی بەدەم تۆقەکردنەوە پیرۆزبای لێکرد و تەمەنای ژیانێکی پڕ بەختەوەری بۆ خواست. کە دەرفەتێک، دوور لە چاوی ئامادەبووان، سازبوو، کچە بە چرپەیەکی پڕ لە سۆزەوە گوتی:

- دەبێ بمبەخشی، من هیچ خەبەرێکی تۆم نەدەزانی، قەت لەو باوەڕەدا نەبووم ڕۆژێک بگەڕێیتەوە و چاوم پێت بکەوێتەوە! فاروق بەنیگایەکی قوڵ و بەزەردەخەنەیەکی نمایشکارانە جارێکی تر پیرۆزبایی لێکرد.

فاروق لە ڕەوشتی جوانی باوکی فێر ببوو، کە دەبێ ڕێز لە حەز و بۆچوون و تێڕاونینی خەڵکی دیکە بگرن، بۆیە زۆر ژیرانە، بۆ دڵنەوایی کیژۆڵەکە و پاراستنی ئاشتەوایی خێزانە نوێیەکەی، یەکسەر گوتی:

- دڵمان یەکە، ڕاست دەفەرمووی، باوەڕبکە من بەنیازی گەڕانەوە

نەبووم و نەخشەی سەفەری ئەورووپام هەبوو، بەڵام خۆشتان ئەوە دەبینن، هەموو شتێک قیسمەت و نسیبە!

بۆ سبەینێ، چێشتنگاوان، لەگەڵ پێشەوای برای، نووسراوەکە رادەسدتی دائیرەی ئەمنی کۆیە دەکات، چونکە ئەوان مەلەفی فاروق و عەلی مەولودیان لەبەردەست بوو، هەر زوو پلانێکیان داناوە، تا بتوانن کارێ بکەن وەکو دیوانییەو، ئەو بخەنە ژێر چاودێری خۆیان، بۆیە خەبەری ئەویان دایە کە ئەو موتەخەلیفە، بۆ سەربازیی موراجەعەی دائیرەی تەجنیدی نەکردوە و دەبێ دادگایی بکرێ!

کە تەسفیری دەکەن بۆ سەربازگەی غەزلانی لە موسڵ، دەیبەنە بەر دادگای سەربازیی ئەوێ، فاروق پاکانەی خۆی بەوە دەکات کە لە کاتی عەفوەکەی دوای (٦)ی ئادار، ئەو نەیتوانیوە بگەڕێتەوە و بێتەوە ریزی نیشتمانی، چونکە ئێرانییەکان دەست بەسەریان کردبوو، ئەویش وەکو ئەو هەزارەها کوردە لە ساڵی (١٩٧٤) چووبووە شاخ.

# فەرید سەعید محەمەد مستەفا بریفکانی

لەدایکبووی رواندز/ ١٩٤٩- خێزاندار، لە (١٩٧٤/٣/١٠) پەیوەندیم بە شۆڕشی کرد. مولازمی پۆلیس لە ئەمانەی گشتی شۆڕش. پێش پەیوەندیم بە شۆڕش ئەفسەری مەرکەزی حەریر بووم.

لەساڵی ١٩٧٠ کۆلیژی پۆلیسی بەغدام تەواو کرد دەورەی (٢٥)- پلەی مولازمی پۆلیسم وەرگرت و لە هەولێر لەم شوێنانە کارم کردووە ( مەرکەزی پۆلیس، سەرای، خانەقا، سەیداوە، تەیراوە، گوێڕ، سەرگەڕان، هەریر.

لەساڵی (١٩٧٥) گەڕامەوە بۆ عێراق و فەرمانم بۆ دەرچوو بۆ وەزیفەی مەدەنی بە ناونیشانی (امین السجل المدنی) لە سەماوە و دوایی گواسترامەوە بۆ قەزای (الخضر) لە سەماوە لە ئوتێڵ دەخەوتین زۆر برادەرمان لەگەڵدا بوون وەک لیوا شێردڵ و لیوا شخ نوزاد جەواد و لیوا عەباس کاک محەمەد صالح صالح ئەندام پەرلەمانی پێشوو و زۆر برادەری ئازیز و خۆشەویست هەبوون بەڵام ناویان لەبیرم نەماوە.

سەرەڕای ئەوەی ئێمە بەردەوام لەژێر چاودێری ئەمنی ئەوکاتە کە هەر مراقەبە دەکراین، بەڵام خەڵکی ئەوێ زۆر باش بوون لەگەڵ ئێمە.

هەڵسوکەوتی ناوچەکە باش بوو خەڵکی سەماوە زۆر ڕێزیان لە ئێمە دەگرت، ساڵی (١٩٨٢) گەڕاینەوە بۆ کوردستان.

پاش ڕاپەڕینی پیرۆز (اعادە) کراوە بۆ سلکی پۆلیس و لەسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم. لەساڵی ٢٠٠٨ فەرمانم دەرچوو بە (ڕاگری کۆلیژی

پۆلیسی هەولێر) و لەساڵی ٢٠١١ خانەخشین کرام لەسەر داوای خۆم بە پلەی (لیوای راگری کۆلیژی پۆلیس).



بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
وزارة الداخلية
مديرية الاحوال المدنية العامة
مديرية الادارة والذاتية
الذاتية

عند الاجابة يرجى الاشارة الى الرقم ادناه

الرقم /ذ/
التاريخ /٥/١٩٧٨

الى / مديرية الاحوال المدنية في محافظة المثنى

الموضوع : عريضة موظف

الحاقا بكتابنا المرقم ٢٤٥٢١ في ٢٢/ ٤/ ١٩٧٨

طيا نسختين من جدول خدمات السيد فريد سعيد محمد امين السجل المدني في دائرة الاحوال المدنية لقضاء الخضر بخصوص خدماته لدى مسلك الشرطة حسب الطلب رجاء

نورية كاظم قاسم
المدير العام للاحوال المدنية العام

المرفقات :
٢_ جدول خدمة

نسخة منه الى :
دائرة الاحوال المدنية في قضاء الخضر _ للعلم

اورجين/ ٢٩

جدول خدمات السيد [illegible] في سلك الشرطة

١- في ١٩/ ١١/ ١٩٦٨ دخل كلية الشرطة بصفة طالب

٢- في ١٤/ ٧/ ١٩٧٠ عين برتبة ملازم شرطة براتب (٣٠/-) دينارا شهريا حسب الامر المرقم ٤٢١٥٠٦ في ١٨/ ٧/ ١٩٧٠.

٣- في ١٩/ ٧/ ١٩٧١ منح العلاوة السنوية الى راتب قدره (٣٢/-) دينارا

٤- في ١٩/ ٧/ ١٩٧٢ منح العلاوة السنوية الى راتب قدره (٣٤) .

٥- في ١٩/ ٧/ ١٩٧٣ منح العلاوة السنوية الى راتب قدره (٣٦) .

٦- في ١٠/ ٧/ ١٩٧٤ هرب من الخدمة } الامر الاداري المرقم ١٨٢٨٨ في ١/ ١٠/ ١٩٧٥

٧- في ١١/ ٣/ ١٩٧٥ اعيد من الهروب }

٨- في ١١/ ٣/ ١٩٧٥ انفك من مديرية شرطة [illegible] لنقله الى [illegible]

٩- في ٢٦/ ٣/ ١٩٧٥ عين بوظيفة [illegible] سجل [illegible] على ملاك [illegible] حسب الامر [illegible] المرقم ٩٠١١٤/٣٣٦ في ٩/ ٣/ ١٩٧٥ ولا يزال مستمرا في الخدمة .

لبيد كاظم [illegible]
مدير الاحوال المدنية العام

[illegible]/ ٢٩/ ٥/ ١٩٧٨

نموذج رقم (٢)

العدد / ٦١١٠١

التاريخ / ١٢ / ٩ / ١٩٨٠

الموضوع / العلاوة السنوية

الى / محاسب مديرية [illegible]

الاسم الكامل : [illegible]

عنوان الوظيفة : [illegible]

الراتب الجديد : ١١٢/٥٠٠ (علاوة بعد التوصية بمنح السنوية)

التعويض :

الدائرة التي يتقاضى منها الموظف — مديرية الاحوال المدنية في [illegible]

أؤيد بان الموظف المبحوث عنه اعلاه قد اكمل سنة واحدة براتبه الحالي

البالغ (١١٢/٥٠٠) دينار بتاريخ ٥ / ٩ / ١٩٨٠

موظف الذاتية المختص

أؤيد بان خدمات الموظف المبحوث عنه اعلاه كانت مرضية من جميع الوجوه خلال السنة

الرئيس المباشر　　　الرئيس الاعلى المختص

ان خدماتكم كانت غير مرضية خلال السنة للاسباب التالية :-

ا-

ب-

ج-

د-

الرئيس المباشر　　　الرئيس الاعلى المختص

نسخة منه الى /

وزارة الداخلية — الادارة العامة / دائرة الخدمات العامة — مع التقدير

محافظة [illegible]

مديرية الاحوال المدنية العامة / [illegible]

مديرية الاحوال المدنية في [illegible]

مديرية شرطة محافظة [illegible]

الموظف المعني

[illegible]

ملاحظة : [illegible] ١٩٨٠/٩/١

# فاتیح داودی

فاتیح سامی رەفعەت داودی لە ساڵی ١٩٤٤ لە شاری کەرکوک لەدایک بووە، لە دوای نسکۆی ئەیلول (١٩٧٥) گەڕامەوە بۆ کەرکوک لە دوای مانگێک گوازرامەوە بۆ شاری سەماوە لە خوارووی عێراق. لە دوای نزیکەی شەش ساڵ مانەوەمان لەو شارە ژیانێکی زۆر زەحمەتمان بردەسەر، زۆر هەوڵمدا بگەڕێینەوە بۆ شاری کەرکوک، بەڵام نەمتوانی لەبەر ئەوەی لێم قەدەغە کرابوو بگەڕێنەوە بۆ شاری کەرکوک، دواتر بڕیاریاندا بە گواستنەوەم بۆ شاری هەولێر.

## فەیسەڵ محەمەد ئەمین رەحمان



ساڵی ١٩٥٦ لەدایک بووە لە ژیان ماوە و خەڵکی جاستانە سەر بە عەشیرەتی سیانە. لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کرد و کاری فیتەری بووە.

لە ساڵی ١٩٧٤ چووە بۆ ئێران لە ئۆردوگای شەهر لە ئێران بوو. لە ساڵی ١٩٧٦ گەڕایەوە بۆ کوردستان و دوتر گوازرایەوە بۆ رومادی لە هیت، بۆماوەی ٧ حەوت مانگ لە رومادی مایەوە، باوکی بە واستە کوڕەکەی هێنایەوە هەولێر.

## قاسم ئیسماعیل عەبدوڵڵا

لە پاش تێک چوونی شۆرشی ئەیلول ئێمە چوین بۆ ئیران لە ئۆردوگای بابک بووین دوایی گواستراینەوە بۆ ئوردوگای ئەزنا. لە پاشان کە گەراینەوە لە ئیران ئێمەیان رەوانەی جنوب کرد وەکو کوردەکانی تر بۆ شاری ناصریە لە سوق قەزای شیوخ ناحیەی حکیکە لە گەل دایک و براکانم و خوشکەکەم ئەم برادەرانەی کە لە گەڵمان بوون ناوەکانیان لە خوارەوە نوسراوە: هەموو خانوو بەحەسیرو قامیشیمان بۆ کرابوو کە پێیان دەگووت (صریفە).

| | | |
|---|---|---|
| ١- دایکم بە ناوی | کافیە حسین ابراهیم | بەیەکەوە دەژیان |
| ٢- خۆم بە ناوی | قاسم اسماعیل عبدالله | |
| ٣- براکەم بە ناوی | جاسم اسماعیل عبدالله | |
| ٤- خوشکم بە ناوی | شیرین اسماعیل عبدالله | |
| ٥- براکەم بە ناوی | علی اسماعیل عبدالله | |

خێزانی براکەم بە ناوی زکیە رحمن وە منالە کانی بە ناوی (محمد علی وە هەلالە علی)

٦- براکەی ترم بە ناوی عزیز اسماعیل عبداللە وە خێزانی بە ناوی سامیە مستەفا

**وە ئەو برادەرانەی  کە لە گەڵمان بوون:**

١- علی خورشید          خێزاندار بوو

٢- نەوزاد خورشید      سەلت بوو (لەوێ برایەکی لە زێی فورات خنکا)

٣- محمد فقێ          خێزاندار بوو خێزانی ناوی نەجیبە بوو کورێکی ناوی بەختیار بوو.

٤- جعفر ئاغامان لەگەڵ بوو خێزاندار بوو.

٥- سید حسن مان لەگەڵ بووخێزاندار بوو.

٦- خلیل کەرکوکیمان لەگەڵ بوو لە گەڵ دایکی و خوشکێکی.

٧- انور وکاکە جوان مان لە گەڵ بوو برا بوون هی دەڤەری خۆشناوەتی بوون.

٨- حکیم رەئوف مان لە گەڵ بوو خێزانی بە ناوی هەمینە سعیدو منالەکانی بە ناوی ئەدیبەو مهاباد ومژدە خزمی خۆمان بوون.

٩- فرهاد کریم کوردەمان لە گەڵ بوو خەڵکی دیبەگە بوو خزمی ئیمە بوو.

**چۆنیەتی ژیان و گوزەرانمان لەوێ:**

سەرەتا کە چوین رۆژانە نان و شفتی و تەماتە و هێلکە خواردنی تریان پێمان دەدا تاکو ماوەیەک.

لە پاشان لێیان برین کە زانیان دەتوانین ئیش بکەین هەریەکەمان بە کرێکاری و کاری جۆراو جۆرمان دەکرد بۆ بەرێوە چوونی ژیانی رۆژنەمان.

هەلسوکەوتی برا عەرەبەکان لە گەڵمان:

زۆر لەگەڵمان باش بوون بۆ خۆیان باری گوزەرانیان خراپ بوو ئەگینا حەزیان بە هاوکاری کردنمان بوو ساڵی گەرانەوەمان لە ئێران بۆ جنوبی عیراق پاش ساڵی ١٩٧٥ بوو تاکو کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ کۆی گشتی مانەوەمان ساڵ و نیوێک بوو.

# قادر مجید حسین قەشوری

به ناوی خودای بەخشندەی دلۆڤان

١. بە توندی داوا دەکەین حکومەتی عێراق دان بە تاوانەکانیان دژی کورد دا بنێن و بەڵێن بدەن چیتر کێشە بۆ مافەکانی گەلی کوردستان دروست نەکەن

٢. قەرەبووی تەواوی زیانلێکەوتوانی کورد و کوردستانیان بکەنەوە لە هەموو سێکتەرەکانی ژیان

بەڕێزان سەرپەرشتکارانی پرۆژەی تۆمارکردنی زانیاری لەسەر ئەوکەسە سیاسیانەی لە لایەن رژێمی حکومەتی عێراقیەوە دورخرابوونەوە لە کوردستان بۆ ناوەند و باشوری عێراق.

ئەم کاتەتان باش:

من د.قادر مجید حسین قەشوری- دانیشتووی هەولێر- مامۆستا لە کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان- زانکۆی سەلاحەدین- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی- حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق.

**لە دایکبووی ١٩٥٤ز-شەقڵاوە-هەولێر.**

خوندنی سەرەتایی-شەقڵاوە- دەرچووی ناوەندی گەڵاڵە ٧٢-١٩٧٣ز-سەرەتا بەرپرسانی مەکتەب سیاسی و کارگێرانی کارگێری و پێشمەرگە وانەیان

پـێ دەدایـن. چوارەمـی ئامادەیی لـە ئامادەیـی کوردسـتان لە هەولێـر. پێنجەمی ئامادەیـی تـا نیـوەی سـاڵ لـە دواناوەنـدی ڕەوانـدز و تـەواو کردن لـە دواناوەندی خانـێ لـە کاتـی پەناهەندەیـی لە ئێران. شەشـەمی ئامادەیی لـە ئامادەیی زمناکۆ لـە ئۆردوگـەی پەناهندەیـی لـە زێـوە لـە ئێران لـە ١٩٧٤-١٩٧٥ز.

لـە تەمـووزی ١٩٧٥ لـە لایـەن ئێـران بـە زۆرە ملێ گوازراینەوە ئوسـتانێ ڕەشـتوگەیلان. لـە ٢٥-١٠-١٩٧٥ لـە سـنوری قەسرشـیرین گەڕاینـەوە عێـڕاق، ڕاسـتەوخۆ گوازراینەوە بۆ باشـووری عێڕاق ( پارێزگەی کەربەلا- قەزای نەجەف- لەوێـوە بـۆ قـەزای کوفـە و لەوێـوە بـۆ قەزای عەباسـییە ناسـراو بە (ئەبوشـورا)، لـە نـاو کەپـری لـە حەسـیر دروسـتکراو جێنشـین کراین.

- بڕوانامـەی دەرچـووی مـن قبـول نەکـرا- بـە بڕوانامـەی دەرچـووی ناوەندی لـە باجـی دەرامەتـی خانووبـەرەی نجـف بـە (مبلغ) دامـەزرام لـە ٢٥-١٢-١٩٧٥ز، دەوامـم زۆر دوور بوولـە ماڵەکـەم، لەگـەل فەرمانبەرکـی نەجەفـی شـوێنەکەمان گۆڕییـەوە و بوومـە فەرمانبـەر لـە مالییـەی ناحییـەی عەباسـییە بـە ناونیشـانی ( سـاعی مالیە).

- دەسـتم کـردە خوێندنـی دەرەکـی شەشـەمی ئامادەیـی لـە سـاڵی خوێندنی ١٩٧٦-١٩٧٧ز لـە کاتـی تاقیکردنەوەکانـی بەکالۆریـە باوکم مجید حسـێن شـەهید کرا و ڕیگەیـان نـەدا تەرمـە پیرۆزەکـەی بێنـم لە کوردسـتان لە شـەقڵاوە لە تەک بـرا شـەهیدەکەی بینێـژم، بۆیـە بـە ناچـاری لـە نجـف ناشـتمان، بۆیـە نەمتوانـی تاقیکردنەوەکـەم تـەواو بکەم.

- لە سـاڵی ٩٧٧-١٩٧٨ دووبارە تاقی کردنەوەی دەرەکی شەشـی ئامادەییم ئەنجامـدا و لـە خولی یەکەم دەرچووم.

- بـۆ سـاڵی خوێندنـی ١٩٧٨-١٩٧٩ لـە کۆلێجـی ( الفقـە) سـەربە زانکـۆی مستەنسـرییە وەرگیـرام کـە لـە نەجـەف بـوو، چونکـە جگـە لـەوەی ڕێگـەم پـێ نـەدەدرا، نەمدەتوانـی خێـزان و مناڵەکانـم و دایکـم و خوشـک و بـرام جـێ بهێڵـم و بچمـە کۆلیجێکـی تـر لـە شـوێنێکی تـر بخوێنـم.

- بـە هـەر حـاڵ توانیـم بـە پشـتەوانی خـودای مـەزن خێزانەکەمـان بژێێنـم و فەرمانبەرییەکـەم و کۆلێجەکەشـم بەڕێـوە ببـەم.

- وانـەی زمانـی کوردیـم بـە وانەبێـژی لە خانەی مامۆسـتایان کچـان لە نجف و ئامادەیـی کشـتوکاڵی لـە کوفـە و ئامادەیـی عەباسـییە دەووتـەوە. ( زۆر ئـازا

بووم). ڕۆژانە ئەم کارانەم ئەنجام دەدا.

- بە هیچ شێوەیێک نەچوومە ناو هیچ کردارێکی سیاسی یان سەربازی یان سیخوڕی یان خراپەکاری زیان بە خۆم و خێزانم و نەتەوەکەم بگەیێنێت.

- لە سەرەتا قەدەغە بوو لە سنووری نجف دەربچم بەڵام پاش ڕێگەدان بە گەڕانەوەی کوردان بۆ کوردستان کە تەنیا ناوی من و مامۆستا نەژاد عزیز سورمێ لەگەل نەبوو و بە زۆرە مل ئێمەیان هێشتەوە. نەختێک ئاسانکاری بۆ ئێمەش کرا جوولە بکەین.

- ساڵی حەوتەمی خوێندنم ئستقالەم لە دائرەکەم دا تاکو ڕێگەم بدەن بگەڕێمەوە کوردستان شەش مانگ بێ مووچە مامەوە.

- لە ٢٢تەموزی ١٩٨٢ کە دەیکردە دوو ڕۆژ پێش جەژنی رەمەزانی ئەوساڵە دوونیا زۆر گەرم بوو و ڕۆژ زۆر درێژ بوون، پاش دەرچوونم لە زانکۆ و پاش تەحقیق هویە ڕێگە درا خۆم و خێزانەکەم (خۆم و هاوسەرم و ٦ منالم و دایکم و خوشکم و برام) بگەڕێینەوە کوردستان. پاش دەرچوونی ڕەزامەندی یەک سعاتیش نەماینەوە و گەڕاینەوە کوردستان و لە ئۆردوگەی زۆرە ملێی کانی قرژاڵە لە نزیک هەولێر جێگیر بووین تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ز.

# كاكەڕەش محەمەد محەمەد ئەمین نەقشبەندی

- له (١٩٩٣/٧/١) له دایک بووه.
- خريج كلية الحقوق بغداد (١٩٦٢- ١٩٦٣).
- تعين بوظيفة معاون ملاحظ في مديرية الاصلاح الزراعي للواء السليمانية بتاريخ (١٩٦٤/١١/٧).
- كان وظيفته (رئيس المنطقة الزراعية اربيل) سنة ١٩٧٤ عند التحاقة بالثورة الكردية.
- پاش تێکچوونی شۆڕش و گەڕانەوەی بۆ عێراق نقل کرا بۆ زراعەی (سەماوە)، ئەوانەی لەگەڵی بوون ئەگەر هەڵەنەبم (کاک فاروق سەید حەسەن، خەسرۆ دزەیی، حاجی ئیبراهیم شێراوەیی و چەند کەسانێکی تر ناویانم لەیاد نەماوە) و دەیگۆت خەڵکی سەماوە زۆر ڕێزیان لێدەگرتین.
- له ساڵی ١٩٧٩ دووباره نقل کراوه بۆ هەولێر بۆ بەشی یاسایی له (الامانة العامة للاشغال والاسكان).
- له ساڵی ١٩٩٠ تقاعد بو به اسباب صحی و دەستی کرد به محاماه.
- له ڕێکەوتی ١٩٩٣/٦/٤ دەستبەکاربوو وەکو ئەندام پەرلەمان له پەرلەمانی کوردستان تا ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٤/٣٠ و لەم ناوەندەدا له ساڵی (١٩٩٨- ٢٠٠٠) سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بووه.
- دوو دەوره واته هەشت ساڵ نەقیبی پارێزەرانی کوردستان بووه (٢٠٠٦- ٢٠١٣).
- له ٢٠٢٠/١٢/٢٧ کۆچی دوایی کردووه.

# كاميران عوسمان چيچۆ



لـە سـاڵی (١٩٦٩) لـە بەغدا لـە (معهد الهندسـه العسـكريه) وەرگيـرام بـە واسـتەی خوالێخۆشـبوو سـامان معروف چياووک کە ماوەی خوێندنمان (٣) سـاڵ بـوو وە کاک سـيروانی بـرام بـوو بـە کەفيلـم پـاش دوو سـاڵ بـۆ موصـل رەوانـە کرايـن بـۆ تەتبيـق کـردن لەسـەر مـاوەی خوێندنـی ئـەوکات، هـەر هەمـان سـاڵ لەلايـەن سيخوڕێک نـاوم درابـوو بە ئيسـتخباراتی عەسـکەری بەڵام خۆشـبەختانە ئەفسـەرێکی بـرادەرم خەبـەری داپێـم خـۆت قورتـار بکـە پێش ئەوەی نـاوت بڕوا بـۆ بازگـەکان بەيانـی سـەعات (٣) بـەرەو دهـۆک خـۆم قورتـار کرد.

گەيشـتمە سەرسـەنگ ئـەوکات (علـی سنجاری مەسـئول لـق بـوو) بەڕێگای ئـەو گەيشـتمە گەڵاڵـە. دوای وەرگراتنـم پـاش مانگێـک بۆ دەورەيەکی عەسـکەری ميکانيـک بـۆ تەهـران بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ کـە دەورەکـەم خـەلاس کـرد لـە بـارەگای بارزانـی لـە قەسـرێ کارم کـرد لـە (معمـل تصليـح سـيارات) بـوو.

پـاش نەکسـەی جەزائيـری شـووم بە عائـدون گەڕاينەوە من بـۆ ديوانيە نەفی کـرام لەگـەڵ برادەرانـی ئەفسـەری خۆمـان دەورەی (٥١) ئەهلـی ديوانيـە زۆر ڕێزيـان لـێ ئەگرتيـن بـەڵام ئيدارەی ديوانيـە لەگەڵمان زۆر خراپ بـوون. ئێمەمان نەقلـی ميلاکـی مەدەنـی کـرد ئيهانـە ئەکرايـن پاش نـۆ مانگ نەقلـی دەواجن کرام بـە واسـتەی دکتـۆر فوئـاد جـلال غەريب (مدير عـام دواجينی وسطی)، بەڵام من هـەر بـەردەوام بـووم لـە حزبايەتيم تاکو سـاڵی راپەڕين (١٩٩١) لەگـەڵ برادەران و بەڕێـز کاک جەمـال مورتکە.

لەگەڵ ڕێزم...

# مامۆستا کەمال محێدین

بەراستی ڕێکەوتنی جەزائیر قۆناغێکی مەترسیداربوو لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، لەوەوەش دەستی پێکرد، کە جوڵانەوەی کوردی لەلایەنی بیروباوەڕ بە تەواوەتی پراکتیزە نەبوو، کە چۆن لەگەڵ کێ ڕێک دەکەوێت یاخود یارمەتی لە کێ وەردەگرێت؟ بەراستی من نازانم چۆن دەبێت تۆ یارمەتی لە دوژمنەکەت وەربگری و لەگەڵ دوژمنێکی دیکە شەڕبکەی، بەڕاستی دەبێت ئێمە ئەوە تێبگەین کە دوژمنەکانمان ئەگەر شەکراویشمان بدەنێ بۆ ئەوە نییە یارمەتیمان بدەن، بەڵکوو بۆ ئەوەیە بمان خنکێنن، بۆیە لەسەرەتای دەست پێکردنەوەی شۆڕش لە شاخەکانی کوردستان، خۆمان دایە دەست قەدەری وڵاتی ئێران لە هەموو لایەنەکانی لۆجیستی و مەعنەوی، ئەوەبوو ئێمە کەوتینە بەردەستی ساڤاکی ئێرانی، لەبیرمە هەموو جارێ سەید عەزیز شەمزینی، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، دەیگوت: ڕۆژێک دێ ئێمە پەشیمان دەبینەوە، ڕۆژێک دێت ئێمە نسکۆی گەورەمان دێتە پێش، لەبەرئەوەی شاهانشای ئێران باوەڕناکەم کاری خێری بۆ ئێمە بوێ، بەڵام تا وای لێهات ئێمە بە تەواوی خۆمان بە دەست ئێرانەوە دا. ئەوەبوو ئەنجامەکەی تووشی نسکۆی جەزائیر بووین. ئەم ڕێکەوتنەی عێراق لەگەڵ ئێرانی شاهنشایی دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێکی لاوازی سەرکردایەتی کوردی. یەکەمیان لەسەرەتاوە ئێران ئێمەی وەک وەسیلەیەک بەکاردەهێنا بۆئەوەی فشار بخاتە سەر حکومەتی عێراقی، بۆئەوەی داخوازییەکانی ئێران جێبەجێ بکات، هەر کاتێک ویستی پشتمان تێدەکات و لەوانەیە لێشمان بدات. خاڵی

دووەمیان ئێمە لە هەندێ پەیوەندیدا لەگەڵ هەندێ دەوڵەتدا وەک رووسیا و چین و فەلەستین و ئەمریکا و ئێرانمان نیگەران دەکرد. خاڵی سێیەم نەبوونی یەکێتیی نێوان خۆمان، خزمەت نەکردنی خەڵکی خۆمان، بایەخمان بە پێشمەرگەکانی خۆمان نەدەدا، خەڵکێکی زۆری دێهاتەکان یارمەتی شۆڕشیان دا، نموونەی زۆر هەن ئەگەر باسیان بکەین، بەڵام سەرکردایەتی کورد رووی نە لە خەڵکەکە بوو نە لە پێشمەرگەبوو، ئەوە سێ خاڵی گرنگ بوو بۆئەوەی ئێمە تووشی ئەم نسکۆیە بین. یەکێک لە چیرۆکەکانی دیکە ئەوەیە، کە جەنابی بارزانی کاتێک سامی عەبدولڕەحمان دەنێرێتە لای سەرۆکی میسری عەرەبی، کە ئەو کاتە ئەنوەر سادات بوو، پێی دەڵێت: ئەگەر عەرەب یارمەتی ئێمە بدات، هەرگیز لەگەڵ شای ئێران ئێمە ڕێک ناکەوین، متمانەمان بە شای ئێران نییە، ئەوەبوو هەر زۆر بەپەلە ئەنوەر سادات پەیوەندی بە محەمەد رەزا شاوە دەکات و هەموو شتێکی تێدەگەیێنێت، لەلایەکی تریش پەیوەندیمان لەگەڵ فەلەستینییەکان، ئەمانە هەر هەمووی بوونە هۆی ئەوەی لەڕێگای ڕێکەوتنی نێوان عێراق و ئێران لە وڵاتی جەزائیر، سەدام حوسێن و محەمەد رەزا شا لە جەزائیر لەسەر دەستی هەواری بۆمیدیانی سەرۆکی جەزائیر، ئەم ڕێکەوتنەیان مۆرکرد بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد، لە بەرامبەر ئەوەش سەدام حوسێن هەندێ تەنازول بکا بۆ شای ئێران و ئەویش فشار بخاتە سەر بزووتنەوەی کوردی، کە چەکەکانیان دابنێن.

**سەبارەت بە یەکەمجار بیستنی هەواڵی ڕێکەوتنی جەزائیر و وەستانی شۆڕش لەساڵی: (١٩٧٥)دا، مامۆستا کەمال محێدین دەڵێت:**

من و دکتۆر خالید و عەلی عەسکەری لەماڵی مامۆستا عومەر دەبابە بووین لە دەربەندی ڕایات، شەوەکە هیچ لە گۆڕێ نەبوو تاکوو نووستین، هیچ باس و خواسێک نەبوو، بەیانییەکەی ڕۆستەمی برازای کاک عومەر دەچێتە خوارەوە خواردن و کەلوپەل بۆ ماڵی کاک عومەر بێنێ، بەم بەیانییە زووە سەعات (٦)ی بەیانی خەڵک هەمووی گوێی لە رادیۆ گرتووە، گوایە گفتوگۆ لەنێوان حکومەت و شۆڕش دەستی پێکردوە و شەڕ ڕاوەستاوە، ئەویش یەکسەر دەگەڕێتەوە و هەواڵەکەمان بۆ دێنێتەوە، بە کاک عومەری دەڵێ، ئەویش تەلەفۆنی بۆ رەئیس یوسف میرانی کردووە، کە لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری بووە لەو کاتەدا، لە وەڵامدا دەڵێت من ئاگاداری ئەم جۆرە هەواڵە

نیم، تەلەفۆنی بۆ کاک حەبیب محەمەد کرد، ئەویش گوتی (کل شیء مادری)، ئەمجارەیان کاک عەلی عەسکەری تەلەفۆنی بۆ رەئیس یوسف کردەوە گوتی دە تەلەفۆنێک بکەوە بۆ بارەگای بارزانی، گوتی بەم بەیانییە زووە ناتوانم پەیوەندی بکەم، ئەوەبوو زۆری پێنەچوو مامۆستا عەلی عەبدوڵلای خاڵم، کە ئەو کاتە وەزیری دارایی حکومەتەکەی کوردی بوو لە دەربەند تەلەفۆنی بۆ کاک عومەر دەبابە کرد گوتی: وەرن بۆ لای من نانی بەیانی بخۆن، ئەوەبوو من و عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید لەگەڵ کاک عومەر دەبابە چووین بۆ ماڵی عەلی عەبدوڵلا لە دەربەندی رایەتێ بوو، کە چووین دارا تۆفیق، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو و شەفیق ئاغاش راوێژکاری بارزانی بوو، لەوێ بوون، کە دانیشتین، ئەوانیش هیچ بەرچاوڕوونییەکیان لانەبوو لەسەر ئەم هەواڵە. بۆ ماوەیەک هەر هێشتا لەلای کاک عەلی بووین دوو فرۆکەی مێک هاتن لەسەر ناوچەکە دەسوڕانەوە، بەبێ ئەوەی هیچ بۆردومانێک بکەن، ئەوەبوو، هەواڵەکە بوو بەڕاستی، ئەوکاتە خوالێخۆشبوو مەلا مستەفاش لە ئێران بوو، خەڵکەکە بە شێوەیەکی گشتی زۆر پەرۆشی بارزانی بوون و لەوە دەترسان، شاهنشای ئێران بارزانی بگرێت و وەک پێشەوا قازی لە سێدارەی بدات. بەڕاستی خەڵک بەشێوەیەکی گشتی کەوتە دڵەڕاوکێ چی بکەن، چی نەکەن. بەڵام ئێمە بەشێوەیەکی گشتی باڵی مەکتەبی سیاسی کۆن (جەلالییەکان) لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەوەدا نەبووین، کە چەک دابنێین. من و مامۆستا عومەر دەبابە و دکتۆر خالید و عەلی عەسکەری و کاک فەوزی رەشید نامیق و کاک عەلی عەبدوڵلا و عەبدولڕەحمان گومەشینی و عەلی هەژاریش، کە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی باڵی بارزانی بوو، ئەویش لەگەڵ ئێمە لەگەڵ ڕاوەستانی شەڕ نەبوو، عەوڵا ئاغای پشدەری، کە فەرماندەی هێزی گەلالە بوو، کاک عومەر تەلەفۆنی بۆ کرد و گوتی وەرە خوارەوە تازە کار لەکار ترازاوە، ئەویش هاتەخوارەوە و هەمان بۆچوونی ئێمەی هەبوو لە بەردەوام بوونی شۆڕش و قبوڵ نەکردنی رێکەوتنی جەزائیر.

ئەوەبوو بۆ (١٣)ی مانگ بارزانی گەڕایەوە کوردستان، کاک عەلی عەبدوڵلا بۆ بەیانی پەیوەندی پێوەکردین گوتی: بەیانی هەر هەمووتان وەرنە مەکتەبی سیاسی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بارزانی ئامادەبن، من و کاک برایم ئەحمەد و کاک عومەر دەبابە و کاک عەلی عەسکەری چووین بۆ حاجی ئۆمەران، بەڵام ئەو رۆژە نەیتوانی بمان بینێت تاکوو بەیانییەکەی لە ماوەی

سەعاتێک کۆبوونەوەی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی کردبوو، باسی ڕێکەوتنەکەی جەزائیری بۆ کردبوون و گوتبووی: هەموو شتێک کۆتایی پێهات، ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ عێراق دەتوانێ بگەڕێتەوە ئەوەی تریش لەگەڵ ئێمە دێت بۆ ئێران با بێت، ئەوەبوو دوای دوو ڕۆژ بارزانی گەڕایەوە بۆ ئێران، شاهنشا ناردی بەدوای بارزانیدا، کاک موحسین دزەیی و دکتۆر مەحموودیش لەگەڵیدا چووبوون، شای ئێران بە بارزانی گوتبوو هەر کەسێک دژی ئەم بڕیارەی چەک دانانە بێت، ئەوە ئێمە بەهێز لێی دەدەین، ناوچەی حاجی ئۆمەران پڕبوو لە ساڤاکی ئێرانی لە کورد و لە فارس و عەجەم، هەر هەمووی لەم ناوچەیە کۆببوونەوە، لە (١٨)ی مانگ بارزانی گەڕایەوە بۆ کوردستان، داوایان لە خەڵکەکە کرد، کە بارزانی بۆ (١٩)ی مانگ کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی هەیە لەگەڵ خەڵکەکە لە نەغەدە، ئەوەبوو فەرماندە سەربازی و سیاسییەکان لەوێدا کۆبوونەوە، ئێمەش واتە عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری و د.خالید و کەمال محێدین لە چۆمانەوە بەڕێکەوتین بۆ نەغەدە، ڕەشماڵێکی گەورەیان هەڵدابوو، ئەوەی ڕۆژێک لەگەڵ شۆڕش بوو لەوێ ئامادەبوو، بارزانی هات لەبن خێمەکە دانیشت، ئەوەبوو کاک جەرجیس فەتحوڵڵا چوو دەستی بارزانی گرت و هێنایە تەنیشت خۆی لە بەرامبەر خەڵکەکەی دانا، دوای کەمێک ڕووی لە خەڵکەکە کرد و گوتی: بەخێربێن، دوای ئەوە کاک عومەر دەبابە گوتی یاخوا بەخێربێیتەوە جەنابی مەلا مستەفا، بەڕاستی ئێمە ئەو ماوەیەی لە تاران بووی زۆر پەرۆشت بووین، هەموو کورد چاوەڕوانی ئەوەبوو، کە جەنابت بە سەلامەتی بگەڕێیتەوە، دوای ئەوە بارزانی دەستی بە قسەکردن کرد، ڕووی لە خەڵکەکە کرد و گوتی ئەمەی ئێستا ئەوە خوا بەسەری هێناوین، لەبەرئەوەی ئێمە پیاوی خراپ بووین، لەم ماوەیەدا نەمانتوانی خزمەتی خەڵکی خۆمان بکەین و زۆر شتی لەم بابەتەی باسکرد بۆ جەماوەرەکە، مامۆستا کەمال لە درێژەی بیرەوەرییەکانی خۆی بۆ بەرنامەی بۆ مێژوو گوتی: ئەوەی من ئێستا دەیگێڕمەوە بۆ مێژوو، هەروەک دوێنێ ئەم قسانە کرابێت وایە، دواتر بارزانی هاتە سەر ڕێکەوتنی جەزائیر، ئەم ڕێکەوتنە، هەر ئەوە نەبووە لەنێوان ئێران و عێراق، بەڵکوو هەموو دنیا ڕێکەوتوون، ئێمە هیچ تروسکاییەک نابینین بۆئەوەی شۆڕش بەردەوام بێت، هەر هەموویان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئێمە دەبێ چەک دابنێین، لە ئێستاوە شۆڕش کۆتایی پێهات، پێشمەرگەش هەمووی دەتوانێت بچێتەوە بۆ ماڵی خۆی، ئەوەی لەگەڵ ئێمەش دەمێنێتەوە لە ئێران،

ئەوە لەگەڵ ئێمە دەبێت، ئەوەی تریش دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ عێراق و بەپێی ڕێکەوتنەکە عێراق دەستی لێ نادات، ئەوەبوو دوای ئەوەی بارزانی هەناسەیەکی وەرگرت. عومەر دەبابە هەستایە سەرپێ و دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی: جەنابی بارزانی یاخوا بە خێربێیتەوە، تۆ برا گەورەی هەموومانی، لەدرێژەی وتەکانیدا کاکە دەبابە گوتی: ئێمە کە شۆڕشمان کرد هیچ پارە و پولمان نەبوو، چەک و ئازووقەمان نەبوو، ئەو هەموو پێشمەرگە ئازا و گیانفیدایەمان نەبوو، ئێستاش وەکوو خۆت دەیڵێیت حکومەتەکان ڕێککەوتوون، راستە ئێمە کەموکورپیمان هەبووە، بەرپرسیارییەتییەکەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ مەکتەبی عەسکەری و مەکتەبی سیاسی، پێم سەیرە کە رووداوێکی ئەوها گەورە دێتە پێش، ئەوان دەڵێن ئێمە ئاگامان لە هیچ نییە، بۆیە ئێمە پێمان باشە ئەو شۆڕشە بەردەوام بێت، ئێمە هەر بەردەوام دەبین لە شەڕی بەرگریکردن لە کوردستان، با یەکێک لە کوڕەکانی جەنابیشت لەگەڵ ئێمەدا بێت، ئەگەر سەرکەوتین ئەوە هەر تۆ رابەر و سەرۆکی هەموومانی، ئەگەر شکستمان هێنا ئەوە بەیاننامەیێکمان لەسەر دەربکە و هەرچی خراپ بوو وای بنووسەوە، بارزانی لە وەڵامدا گوتی: عومەر ئەوەی چەک دانەنێت بە هێزی سەربازی لێیدەدەن، دوای ئەوە عەبدولوەهاب ئەتروشی هەستایە سەرپێ و گوتی: ئەوەی عومەر دەیڵێ ئەوە موزایەدەیە، بارزانی برا گەورەیە و هەرچی ئەو بڵێ راستە. عەلی عەسکەری ویستی وەڵام بداتەوە، بەڵام عەلی عەبدولڵا دەستی لەسەر رانی دانا و گوتی: بەسە. بارزانی لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: تکاتان لێدەکەم ئەوەی لەگەڵ من دێت، ئێمە دەچینە ئێران، ئەوەی دیکەش دەتوانێ بۆ عێراق بگەڕێتەوە. هەر کە ئێمە لە بن خێمەکە هاتینە دەرەوە، خێمەیەکی تری بچووک هەبوو، کاک مەسعود بارزانی لێ بوو، بانگی کاک عومەری کرد و گوتی: دەمەوێ لەگەڵتان دابنیشم، ئەوەبوو من و کاک عومەر و عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید چووینە بن خێمەکە، کاک مەسعود گوتی: باوکم زۆر سەلامتان لێ دەکات، دەڵێ با ئەوان نەچنەوە بۆ عێراق، چونکە ئەگەر ئێوە بچنەوە بۆ عێراق ئێوە دەگرن و دەتانکوژن، من بەم شێوەیە وەڵامی کاک مەسعودم دایەوە و گوتم: (کاک مەسعود من بڕوام وایە، حکومەت من ناکوژێت، ئەگەر من بکوژێت ئەوا خەڵکی تریش دەکوژێت، لەبەرئەوەی من مخابەراتی هیچ دەوڵەتێک نەبوویمە و جاسووسیشم بۆ کەس نەکردووە، من بۆیە لە ئێرانیش بووم لەبەرئەوەی لەناو شۆڕش بوویمە بۆ قازانجی میللەتەکەم، بۆیە بڕیارم

داوە بگەڕێمەوە بۆ شاری کۆیە، ئەگەر حکومەت هەموو خەڵکی کوشت با منیش بکوژێت لەناو کەسوکاری خۆم، کاک عومەر دەبابە گوتی: کەمال جارێ کاتی ئەو قسانە نییە، بە کاک مەسعودی گوت دوای دوو ڕۆژی تر ئێمە وەڵامی جەنابت دەدەینەوە، لە درێژەی یادەوەرییەکانی خۆی مامۆستا کەمال دەڵێ ئێمە وەنەبێ لە جموجۆلی خۆمان کەوتبین، لەناو خەڵکەکە دەگەڕاین، بۆئەوەی بە خەڵکەکە ڕابگەیێنین چەک دانانێین و شۆڕش بەردەوام دەبێت، بەهیچ شێوەیەک هەروا بە ئاسانی خۆمان رادەستی هیچ هێزێک و حکومەتێک ناکەینەوە. ئەوەبوو ئەو ڕۆژە هەر کە لە لای کاک مەسعود ڕۆیشتین، چووین بۆ رەزایە (ورمێ) بۆ ماڵی کاک عومەر، شەمسەدین موفتیش لەوێ بوو، گوتی دەڵێی ئەسحابی کەهفن بە دوای یەک کەوتوون، ئەوەبوو بەم شەوە بەرێکەوتین بۆ تاران بۆ لای مامۆستا برایم ئەحمەد، شەو سەعات دوو گەیشتینە لای کاک برایم ئەحمەد، ئەوەبوو گەلاوێژخان دەرگای لێکردینەوە و بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکردین، چوو کاک برایمی لە خەو هەڵساند، دوای چاک و چۆنی خەوتین، بۆ بەیانی لەسەر نان خواردن هەر هەموویمان بۆ کاک برایم گێڕایەوە، چونکە ئێمە پێشتریش بەبێ کاک برایم هیچ ئیش و کارێکمان ئەنجام نەدەدا، ئەوەبوو ئەو ڕۆژە بە تەواوەتی ئێمە لە کۆبوونەوەدا بووین، دوای هەڵسەنگاندنی هەموو ڕێگاچارەکان گەیشتینە ئەوەی، کە کاغەزێک بۆ سەدام حوسێن بنووسین، لەهەمان کاتیشدا بڕیاری ئەوەمان داوە کە ملکەچی ڕێکەوتنی جەزائیر نەبین و شەڕ بەردەوام بێت، ئەوەبوو نامەیێکمان نووسی، تێیدا باس لەوە دەکەین، کە بەیاننامەی (١١)ی ئازار زیندووبکرێتەوە و بە هەموو لایەک بەر لەم ڕێکەوتنەی جەزائیر بگرین، ئەگەر ئێوە رازی بن بەم شێوەیە ئەوە ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ عێراق، بڕیارماندا لەڕێگای سەفیری عێراقی لە تاران ئەو پەیوەندییە دروست بکەین، ئەوەبوو من نامەکەم بۆ سەدام حوسێن برد لە بەغدا، بۆ بەیانی دوای نان خواردن لەگەڵ دکتۆر هەڤاڵی سدیق ئەتروشی، کە کوڕە خوشکی گەلاوێژ خانی مامۆستا برایم ئەحمەدی بوو بەرێکەوتم، دکتۆر هەڤاڵ منی لە بەرامبەر سەفارەتی عێراقی دانا، کە چوومە ژوورەوە سەعات هەشت و نیو بوو، سەلامم کرد و خۆم ناساند، گوتم دەمەوێ جەنابی سەفیر ببینم، ئەو کاتە سەفیر ناوی ئیبراهیم مەدحەت جومعە بوو، یەکێک بوو لە سەرکردەکانی حیزبی بەعس، ئەوەبوو سکرتێرەکەی سەفیر گوتی ئەوە دوو میوانی لایە (دارا تۆفیق و فوئاد عارف)ن، ئەگەر پێی

خۆشە با بێتە ژوورەوە، منیش گوتم زۆر ئاساییە، کە چوومە ژوورەوە پاش چاک و چۆنی باسی هیچمان نەکرد، دوای ئەوەی ئەوان قاوەیەکیان خواردەوە رۆیشتن، منیش لە سەفیر نزیک بوومەوە و خۆم پێ ناساند، پێم گوت: من پارێزەر کەمال محێدینم، ئەندامی نەقابەی پارێزەرانی بەغدام سەر بە مامۆستا برایم ئەحمەد و جەلال تالەبانیم، نامەم هەیە بۆ سەرۆک کۆماری عێراق، زۆری پێ خۆش بوو، گوتی: (بارک الله بیک.) گوتی: کەی دەتەوێ بڕۆی؟ منیش لەوەڵامدا گوتم: ئیمڕۆ بێ یان سبەی بۆ من هیچ جیاوازییەکی نییە، لەم قسانە بووین، سکرتێری یەکەمی سەفیر هاتە ژوورەوە، دیاربوو من دەمناسی، کاتی خۆی لە کۆلیژی حقوق لە بەغدا پێکەوە خوێندکار بووین، ناوی ویداد عەجام بوو، یەکترمان ماچ کرد، ئەوە بوو سەفیر رووی لە ویداد کرد و گوتی: کەی دەگەڕێیەوە بۆ بەغدا؟ ئەویش گوتی: رۆژی دووشەم. گوتی باشە مادام وایە مامۆستا کەماڵیش لەگەڵ تۆ دەگەڕێتەوە، دوو وێنەیان لێ وەرگرتم بۆ دروستکردنی پسووڵەی گەڕانەوە، لە رێگای فڕۆکەخانەوە بۆ بەغدا، ئەوەبوو مامۆستا برایم لە رێگای برادەرانی خۆمان، کابرایەکی ئاگادارکردبۆوە بەناوی رەفیق پشدەر، کە بێت لە فڕۆکەخانە چاوەڕێم بکەن، ئەوەبوو هەر کە لە فڕۆکە هاتمە خوارەوە، رەفیق بە پێکەنینەوە پێشوازی لێکردم و گوتی: دنیا بە کەیفی ئێوەیە، هەرکە سواری سەیارەی کردم گوتی: دەچین بۆ لای خۆمان، منیش داوام لێکرد بچێ بۆ ماڵی حاجی برام، کە ئەو کاتە لە شەقامی فەلەستین بوو، ئەوەبوو دوای چاک و چۆنی بە کاک رەفیق پشدەریم گوت: من نامەی کاک برایم و برادەرانم بۆ سەدام حوسێن هێناوە. بۆ بەیانییەکەی منی برد بۆ لای بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی لە وەزارەتی بەرگری عێراقی، کە ناوی عەزیز تۆفیق بوو، منی نەدەناسی، ئەویش منی برد بۆ لای سەرۆکی سوپاسالاری سەربازی، کە بە ئەبو شەهید بانگیان دەکرد، هەرکە چوومە ژوورەوە یەکسەر پرسیاری عەلی عەسکەری لێکردم، دیاربوو ئەوی باش دەناسی و دۆستی بوو، ئەوەبوو نامەکەی لێ وەرگرتم و منی برد بۆ لای حەماد شەهاب، کە وەزیری بەرگری عێراقی بوو و ئێمەی باش دەناسی، بەڵام منی نەدەناسی، دوای چاک و چۆنیەکی گەرم و هەواڵ پرسین، دوای سێ رۆژ ئەوەمان بەجێهێشت و گەڕاینەوە، رەفیق پشدەری گوتی کاک تەها محێدین دەیەوێ بتبینێ، ئەو کاتە کاک تەها جێگری سەرۆکی کۆمار بوو لە بەغدا، یەکترمان بینی و گوتی: سکرتێری سەرۆک کۆمار هەواڵی پێداوم،

کە زۆر خۆشحاڵ بووە بە نامەکەی ئێوە، بەڵام ئەو دەڵێ با ئەوان بگەڕێنەوە، ئێمە هەموو شتێک بە دڵی ئەوان دەکەین. ئەوانە قسەی سەرۆک کۆمارە، تەها محێدین بە منی ڕاگەیاندەوە، بۆئەوەی بیگەیێنمەوە بە برادەران لە تاران، ئەوەبوو حکومەتی عێراق تیمێکی ئامادەکردبوو بۆ پێشوازی کردن لە خەڵکەکە بە سەرپەرشتی نەعیم حەداد، مامۆستا عەلائەدین سوجادیشیان لەگەڵ بوو بۆئەوەی بچن بۆ تاران، منیش لەگەڵ ئەوان گەڕامەوە، ئەوان لە تاران لە ئوتێلی سەعدئاباد دابەزیبوون، بۆ بەیانییەکەی تەلەفۆنم بۆ کاک عومەر دەبابە کرد، چۆن یەکتری ببینین، ئەوەبوو بۆ بەیانییەکەی هات بۆ تاران و لە ئوتێل پێکەوە چووین بۆ لای کاک برایم ئەحمەد، تەلەفۆنیشمان بۆ مام جەلال کرد، کە ئەو کاتە لە سوریا بوو، کاک برایم ئەحمەد، باسی نامەکە و وەڵامی حکومەتی عێراقی بۆ ئێمە کرد. هەمووی بۆ مام جەلال ڕوونکردەوە، ئەوە بوو مام جەلال ڕازی نەبوو بەگەڕانەوە بۆ عێراق، لەسەر ئەوە ڕێکەوتین من و کاک عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید بگەڕێینەوە بۆ عێراق و بەردەوام ئاگاداری یەکترین و پەیوەندیمان هەبێت، تا ئەو کاتەی بزانین حکومەت چ لێپێچینەوەیەک دەکا.

سەرەنجام ئێمە گەڕاینەوە، لەگەڵ وەفدەکە ئیسماعیل ڕەسوڵی پارێزگاری هەولێریشمان لەگەڵدا بوو، لە بەغدا ماینەوە تا دوای مانگێک، بە بڕیارێکی سەرکردایەتی حیزبی بەعس، بۆ خوارووی عێراق دوورخراینەوە. ئەوەبوو من لە ڕێگای نەقابەی پارێزەران ئاگادارکرامەوە بۆ بەیانییەکەی بچم بۆ وەزارەتی ناوخۆ، نیوەڕۆکەی من لە ماڵی کاک عەلی عەسکەرییەوە پێکەوە چووین بۆ هەواڵگری گشتی لای جێگری وەزیری ناوخۆ، ئێمە لەوانە: (هەمزە عەبدوڵلا، عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید، دارا تۆفیق، حەبیب محەمەد، کەمال محێدین ...) هەموومان بانگ کرابووین، ئەوەبوو دوای بەخێرهاتن گوتی بەیانی سەرکردایەتی شۆڕشتان بۆ دەخوێنمەوە، تکایە گوێم لێ ڕابگرن، لە سەرەتا دەستی بە خوێندنەوەی ناوەکانی ئێمە کرد، ئەوانە بۆئەوەی بگەڕێنەوە ڕێزی نیشتیمانی خزمەتی هاوڵاتیانی خۆیان بکەن، بارودۆخی گوزەرانیان، ئاسایی ببێتەوە. کاک هەمزە عەبدوڵلا کە کرابوو بە بەڕێوەبەری دارستانەکان لە سەماوە، ناڕەزایی دەربڕی و بە دەنگی بەرز گوتی: من پارێزەرم بە درێژایی ژیانم لە وەزیفەدا کارم نەکردووە، ناشیکەم، چی دەبێت با ببێت، دوایی من نەچووبووم بۆ شاخ، لە دوای ئەو عەلی عەسکەری زۆر بە توندی دەستی

بە قسە کرد و گوتی: بەڕاستی ئەوە نە برایەتی و نە دۆستایەتییە، ئێوە فێڵتان لە ئێمە کرد. من زۆر بەهێواشی و لەسەرەخۆ قسەم کرد، گوتم: من پارێزەرم دۆسییەی زۆر خەڵکم لایە، ئەوە چۆن دەبێت هەرنەبێت ماوەیەک مۆڵەتمان پێ بدەن، بۆئەوەی ئیش و کارەکانی خەڵک تەواوبکەین، قسەکەی منی وەرگرت، یەکسەر تەلەفۆنی بۆ سەرەوەی خۆی کرد، دیاربوو خۆیان لێ تووڕەکرد، تەلەفۆنەکەی دانایەوە و گوتی: دەبێ هەمووتان هەر بەیانی پەیوەندی بە دامودەزگاکانتانەوە بکەن، ئەوە بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕشە، ئەوەبوو بۆ بەیانی بەڕێکەوتم بۆ قوڕنە، گوایە من بوویمە بەڕێوەبەری شارەوانی قوڕنە، هەر کە گەیشتمە قووڕنە هێشتا کیتابی بوون بە بەڕێوەبەری شارەوانیم نەگەیشتبوو، ئەوەبوو پەیوەندیم بە پارێزگاری بەسرەوە کرد، ئەویش کە ناوی عامر خەشاڵی بوو، یەکێک بوو لەو خوێندکارانەی لەگەڵ من بوون لە کۆلێژی سەربازی لە بەغدا پێکەوە بووین، ئەو منی ناسییەوە، پاش چاک و چۆنی گوتی: فەرموو. منیش بۆم گێڕایەوە کە ڕەوانەی ئێرە کراوم و بووم بە بەڕێوەبەری شارەوانی قوڕنە، بەڵام تاکوو ئێستا هیچ نووسراوێک نەگەیشتووتە شاری بەسرە، منیش هاتووم ئێستا چار چییە؟ گوتی: هیچ نەهاتووە، تۆ چۆنت پێ باشە ئەوە بکە. پارچە کاغەزێکی دا پێم و گەڕامەوە بۆ بەغدا، چووم بۆ وەزارەتی شارەوانییەکان، ئەو کاتە شێخ سەتار سەفەری کردبوو، عوبێدوڵڵا بارزانی لە شوێنی ئەو ئیش و کارەکانی دەکرد. ئەوەبوو گوتی: چیت پێ باشە ئەوە بکە. منیش گوتم من بەدوای کیتابی دامەزراندنەکەمدا هاتووم، ئەویش سکرتێرەکەی بانگ کرد، وا دیاربوو نووسراوەکە لای ئەو بوو، داوای لێکردن کیتابێکیان بۆ کردم بۆ پارێزگاری بەسرە و شارەوانی قوڕنە بۆ پەیوەندی کردنمان بە ئیش و کارەکانمانەوە، ئیدی ئێواراکەی بە سواری فرۆکە گەڕامەوە بۆ بەسرە، لەوێشەوە بۆ قوڕنە. من بۆ ماوەی سێ ساڵ و شەش مانگ لە قوڕنە مامەوە و ژنم هێنا، خانووم وەرگرت، بەڵام بەڕاستی جێگایەکی زۆر ناخۆش و ئاوو هەوا و ژینگەیەکی پیسی هەبوو، لەهەمان کات کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی هەبوو، ئەوی بەلامەوە سەیر بوو، لە قوڕنە (٧٤) چایخانەی لێ بوو، پیاوەکانیان تاکوو ئێوارە لە چایخانە بوون و ژنەکانیشیان تا ئێوارە لە بازاڕ بوون.

# کەریم قادر رەحمان



لە ساڵی ١٩٤٢ لە گوندی ترپە سپیان- ناحیەی شەمامک لە خانەوادەیەکی جوتیار لەدایک بووم، ساڵی ١٩٦١ وەک تەتەوع چومە ناو سوپای عێراق، دواتر لە رێگای حزبەوە پەیوەندیم بە شۆرشەوە کرد، لە ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بووم لە خەبات لە شۆرشی ئەیلول تاکو ساڵی ١٩٧٥و تێکچوونی شۆرشی ئەیلول دوای رێکەوتنی جەزائیر چووینە ئێران لە سەرەتای ١٩٧٦ لە رێگای قەسری شیرین بە عوفوی حکومەتی عێراق هاتینەوە.

کە پێمان دەوترا (عائدون) ئێمەیان بە لۆری گەوەر بەرە و جنوب برد، دابەشکراین لە شاری ناسریە بەسەر گوند و قەزا و ناحیەکان، ئێمە کەوتینە قەزای شطرە تاکو کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ گەراینەوە شاری هەولێر. ئێمە ئەوکاتە خۆم و خێزانم (نجمە کریم احمد) کورێکمان بەناوی نەوزاد، بە ناخۆش و رەزالەت ئەو دوو ساڵە جنوب بردە سەر، ئەوە کورتەیەکی ژیانی دەربەدەری ئێمەیە.

کریم قادر رحمان
٢٠١٤/٦/١٠

# شێخ لطیف شێخ نجیم شێخ کاك ئەمینی سەران

دەمەوێ کەمێک لەسەر ژیانی خۆمان بنوسم، لەسەر ئاوارەبوونمان بۆ ئێران. هەڵبەتە لەکاتی چەسپاندنی شەر لەلایەن رژێمی بەعس بۆ سەر شۆرشی کورد لە ساڵی ١٩٧٤، ئەوە بوو لەبەر بۆردومان کردنی فرۆکە و تۆپی حکومەت، رووممان کردە ناو شاخ و ئەشکەوتەکان، چونکە رژێم زۆر بە درندەیی گوند و ئاوایەکانی بۆردومان دەکرد. ئێمە وەکو خانەوادەی شێخ لطیف رۆویشتینە گەلی زەنگران لە گوندی ئاکۆیان، کە خۆمان لەم گوندە نیشتەجێ بووین، رۆژ لە دوای رۆژ شەرەکە سەخت تر دەبوو لە هەموو بەرەکانی شەر. دوای شای ئێران هەڵسا بە کردنەوەی سنورەکان بە رووی خەڵکی کوردستان، ژمارەیەک ئوردوگای کردنەوە بۆ نیشتەجێ کردنی خێزانە کوردەکان، ئەوە بوو ئێمە لەگەڵ چەند ماڵێکی خزمان رووممان کردە سنوری حاجی ئۆمەران دواتر رەوانە کراین بۆ ئۆردیگای کانی سپی، لە دەشتە بێل لە نێوان شاری شنۆ و شاری ورمێ لەوێ نیشتەجێ کراین لە نێو ئەو خزمانە ماڵی پلکم خدیجەخان شێخ کاکەمین سەران کە دایکی بەرێز مامۆستا تاریق جامبازە، واتە مامۆستا تاریق لەگەڵمان بوون لەگەڵ چەند خزمی دیکە لە گوندی بلەی زۆری پێکەوە هاتن لەم ئوردوگایە پێکەوە ماینەوە، وە ژیانێکی سادەی ناو خێمەمان دەگوزراند. وە بەختمان ئەوە بوو چەند ماڵیکی خزمان کاتی خۆی هاتبوونە ئێران لە گوندی کانی سپی نیشتەجێ بوون وە رەگەزنامەی ئێرانیان هەبوو وەک ماڵی حاجی ئەحمەد و ماڵی عزیز و حوسینی

کوری حاجی ئەحمەد وە خاوەن موڵک و حیوان بوون، ئیتر بەردەوام شیر و ماست و پەنیر و میوەجات و تەماتەیان بۆ دەهینایـن. دوای کە زستان هات حکومەتی ئێران ئێمەی گواستەوە بۆ ئۆردوگای زێوە لە دەشتی مێرگەوەر حکومەت قاعەیان بۆ ئەم خەڵکە دروست کردبوو، ئێمە لەگەڵ ماڵی مامۆستا تاریق و خزمانمان لە قاعەی ٤١ نیشتەجێ کراین.

وە ماڵی ئەم خزمانە لەگەڵمان بوون ماڵی مام شێخ سەمەد شێخ کاکەمین و ماڵی مامم شێخ عوسمان، هەر خێزانێک یەک ژووری پێدەدرا، تەنها ئێمە لەبەر ئەوەی لەماڵەوە زۆر بووین ئەوە بوو دوو ژوورمان پێدرا، هەر چۆنی هەبووایە دەبێ گوزەران بکەین، وە لەگەڵ یەکتریش زۆر ئاسوودە بووین، تاکو پیلانەکەی جەزائیر لە نێوان شای ئێران و رژێمی عێراق کە بەپیلانی جەزائیر ناسراوە بە ٦/ئازاری ١٩٧٥ کە پیلانێکی شومی جەرگ بر بوو، نسکۆیەکی زۆر گەورەبوو بەسەر کورد هات. ئەوە بوو خەڵکەکە لە بارێکی ناخۆش و خەراب و دلەراوکێ دابوو. دوای ئەم خەڵکە کەوتنە فکرکردنەوە مشتومر دروست ببوو لەسەر ئەوەی بیر لە چارەنوسی خۆیان بکەنەوە، ئەوە بوو بەشی زۆری بریاری دا کە بگەرێنەوە بۆ عێراق، چونکە باوەرو متمانەیان بە ئێران و شا نەما. وە خزمەکانمان بریاریان دا بگەرینەوە بۆ عێراق، وە ئێمە ماڵی شێخ لطیف بریارمان دا کە نەگەرینەوە لە ئێران بمینینەوە، کاتی گەرانەوەی خزمەکان بارێکی زۆر خراپ دروست بوو لە لامان زۆر دلتەنگ و خەمبار بووین. ئەوەندەی نەبر حکومەتی ئێران بریاریدا کوردەکان دابەش بکرێن بەسەر هەموو ئێران، وە بریارەکەش دەبێ جێبەجێ بکرێ و بەناچاری خەلکەکە پابەندی بریارەکەی ئێران دەبوون. لەمانگی ١٩٧٥/٦ ئێمە لەگەل ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان گواسترایینەوە بۆ شاری کەرەج لە نزیک تهران لە چەند گەرەکێک نیشتەجێ کراین، ئێمە مالمان لە نێوان گەرەکی هەسارک و بازار بوو پێیان دەگوت موئەسەسە لەوێ دەستمان کرد بە کارکردن لە کارگەکان بەڵام ئەوەی جێی داخ بوو برایەکم بە ناوی عبدالرحمن لە دەستپێکی شەری ١٩٧٤ لەکاتی بۆردومانکردنی رژێم پارچە ئاسنێکی بەر سینگ کەوتبوو ئەوکات نوستبوو لەگەلی زەنگران ئەو پارچە ئاسنە بەر سینگی کەوت لەپێش ئێمە کە هەر سۆر بوو واتە وەک پەلە ئاگر وابوو، کە تەماشامان کرد برینەکەی بچووک بوو وە زۆر بایخمان پێنەداو هەروامان زانی شتیکی ئاسایە، بەڵام کە گەیشتە

شاری کەرەج برینەکەی لێ زیندوو بووەوە بەماوەیەکی کورت لە نەخۆشخانەی ئەریامهری تەهران گیانی لە دەستدا وە لە شاری کەرەج بە خاکمان سپارد، دوای مردنی برامان ئێمە زۆر خەمبار بووین، کوردەکان لە کەرەج و دەوروبەری دەهاتنە سەرە خۆشیمان، ئێمەش لە ماڵی مام ئەحمە بۆرەی رواندزی و ماڵی ئازاد وهاب اغا دانیشتین. بڕیارماندا لەگەڵ چەند ماڵێکی دیکەی کورد کە بگەڕینەوە بۆ عێراق، گەرانەوەکەمان لە کۆتای مانگی ١٩٧٥/٩ بوو لە سنوری خانەقین حکومەت ئێمەی برد بۆ پارێزگای رومادی قەزای هیت ناحیەی بەغدادیە سەر شەتی فورات، دیار بوو رۆژانە کورد دەهاتنەوە بۆ عێراق هەموویان دابەش دەکران لە ناو شارەکان و گوندەکان. بە زۆری ئەو خانوە کۆنەکانی عەرەبەکان پێ رازی نەبوون بۆ کوردەکان دەرگایان بۆ دروست دەکردن و نیشتەجێ دەکران. بەختمان لەوەبوو زابتی شورتە کە زانی ئێمە خەڵکی رواندزن و کورە پلکی مجید احمد اغا و ولید نوری بووین کە بەوەختی خویندن پێکەوە لە کولیجی پۆلیس بووینە واتە پێکەوە قوتابی بووینە، ئیتر خانویکی کۆنکریتی زۆر خۆشی بە ئێمە بەخشی کە بۆ ئەفسەرانی سەربازگەی عین الاسد دروست کرابوون، سەربازگەکە زۆر لە ئێمە نزیک بوو . وە عەرەبەکان خەریکی داچنینی خورما بوون پەلەیان دەکرد لە لێکردنەوەی قەسپ و خورماکە لە ١٩٧٥/٩/٢٤ بوو دوای کە دیتیان هیچ کوردێک دەست بۆ قەسپ و خورمایەکە نابەن و ناخۆن، بە ئێمەیان گوت بۆ قەسپ ناخۆن ئێمەش پێمان گوتن ئێمە حەز لەم میوە ناکەین و نایخۆین، ئەوان گوتیان ئێمە لەبەر ئێوە پەلە دەکەین کە زوو لیبکەینەوە. وە کوردەکان هەموویان سەرقالی کارکردن بوون، هەندێک کەسیش بە خویندن، من و مەولانی برام دەمان خویند و جارجاریش کریکاریمان دەکرد، خویندنی ساڵی ١٩٧٤ و ساڵی ١٩٧٥ و ساڵی ١٩٧٦ هیچمان بۆ حساب نەکرا وە ماندوبوونمان بەلاش رۆیشت.

لێرەوە پێویستە ئەوە بڵێن لەو رۆژی کە ئێمە هاتینە ناو عەرەبەکان کە زیاتر لە دوومانگ بەردەوام لە دەعوەت و بانگ کردن بووین لەلایان عەرەبەکان سنورمان، ئەوەندەی هەولمان ئەدا کە نەچین بۆ نان خواردن کەچی ئەوان قبولیان نەدەکرد، وە بێ سنور رێزیان دەگرتین خۆش حاڵ بوون بە هاتنی ئێمە وە زۆر چاکەیان لەگەڵ دەکردین. رۆژێک سەردانی بەرێوەبەرایەتی ناحیەم کرد و زانیبووم کە کوردێک لە ناحیەی کاتبی ناحیەیە، رۆیشتمە لای

سەلاوم لێ کرد لێم پرسی تۆ کێی و ناوت چیە؟ وولامی دایەوە گوتی ناوم شێرکۆیە و کوری بێکەسی شاعێرم من زۆر پێ سەرسام بووم گریانم بۆی هات کەلەسلێمانیەوە نفی کرابوو بۆ ناحیەی بەغدادیە و ئەو دڵی منی دەداوە دەیگۆت خەم مەخۆ هەموو ناخۆشیک خۆشی بەدوایە دیار بوو وورەی زۆر بەرز بوو، بەڵکو زیاتر ئەو خەمی بۆ ئەو هەموو خێزانە کوردەکان دەخوارد. ئیتر داوام لێدەکرد کە بڕۆینە ماڵمان، چونکە بە سەڵتی واتە زوگرتی بوو لەناو بینایەی ناحیە ژوریکیان پێدابوو، ئەوە بوو کە رۆیشتینە ماڵەوە لەگەڵ بابم یەکتریان ناسی، بابم زۆر دڵی پێخۆش بوو وە زۆر رێزی دەگرت، هەرجارێ بهاتبا ماڵمان دایک و باوکم داوای ئەو پارچە هۆنراوەیان لێ دەکرد کەلەسەر ئیزگەی شۆرش بووە، رۆژانە خوشک و برایەک بەناوی هێرش و هێرۆ نان و ماستیان بۆ کاک شێرکۆ دەبرد، ئەم شیعرە بەردەوام دووبارە و سێ بارە دەگوتەوە ئەمەش دەبووە هۆی گریانی باوک و دایکم، واتە هەردوو لا دڵمان بەیەکتر خۆش بوو، پاش ئەوەی زانی ئەوە باوکمە و ئامر بتالیۆنی هێزی بیتواتە بووە، دوای کاک شێرکۆش هەستی بەوەکرد کە بێکەس نیە.

دوای حەوت مانگ ئەوە بوو لەگەڵ باوکم رۆیشتینە رومادی بەمەبەستی دامەزراندن، باوکم گوتی من برادەرێکم هەیە لە نەخۆشخانەی رومادی کۆماری دیاربوو بەرێوەبەری گشتی نەخۆشخانە بوو بەناوی دکتۆر (ئەحمەد حوسین بامرنی) کە چووینە لای باوکمی دیت زۆر کەیفی هات و زۆر رێزی گرت، چونکە کاتی شۆرش لە هێزی بیتواتە دکتۆر بوو لەلای باوکم، ئەوەبوو پێی گوت ئەوە کورمە یونس حەزدەکەم لێرە دابمەزرێ گوتی زۆرباشە هەر هەمان رۆژ کارە یاسایەکانی بۆ تەواو کردم و منی دامەزراند، لەهەمان نەخۆشخانە ژمارەیەکی زۆر لە برادەر و کورد لەم نەخۆشخانە هەبوون، بەرێوەبەری بەشەکەمان هەر کوردێک بوو بەناوی دکتۆر حاتم باجەلان، کە پیاوێکی زۆر باش و بەرێز بوو، پێم باشە ئەوە بڵێم تێکرای عەرەبەکان زۆر بەرێز بوون چ لە فەرمانگە چ لە دەرەوە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو اعازەی هەبوو لەلایان سەرکردایەتی بەعس کە رێز لە کوردەکان بنێن، پێیان گوترابوو تەعدا و غەدر لە هەر کوردێک بکرێت تووشی گەورەترین سزا دەبن، بێگومان ماڵمان گواستەوە بۆ ناوشاری رومادی لە گەرەکی یاریگا (ملعب) نیشتەجێ بووین دووژورمان بەکرێ گرتبوو لە ناو یەک حەوش کە خاوەن ماڵەکە لەگەڵمان بوو بەناوی ئەحمەد چماله.

زۆر ئێمەی خۆش دەویـا و رێـزی دەگرتیـن و خانەوادەیەکی هەژار و دەسـتکورت بـوون، زۆر هاوکاریمـان دەکـردن و ئێمە هەرسـێ کەسـمان دامەزراین باوکیشـم بە پاسـەوان لـە بەرێوەبەرایەتـی چاودێـری کۆمەڵایەتی، مەولانی براشـم لە شـریکەی گشـتی سـیارات بـوو واتـە ژیانێکـی مامناوەندمـان هەبـوو پـاش دوومانـگ ماڵمان گواستەوە بۆ خانویەک کەسەربەخۆ بوو لەگەرەکی (الحريق) کە لەهەر گەرەکێک کـوردی لێبایـە عەرەبـەکان کەیفیان دەهات چونکە سـوودیان لە کوردەکان دەدیت لـە رووی عـادەت و تقالیـد و خـواردن و هەڵسـوکەوت لەبـەر ئـەوەی کـورد لـە هەمـوو رویکـەوە لـە پێـش عـەرەب بوون. ئێمـە دوای دەوام هەمووی لە شـوێنێک کۆدەبوونـەوە بـە زۆری لـە کازینـۆی پارکـی شـار لـە ناوەراسـتی شـارەکە بـوو، هـەر کوردێـک باسـی لـە بابەتێـک دەکـرد و خەڵـک سـەبریان بەیەکتـری دەهـات ، زۆر جـار لەگـەڵ دوو بـرادەر دەبـووم بەنـاوی فـارس پیـرداود کـە نەفـی کرابـوو بـۆ فەرمانگـەی چاودێـری کۆمەڵایەتـی و عیسـا باوەکـر نائـب زابتـی تەجنیـد بـوو خەڵکـی هەریـر بـوو، هەروەهـا لـە رێـگای ئـەوان بەرێـز خاڵـە سـید کاکەم ناسـی و دوای ناسـینی ئیتـر بـەردەوام پیاسـە و سـەیرانی سـەدەی سەرسـارمان دەکـرد چونکـە خاڵـە سـید خـاوەن ئوتومبێـل بـوو، ئەوەنـدەی نەبـرد حاڵـە سـید پێـی گوتیـن ئیتـر تـەواو مـن دەرۆم دەبمـە پێشـمەرگە ئـەوە بـوو خاڵە سـید رۆیشـت. هەروەهـا برادەرایەتیـم لەگـەڵ خوالێخۆشـبو پشـتیوان وهـاب ئاغـای جندیانـی و کاک وشـیار کمـال چەنـد کوردێکـی تـر هەبوو.

هـەر لـە رومـادی ماڵـی ژمارەیەکـی زۆری کـورد لـەم شـارە هەبـوون و ماڵـی سـێ ئامـۆزام هـەر لـەم شـارەبوون شـێخ جـەلال و شـێخ نجمەدیـن و شـێخ نصرالدیـن هەروەهـا ماڵـی ئـەم بەرێزانەش لە رومادی بـوون، کاک ئازاد جندیانی و مامۆسـتا رشـید احمـد و مامۆسـتا عبدالرحمـن علـی رواندزی و برایەکانی و مام اسـعد کاروانچـی و کاک اسـماعیل کاروانچـی و ماڵـی حمدامیـن غفـور و حسـین ممـی خـان و کورەکانـی، عوسـمان دیوانـە روانـدزی و سـید حمیـد و سـید یونـس و سـید حمدامیـن و چەنـد خێزانێکـی دۆڵـی ئاکۆیـان وەک مـلا کمال خالید رشـید و مـام صۆفـی رسـول عزیـز و مـام حمدامیـن عزیـز ئاکـۆی و موسـا سـەرانەیی و مغدید ابراهیم سـەرانەیی و حاجی خدۆ فقیانەی و کاک عزیز مسـتۆ و حمد قادر ئاکـۆی و حـارس احمـد محمـود. ئێمە لەم شـارە ماینەوە تـا لەمانگی ١٩٧٧/٥ بە بریارێکـی حکومەتـی عێـراق رێگامـان پێدرا کـە بگەرێنەوە بۆ کوردسـتان ئەمەش

ئارەزوو مەندانە بوو، هەر کەسی بەکەیفی خۆی بوو لە گەرانەوە ئەوە بوو ئێمە بریارماندا کە بگەرینەوە وە لەشاری هەولێر ماینەوە و نیشتەجێ بووین، لەبەر ئەوە ئێمە نەگەراینەوە رواندز و گوندی ئاکۆیان چونکە وەزعی ناوچەکە زۆر لەبار نەبوو کە بگەرینەوە.

وە هەوڵماندا کە لە فەرمانگەکان دابمەزرێن. بەڵام ئەوەی داخ بوو رژێمی بەعس بە دوای باوکم هاتن و جارێکی تر رەوانەی شاری رومادی کرایەوە و بۆ ماوەی سێ ساڵی دیکە مایەوە.

لێرە پێویستە ئەوە بڵێم زۆر ممنونی ماڵی پلکم خدیجە خان و مامۆستای خۆشەویست کاک تاریق جامباز و ماڵی پلکم ناجیەخان احمد اغا بین چونکە زۆر باش بوون لەگەڵمان زۆر هاوکارمان بوون نەیان هێشت هەست بە بێزاری بکەین لەگەڵمان زۆرماندوو بوون بە دامەزراندن مان، جارێکی تر سوپاسیان دەکەین وە خانەوادەکەمان پێکهاتبوو لە نۆکەس باوک و دایکم سێ برا و چوار خوشک.

(شێخ لطیف شێخ نجیم ١٩٣١، جمیلە عولا بگ ١٩٣٩، یونس شێخ لطیف ١٩٥٧، مولان شێخ لطیف ١٩٥٨، حلیمە شێخ لطیف ١٩٦٢، روقیە شێخ لطیف ١٩٦٣، ندیمە شێخ لطیف ١٩٦٦، دیمن شێخ لطیف ١٩٦٨، عبدالرحمن شێخ لطیف ١٩٧٠)، لە ئێران ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

# محەمەد ڕەفعەت عەبدولڕەحمان محەمەد عەلی ( ڕەفعەت عەلی )



# محەمەد تاهیر پیرۆ میکائیل هەرکی

* شوێن و ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٠/٧/١ مەسیف سەلاحەدین

* شوێن و مێژووی دوورخستنەوەکەی: نیسانی ١٩٧٥ بۆ پارێزگای بابل (حلە)

* پلەی لە شۆڕسی ئەیلول ومێژووی پەیوەندیکردنی بە شۆڕش: پێشمەرگە

* کاری پێش پەیوەندی کردنی بە شۆڕش: پۆلیس

* فەرمانی ئیداری دوورخستنەوەکەی، ناو نیشانی کار و شوێنەکەی: بۆ شاری حلە دور خراەیوە لەوێش کرا بە پۆلیس دواتر بۆ کاری سڤیلی لە شارەوانی حلە

* مێژووی گەرانەوەی بۆ کوردستان، کاری دوای گەرانەوەی: ساڵی ١٩٨٢

* دوای دوورخستنەوەی لە شاری حللە نیشتەجێ دەبێ خۆی و ماڵ و منداڵەکانی کە ژمارەیان پێنج کەس دەبوون، هەڵس و کەوتی خەلکانی ئەوێ باش بوون لەگەڵمان.

# محەمەد ساڵح ئیسماعیل

**دوورخراوەکان لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول / ١٩٧٥**

مەبەست لە دوورخراوەکان بۆ خوارووی رۆژئاوای عێراق، هەروەها زیندانیە دوورخراوەکانی پێشمەرگە لەدوای ١٩٧٦.

١- ناوی سیێ قۆڵی و نازناو ........ محمد صالح اسماعيل

٢- شوێن و ساڵی لەدایک بوون ........ [illegible]

٣- شوێن و مێژووی دوورخستنەوەکەی ........ [illegible]

٤- پلەی لە شۆڕشی ئەیلول و مێژووی پەیوەندی کردن بە شۆڕش

........ [illegible]

٥- کاری پێش پەیوەندی کردن بە شۆڕش ........ [illegible]

٦- فەرمانی ئیداری دوورخستنەوەکەی، ناونیشانی کار و شوێنەکەی

........ / ........

٧- مێژووی گەڕانەوەی بۆ کوردستان، کاری دوای گەڕانەوەی

........ [illegible] ........

٨- دیکۆمێنت و بەڵگەنامەی نووسین و وێنە لە ماوەی دوورخراوەیی ( پێویستە هاوپێچ بکرێت )

٩- کورتەیەکی پوختت باشترە بە چاپکراوی بێت لەسەر ژیانی دوورخراوە و هەڵسوکەوتی ئەو ناوچەی کە لێی نیشتەجێ بووە ( پێویستە هاوپێچ بکرێت )

١٠- سەڵت ◯ خێزاندار ⊗

١١- تەنها سەرۆکی خێزان ئەو فۆرمەکە پڕدەکاتەوە لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی خێزانی بنووسرێ

(٦) [illegible]

١٢- وێنەی کەسیتی دوورخراو

تێبینی:

- بۆ پەیوەندی کردن/ تاریق جامباز ٠٧٥٠٤٤٦٦٩٨٢١ / نصت عبدالله ٠٧٥٠٤٤٦٢٠١٦

ناونیشان : یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان / بەرزان کۆلانی ٧٠

ئیمەیل: kpu_kurdistan@yahoo.com

# محەمەد ساڵح عەبدوڵڵا ئەحمەد



لە ساڵی ١٩٣٢ لە دەربەندی سەیدان لە قەزای شەقڵاوە لە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری هەولێر ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە بردنی جبەخانەی هەولێر بۆ شۆڕش و لەهەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە. لەساڵی ١٩٦١ تاوەکو ١٩٦٦ ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە وەک فەرماندەیەکی سەربازی لە شەڕەکانی دژ بە حکومەتی عێراق.

لە ساڵی ١٩٦٦ پەیوەندی بە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە ڕۆڵی فەرماندەی سەربازی لە هێزی پێشمەرگەدا بینوە.

بەشداری دەیان شەڕ و چالاکی و نەبەردی کردووە و بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی و لەبەر ڕۆڵی بەرچاوی فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە لە دادگای شۆڕشی بەعس. لە ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە و لە ساڵی ١٩٧٥ لە ئێران بە خێزانە گەڕاونەتەوە عێراق و بە بڕیاری حکومەتی عێراقی دوورخرایەوە بۆ خوارووی عێراق و لە شاری کەبەلا بە فەرمانبەری شارستانی دامەزراوە تاوەکوو ساڵی ١٩٧٩. لە ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە شاری هەولێر و پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردووە. لە ساڵی ١٩٨٦ لەلایەن ڕژێمی بەعس لە دائیرەی ئەمنی هەولێر جارێکی تر گیراوەتەوە.

لە ساڵی ١٩٨٦ و دوای بەسەربردنی زیاتر لە (٦) شەش مانگ پاش ئەشکەنجەدانی زۆر ئازاد کرا. لە دوای راپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان گەڕاوەتەوە سەر وەزیفەکەی لە پۆلیس و بە پلەی (نقیب) دامەزراوەتەوە بە هەمان (پلە) خانەنشین کراوە.

لە ساڵی ٢٠١٣ کۆچی دوایی کرد لە شاری هەولێر. ناوبراو دوای خۆی کوڕێک و شەش کچی جێ هێڵاوە.

لەگەڵ شەهید تەحسین کاوانی پێکەوە لە چاودێری کۆمەڵایەتی کەربەلا بوون.

# محەمەد عەبدوڵڵا محەمەد مەحمود

ساڵ و شوێنی لە دایکبوون / ١٩٤٣/٧/١- کۆیە

لە بنەماڵەیەکی هەژار و نەدار چاوم بە دونیا هەڵهێناوە، باوکم ئێمەی بە پیشەی (کرێکار) ی بەخێو دەکرد، جگە لە خۆم خاوەنی پێنج برای تر بووم، بەداخەوە دایکم کچی بۆ نەدەژیا.

دایک و باوکم نەخوێندەوار بوون، باوکم زۆر حەزی بە خێوێندەواری دەکرد، خاوەن بیرێکی پێشکەوتوو بوو، لەبەر ئەوەی کرێکار بوو هەرلەسەردەمی لاویەتیەوە هەستی بە چەوساندنەوەی ئەم چینە کردووە، هەرئەمەش هۆکار بوو بۆئەوەی من و برایەکانمی ڕەوانەی بەر خوێندن کرد.

خوێندنی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندییم هەر لەشاری کۆیە تەواوکرد، ئەوەی بیرم دێ لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم پەیوەندیم کرد بە (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) بوومە ئەندام، دوای تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی لە(خانەی مامۆستایان) لە شاری (هەولێر) وەرگیرام و بەناچاری بۆ تەواوکردنی خوێندن هاتمە هەولێر.

ژیان لە هەولێر بۆمن قۆناغێکی نوێ بوو، چونکە سەرەڕای فراوان بوونی ژینگەکەم، هەروەها توانیم چەندین هاوڕێی نوێ و بەئەمەک پەیدابکەم لە جیاوازی شارەکان، لەگەڵ ئەوەشدا کارکردنی حیزبایەتی ئەوسەردەم لە شارێکی ئاوادا تام و چێژێکی خۆی هەبوو، هەر لەم قۆناغەش ئارەزووی شیعر نوسین کەوتە خەیاڵم ، لەگەڵ هاوڕێم (مەلوود ژاکاو) و (محەمەد مەنگوڕی) بەیەکەوە لە بەشی ناوەخۆی (٣) بووین، جگە لەوەش لە هەولێر

بزوتنەوەیەکی رۆشـەنبیری جیـاواز هەبـوو هـاوکات بەرفـراوان بـوو، ئاشـنایەتیم لەگـەڵ مامۆسـتا (گیو موکریانـی) پەیدا کرد و ئەوکاتـە زیاترئەگەر کۆبوونەوەمان هەبوایە لـە چاپخانـەی مەچکۆ یەکتریمـان دەبینـی و زوو زووسـەردانی چاپخانەکـەی مامۆسـتا (گیو موکریانـی) مـان دەکـرد و هەواڵـی دەوروبەرمـان دەزانـی، ئەمـەش ڕێگا خۆشـکەر بـوو کـە لەگـەڵ چەنـد نوسـەرێکی نـاوداری شـاری هەولێـر ئاشـنایەتی پەیدابکـەم لەوانەش (محمـەد مەولـوود- مـەم- ی چیرۆکنـووس و کاک مەغدیـد سـۆران) چەندینـی تـر...

لەمـاوەی سـێ سـاڵدا خانـەی مامۆسـتایانم تـەواو کـرد، هـەر لەوسـەردەمدا ڕۆڵـی بەرچـاوم هەبـوو لـە جوڵانـەوەی کوردایەتیـدا، و بەشـداربوومە لـە خۆپیشـاندانەکان، هەنـدێ جـار گیـراوم و هەنـدێ جاریـش دارکاری کـراوم، بـەڵام ئامانجـم کوردایەتـی کـردن بـووە ئەمـەش هـۆکار بوو بۆئـەوەی لەهیچ کاتێ سـەر بـۆ دوژمـن دانەنوێنـم و پـەرەم بـە بەرهەڵسـتکاریەکانم دەدا، سـاڵی (١٩٦٣) بۆمـاوەی یـەک سـاڵ زیندانـی کـرام لەبـەر ئـەوەی لەڕێزەکانی (یەکێتـی قوتابیان) ئەنـدام بـووم، لێرەدا پێم باشـە شـێوازی بەنـد کردن و گرتنم بـۆ خوێنەران روون بکەمـەوە تـا وەک بابەتێکـی دیکۆمێنتـاری لەمێـژوودا بمێنێتـەوە:

لـەدوای کودەتـای حیزبـی بەعس لـە ٨ی شـوباتی ١٩٦٣، لـەو کاتـەوە بەعس دەسـتی کـرد بـە بەربەرەکانێتـی کـورد و نەتەوەکانـی تـر کـە نەیـاری بـوون، مێـژوو شـایەدە کەرەفتـاری زۆر نامرۆڤانەیـان دەرهـەق بەگەلـی عێـراق بەگشـتی و کـورد بەتایبەتـی ئەنجامـدا، لەنـەورۆزی هەمـان سـاڵدا، ئێمـە بەشـداربووین لـە مەراسـیمی ئـەم یادە نەتەوەییـە، بـەڵام بەدڕاندنەتریـن شـێواز کەوتینـە بـەر شـاڵاوی گرتـن، ئێمـە ئـەم کۆمەڵـە قوتابییـە بەیەکـەوە گیرایـن بەداخـەوە هەندێکیـان ئێسـتا لەژیانـدا نەمـاون:

١- محمـد عبداللـه محمـد، فـواد نجـم بهـا ءالدین، احمد رسـول، جمال صدر، طـة خورشـید، ابراهیـم مصطفـی، دلشـاد نجیـم، مولـود حسـن، ابراهیـم قـادر، جمـال خدر.

لـەرۆژی (١٩٦٣/٣/٢٢) دەسـتگیرکراین بـەوە تاوانبـار کرایـن کـە ئاگـری نەورۆزمـان کردۆتـەوە و چەنـد چالاکییەکمان ئەنجامـداوە، بۆیە بەرەو زیندانەکانی (حـەرەس قەومـی) ئـەو سـەردەم قۆڵبەسـت کرایـن، دواتـر خەڵکێکی زیاتریـان هێنـا و ئەوانیـش دەسبەسـەر کرابـوون و تەنانـەت ژن و منداڵێشـیان لەگـەڵ بوو،

لەنێو ژنەکاندا هەندێک (ژنە بارزانی) هەبوون بەڵام ڕووسی بوون.

ڕۆژێک معاونی پۆلیس (عبدالوهاب البیاتی) هات دیار بوو داوای لە ئافرەتەکان کردبوو کەلەگەڵی بچنەماڵەوە و نیاز پیشی خۆی نیشان دابوون، ژنە بارزانییەکان (زمانی ڕووسی) دەستیان کرد بە قسەکردن، ئێمە هیچیان لی تێنەدەگەیشتین، بەڵام ئەوان لەناوەخۆدا تێک دەگەیشتن، لەناکاو هەموو ژنەکان پەلاماری (معاون) ەکەیان داو تا پۆلیسەکان هاتن ئەوان دوای تێهەڵدان سەرجەم جلەکانیان لەبەر دادڕی.

دوای دوومانگ لە زیندانی (حەرەس قەومی) ئەو سەردەم (کەئێستا قوتابخانەی موزەفەرییەی بنەڕەتی ) یە لەشاری هەولێر ماینەوە، ڕۆژانە دەبردراین بۆ ئەشکەنجەدان و بەسەری شکاو و لاشەی خوێناویەوە دەگەڕێنراینەوە بۆ بەندیخانە، بەهیچ جۆرێک نەیان دەهێشت پزیشک سەردانمان بکات بۆمەبەستی چارەسەری.

هەر پەنجا کەسێک لەژوورێک کرابووین، ئەو کاتە ژمارەمان لە (٣٠٠) کەس پێپەڕی کرد، لەوانەی لەگەڵمان گیرابوون مامۆستا (گیو موکریانی و عبداللە خەیات و حەسەن کارەبا و جەوهەر غەمگین) بوون، چەندین کەسی تریش بوون و زۆرمان دەناسین، دواتر ئێمەیان گواستەوە بۆ بارەگای (حرس قومی) یەکان و ئیتر کەوتنە گیانمان، بە ئەشکەنجەدانێکی زۆر، دوای تێهەڵدانێکی زۆر لوولەی دەمانچەیەکیان لەنێو چەوانی من دا و ئێستاش شوێنەکەی دیارە، ئەوە لەو ڕۆژەوە تا مردن بۆمن بووە جێگای شانازی، چونکە ئەوپەڕی شەرەفمەندییە لەسەر نەتەوەکەی ئەشکەنجە بدرێ و ئازار بدرێ.

دوای ئەوە بە ئۆتۆمبێلێکی عەسکەری (زیل) گواسترابنەوە بۆ شوێنێکی نادیار، دواتر زانیمان ئەم شوێنە (موسڵ)ە، کە گەیشتینە شارەکە خەڵکەکە لەسەر شەقامەکە ڕیزکرابوون، نازانم بەزۆرەملێ هێنرابوون، یاخود هەر خۆیان ئاسایی هاتبوون، کاتێ کەوتنە ناو ئاپۆرای خەڵکەکە بە (بەرد و دارو و کەڕبووچ و ئاسن و تەنانەت شتی پیس) پشیان پێدادابن، مامۆستا گیو موکریانی ئەو سەردەم پیاوێکی بەتەمەن بوو، بۆیە هەستم کرد کە بەرگەی ئەم ئازانە ناگرێ یەکسەر خۆم وەک دیوارێک لێکرد بۆ ئەوەی بەرگری لێ بکەم، بۆیە بەرد و دارو و کەڕبووچێکی زۆر بە پشتم کەوت و ئازارێکی گەلێک زۆری هەبوو، تەنانەت کەڕبوچێکیان لە مامۆستا گیو گرت، هیچم پێنەما

دەستی ڕاستەم خستە سەر سەری و یەکسەر بەر پەنجەی گەورەم کەوت و خوێن لەبەرم ڕژا.

بەهەرحاڵێک بوو دانمان بەخۆماندا گرت و رزگارمان بوو، بەڵام من ئەوەندە ئازارم هەبوو هەر خوا بۆخۆی بزانێ، لەشەرمی هاوڕێکان و مامۆستا گیو زۆر دانم بەخۆمدا گرت، پاشان گوێزراینەوە بۆ ناو بارەگای (محافظەی موسڵ) کات نیوەڕۆبوو، نزیکەی ٦ کاتژمێر لەبەر هەتاو رایان گرتین و بێ ئەوەی یەک قوم ئاومان بدەنێ، ئێمەش لەناو ئازارو خوێن و سەرشکانی خۆمان دەتلاینەوە، تەنانەت پۆلیسەکانی ئەوێ ناوە ناوە دەهاتن پەلکە شوتیان پێدادەداین و ئێمەش هیچ دەسەڵاتێکمان نەبوو، دواتربۆ شەوەکە ئێمەیان گواستەوە بۆ قوتابخانەیەک و دەرگاو پەنجەرەکانیان لەسەرداخستین، پاش چەند سەعاتێک گرووپێک لە(حرس قومی) یەکان ویستیان لەسەر دیوارئاوابن و ئازارمان بدەن یان بە دەستڕێژی گوللە لەناومان ببەن، بەڵام پۆلیسەکان لێیان هاتنە دەست و تەقەیان لێکردن، نەیان توانی بگەن بە ئێمە، دوای ئەم ڕووداوە بەپەلە ئێمەیان گواستەوە بۆ (محطة قطار موسڵ) و بەلێدان و پاڵ پێوەنان ئێمەیان خستە ناو فارگۆنەکان و لەوێ ماینەوە بەبێ ئەوەی ئاو و خۆراکمان پێ بدەن، یاخود برینەکانمان تەداوی بکەن.

بۆ ڕۆژی دواتر کاتژمێر(٥) ی ئێوارە بوو ئێمەیان گواستەوە بۆ شوێنێکی نادیار، دوای تێپەڕینی (١٦) کاتژمێر گەیشتینە ناو بەغدا، و لەوێشەوە یەکسەر بۆ وەزارەتی بەرگری ( وزارة الدفاع ) حاڵمان زۆر بەرەو شپرزەیی دەرۆیشت، دوای ئەوەی ماوەی (٢٤) کاتژمێر مایەنەوە، ئیتر ڕێگەیان دا کە بچین خۆراک لە فرۆشگای ناو ئەو شوێنە بکڕین و ئاهێکمان هاتەوەبەر، دواتر گوێزراینەوە بۆ شارۆچکەی (موسەیبب)، لەوێ لە (معسکر) لە هۆڵێکیان کردین کەژمارە (٢) بوو، کاتێ چوینە ناو هۆڵەکە بینیمان کوردێکی گەلێک زۆری لێیە و وەک ئێمە دەست بەسەر کراون، تەنانەت بەعس دەستی نەپارستبوو، لە هەموو شوێنێک کوردی هێنابوو، ئیتر خۆشحاڵ بوین و زانیمان کە ئێرە دوا مەنزڵگەمانە، بۆیە ڕۆژانە (دوو سەموون و سەلکە پیازێک و تۆزێک ئاوی گەرم) یان پێ دەدایِن ، ئیتر بەم شێوەیە ژیانمان بردە سەر.

دوای تێپەڕینی (١٠) ڕۆژ لەم هۆڵە، ڕووداوێکی سەیر ڕوویدا، ڕۆژانە ئێمەیان دەبردە دەرەوە بۆ دەست بەئاوگەیاندن، پیاوێکی خەڵکی (هیزۆپ

ـ ی دەڤـەری ڕانییـە) کـە لـە هۆڵـی ژمـارە (٤) بـوو وەک ئێمـە دەستبەسـەر بـوو فرسـەتی بـۆ ڕێککـەوت و هەلـی بـۆ ڕێککـەوت وتوانـی بەسـەر تێلـی شـورای بەندیخانەکـە هەڵبێـت، ئیتـر (معسـکر)ەکە کەوتـە شـڵژان و چەندیـن تەقەیـان بەکابراکـە نـا ویسـتیان ڕێگـری لـێ بکـەن و بیگرنـەوە، و ڕاویـان نـا، بـەڵام بـێ سـوود بـوو ، بۆیـە بەپەلـە ئێمـە و ئەوانـی لـەدەرەوە بـوون، بردیانیینـەوە نـاو هۆڵەکان و ئیتر دوای ئەم ڕووداوە سـەرجەم پاسـەوانە و ئەفسـەرە ئێشـکگرەکان وەک ئێمـە گیـران لەبـەر هـۆکاری کەمترخەمـی، وەکـو کاردانەیەکیـش بـۆ ئێمـە بۆمـاوەی (٣) شـە و ڕۆژ دەگایانلەسـەر داخسـتین و ئێمـەش لەنـاو هۆڵەکـە بریارمانـدا کە (مـان) بگریـن لە خـواردن و خواردنەوە و هەروەهـا دەرگای هۆڵەکە بشـکێنین و پەلاماری پاسـەوانەکان بدەیـن و لـەم ناخۆشـییە ڕزگارمـان ببـێ کـە ئەنجامەکـەی هـەر مردنـە ، ئـەو کات بەرپرسـی هۆڵەکـەی ئێمـە (حەسـەن کارەبـا و وەسـتا عەلـی) بـوون، گشـت هۆڵـەکان ئاگادارکرانـەوە کـە لەسـەعاتی سـفر ئـەم کارە دەکەیـن بـۆ مەبەسـتی ئازادبـوون، نهێنی دەسـتپێکی ئیشـەکەش بـەوە دەسـتی پێدەکـرد کـە تێکـرا سـەرجەم هۆڵـەکان بەیەکـەوە بەپـڕ بـە دەنگ و هاوارکردنـەوە سـروودی (ئەی ڕەقیـب) دەڵێنـەوە و لەگـەڵ گوتنـی سـروودەکە ڕاسـتەخۆ پەلاماردانـە دەسـت پێدەکات.

کاتـێ کـە سـەربازەکان بەمەیـان زانـی ڕاسـتەخۆ سـەرووی خۆیـان ئـاگادار کـردەوە، ئەوانیـش یـەک لیـوای تەواویـان نـارد بەمەبەسـتی بەرنگاربوونـەوە، بـەڵام ئێمـە بڕیـاری خۆمـان دابـوو ئەویش (یـان ئازادبـوون یـان شـەهید بـوون)، کاتـێ کـە بەرمەیـان زانـی، داوای گفـت و گۆیـان کـرد، بۆ ئەم مەبەسـتە نوێنەری هۆڵـەکان چوونـە پێش و لەشـوێنێکی جیـاواز، دەسـتیان بـە کۆبوونـەوە کـرد و داواکاریەکانیـان لـە نوێنەرانـی ئێمـە وەرگـرت، کـە خۆی لـەم خاڵانـە دەدۆزیەوە:

١-بەزووترین کات بمان بەنە ئاودەست.

٢-نان و خواردن و بەفر بۆ بەندکراوان بهێنن.

٣-نەخۆشەکان ببەنە نەخۆشخانە.

٤-بۆ هەر هۆڵێک (٣) پانکە دابنرێت، چونکە کاتەکەی بووە وەرزی هاوین.

ئیتـر دوای کاتژمێرێـک داواکارییەکانمـان جێبەجـێ کـران و ئێمـەش وازمـان لـە مانگرتنەکـە هێنـا چونکـە ئامانجـی هەبـوو، ئـەو کاتـە گیراوانـی ناو سـەرجەم هۆڵـەکان لـە (٥٥٠٠) کـەس زیاتـر بـوون، و (١٠) هـۆڵ هەبوو. سـەرەڕای گیران و

تێهەڵدان و دووری لەخزم و ناسیاوان ئیترخۆشوشتنیش نەبوو.

ئێمە لەم بەندیخانەیە ماینەوە تا بەرواری (١٩٦٣/١١/٢٠) ئیتر ئێمەیان هێنایەوە هەولێر و بە کەفالەت ئازاد کراین، ئەو کاتە من پۆلی سێیەمی خانەی مامۆستایان (دار المعلمین) بووم، بەم شێوەیە نزیکەی ساڵێکمان بەڕێ کرد.

دوای ئازادبوونمان سەرلەنوێ بەشداربووین وەک قوتابیەک و توانیم خوێند بەسەرکەتوویی تەواوبکەم، ئیتر دەبوایە ببم بە مامۆستا و خزمەت بکەم، بۆیە گەڕاینەوە کۆیە و داواکاریمان پێشکەش کرد کە دەمانەوێت خزمەتی وڵات بکەین ئەگەر دامان بمەزرێنن، دوای ئەوەی ناوەکانی ئێمەیان ووردبینی کردبوو بۆیان بەدەرکەوتبوو کە ئێمە لەرێزی تێکدەرانی وڵاتین و ساڵێک گیراوین، بۆیە بریاریان دا کە دامان بمەزرێنن بەڵام بەمەرجێک بمان گوازنەوە بۆ باشووری عێراق و بەو مەبەستەی کەلە جوڵانەوەی شۆرشی کوردی بەدوور بین و ئاگاداری هەواڵ و چالاکییەکانی پێشمەرگە نەبین، ئەو کاتە ئێمە ژمارەمان (١٤) دەرچوو بوو، لەنێو ئەمانە ئەم چوارەمان ناومان نێردرابوو بۆ پارێزگای (بەسرە) کە ئەمانە بوون:

١-محمد عبدالله محمد.

٢-فؤاد نجم بهاءالدين.

٣-جمال صدرالدين صالح

٤-احمد رسول.

بۆیە ئێمە دەستەوەستان نەوەستاین و هاتینە هەولێر، سکاڵامان پێشکەش بە پارێزگاری ئەو سەردەمی هەولێر کرد و داوامان کرد کە نەچینە ئەم شوێنە دوورە و تەنانە وەزیفەشمان ناوێ، بەر لەوەی بچینە لای پارێزگار، لەلای جێگرەکەی بوین کە (کورد) بوو، ڕاستەوخۆ پێی ووتین کە ئێمە دوورخراوینەتەوە و ئەگەر نەچینە شوێنی دیاریکراو ئەوا یەکسەر دەبێ بچینەوە بەندیخانە و بەتۆمەتی رێکخستنی ناو شار بەند دەبین، بۆیە ماوەی (٥) رۆژی بۆ دانابین تا بچین دەست بەکاربین، ئیتر ئێمەش گەڕاینەوە بەناچاری ژیانی وەزیفیمان هەڵبژارد و بۆ رۆژی دواتر هاتینە هەولێرو پاشان چوینە بەغدا، کە گەیشتینە بەسرا دیاربوو دۆسییەی ئێمەیان پێ گەیشتبوو بۆیە یەکسەر فرمانیان بۆ دەرکردین ژمارە (٢٣١٤) لە (١٩٦٤/١/٢٥) کە دەرچووە لە

(مديرية التربية والتعليم للواء البصره- ذاتية الابتدائى) کەهاوپێچ کراوە، کە بگوازرێینەوە (فاو) وەکو دوورترین خاڵی سنوری، جگە لەمەش رۆژانە دەبوایە دوای دەوامکردن سەردانی (فەرمانگەی ئەمنی فاو) بکەین وەکو ئامادەبوون، هەندێ جاریش چەند رۆژێک دەماینەوە بۆ پرسیارو وەڵام.

ماوەی چوار ساڵ بەم شێوەیەمان بەڕێ کرد لە غەریبی و دوور لە دایک و باوک و کەس و کارو بۆئێمە وەک دۆزەخێک ئاوابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی باوەڕمان بە خۆمان و بە کوردایەتی بە سەرکردەو نەتەوەکەمان هەبوو، بۆیە زۆر بە ئاسوودەیی رۆژەکانمان بەڕێ کردو لەبەرواری (١٩٦٧/٩/١٥) لەسەر بریاری شۆرش ئێمە گەڕاینەوە پارێزگای هەولێر.

سەودای سیاسەت و خەباتی کوردایەتی رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر لە کەلەم گەرمتر دەبوون، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ماوەی چوار ساڵان دوورخرامەوە تارادەیەک پەیوەندیم بە شۆرش و دەوروبەر پچڕا، بەڵام دوور و نزیک ئاگاداری چالاکییەکان بووم، ساڵی ١٩٦٦ لە کۆیە من و هاوڕێم (مەلوود ژاکاو) بووینە باڵی (جەلالی) و بەنهێنی لەباڵی (مەلایی) جیاوازبووینەوە، جگە لەمەش لەسەر بەرنگاربوونەوەم بەرامبەر بە بەعس رۆژ لە دوای رۆژ پەرەی دەسەند، چەندین پلە و پۆستیان پێدام کەلەبەرامبەربیم بە بەعسی، منیش نەک ڕەتم دەکردوەوە بەڵکو بەردەوام دژایەتیم کردوون.

حاڵ بەردەوام بوو تا رێکەوتنامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ کە ئۆتۆنۆمی بەخشرا بە کورد و مافەکانی جێگیر کرا، بۆیە لەدوای ئەم سەردەمەوە دەستمان کرد بەکاری تەنزیمی حیزبی و لە (رێکخراوی لاوان) بەشداربوین و جوڵانەوەی بەرچاویشمان هەبوو لە ڕێکخستنەکانی ناو شار و ووره بەرزکردنەوەی جەماوەر، بەڵام سیخوڕەکانی بەعس هەردەم چاودێریان دەکردین، ئەمەش بەردوام بوو تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ و بەستنی ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥، ئیتر شۆرشی کوردی هەرەسی هێناو دەستی بەتوانەوە کرد، بۆیە ئەمجارە دووبارە عقوبە دراینەوە و منیان دوور خستەوە بۆ دێیەکی عەرەب نشیین لەسنوری شارۆچکەی مەخموورو‌بۆ گوندی (شندر فوقانی) عەرەب نشین، ئیتر بەناچاری لە کۆیە و گواسترامەوە بۆ ئەم شوێنە.

ئەم فرمانە بەنوسراوی ژمارە (٧٦٥٢)لە (١٩٧٦/٧/٢١) دەرچووە و ماوەی یەک رۆژم بۆ دانرا بەتایبەتی کە دەست بەکاربیمەوە، بەڵام

هەتا بڵێی شوێنێکی زۆر ناخۆش بوو، دوور بوو لە ئاو و کارەبا و لەوێش بەردەوام چاودێرێک چاودێری دەکردم. هەندێ جارش تەشقەقەڵیان پێدەکردم وەرجارەی بەبیانویەک.

لەم شوێنە نوێیەدا من چالاکانە بەرپەرچم دەدانەوە، لەرقی ئەوان جلی کوردیم لەبەر دەکرد و ریکۆردەرم پێ بوو و تەنها کاسێتی کوردیم لێدەدا، لەوانەش (تاپەر تۆفیق و حەسەن زیرەک و محمەمەد ماملێ...) بۆیە ئەوان زۆریان پێناخۆش بوو، هەربەوەش نەوەستام، توانیم گورزێکی زۆر کوشندەیان لی بدەم، ئەو مامۆستا گەنجانەی کە دەهاتنە ئەم دێیە دەبوونە بەعسی و جگە لەوەش رێکخستنەکانی بەعسیشی لێ بوو، کاتێ منیان دەبینێ شەرم دایدەگرتن بۆیە هەندێکیان لە بوونە بەعسیان پوشیمان بوونەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە فەرمانگەی بەعسی لە مەخموور بانکم بکەن و لێپرسینەوەم لەگەڵ بکەن، تەنانەت (ئەمنی مەخموور) هەرەشەی بە خودی خۆی لێ کردم، تەنانەت جارێکیان ویستی بمخاتە بەندیخانەوە بەڵام (معاون رشيد محمد) لەوێ بوو یارمەتی دام، هاورێیەتیم بۆ ئەم بەرێزە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی دوورخستنەوەم بۆ (فاو) ئێستا بەرێوەبەری دارستان و پاوانەکانە لە شاری سلێمانی، ئەگەر ئەو بەرێزە نەبووایە ئێستا من لەژیان نەمابووم بۆیە بەرۆح قەرزار باریم، ئیتر بەم شێوەیە بەردەوام بووم لە دەوامکردن تا لە بەرواری (١٩٧٨/٩/١٥) گەرامەوە بۆ شاری کۆیە و لە قوتابخانەی (ئیسکان) دەست بەکاربووم.

ئیتر لەم کاتەوە تا هاتنە شاری هەولێرم لە ساڵی (١٩٧٨-١٩٨٩) بەردوام لەگەڵ رێکخستنە نهێنییەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) کارم کردووە و برا بچوکەکەم (شەهید دکتۆر کاوە) لەسەر راسپاردەی من بووە پێشمەرگە و دکتۆری تیپی (٩٣)ی کۆیە بوو، کە بەوپەرِی شانازیەوە لە داستانی (کانی وەتمان) لەبەرواری (١٩٨٥/١١/١٩) گیانی بەرزە فرِی بەخشی بە کورد و کورستان و گەیشتە کاروانی نەمران.

ئەمانەش هاوپێچ فرمانە کارگێرِیەکانمانە زۆر سوپاس بۆ هەموولایەک...

الجمهورية العراقية

مديرية التربية والتعليم للواء البصرة
ذاتية / الابتدائي
العدد / ٢٤٢٤٤
التاريخ / [illegible] / ١ / ١٩٦٤

(( امر اداري ))

الموضوع: تعيين معلمين

استنادا للصلاحية المخولة لنا وبناء على توفر الشروط المطلوبة بالمادة السادسة من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ١٩٦٠ وخلافا لنص المادة [illegible] قررنا تعيين المعلمين على الملاك الابتدائي بالمدارس [illegible] براتب اسمي قدره ١٠ دينارا شهريا عدا مخصصات غلاء المعيشة على ان يوضعوا تحت التجربة لمدة سنة كاملة اعتبارا من تاريخ المباشرة بالوظيفة [illegible] نافذا من تاريخ مباشرتهم الرسمية .

| الاسم | محل التخرج | المدرسة المعين فيها |
| --- | --- | --- |
| محمد عبدالله محمد | دار المعلمين باربيل ٦٢/ ٦٣ | النصار الابتدائية |
| احمد رسول عبدالله | = = = = | [illegible] = |
| فؤاد نجم بهاء الدين | = = = = | النصار = |
| جمال عبدالدين صالح | = = = = | الاندلس = |

[illegible] السامرائي
مدير التربية والتعليم

صورة منه الى :
رئاسة مجلس الخدمة العامة / بنسخ [illegible]
مديرية المحاسبات العامة
مراقبة الحسابات العامة
مديرية التعليم العامة / الابتدائي
مديرية الادارة العامة — الملفات والسجل المدرسي مع نسخ اضافية مع صور وثائق التعيين
مديرية الادارة العامة / الملاك والترفيعات الابتدائي
مديرية الاحصاء التربوي
نقابة المعلمين في بغداد
مديرية التربية والتعليم للواء اربيل / للعلم
فرع نقابة المعلمين بالبصرة
مديرية خزينة لواء البصرة
محاسبة الابتدائي
ذاتية الابتدائي / ١٠ نسخ
ادارة مدرسة .................. لاعلامنا بالمباشرة
المعلم المذكور / ..................

ناصر / ٢٥

## مونیره عەبدول محەمەد ( خەیات )



سلیمانی – ١٩٤٧/٧/١

١٩٧٠/٩/٣

٦- فەرمانی ئیداری دوورخستنەوەکەی، شوێنەکانی کار و شوێنەکەی

٧- مێژووی گەڕانەوەی بۆ کوردستان، کاری دوای گەڕانەوەی

٨- دیکۆمێنت و بەڵگەنامەی نووسین و وێنە لە ماوەی دوورخراوەیی ( پێویستە هاوپێچ بکرێت )

٩- کورتەیەکی پوخت باشترە بە چاپکراوی بێت لەسەر ژیانی دوورخراوە و هەڵسوکەوتی ئەو شوێنەی کە لێی نیشتەجێ بووە ( پێویستە هاوپێچ بکرێت )

١٠- سەڵت ○ خێزاندار ⊘

١١- تەنها سەرۆکی خێزان فۆرمەکە پڕدەکاتەوە لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی خێزان بنووسە

١٢- وێنەی کەسێتی دوورخراو

ئامادەکردنی: تاریق جامباز ٠٧٥٠٤٤٦٦٨٢١ / نعمت عبدالله ٠٧٥٠٤٤٦٢٠٢٦

ناونیشان: یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان / وەزیران کۆڵانی ٢٠

kpu_kurdistan@yahoo.com

الجمهورية العراقية

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مديرية الشؤون الادارية العامة
قسم الذاتية

العدد / ١١/ ٢٥٠٢٧/٨/١١

التاريخ ٢٣/٩/١٩٧٥

## أمر وزاري

استنادا الى كتاب اللجنة العليا لشؤون الشمال المرقم ٢٦٦٨/١٠ في ٣/٩/١٩٧٥ .

تنقل خدمات السادة المدرجة اسماؤهم ادناه من رئاسة جامعة السليمانية الى الدوائر المؤشرة ازاء اسم كل منهم وحسب تنسيبها .

ينفذ امرنا اعتبارا من تاريخ انفكاكهم .

اسماعيل طزان الدليمي

م. وزير التعليم العالي والبحث العلمي

| الاسم | عنوان الوظيفة | الدائرة المنقول اليها |
| --- | --- | --- |
| ١- سامي نادر محمد | مدرس مساعد | وزارة الزراعة والاصلاح الزراعي وحسب تنسيبها |
| ٢- نوري امين محمود | مدرس مساعد | وزارة الاقتصاد وحسب تنسيبها |
| ٣- جلال عمر صاري آغا | مدير ادارة | كذا |
| ٤- محمد ازاد عبد الله | مساعد مختبر | وزارة الزراعة والاصلاح الزراعي وحسب تنسيبها |
| ٥- شيرو عبدول محمد | كذا | وزارة الصناعة والمعادن وحسب تنسيبها |
| ٦- محمد صابر اسماعيل | كذا | كذا |
| ٧- مصطفى اسماعيل البرزنجي | كذا | كذا |
| ٨- كمال عبد الله حسن نورالدين | ملاحظ فني | كذا |
| ٩- عمر درويش ظاهر | م. محاسب | الامانة العامة لادارة الشؤون المالية والاقتصادية لمنطقة الحكم الذاتي وحسب تنسيبها |
| ١٠- سلمى احمد جمال الدين | م. ملاحظ | وزارة النقل وحسب تنسيبها |
| ١١- شيرو علي صالح زكي | رسامة | وزارة الاشغال والاسكان وحسب تنسيبها |
| ١٢- نوري عمر احمد | ملاحظ | الامانة العامة لادارة الشؤون المالية والاقتصادية لمنطقة الحكم الذاتي وحسب تنسيبها |
| ١٣- الدكتور كمال محمد سعيد الخياط | استاذ مساعد | وزارة الاقتصاد وحسب تنسيبها |
| ١٤- الدكتور عزيز احمد امين | مدرس | كذا |
| ١٥- الدكتور نوري امين بالدار | كذا | وزارة الزراعة والاصلاح الزراعي وحسب تنسيبها |
| ١٦- الدكتور كمال خوشناو | كذا | كذا |
| ١٧- الدكتور جلال شفيق | كذا | كذا |
| ١٨- الدكتور نسرين محمد عزيز | كذا | وزارة الصناعة والمعادن وحسب تنسيبها |
| ١٩- عدنان محمد قاسم | م. ملاحظ | الامانة العامة لادارة الزراعة والاصلاح الزراعي لمنطقة الحكم الذاتي وحسب تنسيبها . |

(ص٣)

| الاســـــم | عنوان الوظيفة | الدائرة المنقول اليها |
| --- | --- | --- |
| ٢٠) حسام الدين نور الدين | مساعد مختبر | الأمانة العامة لإدارة الزراعة والإصلاح الزراعي لمنطقة الحكم الذاتي وحسب تنسيبها |
| ٢١) خالد شاه رحيم | كذا | كذا |
| ٢٢) يوسف محمد قادر | كذا | كذا |
| ٢٣) مريم عزيز فتاح | مدرسة مساعدة | وزارة الأشغال والإسكان وحسب تنسيبها |
| ٢٤) بختيار عبد الله | م. مهندس | محافظة ذي قار – الإدارة المحلية |
| ٢٥) جمال احمد محمد | مساعد مختبر | الأمانة العامة لإدارة الزراعة والإصلاح الزراعي لمنطقة الحكم الذاتي وحسب تنسيبها |
| ٢٦) مصلح طاهر مصطفى | م. مختبر | كذا |
| ٢٧) حسين علي احمد البرزاني | مدرس | وزارة المواصلات وحسب تنسيبها |
| ٢٨) محمد طاهر جلال | مساعد مختبر | وزارة الصناعة والمعادن وحسب تنسيبها |
| ٢٩) سعد عمر القره داغي | كذا | وزارة الصحة وحسب تنسيبها |
| ٣٠) الدكتور توفيق رشدي | مدرس | وزارة النقل وحسب تنسيبها |
| ٣١) هوشيار معروف آغا | كذا | كذا |
| ٣٢) فائق عارف منصور | مهندس | وزارة الصحة وحسب تنسيبها |
| ٣٣) مصلح رشيد احمد | مساعد مختبر | كذا |
| ٣٤) محمد طاهر حاج عمر | مساعد باحث علمي | وزارة التربية وحسب تنسيبها |
| ٣٥) يوسف حمه طاهر محمود | م. مختبر | وزارة الصحة وحسب تنسيبها |
| ٣٦) عبد اللطيف انور عمر | م. مختبر | كذا |
| ٣٧) كمال جلال عبد الله | مدرب فني | كذا |
| ٣٨) طه عزيز صالح | ملاحظ | الأمانة العامة لإدارة الثقافة والشباب لمنطقة الحكم الذاتي وحسب تنسيبها |
| ٣٩) انور ابراهيم عزيز | كذا | الأمانة العامة لإدارة الزراعة والإصلاح الزراعي لمنطقة الحكم الذاتي وحسب تنسيبها |

يتبع لطفا / ٥٠٠٠

ـ ٤ ـ

| | | |
|---|---|---|
| ٨ـ جبار احمد سعيد | ساعد مختبر | رئاسه ديوان المجلس التنفيذي لمنطقه الحكم الذاتي |
| ٩ـ كولاله عبدالله قادر | ساعد مختبر | كـــذا |
| ١٠ـ بكر عزيز صالح | كـــذا | الامانه العامه لاداره الشؤون الاجتماعيه لمنطقـــه الحكم الذاتي وحسب تنسيبها . |

نسخه منه الى /

مجلس قياده الثوره ـ مكتب امانه السر
اللجنه العليا لشؤون الشمال ـ اشاره الى كتابكم اعلاه
وزاره الماليه ـ مديريه الماليه العامه / الخدمه

وزاره المواصلات
وزاره الزراعه والاصلاح الزراعي
وزاره الاقتصاد
وزاره الصناعه والمعادن
وزاره الاشغال والاسكان
وزاره الداخليه
وزاره النقل
رئاسه المجلس التنفيذي لمنطقه الحكم الذاتي

(للجهات أعلاه:) راجين اتخاذ ما يلزم لذلك

رئاسه جامعه السليمانيه
لجنه تنسيق محافظه السليمانيه
محافظه ذي قار
مديريه الخزينه المركزيه
الدائره التربويه والاجتماعيه ـ وزاره التخطيط
قسم القاتونيه
قسم الميزانيه
ملفه الكتب الصادره
السجل الشخصي
السادة المذكورين

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

[illegible]

دورة الدفاع المدني [illegible] المرقم ٩٩ لسنة ١٩٧٢

ان السيد [illegible] الموظف في الشركة [illegible]

قد خضع دورة الدفاع المدني المرقم (٩٩) المنعقدة بتاريخ ٢٠/٩/١٩٧٢ [illegible]

بتاريخ ٣/٨/١٩٧٢ [illegible]

| التقدير | الدرجة | الموضوع | التسلسل |
| --- | --- | --- | --- |
| ناجح | ٣٣ | اسلحة الحرب الحديثة والدفاع المدني | ٠١ |
| الاول [illegible] | ٣٣ | [illegible] الدفاع المدني [illegible] | ٠٢ |
| | ٣٠ | [illegible] في الدفاع المدني | ٠٣ |
| | ٩٦ | المجموع | |

[illegible]

[illegible]

[illegible]

حكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراق
وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی
بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی سلێمانی
بەشی: كارگێڕی
ژمارە: ١٦
بەروار: ٨ / ٢٠١٤ ز

حكومة اقليم كوردستان / العراق
وزارة التجارة والصناعة
المديرية العامة للتنمية الصناعية
مديرية التنمية الصناعية في السليمانية
الادارة
الرقم:
التاريخ:

الى/ الشركة العامة للزيوت النباتية

الموضوع/ الاضبارة الشخصية

راجين من سيادتكم التفضل بالموافقة على تزويدنا بالأضبارة الشخصية للسيدة (منيرة عبدول محمد) علما بأنها كانت موظفة لديكم و تركت الوظيفة في نهاية عام(١٩٨٢) مع جزيل الشكر والتقدير.

نسخة منه الى/
- الاضبارة الذاتية / مع الاوليات

Tel: 3200122

## خلاصة خدمة موظف

الاسم : [illegible]

المواليد : [illegible]

التحصيل الدراسي : بكالوريوس / علوم كيمياء [illegible]

تاريخ اول تعيين : [illegible] بموجب الامر الجامعي المرقم [illegible] كمساعدة مختبر [illegible] في جامعة السليمانية حيث باشرت بمنصبها بتاريخ [illegible].

١. تم نقل خدماتها من وزارة التعليم العالي والبحث العلمي الى وزارة الصناعة [illegible] بموجب الامر الوزاري [illegible]

٢. عملت في [illegible]

٣. [illegible]

٤. تم نقل خدماتها الى [illegible] في السليمانية بموجب الامر الوزاري لوزارة الصناعة [illegible]

٥. تم نقل خدماتها الى [illegible] اعتباراً من شهر حزيران [illegible] واستمرت بالعمل [illegible] في السليمانية [illegible] بموجب الامر الوزاري المرقم [illegible] الصادر من وزارة الصناعة [illegible] بموجب الامر [illegible]

٦. استمرت بالعمل [illegible] في وزارة الصناعة [illegible] بموجب الامر [illegible]

٧. استمرت [illegible] بموجب الامر الوزاري المرقم [illegible]

٨. [illegible] بموجب الامر الوزاري المرقم [illegible] من قبل مجلس النواب العراقي

ملاحظة : [illegible]

[illegible] في الخدمة [illegible] في دوائر الدولة [illegible]

| يوم | شهر | السنة | |
|---|---|---|---|
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |

[illegible]

[illegible]

ڕێزو سڵاوم..

پێشەکی زۆر سوپاستان ئەکەم بۆ بەسەرکردنەوەمان پاش ئەو هەموو ساڵە تا زۆر کەم لەو دەربەدەریەو دوور لە کوردستان و کەسکوکارمان بنوسین من وەک خۆم زۆربەی بەڵگەنامەکانم لە دۆسیەی کەسێتیمە (الاضبارة الشخصية) کە تا ئێستا لە بەغدا لەو فەرمانگەیەی کارم لێکردووە و نووسراوی فەرمی وەزارەتی پیشەسازی هەرێمی کوردستانیشم برد نەیان دامەوە ووتیان (ڕاتکردووە) و بەشێوەی فەرمی نەڕۆیشتووی نایدەینەوە.

بەندە کە پەیوەندیم کرد بە شۆڕشی ئەیلولەوە ساڵە ١٩٧٤/٤/١٠ وەک مامۆستایەکی زانکۆ و کادرێکی سیاسی شان بەشانی مامۆستاکانی زانکۆو تا خزمەت بە قوتابیان بکەین بەڵام دەستی ڕەشی (بەعس) نەیهێشت و ئەوەبوو لە ١٩٧٤/٤/٢٤ قەتلو عامی کردین و پۆڵە شەهیدێکی زۆرمان داو.. درێژەی ئەدەمێ پەرتەوازە بووین و هەریەکەو بەلایەکدا و ئێمە چەند کەسێک بووین بە (ئێران) دات بەرە و (پێنجوین) ڕۆشتین و هەفتەیەکمان پێچوو چونکە من نەچووم بۆ لایی کاکم (مامۆستا جەمال عبدول) کە لەگەڵ فەرمانبەرانی پەروەردەی سلێمانی لەوێ بوو گەیشتمە ئەوێ و لەوێ ماینەوە پاش چەند مانگێک چوینە (مەریوان) کاکم هەر لە پێنجوێن دەوامی ئەکرد تا ڕێکەوتانی (جەزائیر) لە ئازاری ١٩٧٥ داو هەرسهینان بە شۆڕش.

گەڕانەوەمان بۆ کوردستانی خۆیمان پاش لێکۆڵینەوەی زۆر و هێنان و بردن دەوامەمان کردەوە تا ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی گواستنەوەمان وەک مامۆستا و فەرمانبەرانی زانکۆ کە لە (اللجنة اللعليا لشؤون الشمال) دەرچوو بوو و من تەنها کچ بووم لەو لیستەدا کە بۆ باشور گواسترا بوومەوە کچەکانی تر هەریەک لە زانکۆ و بۆ فەرمانگەکانیتری سلێمانی گواسترابووتەوە.

من و د حەمە سابیر (ئەوکات دکتۆر نەبوو ئەویش مامۆستا بوو لە زانکۆ- محمد زاهیر جلال و خوالێخۆشبوو مستەفا بەرزنجی) ئەم چوارەمان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بۆ (وەزارەتی پیشەسازی عێراق)وە لەوێوە بۆ (کارگەی چنین و راستنی لۆکە لە شاری کوت. و لەم شەریکەیە دوو کارگەی گەورە بوو یەکێکیان (رستن) کە ئەو (٢) برادەرەیان لێ دانا و ئەویتریان (چنین/ حیاکە) کە من لەوێ دامەزرام. هەردوو کارگەکە یەک (بەڕێوەبەری گشتی) هەبوو بەڵام هەرکارگەیەکیان (بەڕێوەبەری بەرهەمی) خۆی هەبوو خۆشبەختانە بەڕێوەبەرەکەی ئێمە پیاوێکی زۆر باش بوو بۆ من و بە دزیەوە

هەندێک ئامۆژگاری ئەکردم و ئاگاداری زۆرشتی ئەکردم چونکە بە ئەسل (کوردی خەڵکی/ بەدرە و جەسان بوو). سەرەتا من لە ئوتێل بووم تا ئەو لەڕێی فەرمانبەرێکی کارگەکەوە کە خەڵکی (بەغدا) بوو لە ماڵێک ژوورێکی گرت بوو کە کرێ توانی جێگەی منیش بکەنەوە و چووکە ئەو ماڵە لەگەڵ ئەو کچەدا کە ناوی (رقیە) بوو زۆر زۆر دڵسۆز و راستگۆ بوو لەگەڵم و هەرچی قسەیەکی لە فەرمانبەرکانی تر ببیستایە ئاگاداری ئەکردمەوە. بێگومان هەر لەیەکەم رۆژەوە (دژایەتی و ترساندن و هەرەشە و قسەی ناخۆش و سوکایەتی دەستی پێکرد و من خۆم وەک (کیماوی) لە تاقیگە دانرا بووم بەڵام بەرپرسیاریەتی گەورەترین بەشیان خستە ئەستۆم کە بەشی (تکملە) یان پێئەوت. تا هەر هەڵەیەک یان کەم و کورتیەکم هەبێت سزام بدەن بەڵام گیانم بەوە بوو کە شارەزایەکی بیانی (روسی) کە ناوی (باریس) بوو لەو بەشە بوو ئیتر هەرچی ئەبوو لەگەڵ ئەودا قسەم نەکرد و ئەویش زۆر رێزی لێنەگرتم و شتەکانی فێر ئەکردم.

بەڵام قورسترین ساڵەکانی ژیانم لەو کارگەیە و لە بەغدا بوو چونکە مەبەشتی سەرەکیان ئەوەبوو ببم بە بەعسی. منیش رازی نەبووم بەعسیەکان زۆر دەست باڵا بوون و زۆر لێیان ئەترسام. هەرچەندە رۆژێک تێنەپەڕی فۆڕمێکیان بۆ نهێنام منیش پڕم نەئەکردەوە بە ئاشکرا سوکایەتیم پێ ئەکرا و چاودێری ئەو کەسانەیان ئەکرد کە قسەیان لەگەڵ ئەکردم و (نەقلیان) ئەکردن بۆ بەشەکانی تر و هەتا بۆم نەبوو بچم بۆ کارگەی ئەولا (رستن) و سەردانی ئەو برادەرانە بکەم زۆر بە تەنها بووم. ئەگەر یارمەتنی (ژێر بەژێرەکانی) بەڕێوەبەری بەرهەمەکەمان نەبوایە زۆر زوو لەناو ئەچووم. هەرچەندە رۆژ و هەفتەیەک بانگ ئەکرام و لێکۆڵینەوەم لەگەڵ ئەکرا و نەیان ئەهێشت لە ماڵیشەوە کەس بێت بۆ لام تەنانەت جارێک (باوکم) بە سەردان هاتبوو نەیاهێشت لام بمێنێتەوە هەر ئەو رۆژە گەڕایەوە رۆژانی (هەینیش) بەدەر لە هەموو ئافرەتەکان من دەوامم ئەکرد بۆم نەبوو بڵێم (نا). (مخرب) خۆم بووم زور ئەوەیان ئەدا بە رووما. رۆژێک وتیان خولێک ئەکرێتەوە لە بارەی (الاسلخة الحدیثة و الدفاع المندی) و لەهەر فەرمانگەیەک لە فەرمانگەکانی ئەو شارە ژمارەیەک (ژن) ناونووس کرا و ئێمەش بەهەردوو کارگەکە (٢٥) فەرمانبەری ژن ناویان نووسراو یەکێک لەوانەش من بووم پێش دەسپێکردنی خولەکە (پارێزگاری) کوت خۆی سەرپەرشتی ئەکرد و چەند ئەفسەرێکی

پلە بەرز (عمید) وانەکانیان پێ ئەوتینەوە. بەڕێوەبەری گشتی کۆبوونەوەی بەو ژنانە کردبوو پێی وتبوون نابێت بهێڵن ئەو (کچە کوردە/ من) یەکەمی خولەکە بم و لە خۆشم ڕائەبینی. هاوڕێکەم وتی شتێکی وا هەیە. خولەکە دەستی پێکرد ماوەکەی (١٥) ڕۆژ بوو. ئەواو بوو پاش تەواوبوونی خولەکە بە هەفتەیەک سکرتێری مدیر عام وتی وەرە بۆ ئێرە داواکراوی. کە چووم هەموو لە ژووری مدیر عام دانیشتبوون و لەوانە مامۆستاکانی خولەکە و (پارێزگار). هەڵسان لەبەرم و پیرۆزباییان لێکردم کە (یەکمی خولەکەم لەسەر ئاستی پاریزگا) بەوە ئەوەندە پتر شەڕیان پێ ئەفرۆشتم.

هەموو ڕۆژێک (مدیر عام) ئەهات بۆ کارگە و بەشەکەی ئێمە و هەموو ئەیانووت بەهۆی تۆوە ئەوەندە دێت و ئێمەش بێزار بووین چونکە زۆر توندوتیژو ترسناک بوو. هەر جارێک بهاتایە کەمەڵێک قسەی ناخۆش و نەشیاوی پێ ئەوتم. پاش (٢) ساڵ ئینجا کاکم هەوڵیدا بوو یەکێک بدۆزێتەوە بەڵکو (نەقلم) بۆ بکاتەوە بۆ سلێمانی. کەسیش نەیئەوێرا (واستە)م بۆ بکات بەهەر کەسێکی ئەوت ئەیانووت شتەکە (سیاسیە) و زۆر زەحمەتە.

تا رادەرێکی بەرێزمان کە زۆر برادەری کاکم بوو بە خوالێخۆشبوو (مامۆستا عەلائەددین سجای) وتبوو ئەوکات پێگە و مەکانەی خۆی هەبوو. ئەویش لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (صدام) پێی وتبوو هەر لەوێدا رازی بوو و فەرمانی گواستنەوەی بۆ دەرکردبووم بۆ (کارگەی شەکری سلێمانی) کە فەرمانەکە گەیشتە (کووت) و بینیان لە (سەرۆکایەتی کۆمارەوە) دەرچووە ئینجا لەسەدا سەد گۆڕدران بە شێوەیەکیتر رەفتاریان ئەکرد بەڵام تازە من ئەڕۆیشتم و هاتمەوە بۆ سلێمانی لە مانگی کانونی دووەمی ١٩٧٨/ دا و لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا مانگی ١٩٧٨/٦ جارێکی تر گوازرامەوە بۆ بەغدا (لەم ماوەیەدا هاوسەرگیریم کرد) و ئتیر بە ماڵەوە چومەوە بۆ بەغدا. و لە (الشركة العامة للزيوت النباتية) دەست بەکاربووم بە یارمەتی خوالێخۆشبوو کاک (مستەفا سلیمان) کە بەڕێوەبەری گشتی کارگەی شەکر بوو. لەوێش بەهەمان شێوە دژایەتی و هەڕەشە و ترساندن و زوڵمی زۆر تا برینی دەرمانەکانم. بە تایەتی کە بەڕێوەبەری گشتی کونەکەمان گۆڕا و ئەفسەرێکی (مخابراتی تکریتی) بووە بەڕێوەبەری گشتی. ئەبوایە هەموو سەرەتایی هەفتەیەک (شەمە) کاتژمێر (٨) من لە ژووری (زابت ئەمن) بومایە فۆرمێک هەبوو پڕمبکردایەتەوە کە بریتی بوو لە (٦) لاپەڕە و زانیاری

تەواویان ئەویست هەموو کەسوکتارم تا پلە (٦)..

داوام لێکرا لەلایەن (مدیر عام) ەوە بە ئامادەبوونی (زابت ئەمن) ببم بە (مخابرات و سیخووری بکەنم بەسەر فەرمانبەرکانەوە ئەیوت تۆ کەس پێتنازانێت و کشت لێناکات). بەلام من هەرگیز ئەوەم قبوڵ نە ئەکرد چونکە زۆرەی فەرمانبەران هاورێم بوون کەسانی باشیان زۆر وتیابوو کە ئەو کارەم ڕەت کردەوە هەر بۆ بەیانی لەگەڵ دەستپێکردنی دەوامدا فەرمانی گواستنەوەم ب ۆکارگەیەکی دووری ناخۆش پێدرا (ئەوکات کە یەکێکیان سزا بدایە لە ئیدارەوە کە دەوامی تا (٢) ی پاش نیوەڕۆ بوو نەقل ئەکرا بۆ کارگە لە دەوامی (٧) ی ئێوارە بوو منیش (٢) منداڵم هەبوو زۆر قورس بوو ئەو ئەرکە بەلام هەر ڕۆیشتم لە ڕێی پاسەوانەکانی کارگەوە کە دیاری و شتم بۆ ئەبردن تا ئاگایان لە منداڵەکانم بێت هەر شتێک لە کوردستان ڕوویبدایە من ئەخرامە ژێر چاودێریەوە و دەوامی (اجباریم) پێئەکرا هەروەک لە هەڵبژاردنەکانی یەکەم پەرلەماندا ڕوویدا من اجازە بووم هەفتەیەک تا دەرس بە کورەکەم بڵێم کە پۆڵی (٦) سەرتایی بوو. وایانزانیبوو هاتوومەتەوە بۆ کوردستان بۆدەنگدان ناردیان بە دوما و وتیان ئەبێ هەموو ڕۆژێک بێیت (ئیمزا بکەیت). منیش (مۆڵەت) م کردبوو.

زۆر زۆر شتی تریش کە نامەوێ درێژەی پێبدەم و باسی بکەم تا بەتەواوی بێزاریان کردین و ئێمەش هەر چاوەڕێ بووین دەرفەتێکمان بۆ بگونجێ تا بەغداد بەجێبهێڵین. هەموو ماڵ و بەرژەوەندییەکانمان بەجێهێشت و من و منداڵەکانم لەڕێی (موسڵ) و ناسیاوێک هێنایینیەوە و باکی منداڵەکانیم لە ڕێی (کەرکوک)ەوە هەر خۆمان و جلەکانمان و لێرەش لە (سفرەوە)وە بە یارمەتی کەس و کارمان دەستمان کردەوە بە ماڵ دروستکردنەوە. خۆشم (اعادة تعیین)م بۆ کرایەوە و بوومەوە بە فەرمانبەر لە (کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو) لە سلێمانی و قۆناغێکی تری قورستری ژیانم دەستپێکرد کە چاوەڕوان نەکرابوو بوو.

مونیرە عەبدول محەمەد

## مەجید محەمەد ئەمین

من لە سالّی ١٩٥٨ لە شەقلّاوە لە دایک بووم لە سالّی ١٩٧٣ بوومە ئەندامی پارتی، لە یەکێتی قوتابیانیش ئەندام بووم، لە سالی ١٩٧٥ کاتی بە بنبەست گەیشتنی رێکەوتنی ١١ی ئازار و دەست پێکردنەوەی شەڕ پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کرد ،تاقیکردنەوەی پۆلی ٩مان لە خانێ ئەنجامدا، پاش ماوەیەک لەگەڵ هەندێک مالّە خزم چوومە ئوردوگای بەهرام لە دزفول، پاش ماوەیەک مالّی باوکیشم لە شەقلّاوە دەرکران هاتنە ئوردوگای بابک نزیک لە بەهرام، من چوومەوە لای مالّی باوکم.

پاش تێکچوونی شۆڕشی ئەیلول خەڵک بە لێشاوو دەگەڕایەوە بۆ عیراق تا مانگی ١٠ی سالّی ١٩٧٥بە بڕیاری میری لێبووردن ڕاوەستا ماوەی سالّێک و دوو مانگ، لە ١٨ی١٢ی ١٩٧٦ لەوماوەیە ئێمەیان گواستەوە شوێنێکی هاوینە شارێک بوو بەناوی (سەبزەهاب) لەوێ خەڵک دەچووە کارکردن، تەنها ئیشی ناو چەوەندەر هەبوو بڕین و کۆمەڵکردن و بارکردن، من قوتابیش بووم کاریشم دەکرد،ماوەی سالّێک هیچ لێبوردنێک نەدرا، ڕۆژێک هاتنە ناو ئوردوگای سەبزاب گوتیان ئەو ئوردوگایانە دادەخرێن، ئێوەش دابەش دەکرێنە سەر شارەکانی ئێران هەرمالّێک بۆ شارێک، ئەوەی دەچێتەوە عیراقیش ئێمە دەیگوازینەوە بۆ سنوورەکان لەوێ ڕادەستی عیراقی دەکەینەوە وئێمە لەگەڵ زۆر مالّی تر گوتمان دەگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان، خەڵکێکی زۆر ناوی خۆی نووسی، ئێمەش لەگەڵ بووین لە ڕێگای کرماشان و خانەقین گەڕاینەوە هەر

لـە سـنوور سـواری کۆسـتـەر کرایـن بـۆ نـاو شـاری بەعقوبـە لە نـاو بـازاڕ تێپەڕین خەڵـک بـە هێلکـەو بـەردو قالکـە شـووتی کەوتنـە دوومـان بـەڵام کۆسـتـەرەکان نەوەسـتان تـا گەیشـتینە پارکێکـی گـەورە ئێـوارە بـوو دایانبەزاندین، لەفـەی سـەموون و هێلکەیـان پێدایـن، شـەو لـەوێ مایـنـەوە، دونیـا سـارد نەبـوو بەیانییەکـەی سـواری کۆسـتـەریان کردینـەوە بـەرەو خـواروو، قافلـەی کۆسـتـەران لـە دوای یـەک ڕێـز ببـوون، گووتمـان تـە واو مـادام بـۆ خـواروو سـوڕایەوە تـازە نامانبەنـەوە کوردسـتان کارمـان تـەواو، خەڵکەکـە زۆر دەترسـان چونکـە ئەوانەی بـە لێبوردنەکانـی پێشـوو گەڕابوونـەوە هـەر یەکەیـان بـۆ شـارو گونـدی خـۆی ڕەوانـە کرابـوون، دەی تـازە کەوتینـە دەسـت قـەدەر، نازانین بـۆ کوێمان دەبەن؟ چارەنووسـمان بـە کـوێ دەگات؟ بۆدوای نیـوەڕۆ گەیشـتینە شـارێک هەمـووی دارخورمـا بـوو گووتیـان ئـەوە شـاری کەربەلایـە، لەوێ لـە پێش ئیـدارەی محەلی ڕایانگرتیـن، خەڵکێکـی زۆر لـە دەورمـان کۆبووەوە، بەڵام ئەمنـەکان زوو بڵاوەیان پێکـردن. پـاش ئەو پشـووە سـواری کۆسـتـەر بووینەوە بەنـاو دارخورماو پرتەقال هەڵگەڕایـن شـوێنێکی زۆر خـۆش بـوو ڕێگاکـە هەمـووی سـێبەر بـوو، هەمـووی باخـی خورمـاو پرتەقـال بـوو، دەوروبـەری ڕێـگا گونـدو دێهات بـوو تا گەیشـتینە شـارۆچکەیەکی خـۆش گوتیـان ئـەوە ناحیـەی (حوسـێنیەیە) لەوێش خەڵـک لـە دەورمـان کۆبـووەوە، چەنـد ماڵـە خزمێکیـان لـەوێ دابەزانـدن ،نەیـان هێشـت ئێمـە دابەزیـن کەمێکـی تـر ڕۆیشـتین لـە ناحیـە بـەدەر کەوتیـن لایـان دایـە گوندێـک لـەدەرەوەی گونـد کۆسـتـەرەکان وەسـتان، هاتینـە خـوارەوە، خەڵـک لە دەورمـان کۆبـووەوە، ئەوگونـدە نـاوی (گونـدی ٧نیسـان) بـوو چەنـد خانـووی بچـووک لـە دەرەوەی گونـد بـوون بـە قـوڕ دروسـتکرابوون هەرماڵێـک چـووە نـاو خانوویـەک نزیکـەی ١٢ مـاڵ دەبوویـن. شـەو لـەوێ پاڵکەوتیـن بەیانییەکـەی بەڕێوەبـەری ناحیـەو ئەمـن و شـارەوانی و لێپرسـراوی حزبـی بەعـس هاتنـە نامـان، گوتیـان کـێ عەرەبـی دەزانـی گوتـم مـن، گوتیـان پێیـان بڵـێ ئێـوە بـە شـێوەیەکی کاتـی لێـرە دەبـن ئێمـەش وەکـو لێپرسـاوانی ئـەو ناوچەیـە لـە سـەر فەرمانـی (سـیدالرئیس) خوابیپارێـزی لـە خزمەتتـان دادەبیـن، بـە خەڵکـی گونـدوو ناوچەکەشـمان گوتـووە ئەوانـە لێقەومـاوو ئـاوارەو مێوانـن لـەو ناوچەیـە لەسـەر فەرمانـی سـەرۆک دەبـێ ڕێزیـان بگـرن، هـاوکارو یارمەتیدەریـان بـن، ئـەوان هـەر لـەوێ بـوون خەڵکـی گوندەکـە هاتنـە نامـان نـان و ئـاوو خـواردن

و شتیان بۆ هێناین، چاکەو پیاوەتی و شەهامەتی ئەو خەڵکە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بەدەر کەوت، موختاری گوند ناوی (وەروەر) بوو ئەویش پیاوێکی زۆر باش بوو لە ڕۆژەکانی دوایی دەعوەت و عەزیمەیان بۆ دەکردین، پیاوەکان دەچووین بەڵام گەورەترین کێشەمان (کەوچک) بوو ئەوان بە دەست دەیانخوارد مڵاکیشیان نەبوو بۆ ئێمە، هەندێ لە ئێمە بەناچاری دەمان خوارد پاشان گوتمان ئەگەر چوونە هەر ماڵێک کەوچکی خۆتان پێبێ هیچ کێشەتان نابی. لە ناحیەی حوسێنییەو گوندەکانی دەوروبەری زۆری سەربە عەشیرەتی (سەمەرمەد) بوون سەرۆکی عەشیرەتیان (عەبدولواحد سەمەرمەد) بووپیاوێکی زۆر دونیا دیدەو خۆش مەشرەب و بەڕێز بوو، هەرلە ڕۆژەکانی یەکەم بەخۆی کوڕێکی ناوی (قەیس) مامۆستا بوو هاتنە لامان، زۆر دڵنەوایی کردین، چەند جارێک گوتی ئێوە مێوانی عەشیرەتی سەمەرمەدن هەموومان لە خزمەتتان داین. ئێمەش لە ژیانی ڕۆژانە لەگەلیان تێکەڵ بووین تا وای لێهات لەگەلیان دەچووینە کاربەتایبەتی لە ناو باخی خورما، زۆربەی پیاوەکان بە ڕۆژانەیەکی باش دەچووینە کارکردن، کاتی بێکاریش لەگەڵ گەنجەکانی گوند یاری باڵەو تۆپی پێمان دەکرد، فەرمانێک هات ئەوەی دەتوانی کاربکات میری دایدەمەزرێنی هەموو پیاوو گەنجەکان لە دام ودەزگاکان دامەزران، باوکم لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەربەلادامەزرا، حەمیدی براگەورەم بە شوفێری ئیدارەی محلی دامەزرا واحیدی برا بچوکم لە ئامادەیی کشتوکاڵ لە ناو ناحیە بوو دامەزرا، لەو کات مامۆستا (حەسەن گەرمیانیش) لەوێ مامۆستا بوو دوورخرابووەوە. من لە ناو دیوانی پارێزگا بە (ڕەززام) دامەزرام بەریدم لە ژووری پارێزگار (عزیز صالح النومان) دەهێنا دەرەوەو دەمبردە ژوورەکەی، هەرگیز چاکەو پیاوەتی ئەو پیاوە لەیاد ناکەم بۆ من وەک باوک بوو چەند جار یارمەتی داین بە ئەرزاق و بەتانی چەند جار بە پارەش یارمەتی منی دەدا، زۆر خۆشەویست بووم لای، چەند جار پێمی گوت هەرچییەکتان لە ماڵەوەش پێویست بوو پێم بڵێ، فەرمانبەرانی ناو پارێزگاش هەموویان ڕێزیان دەگرتم لەبەر ئەوەی تازە ١٨ساڵ بووم و بچووک بووم، عەرەبییەکی زۆر باشیشم دەزانی، لە ئیش وکاریش زۆر جەسوورو دڵسۆز بووم، ڕۆژێک بەڕێوەبەری ناحیە هاتە دیوانی پارێزگا بردمە ژووری پارێزگار گوتم گەورەم ئەوە بەڕێوەبەری ناحیەمانە، گوتی دەزانم، ئێستاش

ماڵتان هەرلە گوندەکەیە؟ پارێزگار بە خۆی دووجارسەردانی گوندی ٧نیسانی کردبوو گوتم بەڵێ بە بەڕێوەبەری ناحیەی گوت لە وخانوانەی ئیدارە محلی ناحیە خانوویەکی دەدەی بە مجید ئەوە کوڕی منە، گوتی فەرمانتە گەورەم، پاش یەک دوو ڕۆژ خانوویەکیان لە ناو ناحیەی حوسێنییە داینێ شوێنێکی زۆر خۆش بوو هەمووی دارو بارو باغ و باخات بوو وەک شەقڵاوە. ڕۆژانە بە ٥٠فلس دەچووینە دەوام و دەگەڕاینەوە. پاش دەوام وپشووەکانیش لەگەڵ گەنجانی ناحیەو گوندەکان لەگەڵ مامۆستا قەیس بەسەرمان دەبرد. ژیانێکی زۆر خۆش,و ئاسوودەمان هەبوو ماوەی دووساڵ زیاتر لەوێ بووین نزیکەی لەو دەورو بەرە ٥٠ ماڵە کورد دەبووین، هات و چۆی یەکترمان دەکرد، دەچووینە ڕاوی ڕێوی وکەروێشک لەوێ گەلێک زۆر بوون لای وان گۆشتی حەرام بوو، لە ناو شیناوردەکانیان بە مگواری لێیان دەدان و بۆ ئێمەیان دەهێنا.

ئەو ماوەیەی لەوێ بووین تەنها کێشەیەکیش ڕوووینەدا لەبەینی کوردو کورد، یان کوردو عەرەب، بەڕاستی شەهامەت و پیاوەتی و مرۆڤایەتی خەڵکی ئەو ناوچەیە لەیاد ناکرێ، نازانم لەبەر ئەوە بوو ئەوانیش کە شیعە بوون وەک ئێمە چەوساوە بوون یان فەرمانی میری بوو کەس نابێ زوڵم لە هیچ کوردێک بکات، میری نیازی وابوو ئێمە لە وێ جێگیر بکات و نەمانگەڕێنێەوە کوردستان، هەتا نفووسی خێزانەکانیشمانی گواستەوە کەربەلا.

لەمانگی ٣ی ساڵی١٩٧٨لێبوردنێکی گشتی دەرچوو هەموومان گەڕاینەوە زێدی خۆمان، پاش گەڕانەوەمان بە ماوەیەکی زۆر تا نفووسی خۆمان هێنایەوە شەقڵاوە، تا بەم دواییانەش هات و چۆمان لەگەڵ زۆریەیان هەبوو، عەبدولواحد سەمەرمەد دووهاوین لەگەڵ مامۆستا قەیسی کوڕی هاتنە شەقڵاوە خزمەتم کردن، ئەوەی لەیاد ناکرێ نەبوونی کەوچک بوو لە کاتی دەعوەت ئەویشمان چارەسەر کرد، وەک خەنجەر بۆ هەموو شوێنێک کەوچێک یان دووانمان لەبەر پشت بوو

# محسن قوجه الياس قصاب

ولد في (١٩٢٥/٧/١) و توفي في (٢٠١٨/١١/١١)

حاصل على شهادة البكلوريوس في القانون. انتمى الى نقابة المحامين سنة (١٩٥١). بعد رجوعه من ايران سنة (١٩٧٥) مكث في اربيل حوالي شهرين ثم تم ترحيله الى جنوب العراق الى محافظة الديوانية حيث بعد استقرارة عمل في وظيفة مدير املاک في محافظة الديوانية من سنة (١٩٧٥) الى سنة (١٩٧٨).

وفي اواخر سنة (١٩٧٨) تقاعد وعاد مارس المحاماة في اربيل. وفي فترة بقائه في الديوانية رافقه زوجته واولاده، وفي نفس الفترة من الزمن تم ترحيل بعض من اهالي اربيل ومنهم صلاح العلاف ويوسف ميران وحاكم بايز دزەیی وغيرهم.

# مستەفا ساڵح کەریم

پاش نسكۆی ساڵی (١٩٧٥) وە كە شۆڕشەكە ئاش بەتاڵی پێكراو وەك هەزاران كەسی تر هاتنەوە بۆ شاری سلیمانی، بابم پیش داخڵ بونی بە شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٤ (سەرپەرشتیاری پەروەردەی بوو) وەكاتێك گەڕایەوە لە ساڵی (١٩٧٥) كرا بە مامۆستای ئیبتدائی بۆ ماوەیەكی كەم و لەسەرتای خوێندنی ئەو ساڵە نقل كرا بۆ قوتابخانەیەكی لادیەیەك سەر بە رومادی، وە ئیمەش ماینەوە لە شاری سلیمانی و بە معاشێكی كەم ئێمەی بە خێو دەكرد كە جگە لە دایكم دوو برا و خوشكێك بوین و هەموشمان خوێندكار بوین جگە مەسرفی خۆشی.

پاشان زانكۆ گوێزرایەوە بۆ هەولیر من وەك فەرمانبەر براكەم وەك قوتابی خوشكەكەم بۆ معهدی ادارەی بە غداد، بەو مانایەی مەسرفەكە زیاتر قورستر بوو بۆ باوكم، بەهەرحاڵ باوكم لە غەریبایەتی و لە شاری رومادی (٣) ساڵی تەواو كرد و پاشان گوێزاینەوە بۆ سلیمانی وەك مامۆستایەكی ئیبتدائی و لە ساڵی (١٩٨٣) بە زۆرەملێ خانەنشینیان كرد كە هێشتا (١٠) ساڵ زیاتری مابوو.

بەڵام هەرچەندە لە بارودۆخیكی خراپدا بوو بەڵام جوانترین كورتە چیرۆكی بڵاوكردوە و هەمیشە وتار و شتی دەنوسی بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە كوردیەكانی ئەو زەمانە.

كاریگەری ئەو بوارە ناخۆشەی كەتیا دەژیا لە عەرەبستان و دوور لەماڵ

ومنداڵی و هاوڕێیەکانی و کوردستان. داخی ئاش بەتاڵی شۆرشی (١٩٧٤) و گەشانەوەی شۆرشی نوی ئەمانە بون بە هۆی ئەوەی کۆمەڵە چیرۆکێک بنووسێت بەناوی ڕەشپۆشیک لە جیهانی چوارەم.

کە ئەم کتیبە ناوبانگی دەرکرد و دەنگی دایەوە، چونکە هەر چیرۆکێک مانای ژیرەوەی هەبوو دژ بە حکومەتی بەعس.

کۆمەڵیک پیاوی ناودار لە گەڵیابوون لە شاری رومادی هەندیکیانم لە بیرە:

وەک سامی حسێن نازم و حاکم مستەفا فەقێ رەشید قەشانی و عمر دبابە و زۆرانی تر.

# محەمەد حەمە باقی- سلێمانی- ١٩٤٦



(١)

ساڵی ١٩٧٤، لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستاندا بەرپرسی ڕێکخستنەکانی لیژنەی ناوچەی هێزی (ڕزگاری) بووم. بارەگای هێزەکە و لیژنەی ناوچەشمان لە گوندی (بەرگەڵوو) بوو، کە جێگەیەکی چیایی سەخت و قایم بوو، هێزی ڕزگاری لە هێزە بە ژمارە گەورەکانی شۆڕشی کوردستان بوو، هێزەکە لە (٦) بەتالیۆن پێکدەهات، کە هەر بەتالیۆنەی نزیکەی (٥٠٠) پێنج سەد پێشمەرگە دەبوون، بەم پێیە ژمارەی پێشمەرگەکانی هێزەکە نزیکەی (٣٠٠٠) هەزار پێشمەرگە دەبوون و سنووری جوگرافی و چالاکی لە باشوورەوە تا (چەمی ڕێزان) و (قەڵا سێوەکە) و ڕێزە چیاکانی (حەمرین) و لە خۆرئاواشەوە تا (پردێ) دەچوو. ڕێگەی سەرەکی (سلێمانی- دوکان- خەلەکان)یش لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکەدا بوو، ئەم جوگرافیا بەرینەش وایکردبوو کە هێڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناوچە و هێزەکانی دوژمندا نزیک و دەستەویەخە و لەبەریەک کەوتن و بەیەکدا هەڵپڕژان بێت.

زۆرینەی پێشمەرگەکانی هێزەکە، لە لاوانی خوێن گەرمی گەرمیان و کەرکووک پێکهاتبوو، کە هەموو بەش و پەل و لقەکانی ئەو بەتالیۆنانە، پێشمەرگەی ئازا و چاونەترس و دەستوەشێن بوون. بەم هۆیەوە هێزەکانی عێراقیش هەفتانە و ناو بەناو و لەناکاودا بە فڕۆکەی جەنگی، هێرشی بۆ سەر

بنەکە و بارەگای هێز و شارۆچکە و گوندە ئازادکراوەکانی قەڵەمڕەوی هێزەکە دەکرد و دەزگاکانی سیخوڕی ڕژێمی عێراقیش زۆریان ڕق لە هێزی ڕزگاری دەبۆوە، چونکە بەردەوام چالاک و زەبری گەورەیان لە هێزەکانی عیراق دەدا.

فەرماندەی هێزەکە: ڕەئیس عەبدوڵلا بوو، کە مخابن نەخۆش و ناوبەناو بۆ چارەسەر سەردانی ئێرانی دەکرد، تا دواجار بۆ ئەوەی هێزەکە بێ سەرپەرشت نەمێنێتەوە، فازیل تاڵەبانی کرایە فەرماندەی هێز.

هەر لە قەڵەمڕەوی هێزەکە و ڕوونتر لە گوندی (هەڵەدن)دا، نەخۆشخانەیەکی گەورەش دروستکرابوو، کە دکتۆر (ئەڵبرێت) ی بە ڕەگەز (ئەرمەنی) و خۆبەخش سەرپەرشتی دەکرد. ئەم دکتۆرە ئازا و مرۆڤدۆستە، لە وڵاتی (نەمسا) وە بۆ هاوخەباتی هەردوو گەلی کورد و ئەرمەن، دەستبەرداری ژیانی خۆشی ئەورووپا ببوو، هاتبوو شان بەشانی پێشمەرگە خەباتی دەکرد و هەرکاتێ بیزانیبایە لەهەر قوژبنێکەوە، شەڕو هێرشی دوژمن و بۆمبارانی فڕۆکەی دوژمن هەیە، بە پەلە و بێ ترس، بە هەموو پێویستی و تەدارەکی پزیشکییەوە، خۆی دەپێچایەوە و دەگەیشتە ناوچەی شەڕەکە و چارەی بریندارەکانی دەکرد و ئەگەریش بریندارەکان لە شوێنی شەڕەکاندا چارەسەریان بۆ نەکرابایە، دەگەیەنرانە نەخۆشخانە گەورەکەی (هەڵەدن) و نەشتەرگەری زۆر سەردەمییانەی بۆ دەکردن. بۆ خۆگونجاندنیش لەگەڵ دانیشتووانی گوندەکاندا، زۆر بە پەلە خۆی فێری زمانی تایبەتی ئەو گوندانە و بە کوردییەکی خۆش قسەی دەکرد. دۆستایەتیم لەگەڵیدا زۆر خۆش و برایانە بوو، زۆرجار ئەو لای من لەبارەگای لیژنەی ناوچەی هێز میوان دەبوو، یان من لە (سەرگەڵوو)ەوە بۆ (هەڵەدن) بۆلای دەچووم. دڵبەستبوونی بە گەلی کوردەوە ئەوەند پتەوبوو، دوای پیلانە چەپەڵەکەی (١٩٧٥/٣/٦) و ڕێکەوتنی سەدام و شای ئێرانیش لە (جەزائیر)، بە هەموو دڵییەوە هاواری لێ دەکردین: نابێ دەست لە شۆڕش هەڵبگیرێ و دەبێ بەرگری چەکدارانە و پارتیزانانە بکرێ. بەڵام کە بۆی دەرکەوت شۆڕش دوایی هاتووە، بۆ (نەمسا) گەڕایەوە و دوای گەڕانەوەشی بۆ وڵاتی نەمسا، نامە و نامەکاریی و پێوەندیی نێوانمان هەر نەپسابوو.

ئەندامانی لیژنەی ناوچەی هێزەکە بریتی بوون لە: مەجید، بە بۆنەی ئەوەوە کە لە دەمێکەوە لە هێزی (ڕزگاری)دا بوو، بە (مەجید ڕزگاری) دەناسرا

و خەڵکی کەرکووک بوو، حەمەتاڵ، سەیید کازم (خوا لێیان خۆش بێت).
سەیید کازم لە شێخەکانی سەرگەڵوو بوو، نەبیل نووری مەتی، کە بە ئایین لە مەسیحییەوە بەرێز و کورد پەروەرەکانی شاری سلێمانی بوو، بەر لەوەی منیش و ئەویش لە لیژنەی ناوچەی هێزی رزگاری هاوکار بین، هەردووکمان لە خولی پێنجەمی پەیمانگای کادراندا لە گوندی (زینۆی شێخی- ناوچەی حاجی ئۆمەران) ببووینە هاوڕێ و دوای تەواوکردنی خولەکەش هەردووکمانیان پێکەوە بۆ کاری ڕێکخستنەکانی هێزی ڕزگاری ناردن، ئێستا کاک (نەبیل) دانیشتووی وڵاتی سویدە و دۆستایەتی و پێوەندیی و هاتوچۆمان هەر بەردەوامە.

(٢)

دوای ڕێکەوتنی بەدناوی سەدام حوسێن و شای ئێران لە جەزائیر، لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە سەرپشک کراین بچینە ئێران، یان بۆ عێراق بگەڕێینەوە!! من و زۆربەی ئەندامانی لیژنەی ناوچەی هێزی ڕزگاری، دوای دیدار و کۆبوونەوەمان لەگەڵ (نووری شاوەیس)ی خوالێخۆشبوودا لە ناوچەی پێنجوێن، کە بە نوێنەرایەتی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ ئەو مەبەستە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی لقی ٤ی پارت و لیژنەی ناوچەکانی سەر بە لقی ٤ هاتبوو، دوای ڕاگەیاندنی یاسای لێبوردنی گشتی، کە لە عێراق دەرچوو، بۆ عێراق گەڕاینەوە. من پێشتر شوێنی کارەکەم لە کارگەی پوختەکردنی توتن (معمل تنقیح التبغ)ی سلێمانی بوو، بۆ سلێمانی گەڕامەوە و دەبوو بۆ چوونەوە سەرکاری پێشوومان، ڕەزامەندیی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی وربگرین، لەکاتی لێپرسینەوەمدا لە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو، بۆم دەرکەوت کە دەسگا سیخورییەکانی عیراق، چەندیان ڕق لە (هێزی ڕزگاری) بووە، بۆیە هەرچەند ڕۆژێک دوای چوونەوە سەرکارەکەی پێشووم، ڕۆژی (١٩٧٥/٤/١٤) لەلایەن ئەفسەری ئاسایش (ظابط امن) ی دائیرەکەمانەوە ئاگادار کرام کە بۆ پارێزگای (ڕوومادی) گوێزراومەتەوە و دەبێ بە پەلە پێوەندی بە شوێن و کاری تازەمەوە بکەم (بڕیاری گوێزرانەوە و دوورخرانەوەم بۆ پارێزگە- شاری (ڕوومادی)، هاوپێچ لەگەڵ ئەم پیشەکییەدایە.

(٣)

مێـژووی ڕۆژی گەڕانـەوەم لـە شـاخەوە و ڕۆژی دەسـتبەکاربوونم لـە کارگەی پوختەکردنـی توتنـی سـلێمانی و دیسـان ڕۆژی چوونـم بۆ شـاری ڕوومـادی لە یاد نییـە، بـەڵام کـە گەیشـتمە ڕوومـادی و سـەردانی دەزگاکانـی پارێزگەکـەم کـرد، پێمیـان ڕاگەیانـد کـە شـوێنی تازەم لەناو شـاری ڕوومادیدا، لـە کارگەی جلوبەرگ دورسـتکردن دەبێ.

ئـەوەی لـە بیـرم مـاوە، بەڕێوەبـەری کارگەکـە نـاوی (عبداللطيـف) بـوو، مرۆڤێکـی موسـڵمان و ئـارام و بەرامبـەرم زۆر میهرەبـان بـوو، وەک دیاربـوو زۆر خۆشـیی لـە ڕژێمـی سـەدام نەدەهـات.

مووچەکـەم زۆر کـەم بـوو، بـەڵام دەبووایـە بچمـە ئۆتێـل، شـارەکەش لـەو سـەردەمەدا زۆر بچـووک و ئـارام و لـە زۆر لایەنـەوە دواکەوتبـوو. تەنیـا چەنـد چایخانـە و ئۆتێلـی بچـووک و سـادەی تێدابـوو. وابزانم ئەو ئوتێلـەی لە ژوورێکدا جێـم گـرت، نـاوی ئوتێـل (سـەعید، یـان ئەسـعەد بـوو).

لە یەکەم ڕۆژ و دووەمین ڕۆژی گەیشـتنمدا بۆ ڕوومادی، دوای نیوەڕۆیەک لە چایخانەیەکـدا ڕووبـەڕووی هاوڕێـی دێرینـە و شـاعیر: ڕەفیـق سـابیر بوومەوە، کە لەو کاتەدا جلوبەرگی سـەربازی عیراقی لەبەردابوو، بە دیتنی زۆر شـادمان بووم و گەشـامەوە، بـەڵام هەسـتم کـرد ئـەو چاوەڕوانـی نەدەکرد، من لـە ناکاوێکدا ئەو بـە جلـی سـەربازی عێراقییـەوە ببینـم، بۆیە ئیتـر هەر ئەو جارە لـەو چایخانەیەدا و بـە جلیـی سـەربازییەوە دیتـم و دیـار نەمـا، وەک دیاربـوو گوێزرابـۆوە بـۆ سـەربازگەی شـارێکی تـر، یـان لە سـەربازیی (تسـريح) بووبوو!!

بـە ڕۆژ لەسـەرکارەکەم و دوای نێوەڕوانیـش لـە ئوتێـل دەبووم.. زۆر تەنیـا و بـێ هـاودەم و نیگـەران بـووم ، لـەو تەنیاییـەدا بـۆم دەرکـەوت مـن یەکەمیـن کوردم، کە دوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلوول، بۆ شـاری ڕوومادی گوێزرابوومەوە،

بـۆ نانخواردنـی بەیانـی و نیـوەڕوان و شـەوان، دەبووایـە بچمـە چێشـتخانە، تەنیـا پارکێکـی بچـووک و ڕووتـەن و یانەیەکـی فەرمانبەرانـی تێدابـوو، کـە عەسـران و شـەوان ماوەیەکـم تێـدا بەسـەر دەبـرد. ئـەوەی بـە تەنـگ دڵدانـەوە و ئۆخژنـم بـوو، تەنیـا و تەنیـا کتێـب و خوێندنـەوە بـوو، کـە هـاوڕێ و هاودەمێکی یەکجـار دڵسـۆز و خەمڕەویـن بـوون. لـە پەژارەیەکـی بێبڕانـەوە و نائارامییەکـی دەروونـی زۆر سـاماناکدا دەژیـام، کـە دوای ئـەو سـاڵانەی ئـازاد و سـەربەرزی

و پێشمەرگایەتی، چارەنووسی نەتەوەکەمان بە کوێ گەیشتووە! بۆیە هیچ شتێک ئۆخژن و ئۆقرەی بە دەروونم نەدەدا. زۆرجار بۆ لەدەستدانی ئازادیی لە دەستچووی گەلەکەم و ئەم چارەنووسە ڕەشەی تێی کەوتووین، دەگریام و کوڵی گریانم دانەدەمرکایەوە. شەوان خەوم دەزڕا و لە ڕاڕەوەی ئوتێلەکەدا پیاسەم دەکرد و بێئەوەی کۆنترۆلی خۆم بکەم، جەستەم دەلەرزی و فرمێسک بەچاومدا دەچۆڕا. لە جێگگەیەکدا جێم بەخۆم نەدەگرت و نەمدەزانی چۆن خۆم لەگەڵ بارودۆخەکەدا ڕابهێنم. تووڕە دەبووم و نەمدەزانی لە چی تووڕە دەبم، جنێوم دەدا و نەمدەزانی جنێو بە کێ و بۆچی دەدەم!

لەم کاتانەدا شاعیران: شێخ ڕەزای تاڵەبانی و حاجی قادری کۆیی-م بیر دەکەوتنەوە، کە بۆچی ئەوەندە تووڕە و بێ ئارامن! دوایی هەر خۆم بەخۆمم دەگوت: ئاخر ئەوانیش دوای ڕووخانی میرنیشینەکانی کورد و لەدەستچوونی ئەو ئازادییەی کە ئەو میرنیشیانە بۆ ماوەیەکی مێژوویی درێژ، بۆ دانیشتووانی ناو قەڵەمرەوەکانیان دابین کردبوو، تووڕە بوبوون و جێیان بەخۆیان نەدەگرت و شیعری تەوس و توانج و ڕەخنەی توند و زبر و جنێوئامێزیان دەنووسی. بەڵام خۆشبەختانە لەو سەردەمە و پێشتریش لە ساڵانی (١٩٧٠)ەوە، شیعرم دەنووسی و شیعریش بۆ ئەو ڕۆژانەم، گیانێکی خۆڕاگریی و داهاتوویەکی ڕووناک و نەبەزینی پێم دەبەخشتی، کە دواتر هەر ئەم شیعرانە، وەک شیعری بەرگریی، لە کۆڕە ڕووناکبیریی و ئەدەبییەکانی شارەکانی سلێمانی و هەولێردا دەمخوێندنەوە و گیانی هەڵسانەوە و بەرگرییان دەژیاندەوە ( ).

دوای چەند مانگێک، بەرە بەرە کوردانی دیکە ڕەوانەی شاری ڕوومادی و شارۆچکە و ناوچەکانی دەوروبەری ڕوومادی دەکران و بەهاتن و دیتنیان و هەڤپەیڤینیان، هاوسۆزیی و هاوخەمیی و دەردە دڵمان ئاوێتە دەبوون و ئۆخژنمان بە یەکتری دەهات.. ئەوانەی لەدوای ماوەیەک بۆ ڕوومادی گوێزرانەوە و پێشتر هەندێکیان هاوڕێم بوون، ئەفسەری پۆلیس: کاک لەتیف عەبدوڵلا مارف (کە لاقێکی لەبەرەی شەڕی بەرگرییدا، گوللە تۆپ لێی دابوو، پەڕیبوو) ئەفسەری پۆلیس کاک بایز کە پێشتر لە ساڵی (١٩٧٢-١٩٧٤) لە ڕێکخستنەکانی (پارتی)دا، بەرپرسیاریان بوم و ملازم کاک مەنسووری شێخ کەریم، کە لە ژوورەکەی خۆم و ناو هەمان ئوتێل جێمان بۆ کردەوە. هەر لەهەمان ئەو ژوورەی مندا، پێشتر لاوێکی عەرەبی سووریاش بەناوی

(مازن) ی تێدا نیشتەجێ و لەناو بازاڕی نزیک ئوتێلەکەدا دووکانی بەرگدووری هەبوو. دوای ماوەیەک و ناسینی باشتری، وەک خۆی بۆمی باسکرد، سەر بە دەسگای ئاسایشی سووریایە (کە لەو کاتەدا نێوانی حیزبی بەعسی عێراقی و حیزبی بەعسی سووریا زۆر ناکۆک بوو). هەر خۆیشی بێ پەروا ئەوەی لام درکاند کە بەتایبەتی بۆ ئەوە بۆ شاری ڕوومادی نێردراوە، تا ئەگەر هەر کوردێکی ئاوارەکراوی وەک ئێمەمانان بمانەوێ بۆ سووریا دەربازبین، هاوکاریی و ڕێنمونیمان بکات، کە دواتر هەر بەهۆی ئەم کەسەوە، چەند هاوڕێیەکم بەچاوساغی ئەو، دەربازی سووریا بوون وەک: فەرهاد شاکەلی نووسەر، کە لەو کاتەدا ناوی (ئەنوەر شاکەلی) بوو، لەتەک ملازم ئیبراهیم عەزۆ ـــ کە دواتر لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا شەهیدکرا) و چەند هاوڕێیەکی تردا، کە لە ئێستادا ناویانم لەیاد نییە و سەر بە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوون ولە دوای گرتنی شەهابی شێخ نووری و هاوڕێکانی و ئاشکرابوونی لیستی ناوەکانیان، ناچار بوون هەڵبێن).

دیسان هەر لەو ناوانەی لە دوای چەند مانگێک بۆ ڕوومادی گوێزرابوونەوە، کاک عەلی جاف- پارێزەر و خەڵکی شاری کەرکووک و لە شاخ حاکم و پێشتریش هاوڕێم بوو. هەروەها کەسێتی ناودار و شۆڕشگێڕی دێرینەی دۆڵی جافایەتی و وەفاداری گەلەکەی: کوێخا ئیسماعیلی تەلان، کە پێشتر لەهێزی ڕزگاری، ئاشنا و سەرلقی هێز و پیاوێکی یەکجار وره بەرز بوو، بەڵام ئەمیان بۆ شاری (ڕوتبە)ی خۆرئاوای ڕوومادی ئاوارە کردبوو. جارە جارە بە تایبەتی سەردانیم دەکرد.

نزیکەی چەند مانگێک دواتر، هاوڕێم شێرکۆ بێکەس-یش بۆ ڕوومادی- شارۆچکەی (بەغدادی) ڕەوانەکرا و هەر زوو یەکترمان گرتەوە و هاتنی شێرکۆ بۆ من لەو کاتەدا هاودەمێکی نزیک بوو، کە دوای ماوەیەک بەرنامەی ئەوەمان دانا، پاش نیوەڕوانی ڕۆژانی پێنج شەموان، پێکەوە بچینە سەردانی هاوڕێیانی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا، چونکە ڕێگەیان پێ نەدەداین سەردانی کوردستان بکەین. شێرکۆش لەو ڕۆژانەدا لە ڕووی ڕۆحییەوە بێ ئارام و پڕ پەژارە و بێزار و وەڕەس بوو. بەڵام سەردانەکانمان بۆلای دۆستانی دانیشتووی بەغداد، دەرەتانێکی زۆر باشی لە ڕۆحماندا دروستکردبوو، شەوان لەماڵی یەکێک لەو بەڕێزانەی وەک: دکتۆر کەمال مەزهەر، دکتۆر ئیحسان فوئاد، مامۆستا

مەسعوود محەمەد، گردبوونەوەی زۆر جوان سازدەکرا و قسە و بابەتی زۆر بە پیت و بە کەڵک ئاڵوگۆڕ دەکران. لەو دانیشتنانەدا، من بە تەمەن لەهەموویان بچووکتر بووم و ئەگەرچی هەموو جارێک کە ئەو گردبوونانە ساز دەکرا، شیعری تازەم پێ بوو، بەڵام زۆرتر حەزمدەکرد گوێگربم، لەو گردبوونەوانەدا وا رێک دەکەوت مامۆستا یان مەلا شوکر و زەبیحی و کاک حسێن عارف و کاک ئەنوەر قادر جاف و مامۆستا هێمن و هەندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش ئامادە دەبوون و تا درەنگانی شەو درێژەی دەکێشا ودانیشتن دوای دانیشتن، قسەو باس و بابەتەکان بەنرختر دەبوون و چێژیان زۆرتر دەبوون و هێشتا و هەمیشە بایەخ و یادی ئەو شەوانە و ئەو مامۆستا خۆشەویستانە و میهرەبانییان لەگەڵماندا، لە بیرەوەرییماندا دەژین و دوای ئەو دەیان ساڵانە کاڵ نابنەوە.

دوای ماوەیەک هاورێم، شاعیری هەست ناسک جەمال شارباژێری-ش بۆ شاری فەلوجەی سەر بە پارێزگەی ڕوومادی هات و جارە جارەش، یان ئەو بۆ ڕوومادی بۆ لای من دەهات، یان من سەردانم دەکرد (یادی بەخێر).

ماوەی دوو ساڵ و نیوێک بەو جۆرە لە ڕوومادی مامەوە و بەڕێوەبەری کارەکەم لە کارگەی جلوبەرگ دروستکردن (عبداللطیف) زۆر ڕێزی باوکانەی لێ دەنام و ڕێگەی هاتوچۆی شاری بەغدا و دەوامی دائیرەکردن و نەکردنمەوە سەرپشکی کردبووم، تا دواجار پێمی وت: ئەگەریش بە یەکجاریی بۆ کوردستانیش بگەڕێیتەوە. ڕێگەت لێ ناگرم و هیچیشت لەسەر نانووسم. منیش دوای ئەو دوو ساڵ و نیوە، بە یەکجاریی بۆ کوردستان گەڕامەوە. بەڵام زۆری تێدا نەمامەوە و دوای دوو ساڵێک لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی (مخابرات) ی عێراقەوە گیرام و دوای شوێنە ونکردنم و ئازار و ئەشکەنجەیەکی چەند مانگی، لە (محکمة الثورة) حوکمی دوو ساڵ زیندانیکرنم بۆ بڕدرایەوە (کە ئەمەیان بابەتێکی جیاوازە و پێوەندی بە ژیانی دواترمەوە هەیە، نەک ژیانی ناو شاری ڕوومادی و ئاوارەیی).

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

العلم نور والجهل ظلام

الامانة العامة لادارة الزراعة والاصلاح الزراعي
الهيئة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي في
محافظة السليمانية
القلم السري

سري

العدد / س / ٦ / ٣٦٦ /

التاريخ / ١٠ / ٦ / ١٩٧٦ م

محافظة السليمانية / القلم السري
م / استمرار موظف

يرجى التفضل بالعلم بأن السيد محمد [illegible] الحسيني موظف في هذه الهيئة الزراعية قد استمر بتاريخ ٢٢/٦/١٩٧٦ في [illegible] العائدة، يرجى التفضل بمتابعة الجهة المذكورة حول مسيره علماً بأنه قد [illegible] في جهة بموجب كتابنا المرقم ٤٢٢٦١ في ٦/٥/١٩٧٦ وبالاصالة لطفاً.

المدير العام وكالة
[illegible]

صورة منه الى:

الامانة العامة لادارة الزراعة والاصلاح الزراعي / القلم السري مع التقدير
مديرية امن محافظة السليمانية
مديرية شرطة السليمانية
مشاور [illegible]
ضابط امن الهيئة العامة
القلم السري / مع المذكرة
السيد رؤوف [illegible] / ٢
الاضبارة الشخصية

رامق ٦/٦/٦

وزارة الصناعة والمعادن
المؤسسة العامة للصناعات الكيمياوية

الرقم : س/١/ ٦١٢ — التاريخ : ١٤ / ١١ / ١٩٧٥

(( الشؤون الادارية ))

ســري

(( امـــر اداري ))

الرقم : ١١

استنادا الى امر وزارة الصناعة والمعادن المرقم ( ٣٩ A ) س/١٤/١١٨٤ فـــي ١٠ / ٩ / ١٩٧٥ .

تقرر نقل خدمات السادة المبينة اسماؤهم ادناه من الدوائر المنسوبين اليها الى الدوائر المؤشرة ازاء اسم كل منهم .

| الاســـم | عنوان الوظيفة | الدائرة المنسوب اليها | الدائرة المنقول اليها |
|---|---|---|---|
| السيد نجم الدين محمد | عـامل | الشركة العامة للدخان الوطنية (معمل سكاير السليمانية) | مديرية اشغال محافظة الانبـــار |
| السيد محمد ... امين | موظف | (معمل تعليب الفواكه السليمانيـــة) | محافظة الانبار وحسب التنسيب |
| السيد حمه صالح عبد الله | مستخدم | دائرة استثمار النفط في محافظة كركوك | [illegible] محافظـــة بابل |

رئيس المؤسسة
كاظـــم علي الشـــيخ

صورة الى /

محافظة السليمانيـــة / للتفضل
محافظة الانبـــار
مديرية اشغال محافظة الانبار
الشركة العامة للدخان الوطنية / اربيل
الشركة العامة للدخان العراقيـــة
القســـم الاداريـــة
الاضبـــارة الشخصيـــة
الســـادة المبينة اسماؤهم

الجمهورية العراقية

رئاسة

المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان

المديرية العامة لدائرة الشؤون الاجتماعية / اربيل

دائرة التقاعد والضمان لمحافظة السليمانية

ختم الوزارة

الشعبة : الخدمة

الرقم : ٢٢/١٠٥٨٤/

التاريخ : / /١٩٨٠

الى / محافظة الانبار / الحكم المحلي

م / محمد باقر [illegible]

كتابكم المرقم ٥٣٠٢ في ٢٢/ /١٩٨٥ يرجى التفضل بتزويدنا بما يلي /

أ - جدول مفصل عن خدمات المومى اليه من ٣١/ ١/ ١٩٢٣ لغاية ٨/١٠/١٩٢٥.

ب - تأييدكم بتسديد التوقيفات عن خدماته من ١/ ٥/ ١٩٢٥ لغاية ٣٠/ ٩/ ١٩٢٥ وذلك بموجب الاستمارة المرفقة طيا واعلامنا النتيجة بالسرعة الممكنة مع التقدير.

المرفق

استمارة

جمال [illegible]

م. رئيس الدائرة

نسخة منه الى /

- ادارة [illegible] في السليمانية / [illegible] اعلامنا بكتابكم المذكورة بتاريخ ١٢/ ٥/ ١٩٢٥ كما ونرجو تأييدكم بتسديد التوقيفات عن ٣١/ ١/ ١٩٢٢ لغاية ٣٠/ ٤/ ١٩٢٥ وذلك في الاستمارة المعدة لهذا الغرض واعلامنا النتيجة مع التقدير.

- مديرية [illegible] محافظة السليمانية ) يدعي المومى اليه بأنه عمل [illegible] لدى [illegible] سليمانية / دوكان - [illegible] سليمانية / [illegible] سليمانية / [illegible] سليمانية / [illegible] من ١/ ١٢/ ١٩٦٦ لغاية ٣٠/ ١/ ١٩٧٠ ومن ١/ ١٢/ ١٩٧٥ لغاية ٣١/ ٨/ ١٩٧٦ لذا يرجى التفضل بتزويدنا بجدول مفصل عن خدماته واعلامنا النتيجة مع التقدير.

- مديرية [illegible] السليمانية )

- [illegible] العامة [illegible] الاجتماعي للعمال / في السليمانية / لدى تدقيق بطاقة الحساب الشخصي للمومى اليه المرقمة ٩١٨٠١١ / سليمانية تبين بأنه اشتغل لدى [illegible] الخدمة المضمونة من ١/ ٢/ ١٩٢٢ لغاية ٢١/ ٦/ ١٩٢٢ لذا يرجى التفضل بتزويدنا بجدول خدماته للفترة اعلاه مع استمارة تسديد التوقيفات عن خدماته ايضا.

- شعبة الخدمة.

- الاضبارة العائدة ( ١٥٨٣ ).

# مەلا شاخی



بەهاری ساڵی١٩٧٤ پەیوەندیم کرد بەشۆڕشەوە بووم بەپێشمەرگە لە هێزی رزگاری، پلەی حزبیم:

- ئەندامی ناوچەی هێزبووم. ماوەیەک جێگری مدیری ئیدارەی هێز بووم، پێش نسکۆ- مدیری جبەخانەی هێز.دوایی نسکۆ مەنفی کرام بۆ خوارووی عێراق بۆ شاری دیوانییە.معسکر عائدون - لە خیوەتگەبووین و ژیانێکی تاڵمان هەبوو، بەزۆر دەمانیان برد بۆ خوپیشاندان دژی رژێمی سوریا. لە موزاهەرەکاندا ئەفسەری توجیهی سیاسی لەپێشمانەوە هاواری دەکرد بڵێن: جیش و شعب للمعرکە. ئێمەش دەمانگوت: جیش وشعب للبحرکە. چونکە دعایە وابوو هەموومان دەخەنە بەحرەوە.

من لەوێ رۆژی ٧ - ٤ - ١٩٧٥ لەرێی عریف نامیق پەیوەندیم کرد بەکۆمەڵەوە هێشتا (ی.ن.ک) دانەمەزابوو.

یەکەم کۆبوونەوەمان پرۆژەی دامەزاندنی ی . ن ک یان بۆمان خوێندەوە. ئێمەیش بریارماندا لەریزی کۆمەڵەدا خەبات بکەین.

لەئابی ١٩٧٥ بەبریاری مجلس قیادەالثورة تسریح کرام و گەڕامەوە کەرکوک. وەک کادر دەستم بەخەباتی نهێنی کرد. پەیوەندیم لەگەڵ کاک عبدالرزاقیش هەبوو. بەیانی دامەزراندنی یەکێتی و یەکەم ژمارەی الشرارە من بڵاوم کردەوە. تابووم بە لێپرسراوی کەرتی جەماڵەڕەش لەکۆمیتەی ئاگر.دوای ئاشکرابوونی هەڤاڵانم پەیوەندیم کرد بەهەرێمی٢ی کەرکوک بووم بەپێشمەرگەو کادری جەماوەری لە ٧٢ گوندی شوان و شێخ

بزێنی. دوای ئەنفال پارتیزان بووم بە پێشمەرگەی دانەبڕاوبووم. بەشداری ڕاپەڕینم کرد. دووساڵ لێپرسراوی کۆمیتەی بنەسەراوە بووم.
لەسوپای کوردستان بووم بەمدیری ئیدارەی قیادەی مەنتیقەی کەرکوک.
ساڵی ١٩٩٤ بووم بەئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

# نیعمەت عەبدوڵڵا

لە کۆتاییەکانی مانگی چوار دووای نسکۆکەی شۆڕشی ئەیلول سوودمان لە لێبوردنی گشتی حوکمەت وەردەگرت لەگەڵ هەزاران دڵشکاو لە ڕێگەی خاڵی سنووری حاجی ئۆمەران دەگەڕێنەوە شاری هەولێر هەرکەسەو بۆ ماڵی خۆی دووای چەندرۆژێک ئەوەی سلکی سەربازی بوو بۆ شاری دیوانیە ڕەوانەکرا لەوێش ناونووس دەکران دووای پۆلێن کردن بەسەر شارەکانی خوارووی و ناوەڕاست دابەش دەکران ئەوەی جێگەی سەرنج بوو هەندێ کەس پێش ئەوەی چارەنووسی خۆیان بزانن و بچن ناوی خۆیان تۆمار بکەن هەر لە سەیارە دادە بەزین بە دووای رابواردن دەگەڕان وایان دەزانی دیوانیە هەمووی کێوەلیە !!پاش ماوەیەک هەرچی سەربازو پولیس و ئەفسەر بوو میلاکیان گۆزرایەوە سەر فەرمانگەکانی شارستانی بۆیە خوارووی عێراق لە کورد جمەی دەهات ئەوانەی دەرچووی زانکۆ بوو ئەوانیش دامەزران بەسەر شارەکانی خووارووی دابەش کران ئیدی بەرەبەرە ئەوەی لە شۆڕش بەرپرسیاریەکی هەبوو یان جێگەی مەترسی بوون ئەوانیش بۆ ئەو شارانە گوازرانەوە هەندەی پێ نەچوو خەڵکی سنوورەکانیشیان گواستەوە.

ئێمە چەند برادەرێک بووین سەردانی وەزارەتی پلاندانانمان کرد چونکە ئەوکات دامەزراندن مەرکەزی بوو دەبوایە ناومان لە وەزارەتی پەروەردە دەربچێ کەچی لەبەر ئەوەی عائیدون بووین ئێمەیان خستە سەر وەزارەتی ناوەخۆ فەرمان دەرچوو بۆ پەروەردەی کەربەلا لە ٢٢/٦/١٩٧٥ ئیدی مۆری

عائیدوونمان پێوە نووسا کەوتینە دەردی خۆمان.. لەگەل سێ برادەری ئاکرەیی سەردانی پەروەردەمان کرد ئەمن بۆ بەشی پلان و ئامار نیعمە ئاکرەیی بۆ بەشی خۆیەتی (زاتیە) زیوەر عەتاالله بۆ زاتیە کرێکاران خوالێخۆشبوو محمد شەریف بۆ کۆگا یەکەمجار لە هوتێل بووین دووایی خانوومان گرت چوار برادەر سەرمان پێکەوەنا بەهەر شێوەیەک بێ ئیدارەمان دەکرد مووچەمان (٤٩ )دینار بوو.

بە گشتی هەلسوکەوت لەگەل ئەو خەڵکە زۆرەی کورد کە لە شارو گوندەکان جێگیر کرابوون باش بوو بە پێچەوانەوە خەڵکی دوورخراوەی وا هەبووە لە خۆراکێشەی دروست دەکرد بۆ ماوەی چوار ساڵ لە شاری کەربەلا بووم رووداوێکی نەخوازراوم نەبیست بەلکوو رێزیان لێ دەگرتین هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی سادە و خەلکی دیکەش هەستی رق و کینەیان نەبوو سەرەڕای ئەوەش کە لەشەڕی کوردو لەشکری عێراق بەسەدان سەرباز کوژرابوون کەسم نەبینی باسی تۆلەکردنەوەی کردبێ وکوردیان زۆر خۆش دەویست لەکاتێکدا وەک شیعە ئەوانیش خۆیان بە مەغدوور دەزانی رەنگە لێرەولەوێ هەندێ رووداوی لابەلا روویدابێ بەداخەوە ئێستا دووای قوولبوونەوەی کێشەکان هەتا رادەیەک رەوشەکە گۆڕاوەجارێکیان تازە بۆ کەربەلا گوازرابووینەوە ئێوارەک چووینە گازینۆیەک لەسەر رووباری حوسێینیە لە نزیکمان کۆمەڵێک خەلکی کەربەلالەوێ بوون بینیمان کابرایەکی دشداشە لەبەر هاتە بەرامبەرمان قۆلی کردەوە و وەک ئەوەی داوای شەڕ بکا دەیگوت انی بالخدمە!! ئێمەش دەمانزانی ئەوە شەڕی دەوێ خۆمان خەشیم دەکرد دەمانگۆت شکرا سوپاس هەندەی پێ نەچوو برادەرەکانی خۆی لێی هەستان بە توندی قسەیان لەگەل کرد گۆتیان چیت لەوانە دەوێ پیلیان گرت و دووریان خستنەوە ئەوانیش داوای لێ بووردنیان لێ کردین شوێبەکەیان جێهێشت .

لەو خانووەی بە کرێمان گرتبوو بۆ ئەوەی ئەوەندە نەچینە چێشتخانەی ناو بازار جار جار لە ماڵێ خواردنمان دروست دەکرد چونکە مووچەمان بەشی کرێ و خەرجی بەزەحمەت دەکرد دووای ماوەیەک لەگەل برادەرەکانی ئاکرەیی لێک جیابووینەوە ئەمن چوومە لای کاک تۆفیق (حاکم تۆفیق) (هەولێر)و کاک شێرزاد (دهۆ ک) کاک دلێر حاکم مجید شاسوار (سلێمانی) پا ش ماوەیەک

ڕەحمەتی کاک سادق غەفور (هەولێر).

کەربەلا شارێکی ئارام و دڵگیرو خۆش بوو بچووکیش بوو بە هۆی ئەوەی دوو مەرقەدی پیرۆزی لێ بوو لە بۆنە ئاینیەکان لە شارە شیعەنشینەکان خەڵک دەهاتنە زیارەت جاری وا هەبوو بەیانیان شار چۆل و هۆل بوو دوای نیوەڕۆ ڕێبەرێ نەبوو بەهەزاران ڕوویان تێ دەکرد بەتایبەتی لە کاتی موحەڕەم بە سەدان هەزار لە ناوەو لە دەرەوە کۆدەبوونەوە واتە شارێکی بە جوولە بوو سیمایەی ئێرانی پێوە دیار بوو..

لە شارەکانی فورات الاوسط بە تایبەتی لە حیللەو نەجەف و کەربەلا ژمارەیەکی بەرچاوی کوردی لێ بوو زۆر کەیفیان پێمان دەهات ڕەنگ و ڕوویان کوردی بوو شانازیان بە کورد بوونی خۆیان دەکرد هەروەها لە ناوچەکانی وەک کوت و عیمارە هەتا بەسرە ئەوە کورد هەر زۆرزۆر بوون. کەربەلا شارێکی گەورە نەبوو بەلام لەرووی پیرۆزی هاوتای نەبوو چوار ساڵی مانەوەمان لەو شارە کەس دلی نەیەشاندین ڕێزیان لێ دەگرتین کوردیان خۆش دەویست بەلام ژیانی زگورتی ئاسان نیە خەمی خواردن و شووشتن و تەنیایی و دووری لە شارو کەس و کاری خۆت ژیان بەزەحمەت دەکا لە کەربەلا ژمارەی دوورخراوەکان بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکە زۆر کەم بوو بەلام بەرەبەرە ئەوانەی ڕاستەخۆ لە ئێران بەزۆر دەیان هێنانەوە ژمارەکە زیادی کرد.

لە ڕێگەی دام و دەزگای جۆراوجۆر هەولیان دەدات کوردەکان نفووسی خۆیان لە کوردستان بگوازنەوە هەروەها ژن و ژنخوازی بکەن ئەوەی حەز بکا با هاوسەرگیری لەگەل کچی عەرەب بکا هەر کێ وابکات خانوو و خەرجی بۆ دابین دەکەن. هەولیان دەدا بۆ ناو حزبی بەعس ڕاتکێشن بەڕێگای جیاجیا بە بیانوی کۆبوەنەوە لەگەل عائیدون کۆبوونەوەیان ساز دەدا بەشەرمەوە ئاماژەیان بەو پرسە دەدا بەگشتی دوورخراوەکان ئەمانەیان ڕەت دەکردەوە ژیانی زگورتی خۆش و ناخۆشە بەلام ئێمە لەو شوقەیە هەستمان بە غەریبی نەدەکرد برادەرانی زۆر دەهاتنە لامان هەر باس باسی بارودۆخی کورد بوو شۆڕشی ئەیلولمان هەڵدەسەنگاند بە ڕوحێکی ڕیازی بەراستی زۆر لەگەل یەک دلسۆزو تەبابووین بۆیە هەتا ئێستاش دوای زیاتر لە٤٨ ساڵ ئەو دۆستایەتیەو برایەتیەمان هەرماوە بە شانازی باسی دەکەین بەگشتی دوورخراوەکان

پەیوەنیمان لەگەل یەک زۆر باش و خۆش بوو سەردانی یەکدیمان دەکرد چ لە کەربەلا یان شارەکانی دیکە. زۆر بە هەلویست بوون سەریان دانەدەنواند بەلکوو نسکۆ رژتری دەکردن لەسەر کوردایەتی

سەبارەت بە تێکەلی لەگەل خەلک لە دائیرەو و لە بازار هەتا رادەیەک باش بوو برادەرایەتی هەبوو ریزی زۆریان لێ دەگرتین سەرەرای ئەوەی کە هەردەم لەلایەن دەزگای ئەمن و بەعسیەکان لە ژێر چاودێری دابووین. بۆ مۆلەت وەرگرتن دەبوایە لە پارێزگاو کەفیلێک هەبی ئەوجا دەتوانی سەفەر بکەیٚ بەلام ئەوانەی کە یەکسەر لە ئێرانەوە هاتبوونەوە مۆلەت ئاسان نەبوو، دووای دەست بەکاربوونم لە پەروەردەی کەربەلا چەند مانگی تێپەری بە مۆلەت گەرامەوە هەولێر بۆ یەکەمجار لە مالی خۆمان بەیاننامەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانم بینی و خوێندمەوە زۆر پێی دلخۆش بووم خواخوام بوو بگەرێمەوە کەربەلا بۆ برادەران باس بکەم پاشان چەند جاری دیکە مۆلەتم وەردەگرت جارێکیان هەندێ بلاوکراوەم هێناوە کەربەلا لەکاتی پیاسە کردن لەگەک هاورێی خۆشەویستم کاک شێرزاد جبرائیل بە زانایی لە دووسێ شوێن دامنا

دەمەوێ باسی ئەوەش بکەم زۆر جار گۆڤاری الهدف م دەکری کە باسی پرسی کوردی دەکرد بەراستی شەو و رۆژ هەر لەبیری ئەو پرسەدابووین بۆیە بیرم کردەوە با سەرێک لە بەغدا بدەم برۆمە لای کاک عبدالله علی رەشید هاورێی دێرینم کە لە بەغدا سەرباز بوو بۆ ئەوەی خۆمان رێکخەینەوە بۆ دامەزراندنی رێکخراوێک یان ئەگەر هەبوو منیش لەگەلیان بم بەو نیازە رۆژێکی هەینی چوومە بەغدا کە لە ئوتێل لوبنان دەمایەوە کە هۆلەکە کاک محمد زادەی خەتاتم بینی سەلامم لێکرد یەکسەر بۆ ژوورەکەی کاک عبداالله رۆیشتم بەلام کەسی لێ نەبوو گەرامەوە لە کاک زادەم پرسی کوا ئەو برادەرە بە هێواشی گوتی ئەمشەو گیراوە منیش بە دل شکاوی و بێ هیوا یەکسەر گەرامەوە کەربەلا دوورخراوەکان هەر یەکە چیرۆکی خۆی هەیە لەگەل یەکتری باش بوون بەگشتی لەسەر بیروباوەری کوردایەتی پێئان سەربەرزی بوو زیاتر بەجۆش تر بوون.

لە ١٩٧٧/٦/١١ لەلایەن دەزگای ئەمنی کەربلا دەستگیر کرام دووایی بۆ بەغدا دەگوازرێتەوە پاش ماوەیەک ڕەوانەی بەندیخانەی شاری عەمارە دەکرێن لەگەڵ دایک و باوکی بەهۆی ئەوەی کە شەهید ڕێباز پێشمەرگە بوو لەوێ نزیکەی ساڵێک حجز دەکرێ. لە نەورۆزی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە سەرکاری خۆی لە پەروەردەی کەربەلا، کە لە بەندیخانە ڕزگارم بوو دووای ماوەیەک گەڕامەوە سەر کاری خۆم دووایی بەرەبەرە برادەران دەگوازرانەوە کوردستان وات لێهات دەبوایە شوقەکە چۆل بکەین. کاک شیرزاد کە هەردەم پێکەوە بووین هاورێیەکی خاکی و دڵسۆز بوو ئەویش فەرمانی دەرچوونی دەرچوو بوو خەریک بووْ بگەڕێتەوە دهۆک پێش ئەوکاتە سەفەری بەغدای کردبوو سەردانی کاک ناسر بەرواری کردبوو کە دەیکردە خەزووری باسی منی کردبوو کە بەتەنیا دەمینێتەوە لەلایەن ئەمنی عامە گواستنەوەی بۆ کوەدستان قەدەغەکراوە

کاک ناسر ناوی منی لێ وەرگرتبوو وەعدی دابوو کە منیش نقل دەکا، کاک شێرزاد هاتەوە کەربەلا ئەو باسەی بۆ گێڕامەوە ئێمەش سوپاسمان کرد هەرچەند پێمان زەحمەت بوو نقلە بکرێ بۆ بەیانی کاک شێرزاد بارگەی تێکنا بە دلێکی زۆرزۆر تەنگ ماڵئاوایمان لە یەک کرد..منیش بەبێ ئاگاداری کاک شێرزاد رستەیەکی کاریگەرم لە پسوولەیەک نووسی لە نێو جاتایەکەیم دانا نووسی بووم. خوات لەگەل برای گیانی بە گیانیم تا ئەو رۆژەی دەم دەنێینە دەمی خۆرەوە !!؟؟؟ کە گەیشتبووە ماڵ سەیری نووسینەکەمی کردبوو زۆر کاریگەری لەسەر کردبوو، ئەوە بوو دووای یەک دوو رۆژ نقلی منیش گەیشت کە لە پەراوێزی ئەمرەکە نووسرابو). بۆ ئەمنی عامە کە واز لە قەدەغەکردنی گەڕانەوەم بێنن.

**ناوی ئەو بەرزیزانەی کە لە شاری کەریەلابوون جگە لەوانەی کە پێشتر ناوم هێناون:**

م فتح الله، کریم سلیم ئاکرەیی

مەبەست ئەو برادەرانە ئەو ئازیزانە کە پێکەوە بووین بەبەردەوامی بەرێزان:

حاکم تۆفیق هەولێر، شێرزاد جبرائیل دهۆک، نزار رحمەت الله زاخۆ ،دلێر احمد مجید شاسوار سلێمانی، رەحمەتی د سەعدی سلێمانی، ملازم شوان کەرکووک، سدیق مهندس زراعی دهۆک رەحمەتی سادق غەفوور هەولێر.......

زیوەر عەتاالّلە، نیعمەت سادق ،رەحمەتی محمد شەریف، رەحمەتی کریم سەلیم

هەموویان خەڵکی ئاکرێ لە پەروەردە پێکەوە بووین مامۆستا خەزعەل رەشید کەرکووک کاک حەسەن گەرمیانی، مارف ژاژلەیی هونەرمەندی ناودار کەریم کابان، پارێزەر مەعروف سلێمانی، کاک نەسرەدین سلێمانی ، م سوبحی عبدالحەمید کەرکووک مەلا فتح الله احمد رواندز، خەسرۆ سەدیق حارس رواندز، پارێزەر سەید داود هەولێر، نەزاد عزیز سورمێ گەلاڵە هەولێر، عبدالرحمن اسود سنجاری.شەهید تەحسین کاوانی. حەمەسالح عبداالله هەولێر حاکم تەها عەسکەری، مەجید عەلی، جلیل فەتاح، رەفعەت.

هەرسێکیان خەڵکی هەولێر، حەکیم خەڵکی ئاکرێ. زۆری تریش لە برادەران جارێ ناویان تەهاتەوە بیرم هەندێکمان عائیدون، موسەکنین، مرحلین. هەروەها چوار مامۆستای خەڵکی کۆیە / م.دنحا ابراهیم ، اکرم حوزێر، سەلاح مستەفا، م. حسین

## دەردە دڵ لە مەنفا

١٩٧٩/٥/٩

ئەو کاتە تەمەنم بیست و پێنج ساڵ بوو
نیشتمانم دیل و داماو و بێ حاڵ بوو
لە 'حەفتاو پێنج ئاوارەی کەربەلا بووین
تووشی دەردەسەری و هەزار بەڵا بووین
قەدەغە بوو لەگەڵ هیچ کەس تێکەڵاو بین
لە ژێر چاودێری توند و دڵشکاو بووین
چونکە هەمیشە بۆ کوردستان لە مەیدان بووین
جارێ پ . م جارێ ئاوارە جارێ لە زیندان بووین
پنچکێک نەمابوو دەستی پێوە بگرین
هەر ئەوەندە مابوو لە حەژمەتا بگرین
پێیان دەگوتین عائیدون
لە کوردستانیش زائیدون

شەوانە کۆمەڵێک برادەری جوان
کۆدەبووینەوە لەسەر یەک خوان
باسی گەرممان شۆڕشی ئایندە
ئاخۆ کێن ئەوانەی دەبنە نمایندە
ئەو دایالۆگە دەهاتە گۆڕێ
تووڕە بوون نەبوو بەهیچ جۆرێ
ئەم کوردستانە لە دووای شکست
تۆلەی لێ دەکرایەوە بست بەبست
دروشمی تەبعیپ و تەعریب تەهجیر
هەزاران کوردیان پێ دەکرد راگیر
هەر چوار دەوری، ئەژدیهایە
نێوە خۆشی، پڕ عەزیایە

بە کەفالەت
بە مۆلەت
لە پایزی هەمان ساڵ
شۆڕمان کردەوە بۆ ماڵ
ئەوسا بۆ من موژدەبوو
بۆ ئەو خوایەش سوجدەبوو
پێش ئەوەی چرا پێ کەم
بینیم بەیانی یەکەم
دامەزراندنی یا نوون کاف
بەرزبوو وەک قوللەی قاف
لێی نووسرابوو یەکی شەش
لێم سەندن وەک برا بەش
دوو جوامێر بوون ئەوان
کاک رێباز کاک شاخەوان
دوو پێم بوو دووم قەرز کرد
بەیانم لەگەڵ خۆم برد
خۆت بگرە عەرەبستان
پەیامی نوێی کوردستان
کۆبووینەوە بە کڕی
دەنگمان زۆر هەڵنەدەبڕی
ئەوێ ڕۆژێ لە جێی بوو
ئەو بەرنامەی کە پێی بوو
ڕووبارێک فرمێسک و خوێن
لە حەیفانا وا دەدوێن
ڕۆژی ڕەش بێتەوە بیر
گوێ بگرنە راو و تەگبیر
لە دووای چل و پێنج ساڵ

لێی پەیدا بوو پەڕو باڵ
یەکێتی کە پێویست بوو
ئەو کاتە خۆشەویست بوو
هەر کێ خێری پێوە بێ
هەر دەبێ بە پێوە بێ
خزمەتی کوردایەتی
بە تەبایی و برایەتی
برا قۆلی لێ هەڵکەن
چرای ئازادی هەڵکەن
لە سۆنگەی کە بە هێزی
دەستپێشخەری یەک ڕیزی
قەدەری کورد دەخوازێ
لەگەڵ یەکتر بسازێ
یەکێتی و ئاشتی و خەبات
بەرەو شانازی دەبات
هەر پیرۆز بێ ئەم یادە
قسەی تر ئیدی زیادە
نە هەورازو نە نشێو
گرنگ بگەیە سەر کێو



بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

المديرية العامة لتربية كربلاء — العدد / ش س م/ ١٧٦٥٠
ذاتية الابتدائي — التاريخ / ٢٠ / ٦ / ١٩٦٩

:

السيد محمد حسين صادق / م. ملاحظ ذاتية التعليم الابتدائي
السيد محمد شريف محمد / أمين مخزن التجهيزات
السيد محمد عبد الله محمود داود / م. ملاحظ ذاتية التعليم الابتدائي

م / شكر وتقدير

في الوقت الذي نودعكم بمناسبة نقلكم خارج المحافظة نقدر لكم من مديريتنا وتقديراً لاخلاصكم بأداء الواجب وحرصكم الشديد على التعاون وانسجامكم مع العاملين والمراجعين لمديريتنا، لذا نتقدم بهذه المناسبة لنقدم لكم شكرنا وتقديرنا، راجين لكم دوام التوفيق والنجاح.

هاشم ... 
المدير العام

نسخة منه إلى /
وزارة الداخلية / مديرية الادارة المحلية العامة / الادارة والذاتية
رئاسة المجلس التنفيذي لمنطقة الحكم الذاتي / الامانة العامة لادارة شؤون الداخلية
محافظة كربلاء / الادارة المحلية / الذاتية
محافظة اربيل / = / =
محافظة دهوك / = / =
المديرية العامة لتربية محافظة / اربيل / دهوك
ذاتية الابتدائي / التجهيزات
الملفة الشخصية مع الاوليات / ٣
الملف الدوار
السيد ..........

عباس ٦/٢٠

الجمهورية العراقيـــــة

محافظـــة كربـــــلاء
الادارة المحليـــة
الذاتيـــة

لنتشاطر كل الجهود من اجل القضاء على الامية
العدد / ٢٠٣٤
التاريخ ٦ / ٥ / ١٩٧٩

( ســـري )

( أمـــــــر اداري )

بناء على ما جاء بامر وزارة الداخلية / مديرية الادارة المحلية العامة / مديرية الادارة والذاتية المرقم س ٠٠١٨٠٠ في ٢٦/٤/١٩٧٩ .

تقرر نقل السيد نجحت عبد الله بيرداود معاون الملاحظ على ملاك التعليم المحلي في المديرية العامة لتربية محافظتنا الى مثل وظيفته الشاغرة على ملاك التعليم المحلي في المديرية العامة لتربية اربيل وبراتبه الحالي البالغ (٣٦/ــ) دينارا اعتبارا من تاريخ انفكاكه من دوائرنـــا .

المديرية العامة لتربية محافظة اربيل
العدد ١٢٦٨
التاريخ ٢٧ / ٥ / ١٩٧٩

ع/ محافظ كربــــلاء
عبد الجليل عبد الواحد الغضبان

نسخة منه الى /

وزارة الداخلية / مديرية الادارة المحلية العامة / مديرية الادارة والذاتية امركم اعلاه مع التقدير .
رئاسة المجلس التنفيذي لمنطقة الحكم الذاتي / الامانة العامة لادارة الشؤون الداخلية
رئاسة ديوان الرقابة الماليـــة
رئاسة مجلس الخدمة العامـــة
محافظة اربيل / الادارة المحليـــة
المديرية العامة لتربية المحافظـــة
المديرية العامة لتربية اربيـــل
مديرية حسابات الادارة المحليـــة
ذاتية التعليم الابتدائـــي
محاسب التعليم الابتدائـــي
الاضبارة الشخصية
القلم السري مع الاوليـــات

الامانة العامة للتربية ...
السريات
العدد ٦٦٩
التاريخ ٥ / ٥ / ١٩٨٩

بسم الله الرحمن الرحيم

وزارة الداخلية
مديرية الادارة المحلية العامة
مديرية الادارة والذاتيــــــــة

العدد / س / ٨٠٠ / ١
التاريخ / ٢٦ / ٤ / ١٩٨٩

موضوع الامر تمديد حق لاستراحة التعليم

// أمـــــــر //

(( أمـــــــر وزاري ))

استنادا الى ما جاء بكتاب مجلس قيادة الثورة / اللجنة العليا لشؤون الشمال المرقم س/ ٥٠٦٠ في ١٠ / ٤ / ١٩٨٩ .

تقرر نقل السيد محمد عبد الله بير داود معاون الملاحظ على ملاك التعليم المحلي في المديرية العامة لتربية كربلاء الى ملف وظيفته الشاغرة في ملاك التعليم المحلـــــي في المديرية العامة لتربية اربيل براتبه الحالي البالغ / ٢٦ دينارا اعتبارا من تاريـــخ انفكاكه من الوظيفة .

د. وزير الداخليــــــة
محي الدين كمال الدين

نسخة منه الى /
مجلس قيادة الثورة / اللجنة العليا لشؤون الشمال / كتابكم اعلاه للتفضل بالاطلاع مع التقدير
رئاسة المجلس التنفيذي لمنطقة الحكم الذاتي / الامانة العامة لادارة الـ... الداخلية /
ترجو الايعاز لمحافظة اربيل باتخاذ ما يلزم واعلامنا
رئاسة ديوان الرقابة المالية
رئاسة مجلس الخدمة العامة
مديرية الامن العامة / نرفق لكم صورة كتاب اللجنة العليا لشؤون الشمال ... ونرجو ...
النظر من موضوع كتابنا المرقم س/ ٢٨٠ في ٢٥ / ...
محافظة كربلاء ـ الادارة المحلية ـ نرجو اتخاذ ما يلزم واعلامنا .
ـ اربيل ـ الادارة المحلية
المديرية العامة لتربية كربلاء
" " " اربيل
مديرية الميزانية والحسابات
مديرية الادارة والذاتية / السيد عبد العظيم
ـ / الاعلام ... الملاك
الدبار / ٢

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

محافظة كربلاء

الادارة المحليـة

الذاتيـة

العـدد ٤٣٤١٤

التاريـخ / ٦/ ٩٧٥

(( أمـر اد[illegible] ))

استنادا الى قرار مجلس قيادة الثورة ٥٣٧ في ٢٤/٥/٩٧٥

وبناء على ما جاء بامر وزارة الداخلية – مديرية الادارة المحلية العامة – مديرية الادارة والذاتية المرقم ١١٦٨١ في ١٦/٦/٩٧٥ وكتاب وزارة المالية – مديرية الميزانية العامة مديرية الملاكات المرقم ٧٠٦٥ في ٢١/٦/٩٧٥ ونظرا لتوفر شروط التوظيف القانونية الواردة طبقا في المادتين ٨ و ٩ من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ٩٦٠ المعدل بالسيدين المبينة اسماؤهما واختصاصاتهما ادناه كافة من قبل الجهاز المركزي للاحصاء الذين عادوا الى الصف الوطني استنادا الى قرار مجلس قيادة الثورة اعلاه قررنا ما يلي

١– احداث وظيفتين بعنوان معاون ملاحظ براتب ٢٨ – ٣٥ دينارا في ملاك موظفي التعليم المحلي للسنة المالية الحالية •

٢– تعيين كل منهما بوظيفة معاون ملاحظ في ملاك التعليم المحلي في محافظتنا براتب اسمي قدره (–/٢٨) دينارا شهريا على سبيل التجربة لمدة سنة واحدة في خدمة فعلية اعتبارا من تاريخ مباشرتهما الوظيفـة ••

د. عبد الرزاق الحسوني

محافـظ كربـلاء

| الاسـم | الاختصـاص |
|---|---|
| ١– نعمت عبد الله بيرداود | كليـة الاداب – لغة كردية |
| ٢– نوري عطا الله مصطفى | = = = = |

نسخة منه الى –

وزارة الداخلية – مديرية الادارة المحلية العامة – مديرية الادارة والذاتية ...

وزارة المالية – مديرية الميزانية العامة – مديرية الملاكات كتابهم اعلاه مع التقدير

رئاسة ديوان الرقابة الماليـة

رئاسة مجلس الخدمة العامـة

مديرية المحاسبات العامـة

الجهاز المركزي للاحصـاء

مديرية تربية المحافظـة – يرجى اعلامنا بتاريخ المباشرة

مديرية تربية المحافظـة

ع/حسين ٩٦

# نزار رحمة الله عزيز

ولدت في زاخو سنة (١٩٤٩/٧/١)، واكملت دراستي الابتدائية والمتوسطة والثانوية في زاخو والتحقت بجامعة بغداد- كلية الآداب قسم التاريخ حيث اكملت السنة الاولى فيها وخلالها اعلن بيان الحادي عشر في آذار (١٩٧٠) ولما كنا انا ومجموعة من الطلبة الاكراد في الجامعة من تنظيمات اتحاد طلب كوردستان قدمنا طلبا بعد اذاعة البيان للألتحاق بكلية الشرطة العراقية حيث تم قبولنا على قائمة الحزب الديمقراطي الكوردستانى. وفي سنة (١٩٧٢) تخرجنا من الكلية برتبة ملازم شرطة، التحقت بشرطة دهوك بعدها، وفي سنة (١٩٧٤) بعد ان فشلت المفاوضات بين قيادة البارزاني وحكومة بغداد التحقنا بالحركة الكوردية وتم الحاقنا بصفوف الپيشمەرگە.

في سنة (١٩٧٥) وعلى اثر اتفاقية الجزائر المشئومة اعلن عند انهاء الحركة الكوردية فلجا البعض الى ايران والبعض الآخر عادوا الى الصف الوطني كما كانوا يسموننا آنذاك وتم ابعادنا بوظائف مدنية الى وسط وجنوب العراق وكانت محافظة كربلاء من حصتي حيث في (١٩٧٥/٧/١٢) التحقت بوظيفتى الجديدة كمفتش عمل في مكتب عمل كربلاء والتقيت برفاق النضال هناك كل من:

١) الاخ نعمت عبدالله بيرداود
٢) الاخ شيرزاد محمد صالح.
٣) الاخ صديق ميرزا.

٤) الاخ دلير احمد شاسوار.

٥) الاخ نصرالدين علي عثمان.

٦) الاخ صادق اربيلي.

٧) الاخ عبدالكريم عقراوي- حيث اصيب بنوبة نفسية تم نقله الى عقرة وهناك مع الاسف الشديد فارق الحياة نتيجة حادث مروري.

٨) الاخ الدكتور سعدي قرداغي.

٩) الاخ الفنان حسن گەرمیانی. وغيرهم.

١٠) الأخ توفيق عبدالكريم (حاكم توفيق).

١١) الأخ ملام شوان (عبدالأحد).

بقيت في المنفى بكربلاء الى سنة (١٩٨٥) حيث بالتحديد في (١٩٨٥/٧/١٠) بعد توسط احد الإخوة تم نقلي الى اربيل ومنها الى دهوك.

كل ما اريد ان اذكره هنا اننا مدينون لأهالي كربلاء النجباء حيث كانوا يعاملوننا كاننا واحد من مواطني كربلاء.

# نەجمەدین گلی

لە ساڵی (١٩٤١) لە دێی یوسفلە هەفتەغاز سەر بە قەزای داقوق لە دایک بوو. لە ساڵی (١٩٦٩) لە قاهیرە (پەیمانگای نەوتی عەرەبی) تەواو کردووە و دوای ١١ ئاداری (١٩٧٠) بۆتە کارگێڕی لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان، پاشان لە ١٩٧٣ لە ئەمنی کەرکوک گیراوە.

دوای ڕێککەوتنی جەزائیر گەڕاوەتەوە کەرکوک و هەر لەهەمان ساڵدا دوورخراوەتەوە بۆ هەولێر و هەموو ڕۆژ دەبوایە لە فەرمانگەی ئەمنی ئیمزا بکات. دواتر بۆ شاری دیوانیە دوور خراوەتەوە و بە بڕیاری مەجلیسی قیادەی سەورە بە ژمارە (٣٣٤/١٠) لە بەرواری (١٩٧٥/١١/١٠) بۆ بەڕێوەبەرایەتی (اشغال الديوانية) و ڕۆژی (١٩٧٦/١/٥) دەستبەکار بووم و ئەم کەسانەم لەگەڵ بوو: نەژاد خەفاف، ڕەشید عارف، کاکە کامیل حجی، سەلام چاوشین، م. باقی، م. ئەنوەر، ئەحمەد کوردە، محەمەد عەلی.

دواتر بڕیاری گەڕانەوەم بۆ سلێمانی بۆ دەرچوو.

# نیزامەدین عەبدولمەجید محەمەد گلی ( ١٩٤٤- ٢١/١٢/٢٠٠٣ )



خوێندنی هەتا تەواو کردنی ئامادەیی لە دووز خورماتوو خوێندوویەتی و قوتابییەکی چالاکی نیشتیمان پەروەرو نەتەوەیی بووە، پەیوەندی کردووەو بووە بە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بەهۆی لێهاتووییەوە شەرەفی ئەندامێتی حیزبیان پێ بەخشیوە. دوای تەواو کردنی ئامادەیی لە ساڵی ١٩٦٤ز لە زانکۆی بەسرە، کۆلیژی یاسا وەرگیراوە، هەر لەو ساڵەدا دەبێت بە ئەندام و بەرپرسی لقی یەکێتی قوتابیان کوردستان لە زانکۆی بەسرە، هەتا ساڵی ١٩٦٨ز، سەرنووسەری بڵاوکراوەی قوتابیانی کورد بوو کە بە دەس دەنووسرایەوەو بە نهێنی بڵاو دەکرایەوە .

لە ٢١/٣/١٩٦٨ز بۆ ماوەی هەفتەیەک بەشدار بووە لە مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی بەسرە کە لە دژی کوشتنی مامۆستایانی زانکۆ بە رێوە چوو بوو .

لە ساڵەکانی ١٩٧٠ز بۆ ١٩٧٣ز، بەڕێوەبەری ناحیەی باتووفە بووە لە دهۆک ژیاوەو لەوێ بووە بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی زاخۆ لە لقی١ پارتی دیموکراتی کوردستان.

ساڵی ١٩٧٤ز دوای پاشگەز بوونەوەی رژێمی فاشی بەغدا لە رێکەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ز، وەک پێشمەرگەو کادرێکی لێهاتو پەیوەندی کردووە بە شۆڕشەوە لە سنووری بادینان .

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بە ئاوارەیی گەیشتە وڵاتی شانشینی ئێران و لەوێ مایەوە هەتا ساڵی ١٩٧٦ز، لەو ساڵەدا گەڕایەوە بۆ کوردستان و بۆ عیراق و دەستوبرد هەروەکو بڕیار بوو لە لایەن رژێمی بەغدای فاشی ئەو سەردەمەوە، دوور خرانەوە بۆ سەماوە لە باشووری عیراق. لە راستیدا ئەو کەسایەتییە دیارانە کە بەیەکەوە یان بەرودوا دوور خرابوونەوە بۆ ئەو

دەڤەرانەو لەوێ بە یەکەوە دەژیان، بەداخەوە بەهۆی بەردەوامی نالەباری ژیانی ئاوارەیی و خۆڕاگری لەو ستەمکاریانەی ئەو سەردەمانەدا، پەیوەندی خێزانیان لەگەڵ ماڵی (فاتیح داوودی) و (عەبدوڵڵا ئاغا و شێخ رەقیب) هەبووە .

هەر لەو رۆژگارەدا کە لە سەماوە بوون داواکاری پێشکەش کردووە بۆ وەرگرتنی لە (پەیمانگای دادوەری) لە بەغداو لە ساڵی ١٩٧٩ز وەرگیراوەو لە ساڵی ١٩٨١ز پەیمانگاکەی بەسەرکەوتوویی تەواو کردووە، لێرەوە ئیتر ناوو نیشان و چاودێری دەزگای ئەمن و دوورخراوەیی لەسەر نەماوەو ئازاد بووە لە کارو نیشتەجێبوون و گەڕان. لە ساڵی ١٩٨٦ز بڕوانامەی ماستەری لە (قانون اصول المحاكمات الجزائية)ی بەدەس هێناوە .

نیزامەدی گڵی لە ساڵانی (١٩٧٦ز)وە یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان، هەروەها بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی رێکخستنەکانی بزووتنەوەکە لە بەغداو کفری .

ساڵانێک کاک نیزامەدین حاکم بووە لە کفری و خێزانیشی (رووناک خان مامۆستای ئامادەیی بووە)، لە یەک رۆژدا هەردوکیان دەسگیر دەکرێن و رووناک خان یەکێکە لەزیندانیانی سیاسی لەگەڵ کۆمەڵێک ئافرەتیتردا دەنێردرێن بۆ عیمارەو گەلێک هەڵس و کەوتی نامرۆییانە لەگەڵ هەموو ئەو خانمانەدا دەکرێت کە بە دوورخراوەیی لەو زیندانانەدا بوون، لەگەڵ ئەوەشدا دەسبەسەر ماڵەکەیاندا دەگیرێت و منداڵەکانیان دەکەونە ماڵە خزمان و دەشاردرێنەوە .

هەر لەو گرتنەدا بڕیار دراوە نیزامەدین لە سێدارە بدرێت، بەڵام کەسایەتی دیار (موکەڕەم تاڵەبانی)، بە هۆی ناسیاوی بنەماڵەکەیانەوە ئاگادار دەکرێتەوە، مەردانە هاتە دەس و سەردانێکی تایبەتی بۆ لای سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی عێراق، (سەدام حوسێن) کردو بڕیاری تایبەتی لێخۆشبوونی بۆ نیزامەدی گڵی دەرچوو، دوای جێبەجێ کردنی بڕیاری لێخۆشبوونەکە (نیزامەدین گڵی لەگەڵ رووناک خانی خێزانی)، ئازاد کران و کاتێ دەگەڕێنەوە ماڵ نەماوەو لە ماڵە خزماند بە دیداری منداڵەکانیان شاد دەبنەوە .

لە بەیانی یەکشەممەی (٢٠٠٣/١٢/٢١)ز بۆ ئەنجامدانی ئەرکی حیزبی لە سلێمانییەوە بۆ کەرکووک، پێش گەیشتنی بە شاری کەرکووک، تووشی رووداوی هاتوچۆبوو هەرچەندە زۆر بە پەلە گەیاندیانە نەخۆشخانە، بەڵام بەداخەوە گیانی پاکی سپارد، دوای ئەنجامدانی مەراسیمێکی شایستە بەو کەسایەتییە خەباتگێڕە، لە گۆڕستانی (تەعلیم تەپە)ی شاری کەرکووک ئەسپەردەی خاک کرا .

# نەژاد عەونی



• ساڵی ١٩٥١ لە گەڕەکی (بەفریقەندی) لەشاری کۆیە لە خێزانێکی نیشتمانپەروەر لە دایکبوە.

• لە پایزی ساڵی ١٩٥٨ چۆتە قوتابخانە لە کۆیە و قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە.

• لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ بنەماڵەکەیان چونەتە گوندی (هەڵشۆ) لە دەڤەری پشدەری قەڵادزێ، کاتێ حکومەتی بەعس یەکەم شەڕی دژی گەلی کوردستان راگەیاند تاکو قۆناغی دوای ئاگربەست ساڵی ١٩٦٤ ئەوکاتە گەڕانەوە بەڵام ساڵێکی خوێندنی لەکیس چوبو وەکو براو خوشکەکانی دیکە.

• ساڵی ١٩٦٩ لە ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ لە سلێمانی وەرگیراوە بەڵام تەنیا ساڵێک تێدا ماوەتەوە.

• پاش رێککەوتنامەی ١١ ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ ئارەزووی خوێندنی لە (ئامادەیی پۆلیسی بەغدا- اعدادیە الشرطة هەبوو لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابی دیکە وەرگیراوە، پاش دوو ساڵ خوێندن بە (مفەوەزی پۆلیس) دەرچووە و یەکسەر لە پارێزگای دهۆک (بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دهۆک) دامەزراوە.

• ساڵی ١٩٧٣ بۆ معاونیەتی پۆلیسی کۆیە گوازراوەتەوە وەکو مفەوەزی سەرای کۆیە، تاکو شەوی ١٢/١١ی ١٩٧٤/٣ کە تێدا لەگەڵ سەرجەم دارودەستەی معاونیەتی پۆلیسخانەی کۆیە پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردووە کە تێدا نەژاد لە ئەمانەتی ناوەخۆی شۆڕش دەستبەکاربووە تاکو رێککەوتنامە

خیانەتکاریەکەی (٦) ئازاری ساڵی ١٩٧٥ کە ئەویش وەکو هەزاران هاوڵاتی کوردستان گەڕاوەتەوە.

- لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٥ بەفەرمانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (حکومەتی بەعس) پلە سەربازیەکەیان لێ سەندراوەتەوە و کراوەتە (کاتب) گوێزراوەتەوە بۆ پارێزگای سەماوە و لە یەکێ لە فەرمانگەکانی ئەو پارێزگایە ماوەی (چوار ساڵ و چەند مانگێک) بەسەر بردووە.
- ساڵی ١٩٨٧ بە هۆکاری نەبونە (جەیشی شەعبی) لەسەر داوای خۆی خانەنشینکراوە بەڵام بێ مووچە چونکە ماوەی (١٥) ساڵی خزمەت نەبوو.
- پاش راپەڕین لەساڵی ١٩٩٧ گەڕێندرایەوە سلکی پۆلیس بەڵام بەهەمان پلەی خۆی لەکاتێکدا سەرجەم خەڵکانی وەکو ئەو تەنانەت دەرچووی ئامادەیی پۆلیس ناوەندی نەبوون پلەکانیان بە چەندین پلەی بەرز و باڵاتر بەرزکرانەوە.
- لەساڵی ٢٠٠٩ خۆی خانەنشین کرد بە مانگانەی (٢٧٠٠٠٠) دووسەدو حەفتا هەزار دینارێک.
- رێکەوتی ٢٠٢٠/٥/١٧ لەتەمەنی (٦٩) ساڵی بەهۆی لێکدانی ئۆتۆمبێل لەسەر رێگای هەولێر- شەقڵاوە کۆیی دوایی کرد.

# نامیق مەجید حسێن



دوای ڕێکەوتنی جەزائیر و کۆتاییهاتنی شۆڕش گواستراینەوە بۆ باشووری ئێران لە دیزنول ئۆردوگای (سەبزاب) بووین دوای گواستراینەوە ئۆردوگای (بروجرد).

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ گەڕاینەوە عێراق لەڕێگای خانەقین ئێمەیان بۆ پارێزگای (ناصریە) برد (قەزای شەترە) ناحیەی (دوایە) گوندی (معلجة) لە سەرینەیەک (٣ ×٣)م کە (١١) نەفەر تیا نیشتەجێ بووین.

لە هەموو خزمەتگوزاریەکان بێ بەش بووین بەڵام دانیشتوانەکەی باش بوون لەگەڵمان لەساڵی ١٩٧٧ دامەزرام بە فەرمانبەر لە شارەوانی (شەترە).

کاتێک بڕیاری خانەوادەکان درا بگەڕێنەوە کوردستان بۆ ئێمە کە دامەزراوبووین ڕێگەپێدراو نەبوو تا ساڵی ١٩٧٩ گواسترامەوە شارەوانی حاج ئۆمەران.






وزارة الداخلية

هوية الموظفين

الاسم ناسق مجيد ...

٢١٢٥

محافظة ذي قار

الشطرة

١٩٧٥



دوورخراوەکان لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول / ١٩٧٥

مەبەست لە دوورخراوەکان بۆ خوارووی ناوچەی عیراق بەهۆی بەشداربوونیان لە شۆڕشی ئەیلول

١- ناوی سێ ناوی و نازناو ... ناسق مجید حسین ...

٢- شوێن و ساڵی لەدایک بوون ... ١٩٥٥/٧/١

٣- شوێن و مێژووی دوورخستنەوەکەی ... ١٩٧٥ ... ناصریة / قضاء الشطرة

٤- پلەی لە شۆڕشی ئەیلول و مێژووی پەیوەندی کردن بە شۆڕش

٥- کاری پێش پەیوەندی کردن بە شۆڕش

٦- ئەدرەسی شوێنی دوورخستنەوەکەی، ناونیشانی کار و شوێنەکەی

٧- مێژووی گەڕانەوەی بۆ کوردستان، کاری دوای گەڕانەوەی ... ١٩٧٩

٨- دیکۆمێنت و بەڵگەنامەی نووسین و وێنە لە ماوەی دوورخراوەیی (پێویستە هاوپێچ بکرێت)

٩- کورتەیەکی بنووسە بە چاپکراوی بێت لەسەر ژیانی دوورخراوە و هەڵسوکەوتی ئەو ناوچەیەی کە لێی نیشتەجێ بووە (پێویستە هاوپێچ بکرێت)

١٠- سەڵت ○ خێزاندار ○

١١- تەنها سەرۆکی خێزان فۆرمەکە پڕبکاتەوە لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی خێزان بنووسێ

١٢- وێنەی کەسێتی دوورخراو

تێبینی:

• بۆ پەیوەندی کردن/ تاریق جامباز ٠٧٥٠٤٤٦٦٨٢١ / نست عبدالله ٠٧٥٠١٤٦٦٢٠٩٦

ناونیشان: یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان / وەزیران گۆڵانی ٣٠

ئیمەیل: kpu_kurdistan@yahoo.com

# نەوزاد سالح رەفعەت

[illegible]

1- [illegible]

2- [illegible]

3- [illegible] ١٩٤٢

4- [illegible]

5- [illegible]

6- [illegible]

7- [illegible]

8- [illegible]

9- [illegible]

10- [illegible]

11- [illegible]

12- [illegible]

[illegible]

لەبارەی [illegible] ؛

١- ڕۆژی ٢٥/ ٣/ ١٩٦١ پەیوەندیم کرد بە شۆڕشەوە لە تەمەنی [illegible]

٢- لە ٣/ ٤/ ١٩٧٤ [illegible] لە نەخۆشخانەی [illegible]

٣- [illegible] ١٩٢٤ چووم بۆ نەخۆشخانەی [illegible] لە ئێران

٤- لە ٣/ ٣/ ١٩٧٥ [illegible] و سلێمانی [illegible]
[illegible]

٥- لە ٣/ ٤/ ١٩٧٥ [illegible] [ [illegible]
[illegible] ]

٦- [illegible] ١٩٧٥ [illegible] کیلۆمەتر [illegible] لە سلێمانی [illegible]

٧- لە ٦/ ٣/ ١٩٧٥ [illegible] سلێمانی لە ڕۆژی ١/ ١٠/ ١٩٧٨

٨- لە ١٤ [illegible] ١٩٨٥ [illegible] سلێمانی [illegible]
[illegible] ٢٢ [illegible] ١٩٨١ [illegible]

٩- لە ٨/ ٣/ ١٩٨٦ [illegible]
[illegible] ئێران لە ٩/ ٣/ ١٩٨٦ [illegible] سلێمانی [illegible]
[illegible]
[illegible] ١٩٨٦ [illegible] ٢٤ [illegible] ١٩٩١ [illegible]

١٠- [illegible] لە سلێمانی

١١- [illegible]
[illegible]

دکتۆر [illegible] ساڵح [illegible]

٢٠٢١/٣/٢٦

الجمهورية العراقية

وزارة الصحة

مديرية الامور الادارية العامة

الذاتية

العدد / ١٤٦٣

التاريخ / [illegible] / ١٩٧٠

امر وزاري

بناءً على ما جاء بكتاب رئاسة صحة محافظة ديالى المرقم [illegible] في [illegible] / ١٩٧٠ [illegible]

[illegible]

وزير الصحة

الدكتور عزة مصطفى

نسخة منه الى /

محافظة ديالى

مديرية [illegible] العامة

مفتشية الصحة العامة

مؤسسة الخدمات الصحية الريفية

[illegible]

مديرية [illegible] العامة

[illegible]

رئاسة صحة محافظة ديالى

رئاسة صحة محافظة الانبار

[illegible]

مديرية الذاتية / [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

وزارة الصحة
مديرية مستشفى الرمادي الجمهوري

العدد /
التاريخ: ١٨ / ١ / ١٩٧٦

الى / رئاسة صحة محافظة الانبار
الموضوع / مباشرة طبيب

امرنا الاداري المرقم ٣٠ في ١٩٧٦/١/٧
باشر الدكتور فؤاد صالح رفعت في مستشفى الرمادي بتاريخ ١٩٧٦/١/٧ ... للتفضل بالعلم
لطفا.

الدكتور سالم ...
مدير مستشفى الرمادي الجمهوري

---

الجمهورية العراقية
الامانة العامة لادارة الشؤون الاجتماعية
دائرة صحة محافظة السليمانية
شؤون الموظفين

العدد /
التاريخ / ١٩٨٥/٧/ ١٦

الى / الامانة العامة لادارة الشؤون الاجتماعية / السجلات
م / معلومات

كتابكم السري والشخصي المرقم ١١٢٣ في ١٩٨٥/٦/٣٠
نحيلكم الى امرنا الاداري المرقم ١١٨٥ في ١٩٨٥/٦/١ والمتضمن ... الدكتور فؤاد صالح رفعت الوظيفة للتفضل بالاطلاع مع التقدير.

الدكتور ...
مدير عام دائرة صحة محافظة السليمانية

نسخة منه الى /
السجلات
الاضبارة الشخصية / مع الاوليات

[illegible]

نقابة الأطباء

بغداد - المنصور

شارع [illegible]

العدد / [illegible]

التاريخ ٢٩ / [illegible]

[illegible]

١- [illegible] الزميل الدكتور فؤاد صالح [illegible] محافظة ديالى [illegible] المركز الصحي [illegible]

نقيب الأطباء

الدكتور [illegible]

صورة منه إلى /

وزارة الصحة / المكتب الخاص

وزارة الصحة / [illegible]

[illegible]

رئاسة صحة محافظة ديالى / [illegible]

رئاسة صحة محافظة الأنبار

[illegible] محافظة الأنبار [illegible]

الزميل الدكتور فؤاد صالح [illegible] محافظة الأنبار / المركز الصحي [illegible]

مكتب النقابة [illegible]

السيد [illegible]

ملاحظة [illegible]

الجمهورية العراقية

رئاسة صحة محافظة ديالى

الذاتية

التاريخ ٦/ ٤/ ١٩٧٥

امر اداري رقم ١٠٨٦

استنادا الى كتاب محافظة ديالى / لجنة التنسيق المرقم ٣١٣ في ٢١/٣/٧٥ باشر الدكتور فؤاد صالح رفعت الطبيب في مستشفى مندلي سابقا والعائد الى الصف الوطني بوظيفته في العيادة الخارجية بعقوبة بتاريخ ٢٥/٣/١٩٧٥ فقط .

الدكتور ماجد الجادرجي
رئيس صحة محافظة ديالى

صورة الى /
وزارة الصحة .
مديرية الخدمات الطبية العامة | للتفضل بالاطلاع واشارة لكتاب المحافظة اعلاه .
محافظة ديالى / كتابكم اعلاه
نقابة الصحة العامة
مديرية خزينة محافظة ديالى
طبابة مستشفى مندلي .
العيادة الخارجية / بعقوبة .
المحاسبة
الذاتية / السيد شكر / السيد علاء
الاضبارة .
الاحصاء .
الاضبارة

(( محمود سالم ))

الجمهورية العراقية

وزارة الصحة — التاريخ ١/١٢/٧٨

مديرية الامور الادارية العامة

الذاتية

اعمام

الرقم ١/١/ [illegible]

بناءً على مقتضيات المصلحة العامة قررنا نقل الدكتور فؤاد صالح رفعت الطبيب الممارس [illegible] في مديرية مستشفى [illegible] احد مستشفيات محافظة [illegible] الى [illegible] وظيفته في مديرية مستشفى السليمانية [illegible] او على حساب الملاك ..

الدكتور رياض ابراهيم الحاج حسين

وزير الصحة

صورة الى /

الامانة العامة لادارة [illegible] / [illegible]

مديرية الخدمات الطبية العامة

مديرية الصحة العامة

رئاسة صحة محافظة الانبار / كتابكم ١٨٢٥ في ٢١/٨/٧٨ [illegible]

[illegible] اليه بدون ربط .

رئاسة صحة محافظة السليمانية

مديرية [illegible] المركزية .

مديرية محافظة الانبار

" " السليمانية

مديرية الاحصاء

[illegible]

[illegible] الذاتية [illegible]

قسم الشؤون العامة

[illegible] / [illegible] / [illegible]

الجمهورية العراقية

الامانة العامة لادارة الشؤون الاجتماعية — العدد ٩٠٦ (?)
دائرة صحة محافظة السليمانية — التاريخ /٥/١٩٨٥
السليمانية

الى / الامانة العامة لادارة الشؤون الاجتماعية

م/ صورة كتاب

ادناه كتاب مديرية مستشفى الطوارئ في السليمانية حول استدعاء الدكتور فؤاد صالح ونعمت من قبل مديرية امن السليمانية بتاريخ ١٤/٥/١٩٨٥ ولم يعد لحد الان

الدكتور [illegible]
مدير عام دائرة صحة السليمانية

صورة منه
/ محافظة السليمانية - الشعبة السرية / مع التقدير
مديرية امن السليمانية / مع التقدير
مديرية مستشفى الطوارئ
السليمانية

صورة الكتاب

في الساعة الثانية عشر ظهرا من يوم ١٤/٥/١٩٨٥ قدم شخصان [illegible] من مديرية امن محافظة السليمانية وطلبوا من الدكتور فؤاد صالح ونعمت ان يرافقهم الى المديرية المذكورة ولحد الان لم يرد اي جواب عن مصير الطبيب المذكور

واحببت الفصل بالعلم مع التقدير .

الدكتور [illegible] محمد
مدير مستشفى الطوارئ في السليمانية

الجمهورية العراقية

الامانة العامة لادارة الشؤون الاجتماعية

دائرة صحة محافظة السليمانية

الشعبة

التاريخ / ٣ / ١٩٨١

العدد ١٢٢٩

امـــر اداري

استناداً الى ما جاء بكتاب محافظة السليمانية / مديرية الشؤون الداخلية / الشعبة السرية المرقم ٦٣٤ في ٢٢/٣/١٩٨١ والحاقاً بامرنا الاداري المرقم ١٨٥٤ في ١٥/٤/[illegible] تقرر رفع سحب يد الدكتور [illegible] الطبيب الجراح الممارس في مديرية مستشفى الطوارئ واعادته الى الوظيفة .

ونسب المومى اليه الى مديرية مستشفى الجمهوري للطوارئ .

الدكتور [illegible]
مدير عام دائرة صحة السليمانية

صورة الى /

وزارة الصحة / قسم ادارة الافراد / للتفضل بالعلم مع التقدير

الامانة العامة لادارة الشؤون الاجتماعية / الذاتية / للتفضل بالعلم مع التقدير

محافظة السليمانية / مديرية الشؤون الداخلية / الشعبة السرية / [illegible]

المنشأة العامة للخدمات الصحية / العلم مع التقدير

مديرية امن محافظة السليمانية /

[illegible] في السليمانية

مديرية مستشفى الجمهوري للطوارئ / لاعلامنا بالمباشرة

قسم ادارة الافراد / [illegible] الموظفين

[illegible] / [illegible]

[illegible] / [illegible]

الاضبارة الشخصية

الاضبارة

المومى اليه

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

العدد/ ٢٢٦٤

[illegible] اعادة التوطين [illegible]

[illegible] محافظة السليمانية

التاريخ ٢٦/٨/١٩٨٦

عيون الموظفين

[illegible]

استنادا الى [illegible] الصادر من [illegible] لاعادة التوطين [illegible] المرقم [illegible] في [illegible] ١٩٨٦ [illegible] في ٩/٨/١٩٨٦ [illegible] الى [illegible] مستشفى السليمانية الجمهوري الجديد [illegible] الى احكام المادة ( [illegible] ) من [illegible] ( [illegible] ) [illegible] الحاق [illegible]

[illegible] بعيون [illegible] .

الدكتور [illegible]

[illegible]

نسخة منه الى/

- [illegible] / قسم [illegible] / للتفضل بالعلم ... مع التقدير
- = = / [illegible] / للتفضل بالعلم ... مع التقدير
- الامانة [illegible] لاعادة التوطين الاجتماعية / [illegible] / مع التقدير
- محافظة السليمانية / [illegible] / للعلم مع التقدير
- مديرية امن محافظة السليمانية [illegible]
- مديرية [illegible] / = = =
- مستشفى السليمانية الجمهوري الجديد / للعلم [illegible]
- عيون الموظفين [illegible]
- [illegible] / [illegible] / [illegible] / الاضبارة
- [illegible] / [illegible]
- [illegible]
- [illegible] العامة ٥٢ - ٢٧

[illegible] ٨/٢٦

حكومة العراق

الأمانة العامة
ادارة الشؤون الاجتماعية
الذاتية
العدد/ [illegible] /١٢/
التاريخ ١٩٩٤/٨/ [illegible]

[illegible] زانا محمد

استنادا الى قرار مجلس [illegible] العام المرقم [illegible] في [illegible] ١٩٩٤ . .

قررنا ما يلي/

١. الغاء الفقرة الخاصة من الامر الاداري المرقم ٣٣٢٤ في ١٩٩٤/٨/٢٩ الصادر من دائرة صحة محافظة السليمانية والخاص [illegible]

٢. اعادته الى وظيفته السابقة في الدائرة اعلاه [illegible] اعتبارا من تاريخ المباشرة.

[illegible]
المدير العام
١٩٩٤/٨/ [illegible]

نسخة الى/

دائرة صحة محافظة السليمانية [illegible]

[illegible] اعتبارا من تاريخ مباشرته [illegible]

الاضبارة الشخصية

[illegible]

جمهورية العراق

الامانة العامة لادارة الشؤون الاجتماعية
دائرة صحة محافظة السليمانية
الصحة / الافراد
العدد / ٢/١/٦ ت/ ٢١٦٩٦
التاريخ / ٩/٩/١٩٩١م
٢٢/ربيع الاول/١٤١٢هـ

امر اداري

بناء على [illegible] الصادر من الامانة العامة لادارة الشؤون الاجتماعية المرقم ١٠٠٢ في ٢١/٦/١٩٩١ [illegible] الى [illegible] الانضباط العام المرقم ١٩٩ في ١٠/٨/١٩٩١ [illegible]

١) [illegible] من [illegible] المرقم ٣٣٢٤ في ٢٦/٨/١٩٨٦ الصادر من [illegible] خدمات الدكتور نزار [illegible] .

٢) [illegible] ( ٤٥ ) [illegible] من [illegible] .

٣) [illegible] مستشفى [illegible] / الوحدة [illegible] .

صلاح الدين احمد رحيم
المدير العام وكالة
/٩/١٩٩١

جمال [illegible]
مدير قسم التخطيط والتعليم الصحي
٢٠/٩/١٩٩١

نسخة منه الى /
- الامانة العامة لادارة الشؤون الاجتماعية / [illegible] المركز [illegible]
- [illegible] مستشفى [illegible] / [illegible]
- [illegible] مستشفى [illegible] / [illegible]
- التخطيط والتعليم الصحي
- [illegible] / الافراد / السجل [illegible]
- الاضبارة الشخصية
-

الافراد / [illegible]

# نەجمەدین عەبدوڵلا حەمەد ناسراو بە نەجمەدین گورونی



لە دایکبووی ١٩٣٣/١/١ لە گوندی گورونی لە دایکبووە لە سەرتای شۆڕشی ئەیلول بووە بە پێشمەرگە ئامیر بەتالیونی سەرکردایەتی بووە تاکوو نسکۆی شورش ئەیلول پاش نسکۆی شۆڕش ئاوارەی ئێران بووە، دواتر لە ئێران گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. ساڵی ١٩٧٦ گوازراوەتەوە بۆ جنوب شاری دیوانیە یەک ساڵ لە دیوانیە ماوەتەوە، ساڵی ١٩٧٧ دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ شاخەکان دەستی بە شۆڕش کردەوە خۆی براکانی خزمەکەنی بە فەرمانی راستەوخوی بە رێز کاک مەسعود بارزانی کرا بە مەسئول ناوچە ی بالک لقی دوو ماڵ منداڵیش ساڵی ١٩٧٩ لە رێگای خزمان دیسان ئاوارە ی ئێران بوونە وە تا سالی ١٩٩١ دوای راپەڕین لە شاری نەغەدە هاتە وە بۆ مەسیف سەلاحەددین بەڵام بە داخە وە لە شەڕی براکوژی ساڵ ١٩٩٤ مانگی ١١شەهید بوو.

# نەسرین محەمەد ساڵح

دوورخراوەکان لەدوای نسکۆی شۆرشی ئەیلول / ١٩٧٥

مەبەست لە دوورخراوەکان بۆ خوارووی وڵاتی عیراق، هەروەها زیندانیە دوورخراوەکانی ئەمن و کاری پێشمەرگە لەدوای ١٩٧٦.

١- ناوی سیانی و نازناو: نەسرین محمد صالح

٢- شوێن و ساڵی لەدایک بوون: سلیمانی ساڵی ١٩٦٢

٣- شوێن و مێژووی دوورخستنەوەکەی: شاری (عەمارە) ساڵی [illegible] ١٩٨٩

٤- پلەی لە شۆرشی ئەیلول و مێژووی پەیوەندی کردن بە شۆرش

٥- کاری پێش پەیوەندی کردن بە شۆرش / [illegible]

٦- ئەرکی [illegible] دوورخستنەوەکەی، ناونیشانی کار و شوێنەکەی

٧- مێژووی گەڕانەوەی بۆ کوردستان، کاری دوای گەڕانەوەی

(٦) ساڵ [illegible] لە (عەمارە) ١٩٩١

٨- دیکۆمێنت و بەڵگەنامەی نووسین و وێنە لە ماوەی دوورخراوەیی (پێویستە هاوپێچ بکرێت)

٩- کورتەیەکی پوخت باشترە بە چاپکراوی بێت لەسەر ژیانی دوورخراوە و هەڵسوکەوتی ئەو شوێنەی کە لێی نیشتەجێ بووە (پێویستە هاوپێچ بکرێت) [illegible]

١٠- سەڵت ( ) خێزاندار ( )

١١- ئایا هەروەکی خێزان [illegible] لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی خێزان بنووسە

( ٣ [illegible] )

١٢- وێنەی کەسێتی دوورخراو

تێبینی:

* بۆ پەیوەندی کردن: تاریق جاف [illegible] / [illegible]

ناونیشان: یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان / [illegible]

ئیمەیل: [illegible]

پێشەکی

زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم بەسەر کردنەوە پاش ئەو هەموو ساڵە زۆر تا کەم لەم دەربەدەریەی بەسەرمان هات، ئەوەی کە ئەینوسم بە کورتی ئاماژەم پێکردووە کە زۆر شتمن باس نەکردووە کە بەسەرم هاتووە. ژیانێکی سەخت و ناخۆش و دوور لە کەس و کارم و دوو منداڵە شیرە خۆرەکەم کە من گیرابووم لە شاری (عەمارە) لە خوار بەغدا دوای مانەوەم شەش مانگ بە عەفوات بەربوم کە ڕاگیرابووم لەسەر هاوسەرەکەم.

من ناوم (نەسرین محەمەد صالح) لە ساڵی ١٩٨٥ هاوسەرگیرم کردووە لەگەڵ شەهید جەمال محەمەد من پیشەم مامۆستایی سەرەتای بووم. ژیانی هاوسەرگیریم (دوو ساڵ و نیوی) خایاند شەهید هەر لە منداڵییەوە خولیای سیاسەت بوو خەونی بە ئازادی کوردستانەوە دەبینی و دژی ڕژێمی بەعس بوو، کار و چالاکییەکانی پەیوەندی بە حزبی (سۆشیالیست)ەوە بوو کاری نهێنی ڕێکخستنی حزبی چەند ناوچەیەکی بەدەست بوو چالاکیی زۆر لەلایەن یەکێک لە هاوڕێکانیەوە (اخباری) کرا لە ڕۆژی ١٩٨٩/٤/١٢ سەرەتا سێ کەس گیران پاشان بوون بە هەشت کەس کە ژن و پیاویان تیادا بوو لە ئەمنە سورەکە سزایی زۆرەدرا وەک (هەڵواسین و ژووری تەنهایی و کارەبای لێدرا بۆ ئەوەی ئیعتراف بکات بەڵام ئیعترافی نەکرد دوای مانەوەی پێنج مانگ لە زیندان لە بەرواری ١٩٨٩/١/١١ بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دراو لەهەمان ڕۆژدا لە سێدارەدرا.

منیش لە هەمان ڕۆژدا بڕیاری دەستگیرکردنم بۆ دەرکرا کەل ە قوتابخانە بووم لەبەرچاوی خوێندکاران و مامۆستایاندا سوکایەتیم پێکرا و بە کەلەپچە کراوی بردیانم بۆ ئەمنەسورەکە. لە پاش لێپرسینەوەم حیجز خرایە سەر ماڵەکەم پاش مانەوەم بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە ئەمنە سورەکە لەگەڵ چەند ئافرەتێک بردینیان بۆ سجنی گەورە حەوت ڕۆژ مامەوە لە سجنی گەورە و کەس بۆی نەبوو بمان بینێت (مواجەمان نەبوو) پاشان بردینیان بۆ کەرکوک لەوێوە بۆ سجن (بەیاع) لە بەغداد بۆ ماوەی هەشت ڕۆژماینەوە ژیانێکی ناخۆشمان بەسەر برد پاشان لە بەغدادەوە بە مەبەستی بێزار کردن و ئازاردانی ئێمە گواستراینەوە بۆ چەند شارێکی خوراووی عێراق کە تیایدا زیندانیەکانی ناو پاسەکە لە شارێک کۆمەڵێک دادەبزێنران و کۆمەڵێک سەردەخران و

دەگوازرانەوە بۆ شارێکی تر شارەکانیش بیتی بوون لە (کوت، سەماوە، نەجەف، کەبرەلا، بابل، دیوانیە، ناسریە، بەسەر) ئەم گەرانەش بۆ ماوەی سێ رۆژ و دوو شەوی خایاند لەنێو پاسەکەدا ماینەوە. پاشانم گەراینەوە بەرە و سجنی (عروبە) لەشاری عمارە بۆ ماوەی شەش مانگ لەوێ ماینەوە پاشان گەراینەوە بۆ ئەمنە سورەکە لەوێ وەفاتنامەی (شەهید جەمال)ی هاوسەرمیان پێدام بەبێ ئەوەی گۆڕی هەبێت پاش (سێ) مانگ بانگیان کردم بۆ ئەمنە سورەکە لە پیشەی مامۆستایی لایان بردم کرام بە (کاتیبە) هەتا راپەڕینی ساڵی (١٩٩١) پاشان بومەوە بە مامۆستا

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق

العدد ٦٦٣

رئاسة

المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان

الامانة العامة للتربية والتعليم العالي

مديرية التعليم الابتدائي [illegible]

القسم

التاريخ / / ١٤هـ

التاريخ ٩/ ٩/ ٩٢ ١٩م

أمر اداري

استنادا الى كتاب رئاسة المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان المرقم ٤٣٢ في ٢/٣/١٩٩٢

تقرر اعادة السيدة شيرين محمد صالح الموظفة بعنوان كاتبة على ملاك المديرية العامة لتربية محافظة السليمانية الى وظيفتها السابقة ملاك في نفس ملاك المديرية العامة المذكورة آنفا واعتبارا من تاريخ الانفكاك والمباشرة .

محي الدين [illegible]

م. المدير العام

٩/٩

نسخة منه الى /

المديرية العامة لتربية محافظة السليمانية / كتابكم المرقم ٤٥٥٥ في ٨/٢/١٩٩٢ لاتخاذ مايلزم واعتبار بمقدار راتبها الحالي ليتسنى لنا اجراء المقتضى [illegible]

رجاءً .

ق. الابتدائي

الصادرة

[illegible]

محافظة السليمانية
مديرية التربية
ذاتية الموظفين

العدد/ ص/ ١ [illegible]
التاريخ/ ٤ / ٥ / ١٩٧٢

« أمر إداري »

م: النقـــل

استنادا "بأمرها الاداري المرقم ٢٠٣٠١/ ت [illegible] في ١٩٧٢/٤/١٠ نقل السيد (حسين محمد صالح) من ملاك [illegible] في محافظة البصرة بتاريخ ١٩٧٢/٤/٦ وذلك بمناسبة نقل خدماته الى ملاك [illegible] بعنوان (معلم) على ملاك التعليم الابتدائي.

عبدالرحمن [illegible] أسعد
المدير العام
١٩٧٢/٥/٤

نسخة منه الى/
- وحدة الاشراف التربوي [illegible] مع التقدير
- ذاتية الموظفين – [illegible] – العلاوات – التصحيحات
- ذاتية الموظفين – [illegible] ٢
- ذاتية الابتدائي / ٢ لاجراء اللازم [illegible]
- حسابات الابتدائي
- حسابات القانوني | لاجراء اللازم
- سجل الخدمة
- ادارة محافظة البصرة
- السيد/ [illegible]

توزيع/ [illegible]

[illegible]

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

کۆماری عێـــــراق

ژمارە/ ٤٥٧

بەروار/ ٥/ ٥/ ١٩٦٢

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە
لیوای سلێمانـــــی
- بەشی سەرەتایی -

فەرمانی کارگێڕی

ل/ گێڕانەوەی خزمەت

ئاماژە بە فەرمانی کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتیمان ژمارە ٤٥٢ لە ٤/٥/١٩٦٢ بڕیاردرا - نەسرین محمد صالح [illegible] وەکو فێرکار لە قوتابخانەی (الجزائر) دا [illegible] لە رۆژی دەست بەکاربوونی [illegible]

[illegible]
بەڕێوەبەری گشتی
١٩٦٢/٥/٤

وێنەیەک بۆ/
[illegible]
[illegible] /٢
[illegible] /ج
[illegible] سەرەتایی
[illegible]
قوتابخانەی الجزائر - [illegible]
[illegible]
بەروار:

[illegible]

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

المديرية العامة للتربية

في محافظة السليمانية

مديرية الذاتية

(( ذاتية الموظفين ))

العدد / ٢٥٠٦

التاريخ – ١١/٤/١٩٦٦

– / / ١٤١١هـ

(( أمـــر اداري ))

م/ نقل خدمات

تنفيذاً لكتاب المديرية العامة المرقم / ٦١١٢ في ٩/٤/١٩٦٦ الصادر من الادارة العامة للتربية والتعليم الثاني – مديرية التعليم الابتدائي وبناءاً على الاتفاق تقرر نقل خدمات السيدة (شيرين محمد صالح) بعنوان ... من ملاك التعليم الابتدائي ... الى ... بعنوان (معلمة) ومخصصاتها ... (٢٦٫٠٠٠) ديناراً بعد اضافة ... ديناراً من تاريخ انفكاكها.

عادل خورشيد
المدير العام

/١١/ ...

نسخة منه الى /

مديرية ... الذاتية

... / للتفضل بالعلم ...

ذاتية الموظفين ...

ذاتية ...

ذاتية ...

... الابتدائية / ...

... للتنفيذ

... من تاريخ انفكاكها.

... /١٢/ ...

HAWRAMAN
Primary school
☎ 25039

قوتابخانەی
(هەورامان)ی سەرەتایی
گەڕەکی ...
☎ ٢٥٠٣٩

ژمارە : ٨١
بەروار : ٢٤/٢/١٩٩٦

[illegible]

قوتابخانەی نەورۆز

ژمارە:
بەروار: ٢٢/ ٢/ ١٩٩٩

لە بەڕێوەبەرایەتی ئێمەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر

ب/ پشتگیری

ئاگاداری بەڕێزتان دەکەین کەوا بەڕێز مامۆستا (نەسرین کەریم ساڵح) لە قوتابخانەی هەورازانی سەرەتایی لە ڕۆژی ١١/ ١٠/ ١٩٨٩ گیراوە لە لایەن کاربەدەستانی ئەو سەردەمەوە بۆ زانینتان بە ئاگاداری ئەم مامۆستایانەی لای خوارەوە

١- دڵشاد محمد عثمان
٢- سوهەیلە محمد أحمد
٣- قادر أحمد حیدر
٤- الماس کریم حسین

نیگار کەریم توفیق
بەڕێوەبەری هەورازانی
پێتانەوە
٢٢/ ٢/ ١٩٩٩

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

[illegible]
[illegible]
[illegible]
( [illegible] الموظفين [illegible] )

العدد / [illegible]
التاريخ / [illegible]
التاريخ / [illegible] /١٠/١٩٦٠

[illegible]

م/ [illegible]

تنفيذاً للامر [illegible] المرقم / ٣٠٤٥٥ في ١٩/٩/١٩٦٠ الصادر من الامانة العامة للتربية والتعليم العالي / مديرية التعليم الابتدائي [illegible] الثانية [illegible] السيدة ( [illegible] محمد صالح ) معلمة مدرسة [illegible] الابتدائية الى وظيفة [illegible] بعنوان ( كاتبة ) [illegible]
١) [illegible] الجديدة [illegible] العامة بتاريخ ٢/١٠/١٩٦٠ [illegible]
٢) [illegible] اعلاه [illegible]

حكم انور جواد
المدير العام
٢/١٠/١٩٦٠

[illegible]
الامانة العامة للتربية والتعليم العالي / مديرية التعليم الابتدائي [illegible]
[illegible] / [illegible] / [illegible] بالعلم مع التقدير
[illegible]
[illegible] / [illegible] التوقيعات / [illegible]
[illegible]
[illegible] الموظفين / [illegible] / ٢ / [illegible]
[illegible]
[illegible] / [illegible] الى [illegible]
[illegible] / الاجراء اللازم
[illegible]
[illegible]
[illegible] / [illegible]
[illegible]

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

العدد /

التاريخ /

إلى / أمر إداري ( )

م / نقل خدمات

تنفيذاً [illegible] بالرقم / ٦١٢٣ في ١٩٩٦/٤/٦

الصادر من الإدارة العامة للتربية والتعليم العالي [illegible] التعليم الابتدائي [illegible]

تقرر نقل خدمات السيدة (نسرين محمد صالح) موظفة بعنوان كاتبة [illegible]

[illegible] في مدرسة [illegible] إلى وظيفتها السابقة بعنوان (معلمة) ومخصصاتها البالغة

(١٦٧) ديناراً بعد اضافة ٣٠% اعتبارا من تاريخ [illegible]

[illegible]

المدير العام

١٩٩٦/٤/

نسخة منه إلى /

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] الأجراء اللازم

حسابات [illegible] / للاجراء اللازم

سجل الخدمة

ادارة [illegible]

١٩٩٦/٤/١٦

## ناجی مەحمود قادر

من کەناوم ناجی مەحمود قادر لە (١٩٥٤/٧/١) لە گوندی پونگەڵەی سەر بە ناحیەی پێباز لەدایکبووم، هەر لەسەردەمی لاوێتیمدا هەستم بە چەوساندنەوەی نەتەوەکەم کردووە و لەلایەن رژێمەکانەوە- کۆڕو کۆبوونەوەکانی دیوەخانەی باوکم کە پیاوێکی ناوداری ناوچەکەبووە کە بە (حاجی مەحمودی هارونی) ناسراوە، ئەمەش هاندەر بوو بۆ گرنگی دانم بە خەباتی کوردایەتی منیش بەگوێگرتن لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی باوکم زیاتر هانی دەدام، بۆیە بڕیارمدا خەباتی شۆڕشگێڕی هەڵبژێرم لە تەمەنی لاویدا هەستم کرد بە کۆکردنەوەی لایەنگرانی گوندەکەمان کۆبونەوەک پێ دەکردن لە گوندەکەماندا چەندین کادرم دروستکرد کە هەر یەک لە (کاک حەسەن والی و محەمەد حارس و صدیق حەمە صالح و عوسمان قادر و ئەکرەم والی). چەندینی تر ئەو کەسانە بوون کە گەواهیدەرن لە خەباتمان لە خەباتی شۆڕشگێڕیدا لە شۆڕشی ئەیلول توانیم پلەی (سەرپل) بەدەست بێنم تا ڕاگواستنەوەمان بۆ وڵاتی ئێران لەوێوە هەر بە سیاسەتەکانی رژێمی عێراق لە ساڵی ١٩٧٦ ڕاگوازراینەوە بۆ (الغراف) شترە لە پارێزگای زیقار لە ساڵی ١٩٧٨ رژێمی بەعس گەڕاندنیاینەوە بۆ کوردستان. گەواهیدەری ڕاگواستنەوەم لەدایک بوونی کۆچەی کورمە بەرەگەزنامەکەی تا ئەمڕۆ بەردەوام لەسەر خەباتی ڕێبازی کوردایەتی و باوکی نەتەوەی کورد سەرۆک بارزانی ئەمەش تەنها پوختەیەک لە خەباتم.

## هەڵگورد عەبدولوەهاب جندیانی

**بیرەوەرییەکانم لەسەردەمی دوورخستنەوەمان بۆ عەرەبستانی عراق**

کاتێک پیلانگێڕی لە شۆڕشی کوردستان کراو شۆڕش تووشی شکست و نسکۆیەکی گەورە بوو، سەرەتا خانەوادەکەمان ئامادەنەبوون تەسلیم بە دەوڵەتی عراق ببێتەوە، بۆیە لە ئۆردوگای زێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوێزراینەوە بۆ شاری کەرەج کە دوای چەند مانگێک بڕیاری گەڕانەوەمان دا بۆ عراق بەڵام هیچ جۆرە لوێبووردنی گشتی نەمابوو، بۆ یە بێ لێبووردنی گشتی خۆمان ڕادەستی دەوڵەتی عراق کردو لە ئۆردوگای ئەنز دوای چەند مانگێک لەڕێگای سنووری قەسری شیرین — خانەقین خۆمان ڕادەستی چارەنووسێکی نادیار کرد کە لە ڕاستیدا دەوڵەتی عراق دەرفەتی گەرانەوەی ئێمە و بە هەزارەها خێزان نەدا بگەڕێینەوە کوردستان بەڵکو ڕاستەوخۆ لەسنوورەوە گوێزراینەوە بەغدا، لەوێشەوە بۆ ناحیەی (ئەلبەغدادی) کە لەسەر سنووری عراق-سوریایە و سەربە پارێزگای (ئەلئەنبار)ە.

ئیتر بۆ ماوەی دوو ساڵ ئێمە لەم شارەدێیە بووین و دواتر گوێزراینەوە بۆ شاری (ڕەمادی) کە ناوەندی پاریزگاکە بوو، لەوێش نزیکەی ساڵێک ماینەوە، پێش ئەوەی بمانگێڕنەوە بۆ کوردستان.

ماڵمان لە (مونەسەسە) بوو

بۆ یەکەمجار ئێمە لە ژینگە و کۆمەڵگەیەکی عەرەبی بژین، ماڵمان دوور خرایەوە بۆ شارەدێیەکی بچووک لەسەر زێی فورات، بەڵام ئێمە نزیکەی ١٦ ماڵ بردراین بۆ دەوەوەی شارۆچکەکە کە پێی دەوترا (مونەسەسە) کە لە بنەڕەتدا بریتی بوون لە نزیکەی ٢٠ ژووری بچووک و بنمیچ نزم کە ساڵێک

پێش هاتنی ئێمە ئەو شوێنە کەمپی کاتی بوو بۆ ئەو کۆمپانیا دەوڵەتییەی کە ڕێگای نێودەوڵەتی (عراق — ئوردن)ی دروست دەکرد، جگە لە خانووەکان کە وەکو ئۆفیس بەکارهاتبوو، چەندین شوێنی تر دروستکرابوون کە تایبەت بوون بە شوێنی ڕوونگۆڕینی ئامێر و ئۆتۆمبیلە گەورەو بچووکەکانی کۆمپانیاکە، حەوزێکی کۆنکریتی هەبوو کە بۆ کۆکردنەوەو عەمبارکردنی ئاو بەکار دەهات، دوو ڕۆژ جارێک دەوڵەتی عراق بە تانکەر حەوزەکەی پڕ لە ئاو دەکرد.

بەشێک لەخانەوادەکان ئەمانە بوون، (سەعید پۆلیس، لەتیف شاڵی، حەمەد ئەمین غەفور، حوسێن مەمە خان، سڵاح بایز، سەید موسلیح سەید بێخاڵی کانییەقوڕی، سەید حەسەن کانییە قوڕی).

دووری (موئەسەسە) لە ناحیەی ئەلبەغدادییە پێادە نزیکەی ١٢ خولەک دەبوو.

هەڵگورد یان (عەنکەبووت)

یەکەمین ڕۆژی دەوامکردنمان لە قوتابخانەی (ڕازی) سەرەتایی کوڕان، ڕۆژێکی نائاسایی و لەبیر نەکراو بوو، چونکە هەموو قوتابییە کوردەکان لەناو حەوشی قوتابخانەدا لەدەوری یەکتردا کۆببووینەوە، قوتابییە عەرەبەکانیش دەهاتنە تەماشمان و وەکو شتێکی سەیرو سەمەرە لەدیارمان بوون، ئێمەش حەپەسابووین و وەک بڵێی چاوەڕوانی شتێکی ناخۆشمان دەکرد، هەرواش دەرچوو، چونکە یەکەمین هەنگاو ئەوە بوو کە هەموومان دوو ساڵی خوێندنمان هەژمار نەکرا، واتە من کە پۆلی چوارەم بووم وەکو یاری زارومار دابەزیم بۆ پۆلی دووەم، کارگێڕی قوتابخانەکە بە گەورەکانی ئێمەیان ڕاگەیاندبوو کە ئەو دوو ساڵە هەژمار ناکرێن و دەسووتێنرێن چونکە خوێندنەکە لەسایەی پێشمەرگەدا بوو (ئاری برا بچووکم، لەپۆلی دوو بوو، هاتەوە پۆلی یەک منیش بۆ گاڵتەکردن دەمووت: ئاری دەگەڕێتەوە پۆلی سفر).

دووەم شۆک بۆ ئێمەی منداڵ ئەوەبوو کە هیچمان لە زمانی عەرەبی نەدەزانی و پێشتر جگە لە ئاین و سوورەتەکانی هیچیترمان نەخوێندبوو.

بۆ من شۆکیکی تریش هەبوو، کاتێک مامۆستایەک هەڵیساندم و وتی ناوەکەتم بۆ ناخوێندرێتەوەو نازانم مانای چییە (چونکە لە ناسنامەی باری کەسێتی بە کوردی نووسرا بوو) منیش هەر ئەوەندەم زانی پێی بڵێم (جەبەل) و بە هەردوو دەستە بچووکەکانیشم هێمای لوتکەی شاخم بۆ نمایش کرد، کەچی مامۆستا بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی: هەڵگورد ناوێکی بێ مانایە، بۆیە

مـن نـاوت دەنێـم (عەنکەبووت) واتـە جاڵجاڵۆکە یان داپیرۆشـکە، بەمەش هەموو قوتابییـە عەرەبەکانـی نـاو پـۆل پێکەنین.

بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـە مامۆسـتایەک بـوو نـاوی (حەسـوون ئەفەنـدی) بـوو، حەسـوون زۆر تونـد و تیـژ بـوو، ئەفەندییەکی باسـیکەلەی ڕێـک پۆش بوو، پێڵاوەکانـی لمـوز درێـژی هەمیشـە بریسـکەداری بۆیاخکـراو بوو، ڕۆژێکیـان لەڕیز وەسـتانی بەیانیـان بـەم پێـڵاوە لمـوز درێـژە شـاپێکی لـە پاشـەڵی قوتابییەکـی کـورد داو خسـتیە نێـو باخچـەی قوتابخانەکـە کـە تـوور و پیـازی لـێ چێنرابـوو، نازانـم بۆچـی لـەو ڕۆژەوە قوتابیـە کوردەکان ناویـان لـەو قوتابیـە نـا کلتـوور کە هیـچ پەیوەنـدی بـە وشـەی (کەلتـور)ەوە نەبـوو؟!

گۆڤاری ئەستێرەم نەدیت

کاتێـک کـە ماڵمـان لـە (موئەسەسـە) بـوو، پـاش نیوەڕۆیـی ڕۆژانـی پێنـج شـەمووان زۆر جـار کاک ئـازاد جندیانـی بـرام بـە پـاس دەچـووە بەغـدا، لـەوێ لەگـەڵ هاوڕێکانیـدا تـا ئێـوارەی هەینـی دەمایـەوە لەوانـەش، نـەژادی عەزیـز سـورمێ، شـەهید دڵشـاد مەریوانـی ، شـەهید مەهـدی خۆشـناو، شـەهید کاردۆ گەلاڵـی و ڕەوانشـاد حەسـەن ڕەمـەزان (حەسـەن ڕەمەزانیـش دوور خـراوە بـوو لەهەمـان ناحیـە، حەسـەن ڕەمـەزان توانایێکـی باشـی لـە نیگارکێشـان هەبـوو، دەتوانـم بڵێـم یەکەمیـن مامۆسـتام بـوو لـە هونـەر، دوای ڕاپەڕیـن پلەی پیشـەیی ڕەوانشـاد گەیشـتە دادوەری مخابـن لـە ٢٠٠٧دا بـە کتوپـڕی کۆچـی دوایـی کـرد).

کاک ئـازاد لـەو هەفتـە گەشـتانەیدا چەندیـن دانیشـتنی گفتوگـۆی سیاسـی و وێـژەی لەگـەڵ ئـەو هاوڕێیانـە و گەنجانـی تـر سـازدەکرد، ئێـوارەی ڕۆژی دواتـر کـە هەینـی بـوو، لـە کەنـار ڕێگای نێودەوڵەتییەکـەدا لەچاوەڕوانـی کاک ئـازاددا دادەنیشـتم تـا پاسـەکە دەهـات و یەکـەم شـت داوای گۆڤـارە منداڵانەیانەکانـی خـۆم دەکـرد کـە بەزمانـی عەرەبـی دەردەچـوون، بێگومـان کاک ئـازاد زۆربـەی چاپکراو گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەوسـا (هاوکاری، پاشـکۆی عراق، بیری نـوێ، تەریـق ئەلشـعب، بەیـان، ڕۆژی کوردسـتان، ڕۆشـنبیری نـوێ)ی دەکـڕی و دەیهێنایـەوە کـە جگـە لـە ئەندامانـی خانەوادەکەمـان کوردانـی ئەوێـش لێـی سـوودمەند دەبـوون.

جارێکیـان کاک ئـازاد هـەر کـە لەپـاس دابـەزی وتـی : (هەڵگـورد، گۆڤارێک بـۆ منداڵانـی کـورد دەرچـووەو نـاوی ئەسـتێرەیە، ئەمجـارە ژمـارەی تـازەی لـێ

دەردەچێ و لەبری گۆڤارە عەرەبییەکانی ئەستێرەت بۆ دەکڕم)، ئیتر تا هەینی داهاتوو من هەمیشە خەونم بە (ئەستێرە)وە دەبینی، ئاخر من لە ئێران گۆڤارەکانی (کەیهانێ بەچەها، سەلام بەچەها)م هەموو هەفتەیەک دەخوێندەوە، لە وێش هەموو گۆڤارەکانی منداڵانی عەرەبم دەخوێندەوە، ئیتر تامەزرۆی بینین و خوێندنەوەی گۆڤارێک بووم بە زمانی خۆم!

بۆ ئێوای هەینی داهاتوو، زۆر زووتر چوومە چاوەڕوانی کاک ئازاد، هەر کە لەپاسەکە دابەزی، داوای (ئەستێرە)کەم لێکرد کەچی زۆر بە سۆزەوە وتی : (هەڵگەڕێ، حکومەت گۆڤاری ئەستێرەی وەستاند و چیتر دەرناچێت، بۆیە وەکو جاران گۆڤارە عەرەبییەکانم بۆ هێناوی!!).

دەم و ددانی (مازن)م شکاند

کاتێکماڵمان هاتە شاری ڕەمادی کە ناوەندی پارێزگای (الانبار) بوو، ماڵمان لەبازاڕ نزیک بوو، لەتەنیش بەرگری شارستانیدا بوو، لەوێ پۆلی سێ بووم لە قوتابخانەی (سوهەیب بن ئەلرۆمی) کە پێنج مامۆستا کوردی دوور خراوەی لێ بوو، ئەو ساڵی خوێندنم بە پلەی یەکەم تەواوکرد، بەهۆی خوێندنەوەی چیرۆک و بابەتەکانی گۆڤاری (المزمار، مجلتی، تەممون) لە ڕێزمانی عەرەبی لە قوتابییە عەرەبەکان زۆر باشتر بووم.

قوتابخانەکەمان لێ نزیک بوو بەڵام لەبەر ئەوەی لە کۆڵانەکانی دەوروپشتماندا ناسرا بووین و دەیانزانی منداڵی کوردین، بۆیە نەدەوێراین بە ڕێگا ئاساییە نزیکەکەدا بچینە قوتابخانە، چونکە تووشی ڕێگری و جنێو و شەق و تێهەڵدان دەبووین هەر کە ئێمەیان دەبینی هەر ماڵەو هەشت نۆ منداڵی پێ خواسی لێ دەردەهات و بەدەم ڕاونانی ئێمەوە هاواریان دەکرد: (کاکێ وەرە، ئوکول خەرە) واتە کاکە وەرە، گ...وو بخۆ، بۆیە بۆ خۆپاراستن لە تێهەڵدان و بێ ڕێزیکردن، بەناچاری لەسەر شەقامە گشتییەکە ماوەیەک دەڕۆیشتن تا دەگەیشتینە ئەو کۆڵانانەی کە نەیاندەزانی ئێمە منداڵی کوردین، ئیتر لەوێوە بە ئارامی لەگەڵ ئاری برام دەگەیشتینە قوتابخانەکەمان ئەوەش هەمان پەندی کوردیمان لەسەر جێبەجێ دەبوو کە دەڵێت: (دوور بڕۆ سەلامەت وەرەوە).

ڕۆژێکیان لەگەڕانەوەماندا بۆ ماڵ زۆر ماندوو بووین، بۆیە لەگەڵ ئاری برام وتمان بەم نیوەڕۆیە چۆڵە و هیچ منداڵێک لە دەرەوە نییە، با بەڕێگا

مەترسیدارە نزیکەکە بڕۆینەوە، کاتێک نزیکی ماڵ بووینەوە (مازن)ی هاوسێمان کە باوکی شۆفێری لۆری بوو لێمان هاتەدەر و ڕێگای لێگرتین، لە ڕاستیدا من نەشەڕخواز و نە لە هونەری شەڕکردندا ئازا و مێرخاسیش بووم بەڵام ئیتر بڕیارمدا ڕانەکەین و ڕووبەڕووی ببینەوە، مازن بە یەک دوو ساڵ لەمن مەزنتر بوو، هەروەها وەکو هەر عەرەبێکیش سەردرێژێکی بە هەیکەل بوو، یەکسەر دەستیکرد بە قسەی ناشرین و دەیوت (ولەک... ولەک) واتە کورە، منیش وتم: (شترید) واتە چیت دەوێ و لەسەر وەڵامی ئەو نەوەستام لەبری ئەوە، زۆر بە خیرایی خۆم بۆی بەرزکردەوەو بە تەوقی سەرم کەللەیەکم لەناو دەم و لووتی مازن وەشاند، کە یەکسەر دوو ددانی پێشەوەی شکا و لووت و دەمی پڕی خوێن بوو، لەگەڵیدا سەری منیش بە سووکی شکا، مازن دەستیکردە هاوار و گریان و ڕایکردە ماڵی خۆیان، من ئاری براشم ڕامان کرد و بە بێ دەنگی گەڕاینەوە ماڵێ بێ ئەوەی بۆ ماڵەوەمان باس لەو قارەمانەتییەمان بکەین، ئیتر بۆ شەوەکەی باوک و دایکی مازن هاتنە ماڵی ئێمە و مازیشیان بە کەلۆسی لەگەڵدا بوو، باوکی مازن بە منی وت: بابە، خۆ تۆ کوڕێکی فەقیر و بێ وەی، دەزانم کوڕەکەی ئێمە هار وهاجە بەڵام نەدەبووا ئاوا هەردوو ددانەکانی پێشەوە بشکێنی (وابزانم ئەوە یەکەم جار و کۆتا جارم بوو لەژیانمدا کە ئازاری جەستەیی بە مرۆڤێک بگەیەنم).

لەو ساتەوە ئیتر چیتر لە کۆڵانە دوورەکان نارۆیشتین بۆ قوتابخانە، بەڵکو لە کۆڵانی خۆمانەوە وەکو شێر بەرەو قوتابخانە شۆڕ دەبووینەوەو کەس نەدەوێرا توخنی کاکە بچکۆلەکان بکەون!!

**تابلۆی ئوتۆمبێلەکەی م. موستەفا صالح کەریم**

لەقوتابخانەکەماندا چەند مامۆستایەکی کوردی دوورخراوە هەبوون، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیار، خوالێخۆشبوو موستەفا صالح کەریم یەکێک بوو لەوان، مامۆستا موستەفا ئوتۆمبێلێکی بچووکی جۆری فیات پۆلیسکی هەبوو کە بۆ من سەچاوەی هێز و هەژموون و دڵخۆشی بوو، چونکە تابلۆی ئوتۆمبێلەکە (عراق - سلیمانیە) بوو، زۆر جار بۆ نیشاندانی هێز و خۆ نمایشکردن بە قوتابییە عەرەبە هاوپۆلەکانم نیشان دەدا و بە پەنجەم ئاماژەم بۆ ناوی سلێمانی دەکرد لەسەر تابلۆکە و دەمگووت سەیرکەن.

بێگومان بۆ منی منداڵ ئەوسا لەو دەبەدەری و ئاوارەییەدا ناوی سلێمانی گوزارشت بوو بۆ ناوی کوردستان.

ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٧٧

ئێوارەی ٢٠ی ئادار من و ئاری برام ئاگرێکی بچکۆلەمان لەسەر بانی خۆمان کردەوە، زۆر خانەوادەی تر لێرە و لەوێ ئاگری نەورۆزیان کردەوە، دیمەنی ئاگرە بچووکەکان تا ڕادەیەک لەشێوەی دووکەڵی بچووک و باریک لە ئاسمانی شاری ڕومادیدا دەبینران.

بۆ ڕۆژی دواتر، زۆربەی خانەوادە کوردەکان بۆ ئاهەنگ گێڕان و سەیرانکردن ڕویان لە ناوچەی (غابات)ی ڕەمادی کرد، کە دارستانێکی گەورەبوو زۆربەی دارەکان داری کالیبتۆس بوون.

لەوێ جگە لە نانخواردن و قسەی خۆش و گاڵتە و پێکەنین، کۆڕی شایی و گۆڤەند دامەزرا و کوڕان و کچانی گەنج شایی ڕەشبەڵەکیان سازکرد، ئێمەی منداڵیش لەناو شاییەکەدا دەسوڕاینەوەو هاروهاجیمان دەکرد!

چوار ڕۆژ دوای نەورۆز واتە ڕۆژی هەینی ١٩٧٧/٣/٢٥ وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی شاری ڕەمادی زۆر بە توندی و ناشیرین باسی لە یادکردنەوەکە کرد و وتبووی ئەو کوردانە ئاگرپەرستن، هەروەها وتبووی ئەوانە زۆر بێ شەرم و بی ڕەوشتن چونکە کچ و کوڕیان تیکەڵ بەیەکتری ببون و هەڵدەپەڕین (لەم دەڤەرەدا تەنها ژنە کێوەلییەکان هەڵدەپەڕین و لەلایەن کۆمەڵگادا بە چاوێکی نزم سەیر دەکران، وا دیارە ئێمەی کوردیش بەهەمان پێودانگ هەڵسەنگاندبوو).

بۆ هەینی دواتر وتارخوێنێکی تر لە مزگەوتێکی تری ڕەمادی پێچەوانەی مەلای مزگەوتی گەورەی ڕەمادی، بەرگری لە کورد کردبوو، گوتبووی: (کورد میللەتێکی باوەڕدار و موسڵمانی بەڕاستن و نەوەی سەلاحەددینی ئەیوبین، ئەو شایی و گۆڤەند و ئاگر کردنەوانەش کەلتوری نەتەوەیی خۆیانە و هیچ شتێکی ناشەرعییان نەکردووە).

ناحیەی (کبیسە) کە سەر بە قەزای هیتە و ٨٠ کیلۆ مەتر لە ڕەمادی دوورە، یەکێکە لەو شارانەی کە (اخوان مسلمین)ی عراقی لێ دامەزراوە، بۆیە لەشاری ڕەمادیدا هەم سوونەی بەعسی زۆر توندڕەوی لێبوو، هەم سوونەی توندڕەوی ئاینیشی زۆر تێدا بوو، هەر ئەوەش بوو کە لە دوای کەوتن و ڕوخانی ڕژێمی پێشوودا زۆر لە ڕێکخراوە توندڕەوەکان لە ڕەمادی و قەزای فەلوجەدا چالاکی تیرۆریستیان گەلێک زۆر بوو.

## وريا معروف الجزراوي

بسم الله الرحمن الرحيم

الاستاذ الفاضل طارق جامباز

تحية طيبة..

اكتب لكم من فترة ابعادنا الى جنوب العراق بالنسة لي في محافظة القادسية ( الديوانية) ورغم مرور فترة طويلة ساكتب ما اتذكره في تلك الفترة المرة في حياتي. بعد مؤامرة الجزائر والاتفاق المشؤوم بين شاه ايران والرئيس الجزائري بوبدين والرئيس العراقي صدام حسين تقرر انهاء الثورة الكردية. تجمعنا نحن البيشمركة في جومان وتم تبليغنا رسميا بانهاء الثورة قررنا نحن مجموعة من الضباط البقاء في كوردستان وتشكيل مفاوز لمقاتلة القوات الحكومية بعد فترة تم ابلاغنا عدم جدوى المقاومة وان هناك طريقتين امامنا، اما تسليم انفسنا للحكومة العراقية حيث صدر عفو عام عن جميع المشاركين بالثورة او البقاء في ايران في معسكرات من دون تحديد المدة والمصير.

بالنسبة لي قررت تسليم نفسي وعائلتي الى الحكومة من دون اي شئ للمستقبل المهم بالنسبة لي كانت سلامة عائلتي، شاركني في هذا الراي الصديق لواء غازي خوشناو حيث ابلغني بانه بنفس افكرة والراي هو و زوجته.

قررت تسليم نفسي عن طريق خانقين لوجود مركز حكومي رسمي ونقطة عبور رسمية.

بالنسبة للغرفة التي كنا نسكن فيها بجميع موجوداتها تبرعت بها الى

امام جامع خانة في ايران و قبلها مشكورا ولم يكن يصدق ما شاهده في الاثاث والتجهيزات في تلفزيون ومدفاه واثاث وسافرنا جميعا انا وزوجتي واللواء غازي وزوجته وسلمنا انفسنا الى السلطات العسكرية المتواجدة على الحدود العراقية الايرانية.

اولا والحقيقة تم استلامنا بكل حفاوة وترحيب وتم تقديم البيبسي والصمون لنا مع عليات الترحيب، تم تسجيل اسمائنا وبعد معرفتهم باننا عسكرين ونحمل رتب كنت برتبة نقيب وكان غازي برتبة ملازم اول. تم وضعنا في مكان معزول عن عوائلنا وابلغنا بان الأوامر هي بارسالنا الى معسكرات خاصة نحن العسكرين اما بالنسبة لعوائلنا فسيتم نقلهم الى محافظاتهم وتسليمهم الى اهاليهم، لم يكن باليد حيلة وفعلا تم اركابهم بالباصات التي واقفة لنقلهم، تم توديعهم بالحزن، بعد ذلك تم جمعنا نحن العسكرين وتم اركابنا بالوريات العسكرية التي كانت بانتظارنا مع مجموعة اخرى ف الظباط والمفوضين وافراد شرطة.

تم نقلنا اولا الى معسكر قريب في الحدود وبعد استقبالنا من قبل احد الضباط رحب بنا اولا ثم ابلغنا بانه صدرت اليهم الاوامر قبل فترة بارسالنا كل الى مديريه التي كان بها قبل التحاقه.

تم تهيئة الكتب بالنسبة لي الى مديرية الجنسية العامة في بغداد مع معتمد وسيارة، ودعت اصدقائي على امل لقاء قريب سافرنا بالسيارة وصلنا الى بغداد ليلا وعند مراجعة مدير خفر الجنسية لاستلامي ابلغنا بان الاوامر صدرت اليهم جميعا في وزارة الداخلية بارسال جميع العائيدين الى معسكر العائدين في محافظة القادسية زودنا بالكتاب وطلب منهم ايصالي الى محافظة القادسية، سافرنا فورا وليلا الى محافظة القادسية مدينة الديوانية التي كانت تبعد مسافة حوالي ساعتين في بغداد وصلنا ليلا وتم تسليمي الى مدير شرطة القادسية.

طلبت منه تامين مكان لي بانه لا يوجد لديه اي مكان وان جميع فنادق المدينة محجوزة ولا مكان الا جامع المدينة القريب في المديرية ارسل احد افراد الشرطة لايصالي الى الجامع حيث جاوزت الساعة الثانية بعد منتصف الليل، وفي صباح اليوم الثاني تم ارسالنا جميعا حيث كان مجموع الظباط والمنتسبين عدد كثير الى معسكر العائدين على طريق قضاء عفك على مسافة حوالي ربع ساعة في مركز المحافظة. كان المعسكر عبارة عن صرايف تم تركيبها بسرعة، تم توزيعنا على شكل

افواج وبعد فترة تركنا الصرايف وحجزنا في الفنادق البسيطة التي كانت في المدينة.

كان ذلك اواخر شهر اذار سنة (١٩٧٥) بعد فترة وفي اوائل شهر تموز تم تبليغنا بان الاوامر صدرت باحالتنا جميعا الى وظائف مدينة كل في وزارة وحسب القوائم الموجودة لديهم وكان اسمي في ضمن المنقولين الى وزراة الداخلية/ مديرية الدفاع المدني العامة.

راجعت مديرية الدفاع العامة وابلغني بان نقلي صدرالى مديرية دفاع مدني القادسية وزودوني بالكتاب رجعت الى مدينة الديوانية في نفس اليوم.

أواخر شهر تموز سنة (١٩٧٥) باشرت في مديرية دفاع مدني القادسية وكانت عبارة عن غرفة واحدة صغيرة في الادارة المحلية لمحافظة القادسية، وكان مدير الدفاع المدني السيد عدنان نصرت العبيدي وكان يدعى بانه في اهالي محافظة كركوك سابقا وكان متزوجا من امراة كوردية من مدينة كويسنجق وكان رجلا طيبا جدا ذو اخلاق عالية وكان يحترم جميع الكورد وكذلك زوجته التي كانت لا تتقن اللغة العربية جيدا و كان يدعونا مرات عديدة الى مسكنه لتناول الغداء.

كانت مديرية الدفاع المدني في ذلك الوقت غير مهمة ومهملة في جميع انحاء العراق وكانت المديرية صغيرة وكانت تظم المدير وانا وضابطين عرب محالين الى وظيفته مدنية مثلي وكان هناك فراش واحد. بعد ذلك بدء اهتمام الحكومة بالدفاع المدني حيث قمت بفتح دورات الدفاع المدني المختلفة لموظفي دوائر الحكومية في المحافظة وتفتيش الدوائر والمعامل والمصانع لتامين مستلزمات الدفاع المدني. وبعد مرور وقت من الزمن تم احالة السيد عدنان نصرت الى التقاعد وتم تنسيبي كمدير للدفاع المدني وكالة لحين نقلي الى اربيل مرة اخرى.

كانت معاملة اهالي الديوانية جيدة بصورة عامة مع الكورد حيث كانت محافظة صغيرة مهملة.

اما الاخوة الكورد الذين كانوا في محافظة القادسية واذكر منهم على سبيل المثال:-

اللواء دلشاد شيخ نجيب وكانت موظفا في مديرية بريد القادسية/ المتوفى.

اللواء يوسف ميران حيث تم تعينه لاحقا مديرا عاما للقسم في القادسية/ المتوفى.

السيد ازاد عثمان مهندس زراعي في مديرية زراعة القادسية.

المتوفي/ العقيد هوشيار حيدر حيث كان موظفا في دائرة صحة القادسية.

الحاكم امير الحويزي: حاكم في محاكم الديوانية/ متوفي.

اللواء هوشيار بزاز في دائرة تجارة القادسية، الشيخ اسماعيل برزنجي/ متوفي، الاستاذ دلاور جندياني معلم في احدى مدارس الديوانية/ متوفي، المحامي سعيد احمد اليعقوبي/ متوفي.

بعد ذلك تم نقل اكثرية الكورد الى مناطق سكانهم الاصلية رغم الأغراءات بالبقاء.

حيث تم نقلي الى اربيل وزارة الداخلية/ الامانة العامة للداخلية في وقتها الشهر البرابع في عام ١٩٧٩.

اخوكم
وريا معروف الجزراوي
٢٠٢٣/٥/٩

اللواء الحقوقي

وريا معروف عبدالله الجزراوي

مواليد ١٩٤٤- اربيل

تاريخ دخول كلية الشرطة: ١٩٦٢/١١/٢٢، تاريخ التخرج: ١٩٦٥/٦/٣٠، رقم الدورة: (١٩).

اشتغل مناصب عديدة منها: ضابط مكتب الجنسية والسفر من عام ١٩٦٧ ولغاية ١٩٧٤

ضابط الموقف والتفسيرات في شرطة اربيل، مدير شرطة اربيل- مدير الشرطة العام لإقليم كوردستان- وكيل وزير الداخلية لإقليم كوردستان، اخر منصب له: عميد كلية الشرطة في اربيل عام ٢٠٠٨.

خريج كلية الحقوق- بغداد- جامعة بغداد عام ١٩٩٠، متقاعد عام ٢٠٠٨.

# وشیار شاکر ساڵح عیدۆ

من کەناوم (ملازم وشیار شاکر سالح عیدۆ) لەدایکبووی هەولێرم لە (١٩٥١/١٢/٦) دەرچووی کۆلیژی سەربازی بەغدام لە (١٩٧٣/٧/١٤) ، لەساڵی (١٩٧٤) پەیوەندیم بە شۆڕشی ئەیلول کرد بە پلەی (پێشمەرگە) لەسەر فەرمانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەرکی جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی (٤)ی زۆزگم پێسپێردرا لەلایەن مەکتەبی عەسکەری حزب.

پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی (١٩٧٥) ماوەیەک لە وڵاتی ئێران مامەوە پاشان گەڕامەوە عێراق لە ڕێگای سنووری عێراق- ئێران لە (حاجی ئۆمەران)، چونکە بەبەر یاسای لێبووردنی گشتی کەوتم کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئەو کاتە دەرچوو.

هەر لەگەڵ پەیوەندی کرندم بە دەزگای حکومی عێراق یەکسەر لەلایەن دائیرەی ئیستخباراتی عەسکەری لێکۆڵینەوەم لەگەڵ کرا، پاشان ڕەوانەی بەغدا کرام لەژێر چاودێری وەزارەتی بەرگری عێراقی بووم بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک، ڕۆژانە بەڵگەی مانەوەم (اثبات وجود) دەکرد، پاشان بە بڕیاری ئەنجومەنی شۆڕشی عێراق (مجلس قیادة الثورة) گواسترامەوە بۆ ڕاژەی مەدەنی، واتە لە ئەفسەری سەربازی بۆ (م، ملاحظ) لە کۆمپانیەی (مصلحة المبیعات الحکومیة- فرع القادسیة) لە شاری دیوانیە باشووری عێراق بە فەرمانی وەزاری- وەزارەتی بازرگانی عێراق ژمارە (٤٣٤٤) لە ١٩٧٥/٧/٢٤.

ئیتر بۆماوەی چوار ساڵ لەم شارە مامەوە و لەژێر چاودێری دائیرەی

ئەمن، وە لەکاتی داواکردنم بۆ گەشتێک بۆ شاری خۆم هەولێر یاخوت هەر شوێنێکی تر دوای پشوو وەرگرتنم لە دائیرەی خۆم دەبوایە سەردانی دائیرەی ئەمنی بکەم تاکو ئاگاداری رۆیشتنوو هاتنەوەم ببن ئەویش لە سجلەکی تایبەت ئیمزام دەکرد لەوێ لە گەڕانەوەش دووبارە ئیمزای هاتنەوەم دەکرد، پاش رەزامەندی پارێزگار و مدیر ئەمن و مدیری دائیرەم ئینجا ئەم توانی سەفەرەکی (٣، ٤) رۆژی بکەم، ئەمە بەردەوام بوو بۆ ماوەی چوار ساڵ، پاشان لە بەرواری ( / / ١٩٧٩) فەرمانی گەڕانەوەم و گواستنەوەم بۆ هەرێمی کوردستان (شاری هەولێر) دەرچوو بە مەرجی وەرگرتنی رەزامەندی دائیرەی ئەمنی عام، ئیستخباراتی عەسکەری عام و دائرەی ئەمنی هەولێر توانیم بگەڕێمەوە هەولێر و بەفەرمانی کارگێڕی ژمارە (١٠٢٨٠) لە بەرواری (١٩٧٨/١١/٢٩) گواسترامەوە بۆ دائیرەی (مصلحة المبيعات الحكومية- فرع اربيل).

**لەم چوار ساڵەی کە دوورکرابومەوە باشووری عێراق- لە دیوانیە ئەم برادەرانەی کە ناویان لە خوارەوە هاتووە لەگەڵ من بوون ئەوانەن:-**

١- خوالێخۆشبوو- حاکم بایز دزەیی.
٢- خوالێخۆشبوو- حاکم ئەمیر حەوێزی.
٣- خوالێخۆشبوو — شەفیق ئەمین (مدیر مصلحة المبيعات فرع اربيل) پێشوو.
٤- خوالێخۆشبوو- صلاح ملا غنی ملازاده (مدير ناحيه بارزان) پێشوو
٥- خوالێخۆشبوو هوشیار- حیدر رواندزی (مفوض شرطة) پێشوو
٦- لیوا- وریا معروف جزراوی (معاون شرطة لە هەولێر) پێشوو.
٧- لیوا- دڵشاد شێخ نەجیب (ئەفسەر لە سوپای عێراق) پێشوو.
٨- پارێزەر- صلاح محمود علاف (مدير ناحيه مێرگەسور) پێشوو.
٩- مفوض شرطة- عبدالرحمن شێخ طیب ئەتروش (مفوض شرطة هەولێر) پێشوو.

بسم الله الرحمن الرحيم

(سري)

(٧)

وزارة الدفاع

مديرية ادارة الضبـــاط

الرقم ١٠/ض/ش٦/ق٦/٤٣

التاريخ / ٧ / ١٩٧٥

الى / سكرتارية الهيئة الحكومية الذاتيـــة

الموضوع - احالـــــة

كتابكم ٢٢٢٦١ في ٥/٧/١٩٧٥ .

١- قرر مجلس قيادة الثورة بقراره المرقم ٥٢٨ في ١٤/٥/١٩٧٥ تعيين الملازم المتقاعد جبار شاكر صالح بوظيفة مدنية في وزارة الاقتصاد .

٢- تم تزويد الوزارة اعلاه بخلاصة خدمته العسكرية على كتابنا سري للغاية ٥٧٨٧ في ٣/٦/١٩٧٥ .

يرجى الاطلاع .

العميد الركن

عبد اللطيف رجب الدوري

مدير ادارة الضبـــــاط

نسخة منه الى

وزارة الاقتصاد / الدائرة — للتفضل بالعلم وكتابنا سري للغاية اعلاه .

المؤسسة العامة لتجارة السلع الاستهلاكية — الكتاب اعلاه .

ض ٦/مع الرواق .

سلطة المخابرات العسكرية

من القطاع / المؤسسة العامة لتجارة السلع الاستهلاكية

المركز العام / بغداد

شعبة الذاتيـــة     العدد / ٨/٩/٣/ ٤٠٤٠٢٨     التاريخ ٢١ / ٢ / ١٩٧٥

قرار اداري رقم ( ٢٣٤٤ )

الحاقاً بقرارنا الاداري المرقم (٢٠٠٩) والمؤرخ ١٩٧٥/٢/١٢ باشر السيد طارق صالح (معاون ملاحظ في رئاسة الحدث في القادسية) بوظيفته المذكورة بتاريخ ١٩٧٥/٢/٢٤ قبل الظهر.

المدير العــــام

قحطان الراوي

صورة منه الى /

مجلس قيادة الثورة - مكتب امانة السر

مجلس قيادة الثورة - اللجنة العليا لشؤون الشمال

رئاسة ديوان رئاسة الجمهورية

وزارة الداخلية - ادارة ... / ...

وزارة الاقتصاد

المؤسسة العامة لتجارة السلع الاستهلاكية

فرع ... في القادسية - اشارة الى كتابكم المرقم ٣١٠٦ والمؤرخ ١٩٧٥/٢/٢٦

معاونية ...

مديرية الخزينة

مديرية التدقيق

مديرية الحسابات

مديرية ... والحسابات

مديرية الاحصاء والبحوث

مديرية الادارة

مديرية القانونية

قسم الرواتب والاجور

الاضبارة الشخصية

## (البطاقة الشخصية CV)

. الاسم : وشيار شاكر صالح عزيز

. ولد في ٦-١٢-١٩٥١ في مدينة اربيل

. اكمل الدراسة الابتدائية والمتوسطة والاعدادية في اربيل

. دخل الكلية العسكرية سنة ١٩٧١ وتخرج ضمن الدورة (٥١) في ١١-٧-١٩٧٣ برتبة ملازم .

. عين بعد تخرجه في قيادة القوات البحرية والدفاع الساحلي - قاعدة الخليج العربي في ام قصر بمنصب ضابطا الى القاعدة .

. التحق في ١٩٧٤ بصفوف الثورة الكردية عندما كنت في دورة تدريبية في معسكر الرشيد في بغداد عام ١٩٧٤.

. وطرد من الخدمة في الجيش بقرار من مجلس قيادة الثورة المنحل

. عمل في صفوف القوات البيشمركة وشغل عدة مناصب ومنها معاون امر الفرع (٤) (زوزك) .

. بعد اتفاقية الجزائر في ١٩٧٥ عاد الى الوطن واحيل الى وظيفة مدنية

بصفة (كاتب) في مصلحة المبيعات الحكومية في السليمانية

. اعيد الى الخدمة العسكرية في قوات البيشمركة في كردستان سنة ١٩٩١ ومنح رتبة (عقيد) بموجب قرار برلمان كردستان المرقم ٨ سنة ١٩٩٢

. ارتقيت الى رتبة (عميد) في عام ١٩٩٥ في وزارة البيشمركة في اربيل

يجيد اللغات الكردية - العربية - التركية - الالمانية وله الالمام بالانكليزية

الشركة العامة لتجارة المواد الغذائية
من منشآت المؤسسة العامة لتجارة السلع الاستهلاكية
المركز العام/ بغداد

مديرية الافراد/ الذاتية — العدد/ ٨/٢/٢/٧/ — التاريخ/ ٢٩/١١/١٩٧٨

امر اداري رقم (٩٠٨٠)

استنادا الى الصلاحيات المخولة
لعموم الموظفين الاعتيادية

بناءً على ما جاء بكتاب المؤسسة العامة لتجارة السلع الاستهلاكية المرقم ٧/١/١٢/١٥/٤١٥ ٣٠ والمؤرخ ٢٦/١١/١٩٧٨ تقرر اعتبارا نقل خدمات السيد ... صالح من ملاك فرع هذه الشركة في القادسية الى وظيفة كاتب في فرع هذه الشركة في اربيل وبنفس راتبه الحالي وذلك لحمايته من ظواهر الانشقاقات والمهاترات .

المدير العام
قاسم عبد الرزاق

صورة منه الى/
المؤسسة العامة لتجارة السلع الاستهلاكية/ ادارة التنظيم ... للعلم
= = = = = / دائرة التنظيم والاساليب
الامانة العامة لادارة الشؤون الاقتصادية والمالية / ادارة التنظيم المرقم ٥٠٦٦
والمؤرخ ٢٨/١١/١٩٧٨
فرع الشركة العامة لتجارة المواد الغذائية في القادسية/ للاحاطة بظواهر الانشقاقات
فرع الشركة العامة لتجارة المواد الغذائية في اربيل / للاحاطة بظواهر المهاترات
هيئة الرقابة المالية بهذه الشركة
مديرية الخزينة
مديرية الحسابات
مديرية الاحصاء والمطبعة
مديرية الافراد /الذاتية
الاضبارة الشخصية — النسخة الثانية

# یوسف قەساب



پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ئێمە لە (ئێران) بووین بەرپرسانی عێراق سەردانی ئۆردوگای زیوەیان دەکرد، خەڵکەکەیان هاندەدا بگەڕێنەوە عێراق چونکە حکومەتی عێراق (عفوی گشتی) دەرکردووە، هەروەها برادەرانی شۆڕش ناوە ناوە دەهاتن کۆڕ و کۆبوونەوەیان دەکرد بۆ خەڵکی ئۆردوگا کە ئەوان ڕێگە لە هیچ کەس ناگرن بگەڕێنەوە یان بمێننەوە لە ئێران، ئەو حاڵەتە خەڵک سەری لێ شێوابوو کام ڕێگە بگرێتەبەر لەبەر دڵەڕاوکێ ئێمە کۆمەڵە برادەرێک خەڵکی هەولێر من (یوسف مەولود قەساب) براکەم خوالێی خۆشبێت (زرار مەولود قەساب) و (عبدالقادر مەولود) برادەرێکی زۆر خۆشەویست بوو کە ناوی باوکیشی (مەولود) بوو وەک برا وابووین بڕیارماندا بگەڕێینەوە عێراق.

بەیانییەک لەگەڵ هەندێک برادەری تر چەند ئۆتۆمبێلێکمان بە کرێ گرت کە بەڕێگای (خانەقین) بگەڕێنەوە ئەوەبوو لەڕێگای پارێزگای کرماشان پاشان بۆ سنووری ئێران هاتینە (منزریە) لەوێ کە یەکەم خاڵی سنووری عێراق بوو پێشوازیان لە خەڵک دەکرد کە سەدەها خەڵک خۆیان تەسلیم دەکردەوە، پاسەکی زۆر وەستابوون هەریەکە ناوی پارێزگاکانی لەسەر بوو بۆ نموونە هەولێر- سلێمانی- دهۆک..هتد. ئەو خەڵکە وەجبە بە وەجبە کۆدەکرانەوە و قسەیان بۆ دەکردین یەکێک لەوانە قسەی بۆ خەڵکەکە دەکرد (رفیق پشدەری) پاشان دەیانگوت کێ خەڵکی هەولێر بۆ پاسی هەلێر و دهۆک بۆ

پاسی دهۆک پاشان گۆتیان ئەوانەی (جندی فیرارن) بۆ لایەکی تر.

ئێمەی جندی فیرارەکان کە ژمارەمان زیاتر لە (٥٠) کەس دەبوو پاش ئەوەی ناونووس کراین سواری زیلی عەسکەریان کردین یەک دوو انضبات عەسکەریان بەگەردابن بردمانیان بۆ مەعەسکەری بەعقوبە دائیرەی ئیستخباراتی بەعقوبە، لەوێ ئەو (٥٠) فیرارە یەک بەیەک (نائب ضابط) تەحقیقی لەگەڵ دەکردین و وێنەشیان دەگرتین کە هەموومان لەبەر هەتاو بۆ ماوەی یەک سەعات زیاتر وەستابووین هەتا تەحقیقی ئەو (٥٠) کەسە تەواو بوو شتێکی زۆر سەیر ڕوویدا لەوکاتە ئەو ضابط عراقیانەی لەگەڵ طیار سەفا شەلال لەڕێگەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە ئەسیری لای شۆڕش بوون هاتە ناو مەعەسکەرەکە بە چەپڵەڕێزان و خۆشی پێشوازیان لێکرا، ئێمەش بە زەلیلی بەچاوێکی زۆر سووک سەیر دەکراین هەر لەوێ شیرینی و میوە دابەش کران لە خۆشی ئێمەش تەماشای ئەو دیمەنەمان دەکرد کە زیاتر لەیەک سەعات وەستابوین چاوەڕێی بڕیاری ئەوانمان دەکرد پاشان ئێمەیان بردە قاعەیەک و دەرگایان لەسەر داخستین تاکو بەیانی دواتر ئێمەیان سواری پاس کرد بەبێ ئەوەی هیچ نان و ئاوێکمان بدەنێ نازانین بۆ کوێمان دەبەن. پاش ماوەیەک گەیشتینە بەغدا لەوێش بەرە و (دیوانیە) ڕۆیشتین لەوێ لە مەعسکەری گەرەوە دایان بەزاندین.

لەو ئۆردوگایە گەورەیە بە هەزاران جندی فیراری لێ بوو ئەفسەرێکی کورد بە سەماعە بەزمانی کوردی بەخێرهاتنەوەی فیرارەکانی کرد و گوتی لەبەر ئەوەی جێگامان نیە هی ئەو خەڵکە زۆرە بڕۆن بۆ هوتێل و لەو دوو سێ ڕۆژە دابەشی سەر (وحدە)عەسکەریەکان دەکرێن، پاش سێ ڕۆژ ئێمەیان برد بۆ محطەی قیتاری، ئێوارە گەیشتینە بەسرە خەڵکێکی زۆر بۆ بینینی ئەو خەڵکە لە محطەی قیتار چاوەڕوان بوون کە دابەزین گێم لێ بوو خەڵکەکە بەزمانی عەرەبی دەیانگوت: (هەزۆلە کلهم شباب) واتە ئەوانە هەمووی گەنجن پاشان وەجبە وەجبە ناویان دەخوێندینەوە هەر کۆمەڵێکیان بۆ مەعەسکەرێک دەبرد.

ئێمە نزیکەی (٧٠٠ تا ٨٠٠) کەس دەبوین بردمیان بۆ (مدرسة قتال الفرقة الخاصة) پاش گەیشتنمان بەیانییەکەی ئێمەیان کۆکردەوە (ئامر مدرسة) قسەی بۆ کردین کە ناوی (ئیبراهیم سەماری عەلی) بوو گوتیان

ئەوە پیاوێکی باشە بەعسی نەبوو کوردی خۆش دەویست، لەو مەعەسکەرە (٣) مانگماینەوە رۆژێکیان (ئامر مدرسة) ئێمەی هەرسێکمان من و یوسف مەولود قەساب و زرار مەلود قەساب و قادر مەلود مستەفا بانگی کردین چووینە لای گوتی ئەوە (کەمال موفتی)یە ئێوەی داوا کردووە لە مەعەسکەری خۆی سەیارەی بەدواتان ناردووە کە بینیمان (جیب قیادە) کە (عەلەمی لیوای) لەسەر بوو مراسیلەکەی کورد بوو لەگەڵ سایەقەکەی پێمانی گوت ئەوە یەکەم جارە (جندی) سواری سەیارەی قیادە بێت، ئەوە نیە و ناکرێ لە (عورف و عاداتی) عەسکەری سواری سەیارە بوون بۆ لای (کەمال موفتی) ئامر لیوای سەیحان لە حدودی بەسرە بوو، پاش ئەوەی (تحیەی عەسکەری) یمان بۆ کرد فەرمووی دانیشتنی لێمان کرد گوتی ئێوە پێشمەرگەی (فارس باوەن) و پاشتر هاتە سەر باسی (نەکسەی شۆڕش) ئێمەش ئەو هۆیانەی کە دەمانزانی بۆمان باس کرد ماوەی (١) یەک سەعات لای ماینەوە دیاربوو زۆر زۆر غەمبار بوو هەر بەهەمان سەیارە ئێمەی ناردەوە شایانی گوتنە مەعەسکەری ئێمە نزیک (قەزای زبیر) بوو. بەڵام مەعەسکەری بەڕێز (کەمال موفتی) نزیکەی یەک سەعات لە ئێمە دوور بوو، پاش مانەوەی سێ مانگ بڕیاری عفو عام بۆ جندی فیرارەکان دەرچوو (تەسریح) کراین و گەڕاینەوە هەولێر.

# شێخ یەحیا بەرزنجی



لە ساڵەکانی (١٩٧٢- ١٩٧٣) رەحمەتی (سامی عبدالرحمن) وەزیری (شؤون الشمال) بوو لە بەغدا، ئێمەی دەرچووانی کۆلیژی ئاداب- بەشی زمانی کوردی- زانکۆی بەغدا لە کەرکوک دایان نەدەمەزرادنین ئەگەر بە هەوڵ و ماندوبوونی ئەو زاتە نەبوایە، لەگەڵ ئەوەیشدا شەڕیان بەسەرماندا سەپاند کە بە (معلم جامعی) دامان دەنێن و بە مووچەی (٢٥) بیست و پێنج دیناری ئیسمی، هەتا دوای ساڵێک جێگیر دەبین. دوای ساڵێک موچەکەمان بوو بە (٢٨) دینار، بەڵام زۆرمان ناوی (جامعی) نەما هەر بووین بە معلم، هەرچەندە لە لیستی ناوەکاندا هەیە هەر لەو سەردەمی بەعسیەدا چوون دکتۆرایان وەرگرت.

فەرمانی ئیداری پارێزگای کەرکوک ژمارە (٣١٢) لە (١٩٧٤/١٠/٩) بۆ راستکردنەوەی مووچە.

ساڵی ١٩٧٤ شۆڕش دەستی پێکردەوە من نەخۆشیەکی گرانم گرت و لە وەزیفەرش دابڕام و کردیان بە مۆڵەتی ناساغی هەتا ماوەیەک، ئیدارەی ناحیەی قادرکەرەم کشایەوە بۆ کەرکوک (بە یاریدەدەری بەڕێوەبەر) دانرام لە قوتابخانەی ئیمام قاسمی شەوان، هەر تەندروستیم باش نەبوو هەتا دوایی ساڵێک ئیدارە گەڕایەوە قادرکەرەم.

لە (٦/٢٦/ ١٩٧٩) برازایەکم بەناوی (دلێر بابا رەسوڵ محەمەد) پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو لە تەبەردی ژاڵەیی بەردەبەن لەگەڵ دوو پێشمەرگەی

هاوەڵیا بەناوی (عەلی جێشانەیی و مەلا نوری) شەهید بوون. تەرمی دوانیانمان بردەوە قادرکەرەم و پرسەمان بۆ دانان.

ئەو رۆژگارە دەبوو مامۆستا بەعسی بوایە، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەش سەر بە (ئیدارەی محلی) پارێزگاکان بوون.

ئێمە سێ مامۆستا نەبووین بە بەعسی. (مامۆستا فەرمان گوێزرایە بۆ لادێیەک بەناوی قیرچە، مامۆستا عەباس گوێزرایەوە بۆ کوندێک بەناوی گۆلەمە، منیش گوێزرامەوە بۆ پارێزگای صلاح الدين ناحیەی دوجیل، گوندی عەبایەچی بە بڕیاری (٢٠٦٠٩) لە (١٩٨٠/٨/٢١) (قوتابخانەی القدوة الابتدائية للبنين).

دوای کەمتر لە ساڵێک گوێزرامەوە بۆ سلێمانی، بە فەرمانی ئیداری (٦٥٦٩) لە (٢٣/ ١٩٨١/٣) لەوێش بە فەرمانی ئیداری پارێزگا ژمارە (٨٩٦٩) لە (١٩٨١/٤/٥).

لەوێش جارێک لەبەر فشاری بە (عسی) بوون و دووجاریش بە تایبەت داواکرام بۆ پارێزگای سلێمانی و بۆ بارەگای حزبی بەعس هەر بۆ هەمان مەبەست.

ناچاربووم دەستم لەکار هەڵگرت و چوومە لادێی قادرکەرەم بۆ کاسبی و ئاژەڵ بەخێوکردن. لە بەرواری (١٩٨٣/١٠/١) هەژمار کرام بە (مستقل) دەس لەکار کێشاوە، دانیشتم هەتا بەرەی کوردستانی رێکەوتن و پێشمەرگە و کادیری لایەنەکان بە گشتی هاتنە خوارەوە و گەیشتنەوە گەرمیان، پەیوەندیم کرد بە لقی ٣ پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و بووم بە پێشمەرگە هەتا شاڵاوی ئەنفال (١٩٨٨) هات بەسەردا و لەگەڵ منداڵەکاندا بووین بە ئاوارە و گەیشتینە رۆژهەڵاتی کوردستان لە (سنە) دانیشتین هەتا راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی (١٩٩١).

شێخ یەحیا بەرزنجی

## بنەماڵەی مستەفا وسو/ سەرتەوسی



**لە١٩٥٣ لەدایک بووە**

لە پاییز ١٩٧٦لە ئێران لە سنووری خانەقین لەگەل چەندین خێزانی کوردی ئاوارەی ئێران گەڕاینەوە ئەو خەڵکانەیان گواستەوە بۆ قەزای هیت لەوێش بۆ بەغدادیە هەر چۆنێک بوو شوێنیان بۆ تەرخان کردین لە سەرەتا زۆر ناخۆش بوو وایان دەزانی کورد کلک وگوێیان هەیە بە لام دووایی خەلکی ناو چەکە هاوکاری باشیان کردین زۆر باش بوون کوردی دوورخراوەی زۆر لێ بوو لە سنووری پارێزگای رەمادی بە بۆنەی نەورۆز ئاهەنگێکی قەشەنگمان ساز کرد هەندێ لە عەرەبەکان وایان دەزانی ئەوە ئاگر پەرستنە کە بۆیان رون بۆوە ئەوە بۆنەیەکی خۆشی کوردە ئەوانیش بەشداریان دەکرد

**لە سالی ١٩٧٧ گەڕاینەوە شاری رواندز ئەو کوردانەی کە لە رەمادی بوون هەندێکیان ئەوانە :**

شیرکۆ بێکەسی شاعیری ناودار، حسن رمەزان رواندزی، ئازاد جوندیانی، سلاح دزەیی، وشیار کمال رواندزی، کە خەریتەی کوردستانی لەوێ دروست کرد بوو لەسەر ئەمە دەستبەسەر کرا دوایش ئازادکرا

# تۆفیق کەریم صادق ( حاکم تۆفیق )
# ١٩٤٦

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٧٥ بە ماڵ و منداڵەوە ئاوارەی ئێران بووین نیازم نەبوو جارێکی دیکە بگەڕێمەوە کوردستان بەڵام لەبەر ئەوەی برا گەورەم هات بۆ لامان لە ئێران و ڕازی کردین بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە ئیتر لە ١٩٧٥/٥ بە ماڵ و منداڵەوە لە ڕێگای حاجی ئۆمەران گەڕاینەوە کوردستان بەڵام دوای سێ مانگ لە ساڵی ١٩٧٥/٨ بڕیاری گواستنەوەم بۆ باشووری عێراق بۆ شاری کەربەلا وەک نووسەر لە ئەنجوومەنی شارەوانی کەربەلا دەرچوو ,ئیتر ڕۆژانە لەگەڵ برادەران یەکترمان دەناسی لە وانە کاک نعمت عبداالله و ملازم شێرزاد جبرائیل و دلێر احمد مجید و کاک صادق و ملازم نزار رحمەالله و ملازم نصرالدین و دکتۆر سعدی و چەندین کەسانی تریش کە ناوەکانیانم لە بیر نەماوە , وە خەڵکی شاری کەربەلا بەرامبەر بە ئێمەی کورد زۆر باش بوون و تەعاتەفێکی باشیان هەبوو لەگەڵمان و پاشان ئێمە و چەند برادەرێک ڕێکەوتین کەبەیەکەوە شوقەیەک بەکرێ بگرین لەوانە کاک نعمت عبدالله و ملازم شێرزاد و ملازم دلێر احمد مجید و کاک صادق شوقەیەکمان لە گەڕەکی عەباسیەی غەربی بە کرێ گرت , لەم ماوەیەدا بەڕاستی یادگاری زۆر خۆش و ناخۆشمان لەگەڵ یەکتری هەیە بەڵام ناخۆشترینیان ئەو ڕۆژە بوو کە کاک نعمت لە لایەن دائرەی ئەمنی کەربەلا دەستگیرکرا بەڕاستی بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو وە زۆریش ترسمان هەبوو کە ئێمەش دەستگیر بکرێین چونکە ڕژێمی ئەوکات بەردەوام چاودێری دەکردین کە نەوەکو دووبارە پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەینەوە , لە ساڵی ١٩٧٨ حکومەتی عێراق دەستی کرد بە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی خۆیان دوای سێ ساڵ لە نیشتەجێبوونم لە شاری کەربەلا بڕیاری گواستنەوەم بۆ شاری هەولێر دەرچوو لە شارەوانی هەولێر دەست بەکاربووم و دووبارە گواسترامەوە بۆ کشتوکاڵی هەولێر وە لە ساڵی ١٩٨٦ دووبارە پەیوەندیم بە شۆڕشی گوڵان کردەوە و بوومەوە پێشمەرگە و لەپاشان وەک دادوەری شۆڕشی گوڵان دەست بەکاربووم.

# محسن عزيز حمد ( محسن حاجی )

لەبەرواری (١٠-١١/٣/١٩٧٤ ) پەیوەندیم بەشۆرشی ئەیلول لە سماقولی کرد. لەبەرواری (١/٧/١٩٧٤) ئاگادار کرامەوە لەرێگای بەرێز کاک (خورشید شێرە) کەوا گوازرامەوە بۆ مەکتەبی عەسکەری لەناوپردان لەسەر فەرمانی کاک (ئیدریس بارزانی) هەمیشە زیندو و کاک (عبدالوهاب ئەتروشی) و مقدم (شێخ محمد شێخ رشید).

کرام بە لێپرسراوی رێکخراوی مەکتەبی عەسکەری لەگەڵ بەرێز (دلاوەر مەلا فتح الله کۆیی) بەتەنیا یان پێکەوە هەردوکمان لێپرسراوی رێکخراو بووین. ئەو کات ئەندامانی رێکخراو پێک هاتبوو لە (مقدم یوسف میران) وە (مقدم محمد شێخ رشید) وە (رائد عزیز رواندوزی) وە (فریق نوری کەلەشێر) وە (عقدی شوکت مەلا سمایل) وە (رفعت عبدالله ناسراو بە رێبان) وە (عمید ولید شێخ مظفر) وە (نقیب غازی خورانی) وە (عقید حسین بامرنی) وە (دکتۆر خالد کۆیی) وە (اسماعیل عارف).

لێپرسراوی بەشی ئازوقەی شۆرش بووم، ئەندامی لێژنەی مالی بووم لەگەڵ بەرێز علی عبداللە، ئەندامی لیژنەی کرین بووم لەگەڵ شمس الدین مفتی، هەر هەموو ئەندامانی رێکخرای مەکتەبی عەسکەری کە ناویان لەسەروە هاتووە- ئەندامی مەکتەبی عەسکەری/ فخری بوون لەگەل بەرێز (کاک عبدالوهاب ئەتروشی).

لە ٢٣/٣/١٩٧٥ لەرێگای قەسرشیرین وە خسرویە وە منزریە لە خانەقین

تەسلیم بوومەوە ئەوانە لەگەڵ من بوون (وریا معروف- نقیب غازی خورانی - مقدم محمد شیخ رشید- ئیسماعیل یابا- رمزی وەلی- فاروق سەید حەسەن). هەر ئەو رۆژە ئێمەیان برد بۆ پارێزگای دیالی لەپاشان منیان نارد بۆ دیوانیە. لەبەرواری ١٩٧٥/٧/١ منیان نارد بۆ پارێزگای رمادی- لەوێ (٥) ساڵ مامەوە وەکو فەرمانبەر بەناونیشانی یاریدەردەری بەرێوەبەری خزینەی رمادی.

ئەوانەی لەرمادی لەگەڵ من بوون (علی رسول- بارزان ملا خالد - جمال مرقوس- فوزی رشید نامیق- دکتۆر نوزاد صالح رفعت کاکەیی- مامۆستا (عمر دبابە)- سیدکاکە- اسماعیل یابا- کاک ازاد وهاب اغا جوندیانی. لەبەرواری (١٩٧٩/١٠/١) نقل بوینەوە بۆ هەولێر بۆ خزینەی هەولێر. لە بەرواری (١٩٩٠/١/١) خانەنشین بووم.

بۆ زانین// ئێمە نفی کرابوین بۆ مردن، بەڵام بەگەورەیی خوا لەبەرواری (١٩٧٩/٦/١٠) برادەرانی پێشمەرگە (٥) خەبیری نەوەویان لەقەرەچوغ لەگەل (١٢) حمایە گرتیان وە بردیان بۆ لای خۆیان. ئەوانە هاتبوون بۆ بیجی بۆ دانانی نەوەوی، لەسەر کفالەتی (احمد حسن بکر) هەردوو بەرێزان کاک (ئیدریس بارزانی) وە (مام جلال تالەبانی) لەگەڵ بەغداد کەوتنە گفتوگۆ گوتیان ئەوانە بەرنادەین تاکو ئەوانەی (نفی) کراون بۆ خوارووی عیراق نەگەرێنەوە، ئەوەبوو ئێمە هاتینەوە. لەدوای راپەرین نەگەرامەوە بۆ کاری وەزیفی وە خەریکی کاسبیم.

# سادق حاجی جەوهەر حاجی حەسەن
# ناسراو بە سادق ڕواندزی



((لە ڕواندزەوە بۆ ڕواندز))

لە شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٧٤ لە ڕواندزئاوارە بووین و لە ماڵی باپیرمان (حاجی حەسەن) لە گوندی گەرەوانی گیرساینەوە، ئەو کاتە پۆلی سێی سەرەتایی بووم باش بەبیرم دێ سەبورەمان بەدارگوێزێک هەڵدەواسی مامۆستا بە بەردی سپی لەسەر سەبورەی دەنوسی چونکە تەباشیر زۆر کەم ودەست نە ئەکەوت جار جارلە هیکڕا فڕۆکەی جەنگی عێراق دەهات بۆ بۆردمان کردنی دێهاتەکات وئێمەش لەترسی فڕۆکە وانەمان جێدەهێشت و لە بن بەردو داری گەڵی گوندی گەرەوانی سەرو خۆمان دەشاردەوە ، ماڵی ئێمەو چەند خزمێکی تر کە ئەوانیش هەر ئاوارە بوون لە ئەشکەوتێک جێگای خۆمان کردبوەوە زۆربەمان مام وخاڵ وبراوبابمان پێشمەرگە بوون و زۆربەی شەوان گوێمان لە (ڕادیۆی دەنگی کوردستان) ڕادەگرت بۆ زانینی هەواڵی پێشمەرگە.

لە ١٤ /١١/١٩٧٤ باوکم (حاجی جەوهەر حاجی حەسەن) لەگەڵ هەندێ خزمی تر بڕیاریان دا بەرەو ئێران بڕۆن و بۆ جاری دووەم ئاوارە بووینەوە ئەوەبوو بەسواری کەرو هێستر بەرەو سنووری ئێران بەڕێ کەوتین

پاش چەند ڕۆژێک گەیشتینە سنووری حاجی ئۆمەران ، سەرماو سۆڵ لەو جێگایە کەری ئەتۆپاند شەوانە بەفر دەباری سایەقە تەنگی پێهەڵچنین هۆکانی خۆ گەرم کردنەوە زۆر کەم بوون زۆربەی جار لەبەر ئاگرێک بە کۆمەڵ خۆمان گەرم ئەکردەوە، شەوێک لەشەوان بەفرێکی زۆر باری وای لێهات خێوەت بەسەر سەری خێزانەکان نخون دەبوەوە و دیمەنی وا جەرگبڕ تەنها لە فلیمی سینەمایی بینراوە هێزەکانی پێشمەرگەو خەڵکی ئەو ناوچەیە بەهاوارمان هاتن و بەناچاری ئێمەیان گەیاندە مزگەوتەکانی حاجی ئۆمەران بایەکی وا بەهێزی لێدەهات ئەگەر دەستی منداڵی بچوکیان نەگرتبا ڕەشەبا ئەی برد کاتێ گەیشتینە مزگەوت بەجلی تەڕو گریانی ژن ومنداڵ، مزگەوت پڕبوو لەو پێشمەرگانەی بۆ ئیجازە هاتبوونەوەو وەیلاک و شکەت بوون بەشێوەی تۆپەڵە هەر یەک سەریان بەسەر ئەژنۆو سنگی ئەوی تردا کردبوو ، بەبیرم دێ یەک دوو پێشمەرگە کە دیاربوو بەرپرسی ئەو پێشمەرگانە بوون کردیانە هاتوهاوار بەسەر پێشمەرگەکان گوتیان: هەڵسن خۆتان لە کونجی مزگەوت خڕبکەنەوە جێگای ئەو ماڵ ومنداڵانە بکەن ئەو شەوەمان لەوێ نازانم کردە ڕۆژ، بۆ ڕۆژی دوایی ئێمەیان گەڕاندەوە هەمان شوێن سەر سنووری ئێران بۆ ئەوەی ناو دیوی ئێران بین.

لەمێژووی ١٩٧٤/١١/٢٦ ئاودیوی ئێران بووین لە خانێ چەند شەوێک لە هۆڵێکی گەورەماینەوە، دوایی چووینە شاری (مەراغە) شەوێکیش لەوێ ماینەوە دوایی بەشەمەندەفەڕ کەیەکەم جار بوو ببینین ئێمەیان بە شارەکانی ئێراندا تێپەڕاند لەوانە (تاران) ی پایتەخت نەمان دەزانی دەمان بەنە کوێ، ئێمەیان بردە شاری (ئەهواز) ئۆردوگای (سەبزاب) کە لەسنووری کوێت زۆر نزیک بوو شورەی سنوری نێوان (ئێران) و (کوێت) مان دەبینی. ڕۆژی ١٩٧٤/١٢/١ جارێکی تر بەم وەزعە شوڕە ئێمەیان گواستەوە ئۆردوگای (خرم ئاباد) کە٣٠٧کم لە ئۆردوگای سەبزاب دوور بوو.

لە مێژووی ١٩٧٥/١٠/١٤ پاش ئەوەی شۆڕشی ئەیلول توشی نسکۆ بوو وەفدی ئێراق بە ئۆردوگاکاندا دەگەڕاو داوای لە خەڵک دەکرد بگەڕێنەوەو حکومەتی ئێراق لێبوردنی دەرکردووە، هەندێ خەڵک گەڕانەوەو هەندێکیشیان لەوێ مانەوە ئێمەو چەند ماڵە خزمێک لەگەڵ باوکی ڕەحمەتیم بڕیارياندا بگەڕێنەوە لەبەر دەردەسەری ژیانی خێوەت نشینی و بەکەم تەماشەکردنی کورد، ئەوەبوو بە

سواری بارهەڵگر ئێمەیان لەسنوور خانەقین داخلی ئێراق کرد لە بیابانێک فرێیاندایـن سـەگ بەسـەگایەتی خۆی لـەوێ نەدەحەوایەوە ڕەشـباکەی پڕ لەتۆزو خـۆڵ بـوو ئـاوی گەرمـی تانکی قوڕگمانـی بریـندار کردبـوو نەمـان دەوێـرا دەم وچاومـان بشـۆین هەمـووی بـە ڕومانـدا دەبـووە یـەک پارچـە قـوڕ، نازانـم لـەوێ چـۆن شـەومان دەکـردە ڕۆژ دۆزەخمـان بەچاوی خۆمان دیت، پـاش چەند ڕۆژێک ئێمەیـان لـەوێ گوسـتەوە ناحیـەی (غەمـاس) کـە سـەربە پارێـزگای دیوانیـە بوو لەوێش لە گۆڕەپانێک فرێیاندایـن شەیتان زگی پێدەسوتاین خەڵکی ئەوێ بەخێری خۆیـان نـان وئاویـان بـۆ دەهێنایـن و جـار جـار بەناچـاری خورمامـان دەخـوارد.

چەنـد ڕۆژێکمـان لـەو مەیدانـە بەسـەربرد، دوایـی ئێمەیان بەسـەر گوندەکانی ئـەو ناوچەیـە دابـەش کـرد ئێمـەو چەنـد ماڵـە خزمێـک کەوتینە گونـدی (حاوی) کـە خەڵکەکـەی لەسـەردەمی چاخـی بەردیـن دەچـوو زۆر دواکەوتـوو بـون، تەنانـەت پێڵاوەنەعلیشـیان لەپـێ نەبـوو هەموویـا خواردنیـان بـە گـرام دەکـڕی ، هـەر ماڵێکیـان لەبـن حەسیرێک دەژیـان، ماڵەکانـی ئێمەیان دابـەش کـرد وبەبـێ خواسـتی خۆمـان لەیەکتریـان دوور خسـتەوە هەرماڵێـک نزیکـەی دوو سـێ کیلۆمەتـر لـە ماڵەکـەی تـر دوور بـوو بـۆ سـەردانی کردنـی شـار دەبوایـە ئیجـازە وەربگریـن، بەبیـرم دێ چەنـد ڕۆژێـک پیاوەکانمـان پستەپسـتیان لەگـەڵ یەکتـری دەکـردو ترسـیان پێـوە دیـار بـوو دوا یـی ئـەو پسـتە پسـتە ئاشـکرا بوو چیتـر نەشـاردرایەوە، بەشـەو کـە دەچوونـە لای خێزانـی خۆیـان لـە پیاوەتـی کەوتبـوون چونکـە هەمـوو ئەوانـەی تەمەنیـان لەسـەرووی هـەژدە سـاڵیدا بـوو بـەزۆر حەبێکیـان دەدانـێ کـە گوایـە حەبـی هـەوا گۆڕکێیە بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە حەبـی نەمێـردی بـوو کـە پیـاوەکان بـەم کارەیـان زانی لەبەینی خۆیـان ڕێکەوتن کـە حەبـەکان وەربگـرن بـەڵام بـە دزی وبەبـێ دەنگـی نەیخـۆن وفڕێـی بـدەن.

ئیـدی تـەواو هـەر ماڵـەو یـەک دووحەسیریان بـۆ لەسـەر دارێـک دانابوویـن ژێریشـمان خـۆڵ بـوو ئێـرە بـووە ماڵمـان، زیاتـر لەسـاڵ و نیوێک لـەوێ ماینەوە، هەندێکمـان قوتابـی بوویـن چوویـنـەوە بـەر خوێنـدن ڕێـگـای سـەعاتێکمان بـە پایسـکل دەبـڕی تـا دەگەیشـتینە قوتابخانـە لـە ناحیـەی (غەمـاس).

لەبەر سەختی باری ژیان و گوزەران ناچار بووین زۆربەی گەنجەکانمان دەچوونە ناحیەی غماس لەوێ لەچایخانە وکەبابخانەو فرنی شوێنی ترکاریان دەکرد بە پارەیەکی کەم

لە ١٩٧٧/٤/٦ حکومەتی عێراق بڕیاری دا بمان گێڕیتەوە کوردستان ئەوەبوو ماڵ و نەفەریان پێکەوە وەکو مەڕ وبزن لە لۆری بارکردوو بەرەو کوردستان وشاری ڕواندزگەڕاینەوە لەوێش هاتینەوە سەر کەلاوەی خانووی ڕوخاو هەرچۆنێک بێت نان وبەرد بخۆی لە غەریبی خۆشترە.

## دلاوەر محەمەد عەلی ئاغا



ناوی تەواو: دلاوەر محەمەد عەلی ئاغا.

ناوی نهێنی: سۆران.

ساڵی لەدایک بوون:١٩٣٩.

پلەی خوێندەواری: دەرچووی خانەی مامۆستایان.

خەلکی شاری رواندز/ جوندیان.

ساڵی ١٩٦٢-١٩٦٣ بووە بە پێشمەرگە.

زیندانیی سیاسیی کراوە لە ساڵی ١٩٦٣ لە رواندز هەروەها لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ ماوەیەکی کورت لە هەر لە شاری رواندز.

لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر لە دایک بووە هەر لە تەمەنی منداڵی خۆشەویستی کورد و کوردستان و بارزانی نەمر لە دڵ و دەروونی کەلەکە بوو و جێگای خۆی کردووەتەوە، پەیوەندیی راستەوخۆ لەگەل جەنابی بارزانی نەمر و بارزانییەکان هەبووە.

ساڵی ١٩٥٤ بوو بە ئەندامی (ی. م. ک).

لە ساڵی ١٩٥٦-١٩٥٧ شەرەفی ئەندامییەتی پارتی وەرگرتووە.

ساڵی ١٩٦٢ بوو بە پێشمەرگە و بووە بە جێگری سەر لق لە قوەتی وەهاب اغا.

لە ساڵی ١٩٧٠ تاکو ١٩٧٥ بوو بە بەرپرسی مامۆستایانی کوردستان لە رواندز.

لە ساڵی ١٩٧٥ دوورخراوەتەوە و لە ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە.

دوای نسکۆی شۆرشی ئەیلوول بۆ ماوەی ٤ ساڵ دوورخراوەتەوە بۆ خوارووی عێراق (قادسیە) لەگەل کۆمەڵێک خەڵکی شۆرشگێر لەوانە (وشیار حیدر و حسێن حمد رەق و سمکۆ محمد سالح و چەندانی تر) بە شیوەیەکی گشتی خەلکی پارێزگای دیوانییە (قادسیە) مامەلەیان لەگەل ئێمە باش بوو، سەرەتا مامۆستا دلاوەر وەکو کرێکاری دار چاندن ژیانی گوزەر کردووە دواتر دوای ماندووبوونێکی زۆر کراوە بە مامۆستا.

# ئیدریس شەریف ڕەسول

لە ساڵی ١٩٣٣ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکرات دەکات و لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە مەخفەرێکی ناوچەی (ڕێزان) دەبێ و دەیانەوێ پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن، لە ڕێگا دەگیرێن و دواتر لە بەندیخانەی (نوگرە سەلمان) تا ساڵی ١٩٦٢ بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێت، دوای بەیانی ١١ی ئازار دەگەڕێتەوە سەر کاری پۆلیسی تا ١٩٧٤ دەبێ بە پێشمەرگە.

دوای نسکۆ لە ساڵی ١٩٧٥ دورخراوەتەوە بۆ شاردەدێی ئەلبدێر لە شارۆچکەی حەفەگ لە شاری دیوانیە. دواتر بە بڕیارێک لە پۆلیسی لایان دەدەن و بۆفەرمانگەی مەدەنی، دەگوازرێتەوە فەرمانگەی کشتوکاڵ لە دیوانیە تا ساڵی ١٩٧٨ و دواتر ڕێگەیان دەدەن بگەڕێنەوە کوردستان. تا ساڵی ١٩٨٢ لە فەرمانگەی کشتوکاڵی هەولێر وەک کارمەند دەوام دەکات، لە دورخستنەوەکە تەنها باوکم دوورخرابۆوە ئێمە وەک منداڵەکانی و خێزان لە هەولێر بووین، دوای ئەوە بە نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات.

عەبدولواحید ئیدریس

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
رئاسة المنطقة الزراعية لمحافظة القادسية
مديرية الشؤون الادارية والمالية
الذاتية

العدد/ ج/ ٧٨٦/ ٢٢٦٥٩
التاريخ ٢٧/ ١١/ ١٩٧٦

امر اداري

تنفيذا للامر الاداري المرقم ١٦٨٤ في ٢٧/ ١١/ ٩٧٦ الصادر من محافظة القادسية/ التحرير والتفتيش تعيين مراتب الشرطة والمستاره من الاكراد العائدين والمسرحين من الخدمة بهذه الرئاسة بصفة عمال .

يعين العمال المدرجة اسماؤهم ادناه وحسب العناوين ومقر العمل والتخصيصات المؤشرة ازاء اسم كل منهم بأجرة قدرها دينار واحد بصورة دائمية مع دوام خطة التنمية القومية .

| الاسم | العنوان | مقر العمل | التخصيصات |
|---|---|---|---|
| محمد فريد عبد الرحمن | كاتب | الرئاسة | الارشاد |
| خلف درويش ميرزا | - | فرع المنطقة الزراعية في عفك | - |
| رشاد محي الدين حمه | عامل | فرع التلقيح الاصطناعي في الشامية | - |
| جلال قادر احمد | كاتب | فرع المنطقة الزراعية لقضاء المركز | - |
| أحمد علي حسن | كهربائي | شعبة الآليات | - |
| محمد احمد ابراهيم | فراش | قسم الهستنة والمشاتل | - |
| ادريس شريف رسول | - | الرئاسة | - |
| محمد علي ابوبكر | - | فرع المنطقة الزراعية في عفك | - |
| محمد امين محمد | عامل | فرع التلقيح الاصطناعي في عفك | - |
| نوري فرج كريم | - | المستوصف البيطري في الشامية | - |
| رحمن قادر محمد | - | فرع المنطقة الزراعية في الشامية | - |
| عبد الكريم حمه علي | سائق ساحبة | قسم الهستنة والمشاتل | - |
| علي مصطفى محمود | فراش | المستوصف البيطري في المهناويه | - |
| رشيد مصطفى درويش | - | دائرة المنطقة الزراعية في المهناوية | - |
| محمود حمه مولود | - | الرئاسة | - |
| حسين حمه رش صوفي | عامل مخزن | شعبة المخازن | - |
| عبد الله كريم عبد الله | فراش | الرئاسة | - |
| محمد اسماعيل مولود | - | مركز التلقيح الاصطناعي | - |
| احمد عبد الله محمد | عامل مخزن | شعبة المخازن | - |
| نجم الدين علي جاسم | فراش | المستشفى البيطري في القادسية | - |
| جبار صديق محمود | عامل مخزن | شعبة المخازن | التعاون |
| احمد عزيز مصطفى | فراش | الرئاسة | - |
| مسعود رشيد سلمان | - | دائرة المنطقة الزراعية في الشافعية | - |
| شريف محمود محمد | - | الرئاسة | - |
| محمد حمزه احمد | - | - | - |
| جبار اسماعيل خورشيد | عامل | دائرة المنطقة الزراعية في الشافعية | - |
| محمود محمد محيي الدين | سائق بلدوزر | قسم المكننة الزراعية | - |
| رشيد عبد الله حمه شريف | فراش | مديرية المستشفى البيطري | - |

رئيس المنطقة الزراعية

نسخة منه الى / محافظة القادسية/ التحرير/ () مديرية امن القادسية
مديرية الارشاد الزراعي العامة () مديرية التعاون الزراعي العامة () مديرية البيطرة العامة
مديرية المستشفى البيطري التابعة للرئاسة () مركز التلقيح الاصطناعي في القادسية ()
فرع المنطقة الزراعية في عفك / الشامية / المركز () دائرة المنطقة الزراعية في المهناويه / الشافعية
فرع التلقيح الاصطناعي في عفك / المهناويه () المستوصف البيطري في الشامية / المهناويه
[illegible] / الآليات

الجمهورية العراقية — بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة المنطقة الزراعية لمحافظة القادسية

مديرية الادارة وشؤون الافراد

الافراد

العدد ج/ ٣٦٨ — ٢٠٧٩١

التاريخ ٢٧/٨/١٩٧٨

الى / وزارة الزراعة والاصلاح الزراعي / الديوان / الذاتية

م / نقل عمال

نرفق لكم طيا الطلبات المقدمة من قبل العمال الاكراد المعينين على ملاك هذه الرئاسة والذين يرغبون فيها النقل من ملاكنا الى ملاك رئاسات المناطق المؤشرة ازاء كل منهم للتفضل بالاطلاع وامركم حول نقل المومأ اليهم علما باننا لامانع لدينا من نقل خدماتهم واعلامنا لطفا

| الاســــم | المنطقة الزراعيـــة |
|---|---|
| ١- اسعد حسين محمد | رئاسة المنطقة الزراعية في اربيـــل |
| ٢- احمد حسن خضر | - - - - |
| ٣- احمد عبد الله محمد | - - - - |
| ٤- علي رشيد اسماعيل | - - - - |
| ٥- عبد الكريم موسى عزيز | - - - - |
| ٦- صلاح الدين سعد الدين | - - - - |
| ٧- جابر خدر كريم | - - - - |
| ٨- محمد كريم ياسين | - - - - |
| ٩- ادريس شريف رسول | - - - - |
| ١٠- سعيد محي الدين حسن | رئاسة المنطقـــة الزراعية في السليمانية |
| ١١- عمر حمه احمد | - - - - |
| ١٢- محمد محمد ابراهيم | - - - - |
| ١٣- محمود حمه مولود | - - - - |
| ١٤- نجم الدين علي جاسم | - - - - |
| ١٥- شريف محمود محمد | - - - - |
| ١٦- احمد صابر رشيد | - - - - |
| ١٧- حسين حسن عبد القيس | - - - - |
| ١٨- عبد الله كاكه حمه حسين | - - - - |
| ١٩- قادر احمد عبد الرحمن | - - - في بغداد |
| ٢٠- سامند جليل محمد | - - - في اربيـــل |
| ٢١- حاجي ميرزا مصطفى | - - - دهوك |
| ٢٢- حنا ريشو حنا | - - - السليمانية |
| ٢٣- عبد الرحمن احمد رشيد | - - - [illegible] |
| ٢٣- عبد الكريم حمه علي | - - - [illegible] |
| ٢٤- طه ابراهيم باير | - - - اربيل |

[illegible]

رئيس المنطقة الزراعية

نسخة منه الى /

محافظة القادسية — لجنة الاكراد [illegible]

رئاسات المناطق الزراعية في بغداد / اربيل / السليمانية

مديرية امن القادسية ( ) الاضبارة الشخصية ( ) الافراد — بريده ( ) المومأ اليهم

الجمهورية العراقية

[[ من لا يبذل الجهد الزراعي عليه لا يحصل على الإنتاج ]]

الامانه العامه لادارة الزراعه والاصلاح الزراعي
رئاسة العدالة الزراعيه لمحافظة اربيل
مديرية الادارة وشؤون الاقتصاد
الافراد / العمال

العدد / ٦/٦/٦/ب/ ٧٩٠٢
التاريخ / ٧ /٣/ ١٩٧٦

أمـــــــــر اداري

تنفيذا لكتاب مجلس قيادة الثورة /اللجنه العليا لشؤون الشمال (سري وشخصي) المرقم ١٠/١٠/٦٤ في ١٦/١١/١٩٧٨ المبلغ الينا بكتاب وزارة الزراعه والاصلاح الزراعي / الذاتيه (سري وشخصي) المرقم ٢٨٤٥ في ٢٧/١١/١٩٧٨ تقرر:
تخفيض الاجوره اليوميه للسادة العمال المدرجه اسمائهم ادناه المعينين في دوائر هذه الرئاسه الى الاجوره اليوميه المؤشرة ازاءهم واعتبارا من تاريخ مباشرتهم بالعمل على ان يعاد الى ماكانو عليه في هذه الرئاسه المعين بها امام ...

| | الاسم الكامل | الاجوره الحاليه ف / د | الاجوره بعد التخفيض ف / د | تاريخ المباشرة |
|---|---|---|---|---|
| ١) | احمد حسين محمد | ١,٦٣٢ | ١,١٣٢ | ١٩٧٦/٤/١٢ |
| ٢) | ادريس شريف رسول | ١,٦٣٢ | ١,١٣٢ | ١٩٧٦/٤/١١ |
| ٣) | مجاهد جليل محمد | ١,٦٣٢ | ١,١٣٢ | ١٩٧٦/٩/٧ |
| ٤) | عبد الكريم موسى عزيز | ١,٦٣٢ | ١,١٣٢ | ١٩٧٦/٤/٧ |
| ٥) | محمد كريم طه | ١,٥٦٦ | ١,٠٦٦ | ١٩٧٦/٦/٤ |
| ٦) | صابر خالد كريم | ١,٦٣٢ | ١,١٣٢ | ١٩٧٦/٤/٧ |
| ٧) | احمد عبد الله محمد | ١,٦٣٢ | ١,١٣٢ | ١٩٧٦/٤/٧ |
| ٨) | احمد حسين خضر | ١,٦٣٢ | ١,١٣٢ | ١٩٧٦/٦/٤ |

رئيس العدالة الزراعيه
مظهر مصطفى احمد

صورة منه الى /
وزارة الزراعه والاصلاح الزراعي /الذاتيه /كتابكم السري المشار اليه اعلاه للتفضل بالعلم مع التقدير
الامانه العامه لادارة الزراعه والاصلاح الزراعي /الذاتيه /للتفضل بالعلم لطفا
محافظة اربيل /الافراد /كتابكم السري المرقم ٤٦٧٥ في ٩/١٢/١٩٧٨ للعلم لطفا
نقابة العمال الزراعيين في اربيل
مديرية الحسابات
الحديقة العامة
الاجور /ع /لاجراء اللازم

## ئازاد جندیانی



**بەرەوئەوێ، بەرەو نادیار**

**شۆک**

ڕێککەوتنی شوومی جەزائیر (ئاداری ١٩٧٥) و بەخێرایی دەرکەوتنی ئامارژەو دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی بەسەر شۆڕشەوە و هاوکات گوتاری دەستهەڵگرتن لە خەباتی چەکداری و شۆڕش باڵی بەسەر پێشمەرگە و بەسەر تەواوی خەڵکی کوردستاندا کێشا، بەتایبەت ئەو سەردەمە، واتا ساڵی (١٩٧٤) کە ڕژێمی بەعس بەگرتنەبەری سیاسەتێکی یەکلایەنە و سەپاندنی دیدی خۆی لەبارەی بابەتی ئۆتۆنۆمی دەرفەتێکی بۆ ڕێککەوتن نەهێشتەوە. ڕێککەوتنی جەزائیر و پەلەپەلی ئێرانی شاهنشاهی بۆ جێ بەجێکردنی ڕێککەوتنەکە و هاوکات نەهێشتنەوەی هیچ دەرفەتێک بۆ پێداچوونەوەو ئامادەکارییێک بۆ قۆناخی دوای جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە، شۆڕش و سەرکردایەتیەکەی و هەروەها هەزاران فەرماندەو پێشمەرگەو ڕووناکبیر و هاووڵاتی کوردستان، کە لەبەرەی شۆڕشدابوون تووشی شۆکێکی گەورەبوونەوە، بەتایبەت کە هەوڵی درێژەدان و بەردەوام بوون لەسەرشۆڕش، بە ئەنجامێکی کردەیی نەگەیشت، هەربۆیە ئەوهەزاران کوردە (کەمێکیش عەرەب و تورکمان و مەسیحیشی تیابوو) تەنیا دوو ڕێگەی خێرایان لەبەردەمدا مایەوە، یان خۆیان تەسلیم بە عیراق بکەنەوە، یاخۆ خۆیان تەسلیم بە دەوڵەتی شاهنشاهی، کەئەو وەختە ژمارەیەکی یەکجار زۆری هاووڵاتیان و خاوخێزانی سەرکردە و فەرماندە و بەرپرسانی کارگێڕی دامەزراوەکانی شۆڕش و پێشمەرگە هەر لەسەرەتای دەستپێکردنەوەی گەڕێکی تری هێرشی دەوڵەتی عیراق، بەتایبەت هێرشی هێزە ئاسمانیەکانی بۆ سەر شار و شارۆچکە و گوند و ئاوەدانییەکانی کوردستان،

هەروەها کردنەوەی سنوورەکانی ئێران بەڕووی ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەو هاووڵاتیانی تریش تا ئاودیوی ئێران بن (هەموو سنوورەکان لەنێوان باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابوون ).ئێمەش وابزانم لەکۆتایی بەهار ۱۹۷٤ د بڕیارماندا هەمووخاوخێزانی خۆمان و بەشێکی زۆری خزمانیشمان ئاودیوی ئێران بین. لەسەرەتای دەستپکردنەوەی گەڕی نوێی شەڕەکان، ماڵمان لە باڵەکایەتی، گوندی (ڕەشدوور) بوو. دواتر هێزی ئاسمانی عیراق قورسایی بۆردوومانی بەردەوامی خۆی بەتایبەت خستبووە سەر ئەوناوچەیە چونکە هەم بارەگای بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتی و مەکتەبی سەربازی شۆڕش و دامەزراوە کارگێڕییەکانی کە بە (ئەمانەتی گشتی) ناونرابوون بەنموونە (ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری) و (ئەمانەتی گشتی پەروەردەو فێکردن) و هتد... لەو ناوچەیە بوون . بۆیە بەڕۆژ و بەشەویش لەژێر بۆردومانی فڕۆکە شەڕکەر و بۆمب هاوێژەکانی دروستکراوی سۆڤیەت دابوون، بۆیە هاووڵاتیانی ئاسایی هەراسان ببوون و هاوکات گوندو ڕەز و باخ پرد و ڕێگەوبانەکان و هاتووچۆش کەوتبوونە بەرئەوهێرشانەی هێزی ئاسمانی عراق، بەجۆرێک کە دەرفەتی کارکردنی جووتیارانیش بۆ چاندن و بەخێوکردنی ڕەز و باخ و مەڕ و بزن و ماڵاتیش زۆر وەزەحمەت کەوتبوو و ببووە مەترسی، هەڵبەت ئیدی قوتابخانە و کۆلێژو خوێندنیش بەهەموو جۆرەکانیەوە، بەخوێندنی حوجرەکانیشەوە ڕاگیران، بۆیە لەپاڵ مەترسیەکان دەرفەت ڕەخساندنیش بۆ خوێندن لە ئۆردگاکانی ئاوەرەیی لە دیوی ئێراند ڕەخساو ئەمەش هۆکارێکی تر بوو کە ئیدی خەڵکی بەلێشاو بەرەو سەرسنوور و خاڵەکانی سنووری نێوان کوردستان و ئێران بەڕێکەوتن. لێرەدا هەرئامازیەک بەوەش ئەدەم کە ئەگەر کردنەوەی ئۆردوگاکان و لەوێش ڕۆڵی دامەزراوەی (شێروخورشید)ی دەوڵەتی ئێران نەبووایە (ئەم دامەزراوەیە، وەکو دەزگاکانی مانگی سووری وڵاتانی عەرەب و موسڵمان بوو) شۆڕش نەیئەتوانی ئەو هەزاران هەزار خێزانانەش بەخێوبکا و نان بدا .

پەڕینەوە ئەودیو

بە ووردەکارییەوە بیرم نیە چ ڕۆژ و مانگێک ئێمەش لەسنووری حاجی ئۆمەرانەوە چووینە ئێران و لە ئۆردوگای ( زێوەی مەرگەوەڕ) لەناو خێوەتگایەکی زۆرفراواندا، دوای هەندێ ڕێوشوێنی کارگێڕی نیشتەجێ کراین. ئەو سەردەمە ماڵی ئێمە، کە هەر بەماڵی (وهاباغا) ناوئەبرا بریتی بووین لە دوو دایک وپێنج براو دووخوشک، چونکە لە (٦ /٢ /١٩٧٢)ەوە باوکمان کۆچی دوایی کردبوو، هەروەها سێ خوشکیشم لەکۆی پێنج کچاندا شوویان

کردبوو، ئیتر ئەوان لەو ئاوارەبوونەدا لەگەڵ ماڵ ومێردی خۆیان بوون و تەنیا ماڵی گەلاوێژی خوشکم کە خێزانی کاک قادرحەقی بوو ئێمەیان بەجێ نەدەهێشت و بۆیە لەگەڵ ئێمەدا ئاودیوبوون و پێکەوە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خزم و هاوشاران کەوتینە ئۆردوگای زێوە، کە یەکێک بوو لە ئۆردوگا هەرە قەڵەباڵغەکان و لە دەشتاییەکی تەروبڕی پڕ لەمێرگی تەنیشت گوندی زێوە دروستکرابوو، کە ئێمە گەیشتینە ئەوێ ژمارەیەکی زۆری خێزانە ئاوارەکان لە ناو چادرگاکەدا پەنا درابوون .

### زێوەی مەرگەوەڕ

لە گوندی زێوەدا، کەسایەتیەکی کۆمەلایەتی زۆر کارباش و کوردپەروەرو ناندەرو خزمەتکەر بە ئاوارەکان (پەناهەندەکان) هەبوو ناوی (حاجی سەرتیپ) بوو، کە ئێستا خۆی لەژیاندا نەماوەو نەوەکانی ماون و هەمان ڕەوشت و ئاکاری باپیرەیان هەیە وئێمەش تا ئێستا پەیوەندی و دۆستایەتیەکی مکوممان پێکەوە هەیە، بەهۆی خوالێخۆشبوو حاجی سەرتیپەوە، پەیوەندیمان کرد بە خزمانی دایکمەوە (دوریا عارف) کە نەوەی معطاللە بەگ و عادل بەگی موکسیە، ئیدی خزمەکان بەدوو دەستە هاتنەلامان و لەکەناری ئۆردوگاکە و بەمیوانداری حاجی سەرتیپی جوامێر، جارێکیان (فاتمەخان)ی پوری دایکم (مەتی دایکم) و کوڕەکانی هاتنەلامان، ئەوپورەی دایکم هاوسەری (قادری عەمەرخانی شکاک) بوو. دوای ئەوەش خوالێخۆشبوو (جەنگیزی مامەدی) کوڕی (سەناری مامەدی) سەردانی کردین، دایکی ئەو (سەعادەت خانی کچی عادل بەگی موکسی) بوو، کە کچە مامی دایکم بوو. ئیتر خزمایەتیەکەمان باشترو گەرم وگوڕ بووەوە و ئیدی لەوە بەدوا، بەوهۆیەوە کە جەنگیزی مامەدی، هەرچەندە باوکی لە ورمێ زیندانی بوو، بەلام ئەوخۆی لەگەڵ دەوڵەتدا سەروکاری هەبوو، ئیتر زوو زوو خۆمان و خزمانیشمان ئەچووینە ماڵی ئەوان لە شاری (سەڵماس) کەلەسەردەمی شادا ناوی (شاپوور) بوو .

ئۆردوگای زێوە، بەردەوام قەڵەباڵغ بوو، خەڵکی ناوچەی جیاجیای تێدابوو، بەدەستەواژە فارسیەکە نەخۆشخانەیەکی سەحرایی تیابوو، کە هەندێک خانووی پرۆژەیەکی سەربازی تەواونەکراوی لێبوو، کە بۆ نەخۆشخانەکە بەکار ئەهێنرا، هەروا لەژێر کەپردا قوتابخانەشی تێدابوو. زێوەی مەرگەوەڕ و تەواوی ناوچەکە کە بەسەر دوو جوگرافیا و دوو ناوی لەیەکترنزیک دابەش ببوو (مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ) کە ئیتر لەوێشەوە بەدرێژایی سنوورەکانی تا ئەگەیشتەوە دەشتی سۆماو سەڵماس و بەئاراستەکەی تریش تا ئەگەیشتەوە پشتی شنۆ و بەرەو

پشتی خانە ناوچەیەکی شاخاوی و پێدەشتەکانیشی، تا کۆتاییەکانی مەرگەوەڕ کەش و هەوای زۆر ساردو یەکجار بەفرگر بوو. لەبیرم نەچێ خاڵی سێ سنووری ئێران، تورکیا و عیراق کە پێی ئەوترێ (دالآن پەڕ) ئەیروانیە سەر پێدەشتە هەمیشە سەوزەکەی مەرگەوەڕ، لەبەر ئەوسەرماوسۆڵەی پایزو زستانەکەی ئەوێ بوو، کە دەوڵەتی ئێران هەرزوو دەستیکرد بەدروستکردنی خانووی زۆر بۆ ئەوەی لەپایزەوە پەنابەران بگوازنەوە ناو خانووەکان و هەرواشیان کرد، هەرچەندە کە بارانی پایز دەستیپێکرد هێشتا خانووەکان تەواونەکرابوون و ماوەیەک هەر لە چادرەکانداماینەوەو دواتر گوازراینەوە ناو خانووەکان، بیرم نەچێ لەوئۆردوگا جێگیرەدا (واتا ئۆردوگای خانووبەرە) نەخۆشخانە و قوتابخانەی گەورەیان تیادا دروستکران، هەموو قوتابیانی یەکەمی ناوەندی تا شەشەمی دواناوەندی لەقوتابخانەی دواناوەندی (زمناکۆ) دەستمان بەخوێندن کرد، قوتابیانی سەرەتایش قوتابخانەیەکیان بەناوی (حەمرین)بۆ کرایەوە، کە لە هەردوو خوێندنگادا ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستای پسپۆڕی کوردی باشوور وانەیان تێدا ئەووتەوە.

ئاوارەبوون و پەنابەربوون لەو ئۆردوگایەدا زۆر هەڵنەگرێ کە منیش و کەسانی تریش، بەوانەشەوە کە لەقۆناخی تری جیاجیادا لەوێ نیشتەجێکران لەبارەیەوە بنووسن، چونکە وابزانم کە ئەو ئۆردوگایە تائێستاش هەرماوە.

لەوەختی شەڕی عیراق و ئێرانیشدا فڕۆکەکانی ڕژێمی عیراق بۆردومانی کردو شەهیدو بریندارێ زۆری لێکەوتەوە .

دواگێڕانەوەم لەبارەی لەوێبوونمان ئەمەوێ ئەوە بڵێم، کە هاوینەکەی، سەرۆک یان سکرتێری (پان ئیرانیستەکان) کە پارتێکی ئێرانی بوو و لە ڕوانگەی (ئێرانی بوون)ەوە دانی بەکورددا ئەنا وەک ئەتنیکێکی ئێرانی یان ئێران زەمین، سەرکردەکەیان ناوی (موحسینی پزیشکپوور) بوو، لەشۆڕشی ئێرانیشدا کە ڕژێمی شاهەنشاهی ڕووخێندرا، ئەوپارتە ئێرانیە بەهەمان سەرکردەوە بەشداری شەڕەکەبوون، ئەو سەردەمەی لەوێ پەنابەر بووین، واتا کەهێشتا جەنگی سەپێنراوی دەوڵەتی عەرەبی عیراق کەدژی کورد و شۆڕشەکەی لە گەرمەی خۆیدا بوو، سەرکردە پان ئێرانیستەکەی، بە پشتیوانی و ڕەزامەندی و هاوکاری دەوڵەتی شاهەنشاهی و بە کارئاسانی دەزگای ساواک (کە دامەزراوەیەکی تایبەت بوو بە ئاسایشی سیاسی لە ئێران) کە لەهەموو ئۆردوگاکاندا نوێنەرایەتیان هەبوو، میتینگ (کۆبوونەوەی فراوان) یان بۆ پزیشکپوور ڕێک ئەخست، لە ئۆردوگای زێوەش هەروایان کرد و خەڵکێکی زۆر، کە ئەتوانم بڵێم هەموویان پیاوبوون، لەمیتینگەکەدا

ئامادەبوون، هەموویم بیر نەماوە، کە کابرا چی ووت، بەڵام بیرمە کە زۆر بەجۆش و خرۆشەوە قسەی ئەکرد و کەسێکیش وەری ئەگێڕایە سەر زمانی کوردی، ئەو فۆکسی زۆرتر لەسەر ئەوە بوو، کە ئێران نیشتمانی ئێوەشە، ئێران ودەوڵەتی ئێران ئەرکیەتی بەرگری و پێشوازی لە کوردان بکات بەپێی ئەوەی هەموومان ئاریایی و ئێرانین. ئەبێ ئەوەش بڵێم، کە ئەو پارتە ڕۆژنامەیەکیان هەبوو بەناوی خاک و خون (واتە خاک و خوێن) و بەخۆڕایی لەناوشارەکاندا (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بەسەر خەڵکیدا دابەشیان ئەکرد، بەڵام ئێستا ئەو سەرنجەم لا دروست بووە کە بۆچی ڕۆژنامەکەیان لەئۆردوگاکان دابەش نەئەکرد و یان دابەش نەئەکرا، بەڵکو ئەبووایە لەناوشارەکانی وەک شنۆ، پیرانشار، سەردەشت و ئەوانی تر پەیدامان بکردایە؟ .

سەرنجێکی تریش کە دواتر لام دروست بوو ؛ ئەوەبوو ؛ کە لە نزیکی مەهاباد ( سابڵاخ )دا هیچ ئۆردوگایەک دروست نەکرا، بەڵام ڕێگە بە هەندێ خێزانی بەرپرس و فەرماندەی شۆڕش درابوو لەناو شارەکەدا نیشتەجێ ببن .

نامەوێ چیدی باسی ژیان و گوزەران و ئەو چالاکیە کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەییەکانی خۆم بکەم لەوێ، یاخۆ ڕووداوەکانی سەردەمی ناو ئۆردوگاکە بگێڕمەوە، چونکە باسەکەمان زۆر دوور و درێژ ئەکاتەوە، بەتایبەت کە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم (فەیزوڵڵا برایم خان، عزەددین مەلا عەزیز ناوبەرگەیی و هیتریش) لەوێ بەدەستنووس شتێکی لە بابەتی گۆڤارمان دەرئەکرد بەناوی (دەنگێک لە هەڵگوردەوە) باسی ئەم گۆڤارە دەستنووسە ئەهێڵمەوە بۆ دەرفەتێکی تر. ئەوەش ئەڵێم، کە لەو ئۆردوگایەدا سەدان ماڵە خزم و هاوشار و هاو ناوچەکەمانی تێدابوون.

**بەرەو کەرەج**

دوای تێپەڕینی دووسێ مانگێک بەسەر ڕێککەوتنی جەزائیر، ماڵی ئێمە و ماڵی خوشکم و ماڵی ژمارەیەک لەخزمان و لەگەڵ ماڵی هێندێک لەپێشمەرگەکان کە لەشۆڕشدا لەگەڵ باوکمدا بوون، کە دواتریش هەر لەگەڵ ئێمەدا مابوونەوە، گوازراینەوە بۆ دەوروبەر یان گەڕەکێکی دوورە دەستی شاری کەرەج. کەرەج لەنێوانی پارێزگای قەزوین و تاران بوو، لەڕێی ڕاگوێزانمان بۆ ئەوێ، شمەکی ماڵەکانیان خستبووە ناو لۆری و خاوخێزانەکانیش بەسواری پاس بەڕێکراین، من حەزم ئەکرد سواری لۆریەکە بم. بەڵام دواجار ناسیاوێکی پێشمەرگە بەناوی کاک (مشیر) سواری لۆریەکە بوو کە هەمووکەرەستەکانی ماڵی ئەوان و ئێمەشی تیابوو، بەهەندێ لەکتێب و بەڵگەنامەکانی باوکمان و ژمارەیەکی

زۆری وێنە و بگرە پێنووسەکانی باوکیشمان، بەداخەوە ئێمەی سوارپاسەکان و هەروەها لۆری هەموو ماڵەکان گەیشتینە کەرەج، کەچی لۆری ماڵەکەمان هەر نەگەیشت، دواتر پۆلیس و دامەزراوەی شێروخورشیدی کەرەج هەندێ لە کەل وپەلەکانیان بۆ هێناین و بەداخێکی گرانیشەوە پێیان ووتین، لۆریەکە لە نێوان زنجان و تاکستان دا لەسەر پردێک وەرگەڕاوە و کاک مشیر گیانی لەدەست داو زۆربەی کەل و پەلەکانیش تیاچوون، لەوە بە کەسەرتر ئەوەبوو، کە تەرمەکەیان بۆ نەهێنایەوە و هەر لەوێ خۆیان بەخاکیان سپاردبوو، ئیتر ئەوە بۆ ئێمەو بەتایبەت (سینەم خان)ی دایکی و (دڵشاد)ی برای کە ئێستاش لەژیاندایە، بووە کەسەرێکی گەورە .

## ئۆردوگا چکۆلانەکەی (دامپەروەری)

لەکەرەج، جگە لە ئێمە ژمارەیەک ئاوارەی تریش هێنرابوونە ئەوێ، نازانم ژمارەیان چەند بوو بەڵام زۆرینەیان خەڵکی ڕواندز و دەوروبەری بوون و لەوانە ماڵی شەهید سەید سەلیم و خزمەکانی بوون و هەر لە کەرەج ئۆردوگایەکی بچووکیان بۆکرابووەوە، ئێمەش کە گەیشتینە کەرەج لەشوێنێکدا، کە لەسەرشەقامی سەرەکی قەزوین- کەرەج- تاران بوو، کە شەو و ڕۆژ هاتن و چوونی لۆری و ترومبێل و پاس نەئەبڕایەوە، لەوێ قوتابخانەیەکی لێ بوو بەناوی (مجید عدل) کە ناوی گەڕەکەکەش بوو، هەروا گەڕەکەکە بە ناوی ( دامپەروەری) ش ئەناسرا ؛ چونکە لەژێر زەویەکەیدا کارگەی دەرمانسازی ڤێرتێرنەری لێ بوو، گەڕەکێکیش خانوو بۆ کارمەند و کرێکارانی کارگەکە دروست کرابوو. لەوێ چادریان بۆ هەڵداین و شێروخورشید و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ئێران چاودێری ئەکردین و بەکارەکانیشمان ڕائەگەیشتن، لەوێ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە وفێرکردنی کەرەج کلاسێکی فێربوونی زمانی فارسیان بۆ کردینەوە کە ژن و پیاو پێکەوە لەو کلاسەدا ئەمانخوێند، بیرمە مامۆستاکەمان پیاوێکی بەتەمەن بەڵام ڕووخۆش و خاوەن کەسایەتی بوو ناوی (ئاغای جەمالی) و خەڵکی هەمەدان بوو، من هەم پێش ئەوەی ئاوارەی ئێران بین شتێک فارسیم ئەزانی و هەم لەوماوەیەی لە ئۆردوگای زێوەی مەرگەوەڕیش بووین فارسیەکەمم زۆر باشترکردبوو. دوای دووسێ مانگێک و پێش ئەوەی پایزو سەرما بێتەپێش پێیان ڕاگەیاندین، کە بەسەر گوندەکانی ئەوسنوورەدا دابەشمان ئەکەن، نوێنەرێکی بارەگای بارزانی بە من و دایکمی ڕاگەیاند، کە تەنیا ماڵی ئێمە (وهاباغا) لەو گەڕەکە تایبەتە جێنشین ئەکرێین، کە بۆ ماڵی بارزانی نەمرو کەسە نزیکەکانی و ژمارەیەک لە سەرکردە و فەرماندە

هاوەڵەکانی دروست ئەکرا بەناوی (عەزیمیە). بەهەرحاڵ ئێمە پێمان خۆش نەبوو لەماڵی خوشکم و خزمانی تر داببڕێین .

دوای سەفەرێکی مەهاباد، لەوێ جگە لە خزمانم، ماڵباتی (نانەوازادەکان)، هەروەها چەند ناسیاویکی ترم بینین لەوانەش (دکتۆر حوزنی حاجۆ)، لەئەنجامی بیر و ڕاگۆڕینەوە، ڕام هاتەسەرئەوەی کە بگەڕێینەوە باشووری کوردستان .

بیرم نەچێ دەوڵەتی عیراق هەر لە دەستپێکی ڕێککەوتنی لەگەڵ شای ئێران دا، بەئاسانکاری و بگرە هاوکاری ئێرانیش، هاوکاتی بەسەریەکەوە دەرکردنی بڕیاری لێبووردنی بۆ بەشدارانی شۆڕش و پەنابەرەکان دەرئەکرد، هەڵمەتێکی بەرفراوانیشی دەست پێکرد و لەئاستی باڵای حزبی و حکومەتیدا وەفدیان ئەنارده ئۆردووگاکانی ئاوارەیی تا خەڵکەکە ڕازی بکەن بگەڕێنەوە عیراق. زۆربەی زۆری ئەوانەی بەپێی بڕیارەکانی لێبووردن گەڕابوونەوە، بردبوونیانەوە شوێن وناوچەو شاری خۆیان. ئێمەو ژمارەیەکی بەرچاو لە پەنابەرەکانی کەرەج، لەکۆتایی مانگی ٩ / ١٩٧٥ دا، وەختێک کە هیچ لێبووردنێک لەئارادا نەمابوو ژمارەیەک لە خێزانەکانی هەردوو ئۆردوگاکەی کەرەج بە بەرپرسانی ئێرانمان ووت، کە ئەمانەوێ بمانگەڕێننەوە عیراق، ئیدی هەموو ئەو خێزانانە ناونووس کراین، کە ئەمانویست بگەڕێینەوە، لەوێوە ئیتر بۆ جارێکی دیکەش لە زۆر لە خزم و هاوشاری و هاوئۆردوگاکانمان جیابووینەوە و ئەولێکدابڕانەش وەک ئەو لێکدابڕانەبوو کە چەند مانگێک پێشووتر لەگەڵ زۆر لەخزمان و هاوشاری و دۆست و ناسیاوانی دێرین و نوێ لە زێوە دووچاری ببووین، ئەو کاتەی کە ڕۆژانە دەیان وسەدان ماڵی پەنابەری ئۆردوگای زێوە خواحافیزیان لێ ئەکردین و ئەگەڕانەوە بۆ عیراق، ئەمجارەشیان لە کەرەجەوە لەگەڵ زۆر لەخزم و دۆست یەکترمان بەجێهێشت و بۆ نادیار لێکدابڕاین .

**بەرەو ئەوێ، بەرەو نادیار**

بەیانییەکی زوو لۆریان هێنایە ئۆردووگا بچووکەکەی مەجید عەدلی کەرەج و شڕوشیتاڵی خۆمانمان بارکردو ئێمەشیان سواری پاس کردوو، بردنیانە ئۆردووگای (ئەنزل) کە سەر بە سەرپولی زەهاو بوو و ئاوارە و پەنابەرانی خانەقین و جەلەولا و مەندەلی و ئەو ناوچانەی لێبوو، بیرم نیە چەند سەعاتی خایاند، دواجار لەوێش دیسانەوە چووینەوە ژێرچادر و چەند ڕۆژێک چاوەڕێ بووین تا لەسنوورەوە ڕادەستی دەسەڵاتی عیراقمان بکەن. لەو ئۆردوگایەدا خەڵکەکە ناڕەزایەتیان لەدواکەوتن و لە کۆنترڵکردنی توندی ئۆردوگاکە دەربڕی

و شێوە خۆپیشاندانێک کرا و ژاندارمەری کە پاسەوانی ئۆردوگاکەبوون تەقەیان کردو، هێندەی بیرم مابێ لەوتەقەکردنەدا سێ پەنابەر، کەخەڵکی خانەقین بوون شەهید بوون و نزیکی پانزەکەسیش برینداربوون، کە یەکێکیان ڕواندزی بوو بەناوی (جەمال محمد یوسف)، خۆپیشاندانەکە لەوەوە ڕوویدا کە سێ گەنجی ڕواندزی، کە یەکێکیان ناوی (زاهیر توفیق) بوو، بەقاچاغی چووبوونە سەرپولی زەهاو لەهاتنەوەدا گرتیانن و ئەشیانەویست بیان بەنە زیندانی سەرپول، بۆیە خەڵکێکی زۆر بەتایبەت گەنجەکان لەبەردەم بەڕێوەبەریەتی ئۆردوگا کۆبوونەوەو داوای بەردانیان کردن و بەبەرد و دار ڕێگریشیان کرد، کە بۆ زیندانی ناوشارەکە بیانگوازنەوەو بەهۆی ئەو ئالۆزیەی کە لە خۆپیشاندان دانەکە کەوتەوە، گیراوەکان دەرفەتیان دیت و هەڵاتن و لەبەردەستیان ڕزگاریان بوو، پەنابەرە خانەقینیەکان، کە هەر لە (١٩٧٤)ەوە لەئۆردوگاکەبوون تا درەنگی شەو و تا شەهیدبوونی سێ قوربانیەکە لە سەر خۆپیشاندانەکان بەردەوام بوون، بەتایبەت کە شەهیدیان دابوو، دواتر لە شارەوە هێزی تریان هێنا بۆ دامرکاندنەوەی .

جێی خۆیەتی باسێک لەو خۆپیشاندانانە بکەین، کە لەئۆردوگاکاندا ڕوویان ئەدا، هەندێکیان خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بوو بەرامبەر بە توند مامەڵەکردنی ژاندارمە پاسەوانەکانی ئۆردوگاکان، بەتایبەت سەبارەت بە مۆڵەت نەدان بە چوونەدەرو سەفەرکردن لەئۆردوگاکانەوە بۆ شار و شارۆچکە و دێهاتەکانی دەوروبەریان، بەڵام هەندێ جاریش کاتێ کە دوو بنەماڵە یان دوو عەشیرەت لە ئۆردوگایەکدا بەهۆی کێشەی جیاجیای کۆمەڵایەتیەوە بەشەڕئەهاتن پاسەوانەکان تەقەیان ئەکرد و هەندێ جار پەنابەریش سەریان تێدائەچوو، هێندەی بیرم بێ وابزانم لەئۆردوگای (بابک) لەخوارووی ئێراندا تەقەوتوقێکی لەوجۆرە دروست بوو، کە لەوکاتەدا پێشمەرگەیەکی خزمی ئێمە (حارس قادر خەلکانی)، کە مۆڵەتی تەواو ببوو ئەیەویست بچێتەوە دەوامی خۆی، ئەوساتەوەختە لە کۆنترۆڵی ئۆردوگاکەدا چاوەڕوان بوو تا ترومبێلی دەست بکەوێ و بگەڕێتەوە بنکە و بارەگای خۆی لەکوردستانی باشووردا، بەداخەوە گوللەیەکی وێڵی ژاندارمەکانی بەرکەوتوو شەهید بوو.

دوای چەندڕۆژ مانەوە و دوای خۆپیشاندانەکە ئیتر مانگی ١٠ ی ١٩٧٥ ئێمەیان سواری پاسکرد، ماوەی ڕێگاکە کورت بوو زوو گەیشتینە خاڵی سنووری خوسرەوی، کەسەربە قەسری شیرین و سەرپولی زەهاوبوو، بۆ ماوەی سەعاتێک یان پتر بۆ هەندێ کاروباری کارگێڕی لەدیوی ئێراندا ڕاگیراین و دواتر پاسەکان یەک یەک لەناوسنووری ئێرانەوە ئەیانهێنایە خوارەوەو

ئەبووایە بەپێی ناوخوێندنەوە خێزان بە خێزان و ناو بەناو و بەچەند هەنگاوێک بەپێ بچینە ناوسنووری عیراق، ئەو خاڵە سنووریە لەدیوی عیراقدا هەمان ناوی دیوی ئێرانی نەبوو، خاڵە سنووریەکە لەدیوی خانەقیندا ناوی (مونزریە) بوو، لەدیوی عیراقیشدا خێزان بەخێزان ناویان نووسین و هەرلەلای خاڵە سنووریەکە بە سەد دووسەد مەترێک خێزان بەخێزان لەسەرزەوی دایانیشاندین، لەم دیوو ئەودیوی، هێمنی شاعیر ووتەنی بستۆکەی سنووردا دوو سەرنجی زۆر گرنگ و کاریگەر هەبوون، لەدیوی ئێراندا ناونووسی و هەندێ وورده پرسیاری کە لێیان ئەکردین بە زمانی فارسی بوو، کە لەزۆربەی خێزانەکاندا کەسێکی تیابوو لە ماوەی مانەوە لەکەرەج و بەتایبەت، کە هەموو پیاوە گەنج و تەمەن هەڵنەکشاوەکان بەناچاری خرابووینە سەر کار لە کارخانەکانی، کە باشووری تاران پڕبوو لە جۆرەها کارگە و کارخانە، بەوهۆیەوە زۆرینەی پیاوانی پەنابەر شتێک قسەکردن و تێگەیشتن لە فارسی ڕۆژانەی فێرببوون، کە لەدواخاڵی سنووری ئێراندا و لەوەختی ناونووسینەکان لەجیاتی پیرەمێرد و ژنەکان بەفارسی وەڵامیان ئەدایەوە، لەدیوی عیراقیشدا ناچار ئەوەی عەرەبی ئەزانی بەو زمانە وەڵامی پرسیاری پڕکردنەوەی لیستەکانیان ئەدایەوەو هاوکاری ئەو زۆرینەیەشیان ئەکرد، کە عەرەبیان هەر نەئەزانی یان، کورد ووتەنی عەرەبیەکەیان دووکەڵی ئەکرد .

سەرنجیتریشم ئەوەیە، وەختی لەدیوی ئێراندا گەیشتینە سەرسنوور، لەدەم وچاوی هەمووماندا خەمباریەکی تێکەڵ بەترس و بەنائومێدی بە ڕوونی دیاربوو، بەتایبەت کە لەناو ئاپۆرەی گەڕاوەکاندا زۆری تیابوو، هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە یان لە هاتنە سەرکاری بەعسەوە لە (١٧ی تەمموزی ١٩٦٨)دا یەک دانە ڕۆژیش لەژێر دەسەڵاتی ڕەهای حکومەتەکانی بەغدادا نەژیابوون، بەڵکو بەبەردەوامی و بەهەر کولەمرگیەکیش بووبێ لەگوند و شاخ و دۆڵ و ئەشکەوتەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا ژیابوون، بەڵام لەوێش وێنە و خۆسەپاندنی سەمبولێکی دەسەڵاتی دوژمنی داگیرکەریان لەڕێی بۆردوومانی ئاسمانی و تۆپبارانی زەمینی و هێرشی سوپا وجاش و پۆلیس و گەمارۆدانی ئابووریەوە (خواردن و خۆراک و پێداویستی ڕۆژانە) بینیبوو. سەرەڕای ئەوهەموو مەترسی و دڕندایەتیەی دەوڵەت ئەوکەس و خێزانانە، وەک خودی ناوچە ئازادکراوەکان ئازایانە و ئازادانە ئەژیان و بگرە سەربەرز و ئازادانەش ئەمردن. ئێمە لەو خێزانانەبووین، کە هەر لە نیوەی دووەمی (١٩٦٣)ەوە، کاتێ باوکمان لە دوورخراوەیی سیاسی گەڕابووەوە ئیتر هەرگیز لەژێر سێبەر و دەسەڵاتی ڕەشی داگیرکەر نەژیابووین (هەر بۆ

تۆمارکردنەوەی لەم نووسینەشدا باوکمان وەهاباغای ڕواندزی لەڕووی سیاسی و پێشمەرگایەتیشەوە لەگەڵ ژمارەی لەبراو خزم هاوناوچەکانی لەشۆڕشی بارزان بەشدار بوو لەگەڵ مەلامستەفای نەمریش چووە کۆماری کوردستان لەمەهاباد و دوای گەڕانەوەشی بۆ عیراق ڕاستەوخۆ ئەویش دەستگیرکراو ڕاپێچی ژووری چاوەڕوانی لەسێدارەدان کرا، چونکە پێشووتر بێ ئەوەی لەدادگادا ئامادەبووبێ، وەک زۆر لەهەڤاڵەکانی تری سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرابوو، گەرچی دواجار لەسێدارە نەدرا، بەڵام تاساڵی ١٩٥٣ لەزینداندا هێڵدرایەوە) بۆیە قاچ خستنەوە ناو ئەوخاکەی دەوڵەتی عیراق، گەرچی خاکی ئازیزی کوردستانیش بوو(خانەقین) بەڵام ئیتر ئەوخاکەی کوردستان وەک ئەوخاکە نەبوو کە بەناوچەی ڕزگارکراوی شۆڕش ناودێرکرابوو، بۆیە یەکەم هەنگاوەکە، بۆ من و ئەندامانی تری خێزانەکەمان و دڵنیام بۆ ئەوانی تریش هەر وابوو، واتا بەدەر لە هەرەکەمترین ئیرادەی خودیمان و بە ناچاری ئەبووایە قاچمان بخەینە ناو دۆزەخی دەسەڵاتی دەوڵەتی داگیرکەری عیراق، بەتایبەت، کە دەوڵەت و دەسەڵاتەکەی، بێ هیچ شەرم وشوورەیەک لەبەرامبەر کورددا لووت بەرز و لەخۆڕازیانە خۆی ئەنواندو شانازی بەوەوە ئەکرد، کە شکستێکی بە شۆڕشی کوردستان داهێنابوو، دەوڵەتی داگیرکەر پروپاگندە و بگرە تیۆریزە و بانگەشەی ئەوەی ئەکرد کە ئیتر بۆ هەمیشە بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی کوردی کۆتایی پێهێناوە، لە کاتێکدا کە دواتر بەڕوونی و بە بەڵگەو بەدانپێدانانی خۆیان دەرکەوت کە ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ تاراندا ڕێکەوتن نەبوو بە تامی بردنەوە بەڵکو سازش بوو لەسەر خۆبەدەستەوەدان و سەرشۆڕی، سەرشۆڕییەک، کە تا ئەم ساتە وەختەو ئەم قۆناخەی ئێستاشیەوە، ئەم دەوڵەتە بەدەست لێکەوتە مەترسیدار و شەرمەزارییەکانیەوە ئەناڵێنێ .

ئێمە کەسمان دۆزەخمان بەکردەوە نەدیوە، بەڵام بەپێی گێڕانەوەوباسکردنی کتێبە ئاسمانیەکان و کتێبەئاینیەکان بێ، ئەوە دۆزەخ هەر سووتانی ناوئاگرەکە نیە، بەڵکو هەستکردنێکی قووڵ قووڵیشە بە خراپترین چارەنووس و هەستکردنیشە بەجۆرێک لە خۆبەشەرمەزارزانی و زەبوونی. لەوەش پتر ئەو یەکەم هەنگاوەمان وەک چوونەناو فەزایەکی ئاخنراو بە نامۆیش بوو، هەرگیز بیرم ناچێ، گەرچی ئەو یەکەم هەنگاوە بەهیچ جۆرێک دەرفەتی پەشیمان بوونەوە و لێ هەڵگەڕانەوەی نەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەو ساتە زۆر زۆر کورتانەدا کە بواری گەڕانەوە دواوەت نیە و بەردەمیشت گەرچی ئەزانی نادیارەو پڕە لە کارەسات و تاریکی بەڵام ئەبێ مل بنێیت و بۆ ئەو نادیارە بڕۆی، کەبە گەڕانەوە بۆ مێژووی تراژیدیەکانی کوردستان زۆر لە کارەساتەکانی

ناو یادەوەرییەکانمان لە مێشک و یادەوەریماندا بلاچە و بریسکەی ئەدا.

خێزانە واقیعیەکەی ئەوکاتەی ئێمە لە من و هەردوو دایکم و چواربراکەم و دووخوشکەکەم پێکهاتبوو، دڵنیام کە بەرێژەی جیاجیا هەموویان ئەو گەڕانەوەیان بۆ عیراق بەدڵ نەبوو، بەتایبەت دایکە دووریام، کە دەروێشانە پابەندی مەلا مستەفای نەمربوو، هەروەها زۆر دۆستی خوالێخۆشبوو (حەمایل خان)ی دایکی کاک مەسعوود بارزانیش بوو، ئەو هەرگیز پێی خۆش نەبوو، کە ئێمە چارەنووسمان لە بارزانی نەمر جیابکەینەوە، دایکم هەرگیز پێی نەووتم بەڵام خۆم هەستم ئەکرد کە وێڕای ژیانی ئاوارەیی و دەربەدری، کە ئەو لەمێژووی ماڵە بابانی خۆی و کورد ووتەنی لەماڵە مێردیشەوە ژیانی بێکەسی و مشەختی ئەزموون کردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو ژیانێکی زۆرنموونەیی و مایەی خۆشنوودیێکی بێ ئەندازە ئەبوو، کە لەگەڵ دۆستە بەڕێز و دڵسۆزەکەی خوالێخۆشبوو (حەمایل خان) لە (عەزیمیە) ی (کەرەج) دا هاوگەرەک و هاوسێ بێ، بەڵام دواجار دایکیشم بەنابەدڵی ڕازی بوو بە گەڕانەوەمان بۆ زێدی باوباپیرانم لە ڕواندز. من ئەوسا و ئێستاش زۆر جار بیرلەوەئەکەمەوە، کە بۆ ڕێگری لەگەڕانەوەمان نەکرد ؟ کە بەدڵنیاییەوە ڕێزو کاریزمای ئەو لەناو خێزانی ئێمەو بگرە لەناو خێزانە فراوانەکەی باوکیشمدا بایی ئەوەبوو، کە خۆی لەبابەتێکی ئاواچارەنووس سازدا ببێتە دوا بڕیاردەر. من دوای لێکدانەوەم بۆ کەسایەتی دایکم و چۆنیەتی دنیابینی ئەو، لەوە گەیشتم نەینەویست ئۆباڵی دوارۆژێک بۆ هەموومان وەئەستۆبگرێ، کە سەداسەد لەو دوارۆژە دڵنیا نەبێ. دایکم زۆر بە ئاگالێبوون و هەستیاریەکی باڵاوە مامەڵەی لەگەڵ ئەوجۆرە بابەتانەدا ئەکرد، بۆیە ئەو هەرچەندە لە ناخی ناخیەوە نەینەویست لەو کاروانە داببڕێ کە ئەیبەستەوە بە ڕێبازی سیاسی و کۆمەڵایەتی بارزانی نەمر، بەڵام باسێکی تر ڕێگربوو لەوەی ویستی خۆی بسەپێنێ، ئەویش ئەوەبوو کە بڕیارێکی گرنگی لەوجۆرەی ئەو نەبێتە فاکتەری هەڵوەشانەوە و هەلاهەلابوونی دۆخی ناوخۆی خێزانەکەمان و پەیوەست بە دۆخی ماڵباتە فراوانەکەی باوکم (ماڵباتی حەمەد عەلیاغای ڕواندز)، ئاخر بۆ ژنێک کە بەهیچ شێوەو بە ڕایەڵێکی دوور و نزیک بە ماڵباتەکە نەئەبەسترایەوە ئەو ڕایەڵە نەبێ کە پەیوەست بوو بە (وهاباغا) ی هاوسەریەوە . دایکم یادەوەرییەکانی دوای کۆماری مەهاباد و زیندانی بوونی هاوسەرەکەی مشت بوو لە گومان و بەهەند وەرنەگرتنی لەلایەن زۆرینەی ماڵباتە فراوانەکەی باوکم، ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکان، کە دڵنیام هۆکاری سەرەکی ئەو دڕدۆنگیەی ماڵباتە فراوانەکە بوو بەرامبەر دایکم ئەوەبووبێ

کە ئەو کچی ماڵباتێکی ناسراوی شارۆچکەی (موکس)ی باکووری کوردستان بوو، کە ماڵباتی معط اللە بەگی (موکس) بوو، هەرچەندە دایکم بەخت زۆر یاوەری بوو، کە بەهۆی لەدایک بوونی منەوە (ئازاد) باوکم وەک کوڕە گەورە و جێگرەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی (حەمەد عەلیاغا) دوای چوار کچ ئەبێتە باوکی کوڕێک، لەوسەردەمدا وەک بەشێک لەسەرخانی کۆمەڵگای پەیوەندییە فیۆداڵیەکان نەبوونی کوڕ و دواتریش هەبوونی کوڕ بۆ دایکەکە چەندە جێی شانازی و گەورەیی بوو، ئەوەندەش جێی مەترسی و هەڕەشە بووە، بۆیە دایکم هەمیشە حسابی زۆری لەسەر لێکەوتەو مەترسیەکانی ئەوپێگەیەی خۆی ئەکرد لەناو ماڵباتەکەدا و نەیئەویست هیچ ئۆباڵی دواڕۆژێکی ناخۆش وەئەستۆ بگرێ و پێی تۆمەتباربکرێ. دواجار بڕیارەپێشنیارکراوەکەی من بۆ گەڕانەوە عیراق پەسندکرا، هەرچەندە من ئەو ڕاسپاردەیەی باوکم باش ئەزانی و باشیش بیرم بوو کە پتر لەجارێک ئامۆژگاری کردبووم، کە وەک منداڵی ئەو (وهاباغا) ئەبێ هەرگیز دەستبەرداری کوردایەتی نەبین و هەر لەگەڵ مەلامستەفاش دابین، بەڵام منێکی تازە هەرزەکاری ناوسیاسەت و بێ بنەما و بێ هیچ پاشخانێکی فیکری خۆ بە چەپزان، خۆم بە نیوەی ڕاسپاردەکەی باوکم (کوردایەتی کردن)ەوە بەستەوە و لەدڵیشەوە ئەڵێم بەداخەوە کە ڕاسپاردەکەی تریم پشت گوێ خست و لە وەختی خۆیدا جێ بەجێم نەکرد .

**لەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور**

هەرکە دوا هەنگاومان لە ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی داگیرکەرو زاڵمی ئێرانەوە بەئاراستەی زۆنی داگیرکراوی دەسەڵاتێکی تری داگیرکەر و دڕندە هەڵێنا، من وەک خۆم و دڵنیاشم هەموو ئەوانی تریش بارێکی دەروونی پڕ لە شڵەژان و دڵەڕاوکێ و بگرە نامۆیی هەموومانی داگرتبوو، سەبارەت بەخۆم خێراخێرا ڕای دووبەرەی ناکۆکی خاوخێزان و دۆست و هاوڕێیانم بە یادەوریمدا ئەگوزەران، بەرەی ئەوانەی کە پێیان ئەووتم بگەڕێوە بۆ عیراق و بچۆرەوە زێدی خۆت و هەبوون لێبڕاوانە ئەیان ووت: بگەڕێوە چونکە بەرد لەجێی خۆی سەنگینە، هەروەها قسەی یەکێکی تری (بەرەی گەڕانەوە)م بەیادگەدا ئەهات، کە جارێک لە مەهاباد پێی ووتم: مادام تۆ ئەڵێی بۆیە لە ئێران ماویتەوە تا خەبات بکەی، بڕۆوە لەو پەنابەریەدا خەبات ناکرێ، بڕۆوە لە عیراقدا خەبات بکە .

قسەکانی بەرەکەی تریشم تێکەڵ و ئاوێتە بەهی بەرەی یەکەم بەیادەوریمدا گوزەریان ئەکرد، کە هانیان ئەدام نەگەڕێمەوەو ئەیانووت سەدان هەزار هەڤاڵ و هاوسەنگەر و هاوخەباتی باوکە تێکۆشەرەکەت لێرەن لەئاوارەیی و پەنابەریدا

ماون و ئەمێننەوە، بۆ خۆت لەئەوان جیا ئەکەیتەوە! هەشبوو پێی ئەووتم، کە لەناو ئەو هەموو ئاوارە و پەنابەرانەدا ماڵی مەلامستەفا شوێنی ژیانی خێزانی ئێوەیان لە گەڕەکی تایبەتی خۆیان و لە هاوسێیی خۆیان داناوە، چۆن ئەو ڕێزلێنان و پەرۆشیەی ئەوان بۆ خێزانەکەت لەبەر چاو ناگریت؟ لەوەش هەموو جێ سەرنجتر، کە ئێستاش من و براو خوشکانم ناوەناوە، بەخێر ئەیگێڕینەوە، قسەی پیاوێکی پیری خزمانی ڕواندز بوو بەناوی (مام ئەحمەد بۆرە) کاتێ لە وەڵامی هەندێکماندا کەداوامان لێیکرد چارەنووسی خۆی و خێزانەکەی بە ئێمەوە ببەستێتەوە و لەگەڵماندا بگەڕێتەوە عیراق، بەهێمنی و بەتۆنێکی نەرم و بە زاراوەیەکی ڕواندزیانە ووتی (کو ئەو پیرەمێردەی بەتەنێ بەجێ بێڕم) کە مەبەستی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی بوو.

لەڕاستیدا، ئەوقۆناخەی دوای نوشستی شۆڕشی ئەیلول، دڵەڕاوکێیەکی یەکجار زۆری بۆ هەموو شۆڕشگێڕان و هەموو هاونیشتمانانی کوردستان دروست کردبوو، بۆیە من نەک ئەو وەختە بەڵکو دواتر و ئێستاش وای لێک ئەدەمەوە، کە بەدگومانیەکی زۆر هەمووانی گرتبووەوە، بەجۆرێک کە بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئەبێ چی بکەیت و بەدڵ و بەعەقڵەوە خۆت بەلایەکدا یەکلا بکەیتەوە، کارێکی ئاسان نەبوو، لانی کەم بۆ هەموو کەسێک ئاسان نەبوو، یاخۆ نەئەتوانرێ بە ئەنجامی نموونەیی هەژماری بکەیت، ئەو ڕەفتار و بڕیار و ئەنجامگیریەش، کە کەسەکان (زۆرینە) لەسەری ساغ ئەبوونەوە، زادەی کاردانەوە بوو بەرامبەر بەو کارەساتەی کە دەستبەردان لە خەباتی چەکداری و چۆڵ کردنی کوردستان (ناوچە ئازاد کراوەکان) و سەرپشک بوون لەدوو بژاردەی ناچاری و ئێسکگراندا، یەکێکیان چوونەوە ژێردەسەڵاتی ڕژێم بو، کە دەستەواژەی خۆبەدەستەوەدان (تەسلیم بوون و تەسلیم بوونەوە)ی بۆبەکار ئەهێنرا، کە بەڕاستی بژاردەیەک بوو هەر زۆر زوو لەناخەوە مرۆی ووردوخاش ئەکرد، لەسەرەتاشەوە تاکی کوردی ترساو و دەستەمۆ ئەکرد (هەر چەندە ئەمە بەپێی تێپەڕینی کات و هەندێ گۆڕانکاری لەگۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، لانی کەم لای بەشێکی بەرچاوی نەوەکانی شۆڕش و هەروەها نەوە نوێکان هەم ترسەکە ڕووی لە ڕەوینەوە ئەکرد و بەدوای ئەویشدا دەستەمۆبوونیش زۆر کاڵ بووەوە، هەرچەندە لەو سەرەتایەوە بەعس دیاردەی ترس و دەستەمۆبوونی سیاسەتی (بە بەعسیکردن)ی پەیڕەوکرد و سیستەمی بەعسی بوونیشی بەجۆرێک داڕشتبوو کە لە هیچ دۆخێکدا بەبێ سزا یان لێکەوتەی مەترسیدار لێ دەربازبوونی نەبوو. بژاردەی دووەمیش، ئەوەبوو کە ئەمیش هەر بەناچاری ئەبووایە ڕوو لەئێران بکەیت و ژیانی ئایندەی

نادیاری پەنابەری هەڵبژێری.

کوردستانیانی باشوور پێش ساڵێک لەو ئاوارەبوونە فراوان و گەورەیەی کە دوای ڕێککەوتنی شومی جەزائیر (١٩٧٥) سەرەتاکانی ئاوارەبوون و پەنابەربوونی تاقیکردبووەوە، چونکە دوای ئەوەی دەوڵەتی عیراق لە کۆتایی چوارساڵی ڕێککەوتنی یانزەی ئازاری ١٩٧٠، بە پشتگوێ خستنی مەرجی دانوستان و پێکەوە کارکردن بۆ گەیشتنە پرۆژەیەکی هاوبەشی ئۆتۆنۆمی و سەپاندنی بەکردەوە و یەکلایەنەی پرۆژەی ڕژێمی بەعسی لەڕێی (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ەوە، کە لە نەبوونی پەرلەماندا ڕۆڵی یاسادانانی پێدرابوو، پرۆژەکەی خۆیانیان ((یاسامەند)) کرد و ئیتر زۆر کەمی خایاند هێرشە سەربازیەکانی سوپای عیراق بە دژواری و بە بەرفراوانیەوە بۆ سەرکوردستان دەستی پێکردەوە. لەم قۆناخەی شۆڕشی ئەیلولدا بەسەدان هەزار خەڵک وخێزانی کوردستان هەموو ئەو شارو شارۆچکەو ناوچەو دێهاتانەیان بەجێهێشت، کە چاوەڕوان ئەکرا ببنە ناوەند و گۆڕەپانی شەڕی سوپای داگیرکەر، هەروەها ببنە ناوەندی ڕەشبگیری خەڵکی، هاوکات زۆرینەی زۆری فەرمانبەری پلە باڵاو پلە نزمی دەزگا کارگێڕیەکانی دەوڵەت، بەسوپا و پۆلیس و هەندێ دەزگای ئەمنیشەوە ڕوویان کردە شارو شارۆچکە و ناوچە ئازادکراوەکان، کە حەواندنەوەو بەخێوکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە پێویستەکان بەوئاسانیە دابین نەئەکرا، وەک چۆن لەوەش گرنگتر ئەوە بوو، کە نەئەکرا گیانی ئەو سەدان هەزارکەسە، کە زۆرینەیان ژن و منداڵ بوون لە بۆمباران و تۆپبارانی دوژمن بپارێزرێن، بۆیە هەر کەدەوڵەتی شاهنشاهی ئێران بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دام ودەزگا پەیوەندیدارەکانی شۆڕش دەرگای لەبەردەم ئاوارەکانی ناوخۆدا کردەوە، ئیتر لافاوێک لە ئاوارەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو ئاودیوی ئێران بوون کە سەرەتا لە دەوروبەری شارو شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نزیک لەسنوورەکانی عیراق لە خێوەتگای ئۆردوگای پەنابەریدا نتشتەجێ کران، دواتریش بە پێی هەڵکشانی ژمارەی ئاوارەکان، لە ناوچەکانی تری ئێرانیشدا ئۆردوگای تر کرانەوە، لەڕاستیدا لەپاڵ هۆکارەکانی سەرەوە لەمەڕ پەنابەربوون، هۆکارێکی تریش ئەوەبوو کە ئەو ئاوارەبوونە بووە باشترین هۆکار بۆ پروپاگندە و دروستکردنی ڕایەکی گشتیی جیهانی و سەرەنجام پاساودانی هەر تێوەگلانێکی ئێران لە شەڕەکە وەک لایەنە مرۆییەکەی و بەو هۆیەشەوە گووشارخستنە سەردەوڵەتی عیراق لەڕێی ڕاپۆرتە میدیاییەکانی ئێران و ئەورووپا و دنیاش، لەهەمان کاتیشدا بۆ بەکاربردن و قازانجی ناوخۆیشەوە ئەو باوەشکردنەوەی ئەودەمەی شا بۆ کوردی باشوور،

یـان وەک ئـەوەی ئـەو وەختـە پێیـان ئەووتـرا (کوردانـی عیـراق)، ئـەوە گووتاری (ئاریایـی) و (پـان ئێرانسـتی) لەنـاو خـودی ئێرانـدا فراوانتـر و بەربڵاوتر ئەکرد.

بـەڵام دوای ڕێکەوتنـی جەزائیـر و بڕیاری پاشەکشـەی بێ چـەک بـۆ ناوسـنوورەکانی ئێـران، ئەمیش لەژێـر زەبـری هەڕەشـەکانی ئێران و کێشـانەوەی شارەزا سـەربازیەکانی و هەروەهـا کێشـانەوەی تۆپخانەکانـی سـوپای ئێـران و چۆڵکردنـی پایەگاکانـی سوپاکەی لـە هەنـدێ شـوێنی نزیـک لەسنوورەکانی خۆیـان، ئیتـر وێـڕای پاشەکشـەی پێشـمەرگەو هەڵوەشـانەوەی نزیـک بـە هەمـوو دامـەزراوە شارسـتانیەکانی شـۆڕش، لافاوێکـی تـری پەنابەربوون دەسـتی پێکرد، بەتایبـەت لـە ناوچەکانـی بادینـان و ئەوناوچانـەی نـە ئەکەوتنـە سـەر سنووری ئێـران و بەڵکو لەگـەڵ سـنوورەکانی تورکیادا هاوسـنوور بوون، ئـەو خێزان و ژن و منداڵانـەی کـە لـە قووڵایـی بادینانـەوە ئـاوارە بـوون، ئەبووایـە زۆر بەسـەختی و لەژێـر هەڕەشـەی ئـاو وهـەواو هەروەهـا هەڕەشـەی سـوپای عیراق، کـە بەخێرایی پێشـڕەوی ئەکـرد چونکـە ئیتـر هیـچ بەرگریەکیـان لەبەرامبـەردا نەمابـوو، ئەوەی مـن و هەمـوو پەنابەرانـی ئـۆردوگای زێـوەی مەرگـەوەڕ بینیمـان ئاوارەبوونـی خەڵکـی بادینـان زۆر کارەسـات بـار بـوو، هەرچەنـدە بەشـێکیان بـە هەلیکۆپتـەر ئەگوێزرانـەوە، بـەڵام نازانـم لەکوێـوە سـواری هەلیکۆپتـەرەکان ئەکران، هەمـوو ئەوانـەی لەقووڵایـی بادینـان و سەرسـنوورەکانی تورکیـا ئەهاتـن، لـە ئـۆردوگای زێـوە نیشـتەجێ ئەکـران و بـەڵام لەهاتنیاندا زۆر ماندوو شـەکەت بـوون و زۆریش سـەرمای ڕێگایـان دیبـوو.

ئەبێ ئامـاژە بـەوە بکـەم کە هـەردوای ڕێککەوتنی جەزائیـر و ڕوونبوونەوەی هەڵوێسـتی ئێـران، کـە لایەنەکـەی تـری ڕێکەوتنەکـە بـوو، ئیـدی ئاڵـۆزی و شـڵەژان کەوتـە نـاو پەنابەرانـەوە، بەتایبـەت ئەوانـی کـە لەکۆتاییەکانـی بەهار و هاوینـی سـاڵی ڕابـردوودا هاتبـوون، بـە نموونـە پەنابەرانـی ئـۆردووگای زێـوە و سەردەشـت، کەزۆرینەیـان خەڵکـی قەزاکانـی سـەربەهەولێرو هەروەهـا قەزاکانـی ڕانیـەو قـەڵادزێ کـە سـەر بـە سـلێمانی بـوون، کاتێکیـش کـە گەڕانەوە بـۆ عیراق دەسـتی پێکـرد، خەڵکـی بەلێشـاو ئەگەڕانـەوە، هـەر بۆیـەش قوتابخانەکانـی ئـۆردوگای زێـوە هـەم داخـران و هـەم زۆرینـەی هـەرە زۆری مامۆسـتاو قوتابیـان گەڕانـەوە عیـراق، دەوڵەتـی ئێرانیـش بەپێچەوانـەی سـاڵێک لەوەپێـش هانـدەر و هاوکاربـوو بـۆ گەڕانـەوەی پەنابـەران بـۆ عیـراق، دەوڵەتـی عیراقیـش پەیتاپەیتـا لێبووردنـی دەرئەکـرد و هانـی ئاوارەکانـی ئـەدا بگەڕێنەوە، لەو سـۆنگەیەدا ئێران زۆر هـاوکاری عیـراق بـوو تـا ئەو ئەندازەیەی ئاسـانکاری ئەکرد بۆ هاتنی شـاندی بـاڵای عیـراق تـا لـە ئۆردوگاکانـدا کۆبوونـەوەی گشـتی لەگـەڵ خەڵکیـدا بکـەن و

هانیان بدەن بۆ گەڕانەوە، پێم وابێ سەرۆکی شاندەکەی بەغدا (نەعیم حەداد) بوو، کە یەکێک بوو لە سەرکردە باڵاکانی بەعس و دەوڵەت، بیستمان لە هەندێ کامپی پەنابەران خەڵکی ڕووبەڕوویان بوونەوە و گرژی دروست بووە.

لیژنەی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان لە ئۆردووگای زێوە بەکردەوە هەڵوەشابووەوە، چونکە زۆریان لەوێ نەمابوون، بەڵام دەستەیەک لە هەڤاڵان کە ئەندامی پارتی بووین هەندێکمان کادری یەکیەتی قوتابیان و کادری پارتی بوون و هەروەها هەندێکیان مامۆستا و خوێندەواری باش بوون، سەرمان بە یەکەوە ناو لە دەستپێشخەریەکی خۆ بەخشانە و دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی نوێنەرانی شۆڕش لە کارگێڕی ئۆردووگاکە، بڕیارمان دا شوێنی (دواناوەندی زمناکۆ) وەک قوتابخانەی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ ئەو پیاوانە بکەینەوە، کە لەدوای ڕێکەوتنی جەزائیرەوە گەیشتبوونە ئۆردووگاکە، هەموومان کاک (ئیبراهیم شێروانی) مان وەک بەڕێوەبەری پرۆژەکە و قوتابخانەکە هەڵبژارد، (کاک ئیبراهیم ئێستا دکتۆرای لە یاسا هەیە و مامۆستای زانکۆیە) ژمارەیەک خۆبەخشی تریش وەک وانەبێژ بووینە ئەندامی پرۆژەکە، ئەوەی ئێستا بیرم ماون کاک ئیبراهیم بەرزنجی و من بووین .لەوێ هەر ئەلف بێمان فێرنەئەکردن، بەڵکو لەزۆر ڕووەوە سەبارەت بە شێواز و ناسینی ژیانە نوێکەیان لە ئاوارەیی و پەنابەریدا ڕێنمایمان ئەکردن، هەروەها سەبارەت بە خۆپاراستنی تەندروستیش هوشیاریمان ئەدانێ.

### حاجی بەگریان پرۆتستۆی کرد

ئێستا، کە لەو ماوەی ساڵ و چەندمانگەدا چەندین جار بارگە و بنەمان تێکنابوو، سەرەتا لە دوای دەستپێکردنەوەی هێرشەکانی ڕژێم بۆ سەر کوردستان (بەهاری ١٩٧٤) بەتایبەت دوای فراوان بوونی بۆمباران، کە ئەو وەختە ماڵمان لە گوندی ڕەشدوور بوو کە ئەتوانم بڵێم بەهۆی ئەوەی ئەکەوتە زۆنە فراوانەکەی ڕێبەرایەتی شۆڕشەوە ئەکەوتە ناو بازنەی بەئامانج گیراوی بەردەوامی فرۆکە جەنگیەکان بۆیە ناچاربووین بگوازینەوە بۆ دۆڵی خانەقاو بچینەوە ناو ئەشکەوتی (حەفت برایان) کە لە کۆتایی(١٩٦٤)یش دوای زنجیرەیەک ڕاگوێزڕاگوێزمان بەچەندین ناوچەدا گەیشتبووینە ئەشکەوتەکە، ئیتر دواتریش کەدەرگای چوونە ناو ئێران کرایەوە و هەر لەوێش دەرفەتی خوێندن و تاقیکردنەوە بۆ قووتابیان ڕەخسێنرا، چونکە ئێمەش هەر پێنج برا (ئازاد، پشتیوانی جوانەمەرگ، فەیلی، هەڵگورد وئاری) قوتابی بووین بارمان پێچایەوە و چووینە ئۆردووگای زێوەی مەرگەوەڕ و دواتریش بۆ کەرەج و

لەویشەوە بۆ ئۆردووگای ئەنزڵ لە سەرپولی زەهاو، ئێستاش ئەوە لەمونزریەوە ئەبێ باروبنەمان بپێچینەوەو بەرەو (ئەوێندەرێ) بڕۆین، کە تا ئێوارانێکی درەنگ و بگرە تا ڕۆژی دواتر نەمان ئەزانی ئەوێندەرێ کوێیە؟! .

هەر کە گەیشتینە دیوی خانەقین هەموومانیان بەڕیز لەسەرزەوی دانیشاند، ئێستا کە ئەو ساتە وەختە دێنمەوە بیری خۆم زۆر شت سەرنجم ڕائەکێشێ، کە ئەووەختە لەبەر شۆک بوونمان بەلای خۆیدا ڕای نەکێشابووم، هەموومان بەڕیز وُ دۆش داماو و بێدەنگ دانیشتین، تا بەرپرسی حزبی بەعس و قائمقامی خانەقین وتاریان بۆ داین، ئەوەی بیرم بێ هیچ دڵنەواییەکیان نەکردین، بەڵکو بەتوندی هێرشیان کردە سەر شۆڕش و زۆریش بە ناشرینی لەسەر مەلامستەفای ڕەحمەتی قسەیان کرد، دڵنیام ئەوانەی کەم و زۆر عەرەبیان ئەزانی، کە زۆر کەم بوون شتێک لە ووتارەکانیان حاڵی ئەبوون، بەڵام دڵنیام هەمووی ئەیانزانی ئەوە قسە بە کورد و شۆڕش و بەتایبەت بە بارزانی نەمر ئەڵێن، لەگەرمەی ووتاری ئەوان و ناوهێنانی بارزانی نەمر کەسێکی هاوناوچەمان بەناوی (حاجی عەبابکر) دەستی بەگریان کرد و ئێمەش نیگەران بووین لەوەی نەوەکا پۆلیس و بەرپرسەکانی ڕژێم هەستی پێ بکەن و لێی بدەن یان بیگرن، هەر چۆنێک بوو ئەوانەی لەدەوروبەری دانیشتبوون بێدەنگیان کرد، حاجی خەڵکی گوندی زێوەی دۆرمجەلی سەربە ڕواندز بوو، بیرم نەماوە لەو کۆبوونەوەدا شۆڕشی کوردیان بە (جیب العمیل) ناوبرد یان نا، بەڵام لەبەرامبەر ناوی بارزانی نەمردا دەستەواژەی (خائین) یان بەکارئەهێنا، بۆ یەکەمجاریش ئەوەمان گوێ لێ بوو، کە لەبەرامبەر ئەو پەنابەرە کوردانەی وەک ئێمە ئەگەڕانەوە ژێر دەسەڵاتی ڕژێم دەستەواژەی (عائدون الی الصف الوطني) یان بەکارهێنا واتە (گەڕاوەکان بۆ نێو ڕیزی نیشتمانی)، ئەم دەستەواژەیە ئیتر ڕەهەندی یاسایی و ئیداری و بگرە سیاسیشی وەرگرت و ئەتوانم بڵێم بووە لقە ناسنامەیەکی تر و بەسەرماندا سەپێنرا، بەتایبەت بۆ ئەوانەی ڕاگوێزابووین بۆ پارێزگاکانی خواروو و ڕۆژاوای عیراق، بیرمە لە ناو دیوانی پارێزگای ئەنباردا (ڕومادی) بەشێکی تایبەت کرابووەوە بەناوی (کاروباری گەڕاوەکان) دڵنیام لەپارێزگاکانی تریش هەروابوو، لەوەی ئەنبار لەپاڵ کارمەندی تری عەرەب، کارمەندێکی کوردیشیان دانابوو، کە ئەویش هەر لە (عائیدونێ گەڕاوەکان) بوو پێکەوە بەیەک پۆست هاتبووینە و ناوی (ست عائشە محمد) بوو خەڵکی ڕواندز بوو و لەئێمەش نزیک بوو، چوارساڵەکەی دان وستانیش کادری یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان بوو، بۆ ئەوە دایان نابوو تا لەگەڵ ئەوهەزاران خێزانە گەڕاوانە بەکوردی قسەبکەن، چونکە بێ ئەوەی

ڕێژەکە بزانم زۆرینە، بەتایبەت گەورەی خێزانەکان کەسەروکاریان بەو بەشە لەدیوانی پارێزگادا هەبوو عەرەبیان نەئەزانی، بۆیە ووتم (خێزانی عائیدون) چونکە بەکارهێنانی دەستەواژەی (عائدون- دەراوەکان) لەهەر بنکەی پشکنین یان لەهەر فەرمانگەیەک بەس بوو بۆ ئەوەی خۆت بناسێنی، چونکە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا هەبوون زۆر بە ووردی بەسەرماندا جێبەجێ ئەکران، بەتایبەت ئەوبابەتانەی کە ئەچوونە بواری قەدەغەبوونەوە، وەک سەفەر بۆ دەرەوەی قەزا، یان ئەو ناحیە و پارێزگایەی بە شێوەیەکی فەرمی لەوێ جێنشین کرابوویت، هەروەها بەهیچ جۆرێک ڕێگەپێدراو نەبوویت بەسەردانیش بچیتە پارێزگاو شاروگوندی خۆت لە کوردستان، ئەگەر ئەو سەردانە بۆ پرسەی کەسێکی زۆر نزیکیش بووایە.

دوای لێدوان و ووتاردانەکانی خاڵی سنووری مونزریە، فەرمانیان پێداین، کە شروشیتاڵی ماڵەکانمان لە لۆری زۆردرێژ باربکەین و خۆشمان هەرلەوێ سواربین، دوایی زانیمان بەو لۆریانەیان ئەوت (النقل البري) کەهی دەوڵەت بوون و هیچ تایبەتمەندی بۆ سوارکردنی مرۆڤی تێدانەبوو، بەڵکو تایبەت بوون بەگواستنەوەی کەلوپەلی بازرگانی و شمەک بە ناوچە بیابانیەکانی ڕۆژاوا و خوارووی عیراقدا بۆ بەندەری فاو کە لەوێوە شمەکی بازرگانی هاوردەو نێردراو بەڕێی دەریاوە ئەگەیشتە عیراق و لەعیراقیشەوە بۆ دەرەوە ئەنێردرا.

**(النقل الكردي)**

لەناو هەرلۆریەکدا، لانی کەم هەشت تۆ خێزان و نزیک بەپەنجا ژن وپیاوی پیر و گەنج و منداڵی سەرک و بنک وشروشیتاڵی ماڵەکانیشمانی تێدابوو، لۆرییەکان ( لەڕاستیدا لەم گێڕانەوەمدا ناوی لۆری بەکار دێنم دەنا ئەوساش و ئێستاش هەر ئەڵێین نەقل بەڕی) بەدوای یەکەوە ڕووە و بەعقوبە بەڕێ کەوتن، کە چەند ترومبێلێکی پۆلیسیشمان لەگەڵ بوون بۆ چاودێر و کۆنترۆڵ کردن کە لە پێشەوە و لەدواوەمان ئەڕۆیشتن. سواری نەقڵ بەرییەکان ببووین بەڵام بەرلە بەڕێ کەوتن، پۆلیسەکان هەندێ قەسپ و خورماو سەمون و نانیان وەک فڕێدانی ئالیک و ئاڵف بۆ مەڕوماڵات بۆیان فڕێداینە ناو لۆریەکان، کە ئەو وەختە کەس قەسپ و خورما و نانەکەی هەڵنەگرتەوە، چونکە ناو لۆریەکان خاوێن نەبوون، هەروەها لەوەش گرنگتر لەناخمانەوە هەر هەموومان ئەو جۆرە خواردن پێدانەمان بە سووکایەتی پێکردن زانی، هاوکات ئەمەشیان هەر نیشاندەری ئەوەبوو، کە ئیدی لێرە بەدوا بە چ ناشایستەیی و ناشرینی وبە چ ڕقێکەوە مامەڵەمان لەگەڵدا ئەکەن. گەرچی ئاراستەکەمان تێپەڕبوون

بەخانەقین وئەوساش بەعقوبەو بەغدا بوو، نە من و نە برا و خوشک و نە هەردوو دایکم و خزمان، ئەوانەی لەیەک لۆریدا سوارکرابووین، هیچ شارەزای خانەقین و ڕێگاکانی بەرەو بەعقووبە نەبووین، بەڵام ناوە ناوە بەخوێندنەوەی تابلۆی سەر جادەکان شتێکمان لە جوگرافیای ڕێگاکە و ڕێی کاروانەکەمان بۆ ڕوون ئەبووەوە، ماوەیەکی زۆریش ڕۆیشتین بەڵام ئێمە هەر پێمان وابوو ئەمانبەنەوە شار و دێهاتەکانی خۆمان، دواتر وورده وورده تا بەرە و بەغدا و خاکی عەرەبستان ئەڕۆیشتین ئومێدی گەڕانەوەمان بۆ ناوچەکانی خۆمان پتر لەدەست ئەدا.

ڕێگایەکی یەکجار ماندووکەر بوو، لۆریەکان دوور و درێژ و بێ چادر و بێ هیچ کورسیەکی دانیشتن بوون، سەرەتا هەموومان یان زۆربەمان بەپێوە بووین، بەڵام چونکە هەموومان شوێنمان دەست نەئەکەوت کە خۆمان بە بۆدی لۆریەکەوە بگرین، بۆیە بۆ ئەوەی بەسەریەکتردا نەکەوین لەسەر ئەو ئاسنە ڕەق و تەقە دانیشتین، پیرەژن و پیرە پیاوان هەرزوو ماندوویەتی دانیشاندبوون، ئەوانەی بە پێوەبووین پتر کارێکی دێدەوانیمان ئەکرد تا بزانین ترومبێلی سەرقافڵەی پۆلیسەکان بەلای کوردستاندا با ئەداتەوە یان نا؟ لەگەڵ هیوا بڕانمان بۆ ئەو بادانەوەی ترومبێلان، کەهەربایان نەدایەوە ئیتر زۆرینە لەسەر ئاسنی بۆدیەکە دانیشتین، من و دوویرام و چەند گەنجێک هەربەپێوە پشتمان دابووە دەرگای پشتی پشتەوەی لۆریەکە، دوو برای گەنجی سەڵتمان لەگەڵ بوون، کە خەڵکی کفری بوون، هیچ بیرم نییە لە کەرەجەوە لەگەڵ ئێمەبوون یان لەئەنزڵەوە، زۆربەی سەرنشینانی لۆریەکەمان وورده وورده و بەناچاری و هەر لەشوێنی خۆیان و بەجل و بەرگیانەوە سەرئاوی گەورە و بچووکیان ئەکرد و هەندێکیشمان کە تۆلاز و گەنج بووین، خۆمان گرت، بەڵام هەموومان هەستمان بەوە ئەکرد کە ژێرەوەمان بەردەوام تەڕایی پێدا ئەڕوا. ئەوە باش بوو لۆریەکە دانەپۆشرا بوو و بای خێراش ئەوێی بۆنبرکردبوو .

**بەرەو عەرەبستان**

بەتەواوی بیرم نایەتەوە لە چ شوێنێکدا لەوە دڵنیابووینەوە، کە ئاراستەی کاروانی ڕوو لەدووره وولاتیمان بەرەو عەرەبستانە، بەڵام ئیدی لەو خاڵەی کە هەمدیس بیرم نییە کوێ بوو لە گەڕانەوەمان بۆ زێدی خۆمان هیوا بڕاو بووین، ئەمە بۆخۆی دەروونمانی زۆر ناڕەحەت کرد و دەیان ئەگەر لە خەیاڵ و زەینماندا کەڵەکەیان ئەکرد، ئیدی نەگەڕانەوەمان بۆ شارو دێهات و ناوچەکانمان بووە

ڕاستیەکی زۆر ئازاربەخش، بەڵام ئەو ئازار و خەفەتە لەوساتانەدا زۆر کەمتر بوو لەو ئازار و شڵەژانە دەروونییەمان، کە هێشاش نەمان ئەزانی بەرەوکوێی عەرەبستانمان ئەبەن، یاخود هەندێک جار (من خۆم بە نموونە) تووشی دڵەڕاوێکێ و نیگەرانیەکی قووڵ ئەبووم و هەستی ترسێکی زۆر ئەیخواردمەوە سەبارەت بە پرسیارێکی فرە ڕەهەند و فرە کاریگەری و مەترسیدار و فرە پرس لەخۆکردن لەبارەی ئەوەوە داخۆ چیمان بەسەردێنن و چیمان لێ ئەکەن؟ ئایا زیندانیمان ئەکەن؟ تا ئاستی یەک خێزانیش لەیەکترمان دائەبڕن و ئەمانکەنە ئاردی ناو دڕیان؟ لەخۆمان ئەپرسی داخۆ ئەگەر لەشوێنانیش دامانبنێن، تۆ بڵێی چۆن بژین و چۆن گوزەران بکەین؟ ئایا دەرفەتی کار و کاسبی وخوێندمان پێ ئەدەن یان نا؟ بەڵام لەبیرکردنەوەی مندا لە هەموو شت گوماناوی ترو مەترسیدارتر ئەوە بوو ئایا هەندێکمان، کە فەرماندە و پێشمەرگە و کادری پارتی و ڕێکخراوە جەماوەریەکانی بووین و هەندێکیش، کە پێش ئەوەی ببنە پێشمەرگە پلەداری سوپاو پۆلیس بوون، ئەمانگرن و زیندانی تاهەتاییمان بەسەردا ئەسەپێنن یان لەسێدارەمان ئەدەن؟ من خۆم یەکێک بووم لەوان، کە تا تێکچوونی شیرازەی حزبایەتی لەدوای نسکۆی شۆڕش وئاوارەبوونی هەمووڵەهەموو بۆ ئێران هەر ئەوە نەبوو ئەندامێکی ئاسایی پارتی بم، بەڵکو من لە (١٩٧٢)ەوە ئەندامی ناوچەی چۆمانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بووم و دوو براشم ئەندامی قوتابیان بوون، هەروەها پلەداری تری پۆلیسمان لەگەڵ بوون وەک خوالێخۆشبوو (محەمەد ئەمین غەفور ڕواندزی) کە ساڵانێکی زۆر لەگەڵ باوکم پێکەوە پێشمەرگە بوون، جگە لەوانیش کادری تری حزبی وڕێکخراوەیش لەگەڵ کاروانەکە دابوون، وەک خوالێخۆشبوو (حەسەن ڕەمەزان) کە تا نسکۆی شۆڕش بەرپرسی ناوچەی ڕواندزی یەکیەتی قوتابیان بوو، (لە کۆتایی نەوەتەکاندا بوو بە دادوەر، هەروا بەڕێز (عائیشە محەمەد) ئەندامی ناوچەی ڕواندزی ئافرەتان بوو، خوالێخۆشبوو (شێخ لەتیف شێخ نەجیمی بلێ) فەرماندەی پێشمەرگەبوو، پێشمەرگەیەکی تریش لەگەڵ کاروانەکەدا بوو بەناوی (عمر ڕەشاشچی) کە خەڵکی خەلیفان بوو و دڵنیانیم لەژیاندا ماوە یان نا هەروەها خوالێخۆشبوو (نەبی ئەحمەدە ڕەش) کە پێشمەرگەی کۆماری کوردستان و ئەیلول بوو، هەروەها خوالێخۆشبوو (حاجی عەبدوڵا گۆجاڕی) و پێشمەرگەی خوالێخۆشبوو (سالح حەمەدەمین گۆجاڕی) و پێشمەرگە خوالێخۆشبوو (مستەفا وسو سەرنەوسی)، ماڵی خوالێخۆشبوو حسێنە فەندی مەمیخانێ و کوڕەکانیان کە پێشمەرگەبوون، هەروەها خوالێخۆشبوو (مام صدیقی چایەچی) وکوڕەکانی و خوالێخۆشبوو (حاجی ئەنوەری بەربەر)

لەلایەکی دیکەشەوە کەسایەتی کۆمەڵایەتی شۆڕشمان لەگەڵ بوون لەوان خوالێخۆشبوو (قادر حقی ئاغای کاولۆکان) کە ئامۆزاو زاوای باوکم بوو، هەروەها (حاجی حەمەد ئەمین ڕواندزی) و ( حاجی حسێن دۆرbالیسی) و (شفیع محەمەد ئەمین) و خوالێخۆشبوو( کاک عزیز و برا خوالێخۆشبووەکانی کاک ئیبراهیم و کاک ڕەشاد) و (شەهید سلاح دزەیی) و هەروەها کاک جەمال ناوێک و براکەی بەناوی تاریق، کە کادرێکی ئیداری شۆڕش بوو و پێم وابێ کوردی فەیلی یان خانەقینی بوون، هەروەها زۆری تریش کە زەحمەتە ئێستا بیرم بکەونەوەو هیوادارم دۆستانی تر زانیاری ووردتر لەو بارەوە بڵاوبکەنەوە. لەڕاستیدا زۆری تری لەوجۆرە کادر و پلەدارو پێشمەرگە لە ناو کاروانەدا هەبوون، بەداخەوە هەموویانم بیر نایێنەوە.

**لەیادەوەری دایکمدا... چی؟**

من نازانم هەموو کەسانی کاروانە شوومەکە وەک من ئەو مەترسی و دڵەڕاوکێیانەیان هەبوو یان نا؟ چونکە لەڕاستیدا هەموومان داهێزرابووین و لەدڵەڕاوکێیەکی قووڵی پڕلەبازبازێن دابووین و لە پرۆسەیەکی خۆدواندن و مۆنۆلگ دابووین، بەڵام دڵنیام هەردوو دایکە خوالێخۆشبووەکەم و من و دووبراکەی ترم (خوالێخۆشبوو پشتیوان) و(فەیلی) و دووخوشکەکەی تریشم کەم و زۆر تارمایی چارەنووسە مەترسیدارەکە بەمێشک و خەیاڵماندا ئەهات وئەچوو، ئەویش لەبەر ئەوەبوو، چونکە مێژووی خێزانەکەمان لەڕابردوودا وەها بە کوردایەتی و کارەسات و سەروەریەکانیەوە شەتەک درابوو، کە ئەبووایە یادەوەریمان بە ئاقار و ئاراستەی هەرە هەڕەشەئامێزەکاندا بجوڵێ، ئاخر ئێمە باوکمان لە شۆڕشی دووەمی بارزان و لە کۆماری کوردستاندا، لەمەهاباد لەگەڵ بارزانی نەمردا وەک پێشمەرگە و فەرماندە و پلەداری سوپای کۆمار بەشداربوو، هەربۆیەش بێ ئەوەی ئامادەی دادگاکردنی بووبێ، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی بارزان و لەگەڵ چوار ئەفسەرە شەهیدەکەدا فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووبوو، بۆ ئەو مەبەستەش دوای شکستی کۆمار، کە لەگەڵ نەمر شێخ ئەحمەدی بارزان گەڕابووەوە عیراق ڕاستەوخۆ لە زیندانی موسڵدا خرایە ژووری چاوەڕوانی لەسێدارەدان، تا لە (١٩٥٣)دا ئازادکرا، دایکە زولەیخامان، کاتێ کە هاوسەرەکەی (واتا باوکم) چووە کۆماری کوردستان و دواتریش بۆ زیندان ئەو تەنیا دوومانگێک بوو ببووە هاوسەری باوکم، بۆیە یادەوەری ئەو لەگەڵ ئەوکارەساتانەدا ئاوێتە بوو، لەلاکەی تریشەوە دایکی من (دووریا عارف بەگی موکسی) کە لەڕۆژگاری کۆماردا لەگەڵ باوکمدا زەماوەند ئەکەن، یادەوەری و

بیرەوەریەکانی تژی بوون لە ڕووداوی ئازاربەخش و نەهامەتی و بەدەستەواژە میللیەکە پڕاوپڕ بوو لە لێقەومانی خۆی و ماڵەباوانی و ماڵەمێردیشی، چونکە لەسەردەمی کۆمار جگە لە (وەهاباغا)ی هاوسەری، (حەیدەر و تەحسین) ی برای پێشمەرگەی کۆماربوون و لەناو جەرگەی شەڕ و شۆڕەکان دابوون، برا هەرە بچووکەکەشی (یوسف) هەر لەفەزای شۆڕش و کۆماردا ژیابوو. دوای ڕوخان و کۆتایی کۆماریش، دایکم لەگەڵ ماڵە باوانی ژیانی ناو کەمپی سیمکۆاوی بارزانیەکان لە (دەشتەدیان) و دواتریش دوورخراوەیی و ئاوارەیی دەشتی هەولێری ناوچەی دزەییانی دیبوو، هاوکاتیش (وەهاباغا)ی هاوسەرە تازە زاواکەی وەک زیندانێکی سیاسی مەرگ بەسەردا سەپێنراو ڕاپێچی زیندان کرابوو و چاوەڕوانی ڕۆژو وادەی لەسێدارەدانی خۆی ئەکرد، وا ئێستاش دوای نوشستی شۆڕشی ئەیلول، وا دیسانەوە جارێکی دیکە دایکەکانم و خزمانی تریش و ئێمەی منداڵ و مێرمنداڵ و کیژانی (وهاباغا) سەرلەنوێ مەینەتی و ئازارەکانی دوورخراوەیی باوکم و زیندانیکردن و دوورخستنەوەی مامەکانم و کۆمەڵێک خزمانی ترمان لە زیندانەکانی ڕومادی ونوگرەسەلمان، ئەمجارەش دوای نزیک بەسی ساڵ نەهامەتی و ئازار و ئاوارەیی و ئایندە نادیاری ببووەوە ڕووبەڕووی بنەماڵەکەمان ببوەوە، بۆیە بەپێ بیرەوەری و دیتنی نەهامەتیەکان و لۆجیکەکە بێ، ئەوا هەرئەبێ وابێ کە لەناوکاروانەکەدا ئێمە وەک خێزانێکی داگیرکەر گەستوو (لەسەر کێشی ماران گەستوو) پتر لەهەرهەمووان درک بەو مەترسی نەهامەتیانە بکەین کە خۆیان بۆ لەبۆسە ناوین .

لەناوڕێگادا و کاتێ گەیشتینە ناوچەی خاڵس، هەموومان ماندوو ببووین و برسی و تینوو بووین و نیگەرانیەکانیشمان پتر بەسەر یەکەوە کەڵەکە ببوون و پرسیارگەلی بۆ کوێمان ئەبەن؟ چیمان لێ ئەکەین؟ چیمان بەسەردێنن؟ هەموو زەین و هۆش و ئاوەزیشمانی داگیرکردبوو. ئاماژەم بەبرسی بوون دا و پێشووتریش باسی سەموون و خورماکەم کرد، کە لە خاڵی سنووری مونزریەوە بۆیان فڕێدابووینە ناو لۆرییەکان، کە ئەو وەختە نە خورما و نەنانەکەشمان هەڵنەگرتەوە، لەڕاستیدا نان وخورماکە لەوێداو لە ڕەفتار لەگەڵ کردنەکەیدا کەرەستەی تێرکردن نەبوو بەقەدەر ئەوەی کەرەستەی ڕسواکردن و سووک کردن و بێز لەخۆکردنەوەمان بوو، بەڵام درەنگتر و کە برسیەتی تینی بۆ خەڵکەکە هێنا، بەتایبەت منداڵ و پیرو کەنەفتەکان، بۆیە وورده وورده زۆربە دەستیانکرد بە هەڵگرتنەوەو خواردنی نان و خورماکە .

**بەرێی خاڵسەوە بۆ بەغدا**

هێشتا ئێوارە بوو لۆرییەکان درپان بەجادەکە ئەدا، کە جادەیەکی زۆر خراپ و یەک ساید بوو هیچ لەجادەکانی نزیکی تاران نەئەچوو، کە ئێمە لەوکاتەی لە کەرەج بووین بینیبوومان و هاتوچۆمان پێدا ئەکرد. من بۆخۆم و براوخوشکانیشم یەکمجارمان بوو بەغدا ببینین، کە گەیشتینە ناو بەغدا هەمدیس لەچاو تاران، بەغدا لە پایتەخت نەئەچوو، هەرچەندە مێژووی دێرینی بەغداشمان خوێندبوو، کە پایتەختی عەباسیەکان بووەو لەو سەردەمەشەوە زانکۆی موستەنسریە و (دارالحکمە)شی تیابووە، بەڵام لەڕاستیدا نەوەی ئێمە کە بەهۆی ئاوارە بوونمان لە ئێران، بەشێکمان تاران و شاری تری ئێرانمان دیبوون، بەتایبەت تاران و شێوازی ژیان لەوێ بۆ گەنجانی هاوتەمەنی ئێمە ببووە نمونەی شاری پێشکەوتوو و پایتەخت، ببووە جێی سەرسامی ئێمە، بەڵام رێک لە جەرگەی ئەو خەیاڵانەدا پرسیارێکی تر سەری هەڵئەدا و بڕوام وایە هەر یەکەمان لە خۆی ئەپرسی، ئەی بۆچی زۆربەمان بەجێمان هێشت؟ ئەمە پرسیارێکە ئێستاشی لەگەڵدابێ وەڵامەکەی گرنگە و دڵنیام هاوکار ئەبێ لەتێگەیشتن و شرۆڤەکردنی سۆسیۆلۆژیای تاک وکۆی کوردەواری شۆڕشگێڕ و ئامانجدار، ئەم قسەیەم هی ئەوەیە پسپۆڕانی بوارەکانی (سۆسیۆلۆژیای شۆڕش، سۆسیۆلۆژیای شکست، سۆسیۆلۆژیای ئاوارەبوون وهتد..) توێژینەوە لەبارەیانەوە بکەن بەتایبەت کاریگەری و لێکەوتە جیاجیاکانیان بەسەر ڕەفتاری سیاسی و ڕەفتار و ئاکاری شۆڕشگێڕانەی دواتری تاک و گروپەکانی کوردەواری بدۆزنەوە، من وای بۆ ئەچم ئەو ژمارە ئاوارانەش، کە لەدوای نوشستی شۆڕشی ئەیلول چوونە دیمەشقی پایتەختی سوریا (کۆماری عەرەبی سوریا) لەدۆخ و هەل ومەرج و ژینگەیەکی جیاوازی شارستانی، کلتوری وسیاسیدا ئەژیان، بەتایبەت کە لەوێ فەڵەستینیەکان و رێکخراوە جیاجیاکانیان بەڕاست و چەپیانەوە لەوێ بارەگاو کاری سیاسی و میدیاییان هەبوو، دۆخی هاوشێوەی ئەوێ لەلوبنانیشدا هەبوو، کە دڵنیام کاریگەری زۆری بەسەر ئەو ئاوارانەی باشوورەوە هەبوو، کە چووبوونە دیمەشق و لەوێش چالاکی پارتە سیاسیەکانی کوردستانی باشوور و ئۆپۆزسیۆنی عیراق (عەرەب) گەرچی لەلایەن دامەزراوە ئەمنیەکانی سووریاوە چاودێریکراو یان کۆنترۆڵ کراو و بگرە بۆ هەندێکیش ئاراستەکراویش بوو، بەڵام بواری هەڵسووڕانیان هەبوو، هەر بۆ نموونە ( یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) هەر لە دیمەشق دامەزراو بوارە سیاسی، میدیایی، دپلۆماسی و سەربازییەکەشی هەر لەوێ بناغەیان دارێژرا، سەرۆک بارزانیش لە کتێبەکەیدا و لە چەند دیداری میدیایشدا ئاماژەی رێزلێنەرانەی

بە سووریا داوە لەبەرامبەر ئەو دەرفەتەی بۆ پارتەکانی کوردستانی باشوور و بۆ ئۆپۆزسیۆنی ئەوسای عیراق ڕەخساندبووی، ئەوەی لەو کاروان و دۆخی ئاوارەبوونەی کوردی باشوور بۆ سووریا جێی سەرنجە و لە دۆخەکەی ئێران جیای ئەکاتەوە چەند شتێکی بنەڕەتییە، کە دواتر کاریگەری بەسەر بزاوتی سیاسیە فیکری، میدیایی و بگرە بەسەر پێکهاتەی ڕێبەرایەتیی پارت و ڕەوتە سیاسیەکانیشەوە دیار و بەرچاوە، یەکێک لەو خەسڵەتە گرنگانەی ئاوارەکانی باشوور لە دیمەشق (سووریا) ئەوەبوو کە زۆرینەی هەرەزۆریان سەڵت بوون و بەشی زۆریشیان خوێندەوار و ژمارەیەکیشیان ڕووناکبیر بوون و وەک چۆن بەشێکی زۆری تریشیان سەرکردە و کادری سیاسی و پێشمەرگایەتی شۆڕشی ئەیلول بوون، هەر بۆیە دواتر، کە پارتە سیاسیەکانی باشوور، هەندێکیان لە نوێوە دامەزران و هەندێکیشیان بەگەرمی لەوێدا خۆیان ڕێکخستەوە، ژمارەیەکی بەرچاو لەوکادرانەی چووبوونە ئەوێ دواتر و هەر بەزوویی لە ناو پارتە سیاسیەکانی باشووردا گەیشتنە پلە و پێگەی باڵای سەرکردایەتی پارتەکان، نامەوێ درێژە بەو بابەتە بدەم، بەڵام زۆر گرنگەو ئەکرێ و پێویستیشە بەشێوەیەکی چڕوپڕ کاری لەسەر بکرێ، بەتایبەت لەلایەن ئەوکەسانەوە، کە لەو سەردەمدا چووبوونە سووریا وهەندێکیشیان لەوێوە یان چوونە ئەورووپا و وڵاتانی تر یان جارێکی تر بۆ شۆڕشکردن و کاری سیاسی گەڕابوونەوە باشوور. بەڵام ئەم باسەی من سەبارەت بەو کوردانەیە کە بۆ ڕۆژاوا و خوارووی عیراق بەشێوەیەکی زۆرەملێی بێ هیچ هاندانێکی نەرم ڕاگوێزرابوون، هەروەها کەم و زۆر سەبارەت بەو کوردانەشە کە بەشداری گەڕی (١٩٧٤-١٩٧٥)ی خەباتی شۆڕشگێڕانەیان کرد و بەپێی بڕیارەکانی لێبووردنەوە گەڕابوونەوە شار و شارۆچکەکانی خۆیان و چووبوونەوە سەرکار و کاسبی و فەرمانبەری خۆیان، بەڵام دواتر ژمارەیەکی زۆریان هەر بە ئامانج و هۆکار و مەبەستی سیاسییەوە وەک فەرمانبەر گوێزراوبووەوە ڕۆژاوا و ناوەڕاست و خوارووی عیراق، هەرچەندە ئەوانیش هەر (عائدون) بوون بەڵام لیستی قەدەغەکانیان کورتتر بوو لەچاو ئێمەمانان .

هەر بۆ بیرخستنەوە و ئاماژەپێدان ئەوەش ئەڵێم، کە لە دوای نوشستی شۆڕشی ئەیلول نەمبیستووە هیچ کەسێک لەئاستی باڵا یان ئاسایی بەشێوەیەکی ڕەسمی لەتورکیادا بوویێتە پەنابەر یان لەوێ جێنشین بووبێ، بەڵام بەپێی هەندێ دۆخی ناجێگیر و ئاڵۆزی تورکیا، دەوڵەت یان هەندێ دامەزراوەی تورکیا چاویان لە بوونی پێشمەرگەو هاتووچوویان بەدیوی باکوری کوردستاندا ئەپۆشی، لەبەر زۆر هۆکاریش توێژینەوە لەو دۆخە بەکارێکی پێویست ئەزانم،

کە توێژەران بەپێی بەڵگەنامەکان کاری لەسەربکەن .

**بەغدا، دیتنت شەڕ**

بێمەوە سەر یەکەم دیتنی (بەغدا)م ؛ ئەو بەغدایەی ئەوساش نەمئەتوانی وەک پایتەختی خۆم دانی پێدابنێم، وەک چۆن ئێستاش بەدیدێکی ڕوونتر و بە بڕوایەکی نەگۆڕ و سەقامگیرترەوە بە پایتەختی خۆمی نازانم و تەنیا و تەنیا بە پایتەختی دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان و بەناوەندێکی کارای پیلانگێڕی دژ بە کوردی ئەزانم وهاوکات ناچارم دان بەوەشدا بنێم، بێ ویستی خۆم و بەبڕیاری نێودەوڵەتی ڕەگەزنامە و پاسپۆرتیشم هی ئەو پایتەختەیە .

وورده وورده، کە چووینە ناو شەقامەکانی بەغدا و بەتایبەت، کە پەڕینەوە بەری ( کەرخ )، ئەوسا و ئێستاش بیرم نییە و نەمزانی بە کام پردا پەڕینەوە، کاتەکە دوای عەسربوو، کە کاروانی لۆرییەکان بەناو شەقامەکانی بەری کەرخدا ڕووە و ڕۆژاوا ملی نابوو، ئێستا و دوای ئەوەی دەیان جار ناوی نەقل بەڕێ و لۆریم هێناوەو باسمکردووە، کە ئەم لۆریە دوور و درێژانە بۆ گواستنەوەی شمەک بوو، نەوەک بۆگواستنەوەی مرۆڤ، ئەوەش نازانم مەڕ و ماڵاتیان پێ گواستۆتەوە یان نا؟ ئەبێ ئەوەش بڵێم کە تەواوی ئەو جۆرە لۆرییانە هی کۆمپانیایەکی سەربە وەزارەتی گواستنەوەی دەوڵەتی عیراق بوون، ڕەنگە بۆ یەکەمجار کورد سواری ئەو لۆریانە کرابن و بەو گەرمەسێرەدا ڕاگوێزرابن، بۆیە هەر ئێستا بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات، کە بۆچی هەر بەو هۆیەوە، کە کوردیان لەو لۆریانە بارکرد و ڕایانگواستن ناوی لە (النقل البري)ەوە نەگۆڕین بۆ (نقل کوردی)؟! لەڕاستیدا بەووردی ئەوەش نازانم داخۆ وەختی ئەنفالکردنی کورد، ڕژێم بۆ ڕاپێچکردنی ژن وپیاو و منداڵی کورد بۆ لە گۆڕنانی بەکۆمەڵیان ئەو جۆرە لۆریانەی بەکارهێناوە یان نا؟ ڕەنگە هێندێ لەو بەڕێزانەی ئەم چەند دێڕەی من ئەخوێننەوە، بڵێن: جا ئەمە چییە بۆ ئەبێ ناوی تر لەو لۆریانە بنرێن؟ بڕوام وایە، کورد لەهەموو بەش و پارچەکانیدا و لەهەر شوێنێکی تری دەرەوەی کوردستانیش بژین، پێویستە وەک تاک و وەک گروپی کۆمەڵایەتی و بگرە ئاینیشەوە گرنگی زۆر بە یادەوەرییەکانیان بدەن، نەک هەر یادەوەریەکانی بەرگری وپێشمەرگایەتی و کوردایەتی و یادی سەرکەوتنە مەزنەکان و یادی کارەساتەگەورەکان، بەڵکو لەپاڵ زیندووهێشتنەوەو بەردەوام نوێکردنەوەی ئەو یادوەریانە لەئاستی کوردستانیدا زۆر پێویستە لەئاستی یەک ناوچە، یەک عەشیرەت، یەک گوند، یەک ماڵبات و خێزان و لەئاستی یەک تاکە کەسیشدا، یادەوەر و یادگارییەکان بپارێزرێن و بەزیندوویی بهێڵرێنەوەو

بۆ نەوەکانی دواتر لەڕێی بەرهەمی جۆراوجۆرەوە بگوازرێنەوە. بێگومان یەکێک لەو بوارانەی یادەوەری نەتەوەییمان، کە ئەبێ بپارێزرێن و بەردەوام ڕۆحیان وەبەربهێنرێتەوەو تۆماربکرێن و بخرێنەوە بەرچاو و لەناو هۆشمەندی و زەین و بگرە لەناو خەیاڵدانی نەوە یەک لەدوا یەکەکانمان جێبکرێنەوە، ناو و دەستەواژەی ڕووداو و جوگرافیاشە، نەیارانی سەربەخۆیی کوردستان لەدەرەوە و لەناوەوە بەکەڵک وەرگرتن لە هەر کار و شێوازێک گەرەکیانە کوردبوونمان بسڕنەوە و نەهێڵن، مەبەستم لە کوردبوون بە واتای بوونی نەتەوەییمانە بەتەواوی ئەو ئیمتیازانەوە، کە جوگرافیای کوردستان و زمان و کلتورو مێژوومان و تراژیدیا و سەرکەوتنەکانمان پێمانیان بەخشیووە، ئێستا جۆرێکی تری نەرم بۆ ئەسمیلاسیۆن لە دژی کورد لەئارادایە، من چەمک و تێگەیشتنێکی نوێ لەمەڕ ئاسمیلاسیۆنی نەتەوەی کورد بەکاردێنم، کە ئەویش هەڵێنجراوی دیدی داگیرکەران و دۆستانیانە، ئەمیش بریتیە لە کورتکردنەوەی هەبوونی نەتەوەیەکی وەک کوردە لەناو دەقە ئەکادیمیە مێژوویی، ئەنترۆپۆلۆژی وسۆسیۆلۆژیەکاندا و بێ هەبوونێکی ڕیالیتی، ئەم ئاراستەیە بەتەواوی پشت ئەبەستێ بە سڕینەوەی یادەوەریەکانی تاک و کۆی نەتەوەی کورد، کە بێگومان هیچ نەتەوەیەکی بێ یادەوەری ناتوانێ خەسڵەت و ڕەهەندەکانی نەتەوەبوون لەخۆیدا جێ بکاتەوە و بپارێزێ و هەروەها خاڵی ئەبێتەوە لە هەر مانا و دەلالەت و بگرە خاڵی ئەبێتەوە لە هەر سومبلێکی نەتەوەیی و ئیتر نەتەوەکە بێ مێژوو ئەمێنێتەوە، بۆیە لەسەرمان پێویستە، کە لەئاستی تاک و گروپە کۆمەڵایەتی و لەئاستی نەتەوەدا بەگشتی جەنگێکی تری بێ وەستان و بێ سازش و بێ دوودڵی بەرپابکەین لەبەرامبەر مەترسیە نەقۆڵاکە، کەئەویش مەترسی سڕینەوەی یادەوەریەکانمانە، کە سڕینەوەی نەتەوەیە. بەڕاستی وەک گریمانە، نەتەوەیەکی بێ یادەوەری چۆن پێناسە ئەکرێ؟

کاتێ لەسەرەوە پێشنیارم کرد ئەو لۆریانە بە (نەقڵ کوردی) ناودێر بکەین مەبەست بەتەنیا ناولێنانێک نییە، بەڵکو لەڕێی ئەو ناودێرییەوە دنیایەک نەهامەتی و زوڵم و لەوسەریشەوە دنیایەک داستانی بەرگریکردن لەیادەوەری دەستەجەمعیمان جێ ئەکەینەوە، کە ئەبێ بیانگەیەنینە نەوەکانی داهاتووشمان.

من ئەمەوێ یەک دوو نموونە، کە بیرم دێنەوە باس بکەم، کە لەئاستێکی سنوورداردا بەشدارن لە بونیادی یادەوەری نەتەوەییماندا، مۆڵەتم لەکەسیان وەرنەگرتووە بەڵام دڵنیام لەناوهێنانیان ناڕەحەت نابن، بەتایبەت کە ناوەکانیان زادەی ئەو کارەساتە دڕندانەن کە داگیرکەران لەڕابردوو و ئێستاشدا، هەربۆیان

بلوێ بەسەر خەڵکی کوردستانی دائەهێنن .

کوڕی تۆبەرەی بەڵقیس خانی کچەمامم، کە لە گەرمەی بۆمبارانەکانی چڕ و درِندانە و بەردەوامی فڕۆکەکانی بەعس لە (١٩٧٤-١٩٧٥) لە ئەشکەوتێکی نزیکی پردی (حافیز) لەسەر ڕێی هاملتۆن و لە کات وساتی بۆردوومانـدا لەدایک ببوو، مامۆستا ئەنوەری سمایلاغای باوکی ناوی نا (بۆردومان)، بەو پاشخانەوە بۆردومان تەنیا ناوێکی ئاسایی نییە بەڵکو یادەوریەکی نەتەوەیشە و مەبەست لەو جۆرە ناونانە تەنیا پێناسە نیە، بەڵکو مەبەست زیندووهێشتنەوەی یادەوەرییێکی شۆڕش و کوردایەتیە و هاوکات تۆمارێکی تراژیدیای نەتەوەکەشمانە .

بەر لە دەساڵێک یان زیاتریش لە ساڵیادی ئەنفالی گەرمیاندا نواندنێکی تەلەفزیۆنیم بینی وابزانم لەکەلار بەرهەم هاتبوو، کچێکی هونەرمەند بەرهەمی هێنابوو، کچە هونەرمەندەکە ناوی (ئیڤا) بوو، دوای بەدواداچوون سەبارەت بە ناوەکەی بۆیان باسکردم، کە ئەو هونەرمەندە لەسەردەمی ئەنفالدا کە خێزانەکەی بۆ بردنیان بەرەو زیندان خراونەتە ناو ئۆتۆمبێلێکی سەربازی لە جۆری (ئیڤا) و دیارە دایکەکە سکی هەبووە و لەوساتەدا کە لەناو تۆمبێلەکەدان ژانی منداڵبوون ئەیگرێ و هەرلەوێدا کچێکی ئەبێ، نازانم دواتر کێ ناوی ئەنێ ئیڤا، (ئیڤا) خان لەیەک کاتدا سێ ڕەهەندی هەیە، ڕەهەندی شوناس پێدانی مرۆڤێک، ڕەهەندی تۆماری پتر لە کارەساتێک و هەروەها ڕەهەندی یادەوەری .

ڕەنگە زۆری و فراوانی زۆر ناوی تری وەک هەندرێن، زۆزک، گارا، زمناکۆ، ماکۆک، سەفین و ناوی دەیان شاخی تری کوردستان هەریەکە و وەک بەشێک لە یادگاری شەڕ و داستانی نەبەردیەکانی پێشمەرگە بونیادی یادەوەری شۆڕشی کوردستان پێک ئەهێنن. ناوێکی دیکە کە یەکجار زۆر لەکوردستاندا، بەتایبەت لە باشوور بڵاوبۆتەوە ناوی (ئاراس)ە کە بە یاد و یادەوەری پەڕینەوەی سەخت و مێژووی بارزانی نەمر و هەڤاڵانی بوو لە ڕووباری ئاراس کاتێ کە دوای شکستی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بە ناچاری پەنایان بردە بەر یەکیەتی سۆڤێیت.

لەڕاستیدا بونیادی کوردبوونی تاکەکان و دواجار کوردەواری بەگشتی هەزاران هەزار سەرچاوەی هەیە کە ئەویش لەڕێی گەنجینەی یادەوەریەکانی تاکەکان، خێزانەکان، بنەماڵەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتی سیاسی و کلتوریەکانەوەیە، بۆیە زۆر گرنگە هەموو کەس و هەموو خێزانێک و هتد... ئەو یادەوەریانە بپارێزن و بەزیندوویی بیانهێڵنەوە و پشاوپشت بیانگوازنەوە بۆ نەوەکانی

داهاتوومـان، چونکـە بـڕوام وایـە مانـەوە و گواسـتنەوەی یادەوەریـەکان یەکێکـە لەفاکتـەرە سـەرەکیەکانی مانـەوەی نەتەوەییمـان، لـەو بارەوە دوا قسـەم ئەوەیە، کە ئەوە تەنیا سـەرکردە و کەسـایەتیە سیاسـی و کۆمەڵایەتی و پێشمەرگایەتی و کلتوریەکان و و کەسـانی ئاینی و تەکیەو خانەقاو شـێخ وڕابەری تەریقەتەکان و هتـد... نیـن، کـە یـادەوەری و بیرەوەریەکانیان شـایانی نووسـینەوە و تۆمارکردن و بڵاوکردنـەوەن، کـە بێگومـان هـی ئـەو کەسـایەتییانە گرنگـی زۆرتریـان هەیـە، بـەڵام یـادەوەری و بیـرەوەری کوردبـوون و کوردایەتـی لای هـەر هەمـوو تاکـەکان و خێزانەکانـدا هەیـە و گرنگیشـیان هەیـە.

تێپەڕین بەبەغدا، وەک تێپەڕین بەژێر تیغی شیردا

کاتێـک، کـە بـاس لـەوە ئەکـەم بەغـدا وەک تـاران جـوان نەبـوو، یـان جـوان وخـۆش نەهاتـە بەرچـاوی مـن، ڕەنگـە دۆخـی نالەبـاری ئێمـەی کـە وەک مـەڕ و بـزن خرابووینـە نـاو (نەقـڵ کـوردی)ەکان وا کاری تێکردبم، کە ئێستاشـی لەگەڵ بـێ بەغـدا بەشـار و ژینگەیەکـی شارسـتانی و جوگرافـی و دیمۆگرافیەکی خۆش و دڵگیـر نەزانـم، ڕەنگـە لـەوەش گرنگتـر ئەوەبووبـێ، کـە بەغـدا بۆ ئێمـە پایتەخت و ناوەنـدی بڕیـاری دژ بـە ئێمـە و ناوەنـدی بڕیـار و پـلان و پیلانـی ئەوهەمـوو پەلامـار و دوژمنکاریـە بـوو کـە لـەدژی کـوردی (باشـوور) ئەنجـام درابـوو. لێـرە ئەبـێ ئامـاژەیـەک بـەوە بـدەم، کـە دەوڵـەتی داگیرکـەر و دوژمن بە کـوردی عیراق بـۆ ئێمـەی باشـووری کوردسـتان دوژمنـی سـەرەکی و لەپێـش تـر بوو تـا تاران و پایتەختەکانـی تـری داگیرکەرانمان، بۆیە هەرچەندە تارانی شاهنشـاهی بەشـداری پیلانـی جەزائیـر بـوو، کـە زۆرتـر لەدیـدی کوردانـی باشـوور وەک خیانەتـکار و دەسـتبڕ ئەبینـرا و لەڕیزبەنـدی ئێمـەدا بەپلـە دوو دەهـات، ڕەنگـە فاکتـەری تری ئاسـت نزمتـر یـان پەراوێزتـر هەبـن کـە بەغـدای لەبـەر چاوخسـتبووین و تەنیـا و تەنیـا وەک دێوەزمـەی شـەڕئەنگێزو دڕنـدە ببینیـن .

بەهەرحـاڵ، کەبەنـاو شـەقامە سـەرەکیەکانی بەغـدادا تێئەپەڕیـن (بـەری کـەرخ) لێـرە و لـەوێ کەسـانێکمان ئەبینیـن، کـەوەک لاساییکردنـەوەی سـەربڕین بـە شمشـێر ئاوهـا ئامـاژەیـان بـۆ ئەکردیـن، وەک ئـەوەی پێمـان بڵێـن (ئێـوە سـەرئەبڕین) یاخـۆ بڵێـن (ئێـوە شایسـتەی سـەربڕینن) ئاخـر ڕاگوێزانمـان بـەو (نەقـڵ کوردی)انـە و بـەو زەلیلیـەی کـە بەدەم و چاو قیافەمانـەوە دیاربوو، وەک ئەوە وابوو، کە ڕقی داگیرکەر و شـۆڤێنیەکان وای لێ بێ، ئامـاژە بە کوشـتنمان بکـەن، ئێسـتا بیرئەکەمـەوە، لەڕاسـتیدا زۆری نەخایانـد کـە هەمـان عەقڵیـەت و فیکـرو خەسـڵەتی داگیرکەرانـەی دەوڵـەتـی عەرەبـی عیـراق دوای تێپەڕبوونـی تەنیـا سیانزەسـاڵ بەنـاو هەمـان بەغـدا یـان بـە شـارەکانی خوارتـر یاخـۆ بەنـاو

ڕێگەوبانەکانی تردا، سەدان هەزار ژن و پیاو و پیر و گەنجی کوردیان لە تاوانکاری ئەنفالدا ڕاپێچی بیابانی مەرگ کرد و زیندە بەچاڵیان کردن، ئەوە مێژوو بوو خۆی دووبارەکردەوە، بەڵام دووبارەبوونەوەیەک پێچەوانەی بۆچوون و خوێندنەوەکەی (مارکس) لەبارەی خەسڵەتی دووبارەبوونەوەی مێژوو، کە ئەو بڕوای وابوو مێژوو شیانی دووبارە بوونەی هەیە، بەڵام ئەبووت کە دووبارە بوونەوەی مێژوو بەشێوەی کۆمێدی ئەبێ، کەچی بۆ کورد تەواو پێچەوانە کەوتەوە، چونکە دووبارەبوونەوەی پرۆسەی ڕاگواستن لە ئەنفالەکاندا، لوتکەی تراژیدیا بوو .

**لە (بەغدا)وە بۆ (بەغدادی)**

شەو، کاروانی لۆریەکانمان لە فەلوجە وەستا و ئێمە هەر لەناو لۆریەکاندا مایەنەوە، بەڵام ڕۆژانی دواتر زانیمان کە لەوێ ژمارەیەک خێزان (نازانم چەند بوون) جیاکرانەوەو نێردرانە گوندەکانی ئەوێ، دوای ماوەیەک ڕۆیشتن لە گوند یان ئاوەدانیەک تردا و لەبەردەم مزگەوتێکدا دیسان کاروانەکە وەستا، ڕێگەیان داین دابەزین و لەمزگەوتەکە دەم وچاومان بشۆین و دەستاوێک بکەین، ئەوێ ناحیە بوو بەناوی (محەمەدیە) گەنجانی گوندەکە زۆر بەدەنگمانەوە هاتن و هاوکامان بوون، لەوێش ژمارەیەک خێزان، کە پێ ئەچێ هەر لە خانەقینەوە ژمارە و ناویان دیارکرابێ، کە لەوێ جیابکرێنەوە. ئیتر دوای کورتە پشووێک سواریان کردینەوە و تا ناحیەی (بەغدادی) نەوەستاین، کە سەر بە قەزای (هیت) بوو. لەو هەموو کەین و بەینەدا ڕۆژ هەڵهات و ئیتر پرۆسەی دابەشکردنمان بەسەر ناو ناحیەکە و گوندەکانی و ناوچەی (جزیرە) دەستی پێکرد، خوالێخۆشبوو (قادر حەقی)ی پسمام و زاوامان زۆر پەرۆش بوو، کە شوێنی ماڵی ئێمە باش بێت، نزیک بە بیست ماڵێکیان بردینە شوێنێکی ناحیەکە کە هەر چەند دەقیقەیەک لەناو ناحیدکە دوور بوو، پێیان ئەووت (مونەسسە) کە ژمارەیەک خانووی تیابوو، وابزانم پێشووتر بارەگای مەیدانی پرۆژەی ڕێگاکە بوو کە بەرەو سنووری سووریا ئەچوو، ئیتر لەوێ نیشەجێ بووین، ئەوێ ئاوی نەبوو ڕۆژناڕۆژێک بەتانکەر ئاومان بۆ ئەهات و ئەخرایە نێو حەوزێکی گەورە.

هەموو ئەوانەی قوتابی بووین، خۆمان لە ناوەندی بەغدادی و ئەوانی لەئێمەش بچووکتر لە قوتابخانەی (رازی) سەرتایی ناونووس کران و ئەوانەی کە دواناوەندیش بوون وەک، ئەوەی بیرم مابێ لە قوتابخانەی ئامادەیی

ناوشاری (هیت) درێژەیان بە خوێندن دا. ئەوانەی پێکەوە لە ناوەندیەکەی ناحیەی (بەغدادی) بووین بریتی بووین لەم ناوانە (برای جوانەمەرگم پشتیوان عەبدولوەهاب، فەیلی عەبدولوەهاب، شێخ یونس شێخ لەتیف، لاوکۆ ڕەشید، هووشیار کەمال ڕواندزی، تاریق، مستەفا حاجی ئەنوەر، جەمال دێوانە و خۆشم .

هەڵگورد و ئاری براشم لە قوتابخانە سەرەتاییەکە ناونووس کران. لەوانەی لە ناوەندی بووین وابزانم تەنیا کاک تاریق کە فەیلی یان خانەقینی بوو و هەروەها منیش عەرەبیمان ئەزانی، ئەوانی تر مەگەر چەند ڕستەیەک قسەکردنیان بزانی بێ دەنا نەیان ئەتوانی بە عەرەبی بخوێنن، ئەمە تاکە کێشەی قوتابیە (عائدون)ەکان نەبوو، کێشەی تریش ئەوەبوو، کە گەواهینامەکانی خوێندنی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و هەروەها هی ئۆردوگاکانی ئێرانیشمان لێ قبوول نەکرا و لە پۆلەکانی پێشووتر داندراینەوە، بۆ نموونە من کە لە قوتابخانەکانی شۆڕش لەئۆردوگاکان هەردوو پۆلی سێی ناوەندی و چواری گشتیم تەواوکردبوو و بەحساب چووبوومە پۆلی پێنجی دواناوەندی، کەچی لەپۆلی سێیەمی ناوەندی دانرامەوە، ئەمە دۆخێکی دەروونی نالەباری بۆ هەموومان دروست کردبوو، کە هیچ چارەسەرێکیش لەئارادانەبوو، جوانەمەرگی برام چەند ڕۆژێک یاخی بوو و نەهاتە قوتابخانە، چونکە ئەوەی بەسزا ئەزانی پێی هەرس نەئەکرا دووپۆل بگەڕێتەوەوە دواوە، دوایی بە خۆشی و ناخۆشی بە هەموومان ناچارمان کرد وەک ئێمە مل بەوسزادانە بدا، کە هیچ چارەسەرێکی نەبوو، بەڕێوەبەری ناوەندییەکە، (عبدالمنعم ذنون) چونکە زۆر لەگەڵماندا باش بوو، بۆیە وەک ڕێز لێنانێک گەرەکمە ناوی لەم بەڵگە نووسینەدا وەک کەسێکی باش تۆمار بکەم، مامۆستای تریش هەبوون کە لەگەڵماندا باش بوون.

دواتر (یەکیەتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق) کە ڕێکخراوی سەر بە بەعس بوو و تاکە ڕێکخراوی ڕێگەپێدراو بوو لەناو قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکاندا کاریکا، زۆریان هەوڵدا بمانکەنە ئەندامی خۆیان، وابزانم تەنیا (تاریق) ناوەکە چووە ڕیزی قوتابیانی بەعس. دواتر زانیمان، کە ئەویش بۆیە ملیدابوو ببێتە بەعسی چونکە بە (تەبەعەی ئێرانی) ناونووسکرابوون و هیچ بەڵگە نامەیەکی عیراقیان نەبوو، هەروا بیستم کە دواجار هەر ئاودیوی ئێران کراونەتەوە .

ئەو سەردەمە کاک ( شێرکۆبێکەس )یش لەسلێمانیەوە وەک فەرمانبەر (نووسەری کارگێڕی) گواسترابووەوە بۆ ناحیەی (بەغدادی)، بەعس هەزاران کەسی لەوانەی دوای ڕێکەوتنی جەزائیر گەڕابوونەوە وەک سزایەکی سیاسی بەناوی گواستنەوەی کارگێڕییەوە گواستبوونیەوە شار و شارۆچکەکانی ئەوەی

پێی ئەڵێن (فوراتی ناوەڕاست) و خواروو و ڕۆژاوای عیراق، هێندەی زانیاریم هەبێ نە عائدونەکانی وەک ئێمە کە ڕاستەوخۆ لەئێرانەوە گەڕابووینەوە و نە کەسانی تریش، کە بە ناونیشانی گواستنەوەی کارگێڕییەوە لە شارەکانی کوردستان (لەناوەوەی سنووری ئۆتۆنۆمیەکە و لە شارو ناوچەکانی تری کوردستان لەدەرەوەی ئۆتۆنۆمیەکە) لەبەغدا، حلە، تکریت، سامەڕا، دیالە و بەسرە نیشتەجێ نەکرابوون و دوورخراوە کارگێڕییەکانیشیان بۆ ئەوێ نەگواسترابوونەوە.

لەسنووری پارێزگای ئەنباردا ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستا، فەرمانبەر و کەسانی ئاساییش گوێزرابوونەوە شاری ڕومادی، کە ناوەندی پارێزگای ئەنبار بوو، زۆریان لە سەرکردەی شۆڕشی ئەیلول و فەرماندەی پێشمەرگە و ئەو ئەفسەرانەش بوون، کە چووبوونە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان و ژمارەشیان زۆر بوو، خوالێخۆشبوو عمر دبابە، کاک سەید کاکە، خوالێخۆشبوو فەوزی ڕەشیدنامق، دکتۆر نەوزاد ڕفعت، دکتۆر یوسف ناوێک کە کریستیانی بادینان بوو و لەشۆڕشدا پێشمەرگە بوو، کاک ئەحمەد کە پلەی معاونی پۆلیس بوو پێش تەقلی بوونی بەهێزی پێشمەرگە، خوالێخۆشبوو مستەفا سالح کەریمی نووسەر، کاک فازڵ شەوڕۆی شاعیر، خوالێخۆشبوو مامۆستای وەرگێڕ محمد سالح قازانی، شەهید ملازم ستار، خوالێخۆشبوو فارس پیرداود کە پێش بوونە پێشمەرگەی ئەیلوول مفەوەزی پۆلیس بوو، بەداوای بوردنم لەوانەی بیرم نەماون و هیوادارم دواتر هەریەکە لەوانیش بەکورتیش بێ داستانی ئەو زوڵمەی دەوڵەتی عیراق بگێڕنەوەو تۆماری بکەن، نامەوێ مامۆستا هێمنی شاعیریش لەبیر بکەم، کە لەڕومادی بوو، بەڵام چۆن لەوێ بوو بیرم نییە، ئەو و چەند کەسایەتیەکی تر لە سەرپردی (وەراڕ)دا لە مۆتێلێک یان لە هۆتێلێدا، کەشوێنی حەوانەوەی هەندێکیان بوو شەوانەش پێکەوە لەوێ بۆ شەو بوێری مەینۆشی و هەروەها بۆ گفتوگۆی سیاسیش کۆ ئەبوونەوە، بەهێمنی شاعیریشەوە.

### خوانی (ئەبو سەعد) بۆ ڕێزگرتن لە (سەبری ئەفەندی)

دوای ماوەیەک لە (بەغدادی) جارێک خوالێخۆشبوو (قادر حەقی) زاوا و ئامۆزازامان، هەردوو دایکم و منیشی بردینە فەرمانگەی قائیمقامیەتی هیت و لەوێ قائمقامیشمان بینی، داواکاریەکیشمان نووسیبوو تا میری هاوکاریمان بکە بەو ناوەی بەخێوکەری خێزانەکەمان نەماوە، دیارە سیستمێکی وا هەبوو، کە هاوکاری خێزانی لەوجۆرە بکرێ، لەڕاستیشدا بەرپرسێکی کارگێڕی

ناحیەی بەغدادی هەبوو بەناوی (ئەبو سەعد) هەر لەرۆژی یەکەم و دووەمی گەیشتنمان بۆ بەغدادی هەر زوو سۆراخی خوالێخۆشبوو (سەبری نەجیب ئەفەندی ڕواندزی) پرسی بوو، کەساڵانێک پێش ڕێککەوتنی ئازاری ۱۹۷۰ لە قەزای هیت بەڕێوەبەری دارایی بوو و لەگەڵ (ئەبوو سەعد)دا دۆست و تێکەڵاوبوون، ئیتر کاک قادر حەقی، پێی ووتبوو، کە نەک هەر ئەیناسێ بەڵکو خزمیشین. ئیتر ئەو ڕێوشوێنی چوونە لای قائمقامی هیتی پێشاندابن و پشتیوانیشی کردین، بێجگە لەوە لە هەفتەی یەکەم و دووەم یان زیاتری جێگیربوونمان لەوێ،ماڵی کاک قادر حەقی و ماڵی ئێمەو چەندانێکی تری وەک خزم و ناسیاوی (سەبری ئەفەندی) لەماڵی خۆیدا میوانداری کردین، کە لەخانووێکی میری ڕێک وپێکدا بوو لەسەر ڕووباری فورات .

## شێرکۆ بێکەس و فورات و( کۆچ)

لەخوار خانووەکەی ئەبوسەعد بەدیوی فوراتدا کاک (شێرکۆ بێکەس)یش لەخانووێکی تری چیمەنتۆ دابوو کە نازانم بەکرێی گرتبوو یان ئەویش وەک هی ئەبو سەعد هی میری بوو، بۆیە باسی خانوو وماڵەکەی شێرکۆ بێکەس ئەکەم، چونکە لەو خانووەدا و لەکەناری فوراتدا چامەی (کۆچ)ی نووسی، کە یەکێکە لە شاکارەکانی.

گومانی تێدانیە کە شێرکۆ هەمیشە و بەتایبەت شەوانە گوێ و مێشکی پڕ ئەبوو لە هاژە و هاشەهاشی ڕووبارەکە تێکەڵ بە یادگەیەکی پڕاوپڕ لە بیرەوەری تاڵ وشیرینی شۆڕش و پێشمەرگایەتی و ئەشکەوتی سەردێمان، کە بارەگای یەکەم ڕادیۆی شۆڕش بوو لە ناوچەی گەلاڵەی باڵەکایەتی، کە شێرکۆ ئەو ئەشکەوتەشی لەگەڵ ڕادیۆکەدا لە قەسیدەیەکی تردا بەنەمری سپاردووە، ( کۆچ ) گەرچی یەکەم ئەزموونی شێرکۆ نەبوو لە شیعری درێژدا بەڵام، تا ئەو کاتە نایاب ترینیان بوو(بەگەڕانەوە بۆ شانۆنامە شیعریەکەی بەناوی کاوەی ئاسنگەر)ەوە.

ئەتوانم (کۆچ) بە مانیفێستۆیەکی شیعریانەی شۆڕش و نسکۆ و کۆڵنەدان ناودێری بکەم، کە لەقۆناخێکی زۆر هەستیاری سیاسی نەتەوەکەیدا نووسیبووی، پێم وایە و هێندەی ئاگاداربم، لێکۆڵەر و توێژەرانی بواری ئەدەبی کوردی بە تێری لەبارەی ئەو چامەیەوە نەدواون و کاریان لەسەر نەکردووە، بەتایبەت ئەکراو ئێستاش ئەکرێ بە بەراووردکاریەکی مێژووی سیاسی و ڕەوانبێژییەوە لەگەڵ نامەکەی (نالی) بۆ (سالم) و هەروا بەبەراوورد لەگەڵ شیعرە هاوبابەت و هاوخەیاڵەکانی تری کلاسیکی کوردی، بەتایبەت شیعرە نەتەوەییەکانی

حاجی قادری کۆیی ئەخاسمە چامەی (ووتم بەبەختی خەواڵوو...) کە لەدووره وولاتیدا نووسیوویەتی بەراووردکاری وورد و نایابی بۆ بکرێ، کەم و زۆر ڕاگوزەرانە شێرکۆ بێکەسم لە بەغدادی ئەبینی، بەڵام بۆ من ئاسان نەبوو دەرگای هیچ گفتوگۆیەکی ئەدەبی و سیاسی و هیتریشی لەگەڵدا بکەمەوە، باس و خواسێکم لەمەڕ (کۆچ)ەوە بیستبوو، دواجار دەرفەتێک گونجاو بەدەنگی خۆی گوێم لە (کۆچ) بوو .

چەند ڕۆژێکی پشووی نیوەی ساڵ لە بەغدا بوومە میوانی دۆست و هاوڕێی شەهیدم (مەهدی خۆشناو)ی نەمر، هاوکات لەگەڵ کاک نەژادی عەزیز سورمێ بەیەکەوە بووین، ئاخر ئەویش لەمیدیای شۆڕشدا لەڕادیۆی (دەنگی کوردستانی عیراق) و لە بەرەی شەڕی ڕواندزدا پەیامنێری جەنگ بوو، بۆیە ئەویش وەک سزای سیاسی بۆ عەرەبستانی خوارووی عیراق گوێزرابووەوە، شەوێک کاک شێرکۆش هاتە هۆتێل (ئەربیل) لە شەقامی ڕەشید لەوێ میوان بوو، درەنگی شەو لە لۆبی هۆتێلەکەدا هەرچوارمان یەکمان گرتەوەو بەهەر جۆرێک بوو شێرکۆی نەمرمان هاندا (کۆچ)مان بۆ بخوێنێتەوە، لەڕاستیدا هەرواشیکرد و دەفتەری تۆماری قەسیدەکەی دەرهێناو بە ڕیتمێکی پڕ لە جۆش و خرۆش بۆی خوێندینەوە، کە نزیک بە سەعاتێکی خایاند.

بەڵێ لەخانووەکەی سەر رووباری فورات، کە شێرکۆش باش ئەیزانی سەرچاوەکەی لە باکوری کوردستانە و بەناو ئەوهەموو دۆڵ و دەشت و پێدەشتەی باکوور و ڕۆژاوای کوردستاندا تێپەڕیوە و ئەوە ئێستا (کاتی نووسینی چامەکەم مەبەستە) بە تەنیشت زەین و خەیاڵ و یادەوەریەکانی شێرکۆدا پڕاوپڕ لە هەزارن ساڵ مێژووەوە تێئەپەڕێ و لاوک و سترانە کرمانجی و زازاکییەکان ئەچڕێ و شێرکۆش وەک ئازارناس و گوڵناسێک گوڵبژێ، خەمبژێر، کارەساتبژێر و خوێناوی نەتەوەبژێر، ڕاوی هەموو ئەو مێژووە ئەکا، تالەوێوە ئەو شاکارە نەمرە بنووسێت، کە چەندین جار لەخۆ بەراووردکردنێکی پڕ سەلیقە، لەگەڵ ڕەوانی فوراتدا کێبڕکێ ئەکا و گەورەیی کارەساتەکان، شاعیرانە لە فوراتەوە ڕاو ئەکا و لەفورات ئەباتەوە، بۆیە هەر ئەڵێت و ئەڵێتەوە (فورات نووستوو من نەنووستم)، ئاخر فورات ناهەق نییە بخەوێ، چونکە ئەو باری گران و سەنگینی مێژوو و خەم و خەونی نەتەوەی لە خۆدا تواندۆتەوەو بەرەو کۆچێکی ناکۆتا ئەیهێنێ و ئەیبا، تا ئەگاتە (ئێکاوێ عەرەبان) و ئیتر ئەوە شێرکۆیە لەو عەرەبستانەدا ڕێی پێ ئەگرێ و لەوێوە ئازار و مەینەتی و نرکە و هاڕەی کۆچی فورات تۆمار ئەکا و خوێنی نەتەوە ئەپرژێنێتە سەر تۆماری نەبڕاوەی شیعر، بۆیە شێرکۆ هەقیەتی ئەگەر لەو

ساتە نەهامەتیەدا فوڕاتیش بخەوێ، ئەو نەخەوێ، ئەی کێ پاسەوانی لە نەبەزینی نەتەوە بکا؟ بۆیە ئەو لەساتەکانی لەدایک بوونی (کۆچ)دا زۆر لای گرنگە وەک مەسەلەی بوونی نەتەوەیی و بوونی مرۆڤانەی کورد نەخەوێ و نەهێڵێ گلان دەستەمۆی بکا، بۆیە وەک گریمانەیەک شێرکۆ بڕوای بەوە هەیە، کە ئەبێ یەکێک لەوێ لەسەر فوڕات و یەکێکی تریش لەسەردجلە و ئەوی دیکەش لەسەرئەڵوەن و هەتا دوایی نۆبەداری لە کوردایەتی بکەن، لێرەوە شێرکۆ نۆبەداری خۆی لەگەڵ فوڕاتی کوردستاندا لێک گرێ ئەدات و ئەبێ یەکێک لەو دووانەیەی کورد و کوردستان نۆبەداربێ، ئەوە شێرکۆیە ئەیەوێ لە خەوتنی فوڕاتی سرووشت نەسرەوتی مێژوودا ئەو پاسەوان بێ و نەخەوێ و سلۆگانی (فوڕات نووست و من نەنووستم) هەمیشە سەربدا .

دۆزینەوەی کار

بەرنامەی ئەو سەفەرەم بۆ بەغدا کە یەک لە ئامانجە سەرەکیەکەم دیتنی هاوڕێم شەهید (مەهدی خۆشناو) بوو، هەندێ ڕاستی گوزەرانی خۆمی بۆ دەرخستم، کە کەمێکی لێرەدا باس ئەکەم .

هەر لە گەڕەکی ( موئەسەسە) بەغدادی بووین، کەتاقیکردنەوەکانی نیوەساڵمان کرد، بۆ پشووەکەی حەزمکرد سەرێکی بەغدا بدەم، بۆ دیدەنی مەهدی ئەمر و برادەرانی تر بوو، لەناویاندا شەهید (کاردۆ گەلاڵی)، کە لەوێ باسای ئەخوێند و هەروەها دیتنی هاوڕێی ومامۆستای شیعری و فیکری ئەوسام شەهید (دڵشاد مەریوانی) کە وابزانم خوێندنی تەواوکردبوو، هەروەها ئەمزانی بۆ ئەو جۆرە پشووانە برا و هاوڕێی دێرینم کاک ( نژاد عەزیز سورمێ)ش لەوێ ئەبینم.

تا بڕیاردانم بۆ سەفەرەکەی بەغدا، وام ئەزانی کە ئێمە لەوە پولدارترین، کە لەوێ قایمقام بۆی بڕیبووینەوە، چونکە هەردوو دایکمان هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو، کە من و براکانم لەخوێندن دوانەکەوین، بۆیە هیچ بۆنی نەداریمان لە ژیانی ڕۆژانەی ئەو چەند مانگەدا نەکردبوو، بۆیە بۆمن شۆک بوو، کە دایکم ڕوونیکردەوە تەنیا بڕێک تمەنمان هەیە و هیچی تر، خەریک بوو بەرنامەی سەفەرەکەم هەڵوەشێنمەوە، دایکم نەیهێشت و بڕێک لەو تمەنانەی دامێ (نازانم هیچی گلدابووەوە یان هەمووی دابوو بە من، بەلام دایکم زۆر بە مشوور بوو و زۆر نەبوونی ئەزموون کردبوو، بۆیە ئەشێ بڕێک تمەنی بۆ ڕۆژگاری ڕەشتر وەلاوە نابێ. هەر چۆنێک بوو تمەنەکەم لەبانکی ڕمادیدا گۆڕیەوە و بە پاسی حکومەت کە کرێی گواستنەوەکەی زۆر کەم بوو بەرەو بەغدا بەڕێکەوتووم بەو ناونیشان و ژمارەی پاسەکانی ناوخۆی بەغدا، کە پێشووتر لە شەهید

مەهدی بەنامـە وەرمگرتبـوو، خـۆم گەیاندە هوتێل ئەربیـل، کەئەوێش ئەو وەختە شـوێنی مانـەوەی زۆربـەی هەولێریـەکان بـوو، ئەوانـەی بـاری داراییـان زۆر خراپ نەبـوو، هـاوکات لەشـەقامەکەی ئەودیـودا (شـەقامی جەمهـوری) هۆتێلێکـی تـری کـوردان هەبـوو بەنـاوی (عەبدوڵـڵا) کە زۆرتر خەڵکی سلێمانی لـەوێ دائەبەزین، شـەهید دڵشـاد مەریوانی لەوێ بوو، شـەهید کاردۆ گەلاڵی و شـەهید عەلی هەژار لەگـەڵ خوللێخۆشـبوو کاک فریادێـک کـە لـەوێ ناسـیم لـە حەیدەرخانـە ژووریـان گرتبـوو، لەوسـەفەرەدا ئێوارەیەکیـش میوانـی شـەهید دڵشـاد بـووم، شـەوێکی تریش هـەر لای شـەهید مەهـدی لـە هۆتێـل ئەربیـل بـووم، شـەهید کاردۆش بـە نیازی سـەردانکردنی من هاتە لامان و زۆر باسـی سیاسـەتکرا، شـەهید کاردۆ کە پێشـووتر لەقوتابیـان بەرپرسـمان بـوو، متمانەی بە من هەبـوو بۆیە وەردە ووردە زەمینـەی ئـەوەی خـۆش ئەکرد، کـە بـە ئاراسـتەی سیاسـی خـۆی ڕامبکێشـێ کەدواتـر زانیـم ئـەو لەسـەرکردەکانی (بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان) ە، شـەهید مەهـدی هـەر زوو داوای لێکـرد کـەواز لەمـن بێنـێ و پێـی ووت ئـازاد خێزانێکـی گـەورەی بـە کۆڵەوەیـە و کوردایەتـی ئـەو ئێسـتا ئەوەیـە ئـاگای لـە دایکەکانـی و لەخوشـک و براکانـی بێـت، بۆیـە ئیتـر ئـەو باسـە گـۆڕدرا بە باس و خواسـی ئەدەبـی و ڕووناکبیـری، هەڵبـەت بـەر لـەوە بەهـۆی پەیوەنـدی زووتـر و زۆرتـرم بەشـەهید مەهدیـەوە باسـی بـاری گوزەرانـی خۆمـم بـۆ کردبـوو، کەهانـی دام لـە ڕومـادی کارێـک بدۆزمـەوەو بەشـەوان بخوێنم.

بیـرم نەچـێ باشـە، کە جوامێرێکی تری مامۆسـتا (عبدالمنعم زەنون) باس بکـەم، ڕۆژێـک چوومـە ژوورەکـەی و پێـم ووت کـە مـن پێویسـتمە کار بکـەم تـا ژیانمـان باشـتر بـێ، ئـەو وایزانـی بـەو شـێوەیە ئەمـەوێ داوای هـاوکاری داراییـی لـێ بکـەم، بـەڵام مـن زوو پێـم ووت زۆر سـوپاس، مەبەسـتم ئـەوە نییـە، بەڵکـو مەبەسـتمە هەفتـەی یـەک دوو ڕۆژ مۆڵەتـم بدەیتـێ بۆ ئەوەی لەگەڵ وەسـتایەکی خانـوو بچمـە سـەرکار، زۆر هەوڵیـدا کـە دەسـتبەرداری بیرۆکەکەبـم چونکـە تاقیکردنەوەی بەکەلۆریام هەبوو، بەڵام من وازم لەداواکەم نەهێنا و دواجار ڕازی بـوو هەفتـەی دوو ڕۆژ بچمـە سـەرکارەکە کە پێشـتر قسـەم لەگـەڵ کاک (عومەر ڕەشاشـچی) کردبـوو کـە وەسـتای خانووبـەرە بـوو،ماڵیشـی هـەر لای ماڵی ئێمە بـوو، ئیتـر چەنـد جارێـک لەگەڵ وەسـتا عومـەردا وەک کرێکار چوومە سـەرئیش. بـەڵام دواتـر بەهـۆی مامۆسـتا (شـێرکۆ ئەحمـەد حەوێز) کە خزمم بـوو و ئەویش وەک سـزادانی سیاسـی گوێزرابـووەوە قوتابخانەیەکـی نـاو ڕمـادی؛ ئـەو بەهـۆی کاک فـەوزی ڕەشـید نامقـەوە؛ کـە ئەویـش وەک سزای سیاسـی گوێزرابـووەوە بەڕێوەبەرایەتـی تەندروسـتی پارێـزگای ئەنبـار و بەڕێوەبـەری کارگێـڕی بـوو، کە

دکتۆرێکی خەڵکی بادینان بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی بوو ناوی (ئەحمەد حەسەن بەکر) بوو وابزانم خەڵکی بامەڕنی بوو، لە ماوەی دوو ڕۆژدا بڕیاری دامەزراندنیان بۆ دەرچوواندم وەک کریکاری (معقم) لە بەشی بەلهاریزیا لە بەڕێوەبەریەتی نەخۆشییە جێگیرەکان (متوطنية). ئیتر بەو کار دۆزینەوەیە بوومە (بووینە) خاوەنی سەرچاوەیەکی مسۆگەری داهات و گوزەرانمان باشتر بوو، هاوکات بە گواستنەوەمان بۆ ناو شاری ڕومادی خوێندنیشم گواستەوە دواناوەندی شەوانی ڕومادی و براکانیشم وەک من خوێندنیان لەڕومادی درێژە پێدا، تا مۆڵەتی ماڵ گواستنەوەم بۆ ڕومادی ڕێکخست وەک میوان هەر لای مامۆستا شێرکۆ ئەحمەد حەوێز و مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای باوکی شەهید دکتۆر مەجید مامەوە .

لە فەرمانگەکەدا سەرۆکی هۆبەکە کاک (حاتەم باجلان) بوو، هەروەها بێجگە لە من، چەند کوردێکی تر لەوێ دامەزرابوون (دکتۆر جەعفەر، عبدالرحمان بێتواتەیی، شێخ یونس و برادەرێکی تریش بەناوی کاک مەجید و هی تریش هەبوون کە ناویانم بیر نەماوە).

### شێخ حسێنی سەردڕە و مژدە هەرە خۆشەکە

پێش ئەوەی ماڵمان بگوازینەوە ڕومادی، چونکە هاتووچۆکردنی ئێمە بۆ کوردستان ڕێگەپێنەدراو بوو، لەکوردستانیشەوە زۆر کەمتر خزمان ئەهاتن، جگە لەوە ئەوانەی ئەشهاتن چونکە زۆر ترساوبوون و ناهەقیشیان نەبوو، بۆیە ئەگەر باس وخواسێکیشمان پرسیبا، ئەوا هەر زوو پێیان ئەووتین واز لەو قسانە بێنن و هتد... بەڵام ڕۆژێک خوالێخۆشبوو (شێخ حوسەینی سەردڕە)، کە ناسیاو و پیاوێکی زۆر ڕێزدار و گران و گەست بوو لە گوندی گۆجاڕی دۆڵی خانەقاوە هاتە بەغدادی بۆ سەردان و هەواڵپرسی خوالێخۆشبووان حاجی عەبدوڵڵا گۆجاڕی و ساڵح گۆجاڕی و نەبی ئەحمەد و هەروەها ئێمەمانانیش کە ناسیاو و زۆر تێکەڵ بووین، شێخ حوسەین خێزانی دووەمی کچی شێخی قڕناقەی بناری قەندیل بوو، شەوەکەی لەماڵی کاک حاجی عەبدوڵڵا هەر خۆمانە مابووینەوە میوانە ئازیزەکەمان، لەناو دەست و پەنجەیدا یاری بە دارجگەرەکەی ئەکرد، زۆر بەدڵنیایی و بە ڕووخسارێکی کراوەو بە ڕووخۆشییێکەوە، کە لە مێژ بوو سیمای وامان نەدیبوو، ووتی: پێشمەرگە دروست بۆتەوە، وای چ هەواڵێکی خۆش بوو، ئێستاش کە ئەم دێڕانە ئەنووسم وەک ساتەوەختی هەواڵەکە لەخۆشیان چاوم پڕ فرمێسک ئەبێ، لێیان پرسی: ئاخر یاشێخ بەڕاستیتە؟ شێخ لەوەڵامدا زۆر بە بڕواوە ووتی: بەڵێ من خۆم

لـە ناوچـەی ناودەشـت و پشتاشـاندا دیومـن .

ئیتـر ئەوانـەی ئەوشـەوە لـەو مەجلیسـەبووین هەواڵێکمـان پـێ بـوو لـەوێ کـەس پێـی نەبـوو، ووردە ووردە بـەم و بەومـان ئـەووت .

## کۆبوونەوەی هۆڵی کۆڵبنکیان

ئیتـر، کەدواتـر ماڵمـان بـردە ناوشـاری ڕومـادی، ڕۆژێـک لەلایـەن پارێـزگاوە زۆربـەی زۆرمـان ئاگادارکراینـەوە، کـە ڕۆژی دوایـی لـە هۆڵـی (کۆڵبەنکیـان)دا ئامادەبیـن بـۆ کۆبوونەوەیەکـی فـراوان .

هۆڵەکـە جمـەی ئەهـات، سـێکەس لەسـەر شـانۆکە دانیشـبوون ١. پارێزگار/ وەلیـد ئیبراهیـم ئەلئەعزەمـی، کەدواتـر لـە ١٩٧٩ دا سـەدام حسـێن ئیعدامی کرد ٢. بەرپرسـی لقـی بەعـس لـە ئەنبـار ٣. بەڕێوەبـەری ئەمنـی ئەنبـار. هەموویـان بـە ڕیتمێکـی نـەرم نیانـەوە بۆمـان ئـەدوان و دەسـتەواژەی (اخواننا الاكـراد) یان هـەر لەسـەر زار بـوو، ئەیانپرسـی داخـۆ چیمـان پێویسـتە و بارودۆخمـان چۆنـە؟ هەروەهـا باسـی ئـەو دەسـکەوتانەی کـرد کەلەسـایەی دەسـەڵاتی بەعسـدا وەک کورد دەسـتمان کەوتووە، لێرەو لەوێ داواکاری جیاجیاکران بەتایبەت سـەبارەت بەوەی، کە قەدەغەی سـەفەر و هاتووچۆ و سـەردانی خزمان و شـار و ناوچەکانی خۆمـان ((لەناوچـەی ئۆتۆنۆمـی)) هەڵبگیـرێ، گەرچـی وەڵامـەکان لەوبـارەوە لیبراوانـە نەبـوون، بـەڵام نـەرم و نیـان بـوون، منیش (چەند قوتابیـەک پێکەوە و کـە لـە ڕیزێـک دانتشـتبووین) دەسـتم هەڵبـڕی و ڕێگـەی قسـەکردنیان پـێ دام و گرفتێکـی گـەورەی قوتابیانـی (عائیدون)م بۆباسـکردن ئەویـش نەزانینی عەرەبی بـوو، کەزیانـی زۆری لـە پلـە و دواجار وەرگیرانیان لـە پەیمانگا و کۆلێژەکان ئەدا بەتایبـەت بـۆ ئەوانـەی بەکەلۆریایـان هەبـوو، مـن بەنـاوی قوتابیانـی ئامادەبـووی کۆبوونەوەکـە داوامکـرد، کـە ناوەنـدی و دواناوەنـدی بەزمانـی کـوردی لـە ڕومادی بکرێتـەوە، سـەرەتا نەیانـووت نابـێ، بەڵکـو بەنـەرم ونیانـی پارێـزگار ووتـی، کـە مامۆسـتای کـوردی زانیـان دەسـت ناکـەوێ . منیـش کەهێشـتا هـەر بەپێـوە وەسـتابووم دەسـت بەجـێ ووتـم مـن ژمارەیـەک مامۆسـتای زۆر لێـرە ئەناسـم کە کـوردن ئەکـرێ ئـەوان لـە قوتابخانەیەکدا کۆبکرێنـەوە، پارێـزگار و دووەکـەی تر چرپەیەکیـان لەگـەڵ یەکتـر کرد و ئەوسـا پارێزگار ووتـی بەڕێوەبەری ئەمن وەڵام ئەداتـەوە، بـۆ ئـەوەی تـام وبۆی وەڵامەکان وەک خۆی بـێ، گەرەکمە بەعەرەبیش قسـەکەی پارێـزگار و دواتـر هـی بەڕێوەبـەری ئەمنیش بنووسـم:

محافظ: السيد مدير الامن راح يجاوبک.

مدير الامن: اگعد، مايسير.

دوای ئـەوە ڕاسـتەوخۆ چەنـد قوتابییـەک، کـە فەیلـی براشـمیان لەگەڵ بوو، چوونـە سـەر شـانۆکە و لەنزیکـەوە بـە پارێزگار و ئەوانیـان ووتبـوو، کـە ئێمـە عەرەبـی نازانیـن و بـا بـە کـوردی بخوێنیـن، هەڵبـەت هـەر هیچیـان نەکـرد.

منیـش دانەنیشـتمەوە بـەڵام باسـێکی تـرم کـردەوە، پێـم ووتـن کـە قوتابیەکمان هەیە پۆلی شەشـی ئەدەبی تەواوکردوە و پلەکانیشـی باشـن، بەڵام بەهـۆی ڕووداوەکانـی باکـوورەوە تەمەنـی تێپەڕیـوەو بەوهۆیەوە لـە زانکۆی بەغدا وەرنەگیـراوە، چـی بـۆ ئـەو ئەکرێ؟ وەڵامیـان دامـەوە کـە بـا ئەو قوتابیـە لەڕێی لقـی ئەنبـارەوە نامەیـەک ئاراسـتەی (سـید النائـب) بـکا و کێشـەی خـۆی تیـادا بنووسـێ . ئەوکاتە سـەدام حوسـێن جێگری سـەرۆکی ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش (بەعـس) بـوو، هـاوکات سـەرۆکی لیژنـەی کاروبـاری باکووریـش بـوو . قوتابیەکـە هـاوڕێ و دۆسـتی خۆشەویسـتم خوالێخۆشـبوو (حەسـەن ڕەمـەزان) بـوو ، ئەویـش دڵـی خـۆش بـوو و ئیتـر نامەکەمان پێشکەشـی لقـی بەعس کرد و دوای چەنـد ڕۆژێـک ئەمـری وەرگیرانـی بە تایبـەت هاتەوە، کە لەیەکـەم بژاردەیدا وەربگیـرێ و ئیتـر چـووە زانکـۆ.

دواتـر هەموومـان لـەو گەیشـتین، کـە بەهـۆی سـەرهەڵدانەوەی پێشـمەرگەو شـۆڕش، ئیـدی ڕژێـم ناچـار بـوو نەرمتـر بنوێنـێ و ڕەفتـار بـکا .

### هەفتەنامەی (بیری نوێ) و لێکۆڵینەوەکەی ئەمن

گوێزانـەوەم لـە بەغدادیـەوە بۆ ناوشـاری ڕومادی، هەر لـەوەدا نەبوو کە کارم دەسـتبکەوێ و گوزەرانمـان باشـتر بـێ، بەتایبـەت کـە پشـتیوانی جوانەمەرگیش بەپێـی دۆخـی خوێندنەکـەی جارجـارە کارێکـی کاتـی دەسـت ئەکـەوت، بیرمـە ماوەیـەک بەهـۆی خوالێخۆشـبوو کاک عەلائەدیـن، کـە خەڵکـی کەرکـوک یـان گەرمیـان بـوو لـە فەرمانگـەی کارەبـای ڕومادیـدا کاربەدەسـت بـوو، جوانەمەرگـی بەشـێوەی کاتـی لەپڕۆژەیەکـی کارەبـادا دامەزرانـد و بەمـەش سـەرچاوەیەکی تـر بـۆ داهاتـی خێزانیمـان زیـاد بـوو، کاک عەلائەدیـن کـە هاوسـەرەکەی کۆیـی بـوو، زۆر پیاوێکـی بـاش و کوردپـەروەر بـوو، خانمەکەشـی زۆر خانومـان بـوو، هەروەهـا ناوەنـاوە هەوڵـی نووسـینی شیعریشـی هەبـوو بەزمانـی کـوردی، نازانـم هیـچ بەرهەمێکـی لـەدوادا بەجـێ مـاوە یـان نـا؟ .

کـە گواسـتمانەوە ناوشـاری ڕومادی ئیـدی دەرگای خوێندنـەوەی ڕۆژنامەمان بـۆ ڕەخسـا، چونکـە ئـەو کاتـە هەمـوو فەرمانگەیـەک ئەبووایـە لـە بودجەی خۆی لـەدوو ڕۆژنامـەدا بەشـداری بـکا، ئەویـش ڕۆژنامـەی (الثـورة) زمانحاڵـی حزبـی بەعـس و ڕۆژنامـەی (الجمهوریـة) کـە ڕۆژنامـەی دەوڵـەت بـوو، واتـا ئەویـش هەر

ڕۆژنامـەی بەعس بـوو. ئەوکاتـە هێشـتا حزبـی شـیوعی عراقـی لەگـەڵ بەعسـدا لەنـاو (بـەرەی نیشـتمانی و نەتەوەیـی دیموکراتـی) دابـوو بۆیـە بـە فـەرمـی چالاکـی ڕۆژنامەگـەری و پڕوپاگندەیـان ڕێگەپێـدراو بـوو. ئەو کاتە حزبی شـیوعی ڕۆژنامەیەکـی سیاسـی ڕۆژانـەی بەزمانـی عەرەبـی دەرئەکـرد بـە نـاوی (طریـق الشـعب) و هەفتەنامەیەکی کلتوری وسیاسیشـی دەرئەکرد بەناوی (الفکر الجدید) کـە پاشکۆیەکیشـی بـە زمانـی کـوردی هەبـوو بەنـاوی (بیـری نـوێ) کـە دەقـی ئەدەبـی جۆراوجـۆری کـوردی و وەرگێـردراوی تیـادا بـڵاو ئەکردەوە و هەروەهـا وتـاری فیکـری جۆراجۆریشـی بـڵاو ئەکـردەوە، لـە شـەقامی سـەرەکی ڕومادیداو لەبەرامبـەر بـارەگای پارێـزگادا، دووکانێکـی بچوکـی ڕۆژنامـە فرۆشـی هەبـوو، کە ڕۆژنامـە و هەنـدێ کتێـب و کەرەسـەی پەڕاوگەشـی ئەفرۆشـت، لـەوێ هـەردوو ڕۆژنانەکەی حزبی شـیوعیش ئەفرۆشـران و ئیتر منیش هەموو هەفتەیەک (بیری نـوێ)م ئەکـڕی بـە عەرەبیەکەشـیەوە . ئەمـە بـۆ مـن زۆر بـاش بـوو چونکـە ئیدی ئەمتوانـی چالاکیـە جۆراوجـۆر و بەرهەمـە ئەدەبـی و هونەریەکانـی کـوردی ببینـم و ئاگاداربـم، مـن زۆر بەسـادەیی مامەڵـەم لەگـەڵ کڕیـن و خوێندنـەوەی (بیـری نـوێ)دا ئەکـرد و پێـم وابـوو کڕیـن و خوێندنـەوەی هیـچ سـەرنج و مەترسـیەک بـۆ سـەر مـن دروسـت نـاکا، تا شـەوێکیان لە دواناوەندی شـەوانی ڕومـادی، لەناو پۆلـدا، کارمەندێـک لـە بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـەوە بـە مامۆسـتای ووت یەکیەتی قوتابیـان داوای ئـازاد عەبدولوەهـاب ئەکـەن، لەهەمـوو قوتابخانەکانـدا لیژنـەی یەکیەتـی قوتابیانـی بەعسـیەکان هەبـوو، چوومـە ژووری یەکیەتـی قوتابیـان، کە گەنجێکـی هـاو پۆلـم ( سـێیەمی ناوەندی) لەوێ بەرپرس بـوو، ڕێزی زۆری گرتم، لەڕاسـتیدا هـەر خـۆی کەسـێکی بەڕێـز بـوو، پێـی ووتـم (دائیرەی ئەمنـی بەلدە) داوای کـردووی بەیانـی سـەردانیان بکـە، وتیشـی ئەگـەر هەرشـتێک هەبـوو بۆتـۆ بـاش نەبـێ ئـاگادارم بکـەرەوە بـا هاوکاریـت بکـەم، هەڵبـەت ئـەو پێـی نەووتـم بۆبانگکـراوم و ڕەنگـە نەشـیزانیبێ.

ڕۆژی دوایـی مۆڵەتـی کاتیـم لـە فەرمانگەکـەم وەرگـرت و چوومـە ئەمنـی بەلـدە، کـە ئەویـش هـەر لەبەرامبـەر بـارەگای پارێزگابـوو، ئەمنێـک کـە نازانـم پلـەو پۆسـتی چـی بـوو، لەپشـت مێزێـک دانیشـتبوو، منیـش بەرامبـەری لەسـەر کورسـیێک دانیشـتم، ئەوسـا لـە دووتوێـی چەنـد پرسـیاری ئاسـایی وەک نـاوو ناونیشـان و هتـد... لێـی پرسـیم، کـە بۆچی من بـەردەوام ڕۆژنامەی شـیوعیەکان ئەکـڕم؟ هەروەهـا ئەوەشـی بیرخسـتمەوە، کـە وەختـێ ئێمە گەڕاوینەتـەوە عیراق منیـش وەک هەزارانـی تـر بەڵێننامەیەکیـان پـێ پڕکردبووینـەوە کـە بۆمـان نییـە هیـچ چالاکـی سیاسـی بکەیـن و بۆمـان نییـە بچینـە نـاو هیـچ حزبێکـەوە تەنیـا

حزبی بەعس نەبێ، وتم بەڵێ ئەو بەڵێننامەیەم پڕکردۆتەوەو پابەندیش بوومە پێی و نەچوومەتە ڕیزی هیچ حزبێک، دوای ئەوە پرسی کە بۆچی ڕۆژنامەی شیوعیەکان ئەکڕم؟

وەڵامەکەی من بۆ ئەو هەم قەناعەت پێکەر بوو وهەم لەڕوێکیشەوە بەباشی شکایەوە، من وەڵامەکەم ئەوەبوو کە بۆیە (الفکر الجدید) ئەکڕم چونکە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارو کتێبێک بە زمانی کوردی لە ڕومادی دا نییە بەوانەشەوە کە وەزارەتی ڕۆشنبیریش چاپیان ئەکا، بەڵام هەفتەنامەی (الفکر الجدید) لە پاشکۆ کوردییەکەیدا (بیری نوێ) جۆرەها شیعرو چیرۆک و بابەتی رەخنەی ئەدەبی بە کوردی بڵاو ئەکاتەوەو منیش هەر لەبەر ئەوە ئەیکڕم .
ئیتر دوای ئەو وەڵامەم کابرای ئەمن هیچی تری نەپرسی و بەڕێیکردم .

ڕووە باشەکەش ئەوە بوو، کە دوای ماوەیەک، لەکتێبفرۆشی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری عیراق، کە لەسەر شەقامی سەرەکی و لەناو جەرگەی بازاڕو لە پانتاییەکی فراواندا کرایەوە و هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبەچاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەرهەمەکانی تری حزبی بەعسی تیادا ئەفرۆشران، پەیوەندیان بە منەوە کرد و داوایان کرد سەردانی بەڕێوەبەرەکەیان بکەم، کەچوومە ئەوێ بەگەرمی پێشوازی لێ کردم و ووتی ئەمانەوێ ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبە کوردیەکانیش بێنین بۆ پیشاندان و فرۆشتنیان، تۆ ئەتوانی هاوکاریمان بکەیت؟ من نەمویست بپرسم بۆ من؟ چونکە لەخۆمەوە لەوەگەیشتم کە ئەوە دائیرەی ئەمن پێیان ووتووە هەڵبەت بۆ ئەوەیان بووە کە ئەوهەزاران خوێندەوارە کوردە ڕاگوێزراوانەی ئەنبار بەبیانووی خوێندنەوەی ئەدەب و هونەری کوردیەوە ڕۆژنامەکانی حزبی شیوعی نەکڕن و نەخوێننەوە.

دواتر من لیستێکی تەواوم دایە کتێبخانەکە کە ناوی هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی لەخۆ گرتبوو (هاوکاری، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ و ڕۆژی کوردستان) هەروەها ناوی هەموو بڵاوکراوە کوردیەکان کە من ئەمزانین بۆم نووسی بوون و هەروەها نووسیبووشم کە لەکام ناوەندو دامەزراوەدا کتێبی کوردی چاپ و بڵاو ئەکرێنەوە .

زۆری نەخایاند، کە ئەو گۆڤارو کتێبانە لە کتێفرۆشییە حکومیەکەدا بۆ فرۆشتن دانران و تاڕادەیەکی باش تینوێتی خوێنەرە کوردەکانی شکاند، ناشزانم ئەوەی لەوێ کرا پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عیراقی گرتەوە یان نا؟.

## بەڵێننامەکە چی بوو؟

لەسەرەوە ئاماژە کردنم بە (بەڵێننامە)کە، کە هەر لەگەڵ گەڕانەوەمان

بۆ عیراق لەلایەن دائیرەی ئەمنەوە پێیان پڕکردینەوە، بیرم نییە بۆ هەموو کەسێکیان پڕکردەوە یان تەنیا بۆ سەرۆک خێزانەکان بوو .

بەڵێننامەکە چەند لاپەڕەیەک بوو، پرسیاری ئاسایی و نائاسایشی تیابوو، بۆ نموونە ئەیانپرسی داخۆ، ئەوان ووتەنی لە (جیب العمیل)دا چ کارە بوویت؟ هەر ئەندام یان چەکدارێکی ئاسایی بوویت یاخۆ پلەو پۆستت هەبوو؟ .

دوای ئەو زنجیرە پرسیارانە ئەبووایە ڕاستی زانیاری و وەڵامەکانت بەپەنجە مۆر پشتڕاست بکەیتەوە، هاوکات لەسەر ئەو بەڵێنەش پەنجەمۆر بکەیت کە لەهیچ حزبێک و جولانەوەیەکی سیاسیدا کار ناکەیت و بەهیچ شێوەیەک ڕێگەپێدراو نیت، تەنیا ئەتوانیت لەڕیزەکانی حزبی بەعسدا کاربکەیت وەک (التنظیم الوطني) و لە بەڵێننامەکەدا دواجار ئەوە نووسرابوو و خۆشت پەنجە مۆرت ئەکرد، کە ئەگەر پێچەوانەی ئەو بەڵێننامەیە جوڵایتەوە ئەوا سزادانی خۆت ئیمزا (پەنجەمۆر) ئەکەیت .

زۆر گرنگە کە کۆپیەکی ئەو بەڵێننامەیە دەست بکەوێ و بڵاوبکرێتەوە، چونکە ئەمە جگە لە تۆمارکردنی ئەو یادەوەریە ترسناک و دژ بەکوردە، بەڵگەیەکی باشیش ئەبێ لەبەر دەستی توێژەرو لێکۆڵەر و مێژوونووس و ئەوانەش کە گرنگی بە مافەکانی مرۆڤ ئەدەن .

## (ئاهەنگی نەورۆزێک لە کەناری فوراتدا)

نەورۆزی (١٩٧٧) ژمارەیەک لە خێزان و لاوانی کورد، کە لەڕومادی دوورخراوەی سیاسی بووین، ئەوڕۆژە وورده وورده لە باخچە گشتییە فراوانەکەی ڕومادی، کە ئەکەوێتە کەناری ڕۆژهەڵاتی فوراتەوە کۆبووینەوەو بۆ دوانیوەڕۆکەی ژمارەمان زۆرتر بوو هەمووشمان، بەکچ و کوڕەوە، گەنج و تۆلاز بووین، ئیتر دەستی یەکترمان گرت و دەستمان کرد بە شایی و هەڵپەڕکێیەکی گەرم وگوڕ و بە جۆشەوە دەستمان کرد بە گۆرانی ووتن و خەڵکی زۆریشمان لێ کۆبوونەوە کە هەندێک لە عەرەبەکانیش هاتبوونە دیارمان. شایی و ئاهەنگەکەمان تا نزیکی ڕۆژئاوابوونی خایاند .

دیار بوو ئەو یادکردنەوەو شایی و هەڵپەڕکێ کوردانەیە (بەواتای ڕەشبەڵەک) لە ناو شاری ڕومادیدا دەنگی دابووەوەو ببووە جێ باس و خواس، بۆیە ڕۆژی دواتر (نازانم هەینی بوو یان نا) لەیەکێک لە مزگەوتە گەورەکانی ڕومادیدا مەلایەک بەتوندی هێرشی کردبووە سەر ئاهەنگ و یادکردنەوەکەی نەورۆز بە سروتێکی ئاگرپەرستانە دابوویە قەڵەم و وەک کوفرێک ناساندبووی و قسەکانی، وەک ئەوانەی گوێیان لێ ببوو هەڕەشە ئامێز و دنەدەر بوو .

هێندەی بیرم بێ هەندێک لەپیاوماقوڵانی ئاوارەی کورد لەترسی هەر جۆرە

کاردانەوەیەکی خراپ، هەندێ مەلا و پیاوماقووڵانی عەرەبیان بینی بوو و نۆخەکەیان ئارام کردبووەوە، ڕۆژی دواتریش مەلایەکی تری عەرەب، بەپێچەوانەی مەلاکەی تر قسەی کردبوو و ڕوونیکردبووەوە کە ئەم یادکردنەوەیە و ئەوشێوەیە لە ئاهەنگ و شایی ولۆغانە نەریتێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بە کوردەکانە و ئاساییە .

پیاوماقووڵانی خۆمان زۆر ناڕەحەت بوون و لێرەولەوێ سەرزەنشتیان ئەکردین، بەڵام باش بوو دامەزراوە ئەمنیەکانی ڕژێم هیچ کاردانەوەیەکیان بەرامبەرمان نەبوو.

هەر لەمانگی (ئاداری ۱۹۷۷)دا بۆژیانی کۆمەڵایەتی خۆشم مانگی گۆڕان بوو، چونکە لەسەرەتای ئاداردا (ناهیدە)م خوازبێنی کرد و ببووینە دەزگیرانی یەکتر، کە لە یادەکەی نەورۆزدا، هەر وەک دەزگیران.

ناهیدەی هاوسەرم، باوکی خوالێخۆشبووی (مام نعمت) کە لە کەرکوک لە کۆمپانیای نەوتی باکووردا (فۆرمەن) بوو، لەپێش نسکۆشدا ئەندامی پارتی بوو، لە خولی شەڕی داسەپاوی ڕژێم بەسەر کورددا (۱۹۷٤- ۱۹۷٥) تەقلی شۆڕش ببوو. دوای نسکۆ و گەڕایەوە کەرکوک، بەڵام دەستبەجێ ڕژێم لە کۆمپانیای نەوت دەریان کرد و وەک کرێکار گوێزرایەوە بۆ کارگەی شووشەی ڕومادی و خانووەکەشیان لە گەڕەکی ڕەحیماوەی کەرکوک، کە کۆمپانیای نەوت دابووی بەو لێیان سەندەوە . ئیتر ئەویش بەر ئەو سزادانە سیاسییە کەوت و تا خانەنشین بوونی هەر لە کارگەی شووشەدا مایەوەو تا دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووش خانووەکەی وەرنەگرتەوە، ئەوساش بە پەنابردنە بەر دادگا و بە زەبری یاسا خانووەکەی لە زەوتکەرانی وەرگرتەوە . من و ناهیدە لەڕومادی یەکترمان ناسی و ژیانی هاوسەریمان پێکهێناو لە شایی و ئاهەنگی نەورۆزەکەشدا پێکەوە تاکۆتایی بەشایی و هەڵپەڕکی بەشدار بووین.

### شکستی سیاسەتی ئاسمیلە کردن

هەرچەندە لەبارەی ڕاگوێزراوانی کورد بۆ عەرەبستان سەرژمێرێکی دروست و پشتڕاستکراومان نیە، بەڵام لانی کەم چەند سەد هەزارێک ئەبوون. ئەو کوردانەی، ڕژێم وەک سزای سیاسی لە زێد و ژینگەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆیان بەزۆرەملێ هەڵیکەندن و بۆ ئەو ناوچانەی ڕاگواستن کە زۆرینەیەکی ڕەها عەرەب بوون و کلتورو زمانی عەرەبیش زمانی زۆرینەی ڕەها و زمانی بازاڕو دامەزراوە میرییەکان و زمانی خواپەرستی مزگەوتەکانیش بوو. فاکتەرو ئامرازەکانی نەرم و توندی وەک هاندان و تۆقاندنیش بۆ وردە وردە ئاسمیلەکردن و توانەوە لەناو کۆمەڵگای بە زۆرینەی ڕەهای عەرەبدا لەئارادابوو، بێگومان زاڵبوونی زمانی عەرەبی وەک تاکە زمانی خوێندن، کارگێڕی، بازاڕ و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و تائەندازەیەکیش وەک زمانی خواپەرستی زەمینەیەکی گرنگ و

لەباری بۆ سیاسەتی ڕژێم سەبارەت بە ئاسمیلەکردنی کوردە سزادراوەکان و کوردە گەڕاوەکانیشی هێنابووە ئاراوە. بە بۆچوون و لێکدانەوەیەکی دروست ئەگەر زوو شۆڕش دەستی پێ نەکردبایەوەو ئەو دۆخە نالەبارە وەک خۆی بمابایەوە، گومانی تێدانەبوو ڕێژەیەکی زۆری کوردانی ناو کۆمەڵگا عەرەبییەکان ئاسمیلە ئەبوون، بەڵام هاوشانی بەهێزبوونەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی و سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، کوردانی ئاوارەی خوارووو ڕۆژاوای عیراق، بەڕێژەیەکی فراوان و کاریگەر بەرگرییێکی زۆریان کرد و نەچوونە ژێر باری بە بەعسی بوون یان دەست تێکەڵکردن لەگەڵ دامەزراوە سیخوڕییەکانی ڕژێم ، مەگەر تاک و تەرایەک کە بەپەنجەی دەست ئەژمێردان. ئەمە خەسڵەتێکی بەرگریکردنی باڵا و خۆڕسک و ڕێکنەخراوی (کوردبوون) بوو. کە سەرەڕای ترس و تۆقاندنی کەم وێنە و هەروەها هەوڵدان بۆ دەم چەورکردن، هێشتاش ڕژێم نەیتوانی لەو سیاسەتی ئاسمیلەکردنی کورد سەرکەوتن وەدەست بێنێ. یەکێک لە فاکتەرەکانی ئەو بەرگریکردنە باڵایە پەیوەندی بەهێزی کۆمەڵایەتی نێوان کوردەکان خۆیانەوە هەبوو، ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە (کوردانەیە) بە ئەندازەیەک توندوتۆڵ بوو، کە لەبری پەرش و بڵاوبوونیان لەو عەرەبستانەدا و کورد ووتەنی بوونیان بە (ئاردی ناو دڕی)، لەهەموو کۆڵان و گوند و گەڕەک و فەرمانگەیەکدا زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراوی کۆمەڵگای بچووک بچووکی کوردان هەبوو، بەڵام تێر بە سۆلیدارێتی کوردانە دروست ببوو، گەرچی لەزۆرینەیدا ڕەگی عەشیرەتی و بنەماڵەیی و ناوچەیشی تیادا بوو. ژن و ژنخوازی لەنێوان کۆمەڵگا بچووکە کوردیەکان و تۆڕە فراوانەکەشیدا بەردەوام بوو. دیاردەی ژن و ژنخوازی لەنێوان کوردە سزادراوە سیاسییەکان و کۆمەڵگا خۆجێیە عەرەبیەکان نەبوو، یاخود یەجگار کەم بوو، کە ڕەنگە لەچاو ئێستا (٢٠٢٣)دا هەرگیز بەراوورد ناکرێ، کوردانی ئاوارە، تاک وتەرا نەبێ، ژنی عەرەبیان بۆ کوڕ و پیاوانی خۆیان نەئەهێناو لەوەش پێداگرتر کچی خۆیانیان نەئەدایە عەرەب. نموونەیەک لە ڕومادی هەبوو، کەکچێک بێ ڕەزامەندی باوکی شووی بە موزیکوانێکی عەرەب کرد (نامەوێ ناویان بێنم) ئیدی بەوهۆیەوە ئەو خێزانە دووچاری گرفت و کارەساتی ناوخۆی خێزانی بوونەوەو لێک هەڵوەشایەوە .

ئەگەر بەشێوەیەکی فراوان توێژینەوە لەبارەی خۆڕاگری و پارێزگاری لە زمان و کلتورو نەریتە کوردەواریەکان و هەروەها پشتگیری لەیەکترکردنی تاک و کۆی کۆمەڵگا بچکۆڵەکانی کوردانی ئەوێ بکرێ ئەوە، زۆر بابەتی سەرنجڕاکێش ئەدۆزرێنەوە، بۆ نموونە ڕۆڵ و کاریگەری ئەرێنی ڕادیۆکانی بەغدا

و تاران و پەریڤان بەسەر پاراستنی زمان و کلتور و بە تایبەت لە پاراستنی (یادەوەری دەستەجەمعی)دا بەدەرئەکەوێ، وەک چۆن ڕۆڵی ئەرێنی هەردوو ڕادیۆی کوردی تاران و کوردی بەغدا لە پەیوەندی بەستنی نێوان کوردانی ڕاگوێزراو و ئەوانەی گوندو شارەکانی کوردستان و هەروەها ئەو هەزاران هەزار کوردانەی وەک پەنابەر بە ناو ئێراندا نیشەجێ کرابوون، زۆربەیان لەناوچەکانی دەرەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان جێنشین کرابوون. لەباسی ڕادیۆ کوردیەکانی تاران و بەغدادا باسی لایەنی ئەرێنیمان کرد، هەڵبەت ڕادیۆی دوو دەوڵەتی داگیرکەر و پیلانگێڕی دژ بە کورد بوون، بۆیە هاوکاتی ئەو قازانجەی کورد لێیانی ئەبینی چ وەک بابەتەکانی گۆرانی و مۆسیقاو ئەدەبیات و داستانی ڕادیۆیی و شتیتریش، وەک کەناڵی پەیوەندی ئاسان وسانسۆر نەکراویش لەنێوان حەشامەتی کوردانی ئاوارە (وەک ناسنامەیەکی گشتی) کەڵکی لێ ئەبینرا .

لەلایەکی تریشەوە، پێویستە وەک باسێکی هێشتا کارلەسەرنەکراودا، سەرەباسێک بکەمەوە لەبارەی دیاردەیەکی تری نەرم لەناو کۆمەڵگا بچوکەکانی کوردانی دوورخراوەو ئاوارەکراو و سزادراوەکان، کە جۆرێک لەفیدراسیۆنی ڕەمزی و ڕێکخراو لەنێوان کوردانی ئەو پارێزگایانەی عەرەبدا هەبوو، کە کوردیان بەسەردا بلاوکرابوونەوە . ئەم دیاردەیەش بەبۆچوونی من کاردانەوەیەکی ئاوێتە بە فاکتەری هۆشیاری نەتەوەیی و خەسڵەتێکی کوردەواریانە بوو، کە ڕایەڵێکی گرنگ بوو لەنێوان ئەو دەیان و سەدان کۆمەڵگا کوردیە بچووکانەدا .

هەموو ئەو فاکتەر و دیاردە و وردە دیاردانە و ڕووداوەکانی کوردستانیش، سیاسەتی دوور مەودای ڕژێمی لەمەڕ ئاسیمیلەکردنی کوردانی ئەوکۆمەڵگا ئاماژە پێدراوانەی سەرەوە پووچەڵ کردەوەو گۆڕانە سیاسی و پێشمەرگەییەکانی کوردستانیش ڕژێمی ناچارکرد مل بەوە بدا، کە ئەو ڕاگوێزراو و ئاوارانە بە دوو بژاردەدا سەرپشک بکا، کە یەکێکیان بژاردەی ناچاربوونی بوو بە ڕێگەدان بە گەڕانەوەیان بۆ کوردستان، بەلام بێ هیچ قەرەبووکردنەوەیەک، دووەمیشیان مانەوەی ئیمتیازدار بوو لە پارێزگاکانی عەرەبستان و بەڕشدیش خەڵکیان هان ئەدا، کە بژاردەی دووەم پەسند بکەن و لەخەڵکی بگەیەنن، کە بژاردەی مانەوە جێ پەسندی بەعسە .

ئەوانەی لەعەرەبستان بێ هیچ مەرجێکی پێویست دامەزرێندرابوون. لەگەڕانەوەدا وەزیفەکەیان لێ سەندرایەوەو پێشیان وترا کە لە کوردستاندا (سنووری ئۆتۆنۆمی)، بۆت نییە بێ هەبوونی هەموو مەرجە یاساییە کارپێکراوەکان داوای دامەزراندن بکەیت (من یەکێک بووم لەوان).

**بە عەرەبکردن و ئاسمیلەکردن، دوو ڕووی یەک دراو**

بەپێویست ئەزانم لێرەدا و لەباسی کوردانی دوورخراوە و ڕاگوێزراو و سزادراو و بەپەرتکردنیان بەناو کۆمەڵگای عەرەب، بەکۆمەڵگا سونی و کۆمەڵگا شیعیەکان و پەیڕەوکردنی ستراتیژو سیاسەتەکانی سڕینەوەی نەتەوەییان بە (ئاسمیلاسیۆن) ناودێر بکەم.

ئەمەش بۆ ئەوەی لەو چەمکی ( بەعەرەبکردن) جیای بکەمەوە، کە چەمکێکی پڕ بەکارهێنانە و لە ئەدەبیاتی سیاسیی باشووری کوردستاندا بە بەربڵاوی بەکارهێنراوە و لە گووتاری سیاسی و میللیدا جێی بۆتەوە. بەعەرەبکردن یەکێک لەکۆڵەگەکانی دەوڵەتی عیراق بووە لە سیاسەتی داگیرکردن وچەوساندنەوەو ژێردەستەکردنی کورددا، کە لەسەردەمی بەعسدا بە ئەوپەڕی توندوتیژی و بە هەموو ئامرازەکانی ژێردەستەکردنەوە بەکارهێنراوەو لەگەڵ دووکۆڵەگەکەی تردا (بە بەعسیکردن و ڕاگواستن) سیاسەتی بەعسی لەدژی کورد و کوردستاندا نەخشاندووەو پراکتیزەکردووە، کە کیمیاباران و ئەنفال دوو دڕندەترین بەرجەستەبوونەکانی سیاسەتی بەعس بوو لەکوردستان. ڕژێم بەڕشدی و بێ هیچ پاساوێکی متمانەدار ئەوسیاسەتە سێ ڕەهەندیەی پەیڕەوکرد، کە نووسە ئەمین قەڵادزەیی لەدووتوێی لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی-مێژووی-جوگرافیدا بەناوی (ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس) بەچاپی گەیاندووە. لەو سێکوچکەیەدا تەعریب یان بەعەرەبکردن بریتیە لە دەرکردنی کورد لە دیالە، جەلەولاو مەندەلی، خانەقین، خورماتوو، تەواوی پارێزگای تەئمیم بە ناوشاری کەرکوک و قەزا و ناحیەکانیەوە تا ئەگاتە پردێ (ئاڵتوون کۆپری)، گوێڕ، مەخمور، شەنگال و تەواوی ناوچەکەی شێخان و موسڵ و تەواوی دەشتی نەینەوا و دواتر پڕکردنەوەی هەموو ئەو ناوچانە بەو عەرەبانەی لە ئەدەبیاتی سیاسی کورددا بە (عەرەبی هاوردە) ناونراون، واتە تەعریب (بەعەرەبکردن) پرۆسەی بەعەرەبستان کردنی جوگرافیاو دیمۆگرافیای ئەو ناوچە فراوانانەی کوردستان و بەعەرەبکردنی کلتور و نەریتی کۆمەڵایەتی ئەوناوچانەیە کە لەگەڵ ژینگەی کوردەواریدا سازگارن. بۆ ئاسانکاری هەرچی پتری ئەوسیاسەتە، ڕژێم لەپاڵ دڕندەترین شاڵاوی ئەنفالدا یاسایەکی تەواو داگیرکەرانە و ڕەگەزپەرستانە و فاشیانەی دەرکرد بەناوی (گۆڕینی ڕەگەزی نەتەوەیی).

بەڵام ئاسمیلەکردن گەرچی ڕوویەکی تری بە عەرەبکردنە کە پشت بەستووە بە دوورخستنەوەی هەزاران خێزانی کورد بۆ ناوچە تەواو دوورەدەستەکانی عەرەبستانی عیراق و دواجار کردنیان بەعەرەب (لەسەرەوە باسمان کردووە).

ئاسمیلەکردن بەتایبەت لە وڵاتانی ئەوروپادا پرۆسەیەکی یاسامەندی کارپێکراوە بۆ ئەوەی هەموو ئەو مشەختی و پەنابەرانە تێکەڵ بە کۆمەڵگاکانی وڵاتانی ئەوروپا بکرێن، بەڵام لەوێ بەهیچ جۆرێک بەمانای داشۆرانیان نییە لە رەچەڵەکی خۆیان، بەڵکو پتر بۆ ئەوەیە ئەوانیش لەکۆمەڵگاکانی ئەوروپادا نامۆ نەبن و بەڵکو تێکەڵ ببن و ببن بەبەشێک لەکۆمەڵگای هاووڵاتیانی ئەوێ. بەڵام لەعیراق و هەروەها بەشێوەو کۆپی جیاوازترەوە لە تورکیا و ئێران و سووریاشدا ئەو سیاسەتە هەیە، بەڵام وام لا پەسندە، کە بۆهەریەکێک لەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی تری کوردستان توێژینەوەی تایبەتمەند ئەنجام بدرێ، گەرچی خاڵ و دیاردەی هاوبەشیشیان لەنێواندا هەیە .

پێشنیار ئەکەم پسپۆرو شارەزایانی ئەو بوارە قووڵتر و زانستیانەتر ئەو تێزەم شەن و کەو بکەن و پشت ڕاستی بکەنەوە یان پێچەوانەکەی بسەلمێنن، یاخۆ تیۆرییێک لەمەڕ ئەو پەیوەندیە بەرهەم بێنن کە لەنێوان بەعەرەبکردن و ئاسمیلەکردنداهەیە .

گەڕانەوە بۆ کوردستان و سەرلەنوێ تێهەڵچوونەوە

کاتێک بەعس لەدوای نسکۆی (١٩٧٥)دا، بە زەبری سەرلەنوێ و زوو هەستانەوەی کورد و کوردایەتی و هاوکات چونکە پێشمەرگە لەچالاکییەکدا چەند پسپۆرێکی (ئەوروپی)یان بە بارمتە گرتبوو، یەکێک لەمەرجەکانی بەردانیان ئەوەبوو، کە ئەبێ کوردانی دوورخراوە ڕێگەیان پێ بدرێ بگەڕێنەوە زێدو ناوچەوشارەکانی خۆیان . بۆیە ڕژێم ناچار بوو مل بدا بە گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەی دوورخراوەو ئاوارە کوردەکان بۆ کوردستانی نیشتمانی خۆیان. لەمانگی نیسانی ١٩٧٧دا ئێمەش لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەئاوارەکانی ڕومادی، لە گروپی یەکەمدا خۆمان ناونووسکرد. بۆ چەند ڕۆژێک هەموو ئەوانەی لەلیستی یەکەمی گەڕاوەکان بووین، لە یاریگەی ڕومادیدا لەگەڕەکی (حی الشرطة) کۆکراینەوەو لەوێ چاوەڕوان بووین. ئەوەی جێی سەرنج بوو لەوێ بۆ یەکەمجار ڕۆژنامەنووسێکی بیانی (پۆلۆنی بوو) هاتە ناومان کە وەرگێڕێکی لەگەڵ بوو و پۆلیسی فریاکەوتن پارێزگاریان ئەکرد، لەوێ کاک هۆشیار کەمال ڕواندزی دواند و ئەویش ئازایانە باسی ئەو زوڵمەی بۆ کرد کە لێمان کراوە، هووشیار دوای قسەکان، لە مەترسی گرتن لەناو قەڵەباڵغیەکەدا خۆی شاردەوە .

کاربەدەستانی ڕژێم لەوێ بەخەڵکیان ڕاگەیاند (وەک پێشتر باسمان کرد) ئەوەی بگەڕێتەوە مافی فەرمانبەری لێ ئەسەنرێتەوە. لەکاتی نووسینی ئەم ووتارەدا لە کاک فەیلی برام کەسانی تریشم پرسی، ئەوانیش پشتڕاستیانکردەوە،

کە لەترسی ئەوهەڕەشەیە، کەهەڕەشەی (نانبڕین) بوو،چەندین خانەوادە لەگەڕانەوە کوردستان پەشیمان بوونەوە.

بەڵام ئێمە و زۆری تریش لەسەر بڕیار و بژاردەی گەڕانەوەمان بۆ کوردستان موکڕ بووین، چونکە بەشێکمان قوتابی بووین و لەوانیش پشتیوانی جوانەمەرگ و فەیلی برام سێی ناوەندی بوون و تاقیکردنەوەیان لەپێش بوو بۆیە داوامان لەکاربەدەستەکانی ئەوێ کرد؛ کەرێگە بەوانەی قوتابین و تاقیکردنەوەی بەکەلۆریان هەیە، پێش بەڕکردنی تەواوی خێزانەکان، ئەوان مۆڵەتیان پێ بدرێ بگەڕێنەوە، ئەو داوایەیان پەسند کردوو ئیتر ئێمە هەرسێ برا گەڕاینەوە هەولێرو لەماڵی خوالێخۆشبوو مامۆستا (لەتیف نادرئاغا ڕواندزی) کە هەم خزم و هەم هاوسەری (موکریان)ی خوشکمان بوو، بنەی خۆمان خست وهەر بەهاوکاری خوالێخۆشبوو مامۆستا (لەتیف)یش کاروباری خوێندنمان بۆ ڕێکخرا.

لەڕاستیدا، موکریانی خوشکم و مێردی خوالێخۆشبووی زۆرمان فریاکەوتن کە ئێستا سوپاسیان ئەکەم، بەتایبەت کاتێک کە دایکەکانم و خوشک و براکانی تریشمان گەڕانەوە، وەک ئەڵێن بەناچاری ماڵی خۆمانمان لەگەڵ ماڵی ئەوان تێکەڵ کردەوەو ڕاستیەکەی ئێمە چووینە سەرماڵی ئەوان. ئەو وەختە هەم توانای دارایمان هی ئەوە نەبوو کە خانوێک بۆ خۆمان بەکرێ بگرین، هەم لەبەر خوێندنیش، کە لە کۆتایەکانی ساڵی خوێندندا بووین و نەمان ئەویست خۆمان بەهیچ شتێکی تر سەرقاڵ بکەین .

بائەوشم بیرنەچێ، کە جێهێشتنی ڕومادی و گەڕانەوە بۆ کوردستان بۆ من زوویەزوو دەستبەردان نەبوو لەڕومادی، چونکە هێندە نەبوو لەگەڵ ناهیدە ببووینە دەزگیران، ئیتر ئەبووایە زەینێک وخەیاڵێک ، ڕایەڵێکم هەرلەوێ بووایە، لای ئەو، تا دواجار (١١/ ٨/ ١٩٧٧) بووە ڕۆژی بە هاوسەربوونمان، بۆیە ناڵێم زەماوەند، چونکە زەماوەند سروتێکی ئاهەنگگێران و شایلۆغانی دەگرێتەخۆ، کەچی ئێمە بەهۆی ئەوەی هێندە نەبوو دایکە خۆشەویست و نموونەییەکەم (دووریە عارف) کۆچی دوایی کردبوو.

(١٩٧٧/٦/١١) بۆیە لەڕێ و ڕەسمێکی زۆر سادەی بەتامی پرسەداریدا بۆنەکەمان بەڕێکرد. هەر بەو بۆنەیەشەوە ئەمەوێ ئەوەش بگێرمەوە، کە ئەو چەند ڕۆژەی لەناو باریگەی ڕومادیدا بووین، ناهیدە و خوالێخۆشبوو (خاوەرخان)ی دایکی بەمەنجەڵێکی گەورەی پەردەپڵاوەوە سەردانیان کردین .

تازە گەڕابوومەوە هەولێر، لەڕۆژێکی مانگی ئایاری ١٩٧٧دا بوو، برا و خزمم کاک (جهانگیری حاجی کەمالی شەریفاغای ڕەشدووریێ) کە زۆر تێکەڵ بووین، هاتبووە بەخێرهاتنەوەمان، هەر بەتەنیابووین و دوای یەکترماچکردن و هەواڵپرسی، ئیتر قسەو باسمان هاتە سەر باس وخواسی سیاسەت و کوردایەتی، ڕوون بوو کە من لە دوورخراوەیی وئاوارەیی و دابڕان هاتبوومەوەو هەڵبەت ئەو بە پێچەوانەوە لەناو ڕووداوەکاندا بوو، من زۆر کەم قسەم کرد بەلام بەتێری خۆی قسەی بۆکردم و بێ سڵەمینەوەو بێ هیچ جۆرە ترسێک لەبارەی سیاسەت و گۆڕانکاریە نوێکان قسەی دواو دەستبەجێش داوای لێکردم بچمە ڕیزی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)ەوە، هاوکات پۆست کارتێکی سیاسیشی وێدام، منیش وەک چۆن بێ دوودڵی و بێ ترس گوێم لێگرت، هەرواش پۆستکارتەکەم لێ وەرگرت ولەسەر ئەوە ڕێککەوتین ڕۆژی دوایی یەکتربببینینەوەو وەلامی داوا یان پێشنیارەکەشی بدەمەوە، هەرواشمان کردو ڕۆژی دوایی ودوای ئەوەی هەندێ سەرنج وپرسیارم لەو بارەوە پێ ووت، ئیتر ڕەزامەندی تەواوی خۆمم پێ ڕاگەیاند و منیش چوومە ریزی کۆمەڵەوە، بەداخەوە هێندەی نەخایاند کاک جیهانگیر و کۆمەڵێک تێکۆشەری تر دەسگیر کران .

## نەژاد عزیز سورمێ



### (بەختی ڕەش یا کۆمەڵی چەوت) [1]
### چەند وێستگەیەکی کورت لە ڕۆژگارەکانی
### دوای کۆربوونەوەی (ئاگردان)ێکی دی

ناوچەی باڵەکایەتی کە سەرکردایەتی (شۆڕش)ی لێ بوو کە زێدی خۆشمە لە چاو دەشتی هەولێرێ بەهاری درەنگ دەگاتێ.

ئەو دەمەی لە نەزانی و بەدبەختی خۆمان بێ یا گەلەکۆمەکی بەرژەوەندیخوازانی هێزە ئیقلیمی و جیهانگیرەکانەوە، ڕێککەوتنی (جەزاییر)ی لێ کەوتەوە کە بە ڕێککەوتنی دوو نەیاری مێژوویی و دوو دۆستی مێژوویی دژ بە کورد (ئێراق – ئێران) ی لە ٦ ی ئاداری جەزاییر ١٩٧٥ ناسراوە.

ئەو ڕێککەوتنە لە پاشاندا مەینەتی وماڵوێرانی و خانەگەردانییەکی بە دوای خۆیدا هێنا بە کتێبان بگێڕدرێتەوە کە چ کارەسات و کوێرەوەری و ماڵ و گوند و شارویرانی بەدوادا هات ئێستایش شوێنەواری ڕەش نەبووەتەوە و باوەڕیش ناکەم بەو ساڵ و زەمانانە ڕەش ببنەوە.

ئەوسا من لە (ئیستگەی دەنگی کوردستان) کارم دەکرد، یەکەمین

---

(١) **(بەختی ڕەش یا کۆمەڵی چەوت)** لە ئەسڵدا ئەمە ناوونیشانی یادداشتەکانی باوکم بوو کە نزیکەی تۆ سەت و قسوور لاپەڕەی فۆلسکاب (A٤)ی دەستخەت بوو، بێجگە لە چەندان وێنە و دیکۆمێنتی گرینگ کە بە داخێکی زۆرەوە بە بۆردمانی فڕۆکە لەگەڵ خانوو و ماڵێمان ساڵی ١٩٧٤ لە گەڵاڵە تیاچوو.

پەیامنێری جەنگ بووم سەردانی بەرەی هێزەکانم لە زۆربەی سەنگەرەکانی پێشەوەدا لە چیاکانی کۆڕەک و هەندرێن و زۆزک و سەرتیز و ڕواندز و گەلی مێگر و گەلی شێخ سەید و کەپکی ئارمووشین و (چنێراوە) لە بناری چیای هەندرێن کە بارەگای سەرەکی هێزی لێ بوو هەمیشە ڕۆژانە بە ژمارەیەک ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی تۆمارکراوەوە دەگەڕامەوە.

ئەوان ڕۆژان ئێمەمانان بە هێزی هیوا و خەونی ئومێدێکی زۆر لە ئاسۆی بینابیمان فراوانتر، لێبڕاوانە کارمان دەکرد، بە دڵێکی ساف و سەرگەرمییەک قابیل بە تەمەنمان، تەمەنی دەسپێکی گەنجایەتی و سەرەتای هەڕەتی بەجێهێشتنی قۆناخی هەرزەیی کە لە دوایدا ڕۆژگاری نەفرەتی وێنەی تۆقیانووسێکی بێ بن لێی هەڵلووشین، نەیهێشت وەک ئادەمزاد ببینین و بە کامی دڵ هەستی پێ بکەین، ئێستاش وەختێ لە هەڵسووکەوتێکی نامۆی لە چەشنێک هەڵدەنگوین بە جۆرێکی دی لێکدەدرێتەوە و مۆری دواکەوتوویی و نەدیدکەیمان پێوە دەنرێ.

با سەرتان نەیەشێنم.. کە ئەو کارەساتە ڕوویدا من تەنیا بووم، ماڵەوەمان لە دیوی ئێران لە ئوردووگای پەنابەران بوون، ماڵ و خانوومان زووتر بە بۆردوومانی فڕۆکەکانی عیراق وێران ببوو و هیچمان نەمابوو، (لە هەمووی سەیرتر بۆیان گێڕامەوە کە پاش بۆردوومان ئەوەی مابوو لە پاشماوەی شڕ و شیتاڵی ماڵێمان کەس بە کەس ڕانەدەگەیشت لە بردنی !!)

من بە خۆم لە بەرەکانی شەر دەگەڕامەوە، بارەگایەکمان لە دەورووبەری دەربەندی ڕایەتێ (کانیی گۆرینان) لە دۆڵێکدا هەبوو، من و حەمەڕەشید هەرەس و مەهدی ئومێد و ڕەوانشاد ڕەحمان فەرهاد کە بێژەری بەشی ئینگلیزی ئیستگە بوو لە خیوەتێکدا بووین، برادەرانی تریش بەو لا و بەم لا، سەر و خواری ئێمە لە خیوەتی دیکە، لەوانە ڕەوانشاد بارزانی مەلا خالید بێژەری سەرەکی هەواڵ، هەروەها حافز ئەنوەر مایی و ڕەوانشاد دەنسا هەریری بێژەری بەشی سریانی و خەلەف زێباری و زۆربەی بێژەر و هەندێ لە نووسەرانی بەشی عەرەبی و تورکمانی و ئینگلیزی لەوانە دارا سەدیق نۆرجان بێژەری بەتوانای عەرەبی گەلێکی دی کە بە داخەوە هەموو ناوەکانم لەبیر نەماون، جارووباریش لە بنکەی ئیستگە لە مەمیخەلان کە بەڕێوەبەرانی تەکنیکی و ئەندازیارەکانی لێ بوون لەپێش هەموانەوە

شەهید عبدولخالق مەعرووف، هەروەها لە ئەمینداریەتی گشتیی ڕاگەیاندن لە گردمەیدان (ئازادی)ی بەرامبەر گوندی زینوێی شێخی لای لەتیف هەڵمەت و ڕەوانشاد جەلالی میرزا کەریم و فەرهاد (ئەنوەر) شاکەلی و سەلاح شوان و ئەنوەر قادر محەمەد و ڕەوانشاد عومەر عەلی ئەمین و خاتوو گەزیزەی کچی کە بەرنامەی لە ئیستگە هەبوو ڕێکدەکەوت دەمامەوە..

دوای ڕێککەوتنی ٦ ی ئادار لە جەزاییر ڕاستەوخۆ دەمانبینی، بەبەر چاوی ئێمەوە چی چەکی قورسی وەک تۆپ و دژە فڕۆکە بەرەو ئێران دەکشانەوە.

سەرەتا هەوڵێک بەو ڕووکارە هەبوو لە شێوەی سەرپشککردن بۆ بەردەوامی دان بە شۆڕش، پاشان دەرکەوت پیلانەکە لەوە زۆر گەورەترە بیرمان لێ دەکردەوە..

ئەوە بوو هەر لە دوادواکانی ناوەڕاستی مانگی ئادار وردە وردە لە پێشدا خەڵکی مەدەنی پاشان پێشمەرگە ڕوویان لە سنوور کرد، هەر چەندە لە هەندێ بەرە شەڕێکی مەردانە کرا و عیراق ئەوسا بە بۆمبای فسفۆر لێی دابوون تا بە پێشمەرگە ڕادەگا زۆر لە خەڵکی مەدەنیشی شەهید و بریندار کردبوو، کە هەندێ لە بریندارەکان هێنرابوونە نەخۆشخانەی خانێ، من دوایی کە پەڕیمەوە ئەو دیو لە سۆراخی برادەرێکمدا چوومە نەخۆشخانە هەندێ لەو بریندارانەم بینی زۆربەیان بە فسفۆر سووتابوون، بەداخەوە ئەو برادەرەی من (م. سەردار) کە پێشتر وتیان بریندارە لە نەخۆشخانە شەهید ببوو.

بەینی ١٨-٢٠ مانگ بوو، بەخۆ و خەمی هەموو دونیا (ئاوەها خۆم دەهاتە بەرچاو) وەکو ئەو خەڵکە بەپیادە ڕێم گرتەبەر بەرەو سنووری ئێران.

ڕێگەی هاملتۆن جادەیەکی بەرین و ڕاستان نەبوو ئەوسا (ئێستاش شێوەی جارانی ون نەکردووە) ئەو هەرای ڕاکە ڕاکەو دۆخی بێئومێدبوونەش تەواوی خەڵکی لەلایەک سەرسڕما و لەلایەکی دی سەرلێشواو کردبوو.. نەیاندەزانی چی بکەن و بەری خۆیان لەکوێ بکەن..

**پرسیار دەهاتە بەرابەر پرسیار، وەڵامیش هەر پرسیار بوو... (بۆ؟)**

زۆر لەوانەی چەکیان پێ بوو هەڵیان دەدایە ڕووباری شێخی (ئێمە بەو ڕووبارەی هاوتەریبی ڕێی هاملتۆن دەڵێین– ڕووباری شێخی)، هەرچەندە گیرفان پووڵییەکی وام پێ نەبوو بەشی حەفتەیەکم بکا، بەڵام چونکە تەنیا

بووم لەزۆربەی ئەو خەڵکە باشتر بووم، کە ماڵ و منداڵی وردیان پێ بوو... وەک عادەتیش لەچاوترووکانێکدا ئازووقە نەما، هەر ماڵێک بوو چەردەیەکی گل دەدایەوە..

بڕۆ... بڕۆ نەژاد، بەهارە بەوەخت، ڕاستە، بەڵام هێشتا سووی ساردی هەر هەستی پێ دەکرێ و تا بەرەو ژووریش دەبووینەوە ساردتر دەبوو، من کۆڵەپشتیەکم لەشێوەی جانتایێکدا پێ بوو، کە هەندێک بجگوڕ و چەند کتێبێک و وەردەواڵەی تێدا بوو...

بڕۆ .. بڕۆ نەژاد! بەڵام بۆ کوێ؟بۆ چارەنووسێکی نادیار، کە بەڕاستیش نەمادەزانی چی دەگوزەرێ و بۆچی، هەواڵی ناخۆشیش وەک ئاگری ناو پووش وابوو تێکەڵی سترێسی دەروونمان دەبوو، هەندێ جار بۆ هەندێک گەیشتبووە ڕادەی کۆتایی بەژیان هێنان نەک تەسلیم بوون بەقەدەرێکی نادیار...

لەڕێگەدا زۆر لەبرادەر و ناسیاو و خزمم دیتن، بێ ئەوەی ورتەیەکمان لێوە بێ، تەنیا سەیرێکی یەکمان دەکرد و حەپەساو لێک تێدەپەڕین. هەر لەڕێگادا، لەهەندێ شوێن خەڵکانێکم دەبینی، لەپەنا بەردێک، لەجادە لایان داوە ئاگریان کردووەتەوە تا گەیشتمە سنوور، لەچوار پێنج جێی ئاوا لام دا بەبۆنەی دەست و قاچ گەرم کردنەوە، هەرواش بوو بەڕاستی دەست و قاچم سڕ ببوون، بەڵام من ئەوسا تازە تەمەنی هەرزەیم بەتەواوی تێنەپەڕاندبوو، زیاتر بەرگەی سەرمام دەگرت و بەپێ ڕۆیشتنی ئەو هەموو ڕێگایەش، ئەگەر ماندووشی کردبم. گوڕی بەر قاچ و دەستم دابوو..

سەیر لەوەدابوو، ئەو خەڵک و خوایەش، هەندێکیان بەماڵ و خێزان بوون، کە دەچوومە لایان، قسەیەکی ئەوتۆیان نەدەکرد، لەوەی بەدەر هەندێکیان، هەموویان نا، چایەکیان لەقۆغەیەکی فافۆن یان پەرداخێک بێدەنگ لەپێش دادەنام. بێ ئەوەی قسەیەک بکەن، بەڵام هەزاران پرسیارم لەچاویاندا دەخوێندەوە، بۆ وای لێهات ئەوە چ قەدەرێکی شووم بوو، بۆچی کەس تەنیا ورتەیەکیشی لەسەر ئێمە لێوە نایێ، کورد بۆچی بە درێژایی مێژوو ئەوندە مەزڵووم و خۆشباوەڕ و ساویلکە و چ نەزانە باوەڕ بە دژمنانی دەکا...؟

سەرتان نەیەشێنم هەرچی چۆنێکە پێش خۆر ئاوابوون گەیشتمە حاجی ئۆمەران.

ئەو دەمەی باسی دەکەم حاجی ئۆمەران جمەی دەهات لەخەڵک و پێشمەرگە، کە زۆریان چەکداریش بوون.

لاونیو پرسیارم دەکرد، چی بکەین؟ هەمدیس وەڵامم بەپرسیاری تر وەردەگرتەوە.. جێگا و شوێنێکی دیاریکراو نەبوو شەوی تێدا بەرێ بکەین، هەرچەندە من وەک خۆم زۆر دۆست و ناسیاوی نزیکیشم لە خەڵکی حاجی ئۆمەران هەبوو، بەڵام دۆخەکە بەجۆرێک شێواو بوو لەئاپۆرە و قەرەباڵغی و کەس بەکەس نەبووی ئەو ساتە حاجی ئۆمەرانم لێ ببووە بەغدا کەسم نەدۆزیەوە ناچار هەر وا لەپەنا و پەسیوان، هەبوو لەبن سواندەی ماڵان، لەسەر بانان، کە زۆر ساردیش بوو و حەوانەوەی تێدا ئەستەم بوو، شەومان بەکوتکەخەو یان بەبێداری یا بەدواداچوونی هەواڵان بەرێ کرد.

لەگەڵ کازیوە و وردە وردە لێچوونەوەی ڕەشایی شەو خەڵک تێکڕا خۆیان تەیارکردبوو بەرەو گوندی (شیوەڕەش) دوا گوندی سنووری عێراق و پاشان سنوور بە ئیستلاحی ئێرانیان مەرزی ئێرانێ.

لەو لاشەوە هەواڵەکان و پێوەنانی هەندێکیش وەک عادەتی هەردەمی کۆمەڵگەی دواکەوتوو لەبارەی پێشڕەوی هێزەکانی سوپا و فڕۆکە جەنگییەکانی عیراق دونیای لێ کردبووینە چەرمی کێژۆلە (چۆلەکە).

ڕێچکە بەستنی ئەو جەشاماتە لەگەڵ بەیانی دا تا دەهات زیاتر دەبوو... لەناو ئاپۆرای ئەو هەموو خەڵکە و فشاری بەرپرسانی سنووری ئێران لەپاڵنان و پشکنین و چەککردنی ئەوانەی چەکیان پێ بوو (من یەک بەبار تفەنگەکەم لەگەڵاڵە بەتەمای خزمێک بەجێهێشت، دەمانچەیەکم هەبوو پێشتر باوکم بەدیاری بۆی هاتبوو دابووی بەمن، دڵم نەدەهات بیدەم بەکەس بەئاگاداری باپیرم لە لەدەوروبەری زەوییەک ئێمە پێمان دەگوت زەوی (دۆڵاوە گەرمێ) لەبن پاردەیەک شاردەوە بەهیوای ئەوەی وەختێک دێ دەریدەهێنمەوە، دیارە ئەو وەختە ئێستاش نەهات.. واتە من لەکۆڵە پشتێکی سووک زیاترم پێ نەبوو، کە سێ چوار کتێب و هەندێ گەلوپەلی پێویستی ڕۆژانە و چەردەیەکی کەم لەنان و خواردنی قووتووکراو، کە هەمیشە پێم دەبوو، بەتایبەتی کە بۆ ڕوومالی هەواڵ و ڕاپۆرت بۆ ئیستگەی دەنگی کوردستان سەردانی بەرەکانی شەڕم دەکرد، بەڵام کێشە لەوەدابوو لەناو ئەو ئاپۆرایە و ئەو پاڵەپەستۆیە ئاسان نەبوو بگەیتە لای کابرای مەرز،

بەهەر حاڵ من لەگەڵ کازیوەدا وەڕێ کەوتبووم، ئینجا بەهەزار حاڵ پێش داخستنی مەرز، کە لەگەڵ بوولێڵدا دادەخرا پەڕیمەوە ئەو دیو.. لەوبەر بەدەیان ئۆتۆمبێل و پاس وەستابوون نەفەریان دەبردنە خانێ (پیرانشەهر)، جێی خۆم لەپاسێکدا کردەوە، هەرزانتر بوو، ڕاستی من پارەیەکی لەو ڕەنگەم پێ نەبوو، پێشمەرگە ئەوسا مووچە، وەک مووچەی نەبوو، ناوە ناوە گیرفانپووڵییەکیان بەناوی (یارمەتی) دەدایێ، من مانگانە چوار دینارم وەردەگرت، بەحیساب پەیامنێری جەنگ بووم و هاتووچووم زۆر بوو، جاروبار ڕەگەڵ ڕۆژنامەنووسی بیانیش دەکەوتم، ئەگەر تاک و تەرا هاتبان و بیانویستبایە بچنە بەرەکانی شەڕ، ناڵێم چوار دینار کەم بوو، بەڵام بۆ گەنجێکی تازە وێراگەیشتووی وەک من بەحاڵ دەیگەیاندمەوە یارمەتییەکی دی، بەتایبەتی زۆربەی جاران نان و خواردنم یا لەبارەگاکانی پێشمەرگە دەبوو، یان لەبارەگای ئێستگە بەتایبەتیش لەبارەگای هەمیشەیی خۆمان، تیمی کارمەندانی ئێستگە لە (کانی گۆڕینان) نزیک دەربەندی ڕایاتێ کە لەپێشدا باسم کرد...

بەینی سنووری ئێراق- ئێران دانراوە (کە لەڕاستیدا نە عێراقە و نە ئێران).

تا خانێ کە ئەوسا ئەگەر لەبیرم نەچوو بێ ( ناحییە) بوو، نەدەگەیشتە سەعاتێک، بەڵام بەهۆی ئاپۆڕای پەنابەران کە هەموو بەپێ ڕێی گرتبوو و ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل و پاسان، دەتگوت لەسەر هێلکان دەڕۆین بە نزیکەی چوار سەعات زیاتریش گەیشتینە شاری خانێ، خەڵکی خانێ دەتگوت خۆڵ و دۆیان بەسەردا کراوە، ماتەمینییێکی ڕانەگەینراو لەچاوی کوردی ڕۆژهەڵاتێشدا دەخوێندرایەوە.

ماڵی ئێمە لە ئۆردوگای ئاواران لەشنۆیێ (نەلێوان)ێ بوو، شەویش بوو بەو حاڵ و وەزعە و دڵشکان و نیگەرانی و خەم و بێهیوایی و چارەنووسی نادیار وەکو ماری ئەفسانان لەزۆربەی هەرە زۆرمان ئاڵا بوو نە پێوەی دەدایێن نە بەریشی دەدایێن، کە ڕەنگە ئەگەر پێوەی بدابووایێن زۆرمانی ئاسوودە دەکرد.

ماڵی خاڵێکم لەخانێ بوو، ئەو شەوەم لەوێ بەڕێکرد، بەڵام چ بەڕێکردنێک، بەچەندان کابووسی تۆقێنەر.

خانێ بەئاپۆرای پەنابەرانی کوردی گەرمێنێ (کوردی باشوور) چواربەرابەری خۆی خەڵکی تێ ڕژابوو و بەردەوامیش بوو.. لەگەڵ ئەوەی خەڵکی ئەوێ میواندۆست و میهرەبان بوون یارمەتیان دەداین، ئێ دیسان هەندێ لەئاوارەکان بەتایبەتی ئەوانەی ماڵ و حاڵیان نەبوو یان لەئۆردووگا دووره دەستەکان بوون کارێکی ئاسان نەبوو لەو کاتەدا جێیان دەسکەوێ..

بۆ ڕۆژی دوایی هەرچی چۆنێک بوو خۆم گەیاندە ئۆردووگای نەلیوان لەشنۆیێ، بەڵام گوتیان گواستراونەتەوە ئۆردووگای (ڕەبەت) نزیک شاری سەردەشتێ، گەیشتمە ئەوێ، ئۆردووگایش لەخانێ پشێوتر و قەرەباڵغتر بوو، بەحاڵ ماڵی خۆمانم دۆزیەوە، دایکم کە منی بینی یەکسەر دایە پرمەی گریان، ئیدی نازانم لەخۆشی ئەوە بوو جارێکی دی منی بینیوەتەوە، کە ئەوسا پاگەندە و دەمگۆی هەمەجۆر کرابوو، لەبۆردوومانی باڵەفڕەکانی حکوومەتی بەغدا کوژران و بریندار بوونی خەڵکێکی زۆر بەتایبەتی لەئێستگەی دەنگی کوردستان، یاخود بۆ حاڵی خۆمان بوو، کە ماڵ و خانوومان لەگەڵاڵە بەبۆردوومانی فڕۆکە تەخت بوو بوو...(دایکم تا وەفاتی کرد چەندین جار ماڵی وێران بووە دواجاری لەشەڕی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووی برایان بوو، کە دواجار سەری خۆیشی لەسەر دانا..)

لەو ئان و ساتەدا حکوومەتی بەغدا عەفووی دا لەپاڵیشیدا چەندان وەفدی حکوومەت سەردانی ئۆردووگای پەنابەرانیان دەکرد و هانیان دەداین بۆ گەڕانەوە، ئیتر بەکورتی چەند ڕۆژێکی نەبرد چ بەهۆی فشاری بەردوامی ئێران بێ یاخود نیازی گەڕانەوەی خەڵک ئۆردووگاکان بەرەبەرە چۆڵ دەبوون، کۆچی پێچەوانە و گەڕانەوە بۆ دیوی عێراقێ دەستی پێکرد..

ڕاستی من بڕیاری خۆمم دابوو، نەگەڕێمەوە، بەو جۆرە ئەوان بەرەو گەڵاڵە، منیش دوای ئەوەی هەندێ لەبرادەرانی هاوپۆلم دۆزینەوە پاش مانەوەی ماوەیەک لە شنۆ و نەغەدە و خانێ و مهاباد، چوومە ئۆردووگای (زێوێ) لەدەڤەری مەرگەوەڕ، لەوێ بەحیساب بەپێی پرۆگرامی پەروەردەیی عێراق دەخوێندرا قوتابخانەمان بۆ کرایەوە ، (دواناوەندی زمناکۆ) من ئەوسا لەپۆلی پێنجی ئامادەیی دەستم بەخوێندن کردەوە، ژمارەیەک لەهاوپۆلانی دواناوەندی گەڵاڵەیشم لەوێدا بینیەوە، بەڵام داخەکەم ئێران ئەو قوتابخانەشی پاش چەند مانگێک داخست، قبووڵی نەبوو بەپرۆگرام و بەرنامەی پەروەردەیی لە

عێراق پەیرەو دەکرا بەردەوام بێ.

(لە لایەکی دی هەر لەو کاودانەدا کە نەماندەزانی چارەنووسمان بە چی دەگا ، بێدەستی خۆم بەداوی خۆشەویستییەکەوە بووم، یەکەمین خۆشەویستی.. کاژێک لە کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات..

بە داخەوە دوای گواستنەوەمان بە زۆری بۆ شارێکی دوورەدەستی باکووری ئێران لێی دابڕام، هەر ئەو دابڕانە بوو تا ئەمڕۆ، بەم جۆرە ئەو زامەیش هاتە پاڵ زامەکانی دی ئەوسا و ئێستا.. ڕاستیی ئەو داوە لە خۆیدا چیرۆکێکە کە پێم وا نییە ئێرە جێی گێڕانەوەی بێ ..)

پاشان من گەڕامەوە شاری مهاباد لەوێ هەندێ لەبرادەر و ناسیاوەکانی نووسەر و ڕۆژنامەنووسم بینینەوە، لەوانە ڕەوانشاد جەلالی میرزا کەریم، سەلاح شوان، هەروەها مامۆستا ئەحمەد هەردی و ژمارەیەکی دی...

کەس لەکەسی نەدەپرسیەوە ڕۆژگارێک بوو وەک چوو نەیەتەوە، هەرچەندە بەداخەوە بەشێوەیەکی دی هاتەوە، وەک بڵێی ئەمە قەدەری کورد بێ، بەدبەختی بیداتە دەست بەدبەختیەوە... ئەمەش بەو بۆنەیە دەگێڕمەوە ئێمە ناوە ناوە سەردانی نەغەدەمان دەکرد کە لەو کاتیدا تاڕادەیەک هەموو سەرکردایەتی شۆڕشی لێ گیرسابوونەوە.

لەیەکێک لەو سەفەرانە، لەگەڕانەوەم بۆ مهاباد بە پاسێکی ١٨نەفەری لەڕێگادا وەرگەڕا، هەندێ سەرنشینی تێدا برینداربوون، یەکێکیان من بووم کە پیلم شکا، پاش ئەوەی لەهۆشی خۆم چوو بووم کە بەخەبەرهاتم وا دیار بوو نەشتەرگەریان بۆ کردبووم، خۆم بینی بەتەنیا لەسووچێک لەسەر قەلەوێرەیەکی سەفەری لەنەخۆشخانەی مهابادێ فڕێ دراوم، هەرچی چۆنێک بوو ئێستاش بیرم نەماوە چۆن کاک جەلالی میرزا کەریم زانیبووی لەنەخۆشخانە هاتە لام، من ئەوسا بەقەرزی کەی خوا دەروویەکی کردەوە لە ئوتێلی (پارس) دەنووستم، هەر بەو شێوەیەش نانم لە چێشتخانەی (پارس) کە بەتەک ئوتێلکەوە بوو دەخوارد...

(هەرگیز لەبیرم ناچێ بە هۆی ئەوەی قەرزێکی زۆرم لەسەر کەڵەکە ببوو، کابرای شاگردی چێشتخانە لە ئوتێل، کە بە پاڵ چێشتخانەوە بوو هاتە لام و وتی: ئاغا خوایشت دەکەم بەڵام ئاغام دەڵێ ناتوانین چیدی بە قەرز بدەین، منیش هەر ئەوەندەم پێ گوترا بەو مانایە پێم وت با ئاغات خاترجەم

بێ پارەکەی ناخورێ و بە دڵنیاییەوە بەم زووانە بەخۆم بۆی دێنم)

ئەو شان شکانەی من لێم بوو بەبەڵایەکی گەورە هەموو ئاماژە پزیشکییەکان وایان دەردەخست سەقەت دەبم، وا دیار بوو نەشتەرگەرییەکایان هەروایی بۆ کردبووم، بە قەرز بێ یا بە یارمەتی هەندێ لە خزم و دۆستان زۆر دکتۆرم لەنەغەدە و مهاباد و ورمێ و تەورێزێ کرد بێ سوود بوو، تا ئەو ڕۆژەی لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد هەردی و کاک جەلالی میرزا کەریم لەچێشتخانەی پارس لە مهاباد دانیشتبووین پیاوێک هاتە لامان، کە پێیان ناساندم دەرچووی مامۆستا نەجمەدینی ئەنیسی بوو بەڕێوەبەری ئێستگەی ڕادیۆی مهاباد، کە سەربردەی پیل شکاندنەکەی من هاتەوە گۆڕێ وتی ئەگەر فلان (واتە من) ڕازی بێ چاکی دەکەمەوە، بەهەر حاڵ منی بردە گوندێکی نزیک مهاباد (شۆڕاوا) بۆ ماڵی بەیتارێکی میللی بەناوی (عەلی شۆڕاوایی)، ئەو پیاوە زۆری ئەزیەت دام تا ڕادەیی لەهۆش چوون، بەڵام چاکی کردمەوە...

دوای ماوەیەک خولێکی تایبەتی بۆ قوتابییە ئاوارەکان بۆ فێربوونی زمانی فارسی کرایەوە، بەو هیوایەی ساڵی دادێ لەقوتابخانەکانی ئێران درێژە بەخوێندن بدەن.، (کە خۆشم یەکێک بووم لەو قوتابیانە).

تازە دەورەکەمان تەواو کردبوو ژمارەیەک ناو بەهۆی دیواری مزگەوت و سینەما و شوێنە گشتییەکان ڕاگەیێنرا، ئەگەر ئەو ناوانە لەماوەی ٤٨ سەعات خۆیان بە پۆلیس و کەلانتەری بەقەولی ئەوان مەعرەفی نەکەن تەسلیمی عێراقێ دەکرێنەوە، ناوی من یەکێک بوو لەو ناوانە، بەکورتی دوای ئەوەی خۆمان ناساند لەترسی ئەوەی ڕادەستی عێراقمان نەکەنەوە، ئێمە کۆمەڵێک بووین چووین خۆمان ناساند و کاتێکی دیاریکراویان بۆ دانایین کە نەدەگەیشتە هەفتەیەک، ئێمەیان لەگەراجێکی شاری نەغەدە کۆکردەوە و سواری پاسیان کردین (پاسی هەژدە نەفەری) هەر پاسە و بە ئاراستەیەک و کەسیش نەیدەزانی بۆ کوێمان دەبەن و چیمان لێ دەکەن، هەر لەگەراج هەر یەکەو هەزار تمەنیان پێ داین، کە ئەوسا دەیکردە پەنجا دیناری عێراقی.

پاسەکەی ئێمە ڕێگەی ورمێی گرتەبەر، ئەوسا بە (ورمێ)یان دەگوت (ڕەزاییە)، ئێمە دەوری سەعات ١٠ی بەیانی بەڕێ کەوتین، هەر لەڕێگا شەومان بەسەرداهات، بەتەورێز و ئەردەبیل و چەندان شار و شارۆچکەدا تێپەڕین تا درەنگانی شەو گەیشتینە شاری (ڕشت)، دوایی زانیمان لەشاری

(ڕشت)ین، ئێمەیان لەنزیک کارگەیەک دانا لەشوێنێک نزیکی ڕشت ناوی (سوومعە سەرا) بوو.

لەوێدا هەر دوو سێ ڕۆژ ماینەوە و پێیان وتین دەتوانن بچنە شار و لەوێ لە ئوتێل بن ، ئێمە چوار پێنج کەس بووین، ئەوەی بەبیرم مابێ خۆم و ملازم شوان، کە دوایی بەملازم شوانی پاسۆک ناسرا، هەروەها خوالێخۆشبووان د.سەعەدی غەریب، ڕاگری کۆلیژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی و مارف ژاژڵەیی چووینە ئوتێلێک ناوی (بین المللی) بوو ( ئوتێلێکی بێ پلە و پایە بوو ناوەکەی لێ خەسار بوو)، دیارە کە خەرجی ئوتێل و خواردن لەسەر حسابی خۆمان بوو، ئێمەش ئەوانەی کە ناوم هێنان پێکەوە بووین، بەتایبەتی من پارەیەکی ئەوتۆم نەبوو، زۆر جار برادەران هەقی خواردنێکی هاکەزاییان بۆ دەدام.

شاری (ڕشت) شارێکی جوان و خۆش و شارستانی بوو و لەبەندەری پەهلەوی ئەوسا (ئەنزەلی ئێستا)نزیک بوو، کە بەتایبەتی کەشتی سۆڤیەتی ئەوسا لەنگەریان لێ دەگرت.

برنجێکی دەرجە یەکیان لەتەواوی ئێرانێدا هەبوو، دەڤەرێک بوو بەبرنج بەناوبانگ بوو، هەمیشە بارانێکی نەرمی هەبوو، بەڵام بە ئێمە چی کە شەشدەرمان لێ گیرا بوو و نە خەرجیمان هەبوو نە کەس خۆی لێ دەکردین بە ساحێب و لای لێ دەکردینەوە..

دەزگایەک سەروکاری پەنابەرانی لەدەستدا بوو، هەر ڕۆژەی بەبیانوویەک خۆیان لێ دەدزینەوە و هیچیان بۆ نەدەکردین تەنیا قەولیان پێ دەداین و بەقسان ڕایانگرتبووین و کەسیش کارێکی پێ نەدەداین، ڕێککەوتنی جەزاییر لەگەرمیدا بوو، ئێران نەیدەویست عێراق وا تێ بگا هانی پەنابەران دەدا نەچنەوە، ئەوە مایەوە تا وای لێهات زۆری نەما بوو بگەینە قۆناخی سواڵی سەرجادە، لەهەمووشی وێرانتر پارەی ئوتێلمان زۆر هاتبووە سەر... بەو جۆرە ئێمە، من و ملازم شوان و خوالێخۆشبووان د.سەعدی غەریب و مارف ژاژڵەیی بەناچاری بڕیاری هاتنەوەمان دا تەنانەت من کە پارەی ئوتێلم نەبوو، جانتاکەم بەپشتێنێ لەباڵەکۆنەکەوە شۆڕ کردەوە خوارێ دەنا کابرای خاوەنی ئوتێل ڕەنگ بوو بەگرتنی بدا بووام..

بەهەر حاڵ پێش ئەوەی بێینەوە دەرگا نەما لێی نەدەین، من کە هیچ

وەرقەیەکم نەبوو دوو جار بەدزی چوومە تارانێ، سەفارەت نەما ئەوەی دەستم پێ ڕاگەیشتبێ نەچم بێ سوود بوو، کەس پارەی بەقەرزیش پێ نەدەداین، دەنا هەر لەهەمان ئوتێل خەڵک و خوایەکی لێ بوو هەبوون بوون، وەکو ئێمەش ئاوارە بوون، (مەبەستم لەگەڵ ئێمەدا هاتبوون)... ئینجا بەمن چی؟

ئێمە هەر چوارمان چووینە شوێنی مەبەست، کە وا بزانم ئەگەر لەبیرم بێ بارەگای (شیر و خورشید) بوو، کە هەر ئەوانیش قەولی زۆریان پێ دابووین و هیچیان جێبەجێ نەکرد بوو، وا دیار بوو خەڵکی دیشی لێ بوو، ناویان نووسین، دوای چەند سەعاتێک چاوەڕوانی ئێمە کۆمەڵێک سواری پاسێکی (هەژدە نەفەریان) کردین بەرەو سنوور، لە ڕێگای-کرماشان قەسری شیرین-خوسرەوی خانەقییەوە.

پاس کەوتەڕێ، ئاخر بەینی ڕشت و سنووری عێراق بەو ڕێیەدا ماوەیەکە، لەڕێگادا شەومان بەسەردا هات، وەک ئێستام لەبیرە کە گەیشتینە تاق بۆستان د.سەعدی ڕەحمەتی کە نەختیکی لەڕێگادا خواردبووەوە دەستی کرد بەگریان بەدەم ئاهەوە بە دەنگێکی بەرزیش هاواری دەکرد ئەوە تاق بوستانە، ئەوە کوردستانە، ناوی کوردستانی زۆر دووبارە دەکردەوە و دەگریا، گەیشتە ئەوەی زۆر لە سەرنشینانی هەژدەنەفەرییەکەیشی هێنایە گریان ...

سەعات دوازدە و قسووری شەو بوو گەیشتینە سنوور لەدیوی ئێرانێ، خاو و خێزانێکی زۆری لێ بوو ئەودیویش دیار بوو، ژمارەیەکی زۆری لە بارهەڵگرە درێژەکان (ترێلە) وەستا بوون، ئێمە ئەو شەوە کە ناوەڕاستی پاییز بوو لەو بیابانە ماینەوە، تەنانەت من چەند کتێبێکم لەجانتاکەمدا بوو، کە هەر ئەو جانتایەشم پێ بوو لەسەرمان سووتاندمان، بەیانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات سنوور کرایەوە، ڕاستی زۆربەمان پەشیمان بووینەوە هەرچەندە لەناچاریش بووبێ، بەڵام کە بینیمان بەچ ئیهانە و لێخوڕینی ئاژەڵئاسا لەو دیوو دەمان بەن بۆ دیوی عێراقێ، سەربازەکان ئەو خەڵکەیان سواری ترێلە دەکرد، وایکرد بە تەواوی پەشیمان ببینەوە، هەر چەندە لە دیوی ئێرانێش بەوپەڕی ناچاری بڕیاری هاتنەوەمان دابوو بەڵام تازە چارێکی دیمان لەبەر دەم نەمابوو و وەک دەڵێن تازە تیر لەکەوانێ دەرچوو بوو.. تازە ڕوویشتبوو بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی گەرانەوەمان لەپێشدا نەمابوو.

تا پەڕینەوە دیوی ئەو سنوورەی کردوویانە بەسنووری عێراق بەهۆی قەرەباڵغی چەند سەعاتێکی دیکەی پێ چوو، هەر لەگەڵ پەڕینەوەمان سەربازێکی زۆری لێ بوو، یەکسەر سەری ترێلەکانیان ئاواڵاکرد وەک ئاژەڵ سواریان کردین، بەپەستان لەدواوەی ترێلەکانیان دەپەستاین، ژن و منداڵی ساوا و پیر و گەنج، کە بەزەحمەت جێی دانیشتمان دەبووەوە، نزیکەی سەعات و نیوێک ئاوا ماینەوە تا زۆربەی ترێلەکان پڕ کران، ئینجا وردە وردە وەجوولە کەوتن، یەکەم شار پێیدا ڕۆیشتین خانەقی بوو، خەڵکێکی زۆر لەو بەر و ئەو بەری جادە بوون، وا دیار بوو حکوومەت هێنابوونی، هەندێکیش ڕەنگە بەعسی بووبن، پەلکە شووتیان تێدەگرتین، ئێستاش لەگوێمدا دەزرنگێتەوە، کە بەدەنگی بەرز لەگەڵ هاوێشتنی توێکڵە شووتی دەیانگوت (حوکمە زاتییەکە هاوردتان)، وا دیار بوو دەزگا حزبی و ئەمنییەکانی حزبی بەعس ئامادەکاریان بۆ ئەوە کردبوو، دەنا ئێمە دوور و نزیک خەڵکمان دەدی دەم و چاویان وێک هاتبووەوە وبە خەمبارییەوە وەستابوون، وا دیار بوو زۆربەیان بەزۆر هێنرابوون.

ترێلەکان خۆشبەز نەبوون لەسەرخۆ دەڕۆیشتن، کە نەمان دەزانی بۆ کوێمان دەبەن، هەرچەندە ئێمە بەحیسابی (عەفووی عام) گەڕابووینەوە و قەولی ئەوەیان پێدابووین هەر کەس دەچێتەوە شار و شوێنی خۆی، پاشان وا دەرنەچوو....

ئێستا ترێلەکان بەخێراییەکی مامناوەندی دەڕێیێدان، ئێمەش جگە لەتۆز و غوباری ڕێ، نە تیکە نانێک نە قومە ئاوێکیان پێداین.

ترێلەکان بەڕێوەن.. خانەقییمان بەجێ هێشت تا گەیشتینە بەغدا بەژمارەیەک شار و شارۆچکەدا تێپەڕین ، کە گەیشتینە بەغدا، دەمێک بوو شەومان بەسەردا هاتبوو، دیارە بەغدا وەک شارێکی دیار و هەڵکەوتوو سەردەمگەلێکی بەخۆیەوە بینووە تا گەیشتووەتە ئەمڕۆ، نەتەوە و ڕەگەزی جیاجیا بە درێژایی مێژووی حوکمیان تێدا کردووە، زۆر جاریش کەوتووەتە بەر شاڵاوی شەڕ و داگیرکاریی و وێران بوون، ئەوەتا ئێستاش بەو ڕەنگەیە کە عەرەب بە پایەتەختی بەنازی خۆیانی دەزانن..

ئێمە لەپشتی ترێلەکان ئاخنرابووین، چەندان سەعات بوو بێ نان و ئاو، بەرمان بەجوانی و ڕووناکی شەقامەکانی بەغداوە نەبوو، لەگەڵ

ئەوەشدا ڕەونەقی ساختمان و شەقامەکان، سەرەڕایی برسیەتی و تینوویەتی و ژاوەژاوی قەرەباڵغی، زۆربەمان لەپشتی ترێلەوە جار بەجار بۆ تەماشا سەرمان هەڵدەبڕی، سەیری جادە و بەری ڕووناک و درەوشاوەی بەغدا و گڵۆپە درەوشاوەکانمان دەکرد.

لێ خوا شاهیدە گڵۆپەکانی بەغدا لە برینە هەمیشە خوێن لەبەر ڕۆییەکانی ئێمە گەشتر نەبوون، بەڵام برینەکانی ئێمە کە دەیان ساڵە هەر چەند ساڵ جارێک دەکولێندرێنەوە. ئەوەتا ئێستاش بەخۆ و بەبرینە گەشە کوولێنراوەکانمان لە ترێلان ئاخنراوین، کە تا ئەم ساتەش بەبەغدا تێدەپەڕین نازانین بۆ کوێمان دەبەن و بەتەمان چیمان لێ بکەن.

نازانین لەکوێدا وەک کۆمەڵە بوونەوەری تێکەڵە لەکوێدا هەڵماندەڕێژن چۆن لەسنووردا تێیان هاوێشتین وەک ئەوەی ئاژەڵگەلێک لەپشتەوەی ترێلەکان بارکەن وابوو..

ماوەیەک تاڕادەیەک زۆری پێ چوو ئێمە هێشتا بەغدامان بەجێ نەهێشتبوو، دیارە من وەک خۆم کەم تا کورتێک شارەزای بەغدا بووم، بەڵام بەغدا شارێکی گەورەیە و بە ڕووباری دیجلەوە بووە بەدوو بەر، بەری ڕەسافە و بەری کەرخ، من هەر ئەوەم لەبیرە ئێمە لەگەڕەکی (الشعب)ـەوە لە بەری ڕەسافە هاتینە ناو بەغدا ئەوەی دی بەهۆی شلۆغی و قەرەباڵغی شەقامەکان، ماوەیەکی زۆرمان پێ چوو تا بازگەی بەری باشووری بەغدامان بڕی و لەشاری دەرچووین و هاتینەوە سەر ڕاستە ڕێی شەقامی دەرەوەی بەغدا بەرەو باشوور...

ترێلەکان بەخێراییەکی مامناوەندی دەڕۆیشتن بەمەزەندە نزیکەی سەعاتێک و هەندێکی پێچوو ڕووناکایی شارۆچەکەیەکمان لێ دەرکەوت، هەر لەدووڕاش هەندێکمان لەپشتی ترێلەکەماندا لەگەڵدا بوو هێشتا نەگەیشتبووینە بازگەی شارەکە وتیان ئێرە (مەحموودیە)یە...

چەندی لەمەحموودییە نزیک دەبووینەوە ترێلەکان خێراییان کەمتر دەبووەوە تا ئەوەی هەر دوای دەربازبوونمان لەبازگەی پێشەوەی شارەکە بەماوەیەکی کورت ترێلەکان وەک ئەوەی هەر ترێلەیەک فارغۆنی شەمەندەفەرێک بێ یەک بەدوای یەک لەجادەیان لادا و وەستان، لەو دەمەدا ئێمە بیرمان بۆ ئەوە چوو دەبێ بەتەمای چی بن... هەندێکمان بیری بۆ شتی خراپ چوو تا

ڕادەی کوشتن...زۆرینەش منیش هەر لەگەڵ زۆرینەدا بووم، وتم ڕەنگە نان و ئاویکمان بدەنێ ، کە نزیکەی شانزدە سەعات بوو بەڕێوە بووین هیچیان پێ نەدابووین، منداڵان لەپشتی تریلە بەخۆیاندا کردبوو، ئەوە جگە لەسەرما و تۆزی ڕێگا کە لەپشتی تریلەی سەرکراوەدا هەراسانی کردبووین، کەچی دەرچوو بۆ پاسەوان و شوفێری تریلەکانە کە پشوویەک بدەن و نان و چا لەو چەند چێشتخانەیە بخۆن، کەوا پێ دەچوو پێشەکی بۆیان ئامادەکرابێ، بەوەی تریلە بەتریلە هاتن ئاگاداریان کردینەوە کەس دانەبەزێ و لەجێی خۆی نەجوولێتەوە، هەرچەندە هەندێ لەو بەساڵاچووانەی ناو تریلەکان ئاوا شەفاعەتێکیان بۆ ژن و منداڵەکان کرد کە برسیانە و تێنوویانە و هەیە پێویستی بەسەر ئاوە... دادی نەدا.

سەعات و نیوێکی زیاتری پێ چوو تا شوفێر و پاسەوانەکانی لەگەڵیان بوون، هەر تریلەیەک دوو پاسەوانی چەکداری لەگەڵدا بوو، کە لەپێشەوەی تریلە سوار بوو بوون نان و چایان خوارد ئێمەش لەناو تریلەدا ئەژنۆمان لەباوەش گرتووە، ئەوەی دەبۆرژێ، ئەوەی بیر لەچارەنووسی نادیاری خۆی دەکاتەوە، تێشمان دابوو لەماوەی وەستانی تریلەکان بەهەر جۆرێک بووە پەنایەکی دروست دەکرد میزێک لەناو بۆدی تریلەدا بەناو درزی بۆدی بەسەر تایەکاندا شۆڕ دەکردەوە کە هەندێکیان نیوەی هەڵدەبەزییەوە و بەخۆی دەکەوتەوە، یەکیان من بووم لەگۆشەیەکی تریلەدا ئەو قارەمانیەتیەم نواند و زۆربەیشی هەلبەزییەوە و بەخۆم کەوتەوە، کار لەوە ترازا بوو چیتر خۆمان ڕابگرین، ئەوەی باش بوو من دوو سێ پاکەتی جگەرەم پێ بوو، کە هەندێ جار جگەرە جگەرە وێریشم دەکرد بۆ جگەرەکێشانی ناو تریلە، هەندێکی پێ چوو غەڵبە غەڵبی دەنگی شوفێر و پاسەوانەکان پەیدا بووەوە کە تێریەتی و ئینتەللایی ئەوان لەبەرامبەر برسیەتی و تینوویەتی ئێمە هاوکێشەیەکی لاسەنگی پێکهێنابوو، هەندێ جاریش لەگەڵ جوولەی تریلەکان جۆرێک لەکۆمیدیایەکی مرۆییانەی بەرپا دەکرد، هەندێ دانیشتووانی پشتی تریلەی دەخستە پێکەنین.

بۆ یەکەم جار بوو لەو ڕێیە دوور و درێژە پێبکەنین، بەهەندێ لەنووکتەی ماوە بەسەرچووکە زۆر جار لەساتەوەختی دەست لەخۆ شۆردندا دەگێڕدرێنەوە...

ترێلەکان کەوتنەوە ڕێ، کات لەنیوەی شەو نزیک دەبووەوە ماوەیەکی زۆری نەبرد ژمارەیەکیان بەرەو ڕێیەکی دی لەزنجیرەی ترێلان جیا بوونەوە، ئێمە بەلایتەکانیانەوە زانیمان لایاندا، ئەوانی دی بەترێلەی ئێمەوە بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن..

کات بۆ دووی شەو دەچوو، ڕێگا تا ڕادەیەک چۆل بوو، ترێلەکانی بەر ڕێڕەوی ئێمە کەوتن، پاش ئەوەی هەندێکیان لەگەڵ دەرچوونمان لەقەزای مەحموودییە بەمەزندە نەدەگەیشتنە دە ترێلە، کەمتر بوون، نزیکەی سەعات و چارەگێک بلێی سەعاتێک و نیو دەڕێدا بووین، تا گەیشتینە شوێنێک نەمان دەزانی کوێیە باکوور و باشوور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوامان لێ تێک چوو بوو، بەو شەوە شوێنێک بوو لەدێیەک دەچوو، دیار بوو زۆربەی خانووەکانی قوڕ بوون، ترێلەکان لەچۆلەوانییەکدا وەستان، پاسەوانەکان هاتن و ئێمەیان هێنا خوارەوە و بەسەر ئەو خانووە قوڕانەیان دابەش کردین، ئێمە هەر چوارمان کە سەلت بووین و پێکەوەش لەشاری (ڕشت)ی ئێرانەوە گەڕابووینەوە، پاش بگرە و بەردە و حەفت و هەشتێکی زۆر تا سەلماندمان ئێمە پێکەوەین و خانوویەک لەو خانووە قوڕانەیان داینێ، من و ملازم شوان و هەردوو ڕەوانشاد د.سەعدی غەریب کە ڕاگری کۆلیژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی بوو. هەروەها مارف ژاژڵەیی کە لەڕاستیدا من لە (ڕشت)ەوە ناسیبووم، ئەوەی دەیڵێم و تا وەرگرتنی خانووەکە سەعات خۆی لەچواری بەرەبەیان دەدا، ئێمە تا ئەو ساتە ئەوەی پەیوەندی بەژیانی بایۆلۆژیمانەوە هەبێ نەمان کردبوو لە نان و ئاو و...تاد. نان و ئاو دابەشکردن تا بەر ئێمە کەوت کازیوەی دا و سپیایی بەرەبەیان لەدەرکەوتندا بوو ، هەر یەکەو دەبەیەکی ئەوەی جاران نەفتیان تێ دەکرد ئاو و( چونکە ئەو شوێنەی لێیان دانا بووین ئاوی لێ نەبوو) سێ تا چوار ئەستوورک و هەندێ ماست و یەک دوو هێلکە و یەک دوو سەرکە پیازیان پێداین.

وەک شێت و هار (لەپرۆسەیەکی کەس نەدیدەدا) هەموویمانم تەخت کرد، شتێکی چەند خۆش بوو هەست بەتێر بوون، خۆڕایی نییە پێشینان وتوویانە (برسیەتی ڕەگێکی هاری تێدایە)، ئا لەبیرم چوو یەکەو دوو بەتانی عەسکەریشیان پێداین، هەندێکمان دوای خواردن بەتانییەکەمان ڕاخست و پاڵمان بەدیواری ژوورەکە دا، من دوو جگەرەشم کرد بەسەرا، خەوەکوتکە

دەیبردینـەوە، بـەڵام خـەوی ناچاری بوو وەک دەڵێی (خەو سـوڵتانە) دەنا هێشـتا تـا ئـەو کاتیـش لەخۆمـان دڵنیـا نەبوویـن چیمان لێ دەکەن تا ئـەوەی وردە وردە ترێلـەکان سـوڕانەوە و خۆیان ئامـادە دەکـرد و ڕێیـان گرتـە بـەر و گەڕانـەوە، بۆ کـوێ چـوون، ئێستاشـی لەگەڵـدا بـێ نازانم..

بەیانیـدا، خۆرهـەڵات، لـەو نـاوە تـاک تـاک خەڵکی گوندمـان، کـە دوایـی دەرچـوو (ناحییەیـە) و گونـد نییـە بینـی زۆربەیـان دەسـتووری عارەبیـان لەبـەر بـوو لەعـەگال و چەفیـە و دیشداشـە و نەعلـی پـێ... بـەڵام خـوا هەڵناگـرێ بەڕێـز بـوون لەگەڵمـان تەنانـەت هەندێکیـان پێیـان دەوتیـن (تحاتجـون شـی) هیچتـان پێویسـت نییـە، لێمـان پرسـین ئێرە کوێیـە، وتیان ئێرە (عتێیشـی)یە، بـەڵام نـاوی ڕەسـمی (ناحیـة الحسـینیة)یە، وتیـان سـەر بەکەربەلایـە، کەربـەلا لێـرە نزیکـە، کـە دوای دەرچـوو ناونانـی (عتێشـی) کـە لە عەتشـانی عەرەبییەوە هاتـووە، گوایـە لـەم جێیـەدا ئێمامـی حسـێن و ئێمـام عەباسـی بـرای و هاوەڵانـی سـەریان بـڕاوە.

نێـوان ئـەوێ و کەربـەلا، هـەر بەقـەد نێوانـی هەولێـر و عەنـکاوە نەختێـک زیاتـر دەبـوو، لـەو بەینـەدا پاسـی (تێمـس)ی بچـووک کاریان دەکـرد و نەفەریان دەهێنـا و دەبردن.

عتێشـی وەکـو ناحییـە بـوو بـەڵام خەڵکێکـی هـەژاری لـێ دەژیا و زۆربەیـان وا پـێ دەچـوو بەکشـتوکێڵ و مـاڵات بەخێوکردنـەوە خەریـک بـوون، بـاغ و بێسـتان و دار و درەختێکـی لەخـۆ زیاتـری لـێ بـوو، زۆربـەی ژنـان لەچکـدار و عەباپـۆش بـوون، سـوێندی کـەم تـا کورتێـک ناخـۆم کە پـێ دەچـوو خوێندکاری قوتابخانـە بـن لەناحییەکـەوە هەندێکیـان هاتوچـووی کەربەلایـان دەکـرد، تەنیـا لەچکـدار بـوون، بـەڵام عەبایـان نەدەپۆشـی... حەفتەیەکـی بـرد بـەو حاڵـە مایـنـەوە، لـەو ماوەیـەدا هەندێـک قـاپ و قـازان و شـتومەکی پێویسـتی خواردن و تەباخێکـی بچووکمـان (چولـە) لەحسـابی خۆمـان بەکۆمەکـی هەموومـان پەیـدا کـرد ئەویـش بەهـەزار حـاڵ، چونکـە زۆربەمـان نەمـان دەزانی چارەنووسـمان چی دەبـێ، تـا ئـەوەی ڕۆژێ دوای دە ڕۆژ لەهاتنمـان پێیـان وتیـن دەتوانن بچنە شـار (واتـە کەربـەلا) ئێمـە وەک ئـەوەی پێیـان وتبین هەر کەس بچێتەوە شـار و ماڵی خـۆی ئاوامـان لـێ خـۆش هـات و چوویـن، ئـەو ناحییەیـە تەنیـا یـەک چایخانـە و کەبابخانەیەکـی بچـووک زیاتـری لـێ نەبـوو، وەڕس بـوو بوویـن لەچایخانـە و

ئەو چوار دیوارە قورەی تێیدا بووین... بنیادەم سەیرە بەرگەی چەندین سەختیی دەگرێ کەچی چاوی بەهیچیش لێ هەڵنایێ، بەهەر حاڵ ئێمە هەر چوارمان بڕیارماندا بچینە کەربەلا.

بۆ چوون بۆ کەربەلا، گەراجێک هەبوو پێیان دەوت گەراجی کەربەلا، ژمارەیەک (تێمیس) پاسە هەرە بچووکەکانی لێ دەوەستان کە دەوری دوازدە کەسی هەڵدەگرت، بەنرخێکی ڕەمزی لەبەینی کەربەلا و عتێشی نەفەری دەگواستەوە، ئەو ڕۆژە کەیفمان زۆر ساز بوو بەتایبەتی کە پێیان وتبووین چەند ڕۆژێکی تر داتاندەمەزرێنین.

هەر چوارمان سواری تێمس بووین بەرەو کەربەلا، زۆری پێنەچوو ئاوا چارەگێک یان زیاتر یا کەمتر گەیشتینە شوێنی وەستانی تێمسەکان لەگەراجی کەربەلا کە لەناوەڕاستی شار بوو...

کەربەلا دیارە شارێکی پیرۆزە لای شیعەکان بەوەی مەرقەدی ئیمامی حسێن و ئیمام عەباسی برای لێیە و هەمیشە زیارەتکاری بۆ دێن بێجگە لەعاشوورا کە سێ هێندەی شارەکە خۆی زیارەتکاری تێ دەڕژێن زۆرجار لەعاشوورایێ ئەوەندە قەرەباڵغ دەبوو دەرزیت هاوێشتبا نەدەکەوتە ئەرزی، جگە لەوەش کەربەلا لەچاو خۆی و هەندێ شاری تری باشوور شارێکی خاوێن بوو، تەناتەت زۆر لەنەجەف خاوێنتر بوو کە مەرقەدی ئیمام عەلی لێیە. جگە لەوەش کەربەلا بە باغ و بێستانەکانی دەوروبەری بەناوبانگ بوو... زۆربەی خەڵکی بەتایبەتی دوکاندارەکان کە سەروکارمان لەگەڵ دەبوون، زمانی فارسیان دەزانی، لەجوانی و سەرنجڕاکێشی کچ و ژنانیشیان هەر گەڕێ کە ئایەتێک بوون لەجوانی جیاواز مەسەلا ئەسمەری چاو کاڵ. یان سپی چاو ڕەش و سەوز، یاخود غەمزەداری شیرین.. هەموو ئەوەی ئێستا کچ و ژنان بەجوانکاریش نایگەنێ، لەکەربەلا بەسرووشتی خۆیان هەبوون، هەندێ وایان لێکدەدایەوە ئەوە بەکاریگەری تێکەڵاوی ڕەگەزی فارس و عەرەبە، من بەخۆم ئەوەندەی دیومە لەجوانانی کەربەلام جوانتر نەدیوون.

لەلایەکی دی کەربەلا وەک شارێکی پیرۆز باڕ و مەلها و جێی لەشفرۆشی و قومارخانەی بەڕەسمی تێدا نەبوو و هەر بەدوایی قەدەغە بوو، ئەوەی ویستبای بخواتەوە دەبووایە بچێتە ناحییەی (توێریج) کە نیو سەعاتێک لەکەربەلا دوور بوو، ڕەنگە ئێستا قەزا بێ.

هـەردوو مەرقـەدی ئیمامـی حسێن و ئیمام عەباسی بـرای هـەر یەکێکیـان لەشـەقامێکی سـەربەخۆ بـوون....

ئێمـە هـەر دابەزیـن، بەپیاسـە بەنـاو شـاردا سووڕاینەوە، ئـەو شـەقام بـۆ ئـەو.. باڵەخانەشـمان زۆر دیتـن، کـە زۆربەیـان یـان ئوتێل بـوون یـان شـووقەی ئامادەکراو بـۆ زیارەتـکاران.... جگـە لـەوەش زۆر چایخانەشـمان لەڕێـڕەوی پیاسـەماندا بینـی... تـا ئـەوەی لەچایخانەیەکـی ئـاوا نەختێـک گەورەتـر لەوانـی دی لەدەورووبـەری مەرقـەدی ئیمـام عەبـاس دی و بڕیارمانـدا پشـوویەک بدەیـن و هـەر دانیشـتین و دانەنیشـتین مـن لـەدووڕا نیعمـەت عەبدوڵـڵام بینـی لەگـەڵ سـێ چـوار کـەس لەسـەر قەنەفەیەکـی داری کۆن، لـە وێنـەی قەنەفـەی چایخانەکانـی هەولێـر بـە نموونـە چایخانـەی مەچکـۆ دانیشـتبوو.

وتـم براینـە ئەوانـەی ئەوسـەر هەمـوو کـوردن، مـن یەکێکیـان بەناسـین دەناسـم ئەوانـی دیشـم دیـووە، بـەڵام نایـان ناسـم دەچمە لایـان، ئەوان دانیشـتن مـن بـەرەو ڕووی نیعمـەت چـووم، ئەویـش کە لێی نزیک بوومەوە منی ناسـییەوە، ئاخـر ئێمـە لـە ناوەڕاسـتی حەفتاکانـەوە یەکترمـان دەناسـی، جگە لەوەی سـاڵی ١٩٧٤یـش زۆر جـار تەسـادوفم دەکـرد... ئـەو لەمـن، مـن لـە ئەو نزیـک بووینەوە باوەشـمان بەیەکدا کـرد، کـە حاڵەتێکـی ئینسـانییە دوو غەریـب لەشـوێنێکی وا یەکتـر ببیننـەوە ( وکل غریـب للغریـب نسـیب)، وتـی وەرە ئـەوە برادەرانـن، کـە چـووم حاکـم تۆفیـق کـە وەختـی خـۆی مدیـر ناحیـەی گەڵاڵە بوو ناسـیمەوە، هـەروا برادەرێکـی تـر صـادق کـە لـە هەولێـر لـە چاپخانـەدا کاری دەکـرد، خـوای لـێ خـۆش بـێ کۆچـی دوایـی کـرد، ئەویشـم ناسـیەوە، یەکێکـی دیکـە کـە نـاوی شـێرزاد جبرائیـل ئـەوم نەدەناسـی، هەروەهـا برادەرێکـی تر، بەهـەر حاڵ منیش ئەوانـم بـردە لای برادەرانـی تـر کـە پێکـەوە بوویـن، ئیتـر بازنەکە فراوانتـر بوو و دەردە دڵ زۆرتـر تـا درەنگانـی عەسـر، دوای ئـەوەی هـەر لەتـەک ئـەو چایخانەیە چێشـتخانەیەک هەبـوو نانـی نیوەڕۆمـان لـێ خـوارد. پاشـان نیعمـەت و ئـەوان وا دیـار بـوو لەشـووقەیەک دەژیـان، ئێمـە درەنگمـان بەسـەردا هاتبـوو چوینـەوە گـەراج و گەڕاینـەوە جێـی خۆمـان لـە خانـووە قوڕەکانـی (عتێیشـی).

هەفتەیەکـی نەبـرد پارێـزگاری کەربـەلا (محمـد حسـین حسـن الشـامی) کـە پـاش چەندیـن سـاڵ زانیمـان لەسـەر ئـەوەی چـوو بـووە پرسـەی سـەرکردەیەکی خزمـی کـە سـەدام حسـێن ئیعدامـی کردبـوو، ٦ سـاڵیان حوکـم دابـوو و لەزیندان

بووە، بەهەر حاڵ پارێزگار وەک چۆن چووە لای نەفیکراوەکانی تر هاتە لای ئێمەش.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی لەو حەسارەی ژوورەکەی ئێمەی لێ بوو، دەم و دەست ڕاوانشاد د.سەعدی غەریبی ناسیەوە کەوا دیارە لەقۆناغی زانکۆدا دەرسی پێ وتووە، ئیتر لەگەڵ بینینی د. سەعدی ئوستاز وە ئوستازی دەکەوتەوە، وا باوە مامۆستا قوتابی خۆی ناناسێتەوە بەپێچیەوانەوە قوتابی مامۆستای دەناسێتەوە، ناسینەوەی د.سەعدی غەریب لەلایەن پارێزگارەوە خێری بۆ ئێمەش پێوە بوو، یەکسەر بۆ بەیانی بە ئەمری پارێزگار ئێمەیان لەبینایەکی حکوومی کە بیرم نەماوە قوتابخانە بوو یاخود بۆ فەرمانگەیەک دروستکرا بوو گواستەوە، ئیتر لەکۆڵ مێش و کێچ و پێشکە بووینەوە، بیناکە بۆ ئێمە لەکۆشکی پاشایان خۆشتر بوو، بەتایبەتی کە شەش یان هەشت حەمام و ئاودەستی تێدا بوو، حەوشەیەکی گەورە.. هەر لەوکاتەشەوە پارێزگار هەرێی ئەوەی پێداین وا بکەن پەلە بکرێت لەدامەزراندمان لەناو شار وەک د.سەعدی داوای لێ کرد، زۆری نەبرد ئاوا ماوەی حەفتەیەک یان دە ڕۆژ ئێمە کە ڕۆژانە دەهاتینە کەریەلا و لەچایخانە لەگەڵ ئەوانی دانیشتووی ناو شار دادەنیشتین و چەندین جار چووینە ئەو شووقەیەی نیعمەت عەبدوڵلا و ئەوانی لێ بوو، وای لێهات خەڵکی دیکەشمان دیتەوە، لەوانە دۆستی دێرینم هونەرمەند حەسەن گەرمیانی کە مامۆستا بوو لەئامادەیی کشتوکاڵ و هەروەها سەید داوود کە دەرچووی کۆلیژی قانوون بوو و هەروەها نزار ڕەحمەتوڵڵا کە ئەفسەر بوو و نەقلی وەزیفەیەکی مەدەنی کرابوو چەندانی دیکەی خەڵکی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک کە بۆ جاری یەکەم ناسیمانن و غەریبایەتی وردە وردە لێکی نزیک کردینەوە.

خۆی ڕاستە شتی بەزۆر و قەول شکاندن و درۆ لەگەڵ کردن ناخۆش بوو، کە ئێمەی هەڵدایە ئەو شوێنە و هی تریش بۆ شارەکانی دی، بەڵام نای شارمەوە لەدوایدا پاش چەندان ساڵ کە مەینەتی خراپتر و وێرانتر بەسەر نیشتمان و گەلەکەماندا هات لەئەنفال کردن و بەکیماوی لێدان و پاشان کارەساتە تراژیکومیدیەکانی دوای ڕاپەڕین.... ئێمە ئەوسا کە هێشتا ئومێدمان بە ئایندە هەبوو بەبەراورد لەنیمچە بەهەشتێکدا بووین...

دە ڕۆژی نەبرد پاش پڕکردنەوەی زانیاری لەسەر هەموومان هەر یەکەمانیان لەفەرمانگەیەک دامەزراند، من کە ئەوسا دەرچووی سێی ناوەندی بووم ( چونکە خوێندی ئێرانێم بۆ حساب نەکرا دەنا من بە حەقیقی لەوێ گەیشتبوومە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ) ، بە (کرێکاری ناشارەزا — عامل غیر ماهر) لەگەراجی (مەسڵەحەی نەقلی ڕووکاب) دامەزرام .

ڕاستی بەهۆی شایەدنامەکەمەوە تەنیا من بەکرێکار دامەزرام، برادەرانی لەگەڵم بوون، هەموویان بەفەرمانبەر، ئەوەی عەسکەریش بووایە دەیانهێنایە سەر میلاکی مەدەنی و بەفەرمانبەر دایاندەمەزراند، وەک بەنموونە ملازم شوان (عبدولئیلاه احمد) کە دەرچووی کۆلیژی سەربازی بوو هێنایانە سەر میلاکی مەدەنی... من لەفەرمانەکەمدا وەک کرێکار زۆر ماندوویان دەکردم لەو شوێنە ڕۆژانە پێنج تا شەش ئامانە (پاس)ی گەورەیان پێ دەشووشتم و پاک دەکردەوە، دەوامێکی زۆر، معاشێکی کەم تەواو هیلاکیان کردم، بەرپرسی گەراج تا بڵێی کابرایەکی تڕوهات و خۆبەزلزانی توند بوو نەک هەر لەگەڵ من بەتەنیا، لەگەڵ هەموو کرێکارەکان وابوو.

بارەکە وا ڕۆیشت، ئێواران کە دەگەڕامەوە ئوتێل، چونکە ئێمە پاش دامەزراندن ڕێگەیان پێداین بێینە ناو شار، هەبوون چوونە شووقە هەشبوو چووە ئوتێل، من لەئوتێلی (شەیبانی) بووم» ئوتێلێکی بێ پلە بوو لەلاکۆڵانێک، هەندێ کوردی تریشی لێ بوو، ئێواران بەجەستەیەکی ماندوو دەگەڕامەوە نانێکی هاکەزایم لەچێشتخانەیەکی نزیک ئوتێل دەخوارد و دەچوومەوە ئوتێل، ئیتر تا وەختی خەوتن لای من باس هەر باسی ئەو کابرای بەرپرسی گەراجی پاسان بوو، کە چۆن ڕێگەچارەیەک بدۆزمەوە نەقلی شوێنێکی ترم بکەن...

ئیتر کرێکاری ناشارەزای ئەوسا، خۆی چی و بەنەقل چی لەمەسەلەکە دەگۆڕێ، بەڵام من هەمیشە وام لێک دەدایەوە بچمە هەر شوێنێک باوەڕ ناکەم بەرپرسەکەی وەک بەرپرسی گەراجی (ئامانان) پاسان بێ، ئەوەها دڵڕەق و خۆپەرست و خۆبەزلزان و تڕوهات. بەو جۆرە مامەوە ڕۆژانە بەتایبەتی بە نیعمەت و ملازم شوانم دەگوت، چ دەبێ ئەگەر دەوام نەکەم، ئەوانیش هەموو جارێ بەوە ساردیان دەکردمەوە کە ماوەیەکی دی سەبر بگرم تا بزانین

بەڵکو دەروویەک بکرێتەوە و بمان گەڕێننەوە کوردستان.

منیش دەمگوت وایە (ئەگەر لەمن نەدەن لەحەمەدی برا بدەن، لەمن وایە لەجەواڵی کایێ دەدەن)، ئەوان جێیان لەچاو جێی من خۆش بوو، چارەکی منیش ماندوو نەبوون بەپاس شوشتنێ، بەو جۆرە هەفتە و مانگ تێپەڕین تا ڕۆژێ وەک خدری زیندە پارێزگارمان لێ پەیدا بوو، هەمان پارێزگار کەمنی لەگەڵ د.سەعدی بینی بوو ئەوەی وەک دەڵێن لەخانووە قوڕەکانی عوتێشی بەسەردانی بەسەرکردنەوەی فەرمانگەکان هاتبوو...

ئێمە، کرێکارەکانیان کۆکردەوە، هەموومان جلوبەرگی کارمان لەبەر بوو کە بریتی بوو لەبەدلەیەکی مۆر، جزمەیەکی لاستیقی تا چۆکان، پارێزگار دایەرەکەی هەموو بەسەر کردەوە ، کابرای بەرپرس لەپێش پارێزگار نەوعێکی تر بوو، ئەوە نەبوو کە غەدری لە ئێمە دەکرد و ڕۆژانە هەرکرێکارێکی لانی کەم چوار پاسی پێ دەشووشت، پارێزگار زۆر نەمایەوە، خۆی هەر دایەرەکەش گەراجی پاسی مەسڵەحە هەر بایی ئەوەندە بوو، من هەر لەفکری خۆمدا بووم، پێی بلێم پێی نەڵێم، دواجار جورئەتم دایە بەرخۆم و کۆنە هەوییەکی ڕۆژنامەی (التاخی)م پێ بوو دەرم هێنا و لەدەستم گرت و بەرەو ڕووی پارێزگار کە تازە خەریک بوو خواحافیزی دەکرد بڕوا وتم.

(ئوستاز ... العفو) مامۆستا ببوورن...ئاوڕی دایەوە پێشەکی بەبیرم هێنایەوە کە من لەگەڵ جەماعەتی د. سەعدی غەریبین ( من الاکراد العائدین) ئەوە ناوە ڕسمییەکەمان بوو، یەکسەر وتی (تفەزەڵ ئیبنی) فەرموو ڕۆڵە، وتم ئوستاز ڕاستی من کاتی خۆی ڕۆژنامەنووس بووم لە ڕۆژنامەی (التاخی) ئێستاش پێمخۆشە جەنابت لوتف بکەن بەڵکو لێرە نەقلم بکەن، یەکسەر وتی باشە، ئەو ڕۆژە پێنج شەممەیە ڕۆژی شەممە وەرە پارێزگا، وتم ئەگەر وەرقەیەکم بدەنێ نەبادا نەهێڵن. بەکەسێکی کە لەگەڵی بوو وت وەرقەیەکی بدەیێ وابزانم سکرتێری بوو... ئەویش دەست بەجێ وەرقەی بۆ نووسیم پاش ئەوەی ناوی سێینەی لێ پرسیم.

پارێزگار ڕۆیشت، ئینجا ما کابرای کەللە بۆرە، بەرپرسی گەراج لێم دەر بووەوە، تۆ چۆن بەبێ پرسی من قسە لەگەڵ سەیدولمحافیز دەکەی و شتی

لەو بابەتە، ئێوارە پاش دەوام برادەرانم بینی و مەسەلەکەم بۆ گێڕانەوە و ڕاوێژم پێ کردن کە دوو سبەی شەممە چی بکەم و چی بڵێم باشە، بەهەر حاڵ شەممە چوومە پرسگەی پارێزگار و کاغەزەکەم پیشاندان یەکسەر منیان ناردە لای یاریدەری پارێزگار...

هەر لای سکرتێرەکەی ئەوەی لێ پرسیم کە تا چەندت خوێندووە، کەی لەئێران گەڕایتەوە و شتی لەو بابەتە، من ئەوسا وەک وتم سێی ناوەندیم تەواو کردبوو، بوو بووم بەچواری ئامادەیی کابرای سکرتێری یاریدەری پارێزگا بۆ کاروباری ناوخۆ کە ئەوسا ئیدارەی محەلییان پێ دەگوت و گەراجەکەی پاسانیش سەر بەوێ بوو.

سکرتێر چووە ژوورەوە پاش ئاوا چارەگێک بیست دەقە هاتەوە جێی خۆی و وەرەقەیەکی دامێ و وتی بیبە بۆ زاتیە، لێی نووسرا بوو (بناء على امر السيد المحافيز يعين نژاد عزيز قادر من الاكراد العائدين في الادارة المحلية حسب الاصول والقوانين)، ئیمزا وابزانم یاریدەری پارێزگا کردبووی، ئیتر لەو ڕۆژەوە من بووم بەفەرمانبەر لە ئیدارەی محلی کەربەلا بەناونیشانی (کاتب).

ڕاستی سەرەتا زۆرم کەیف بەخۆ هات کە مێز و کورسییەکی ئاسنیان پێدام، لەگەڵ دوو کەسی دی کە یەکێکیان دیار بوو شیوعی بوو، ئاخر ئەوسا هێشتا جەبهەی شیوعی و بەعسی بەرقەرار بوو، زۆر جاران ڕۆژنامەی (طريق الشعب)ی ڕۆژانەی دەهێنا تا ئەو کاتەش هەر (جەبهەی وەتەنی و قومی تەقەدومی) بوون لەگەڵ بەعسیان، ئەوی تر فەرمانبەرێکی بێ وەی بوو تەنیا خەریکی ئیش و کاری خۆی بوو...

کە منیان لەوێ دانا لەلایەن بەرپرسی خۆیەتییەوە پێی وتن (ئەوە فلانی کوڕی فلانە من ئیخواننا ئەلئەکراد ئەلعائدونە معەین جدید راح یشارككم الغورفە) ئەوانیش یەکسەر بەخێریان هێنام و دوای ئەوەی بەرپرسی خۆیەتی ڕۆیی بەخوا چا و ئاویشیان بۆ داواکردم...

ئەو ڕۆژە درۆ چا نییە خۆم نەختێک لە بەرەژێری پاشایەکی سەر تەختیدا دەدی ، حەزم نەدەکرد دەوام تەواو بێ هەندەم لێ خۆش هاتبوو، ئێوارە کە برادەرانم بینی بۆم گێڕانەوە زۆریان پێ خۆش بوو ، هەر ئەو ئێوارەیەش هونەرمەند حەسەن گەرمیانی دۆستی دێرینم بینی، هەروەها

دووسێ کەسی تازەی تر یەکێکیان سەید داوود کە پارێزەر بوو خەڵکی هەولێر بوو، چەند کەسێکی خەڵکی سلێمانیشم بینی ڕاستی ناوەکانیانم بیر نەماوە وابزانم یەکێکیان ناوی دلێر بوو..

من زیاتر لەشەش مانگ بوو گەڕابوومەوە خەبەری ماڵیم نەدابوو، حەزم نەدەکرد، چونکە لەخۆمان دڵنیا نەبووین، ئەوان دووچاری مەترسییەک ببنەوە، بەتایبەتی کە ماڵیشمان دەمزانی هێشتا لەگەلاڵەیە، کە ئەوێش چاودێرییەکی وەک بیستبووم زۆری لەسەر بوو بەحوکمی مێژوو و جواغرافیای شوێنەکە..

بەو جۆرە بەردەوام بووم لەدەوام، تەنانەت لەبەر خۆمەوە دەمگوت ئای کە وەزیفەی (کاتب)یەتی خۆشە، ڕاستی ئەگەر ڕۆژێ چەند نووسراوێکی فەرمیم نووسیبا یاخود بمنووسیبایەوە، کارێکی لەو چەشنە زەحمەتەم نەبوو لەچاو گەراجەکە تەواو وەک پاشای سەر تەخت وا بووم.

ڕۆژگارێکی تەواومان بەسەر برد بەو شێوەیە، من هەر وەکو جاران ئێواران لەگەڵ برادەران شەویش لە ئوتێلی (ئەلشەیبانی)، هەندێ لەبرادەران چووبوونە ئوتێلی دی کە لەمەرقەدی ئیمام عەباسەوە نزیک بوو بەناوی (ئوتێل ڕافدێن) ڕاستە نرخی گرانتر بوو نەختێ، بەڵام بەهۆی برادەرانەوە حەزم لێ بوو منیش بچم بۆ ئەوێ، ئەوە بوو شتەکانی خۆم دە جانتای هاوێشت، هاتمە بەردەم خاوەن ئوتێل کە بەخۆی لەسەر مێزی دەخیلە دادەنیشت، وتم: ببوورە حیسابی من چەندە؟

وتی: خێر بۆ دەڕۆی؟

وتم: بەڵێ دەچمە لای چەند برادەرێک، بەڵام نەمووت بۆ ئوتێل ڕافیدین...

وتی: کاکە ئێمە لەئەمنەوە ئاگادارکراینەوە کە قەدەغەیە بێ ئیجازەی ئەوان لەم ئوتێلە بڕۆی.

کابرا لەنیازپاکی خۆی نووسراوەکەی پیشاندام، منیش پێم وت باشە ئەو نووسراوەم بدێ تا مراجەعەی پێ بکەم و ئیجازەکە وەربگرم، خوا هەڵناگرێ پێی دام، کە ئێستاش نووسراوەکەم پاراستووە (نووسخەیەکی لەبەرگیراوی لەگەڵ ئەو نووسینە دایە).

بەهەر حاڵ مەسەلەکەم بۆ برادەران گێڕایەوە و یەکیان وتی لەبیرم نەماوە کێ بوو، بۆ بە ئەوانەی دایەرە ناڵێی کە لە ژوورەوە لەگەڵتن، بەڵکو

ئەوان کەسێک بناسن، بەیانی زوو لەگەڵ دەوام بەو دوو کەسەم وت. کە وتم یەکێکیان دیار بوو شیوعی بوو... ئەوی دی بەحیساب بێ دەخل بوو، یەکسەر هەڵیدایێ وتی: (ئانی ئەدبرلک کاکە..تدەلل)، من بۆت جێبەجێ دەکەم کاکە. تۆ ئەمر دەکەی.. خوا هەلناگرێ دوو سێ رۆژی پێ نەچوو، کابرای خاوەن ئوتێل هاتە لام و پێی وتم (بەللەغونا) واتە ئاگاداریان کردینەوە ئێستا دەتوانی بڕۆی کاکە) لەگەڵ کۆلێک داوای لێبووردنەوە بەدەست من نەبووە و ئەمر بووە..تاد.

ئیتر لەو ڕۆژەوە پارەی لەسەرم بوو لە ئوتێل (ئەلشەبیانی) دام و گواستمەوە ئوتێل ڕافدین، لەچاو ئوتێل ئەلشەبیانی پاک و تەمیزتر و بەخزمەتر بوو... لەسەر شەقامی سەرەکیش بوو نزیک مەرقەدی ئیمام عەباسی بوو، کە هەمیشە زیارەتکاری بۆ دەهاتن... زۆر لەبرادەرانیش لەو ئوتێلە گیرسابوونەوە، ژیانمان ببووە لەدەوامەوە بۆ ئوتێل و چێشتخانە و ئوتێل و نووستن و دەوام...

جار نا جار بێ ئیجازە سەرمان لەبەغدا دەدا و دەگەڕاینەوە. ئێستاش لەبیرم نەچووە شەوێک من و ملازم شوان و د.سەعدی و مارف ژاژڵەیی چووبووینە توێریج لەیانەیەکی توێریج کە برایانی ئێزیدی بەڕێوەیان دەبرد. درەنگیش بوو زوو نەبوو، بەیانیش دەوامەمان هەبوو، وتیان با سەرێکی بەغدا بدەین، من وتم کوڕە باوکتان چا، دایکتان چا بەیانی دەوامەمان هەیە، ئەوان وتیان هەر دەچین لەبەغداوە دەگەڕێنەوە کەربەلا... وەک عادل ئیمام دەڵێ (اسروا الحاجا) چووین، گەیشتینە بەغدا زۆربەمان خەومان دەهات، بڕیارماندا بچینە ئوتێل، پێم وتن براینە ئاخر من هیچ هەویە و ئیجازە و ئەمانەم پێ نییە، ئەوان هەر یەک کۆنە هەویەکی پێ بوو، منیش کۆنە هەویەکی نوێ نەکراوەی ڕۆژنامەی (التاخی)یم هەبوو، بەڵام لەلایەک نوێ نەکرابووەوە پێشم نەبوو لەجانتاکەمم دانابوو لەکەربەلا.....

د.سەعدی کە خاوەن ئوتێلەکە داوای ناسنامەی لێکردین، یەکسەر وتی: (انی د.سعدی عمید کلیە الزراعة) من د،سەعدیم ڕاگری کۆلیژی کشتوکاڵ، هەویەی خۆی دایێ و ئینجا وتی ئەمەش کوڕمە (واتە من) ئیتر کابرا قسەی نەکرد.

شەو هەر ئەوەندەی بەبەرەوە مابوو نەختێک نووستین و خێرا بێ

تێشت بەرەو گەراجی عەلاوی و گەڕانەوە بۆ کەربەلا .. کارێکی عەبەسی بوو کردمان، پاشان ماوەیەکی زۆر بوو ڕەخنەمان لەخۆمان و ئەو برادەرانە گرت کە (الحوا اسرارا) بۆ چووین، تا وای لێهات، ئەگەر ڕۆژێک یەکێک پێشنیازی چوونە توێریجی بکردابووایە من دەمگوت بەو مەرجەی دێم پاشان بەغدای لەگەڵ نەبێ....

تا دەهات ناوە ناوە کوردمان دەدیتن، تازە هاتوو و کۆن، ناسیاو و نەناس، کار و ژیان بەو ڕەنگە بەرێوە دەچوو، تا ڕۆژێک (ئەمر ئیداری) یەکیان بۆ هێنام منیان بەتەنیا نەقڵی (کتێبخانەی گشتی) پارێزگای نەجەف کردبوو، ئەوسا کتێبخانە گشتییەکان هەموویان سەر بەئیدارەی محەلی بوون، وەک بڵێی خۆڵ و دۆم بەسەردا کرابێ، پاش ئەوەی هەوڵێکی زۆرم دا بێ سوود بوو، ناچار (ئینفکاکیان) پێ کردم و ئێوارە برادەرانم بینی لەوانە ملازم شوان و نیعمەت عەبدوڵلا و حەسەن گەرمیانی و حاکم تۆفیق و صادق و نزار ڕەحمەتووڵلا و شێرزاد جوبرائیل کە هەموویان لەچاپخانەیەکدا بوون، ئەوانیش کە خەبەرەکەیان بیست پێیان ناخۆش بوو لێک دادەبڕێن، بەڵام چارەیەکی دی نەبوو، ڕاستی ملازم شوان تەکلیفی لە د.سەعدی کرد بەو سیفەتەی کاتی خۆی مامۆستای پارێزگار بووە، بەڵام د. سەعدی لەگەڵ ئەوەی زۆریشی پێ ناخۆش بوو کە نەقڵ کراوم، بەڵام وتی بێ سوودە و نایکەم، بەو جۆرە خوا حافیزیم لێ کردن، بۆ بەیانی کە من هەستام ئەوان چووبوونە دەوام،...

کەلوپەلی خۆم خڕکردەوە بەرەو گەراج سواری پاسێکی دارین بووم ، هەر خۆم حەزم کرد دەنا (١٨) نەفەرییەکانیش هەبوون» ئەو پاسانە (دەگ ئەلنجەف)یان پێ دەگوت، دونیایەکی سەیرە لەناوەوە، تا گەیشتینە نیوەی ڕێ، کە هەم پێیان دەگوت (خان النص) و هەمیش ناوە ڕەسمییەکەی (ناحیە الحیدریة) بوو، هەر ئەوێش بوو لەهەرای ئەو ساڵی شیعەکان دووچاری بۆردوومانی تۆپ و فڕۆکە هات، بەهەر حاڵ لای چێشتخانەیەک وەستاین کە تککە و کەباب و ئەوانەی هەبوو من جگە لەوەی تێشتم نەخواردبوو، هەموو هەناویشم لەگەڵ تاسەی پاسەکەدا هاتبووە خوار، برسیم بوو، نەفەرێک کەبابی مستەحەقم خوارد پاشان چایەکیشم کرد بەسەرا بەجگەرەیەکەوە، پاس زۆری پێ نەچوو ڕێگەی گرتەوە بەر، ئاوا دوای (خان النص) نیو

سـەعاتێکی پێچوو گەیشـتینە نەجـەف.

نەجـەف وەک کەربـەلا نەبوو، شـارێکی پـاک بـێ شـەقامەکانی نەجـەف بێسـەر و بـەر دەهاتنـە بەرچـاو، هەروەهـا ئوتێلەکانـی نەجـەف، جگـە لـەوەش بەهـۆی گۆڕسـتانە گەورەکەیـان کـە ڕەنگـە ئێسـتا ڕووبـەری بەقـەد شـارێکی کوردسـتان بـێ، شـارێکی کەئیـب بوو، دانیشتووانیشـی هەر بەو شـێوەیە، لەگەڵ ئەوەشـدا لـە ڕووی فەرهەنگییـەوە بەتایبەتـی فەرهەنگـی ئیسـلامی و بەتایبـەت فەرهەنگـی شێعە مەززەبـەکان بایەخـدار بـوو، هەرچەنـد لـەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دواکەوتنـی بەئاشـکرا پێـوە دەبینـدرا، بەدەگمەن ئافرەتـی سـفووری لێ دەبیندرا، لەبەرابـەردا چەندیـن چاپخانـەی تێدا بـوو ، کۆلیـژی (فیقیە)ش کە شـایەدنامەی بەکالۆریۆسـی دەدایـە دەرچووانـی...

من بەخۆم کۆشیعری یەکەمم لەنەجەف لەچاپخانەی (النعمان) چاپکرد، هەرچەنـدە چاپخانەیەکـی دواکەوتـوو بـوو، بـەڵام بـۆ ئـەو سـەردەمە خـراپ نەبـوو، جگـە لـەوەی نرخـی چاپکردنیشـی تێدا لەچـاو چاپخانەکانـی بەغـدا هەرزانتـر بـوو...

سـەرەڕای ئـەوەش مـن بەهـۆی هاتوچـووم بـۆ ئـەو چاپخانەیـە، زۆر شـاعیر و نووسـەرم ناسـین، لەوانـە خوالێخۆشبوو(مسـتەفا جەمالەددیـن) خاوەنـی دیوانی(عینـاک واللحـن القدیـم) کـە مامۆسـتاش بـوو لەکۆلیـژی فیقـە، هـەر بەبۆنـەی چاپکردنـی یەکەمیـن کۆشـیعرم لـە سـاڵی ١٩٧٧دا لـەو چاپخانەیـە ڕۆژێ خاوەنـی چاپخانەکـە، ژوورێکی پیشـاندام سـەرتاپای کتێبـی گەورەی بەرگ نەکـراو بـوو، وتـی کاکـە ئـەوە هـەزار کتێبـی شـەرفنامەیە بەکـوردی کاتـی خۆی بۆ(کـۆڕی زانیـاری کـورد)م لەچاپـداوە ئەوەنـدەی لـێ ماوەتـەوە تـا ئێسـتاش نەهاتـوون وەریبگرنـەوە، پارەشـیان نـەداوە، دەتوانـی کارێـک بکـەی خەبەرێکیان بدەیـێ ، منیـش قەولـم پێدا لەیەکەمیـن سـەردانم بـۆ بەغـدا پێیـان دەڵێـم ، وتـی بـۆ تەلەفۆنیـان بـۆ ناکـەی، وتـم باوەڕ بکـە تەلەفۆنیـان نازانم چەنـدە، وتی ئەگـەر کەسـێک بناسـی مـن بـۆت پەیدا دەکـەم، وتـم باشـە ژمـارەی بەددالەکـەم بـۆ پەیدا بکـە، مـن ڕاسـتەوخۆ تەلەفـۆن بـۆ سـەرۆکی کـۆڕ دەکـەم، یـان ڕاسـتر سـەرۆکی دەسـتەی کـورد لـە کـۆڕی زانیـاری عێراق، کە ئـەو کاتـە وای لێهاتبوو، ئـەو دەمیـش مامۆسـتا مەسـعوود محەمـەد بـوو.

مـن ڕۆژانـە بـۆ چاپکردنـی کۆشـیعریەکەم سـەردانم دەکـرد بـۆ هەڵـەچنـی و

ئەوانە، بەیانی کە چووم ژمارەی بەددالەی کۆڕی پەیدا کردبوو..

بەتەلەفۆنی چاپخانە ژمارەکەم لێدا، دیار بوو بەددالە بەعەرەبی جوابی دامەوە، وتم ئەگەر بکرێ دەمەوێ قسە لەگەڵ ئوستاز مەسعوود سەرۆکی هەیئەی کوردی بکەم، من فلانم لەنەجەفەوە قسە دەکەم و کارەکەش پەیوەندیدارە بەدەستەی کوردی کۆڕ...کە وام وت یەکسەر تەحویلی کردم، مامۆستا مەسعوود خۆی وەڵامی دایەوە، یەکسەر بەکوردی وتی فەرموو، وتم مامۆستا من ناوم نەژادە حاڵ و حیکایەتی ئەوەندە دانە بێ بەرگەی شەرفنامەی مام هەژار لەچاپخانەی (النعمان) لەنەجەف کەوتووە، وا دیارە پارەی نەدراوە، بۆیە بەرگیشی تێ نەگیراوە، بەپێویستم زانی ئاگاداری جەنابت بکەمەوە، پاشان وتم ئەگەر دەکرێ خۆتان قسە لەگەڵ خاوەنی چاپخانە بکەن، ئەوەتا لەتەنیشتمە لەگەڵی ببڕێننەوە، چونکە زۆر ئیلحاحی لەمن کرد، ژمارەی بەددالەی کۆڕیش هەر خۆی بۆ پەیدا کردم، ئیتر من گووشی تەلەفۆنەکەم دایە دەست ئەبو نازانم چی، بیرم نەماوە، واتە خاوەنی چاپخانە چونکە بیرم نەماوە، پێم وت ئەوە ئوستاز مەسعوودە ڕەئیسی هەیئەی کوردی مجمع.

وا دیار بوو پاشان بەماوەیەکی کورت لێژنەیەک هاتبوون کتێبە بێ بەرگەکانیان بارکردبوو و حەقی کابرای چاپخانەشیان دابوو، خوا هەڵناگرێ لەچاکەی ئەوە خاوەنی چاپخانە لەچاپکردنی کۆشیعری یەکەمم خاترێکی چاکی گرتم.

ڕاستی لەچاپدانی کۆشیعری یەکەمم لە چاپخانەی (النعمان) لە نەجەف حیکایەتۆکەیەکیشی لە پشتە ، چوون لە هەمان وەخت بوو پێم باش بوو بەسەریدا تێنەپەڕم.

ئەو کاتەی ئێمە بۆ ناوەڕاست و باشووری عیراق نەفی کرا بووین، بە هۆی ئەوەی مووچەیەکی دیاریکراومان هەبوو، بەحاڵ بەشی بخۆوبڕۆی دەکرد بە تایبەتی بۆ من کە بە شایەدنامەی سێی ناوەندی دامەزرا بووم، چ جای ئەوەی بیر لە چاپکردنی کتێبان بکەینەوە..

لەو کاتەدا بیرم بۆ ئەوە چوو (کۆڕی زانیاری کورد) وەک دەزگایەکی کوردی

که دوو سێ چاپکراویم لەو شێوەیەدا بینی بوو پێشکێشی ئەوێی بکەم.

لەو دەمەدا کۆڕ بە دوو بژاردە یارمەتی نووسەرانی دەدا، یەکیان چاپکرن بوو

وەک بڵاوکراوەی خۆیان، ئەوی دیکەیان دەسگیرۆیی ( تعضید) بوو..

منیش بە پێی ئەو یاسا و ڕێسایانەی کۆڕ کاری پێ دەکردن بردم و پێشکە شم

کردن، پاش ماوەیەکی زۆر کە کۆشیعرەکەم بە هەر جۆرێک بێ خستبووە ژێر چاپ دوای بێ هیوا بوون لە وەڵام کە دوایی وەڵامیان بە نەرێنی دامەوە، بەو مانایەی نەدەتوانن چاپی بکەن و نە یارمەتی لەچاپدانی بدەن..

ئەوە لە وەختێکدا وەکات هەر لە کۆشیعر دوو کۆشیعری دی چاپکرابوون کە لەو ئاستەشدا نەبوون لە دەزگایەکی وەک کۆڕ، کە هەمیشە شایەدی باشی لەم بارەیەوە بۆ دراوە و دەدرێ چاپ بکرێن، هەر ئەوەش بوو ئەنگیزەی ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە.

لەو ڕاستەشدا کە بێ هیوا بووم لە لایەک هەوڵم دا قسە لەگەڵ خاوەنی ئەو چاپخانەیە بکەم کە پێشتر بە هۆی چەند برادەرێکەوە بینیبووم، بەوەی چابخانەیەکی ئەگەرچی دواکەوتوو بوو بەڵام زۆر هەرزانتر بوو لە چاپخانەکانی بەغدا، بۆ من یەکاویەک بوو

لە لایەکی دی لەبەر کشامەوە نامەیەکی ئاماڵگلەییم ڕاستەوخۆ بۆ سەرۆکی کۆڕ مامۆستا مەسعود محەمەد نووسی، کە تا ئەو کاتە نەمدیبوو تەنیا لە ڕێگەی کتێب و نووسینەکانییەوە ناسیبووم.

پاش ئەوەی کۆشیعرم (کە یەکەم کۆشیعرمە) لە چاب بوو، منیش قسەم لەسەر داوای خاوەنی چاپخانە بە تەلەفۆن وەک کوردێکی جنووب لەگەڵ مامۆستا کردبوو لەبارەی ئەو هەزار و هەندە نووسخە بەرگنەکراوە حەقنەدراوەی (شەرەفنامە)ی مام هەژار، کە هەر ئەوەش وای لە خاوەنی چاپخانە کرد لە نرخی لە چاپدانی کۆشیعرەکەم خاترێکی چاکم بگرێ، چونکە بۆ ئەو کە بە حەقی خۆی گەیشتبوو وەک ئەوە وا بوو پارەکەی لە نەبوونەوە بۆ هاتبێتەوە، سەرباری ئەوەی لە کۆڵ داکردنی ئەو حەمکە نووسخەیەش بووەوە کە بۆ نزیکی دوو ساڵ بوو جێیەکی زۆریان لە چاپخانەدا گرتبوو.

نامەکەم بۆ سەرۆکی کۆڕ نووسی. ماوەیەکی تا ڕادەیەک زۆری بەسەردا چوو ڕۆژێ وەختی دەوام بە پۆستە نامەیەکم لەبارەی لەچاپنەدانی کۆشیعرەکەمەوە لە خودی سەرۆکی کۆڕ م. مەسعوود محەمەدەوە پێگەیشت..

**ئەمەی خوارەوە دەقی نامەکەیە (*):**

**(( مێژوو : ٢٠ \ ١٢ \ ١٩٧٧**

برای بەڕێز کاکە نەژاد

دوای سڵاو

بەینۆڵکێکە نامەی مێژوودارت، ٢٢ \ ١١ \ ٩٧٧، م پێ گەیشتوە. هەڵم گرتبوو بۆ هەلێکی خۆشتر لەوەی کە بە عادەت بۆم ڕێک دەکەوێت، تاکو لە بارێکی نەفسی ئارامدا وەرامەکەی بدەمەوە و بۆتی بنێرم.. تا ئیمڕۆ لەگەڵ چەند برادەرێکی خۆشەویست و قەدری قەدرزاندا دوبارە بۆ خۆم و، یەکمجاریش بۆ ئەوانم خوێندەوە

چی لەو نامەیەدا نۆسراوە جێی خۆیەتی.. هەمومان مافی گلەییمان پێ دایت..

لەگەڵ ئەمەشدا دەمەوێ دڵنیات بکەم، بڕیاری کۆڕ لەبەر هیچ نیازێکی تایبەتی وەیا تێ بینی لاوەکی نەهاتۆتە بەرهەم: بڕیارێکە و وەک هەزارانی تری ئەم جیهانە پان و بەرینە دەردەچن بەو جۆرەی کە دەیزانیت..

برادەرانی کە نامەکەتم بۆ خوێندنەوە کۆڵێک بۆت هەستەوەر بون و تا بشڵێی رایان

لە نووسینەکەت بو، تەنانەت گوترا تۆ نوسەری پتر لەوەی بوێژ بیت..

بەهەرحاڵ و بە پێی هەندێ قسەی ناو نامەکەت، ئێمەی ئەم بەرەی دولایەنی وتوویژ کە خۆت لایەنەکەی تری ، وامان زانی کە بارمتەیەکی ئێمە بتوانین پێشکەشی بکەین بەشێکی گرنگی ئەرکی لە چاپدانی شیعرەکانت کەم دەکاتەوە.. من خۆم (١٠) دینارم بەبەر خۆم خست، د. عبدلرەحمانی حاجی مارفیش (١٠) دیناری بۆخۆی ناوهێنا، برادەرانی تریشس ئامادەی بارمەتین.. سەرەرای ئەمە، لە پاشماوەی هەندێ ماملەتی لێرە بە پێشەوەش میقدارێک کاغەزمان لا ماوەتەوە بەبەریەوە هەیە، وەیەکی تر لە سەختی

کارەکەت ببڕێ، جا ئەگەر لە برایەتی خۆت رادەبینیت ئەم خزمەتە بچوکە لە براکانت قبوڵ بکەیت، تکایە، خەبەرم پێبدەوە تاکو خزمەتەکە پێشکەش بکەین.. رەنگە لەحاڵی قبوڵ کردنتدا پێویست بێت خۆت یاخود باوەڕ پێ کراوێکت بێتە لامان بۆ بزافتنەوەی کارەکە .. تا ئەو رۆژەی نامەی قبوڵکارانە و برایانەت پێم دەگاتەوە بە خوات دەسپێرم ئاواتەخوازی خۆشی و بەرەوپێش چۆنتم ..

ئیمزا

دڵسۆزت

( (مسعود محمد))

**(*) دەقی دەستخەتی نامەکە لەگەڵ دیکۆمێنتەکان داندراوە.**

لەوساوە پاش نامەیەکی دیکەی من لە وەڵامی ئەم نامەیە کە بەو مانایەم نووسیبوو:

(جەنابی مامۆستا سوپاسی هەڵوێستی بەڕێزتان و هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانە دەکەم.. بەڕێزتان بەو نامەیە لوتفتان بۆ بەندە نواند، بەڵام مامۆستا بە داوای لێبووردنەوە من سواڵم نەکردووە، من داوام لە دەزگایەکی کوردی کردووە کە بە مافی خۆمم زانیوە داوای لێ بکەم...)

هیوام زۆرە ئەم نامەیە لە ئارشیفی کۆڕ یا هی مامۆستا (ئەگەر هەیبووبێ) مابێ..

لەوێ رۆژێوە دوای ئەوەی لە بارەگای کۆڕ بە دیداری مامۆستا شاد بووم تا وەفاتیشی هەمیشە سەردانیم دەکرد، تەنانەت کە لە بەغدایش لە زانکۆ دەمخوێند، لە ماڵیشیان سەردانم دەکرد، تەنانەت پێشنیازی دامەزراندنەوەی کۆڕی زانیاریش پاش راپەڕین کە سەرۆک مسعود بارزانی زۆری لەسەر سوور بوو و هەموو ئامادەییەکی دەربڕیبوو بۆ دامەزراندنەوەی و فەراهەم کردنی پێداویستی و هێنانی خەڵکی شارەزا لە هەر چوار پارچەی کوردستان هەروەها لە ناو هەندەرانشینان ( کاک محەمەدی کوریان ئاگادارە) بە من سپێررا بە جەنابی رابگەیێنم.. بەڵام پاش تێپەڕبوونی نزیکی چوار مانگ، بۆ سۆراخی پرۆژەکە لە ماڵی م. ئەمجەدی خزمیان بوو لە هەولێر بەتایبەتی چووم بە بیرم هێنایەوە، بە داخەوە بە هۆی کۆمەڵێک ئەگەر، کە ئێرە جێی باسکردنی

نییـە وەڵامێکـی ئەرێنـی لەوبارەیـەوە نەدایـەوە.

بـە هـەر حـاڵ لەنەجـەف ئوتێلێکم هەڵبـژارد لەسـەر شـەقامی سـەرەکی بـوو، لـەدەرەوەدا خاوێـن دیـار بـوو، هـەر چەنـد لەنـاوەوە بـەو جـۆرە نەبـوو، نرخـی مانـەوەی تـا ڕادەیـەک بـۆ ئەوسـای مـن کـە مووچەکـەم مانگـێ لەبەینـی سـێ و پێنـج دینـار بـوو لەبـار بـوو، وابزانم ئوتێلەکە نـاوی (الغدیر) بـوو، ئەوەی بـاش بـوو ژوورەکان بالکۆنیـان هەبـوو بەسـەر شـەقامدا دەیڕوانـی ، ئێـواران تـا درەنگانـی شـەو نیمدەرێکـم ڕادەخسـت دادەنیشـتم، ڕوونـاک بـوو، دەمتوانـی بەشـەوقی دارتێلەکانـی شـەقامیش بخوێنمـەوە، ئێمـە و مانـان چیترمـان هەبـوو لەغەیـری خوێندنـەوە، دوای دەوام وەختـی پـێ بڕوێنیـن، هەرچەنـدە خوێندنـەوە دەمێـک بـوو بـۆ مـن ببـوو بـە خـوو..

لەبرادەرەکانـم دوورکەوتمـەوە، کـە ئێـواران لەچایخانـەدا کۆدەبووینـەوە، ئـەو شـەوە بەخەیـاڵ و خەیاڵپـڵاوی زۆر خەوتـم. بەیانـی زوو هەسـتام و نـان و چایەکـی بەپەلـەم لەچایخانەیەکـی تەنیشـت ئوتێـل خـوارد، هـەر دوێنـێ ناونیشـانی (کتێبخانـەی گشـتی نەجـەف)م وەرگرتبـوو، دوور نەبـوو بەپێیـان چـووم، گەیشـتمە کتێبخانـەو بەڕێوەبـەری کتێبخانـە نووسـراوی نەقڵـی لـێ وەرگرتـم و دەسـت بەجـێ (موباشـەرە)ی بەنووسـراوێک بـۆ نووسـیم و خـوا هەڵناگرێ بەڕێـزەوە کـە زانـی کـوردم پێشـوازی لـێ کـردم، زۆر لەمـن گەورەتـر بـوو بەباوکـم تـۆ بڵـێ بەباپیـرم دەشـا، مـن ئەوسـا تەمەنـم دەوری ٢٠ سـاڵ دەبـوو...

کتێبخانـەی گشـتی نەجـەف هـەزاری بەرهـەزاری بـوو، چەند (کاتب)ێکـی دیکـەی وەک مـن بێجگـە لەبەڕێوەبـەر کاریـان تێـدا دەکـرد، بەڕێوەبـەر هەرچـی چۆنێـک بـوو جێیەکـی لەقوژبنێـک بـۆ کردمـەوە و مێـز و کورسـییەکی ئاسـنیان بـۆ دانـام، وا دیـار بـوو بەیەکێـک لەکاتبەکانـی وت ئێـش و کاری ئێـرەی فێـر بکـە، لـە ڕووی داخڵکردنـی کتێـب و خواسـتن و گەڕاندنـەوەی بـۆ شـوێنی خـۆی چـۆن دادەنرێنـەوە. هەروەهـا تۆمارکـردن و ژمـارە بـۆ دانـان بەپێـی نـاوەڕۆک و دانـەری کتێبەکـە، مـاوەی شـەش مانگێـک لـەوێ مامـەوە، لەهەموو ئـەو ماوەیەدا ژیانێکـی ڕۆتینیـم بەسـەر بـرد بۆیـە شـتێک نییـە شـایەنی گێڕانـەوە بـێ لـەوەی بـەدەر خەڵکـی (نەجـەف )م زۆر بێسـەروبەر دەدی لـە ڕووی پەیوەنـدی و

شیرازەی کۆمەڵایەتی، لە لایەک ئیدعای دینیان دەکرد وەکی دی دەمبینی لە هەڵسوکەوت و بازاڕ و گرانفرۆشی و و نیفاق و هەرچی خوا پێی ناخۆش بوو ئەوەیان دەکرد، تەنانەت لە گۆڕستانیش کە بۆ یەکەم جارم بوو ببینم نووسینگەی ناشتن (مکاتب الدفن) وەکو نووسینگەی عەقارات هەبێ، دەمبینی دەسنوێژیان بە پەرداخێک ئاو هەڵدەگرت، تا جارێ بە یەکیانم وت ئێوە چۆن بە پەرداخێک پاک دەبنەوە، باوەڕ بکەن گاڵتەی بە قسەکەم هات!! بەڵام لەو ماوەیەدا بەقەد سێ چوار ساڵ کتێبم خوێندنەوە، کە کۆشیعرەکەشم دەرچوو دونیایەک کەیفم خۆش بوو. هەرچەندە کە بڵاو بووەوە بایەخی زۆریشی بەهەردوو دیو لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەوسا پێدرا، بەڵام دوای چەند ساڵێک هەستم کرد پەلەم کردووە لەچاپکردن...

بەهەر حاڵ دوای چەند مانگێک دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە کتێبخانە لە (ناحییەی عەبباسیە) بیناکەی تەواو بووە و کتێبیشی بۆ دەست نیشان کراون و پێویستی بەبەڕێوەبەر و کاتبێک و فەڕاشێک و پاسەوانێک هەیە، وا دیار بوو، بەڕێوەبەریان ڕازی کردبوو (کاتب) من بنێرێ، کاتبێکی دی لێ بوو بەناونیشانی بەڕێوەبەر، کە ناوی (صادق) بوو، پاسەوانیش شیعەیەکی خەڵکی وێ بوو، ناوی (ماجد) بوو. پیشەوەرێکیش بەناوی محمد خۆشناو ئەویش هەر کوردی عائیدون بوو.

هەرچەندە من هەوڵێکم دا بۆ ئەوەی هەر لەوێ بمێنمەوە، ئەگەر نەجەفم بە دڵیش نەبێ لانی کەم شار بوو ، بەڵام بەڕێوەبەر نەیسەلماند، منیش لەدڵی خۆما وتم دەبا بچم عەبباسیەش تاقی بکەمەوە، ئێمە بووین بە کێڵگەی تاقیکردنەوە. ڕۆژی چوونیان بۆ دیاری کردین ، پاش ئەوەی ئەوان لەگەڵ بەڕێوەبەری تازە دانراوی کتێبخانەی تازەی عەبباسیە کتێبەکانیان دامەزراند بوو، وا دیار بوو بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانەی نەجەف خۆیشی سەردانی کردبوو ، پێش ئەوەی من بچم، کە چووم هەموو شتێک دانرا بوو، کتێبخانەیەکی خنجیلانەی تازە لەسەر شەقامی گشتیی ناحیە، بچووک بەڵام تا ڕادەیەک بۆ ناحیەیەکی وەک عەبباسیە کە هەر پێویست نەبوو، چونکە لەهەموو ئەو ماوەیەی لەوێ بووم ، نزیکەی ساڵێک دەبوو بیست کەس نەهاتن کتێب بخوێننەوە یان بخوازن.

عەبباسیە ناحیەکی پەرش و بڵاو بوو، خانوو و باخچەی لەقەد خۆی

زیاتری تێدا بوو، دەکەوێتە سەر ڕووباری فورات هەر بەو هۆیەوەش هەوایەکی مامناوەندی هەبوو، لەچاو نەجەف و کوفە (کە ناحییەکە سەر بە کوفە بوو) تارادەیەک هاوینان هەستت دەکرد چەند پلەیەک فێنکترە، بەڵام چونکە گەرمایەکەی بەهۆی فوراتەوە شێدار بوو، زۆرجار بەتایبەتی کە پلەی گەرما بەرز دەبووەوە بەتایبەتی بۆ یەکێکی وەک من کە نیوەی تەمەنم لەچیادا بەسەر بردبوو، گەرماکەی بەهۆی (شێ) وە هەناسەی تەنگ دەکردم، دانیشتووانی عەبباسیە زۆربەی زۆری ئەگەر خەڵکی ئەوێ نەبن وەکو من، عەرەبی شیعە مەززەبەکان تەبعیان لەچاو خەڵکی کەربەلا نەک نەجەف، هەستم نەکرد بیانەوێ یارمەتی من وەک نەفیکراوێک بدەن، تەنانەت جاروبار گوێم لەهەندێ ناڕازیبوونیش دەبوو لەبەرامبەر حکوومەت کە ئەوانە چین بەسەر ئێمەیان وەرکردوون، مەبەستیان ئێمە بوو کە بەڕەسمی پێیان دەگوتین (ئەلئەکراد ئەلعائیدوون).

من کە چوومە کتێبخانە و دەسبەکاریی خۆم نووسی ، بەڕێوەبەری کتێبخانەم دەناسی، چونکە وەک وتم هەردووکمان لەکتێبخانەی نەجەف ناونیشانمان (کاتب) بوو، ناوی باوکیم بیر نەماوە، پیاوێکی کورتە باڵا لەمن بەتەمەنتر بوو، بەڵام هەمیشە حەزی دەکرد پۆز لێ بدا وەکو بەڕێوەبەر خۆی بنوێنێ (موبارەکە) من بیر لەچی دەکەمەوە، ئەو خەریکی چی، هاتبوو مێزەکەی خۆی لای سەرەوە بەکورسی زیادەوە لەم سەرو ئەوسەر دانابوو، هی منیشی لەخوارەوەی خوارەوە لەقوژبنەکەی لای دەرگا...

ئەوانە هیچی جێی سەرنجی من نەبوون، چوون هەر لەنەجەف وەختی کاتبایەتی کابرام خوێندبووەوە، گرینگ لای من شوێنی مانەوەم بوو، بەڕێوەبەر بەخۆی ماڵی لەنەجەف بوو، هاتوچووی دەکرد و بەکەیفی خۆی بوو، کەچی بەمنی دەگوت (لازم نلتزم بالدوام کاکە) واتە پێویستە ئیلتزام بەدەوامەوە بکەین، لەکاتێکدا ئەوەی ئیش بوو نەمانبوو، نە کەس دەهات کتێبێک بخوێنێتەوە نە کەس کتێبێکی دەخواست. ئێستاش تێنەگەیشتم ئەو کتێبخانەیان بۆ لەوێدا کردبووەوە، منیش پێم وت سەید صادق ئەی لەکوێ نیشتەجێ بم، وتی برۆ لەکوفە لەئوتێل بە، نزیکە و تێمسیش هەردەم هەیە بەینی ئێرە و کوفە واتە عەبباسیە و کوفە ، وتم مووچەکەم ئەوەندە نییە خۆت دەزانی بایی ئوتێل و خواردن و هاتوچوو بکا... وتی دە کەواتە برۆ

موراجەعەی ناحیە (ئەشی گوت بەڕێوەبەری ناحیە) وتی ناحیە بکە، وتم ئینجا ناحیە چیم بۆ دەکا، وتی نووسخەیەکی ئەقلی تۆیان پێداون بزانە چیت بۆ دەکەن، لەو ئان و ساتەدا بووم هاتمە دەرەوە بچمە ناحیە، ناحیە بە بەینێک لەسەرەوەی کتێبخانە بوو، بەجادەدا دەڕۆیشتم ، ناکاو وەک ئەوەی خەون بێ تووشی قادر بووم، ئەدی نالێم وەک خەون وابوو، قادر مەجید قشووری هاوڕێ و هاوپۆلم لەبەشێکی سەرەتایی و هەموو ناوەندی تا سێیەمی ناوەندیمان لەدوا ناوەندی گەلاڵەی تێکەڵاو تەواو کرد بوو، ئەو زوو ژنی هێنا بوو منداڵیشی هەبوون بێجگە لە باوک و دایک و خوشکێکی، هەر بانگم کرد و نەکرد باوەش بەیەکداگرتنمان تێکی کردەوە ، ناحیەم هەر لەبیر چووەوە، چوینە چایخانۆکەیەک ، کە بەحیساب لەناو بازاڕ بوو ، بازاڕەکە لەخۆیدا لەسێ چوار دوکان زیاتر نەبوو، ئەو حیکایەتی خۆی، من حیکایەتی خۆمم بەدوور و درێژی گێڕایەوە، بۆم دەرکەوت ماڵی لەعەبباسیە بەرامبەر کتێبخانە ئەویش لەیەکێک لەفەرمانگەکاندا دامەزرا بوو، وا دیار بوو کە هەم خێزاندار بوو هەم ژمارەی خێزانەکەشیان زۆر بوو، خانوویەکیان پێدا بوو، ماڵی دەوێدا بوو، ئەوەندە پێکەوە لەوێ دانیشتین کەڵکی ناحیەی نەما و دەوام تەواو بوو، وتی ئەمشەو لای من بە خوا کەریمە بۆ سبەینێ.

قادر مەجید قشووری، بەئەسڵ خەڵکی کوردی باکوورە، دەیان ساڵە کەوتوونەتە باشوور، ئێستا دوکتۆرای لەشەریعەت هەیە و مامۆستایە لەیەکێک لەکۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەددین لەهەولێر، ئەو هەر کە ماڵیان لەعەبباسیە بوو کۆلیژی فیقهی لەنەجەف تەواو کرد و پاشان دیراسەی باڵای تەواو کردوو و شایەدنامەی دوکتۆرای هێنایەوە، ئەو شەوە لەماڵی قادری مامەوە، ماڵەوەشیان باوکی ڕەحمەتی کە بەداخەوە لەوێ کۆچی دوایی کرد بەناچاری لەگۆڕستانی شیعان (وادی السلام) بەخاکمان سپارد، هەروەها دایکی و خێزانەکەیشی منیان پێشتر دەناسی، ماڵێکی بەڕێز بوون هەمیشە لەو ماوەی لەوێ بووم زۆر یارمەتی بەتایبەتی یارمەتی مەعنەوی و دڵدانەوە، زۆرجارانیش بەزۆر تەکلیفی نان خواردن و ئەمانەی لێ دەکردم، نموونەی هاوڕێ و هاوپۆلێکی بەوەفا و قەدری برادەرزان...

ئەو شەوە تا بەرەبەیان لەگەڵ قادر دانیشتین یادەوەرەکانمان دەگێڕانەوە

بۆ بەیانی سەعاتی نۆی سەرلەبەیانی تێشتم لەماڵی ئەوان خوارد سەعات بۆ دەی بەیانی دەهات، پێکەوە بەرەو ناحیە چووین، من داوام لێکرد لەگەڵم بێت، چونکە پێشی من لەوێ بوو، هەندێ لەفەرمانبەرانی ناحیەشی دەناسی، پێشتر چووینە لای کاتبی ناحیە، قادر منی پێ ناساند، کە فەرمانبەری کتێبخانەی گشتیم و تازە لەنەجەفەوە گواستراومەتەوە عەبباسیە، کاتب ناحیە یەکسەر وتی دەزانین، چونکە نووسخەیەک لەنووسراوی گواستنەوەی بۆ ئێمەش هاتووە، پاشان وتی: کاکە ئێمە ئاگادار کراوینەتەوە کە پێویست دەکا هەموو ئێوارەیەک لەناحیە خۆت بناسێنی و ئیمزا بکەی. منیش وتم یانی چۆن؟ وتی ئەوە تەعلیماتە لەئەمنی نەجەفەوە بۆمان هاتووە، وتم بۆچی بەڕێز من حەپسم، وتی نا نا بەڵام ئەوە ئەمرە پێویستە ئێواران خۆت لای (السید سامر) بناسێنی کە لێرەی...

منیش وتم ئینجا بەڕێز من بێ شوێن و جێم بەڕێوەبەری کتێبخانەش کە پێم وت بارگەم لەکوێ دەبێ پێی وتم دەتوانیت یا لەکووفە یاخود نەجەف لە ئوتێل بی، منیش ڕۆژانە ئەو هاتوچووەم پێ ناکرێ... وتی باشە بزانم ئێستا قسە لەگەڵ (السید مدیر الناحیة) دەکەم، قادریش نەختێک بەرگری لێ کردم.. کاتب ناحیە وتی بڕۆ دەوری سەعاتی دوازدە وەرەوە.. کەچوومەوە وتی (ابشر) واتە مژدە (السید مدیر ناحیە) ئەمری کرد لەقەسابخانەی نەجەف کە لە عەبباسە بوو ژوورێکی ئیدارە هەیە، بەشێوەیەکی کاتی لەوێ بمێنەوە، پاشان بزانین چۆن دەبێ..

ئەو ژوورەی کلیلەکەیان پێدام لە دەرەی عەبباسیە بوو ژوورێکی چوارگۆشەیی ٦-٧م دەبوو، مێز و کورسیەکی لێ بوو، پەنجەرەیەکی بچووک، ناو قەسابخانەکە نزیکەی هەزار مەتر دەبوو، بەزنجیرە قەنارەی بۆ ئاژەڵان تێدا بوو، قەسابخانە خۆی لەدەرەوەی ناحیە بوو، شوێنێکی چۆلی بێ سەبر، جگە لەوەش، سەرەڕایی شووشتنی ڕۆژانە بۆنی خوێن و پاشماوەی ئاژەڵی سەربڕاو ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیی، شەوێک، دووان، هەفتەیەکی پێچوو ئیتر ئارامم لەبەر بڕا نەمتوانی چیتر بەردەوام بم، هەموو ئێوارانیش کە دەچووم لای (سامر) ناوەکە ئیمزا بکەم، پێم دەگوت بەڕێز وەڵڵاهی وەزعم لەو ژوورە زۆر خراپە و حاڵ و حیکایەتم لەگەڵ قەسابخانە ئەوەیە، کە بەرەبەیان سەعاتی سێی شەو دەرگا گەورە دوودەرییەکەی قەسابخانە دەکەنەوە، من

کە تازە وەنەوز بردمێتییەوە بەناچاری خەبەرم دەبێتەوە ناتوانم بنوومەوە، دەبێ چاوەڕێ بم تا ڕووناک دادێ بەو بەیانییە زووە بچمە دەوام ، من بچم ماجدی پاسەوان لەخەو هەستێنم تا دەرگام بۆ بکاتەوە، ئەویش هەموو جارێ دەیگوت (اللە کریم) بەخوای نزیکەی دوو هەفتەی تریشم بە (اللە کریم) بەڕێ کرد، بەڵام چی لەو ماوەیەدا لە بێخەوی و بێ ئاودەنگی و بەتەنیایەکی وەڕسکەرەوە چەندین کیلۆم کەم کردبوو بەجۆرێک بنیسا بووم هەرچی بیدیبام دەیگوت لە گۆڕستان گەڕاوەتەوە.

ئەو جارە بەڕاوێژ لەگەڵ قادر عەرزی حاڵێکم ڕاستەوخۆ بۆ بەڕێوەبەری ناحیە نووسی، مەگەر بەدەستی خۆتی بنووسی ئەوەندە جوان نووسیبووم بەڵکو چارەیەکم لێ بکا، بەڕێوەبەری ناحیە ناوی (ابراهیم مستەفا جمالدین) بوو، لەسەری نووسیبوو (للحفز)، واتە بۆ هەڵگرتن !!! بەهۆی هاتوچووی چاپخانەی (النعمان) لەنەجەف کە باوکی ئەو ئیبراهیمەیش مامۆستا مستەفا جەمال الدین هاتوچووی دەکرد و منیان پێ ناساند بوو ئەو مامۆستا بوو لە (کلیەی فیقهە) لەنەجەف شاعیریش بوو، کۆ شیعرێکی جوانی پاشان بڵاوکردەوە بەناوی (عیناک واللحن القدیم) وتم بەڵکو بەو بڵێم...

نەجەف خۆت بگرە و چاپخانەی (النعمان) کە خاوەنەکەی زۆر ڕێزی دەگرتم، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەو هەموو کتێبیە بەرگ نەکراوە حەق نەدراوانەی شەرفنامەم لەکۆڵ کردەوە، پێم وت جەناب حاڵ و حیکایەتم ئەوەیە، ئوستاز خۆ من عائیدونم کافر نیم، بەڵکو وابکەی م. مستەفای باوکی بەڕێوەبەری ناحیە ببینم چارەسەرێکم بکا، خوا هەڵناگرێ خۆی بەئۆتۆمبێلی خۆی بردمیە ماڵی م، مستەفای باوکی بەڕێوەبەری ناحیە... بەخێری هێناین، خاوەنی چاپخانە وتی کاکەت لەبیرە، دیار بوو ناسیمیەوە، ئینجا حاڵ و مەسەلەکەم بەدرێژی بۆ باس کرد، جارێ تاوێک داما پاشان دوو جار وتی ( لاحول و ولا قوه الا باللە) ئینجا ڕووی لەمن کرد و وتی: (شوف کاکة هذا کلب بن کلب هذا بعثی ماکو جارە ویا) بزانە ببینە کاکە ئەو سەگی کوڕی سەگە بەعسیە بەو مانایەی بەقسەی ناکا.

منیش بۆ موجامەلە وتم: نا مامۆستا حاشا لە جەنابت..

وتی: نا نەخێر منیش لێی ڕازی نیم.

بەهەر حاڵ، هەم بە هۆی ئەو و هەروەها بە هۆی خاوەنی چاپخانەی

(النعمان)ــەوە کـە شـەفاعەتییان بـۆ لای بەڕێوەبـەری گشـتی کتێبخانـە گشـتییەکانی نەجـەف بـۆ کـردم کـە کتێبخانـەی عەبباسـییەش سـەر بـە ئـەوێ بـوو تـا ڕازی بکـەن بـەوەی لـە بینـای کتێبخانەی عەبباسـیە بمێنمـەوە، ئەوە بوو بـە تەلەفـۆن بـە بەڕێوەبـەری کتێبخانـەی عەبباسـییەی وت بـا کاکە لـە کتێبخانە بمێنێتـەوە، بزانـە هـەوڵ بـدە شـوێنێکی بـۆ دیـاری بکـە لـەوێ.

بـەم جـۆرە هـەوارم گواسـتەوە کتێبخانـە و لـە قەسـابخانە ڕزگارم بـوو و نەختەئاهێکم هاتەوەبـەر، بـەڵام پاشـی چـی، دوای ئـەوەی سـێ مانـگ و نیـو پێسـتم بردرایـە دەبباغخانـە و لەبارودۆخێکـی دەروونـی وادا بووم کە بە ڕاسـتیش بـە قسـە بـۆم ناگێڕدرێتـەوە..

کتێبخانـەی گشـتیی عەبباسـییە (ناوەکەی وا بـوو) لەسـەر شـەقامی سـەرەکیدا بـوو، لـە لایەکـی دی نزیـک بـوو لـە ماڵـی قـادری هـاوڕێ و هاوپۆلـی چەنـدان سـاڵی تەمەنـم لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی و ناوەنـدی و دواناوەنـدی گەلاڵـە ی تێکـەڵاو کـە لـەو ئـان و سـاتیدا بـۆم بـوو بـە خـدری زینـدە بەتایبەتـی کـە ئـەو بـە مـاڵ و منداڵـەوە لـەوێ بـوو.

بینـای کتێبخانـە چونکـە بینایەکی نوێ بوو لە بابەتی ئەسـبابی تەندروسـتی پـاک و تەمیـز بـوو، هـەر بەوەشـڕا دەرکـەوت کـە هـەر پـاش چەنـد ڕۆژێکـی کـەم هێـزم هاتەوەبـەر و کەوتمـەوە سـەر خوێندنـەوە و نووسـین، ئێوارانیـش زۆرجـار لەگـەڵ قـادر بووایـە یـا بەتەنـێ پیاسـەیەکم بـە سـەر پردەکـە لـە کەنـاری زێـی (فوورات)یـدا دەکـرد، یـا لـە چایخانـە بچووکەکـەی ناحییـە کـە کەبابخانـە تاقانەکـەی ناحییەشـی بـە تەکـەوە بـوو دادەنیشـتم ئینجـا بەرەبـەری ئێـوارە دەچوومـە ناحییـە لای سـامر ئەفەنـدی ئیمـزام دەکـرد کـە بەڵـێ مـن لێـرەم و بەهیـچ لایەکـدا نەچـووم..

ئـەو بـارەش مـاوەی چەنـد مانگێکـی خایانـد، پاشـان چـارم نەمـا بیـرم لـە پلانێـک کـردەوە، نەدەکـرا وەک حەپـس وابـم و نەتوانـم بـە سـەفەریش بەهیـچ لایەکـدا بچـم، بـە قـادرم وت بڕیـارم داوە خـۆم نەخـۆش بکـەم لـەم بارەیەوە بەڵکو یارمەتیـم بـدەی، بـەم جـۆرە بەتانییەکـم لەخـۆم لـوول دەدا و قادریـش دەسـتی دەگرتـم و دەیبردمـە ناحییـە و لەوێـش نووسـراوی حەواڵـە کردنـی نەخۆشـخانەی کووفەیـان بـۆ دەکردم.

جاری یەکەم بە دکتۆرم وت کە عەرەب بوو: بەڵکو چەند ڕۆژێک ئیجازەم بۆ بنووسی بچم لە بەغدا چارەسەری خۆم بکەم، خوا هەڵناگرێ بۆی کردم.

پاشان لە جاری دووەمدا بە ڕێکەوت دکتۆرێکی کوردم دیتەوە لە هەمان نەخۆشخانە کاری دەکرد، خەڵکی زاخۆ بوو، بە داخەوە ناوەکەییم بەبیر نەماوە، وەزع و حاڵی خۆمم تێگەیاند وتم بەڵکو وا بکەی ناوە ناوە ئیجازەم بۆ بنووسی، ڕاستیی مەردانە هاتەپێش، بەم جۆرە کە دەچوومە بەغدایش دەچوومە لای هەر سێ ڕەوانشاد، م. عەزیز گەردی و کاردۆ گەلاڵی و حەکیم کاکەوەیسی کە لە حەیدەرخانە- شەقامی ڕەشید خانوویان گرتبوو، ئەوی ڕاستییە کاک حەکیمم لەوێ ناسی ئەو دەمە لە بەشی کۆمپیۆتەری وەزارەتی پلاندانی عیراقی کاری دەکرد، بەلام م. عەزیز و کاردۆ دۆستی زووترم بوون.

بەو حاڵە چەند مانگێکم لە بەینی دەوام و ناوە ناوەی ئیجازە بۆ بەغدا بەڕێکرد.. زۆر جار برادەرانی تریشم دەدیتن، کە هەبوون لە بەغدا دەژیان، هەشبوون وەک خۆم هەر یەک بەلایەکدا کەوتبوون، شێرکۆ بێکەس کە لە (بەغدادیە)ی شاری ڕووماد ی دەژیا، هەروەها حەسەن ڕەمەزان (حاکم حەسەن) یش هەر لەو ناوە بوو، وابزانم ئازاد جندیانیش هەر لە دەوروبەری ڕەمادی بوو.

زۆر جار ڕێکدەکەوت لە برادەرانی هەولێریش کە دەهاتنە بەغدایێ ڕێکەوتی یەکدیمان دەکرد لە چاپخانە بووایە یا لەسەر شەقام.

بەغدا شارێکە لە قبووڵ کردنی غەریبان لە هەولێر دەچێ ئەگەر لەپێشتر نەبێ ، بۆیە هەموو جارێ کە دەهاتمە بەغدا، ئاهێکم دەهاتەوەبەر، ئەوسا لەو شەقامی ڕەشید و جمهووری و سەعدوونە بە دەیان کوردت بە جل وبەرگی کوردییەوە دەدی، جگە لەوەش بەغدا وەک ئەوەی بنکەی فەرهەنگی عەرەبی بوو لە هەموو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لێی بلاودەکرانەوە و ئەوانەی لە دونیای عەرەبستانێ و دەرەوەیدا بۆی دەهاتن، بنکەی کولتوور و ڕۆشنبیری کوردیش بوو بەوەی زۆربەی هەرە زۆری، ئەگەر نەڵێم هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبانەی بە کوردی بلاودەکرانەوە لە بەغدایێ بوون، مەگەر یەک دوو چاپخانەی دواکەوتوو لە هەولێر و سلێمانی ئەویدی چاپخانە پێشکەوتووەکان لە بەغدایێ بوون، تەنانەت کرێکاری چاپخانەکان زۆربەی هەرە زۆریان کە لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە و هەروەها کتێب تایپکردن تا ماوەیەکی زۆر عەرەب بوون

و دەبووایە نووسینی کوردییان بە هێڵی لاری وشە لێکدابڕاندنەوە بچێتە بەر دەست تا تێکەڵی نەکەن چونکە تێی نەدەگەیشتن و کوردییان نەدەزانی.

بەم دواییە وابزانم دەوروبەری ساڵی ١٩٧٢ یا ١٩٧٣ چاپخانەیەکی پێشکەوتوو لە هەولێرێ دامەزرا کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەی عێراقی بوو (چاپخانەی پەروەردە ژمارە ٢) کە ئەویش تایبەت بوو بە چاپکردنی کتێبی قوتابخانە و ئەمیری بوو کتێبی دی چاپ نەدەکردن.

بێجگە لەوەی کۆڕی زانیاری کورد، کە پاشان دوای نسکۆی ١٩٧٥ کرا بە دەستەی کورد لە کۆڕی زانیاری عێراق و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی و بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی و ڕادیۆی کوردی بەغدا و دەزگای هاوکاری کە لە دوایدا بوو بە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی و ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی بەغدا کە بەرچاو بوون و هەست بە جموجۆڵ و چالاکیان دەکرا هەمیشە لەو کۆڕ و سیمینارانە کە لە بارەگای کۆمەڵی ڕۆشنبیری کوردی لە گەڕەکی وەزیریە پێشکێش دەکران ئامادە دەبوون و بەشداری کارایان تێدا دەکرد.

بەهەر حاڵ تا حەوت هەشت مانگی دی هەر وا مامەوە، هەموو ئێوارانیش دەبووایە لە ناحیە (ئیسپاتی وجوود بکەم) لەو ماوەیەش کە لە کتێبخانە دەمامەوە و دەوام و نووستنم هەر لەوێ بوو کابرای پاسەوانیش کە ناوی (ماجد) بوو هەندێ جار هەر بەدوایی نەدەهات ئەگەر جارجاریش بهاتبووایە تەنیا یەک دوو سەعات دەمایەوە و دەڕۆیشت بەو حسابەی من بەردەوام لەوێ دەبووم پاسەوانییەکەیشی بەمن سپارد بوو!!

سۆپایەکی عەلاوەددین (علاءالدین)ی لێ بوو چێشت و چام پێ ئامادە دەکرد وەکی دی شەوانە زۆربەی کاتم بە خوێندنەوە بەسەر دەبرد، گڵۆپەکانم هیچی نەدەکوژاندەوە، هەمیشە هەڵ بوون، بەوەش هەست بە تەنیایی کردنم سووکتر دەبوو وەک داریوش دەڵێ (لە هەر کوێدا چرا هەڵبێ لە ترسی تەنیایی بوونە) کە خودی گۆرانییەکانی داریۆش خۆیشی بەشێکی دی بوون لە دڵنەوایی و سەبری ئەو ڕۆژگارە زیندەبەتاڵانە..

هەندێ جاریش بەڕۆژ دوای دەوام چەند سەعاتێک دەچوومە کووفە و لەوێ ئەگەر زەخیرە و سەوزەیەکم پێویست بووایە دەمهێنا، جاریش هەبوو

هەر لە عەبباسیە دەمامەوە لای قادر لەماڵیان یاخود پێکەوە پیاسەیەکمان بە کەنارەکانی فوورات دا دەکرد یا دەچووینە چایخانەکە..

ورده ورده هەندێ برادەری عەرەبیشم بۆ پەیدا بوون، لەوانە یەکێک بەناوی (حەلیم) کە کوڕی شێخێکی ئەو دەڤەرە بوو، ئەو دەم لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی لە نەجەف دەیخوێند دوای چەندان ساڵ بە ئەفسەری پلە نەقیب لە هەولێر بینیمەوە وا دیار بوو لە سەربازگەی هەولێر دەوامی دەکرد.

ئەم حاڵ و بارە وا تێدەپەڕی و ژیانی ئێمەش بەو شێوە وەڕسکەرە، نەشماندەزانی تا کەی بەردەوام دەبێ و دەگەینە کوێ و چیمان لێ دێ..

جاروبار کە ئیجازەیان پێ بدابوومایە دەچوومە لای برادەرانی کەربەلا و چەند شەوێک دەمامەوە، زۆرجاریش پێکەوە لەگەڵ د. سعدی و ملازم شوان و حەسەن گەرمیانی لەو بەینە دەهاتینە ( تویریج) کە وەک وتم یانەی لێ بوو، چونکە نە کەربەلا و نە نەجەف یانەیان لێ نەبوو.

بەم جۆرە لە عەبباسیە بەردەوام بووم، تا ڕۆژێ لە ڕۆژنامە خوێندمانەوە کە (بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی )یان کووشتوە، ڕاستیی من دوور و نزیک ئەو پیاوەم نەدی بوو نە ناسیبوو، بەڵام دەیانگوت خەڵکی سلێمانییە و یەکەمین بەیانی کودەتای بەعس لە ١٩٦٨ ئەو لە ڕادیۆدا خوێندویەتییەوە، دەیانگوت بە دەستی ئەنقەست و بە پلان دژی زمان و کولتووری کوردی بووە و قەت بە کوردی قسەی نەکردووە و ئەوەیشی نووسیویەتی بۆیان کردووە بە کوردی کە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوی دەکردەوە، ڕاستیی لە زەمانی ئەودا زۆر لە نووسەرانی کورد لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانییان خۆیان لە بڵاوکراوەکانی دەزگا دەپاراست، کە یەکێکیان من خۆم بووم.

هەر دوو ڕۆژ پاش بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە لە ڕۆژنامەکانی عیراق، لە کتێبخانە بووم کە پیاوانی ئەمنی عەبباسییە هاتن یەکەم جار بە ئاسایی پێیان وتم لە ئەمنی نەجەف داوات دەکەن، منیش وام زانی هەر بۆ مەسەلەی مانەوە لە کتێبخانە یا شتێکی لەو بابەتە بێ بۆیە بە ئاساییم وەرگرت لەگەڵیان چووم، بە ڕێککەوت برابچووکی قادر لەبەر دەرگای ماڵەوەیان بوو

(بۆ ئاگادار کردنەوەی قادر) پێم وت مستەفا ئەگەر قادر هاتەوە بڵێ نەژادیان برد، وتم با هەر بزانێ، دەنا بیرم لەوە نەدەکردەوە یا شتێکم بە خۆم شک نەدەهات، ئەو کاتە تا راپەڕینیش من سەر بە هیچ حزبێک یا رێکخستنێک نەبووم، بەهەر حاڵ منیان برد بۆ ئەمنی نەجەف، کەگەیشتینە ئەوێ، هەر بەگەیشتنمان، منیان بردە ژوورێک دوو کەسی لێ بوون بەجلوبەرگی مەدەنی.

پاش، ئەوەی ناو و ناونیشانییان لێ پرسیم من هەر ئەوەندەم گوت (استاذ اگدر اعرف انی لیش هنا) ئوستاز ئایا دەتوانم بزانم من بۆ لێرەم؟ هەر کە ئەوەم گوت، یەکێکیان کە بە پێوە بوو، زڕتە بۆزێک بوو ڕەشتاڵە تەمەنی لەبەینی٤٠ تا ٤٥ ساڵ دەبوو چەند زللەیەکی لێدام لەگەڵ کۆمەڵێک جوینی ناشیرین بەوەی وای پیشان دا کەمن چۆن نازانم

دوای ئەوە بانگی کرد منیان بردە دەرەوە، گەراجێکی لێ بوو لەژێر زەمین دەچوو، منیان لەو گەراجە دانا. پاش دوو سەعات زیاتر.. کەمتر، دووکەس هاتن سواری ئۆتۆمبیلێکی پیکابی گەورەی شۆفرلێتیان کردم و هاتینە دەرەوە. سەرەتا نەمزانی بۆ کوێم دەبەن ، ڕاستی نەشموێرا چیتر پرسیار بکەم..

پاش کەمیک ڕۆیشتن، زانیم بەرەو ڕێگای شاری (حیلە)یە، لەو دەمەدا نەختیک ترسام بەڵام بەسەرخۆم نەهێنا، لەهەمانکاتدا زۆرم تینو بوو، چونکە هەم گەرمابوو، هەمیش لەبەیانییەوە ئاوم نەخواردبووەوە..

بەم جۆرە، ئۆتۆمبیلەکە زۆر بەخێرای دەڕۆیشت و لە هیچ سەیتەرە و بازگەیەکیش نەدەوەستا یەکسەر تێدەپەڕی.

گەیشتینە (حیلە)، وام زانی لەوێ دەمهێڵنەوە..

نەخێر لە (حیلە)یش ڕەت بووین کە لە (حیلە) ڕەت بووین ترسم زیاتر بوو جورئەتم دایە بەرخۆم و لەکابرای لەگەڵم بوو پرسی (اگدر اعرف وین نروح) دەکرێ بزانم بۆ کوێ دەچین..

ئەو بێ ئەوەی تەماشام بکا تەنیا گوتی (بعدين) واتە پاشان.. بەهەرحاڵ ئۆتۆمبیل دەڕۆیشت، وردە وردە لەگەڵ بڕینی ڕێگادا زانیم دەچینە بەغدا بەڵام تا ئەو کاتەش کە نزیک بووینەوە لەبەغدا ئەوەندەی بیرم دەکردەوە نەمدەزانی بۆچی گیراوم.

دەوروبەری سەعاتی٢ دوو ی پاش نیوەڕۆ گەیشتنە بەغدا ئۆتۆمبیلەکە بەرەو ساحەی ئەندەلووسی نزیک (قصر الابیض) ڕۆیی..

چووە کۆڵانێک، خۆی لە کۆڵانێکی ئاسایی دەچوو، پاشان لەبەر دەرگای خانوویەک وەستا، خانووەکانی ئەو گەڕەکە زۆربەیان خانووی تاڕادەیەک گەورە بوون..

منیان هێنایە خوارەوە و بردمیانە ژوورەوە لەوێ لەناو خانووەکە بردمیانە ژوورێک کابرایەکی لێ ڕاکشابوو لەسەر قەرەوێڵەیەک وادیارە بوو ئەفسەری ئەمن بێت چونکە ژوورەکە مێز و کورسیشی تێدابوو، کابرا بەعەرەبی بەکابرای ڕاکشاوی گوت: (سیدی هذا نزاد، جبنا من النجف) واتە گەورەم ئەوە نەژادە کە ئەو بە (نزاد) ناوی بردم و لەنەجەف هیناومانە. کابرا یەکسەر هەستایەوە وەک بڵێی تاوانبارێکی بزربووی چەند ساڵەیان دۆزیبێتەوە وتی: (ئی ئی..) پاشان تەماشایەکی منی کرد بەنەوعێک و ئینجا بە کابرای وت بیبە

**کابرا بەپێشەخۆی دام..**

کە هاتینە دەرەوە، یەکسەر چاویان بەستم و دەستیان گرتم نزیکەی ئاوا سێسەت مەترێک ڕۆیشتین وا دیاربوو لەو خانووە دوورکەوتبووینەوە. وەختێک چاویان کردمەوە لەشوێنێکی تر بووین، لەوێ بردمیانە ژێرزەمینێک کە بە پەیژە بۆی چووین بنمیچی زۆر نزم بوو، دوای ئەوەی کابرا بەر و باخەڵی پشکنیم پاکەت و شخاتەم پێ بوو، شخاتەکەی لێ ستاندم و پاکەتەکەی دامەوە و وتی هەر وەختێک ویستت جگەرە بکێشی لە دەرگا بدە.

کە دەرگا داخرا سەیرێکی دەوروبەری خۆمم کرد لەو ژێر زەمینە، ڕاستی جگە لە هەست بەتەنیایی کردن ترسایشم و ئیتر وام لێکدایەوە دەبی ئیخباریەکی زۆر گەورەم لێ کرابی..

ژێرزەمینەکە مرۆڤ نەیدەتوانی بەڕاوەستان تێیدا ڕابوەستی بەهۆی ئەوەی بنمیچی زۆر نزم بوو. زۆریش پیس بوو، تەنانەت پاشماوەی پیسایشی تێدابوو، دیوارەکانی هەندێ نووسینی بەسەرەوە بوو، هەندێکیان ناو و ڕۆژی گرتن و بەڕەڵلابوونی خۆی کە هەندێکیانم بینی زۆر پەشۆکام، هەبوو دوو تا سێ مانگ لەو ژێر زەمینەدا ماوەتەوە، بەتایبەتی کە ژێرزەمینەکە هیچ

ڕووناکیەکی تێدا نەبوو. بەڵام دەنگە دەنگی خەڵکی ئاسایی (ڕێبواران) لە دەرەوە دەهات دوو پەنجەرەی درێژووکانی بچووکی لەلای سەرەوە هەبوو.

بەهەرحاڵ، من داوای ئاگرم نەکردەوە پاکەتیکی بەغدام پێ بوو، جگەرەم بەجگەرە دادەگیرساند..

تینیوویەتی هێزی لەبەر بڕیبووم قورگم وشک ببوو پێکەوە نووسابوو، نەمدەزانی چی بکەم، تۆ حساب بکە لەبەیانییەوە کە ئێستا ئێوارەیەکی درەنگە و بەو ڕۆژە درێژانەی هاوین و بەم گەرمایەی بەغدا ئاوم نەخواردبووەوە.

دونیا تاریک داهات، ژێرزەمینەکە زۆر تاریک بوو، تاریکی لەو ئان و ساتانەدا دەیان خەیاڵت بۆ دێنێ..

دەوری سەعاتی٩ ی شەو، دەنگی پێم هاتە بەرگوێ بەرەولای دەرگاکە بە پەیژەکەوە دەهاتنە خوار بەپێی ئەو زانیاریانەی هەمبوو و لەزیندانیانم بیستبوو، یەکسەر خەیاڵم بۆ شتی خراپ چوو، لەدڵی خۆمدا وتم دەمبەن دەمکوژن، لەهەمان کاتیشدا بیرم لەوە دەکردەوە تۆ بڵێی لەسەر چی گیرابم، کێ ئیخباری لێ کردبم و شتی لەو بابەتە من لەو فیکر و خەیاڵانەدا بووم کە دەرگایان کردەوە، دوو کەس بوون ، یەکیان وتی (گوم)واتە (هەستە)، ئیتر بە پێشەخۆیان دام بەرەوسەرەوە.. بۆ یەکەم جار پاش چەندین سەعات، چاوم بە ئاوەدانی ڕوون بووەوە، بەڵام زۆرم تینوو بوو. بەیەکێکیانم گوت زۆرم تێنووە، وتی (بعدین) واتە پاشان!

منیان برد لەپیش ژوورێکیان دانام وتیان (ئینتەزیر) واتە چاوەڕێ بە..

کابرا چووە ژوورەوە، ماوەیەکی کورت لەژوورەوە بوو هاتە دەرەوە، پێی وتم وەرە! پێش خۆی دام بۆ ژوورەوە. ژوورەکە مێز و کورسی و قەنەفەی لێ بوو، لەژووری ئەفسەر دەچوو، دوو کەسی لێ بوو یەکێکیان لەپشتی مێزەکەوە بە کەماڵی سەنتەنەتەوە دانیشتبوو، ئەوەی دیکەیان لەتەنیشت مێزەکە چەند وەرەقەیەکی سپی لەبەردەم بوو

ئەوەی منی بردە ژوورەوە، لە چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوەیدا سڵاوی بۆ کابرای پشت مێزەکە سەند و چووە دەرەوە. ئیتر بەتەنیا مامەوە. کابرای پشت مێز بەجۆریک سەیری دەکردم جیاواز، من وەستابووم، کابرای

تەنیشت مێزەکەیش تەماشای دەکردم.کابرای پشتی مێز یەکەم پرسیاری لێ کردم بەم جۆرە دەستی بەقسە کرد: کابرای ئەمن: (ئیە) کاکە انت شوداک للعباسیة..؟ واتە کاکە تۆ چی بردیتیە عەبباسیە من: استاذ غیر انتم ئوستاذ غیر ئێوە.. هەر ئەوەندەم وت و نەوت کابرای ئەمن تووڕە بوو هەستایە سەر پێ لێم و پاڵێکی بە دەم کۆمەڵێک جنێوەوە پێوەنام، خۆم گرتەوە دەنا پشت و پشت دەکەوتم ئینجا وتی: ( ترتکبون الجرائم ضد الحزب و الثورە و تغشمون نفسکم.) واتە تاوان بەرامبەر حزب و شۆڕش دەکەن و خۆشتان غەشیم دەکەن، پاشان وتی (ماکو چارە ویاکم راح نادبکم) هەر چەند وتم من تا ئێستا نازانم لەسەر چی بانگ کراوم بێ سوود بوو، تەنیا ئەوەندەی وت ( اخرس لک) پاش کەمێک وەستان و

وتی: باشە. بەدەم ئەو باشەیەشەوە هەستایە سەرپێ و بەرەو لای من هات ئاوا دوو مەتریک لەمن دوور بوو، وتی:

- احنا نعرف انت متورط ویاهم، لکن نرید نسمع منک. وتم ( العفو استاذ ما افهم قصدک) واتە ئوستاز لە مەبەستت ناگەم، وتی: پێمان بڵێ چۆن نەخشەتان بۆ کوشتنی تاوانلیکراو ئەو وتی (المجنی علیە) عوسمان محەمەد فائق بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری کێشا، لەو کاتەدا تێگەیشتم من لەسەرچی گیراوم چونکە، پێش دوو ڕۆژیش لەڕۆژنامەکاندا هەواڵی ئەم مەسەلەیەم خویندبووەوە، بەڵام ڕاستی لەوکاتەدا شتێک لەنێوان سەرسڕمان و پێکەنین بە خۆم نەبوو دایگرتم، کەمن هەر لەبنەڕەتەوە لەبەغدا نەبووم لەو ڕاستەدا وتم: ئوستاز من هیچ شتێک لەو مەسەلەیە نازانم تەنها وەکو هەر هاوولاتیەک لەڕۆژنامەدا خویندومەتەوە هێشتا قسەی خۆم تەواو نەکردبوو کە پاڵێکی دی توندی پێوەنام و شەقازیلەیەکی لێدام و لەگەڵ کۆمەڵێک جنیو ئینجا وتی (راح نعدمکم) واتە ئیعدامتان دەکەین، قسەکەی بە (جمع) کرد لێرەوە زانیم خەڵکی تریش گێراون هەر تەنیا من نیم کە لەدوایشدا هەروا دەرچوو ئێمە نزیکەی ژمارەیەک لەنووسەرو ڕۆژنامەنووس بێجگە لە خەڵکی تر لەسەر ئەم مەسەلەیە گیرابووین. کارەکەش وەک لەدوایدا بۆمان ڕوون بووەوە لەلایەن ڕێکخراوێک بە ناوی (هەڵۆی سوور)ـەوە ئەنجام درابوو، ئەمەمان لەدوای بەربوون بۆ ڕوون بووەوە هەروا‌ش بوو ، داوای ئەوەی ئەوان گیران ، ئێمەیان بە کەفالەت ئازادکرد

بەهەرحاڵ دوای پرسیارو وەڵامیکی زۆر و لێدان و ترساندنی زۆرەوە کە سێ جار دووبارەیان کردەوە ماوەی زیاتر لە سێ سەعاتی خایاند لە ژووری جیا جیا، وا دیارە (ڕەوانشاد ڕەووف حەسەن) کە دوایی زانیم لە زیندانی ئینفیرادی بوو دەنگ و هاواری منی لە کاتی لێداندا ناسیبووە و وا دیارە نزیک ئەو شوێنە بووە ( ئەو ئەوەی لە یادداشتەکانیدا نووسیوەتەوە و کاتێ لە ڕۆژنامەی (باس) بە زنجیرە بڵاوی دەکردەوە).

پاش هەموو ئەو لێدان و ترساندنە ، پێم وا بێ خۆیان ماندوو بوون. کە هیچیان هەڵنەکڕاند، چونکە بەڕاستی دوور و نزیک پەیوەندیم بەو کارەوە نەبوو بە جەستەیەکی کوتراوەوە و تینوویەتێکی لەڕادەبەدەر منیان هێنایەوە لای ئەفسەرەکەی پێشوو کە کابرای لەتەنیشت مێزەکە دانیشتبوو دەینووسیەوە، جارێکیتر کابرای ئەفسەر کەوتەوە هەڕەشە و وای تێگەیاندم کە دواجار دەبێ دان بە تاوانەکانتان بێنن ( ئەوەشی بە جەمع وت) ، هەر چەندە من تاقەتی بەرگری لە خۆشم نەمابوو، بەڵام جارێکیتر وتم ئوستاز من لە دوور و نزیک ئاگادار نیم، دوایی چەندین پرسیاری دیکەی لێ کردم کە هەندێکیانی پێشتر لێ کردبووم، ئینجا کابرای تەنیشتی کە دەینووسییەوە وەرەقەیەکی دایە ئەفسەرەکە و بە سەیدی بانگی کرد وا دیار ئەفسەرەکە (محقق) پلەی لەو بەرزتر بوو هەر چەندە هەر دووکیان جل و بەرگی مەدەنییان لەبەر بوو ئینجا ئەوەی کە تحقیقی لەمن دەکرد ئەویش بە ئیشارەت بە منی وت: وەرە ئیمزای بکە.

لەڕاستیدا لەوکاتەدا من دوو دڵ بووم لەئیمزاکردن، چونکە دەترسام لەوەی کە شتی هەڵبەستراوی تێدابێ، لەلایەکی تریش لە تینوویەتییان و ماندوویەتی کە گەیشتبووە دەووروبەری نیوە شەو وڕ ببووم نەشمدەزانی بەم نیوە شەوە چیم بەسەر دێت، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ من ئەوە مەسەلەیەکی گرنگ بوو کە وەرەقەکە بزانم چی تێدایە ئینجا ئیمزای بکەم، چونکە لە زۆر کەسم بیستبوو بۆت هەڵدەبەستن، بۆیە جورئەتم دایە بەر خۆم و بەکابرام وت ئوستاز دەتوانم بیخوێنمەوە کابرا دوای ئەوەی تەماشایەکی منی کرد بە ئیشارەت بێ ئەوەی قسە بکات وتی: باشە. کە وەرەقەکەم خوێندەوە هەر ئەوەی تێدا بوو کە لە تەحقیقدا وتبووم..

بەم جۆرە ئیمزام کرد .

ئەو جار هێنیامیانە دەرەوە، ڕاستی ترسی ئەوەم هەبوو بمبەنەوە ژێرزەمینەکە، بەڵام نەیانبردمەوە ئەوێ، کورسیەک لەحەوشەکە داندرابوو لەنزیک دەرگاکە، سەلاجەیەکی ئاوی لێبوو دۆڵکەیەکی لەسەربوو ، کابرا بەمنی وت لێرە دانیشە من دانیشتم، ئیتر بێ ئەوەی پرس بەکەس بکەم دۆڵکەکەم پڕی ئاو کرد و دەمم پێوە ناو خواردمەوە ئێستاش لەبیرم نەچووەتەوە چونکە گەرمایش بوو دوای ئاو خواردنەوە ئارەقێکی زۆرم دەردا. پاش چەند جگەرەکێشانێک کابرا هات ئەوەی کە بۆ یەکەم جار بردبوومیە ژێرزەمینەکە، دیسان چاوی بەستم، منیش بەو شەکەتییەی لێدان و تێهەڵدانەوە، سەرەڕای برسییەتی و ترس لەوەی بمباتەوە ژێرزەمینەکە یا شوێنێکی وەک ئەوێ هەزار و یەک بیرم بە مێشکا دەهات، بەهەر حاڵ ڕۆیشتین ڕەنگبی بە مەزەندە تا ٥٠٠ پێنجسەت مەترێک بە بەپێ ڕۆیشتین، ناوە ناوەش کابرا دەیگوت سەرت داخە و سەرت بەرز کەوە تا گەیشتین چەند جارێک ئەمەی دووبارە کردەوە دەستی گرتبووم تا گەیشتینە شوێنێک بەعەرەبی وتی (دیر بالک سلالم) واتە ئاگاداربە پەیژەیە (قادرمە) ئیتر ئەوە بوو لە پەیژەکان سەرکەوتین، وا دیاربوو پەیژەکان زۆربوون ڕەنگە ١٥ پازدە پەیژە زیاتر دەبوو ، وەختیک کە چاویان کردمەوە، ڕووناک بوو خەڵکێکی یەکجار زۆر لەو دیوی شیشەکانەوە دیاربوون. کابرا منی تەسلیمی بەرپرسی ئەو جێگاکە کرد ئەویش قەڵەم و قایش و سەعاتی لێ سەندم، ئینجا دەرگای سجنی بۆ کردمەوە پاش ئەوەی ناو و زانیاری نووسیەوە کە چوومە ئەو دیوی شیشەکەوە دەتوانم بڵێم بەس من جلم لەبەربوو چونکە زۆر گەرم بوو خەڵکێکی زۆر، ڕووبەریکی کەم، کە قاوش بوو ڕەنگبی ٥٠م بە١٢ مەتر بێ، درێژووکانی بوو، قاوش قاوش بە محەجەرە جیا کرابووەوە کە لەوانەیە بە مەزەندە نزیکی هەشت سەت نەفەریان تێدا ئاخنیبوو کە پاسەوانەکە دەرگای داخستەوە من نەمزانی لە زیندانەکە بەرەو کوێ بچم، تەنانەت جێگای وەستانیش نەبوو. بەناچاری هەر لەنزیک دەرگاکەوە بەحاڵ لەسەر چیچکان دانیشتم، بەجلەکانیشم دیار بوو کە تازە هاتووم، چونکە هەموویان لەگەرمان رووت بوون تەنیا شۆرتیان لەبەر بوو.

ڕاستی ئەم زیندانە هەموو جۆرە مرۆڤیکی تێدابوو لەهەموو جۆرە

قەزیەیەک بەسیاسی و غەیرە سیاسی (پاشان ئەوەم زانی) لەبەر ئەوە زۆر ناخۆشبوو، گەرما و هەوای پیسی ناو زیندانیش لەولاوە بوەستێ

بەهەرحاڵ نازانم چۆن بوو کابرایەک لەتەنیشتم بوو پێی گوتم لەسەر چی گیراوی منیش لەبێتاقەتی کە پێشمەوە دیار بوو لێیان داوم وتم نازانم، زۆری پی نەچوو یەکێکی دی کە لە بەرامبەرم دانیشتبوو جگەرەی دەکێشا وتی (انت کاکە موو)، بەو مانایەی تۆ کوردی؟ وا دیاربوو لەشیعە و ئەوانە دەچوو، منیش لەسەرخۆ وتم (ئا) وتی: جەماعەتەکەت هەموویان لێرەن، ئیشارەتی بۆ لای سەرەوە کرد. منیش راستی زۆرم پێ بڕوا نەکرد وام زانیی پێم رادەبوێرێ لەگەڵ ئەوەشدا بەهەزار حاڵ تۆزێ چوومە سەرەوە چاوم گێڕا وەختێک پاش پێنج شەش مەتر ڕۆیشتن ئاورم لەلای راستم دایەوە، لەیەکێ لەقاوشەکان وەک وتم زیندانەکە لەکۆمەڵی قاووش پێکهاتبوو، بێجگە لەوەی مەمەڕێکی هەبوو، تەماشام کرد بالفعل کۆمەڵێک برادەرم بەرچاوکەوت وەک گوڵ گەشامەوە لەخۆشیان بەتایبەتی کە زۆر ماندوو بووم. چوومە پێش سڵاوم کرد ئەوانیش هەر هەموویان وتیان ئەوە (تۆیش؟)

ئەوانەی لەوکاتەدا لەوێ بوون چیرۆکنووس م. (حسێن عارف) م (حمید عزیز) کە ئێستا دکتۆرە لە فەلسەفە لە زانکۆی سەلاحەددین، (ئەحمەد زەردەشت) ڕۆژنامەنووس (عەبدوڵڵا عەباس ) ڕۆژنامەنووس (محمد عبدالخالق) ڕۆژنامەنووس کەمال کە هەردووکیان لە ڕۆژنامەی (بیری نوێ)ی حزبی شیوعی کاریان دەکرد، ڕۆژنامەنووس عەبدوڵا بابە عەلی و (بێستوون مەلا عومەر) کە لە سلێمانی گیرابوون

کابرایەکی لوبنانیشیان لەگەڵ بوو هەر چەندە دوایی زانیم لە قاووشێکی دیکەیە کە دەیانگوت ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعسە لە لوبنان، خۆی ناوی ( فاروق حسین الساحلی) بوو ، ئێمە پێمان دەگوت (ئەلتلوو ئەللو)، چونکە ئەوەی لە قسەکردندا زۆر دووبارە دەکردەوە، ئیتر کۆمەڵێک برادەری تریش بوون کە ڕەنگە ئێستا ناوەکانیان نەیەتە خەیاڵم بێجگە لە م. (ڕەئوف حەسەن) چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس کە ئەویان بردبووە (زیندانی ئینفرادی) بەمجۆرە و لەو حاڵەتەدا ماینەوە و ڕۆژمان بەشەو گرێ دەدا و نەماندەزانی چارەنووسمان چی لێ دێ

زۆرجار پاگەندەی وایان لەناو زیندانـدا بڵاودەکردەوە کە ئەوانەی لەسەر

فلانـە مەسـەلە گیـراون واو وایـان لێدەکرێ.. یـا هەنـدێ جـار کـە ڕۆژنامـەی ( الثورة )مـان بـۆ دەهـات چەنـد جارێـک پارچەیەکیـان لـە لاپەڕەیەک لـێ دەکردەوە ئێمـە وام لێـک دەدایـەوە ئـەوە ئەمـری ئیعدامـی ئێمەیـە..

لـە ڕووی خواردنـەوە، خواردنمـان لـە نیسـک، جاروباریـش هەنـدێ برنـج کـە زۆر وشـک بـوو زیاتـر نەبـوو..

حەفتـەی جارێـک پارچـە (زبدە)یەکیـان پـێ دەدایـن، هەندێجاریـش نەختـی شـیری قوتـوو..

ڕاسـتی زۆربەمـان زبدەکەمـان هەڵدەگـرت و نەماندەخـوارد بـۆ ئـەوەی ئەگەر لێیـان دایـن لەباتـی مەلحـەم شـوێنی لێدانی پـێ چـەور بکەیـن، ئەگەر نەخۆشـیش بووبایـن، لـە حاڵـی مەلایش بایـن دەبووایـە سـرە بگریـن تـا بـە حەفتەیـەک یـان زیاتـر دوای ئـەوەی نـاوی خۆمان دەنووسـی تـا بەرمان دەکەوت.

دکتۆریـش کـە دەچووینـە لای لـە دووری دوو مەتـر زیاتر بـە تووڕەییەوە لێی دەپرسی (شـبیک؟) واتـە چیتـە؟ سـەیرە ئـەوە بـە دڵـی خۆ پزیشـکە و سـوێندی یاسـایی ئەبوقراتـی خواردووە!!

لـە ڕووی مواجهـەوە، تـا بەریـش بوویـن هەمـوو مواجهەیەکمـان قەدەغـە بـوو تەنیـا ئەوەبـوو، ڕێگایـان دەدا کەسـوکارت کـە دوایـی زانیمـان لـە زۆر دوور ڕایاندەگرتـن و تەنیـا بۆیـان هەبـوو گلۆسـێک پاکەتـی بەغـدا لەگـەڵ فانیلایـەک و دەرپـێ قوتەیـەک و پێنـج دینـاری ئیراقیمـان بـۆ بنێـرن و بۆشـمان نەبـوو بپرسـین کـێ هێاویەتـی، بەبەڵگـەی ئـەوەی بـرادەران دەزانـن جـارێ مـن پرسـیم کابـرای ئەمـن، پـاش کۆمەڵێـک جنێـو ئینجـا ئـاگاداری کردمەوە جارێکـی تر ئەم پرسـیارە نەکـەم!

بۆ هەمووومان وابوو..

بەهەرحـاڵ ئێمـە تـا نزیکـەی چـوار مانـگ ماینـەوە. دواجـار، پـاش ئـەوەی ئەوانەیـان گرت (کـە دوای ئـەوەی بـە کەفالـەت ئـازاد کرایـن زانیمـان) ئێمـە زۆربەمـان بـە کەفالـەت ئـازاد کرایـن.

**ئەوانـەی لەگـەڵ منـدا گیرابـوون و لە (زیندانـی ئەمنـی عامـە لـە بەغـدا) ئـەو برادەرانـەی خـوارەوە بوون:**

١- حسـێن عـارف- ڕۆژنامەنـووس و چیرۆکنـووس ئێسـتا نیشـتەجێی شـاری

سلێمانییە.

٢- ڕەوانشا عەبدوڵڵا بابە عەلی- ڕۆژنامەنووس خەڵکی کەرکووک،

٣ - احمد زەردەشت- کوڕی توێژەری مێژوو مامۆستا حەمەبۆر- ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی (بیری نوێ)ی حزبی شیوعی.

٤- محمد عبدالخالق- ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی (بیری نوێ) و مامۆستا.

٥- شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا عەباس، کە ئێستا دانیشتووی سلێمانییە.

٦- حەمید عزیز کە ئێستا دکتۆرە و لە زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی ئاداب بەشی فەلسەفە مامۆستایە و خەڵکی قەڵادزێیە.

٧- بێستوون مەلا عومەر- ئەویش لەسەر هەمان قەزیە- بێستوون لە سلێمانی گیرابوو. بە داخەوە وابزانم پاش ئازاد بوون شەهید کرا.

٨- برادەرێکی دی بە ناوی کەمال، کە هونەرمەند بوو لەگەڵ محەمەد عەبدولخالق گرتبوویان.

ئەوی ڕاستی بێ کە وتت زیندان، بە تایبەتی زیندانی بەعسییان کە ئیعدامیان پێ ئاوخواردنەوە بوو.. لەگەڵ ئەوەی ئازارێکی جەستەیی و نەفسی زۆریان داین، بەڵام دیسان خاڵی نەبوو لە هەڵوێست و دیمەنی کۆمیدی، بە نموونە کابرایەکی لێ بوو لە تەنیشت قاووشی ئێمە ناوی (ئیبرە و خێت — داو و دەرزی) بوو کە پرسیم وتیان تاکە کەسە توانیویەتی دەرزی و داو بێنێتە ژوورێ، دەیانگوت ڕۆژێ گوایە چەند مریشکێکی کڕیوە و بردوویەتیەوە ماڵێ کە بەڕەڵڵای کردوون یەک یەک ناوی لێ ناون و وتوویەتی ئەوە قائید ئەلموئسسە، ئەوە سەید و ئەلنائبە (مەبەستی سەددام حسێن) بووە، ئەوە ئەندامی قیادەی قوتری فلانە و تاد.. تومەز ژنەکەی پێ دەچێ دۆستی هەبووبێ، خەبەری لێ دەدا و دەیگرن بە تۆمەتی (سب و شتم ) واتە جنێودان، ئینجا زۆر جار بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد (بس اطلع) واتە بەس ئازاد بم، گوێمان لێ دەبوو هەر لە قاووشەکەی خۆی پێیان دەگوت (بابە ما تطلع) بابە دەرناچی..

یان کۆمەڵێک شەقاوەی بەغدایان گرتبوو، نەمانزانی لەسەر چی بوو، بەڵام دەیانگوت کۆنگرەی لاوانی عەرەب لەو ماوەیە لە بەغدایێدا دەبەسترێ بۆیە گیراون (وایان دەگوت) ئەوانە زۆریان کوردی فەیلی بوون، هەموو

زیندانییـان لێیـان دەترسـان، بـەڵام خۆشـبەختانە زۆر ڕێـزی ئێمەیـان دەگـرت، یەکێکـی زەبەڵلاحیـان تێـدا بـوو وای نیشـان دەدا گەورەیانە (گـەورەی شـەقاوان) دەهـات بـە کا حوسـێن عارفـی دەگـوت، (کـە ئێمـەش بـە پێی تەمـەن ئەومان بە گـەورەی خۆمـان دانابـوو) — خـۆ ممحتاجیـن شـیَ خـۆ هیچتـان پێویسـت نییـە، هـەر هەمـان کەسی زەبەلـلاح ڕۆژێ پێـی لەسـەر پێـی کەسـێک دانابـوو، کابـرا دەیهێشـا و هـاواری دەکـرد. ئەویـش پێـی دەگوت: ( اخ الگحپـه لیش مخلی رجلك تحت رجلی) واتـە خوشـک هیـن بـۆ پێـت لـە بـن پێی مـن دانـاوە؟ !!

یـان کابـرای لوبنانـی کـە زۆر دەهاتـە لامـان، ئـەو لـە قاووشـێکی سـەرەوتر بـوو، عـەرش و کورشـی بـاس دەکـرد، هەمیشـەش دەیگوت من یا ئیعـدام دەکرێم یـان ئـازاد دەکرێـم و بەرپرسـیاریەتێکی گـەورەم دەدەنـێ، پاشـان دوای ماوەیەک ئـازاد کـرا، ئێمـە بەوەمـان زانـی هەنـدێ پاکـەت و پەنیـر و ئەوانـەی بـۆ قاووشـی ئێمـە ناردبـوو.. ئـەو پیـاوە خـۆی وەک چـەپ نیشـان دەدا کـە لـە زیندانـەوە بەرگـری لـە میشـێل عەفلـەق دەکـرد و بـە بیریـاری حزبـی بەعسـی دەزانـی، لـەو سـەرەکەی دی (جەبهـەی قەومـی تەقدوومـی) نێـوان بەعـس و حزبـی شـیوعی بەرقـەرار بـوو و بارەگایـان لـە بەغـدا و نزیکـەی زۆربـەی شـارەکان مابـوو، ئینجـا زینـدان پـڕ بـوو لە شـیوعی..

بـەو جـۆرە مامەوە تا ڕۆژێ من سـرەی سـەرئاوێم (تەوالێـت)م گرتبوو، ئاخر سـەرئاویش بـە سـرە بـوو بەشـی هەموانـی نەدەکـرد دەبووایـە کەمتریـن کات بەیانیـان نیـو سـەعات بچیـت سـرە بگری تا بـەرت دەکەوێ چـۆرە میزەکی بکەی ئەویـش تـا تـەواو دەبـووی دەیـان (شسـوێت)ت — چیـت کردتیـان لـەو دیـوی دەرگاوە بـۆ دەهـات وەک وتـم ئـەو ڕۆژە دوای نزیکـی چـوار مانـگ لـە زیندان ئەو بەیانییـە هـەر سـرەم بەرکـەوت و چوومـە ژوورەوە، گوێـم لـە چەنـد ناوێـک بـوو، لەوانـە نـاوی خـۆم، چیـت لـێ بشـێرمەوە میـزم بـە پاش وەچـووەوە و پێـم نەکرا کـە گوێـم لـە نـاوی خـۆم بوو کابرا وتـی، فلانی کوڕی فلانی ( لـم غراضـك) واتە فـلان (واتـە مـن) شرۆشـیتالت کۆ کەوە، خۆیشـی وابـوو ئەگەر بەیانیـان بانگیان کردبـای یـا بـۆ ئـازاد کـردن بـوو یـا گواسـتنەوە، بـە پێچەوانـەی ئێواران یا شـەو ئـەوە بێگومـان دەمانزانـی بۆ تەعزیـب و لێکۆڵینەوەیە، ناوی ئێمە کە بانگ کراین

بەیانی زوو بوو دەوری سەعاتی هەشت تا هەشت ونیوی بەیانی بوو، بۆیە لە ڕواڵەتەوە ترسی کەمتر بوو، هەر وایش دەرچوو من یەکسەر لە تەوالێتەکە هاتمە دەرەوە، هیچ شڕو شیتاڵیشم نەبوو، یەکسەر چووم خواحافیزیم لەو برادەرانەی مابوون، (چونکە هەندێکیان پێشی من بەر ببوون)کرد و هاتمە لای دەرگا خۆم ناساند و کابرا لیستێکی پێ بوو سەیرێکی کرد و دەرگایان لێ کردمەوە، کابرا پێشەکی منی بردە لای سەرتاشی زیندان، چونکە ڕیشم زۆر درێژ بوو و لە هەموو ئەو ماوەیەشدا چەهرەی خۆمم نەبینیبوو، سەرتاش زۆر بە پەلە ڕیشی تاشیم نیوەی ڕوومەتی بریم، ئینجا کابرا بردمییە لای دەرگایەک کورسییەکی لێ بوو، وەک ئەوانەی بۆ دەرگەوانانی دادەنێن و وتی لێرە دانیشە (ئەو بە عەرەبی وتی)..

چووە ژوورەوە، دوو تا سێ دەقەی پێنەچوو دەرگای کردەوە بە وشەی (تفضل) فەرموو، کە دەمێک بوو گوێم لێ نەببوو، لەوەڕا زانیم بانگ کردنم بۆ بەربوونە.. کە چوومە ژوورەوە کەسێ بە جل وبەرگی مەدەنی تەمەنی بە سەرووی چل و پێنج ساڵی دەردەکەوت لە پشت مێزێکی داری پان و پۆڕ دانیشتبوو کە دوو کورسی لەم سەر و ئەو سەر داندرابوون، ژوورەکەش پاک و خاوێن و قەنەفەی گرانبەهای لێ بوو، بەوە زانیم کە ئەفسەرێکی پلە باڵایە ،کەسێکی سوورکەڵەی قەڵەوی لەلادا لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی بەردەمی دانیشتبوو لەگەڵ چوونە ژوورەوە کابرای پشت مێز ئاماژەی بۆ کورسییەک کرد لای دەرگا داندرابوو و وتی: (استریح) دانیشە.

نەخێر زۆری نەبرد چایەکیشیان بۆ هێنام ، ئینجا کابرای قەڵەو بەکوردی پێی وتم تۆ چ کارت بەوانە دایە، تۆ ئەولی تەمەنتە بۆ یارمەتی باوکت نادەی...(کەر لە کوی کەوتووە و ئاشەوان لە چ خەیاڵێ، دەبێ پەندەکەی ئاوا بۆ تێکەڵ بکەی) وتم مامۆستا من لە جنووب دەژیم، خوا شایەدە خۆشم نازانم بۆ گیراوم.. کابرا لەسەری نەڕۆی یەکسەر وتی ئەمڕۆ بەر دەدرێی من هاتووم دەبمە کەفیلت، ئینجا کابرای پشت مێز وتی: (راح نطلق سراحک) واتە بەرت دەدەین، پاشان کۆمەڵێ قسەی کرد بەو ئاراستەیەی کە هیچ تاوانبارێک ئەو (مجرمین) ی بەکار هێنا لە عەدالەتی حزب و سەورە دەربازیان نابێ.. بەهەر حاڵ من تا ئەو کاتە دەمم بۆ چایەکەی پێشم نەبردبوو، کابرای پشتی مێز وتی :(اشرب چایک تعال وقع) چایەکت بخۆوە و وەرە

ئیمزا بکە. چایەکە سارد ببووەوە یەک دوو فرم لەبەر قسەی ئەو لێدا و بەرەو لای مێزەکە هەستام و بینیم فەرمانی بەربوونمە ئیمزام کرد، دیار بوو وەرەقەیەکی تریشی بە کابرای قەڵەو ئیمزا کرد، ئینجا کابرای قەڵەو کە بە ئەبوو فلان (ناوەکەیم بیر نەماوە) خوافیزی لە کابرا کرد و منی بە پێشە خۆی دا و پسوولەیەکیشی بە دەستەوە بوو کە دەرچووین لە پرسگە تەسلیمی کرد و ئیمزایەکی بۆ لە دەفتەرێک بۆ کردن و هاتینە دەرێ..

ئاوا سەت مەترێک ڕۆیشتین گەراجیکی لێ بوو، کابرا ئۆتۆمبیلی لەوێ ڕاگرتبوو، ڕاستیی من یەکسەر زانیم ئەم (کوردە قارەمانە) پیاوی خۆیانە و بە پارە بووەتە کەفیلم کە هەر وایش دەرچوو، پارەیەکی زۆری لە باوکم وەرگرتبوو ، بۆیە من هەر خوا خوام بوو لە نزیکترین شوێن بێمە خوارێ، بینیم ئێمە لە کۆڵانەکانی پشت (قصر الابیض) گیرا بووین کە نزیکیشە لە گۆڕەپانی ئەندەلوس، ئەو وتی بتگەیێنمە کوێ، وتم لە گۆڕەپانی نەسر دێمە خوارێ، گۆڕەپانی نەسر زۆر دوور نەبوو لەوێ و پاسی (مەیدان) یش دەهاتنە ئەوێ، بەهەر حاڵ پێی وتم ئێستا خەبەر دەدەمە باوکت، وەڵامم نەدایەوە، پاشان دەرکەوت بە پارە ئەو کابرایەیان بۆ باوکم دۆزیبووەوە کە ماڵی لە بەغدا بوو.

لە گۆڕەپانی نەسر هاتمە خوارێ، پیاسەیەکم لە گەراجی پاسان کرد، لە چاوەڕوانی پاسی ژمارە ٤ کە دەچووە مەیدان هەستم کرد پێیەکانم زۆر ئازاریان هەیە بە هۆی ئەوەی لە لایەک لێدانی کاتی گرتنم و لە لایەکی دی بەهۆی دانیشتنی زۆر و بوارنەبوون بۆ پێ درێژ کردن.

تا پاس هات هەوڵم دا بە هۆی جامی چەند ئۆتۆمبیلێک چەهرەی خۆم ببینم کە نزیکی چوار مانگ بوو نەمدیبوو، پاشان وازم لێ هێنا وتم نەڵێن ئەو کوڕە بۆچی سەری دەباتە ناو جامی ئۆتۆمبیلان!!

پاس هات سوار بووم، لەناو پاس بەبیرم هاتەوە کە بردمیان بۆ قاووش سەعات و قایش و هەندێ شتومەکیان لێ ستاندبووم، ئەویش ڕۆیی، تازە چی، من خوا خوام بوو بێمە دەرێ..

پاسی ژمارە ٤ بە درێژایی شەقامی ڕەشید دا دەڕۆیی تا دەگەیشتە گۆڕەپانی مەیدان، من پێش ئەوەی بگاتە مەیدان لە وێستگەیەکی نزیک مزگەوتی (حەیدەرخانە) هاتمە خوارێ، چونکە من عادەتەن کە لە عەبباسیە

بهاتمایە بەغدا یا لای م. عزیز گەردی و ئەوان دەمامەوە یا لە ئوتێلی (نزار) نزیکی مەیدان.

ئوتێلی نزار ئەوسا، محمد موکری و مارف عومەر گوڵ (کە خاوەنی ئوتێل خاڵی بوو) هەروەها زۆر لەو نووسەر و ئەدیبانەشم لێ دەدیتن کە لە بە غدایێ لە زانکۆ دەیانخوێند لەوانە بە نموونە شێرزاد حەسەن کە لە بەشی ئینگلیزیێ دەیخوێند..

ژمارەیەکی دیکەش بوون، ناوەکانییانم لەبیر نەماوە.

لە نزیکی ئوتێل نزار لە وێستگەیەک دابەزیم، لەوێ تەلەفۆنم بۆ محەلی خاڵم ڕەحمەتی محەمەد گەلاڵی کرد کە ئەوسا کارگەی کاشی هەبوو و شوێنی خۆم پێ وتن، بۆ ئێوارەکەی باوکم لەگەڵ هەندێ لە خزم و دۆستان گەیشتنە لام، شەو لە بەغدا ماینەوە بۆ بەیانی بەرەو هەولێر بەڕێ کەوتین، ڕاستی تا ئازاد نەکرام بە دایکمیان نەوتبوو، بەڵام دایکم بە (حدس) زەینڕوونی دایکایەتی هەستی کردبوو شتێک بووە و پێی ناڵێن.. بەهەر حاڵ سێ چوار ڕۆژێک لە هەولێر لەماڵەوە مامەوە پاشان یەکسەر بەرەو عەبباسیە، شوێنی لێی گیرام گەڕامەوە، کە چوومە کتێبخانە (وەک لە پێشدا وتم من کاتب بووم لەوێ) بەڕێوەبەری کتێبخانە پێی ڕاگەیاندم کە من ماوەی مانگێک زیاترە گواستراومەتەوە بەغدا (ئیدارەی محەلی)، هەر چەندە زۆرم پێ خۆش بوو، بەڵام لە دڵی خۆمدا سەیرم پێ هات کە لە کاتێکدا من لە زیندان بووم فەرمانی گواستنەوەم دراوە، ئینجا یان کەس بە کەس نەبووە و ئیدارەکان ئاگاداری یەکتر نەبوون یان بە مەبەست ئەوە کراوە..

نوسخەیەک لە فەرمانی گواستنەوەم لە بەڕێوەبەری کتێبخانە وەرگرت و خواحافیزم لەوان و چووم لە ماڵی قادریش کرد و بەرەو بەغدا لە نەجەفەوە کەوتمە ڕێ..

ئەو ڕۆژەی گەیشتمە بەغدا بە درەنگم زانی بچم بۆ پارێزگای بەغدا– ئیدارەی محەلی– هێشتمەوە بۆ بەیانی، شەو وەک زۆر جاران چوومە لای م. عزیز گەردی و حەکیم کاکەوەیس و ئەوان و ڕاستی سەرەڕای ترسێکی پەنهان دڵخۆش بووم بەوەی گواستراومەتەوە بەغدا، تەنانەت باسی ئەوەشم لەگەڵ برادەران کرد کە منیش چۆن ژوورێک لەوناوە بە کرێ بگرم..

بۆ بەیانی چوومە پارێزگا کە ئەو دەمە بارەگای پارێزگا لە مەیدان دوور نەبوو لە بینایەیەک بوو پێیان دەگوت (قشلە)، لە پرسگە نوسخەی فەرمانی گواستنەوەکەمم پێشان دان یەکسەر بێ ئەوەی پێم بڵێن چاوەڕێ بکە (کە ئەوەش ترسی زیاتر کردم) بردمیانە لای بەڕێوەبەری گشتی (لەسەر دەرگاکەی وا نووسرابوو)، بەڕێوەبەری گشتی بێ ئەوەی لێم بپرسێ ئەو ماوەیە بۆچی (نەهاتووی موباشەرە بکەی) یەکسەر لەسەری نووسی ( الأملاك.. شعبة التركات لاجراء اللازم)، خزمەتگوزارێکم لەگەڵ هات بردمی بۆ لای بەڕێوەبەری بەشی ئەملاک، ئەویش (موباشەرە) ی بۆ نووسیم ڕەوانەی بەشی (التركات) ی کردم، تەریکات چ تەریکات، ڕاستە وەک بەشێک بوو لە ئەملاکی ئیدارەی محەلی، بەڵام لە کۆمەڵێک تۆماری تۆزاوی زیاتری لێ نەبوو، کە دەشڵێم تۆزاوی هەرگیز بە تەوسەوەم نییە، بەڕاستی تۆزی ساڵەهای ساڵی لێ کۆببووەوە، ئەو تۆمارانە بەئەسڵ هی جوولەکەکان بوون، ئێمەش یەک دوو فەرمانبەر بووین بێ ئیش و کار وەک پاسەوانی ئەو تۆمارانە وا بووین، ڕاستی لە تواناداا نەبوو لە ژوورەوە لەبەر تۆزێ دابنیشین بە ناچاری زۆربەی کاتی دەوامەمان لە ڕێڕەوەکە بەسەر دەبرد کورسیمان دەهێنایە دەرەوە (من لەو کاتەوە تووشی ئەوەی بە حەساسییە ناسراوە) بووم کە ئێستاش لە کۆڵم نەبووەتەوە..

ماوەی چەند مانگێکیشم بەو ڕەنگە بەڕێ کرد تا ڕۆژێ بە ڕێکەوت کوردێکم بینی کە وا بزانم لە بەشی خۆیەتی ئەوێ کاری دەکرد کوردێکی خەڵکی کەرکووک بوو ناوی (مەجید بیبانی) بوو، دەرچووی بەشی کوردی بوو (پاشان بیستم دکتۆرای وەرگرتووە) ئەو لە ڕێی نووسین و ڕۆژنامەکانەوە منی ناسییەوە، منیش بارو دۆخی خۆم بۆ گێڕایەوە، ڕاستی مەردانە بە هانامەوە هات و شەفاعەتی لای بەڕێوەبەری گشتی بۆ کردم، کە ئەوەی لێ کەوتەوە گواستمیانەوە کۆگای کتێبان لە پەروەردەی کەرخ، هەر چەندە ئەوێش خاڵی نەبوو لە تەپ و تۆزی کتێبان، بەڵام زۆر باشتر بوو لە جێی پێشترم.

بەو ڕەنگەم بەڕێ کرد تا نزیکەی ساڵ و نیوێک، ئینجا گەڕامەوە هەولێر، ئەو دەمە ماڵیشمان هاتبووە هەولێر و دوکانێکی تۆمارگەی کاسێت کە یەک دوو خزم بۆیان دانام،

دوکانەکە بە ناوی (تۆمارگەی ژوان) بوو لە شەقامی ئاراس تەنیشت بانکی ئاراس ئەوسا بوو..

لێرەدا کۆتایی پێ دێنم. لەم ڕاستەیشدا دەمەوێ خوێنەری ئەم چەند دێرانە لەوە باخەبەر بکەم ئەم چەند لاپەڕەیە یادەوەری نییە، بەشێکی بچووکی یاداوەریش نییە لەوەی بەدەر بەشێکە لە پرۆژەیەکی تایبەت بە نەفیکراوان کە من لە ڕاستیدا بە ئیلحاحی برایان (تاریق جەمباز، بە جار ١٢٦ جار پێ وتم) هەروەها (نیعمەت عەبدولـڵا، کە ئەویش ٢٧ جار) دەنا من وەکو خۆم ژیانی خۆم وا چاو لێ نەکردووە شتێکی تێدا بێ جیا لە هەر کوردێک جێی گێڕانەوە بێ، جگە لەوەش لەوەندەی یادداشتنامەم خوێندوونەتەوە، مەگەر بە دەگمەن دەنا لە تێکەڵەیەکی غەریب و عەجیب زیاترم لێ نەدیون لە نێوان ڕاستی و هەڵبەستن و ناڕاستیدا، تەنانەت خەیاڵ بۆ ئەوە دەچێ هەندێ لەو یادداشتنامانە بە چەشنێکن ئەوەندیان تەفاسیل تێدایە لە ڕۆژانە دەچێ تا یادداشتنامە کە ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ڕۆژانە نووسیبێتیانەوە، ئاسان نییە لە تەمەنێکی دیاریکراودا ئادەمزاد شتەکانی بەو وردکارییە بەبیر بێتەوە.. لە ڕوویەکی دییەوە هەندێ جار ئەوە بە خەیاڵدا دێ حکوومەتی بەغدا نەیدەویست ئەو شاخ و داخانە چۆڵ بن ئەو فشارانەی دەکردن گەنجی کورد ناچاری هەڵاتن و خۆدەربازکردن بکا و شەرعییەت بداتە خۆی بۆ سەرکوتکردن وچەواشە کردنی هەندێ لایەنی نێودەوڵەتی سۆزدار لەگەڵ کێشەی ڕەوای کوردستان، ئەوەش ڕوونتر لەوەدا دەرکەوت کە حکوومەت هەر زوو پێش ئەوەی بزووتنەوەی چەکداری ئاهێکی بێتەوەبەر لە شاخ پرۆسەی ڕاگواستنی چەندان ناوچە و گوندی کوردستانی، کە یەکەمین گورزی کوشندە بوو بەر ڕۆحی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و ئابووری مرۆڤی کورد و کوردستان بە گشتی کەوت کە لە دوایشدا ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ و لەباڵیەکدەرهێنانی بزاڤی ئازادیخوازی کوردی لێ کەوتەوە، دەسپێکرد..

ڕاستییەکانیش هەروا دەرکەوتن کە وەختی خۆی لە ئەدەبیاتی حزبیاندا دەریان دەبڕی کوردیان بە (شعبنا الكردي) ناوزەد کردبوو و کە تا ئێستاش و تا ئەمڕۆ حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا نە بڕوایان بە چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەی کوردستان هەیە و نە پلانێکیان بۆ هەبووە و هەیە.

ئەم چەند دێرە هەتیوکەوتووەیش، بۆیەش دەڵێم هەتیوکەوتوو چونکە پێم وایە گەیشتوومەتە قەناعەت دوای هەموو ڕووداوە تراژیکۆمیدییەکانی پاش ڕاپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەت لەم بەشەی کوردستان نووسین و نەنووسینی وەک یەک بێ، بە بەڵگەی ئەوەی ئەحمەد ناوێکی مەنسوولی زیندانییە سیاسییەکان کە بە دڵی خۆ نیعمەت عەبدوڵلاشم بە شایەدی لەگەڵ خۆم بردبوو و هەردوو هاوزیندانیش کە پێکەوە حەپس بووین مامۆستا محەمەد عەبدولخالق و د. حەمید عزیز لە کاتبی عەدل شایەدیان بۆ دابووم مەنسوولی زیندانیان پێی وتم ناکرێ چونکە تۆ لەسەر (قتل) گیراوی!

ئینجا ئاغەم بە توو سەلامەتدار بێ سەیرایەتییەکە لەوە دابوو من تەئیدم لەسەر داوای خۆیان بۆ چەند برادەرێکی هاوزیندان کرد بە تەئیدی من بۆیان ڕایی کردن!!

بە داخەوە ئێمە هەڵە دەکەین، کەچی لە یادداشتنامەکانماندا (مەگەر بە دەگمەن) دانی پێدا نانێین، کە لێشمان دەقەومێ هەمیشە کارەسات و نووشووستییەکانمان بە جلـئاوێزی خەڵکی ترەوە هەڵدەواسین، لێرەشڕا نەخۆشی (دەردە کورد) و یەکتر تاوانبار کردن هەمیشە دووبارە و سەتبارە بووەتەوە و دەبێتەوە..

---

(**) هەندێ لەو وێنە و دیکۆمێنتیەکان ئەوەندی لای خۆم بوون و مابوون و بەر تاڵان و بڕۆی شەڕی برایان نەکەوتن بە پێی بەردەستییان ئەوانەن پەیوەندییان بە خودی ئەو چەند لاپەڕەیەوە هەیە.

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
محافظة كربلاء

الادارة المحلية

الشعبة :
الرقم : الذاتية ٥٢٢٦
التاريخ ٢٧/١١/ ١٩٧٥

الموضوع /
(( أمـــــــر اداري ))

استنادا الى ماجاء بمرقية اللجنة العليا لشؤون الشمال المرقمة ر/٣٧/٥٦٠ في ٢٤/١١/١٩٧٥.

تقرر تعيين السيد نزاد عزيز قادر بدرجة عامل غير ماهر ( عامل نظافة ) في ادارة محافظة المحلية بأجرة شهرية قدرها (٢٨/٥٠٠) دينارا لكونه غير الدراسة المتوسطة اعتبارا من تاريخ مباشرته العمل على ان يقدم المستمسكات الاصولية بعد استقراره .

ثابت نعمان العاني
م/ محافظ كربلاء

نسخة منه الى :-

اللجنة العليا لشؤون الشمال – برقيتكم المشار اليها اعلاه – مع التقدير .
وزارة الداخلية / مديرية الادارة المحلية العامة / مديرية الادارة والذاتية / مع التقدير
المؤسسة العامة للتشغيل والتدريب والتأهيل – يرجى تأييد اجراء تعيين الموما اليه من الاكراد العائدين واعلامنا
مديرية خزينة المحافظة
مديرية حسابات الادارة المحلية
شعبة تشغيل كربلاء
ذاتية الادارة المحلية – لمطالبة الموما اليه بمستمسكات التعيين بعد استقراره
كاتب الادارة المحلية – لاعلامنا بتاريخ مباشرته العمل
الاضبارة الشخصية / مع المرفقات
الاضبارة العامة
الموما اليه
طبق الطابعة
شعبة شؤون العائدين / السيد سرهد علي السعود



بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

محافظة كربلاء
الادارة المحلية
الذاتية

٥٣٨٧
العدد /
التاريخ ٣٠/ ١١/ ١٩٧٥

( أمــــــر اداري )

الحاقاً بأمرنا الاداري المرقم ٥٣٣٦ في ٢٧/ ١١/ ١٩٧٥
يعتبر السيد نزاد عزيز قادر العامل غير الماهر بعنوان ( عامل بناء ) [illegible] في ادارة [illegible]
المحلية بتاريخ ٢٧/ ١١/ ١٩٧٥ قبل الظهر .

ثابت نعمان [illegible]
م/ محافظ كربلاء

نسخة منه الى/
اللجنة العليا لشؤون الشمال - مع التقدير .
وزارة الداخلية - مديرية الادارة المحلية العامة - مديرية الادارة والذاتية - مع التقدير .
المؤسسة العامة للتشغيل والتدريب والتأهيل .
مديرية خزينة المحافظة
مديرية خزينة الادارة المحلية
مكتب التشغيل في كربلاء
ذاتية الادارة المحلية - للتأشير
قرار الادارة المحلية - مع اوراقه المؤرخة في ٢٧/ ١١/ ١٩٧٥
الشيخ عبد الجبار عبد الأمير [illegible] - مسؤول الشمال - لاجراء اللازم
الاضبارة الشخصية - مع المرفق
الاضبارة الدائمة
المومأ اليه - لتقديم المستمسكات المطلوبة خلال مدة شهر كامل .
ملف المتابعة
شعبة شؤون الاكراد العائدين - [illegible]

حميد / ٢٦/ ١١

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

محافظة بغداد
الادارة المحلية
الذاتية

الشعبة : الذاتية

العدد : ١/ ٤٤٦٦٢
التاريخ ١٥/ ١١/ ١٩٧٢

((امـــر اداري))

بالنظر لانقطاع السيد / نزار عزيز قادر / الكاتب في ادارة محافظتنا المحلية للفترة من ١/ ١١/ ١٩٧٢ ق.ظ ولغاية ٢/ ١١ ب.ظ والبالغة يومين .. تقرر اعتبار انقطاعه للفترة المذكورة تغيب بدون راتب وباشر بتاريخ ٢/ ١١/ ١٩٧٢ ق.ظ.

حنا يوسف حيابة
م. محافظ بغداد
رئيس مجلس المحافظة

نسخة منه الى /
مديرية الادارة الذاتية
مديرية خزينة الادارة المحلية / لاتخاذ ما يلزم بشأن تغيبه رجاء
مديرية املاك الادارة المحلية
الموظف المومأ اليه

احلام ١٥/ ١١

بسم الله الرحمن الرحيم

محافظة كربلاء — الجمهورية العراقية

الادارة المحلية

الذاتية

العدد / ٥٢٧

التاريخ ٢/ ١٢/ ١٩٧٥

(( أمر اداري ))

استناداً الى الصلاحية المخولة لنا بموجب كتاب اللجنة العليا لشؤون الشمال المرقم س/٢٠١٤
في ١٩٧٥/١١/٢٢ .
ولتوفر الشروط القانونية المطلوبة في المادة السابعة من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ١٩٦٠
في السيد فؤاد عزيز قادر من الاكراد العائدين وخريج الدراسة المتوسطة قررنا تعيينه بوظيفة كاتب الآلة
على ملاك ادارة محافظتنا المحلية براتب (١٥/-) دينارا شهريا على سبيل التجربة لمدة سنة واحدة في
خدمة فعلية اعتباراً من تاريخ المباشرة .

محمد حسين محسن الشامي

محافظ كربلاء

نسخة منه الى /

اللجنة العليا لشؤون الشمال ـ مع التقدير .

وزارة الداخلية ـ مديرية الادارة المحلية العامة ـ ذاتية الادارة المحلية مع التقدير . نرجو التفضل ...
علما بأنه تم تعيينه على الدرجة الشاغرة براتب ٢٥ ـ ٢ نتيجة نقل السيد حسن محمد علي
الشاغل للكاتب في ادارة محافظتنا المحلية الى وظيفة معلم على ملاك التعليم الابتدائي
في محافظتنا

وزارة المالية ـ مديرية الحسابات العامة ـ مع التقدير .

ديوان الرقابة المالية

رئاسة مجلس الخدمة العامة

مديرية خزينة المحافظة

مديرية خزينة الادارة المحلية

ذاتية الادارة المحلية ـ لتعقيب المباشرة واكمال معاملة تعيينه

الموما اليه / ........

الاضبارة الشخصية

حسين / ١١/٣٠

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
محافظة كربلاء
الادارة المحلية
المديرية :-
الشعبة :- شؤون العائدين
الرقم : ١٢٢٨٧
التاريخ ٩ / ١٢ / ١٩٧٥

الى / مديرية ناحية الحسينية

الموضوع / نقل سكن

حصلت الموافقة على نقل سكن السيد نزاد عزيز الامر من ناحيتكم الى داخل مركز كربلاء على ان يسكن في قضاء الشهابي يرجى اجراء مايلزم واعلامنا .

ثابت نعمان العاني
م/ محافظ كربلاء

نسخة الى /

مديرية امن المحافظة
السيد نزاد ... المؤرخ في ١٩٧٥/١٢/٢
شؤون العائدين - السيد ... مرهد
الطابعة

حميد / ٨ / ١١

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

محافظة كربلاء

الادارة المحلية

الذاتية

العدد/ ٥٩٥٠

التاريخ/ ٢/١٢/١٩٧٥

((أمــر اداري))

الحاقاً بأمرنا الاداري المرقم ٤٣١٥ في ٣/١١/١٩٧٥ باشر السيد نژاد عزيز قادر كاتب التعليم المحلي في ادارة محافظتنا المحلية بتاريخ ٣/١١/١٩٧٥ قبل الظهر.

ثابت نعمان العاني

م/ محافظ كربلاء

نسخة منه الى/

اللجنة العليا لشؤون الشمال مع التقدير.

وزارة الداخلية - مديرية الادارة المحلية العامة - الذاتية - مع التقدير.

وزارة المالية - مديرية الميزانية العامة مع التقدير.

ديوان الرقابة المالية

رئاسة مجلس الخدمة العامة

مديرية تربية المحافظة

مديرية خزينة المحافظة

مديرية خزينة الادارة المحلية

ذاتية الادارة المحلية

محاسب التعليم الابتدائي

للاضبارة الشخصية

الموما اليه/ ..........

حميد/ ٢/١٢

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقيــة

مديرية التربية لمحافظة بغداد / الكرخ العدد / ٢٠٨٦٦

ذاتية موظفي الادارة المحليـة التاريخ / ١٢/١٢/

امـــــر اداري

م/ مباشرة موظـــف

استنادا الى الامر الاداري المرقم ٤٢٧٦٠ في ١٢/١٢/١٩٧٢

الصادر عن محافظة بغداد / الادارة المحلية / الادارة والذاتيــــة

المتضمن نقل خدمات السيد نزار عزيز قادر الكاتب على ملاك مديرية الاملاك

/ الادارة المحلية للمحافظة المذكورة الى ملاك مديريتنا .

تقــــرر تنسيـــبه الى ذاتيــة العمــــال

خليل اسماعيل يحيى

مدير التربيـــــــــــة

نسخة منه الى /

محافظة بغداد / الادارة المحلية / الادارة والذاتية / امركم اعلاه باشر المومأ اليه

بمهامه بتاريخ ١٢/١٢/١٩٧٢ قبل الظهر راجين اجراء الـــلازم

واعلامنا .

محافظة بغداد / مديرية الاملاك / للعلم رجاء

ذاتية موظفي الادارة المحلية / بنسختين السيد رضا

حسابات الابتدائي / بنسختين

ذاتية الثانوي

ذاتية العمال

سكرتير لجنة الدفاع المدني

الاستعلامات

المومأ اليه

الدوار

الجمهورية العراقية
محافظة النجف
الادارة المحلية
الذاتية

العدد / ٨٢٢٢
التاريخ / ٢١ / ٩ / ١٩٧٧

((أمر اداري))

م/ انفكاك موظف

استنادا لامرنا الاداري المرقم ٨١١١ في ١٢ / ٩ / ١٩٧٧
انفك العائد السيد عزاوي عزيز قادر الكاتب في ادارتنا المحلية المنقول الى مثل وظيفته
في ادارة محلية محافظة بغداد بتاريخ ١٩ / ٩ / ١٩٧٧ بعد الظهر ..

رشاد عبد الحميد عباس
م. محافظ النجف

نسخة منه الى –

وزارة الداخلية – مديرية الادارة المحلية العامة – مديرية الادارة والذاتية | مع التقدير
وزارة الداخلية – الادارة العامة – المخابرات السرية والسياسية
رئاسة مجلس الخدمة العامة
مديرية الامن العامة

محافظة النجف – الادارة العامة – كتابكم ١٠٩٣٠ في ١١ / ٩ / ١٩٧٧ المتضمن موافقتكم بانفكاك
الموما اليه للعلم لطفا

محافظة بغداد – الادارة المحلية – الذاتية – امركم الاداري ٢٧١٢٦ في ١٢ / ٧ / ١٩٧٧ سوف
يتم ارسال اضبارته الشخصية بعد ورودها من قبل مجلس الخدمة
رجاء

مديرية امن النجف
مديرية امن بغداد
مديرية ناحية العباسية
مديرية خزينة المحافظة
مديرية خزينة الادارة المحلية
مديرية الادارة والذاتية
المنتهية الحامية في العباسية – كتابكم ٩١ في ١٩ / ٩ / ١٩٧٧ للعلم
الاضبارة الشخصية
الموما اليه

ع/عص ١٩ / ٩

الجمهورية العراقية

محافظة بغداد
الادارة العامة
المديرية / الكتبات والمعاهد والمؤسسات
/ / / /
الشعبة مديرية الادارة المحلية
الرقم
التاريخ / / ١٩٧

٢٩٩٨٨
٢٢ ١٢ ٢

أمر اداري

الحاقا بأمرنا الاداري المرقم ١٧٢٦٠ والمؤرخ في ١٢/١٢/١٩٧٢ بتاريخ ١٥/١٢/١٩٧٢ بعد الظهر - الغاء السيد نزار عزيز قادر / الكاتب في مديرية املاك الادارة المحلية ، ويباشر في مديرية التربية لمحافظة بغداد / الكرخ نقلا بتاريخ ١٧/١٢/١٩٧٢ قبل الظهر لمصادفة يوم ١٦/منه / العطلة الاسبوعية .

سامي جواد [illegible]
م. محافظ بغداد
ورئيس مجلس المحافظة

نسخة منه الى /

وزارة الداخلية / الادارة المحلية / مديرية الادارة المحلية
مديرية خزينة محافظة بغداد
مديرية ذاتية الادارة المحلية
مديرية خزينة الادارة المحلية
مديرية املاك الادارة المحلية / مذكرتكم المؤرخة في ١٥/١٢/١٩٧٢
مديرية التربية لمحافظة بغداد / الكرخ / ٢ امركم الاداري المرقم ٤٦٢٨٦٦
١٨/١٢/١٩٧٢ .
الملاك
الموما اليه / السيد ........

نسرين / ٢/٦٢ / ١٠ /

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
مديرية تربية محافظة كربلاء
ذاتية الابتدائي
العدد/ ش/ ٤٤٢٤٢٥
التاريخ ٦/ ١٢/ ١٩٧٥

ختم الواردة

ذاتية المستخدمين والعمال

م/ تنسيب موظف

تقرر تنسيب السيد نزار عزيز كاتب التعليم المحلي الى ملاك التعليم الابتدائي اعتبارا من تأريخ انفكاكه .

المدير العام
جواد كاظم محمد
مدير التربية

نسخة منه الى/
ملاك التعليم الابتدائي / يرجى [illegible]
الى الجهة المختصة
شعبة محو الامية
ذاتية الابتدائي

١٢/٦

طبع ٦/١٢



الجمهورية العراقية

كۆڕی زانیاری کورد

المجمع العلمي الكردي

کۆپی دەستخەتی نامەکەی مامۆستا مسعود محەممەد لە وەڵامی نامەیەکی مندا تایبەت بە لە چاپدانی یەکەمین کۆشیعرم ساڵی 1977



گەڵاڵە مەڵبەندی شۆڕشی ئەیلوول - زێدی نووسەر



نووسەر، گوندی مەمیخەلان، دەشتی بڵەکایەتی، بارەگای ئیستگەی دەنگی کوردستان - 1974



نووسەر، خانێ (پیرانشەهر - دیوی ڕۆژهەڵات) 1975




نووسەر لە کاتی خوێندنی خوولی زمانی فارسی دا، 1975

نووسەر، خانێ - 1975

نووسەر لە دەستپێکی دەستپێکردنەوەی خوێندن دوای نسکۆی شۆڕش لەگەڵ مامۆستا و قوتابیانی (دواناوەندی زمناکۆ)، ئۆردووگای زێوە(دەڤەری مەرگەوەڕ) – کوردستانی ئێران. 1975

لە ڕاستەوە:
ملازم سەردار ئەبووبەکر(ملازم محەمەد)
ملازم عومەر عوسمان (زعیم علی)
نەژاد عەزیز سورمێ،ملازم عبدالخالق
لە کاتی سەردانی نووسەر کە بە هۆی تامپۆنی ئۆتۆمبێلەوە برینداربوو
نەخۆشخانەی نەغەدە مایسی 1975



نووسەر لە ئوتێلێکی شاری (ڕشت) دوای دوورخستنەوەی لە مەهاباد

**لە راستەوە:**
**شاعیر م.جەلالی میرزا کەریم**
**م.حەمید سووری**
**م.ئەحمەد هەردی (شاعیری ناسراو)**
**م.نەجمەدین ئەنیسی**
**نەژاد عەزیز سورمێ**
**م.مەجید سێکانی - (چێشتخانەی پارس) مەهاباد حوزەیرانی 1975**




ناسنامەی ڕۆژنامەی(التآخی) ساڵی 1973 - کە لە کەربەلا لە کۆڵ پاس شۆڕینی کردمەوە

## دارا حەسەن یارا



دوای نسکۆی (١٩٧٥) دوورخرایـنـەوە بـۆ بەسـرە و پیشـەم ئەندازیـاری بـوو و ئەوانـەی لەگەڵمدا بـوون: مـولازم ئەنـوەر مەجیـد سـوڵتان لـە هێـزی خەبـات بـوو، جەمـال عەلـی باپیـر هەردووکیـان چوونـە دەرەوەی وڵات و موفـەوەز کەمال ئەحمـەد (چاوشـین) و مامۆسـتا کەمـال جـەلال و بـە شـەماڵ دەناسـرا، عومـەر ساما ئاغا ئەندازیـار بوو.

جارێکیـان عەلـی عەسـکەری و تاهیـر عەلی والی بەگ و مـولازم عومەر هاتنە سـەردانمان و هەواڵـی ئەوەیـان پێدایـن کـە ئـەوان دەسـت بە شـۆرش دەکەنەوەو کاک ئەنوەریان (ئەنـوەر مەجیـد سـوڵتان) قایـل کـرد بەلام ئێمە لەبـەر بارودۆخی خێزانـی ئـەو کاتـە بە باشـمان نەزانی .

لـە بەسـرە لـە وەزارەتـی ئەشـغال و ئیسـکان موشـرفی سـەر پـرۆژەی مینای (ئەبـو فلـوس) لـە (ئەبـو خەسـیب) دەسـت بەکاربـووم دواتـر بـە موشـرف لـە مینـای (ئـوم قەسـر) لـە کۆمپانیـای (تـوا هاربـری یابانـی) پاشـان سـاڵی ١٩٧٧ بـۆ ١٩٧٩ نەقڵکـرام بـۆ رومـادی لەسـەر سـنووری ئـوردون.

لـە سـاڵی ١٩٧٩ بـە نهێنـی گەرامـەوە بـۆ سـلێمانی، لەکەرتـی تایبەتـی کارم دەکرد و لە سـاڵی ١٩٨٠ چوومە دەرەوەو بەشـداری شـۆرشـی گوڵانم لە سـیدەکان کرد .

# پەراوێز

١) بەرپرسانی ئەوسای کورد لە بەغدا تاڕادەیەک یارمەتی هەندێ کەسیان داوەتەوە کە بگەڕێنەوە کوردستان (بە نموونە مەلا عەبدوڵڵا مەلا ماتۆڕ) و ئەوانی دیکە کەمتر.

٢) بۆ زانیاری لەبارەی ژمارەی دوورخراوەکان کە لە ئێران گەڕانەوە سەر لە ئێوارەی (٢٠٢٣/٧/١٨) پەیوەندیم بە کاک ئەسعەد عەدۆوە کرد ئەویش گوتی سێ سەد هەزار دەبن لە دەروازەی سنووری مونزریە نۆهەت هەزار دەبن و فایلەکانیان لە وەزارەتێکدا هەبوو کە داوای قەرەبووی دە ملۆن دیناریان بۆ کرابوو بەڵام تاکو ئێستاش وەڵامیان نەبووە.

٣) موحسین قۆجە لە شۆڕشی ئەیلول کرا بە پارێزگای هەولێر لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشی ئەیلول ساڵی (١٩٧٤) دوای ئەوە شەڕ دەستی پێ کردەوە.

٤) سەعید یەعقوبی قائیمقامی قەڵادزێ بوو کاتی شۆڕشی ئەیلول.

٥) لە پەیوەندێکدا لەگەڵ کاک ئومێد شێرکۆ گوتی: خانەوادەیەکی رواندزی هەر لە دیوانیە مانەوە و نەگەڕانەوە کوردستان و کوڕێکیان بەناوی (ئامانج رواندزی) فیتەرە و لەوێ دەژی و لەنێو شوفێرەکان ناسراوە.

٦) دوای راپەڕینی ١٩٩١ شیعەکان لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق دژی بەعسیزم ڕوویان لە سعودیە کرد و دواتر ئەوانەی لە (رفح) بوون قەرەبوو کرانەوە و دەبوایە دوورخراوەکانی باشووری کوردستانیش دوای نسکۆی ساڵی (١٩٧٥) قەرەبوو بکرابانەوە و هەوڵدرا بەڵام بەدواداچوونی پێویستی بۆ نەکراوە.

٧) لەم بارەوە دەبوایە چەندین لێکۆڵینەوەی مەیدانی ئەنجامدرابایە و بایەخ و گرنگی زۆری پێبدرابایە و لایەنەکانی سیاسی هەر لە (٢٠٠٣) دوای روخانی بەعسیزم داوای مافی ئاوارەیان بکربایە هەروەکو شیعەکانی (رەفح) لە سعودیە کە هەر ئەندامێکی خێزانەکانیان لە عێراق مانگانە یەک ملیۆن دیناری عێراقی بۆ بڕایەوە.

٨) حاجی ئۆمەریەکان: لە دوای ساڵی ١٩٧٥، ١٩٧٦ ژمارەیەک لە خەڵکی حاجی ئۆمەران پەیوەندیان بە پێشمەرگایەتی کرد بۆ بەرپەرچدانەوەی تەرحیلکردنی گوندەکەیان بەو هۆیەوە خێزان و کەسوکاریان دەستگیرکران وەک زۆر لە کەسوکاری پێشمەرگە رەوانەی شاری عەمارە کران لەوێ دەستبەسەرکران کە ژمارەیان زۆر بوو، کەسوکاری کاک عەبدولرەحمان عەلی کوردە بوون.

# سەرچاوەکان

١) پیاونامە، گوڵبژێکی ژیاننامەی شەهیدی نەمر عەلی عەسکەرییە، نووسینی کۆمەڵێک هاوڕێی شەهید، ئامادەکردنی: حەمە نوری تۆفیق، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٤.

٢) گەڕان بەدوای راستیدا، یاداشتنامەی پێشمەرگەیەکی ماندوونەناس رووداوەکانی نێوان سالانی ١٩٥٣- ١٩٩٦ بەرگی یەکەم، تالیب مۆریاس، سلێمانی ٢٠٠٤.

٣) قادر شۆڕش- چل ساڵی خەبات و تێکۆشان، دیوی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد لەنێوان سالانی ١٩٤٦- ١٩٨٣دا، چاپی دووەم، ٢٠٠٢

٤) پوختەیەک لە بیرەوەرییەکانم، عەبدولرەحمان گۆمەشینی، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣.

٥) بیرەوەرییەکانم و تۆپخانەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن- کوردستانی عێراق، ملازم خدر عەبدوڵلا دەباغ، چاپی سێیەم ٢٠٢٠، چاپخانەی رۆشنبیری- هەولێر.

٦) بیرەوەریی پێشمەرگەیەک، سەید کاکە، چاپی سێیەم، ٢٠١٢ چاپخانەی شەهاب- هەولێر

٧) لە شارەزوورەوە بۆ ناسرییە، پانۆرامای رووداوی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی کوردستان و عێراق و جیهان لەماوەی سالانی ١٩٧٥ بۆ ٢٠١٨ سەرحەد یونس محەمەد، ٢٠١٨ ، چاپخانەی هێڤی- هەولێر.

٨) شەهید سەیدا ساڵح یوسفی لە یادەوەریدا، چەند لاپەڕەیەک لە ژیانی (ساڵح یوسفی) لە رۆژەکانی شۆڕشی کورد وەک ئەوەی لەگەڵی ژیاوم، رۆزان ساڵح یوسفی، وەرگێڕانی مامۆستا دیاری عەلی ٢٠٢٢ چاپی یەکەم- تاران.

٩) بیرەوەرییەکانم، مستەفای عەسکەری هەولێر- ٢٠١١ چاپخانەی رۆشنبیری.

١٠) لە هەولێرەوە بۆ هەولێر (ژیان و بیرهاتن- کوردستان موکریانی/ ٢٠٢٣، سنە- رۆژهەلاتی کوردستان.

١١) دوورخراوەکانی راپەڕین، شێخمووس دیکەن، وەرگێڕانی فەیزوڵلا برایم خان، ٢٠٠٧، وەزارەتی رۆشنبیری- هەرێمی کوردستان، بلاوکراوی ژ ١٦.

١٢) ژیاننامەی و بیرەوەری شێرکۆ بێکەس، نووسین بەئاوی خۆڵەمێش (بەرگی یەکەم) چاپی یەکەم- ٢٠١٣ لە بلاوکراوەکانی غەزەلنووس.

١٣) کۆیە- ناودارانی- عەبدولخالق عەلائەدین، چاپی یەکەم ٢٠١٤- کوردستان.

١٤) بەهارێزان، بیرەوەریی و بەسەرهاتی سالانی ١٩٧٥- ١٩٩١، کاکە مەم بۆتانی، بلاوکراوەی بنکەی ئەدەبی و رۆناکبیری گەلاوێژ. ٢٠٠٨.

١٥) ٣٦ نامە و چەند کەسایەتییەکی دیوانی من- فەرهاد عەونی، چاپی یەکەم، ٢٠١٩، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

١٦) بیرەوەرییەکانی سەعید ئاکام، دەزگای ئاراس.
١٧) بەشێک لەوانەی پارێزەرایەتییان لە هەولێر کردووە، تاریق جامباز ٢٠١٣ چاپخانەی شەهاب.
١٨) گۆڤاری K٢١ ژ٨/ ٢٠١٠.
١٩) شەهیدی سەرکردە عەلی هەژار (ژیانی و خەباتی سیاسی)، ئامادەکردنی برزۆ عەلی هەژار، بەرگی یەکەم ١٩٩٣، چاپخانەی رۆشنبیری.
٢٠) حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، مێژوویێک لە خۆراگری ١٩٧٦-١٩٩١، ئاکۆ ئاکۆیی ٢٠٢٤.
٢١) ئاگردانێک بە نیشتمان، فاروق عەلی مەولود داربەسەری.
٢٢) یەکەمین دەرمانسازی شۆڕشی کوردستان بیرەوەریەکانی دکتۆر ئەمیر چەلەبی، هەڤپەیڤین و نووسینەوەی شێرزاد هەینی، دەزگای فام، هەولێر، ٢٠٢٣.
٢٣) بۆ ئەوەی راستییەکان ون نەبن لە زاری کەمال محیەدین، هەولێر، ستار محەمەد ئەمین ١٩٢٢.
٢٤) کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان باڵی خێرخوازی بەرەی کوردستانی و هەندێ لە بیرەوەرییەکانم، عەبدولرەحمان کوردە ١٩١٨/ هەولێر سکرتێری کۆمەڵەی فراکەوتنی کوردستان.
٢٥) رحلة مع الذاکرة، عبدالرزاق کرمانی، ٢٠٢٣- دهوک، چاپخانەی رۆژهەلات.
٢٦) ربیع الکرد الدامی (شاهد و شهادات علی الانتفاضة الکردیة)- کامەران قەرەداغی/ دار المدی- ٢٠٢٢
٢٧) البارزاني والحرکة التحرریة الکردیة، الجزء الثالث، مسعود البارزاني/ ثورة ایلول ١٩٦١- ١٩٧٥ مع ملحق وثائقي، اربیل ٢٠٢٢.
٢٨) پەیوەندی کردن بە د. محمد شریف احمد/ رێباز مستەفا بۆ زانیاری.
٢٩) بیرەوەرییەکانی رۆژانی حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی، تۆفیق مەلا سدیق ١٩٩٦.
٣٠) گوڵبژێرک لە کەسایەتییە ناودارەکانی هەولێر، رەئوف سلیم سادق نووسین و ئامادەکردنی نەجات یاسین نەجار ل٤٩٧، هەولێر، ٢٠٢٣.
٣١) لە چیای ماکۆک بۆ پارێزگای دیوانیە، ئامادەکردن و نووسینی: بەهرۆز گەلاڵی ٢٠٢١، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.
٣٢) رۆژانی خەبات- عارف روشدی، هەولێر ٢٠٢٣ چاپخانەی رۆژهەلات.
٣٣) امة في شقاق دروب کردستان کما سلکتها، جوناتان راندال، ترجمة فادي حمود، دار النهار- بیروت ١٩٩٧.
٣٤) پەنابەرێن کورد ل ئێرانی ١٩٧٤- ١٩٧٩ فە کولینەکا مێژووی بەڵگە نامەیی د.فەتاح محەمەد وەلاتژیری ٢٠٢٤ چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین
٣٥) کاروانی تەمەن جەلالی ساماغا (چاپخانەی پیرەمێرد- سلێمانی ٢٠٢٥).

## سوپاس و پێزانینمان

بۆ ئەم بەڕێزانە کە چەندین ناویان بە بیر هێنایەوە یان بۆیان ناردین:

- د. ئەدیبە محەممەد ساڵح
- ئەمیر چەلەبی
- بارزان فارس حەمەد
- دلێر عەبدوڵڵا
- د. ساماڵ شاڵی
- د. سۆران ئیسماعیل عەبدولا
- سیروان چیچۆ.
- سەرباز شێخ نەجیب
- سەلاح عەلاف
- سەیران ساڵح میران
- شوان موحسین قۆجە
- شێردڵ تەحسین
- عوسمان یابە
- فاتیح عەبدوڵلاعەباس
- فەرید بریفکانی
- کارزان جامباز
- کاروان جامباز
- سەران جامباز
- کرێکار خۆشناو
- مامۆستا بەهرام محەممەد (کاکل).
- محەممەد زیاد شێروانی
- د. محەممەد شەریف
- محەممەد گەردی
- د. عەبدولفەتاح بۆتانی.
- د. محەممەد خدر مەولود.
- د. سەیران ساڵح ئیسماعیل.
- فەرهاد عەونی.
- زەردەشت دلاوەر محەممەد عەلی.
- هاژە سەعید خەتات.
- لالۆ رەنجدەر.
- یونس شێخ لەتیف.
- نیازی مستەفا ساڵح کەریم.
- دیار کاکەڕەش.
- پۆلا فاروق سەید حەسەن.
- نەوزەت دهۆکی.
- سۆران عزەددین فەیزی